# بنەماکان

## ڕاڤە و خوێندنەوەیەکی قووڵە بۆ

## (أصول العشرين)ی پێشەوا حەسەن بەننا

**ناوی کتێب: بنەماکان**

**نووسەر: کەمال ئەمین گوڵپی.**

**پێداچوونەوەی: مامۆستا صلاح الدين محمد بهاء الدين**

**بابەت: فیکری و پەروەردەیی.**

**پیتچنین : باوکی نامی.**

**سەرپەرشتیاری چاپ :نصرالدين عبدالكريم**

**هەڵەبڕیی: بوشرا ئەمین.**

**بەرگ: هونەر عوسمان**

**چاپ و ساڵ: یەکەم، ٢٠١٨.**

**مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١٤٧٦)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە

بنەماکان

## پێشکەشە بە:

ـ باوکم، کە هەرگیز قامەتی بەرزی بۆ مرۆڤانی هاووێنەی خۆی نەوی نەکرد و و مەردانە بە ڕەنجی شانی و شەونخوونی پێیگەیاندین.
ـ دایکم، کە بەردەوام نزاکانی سپێدەی، بۆم پتەوتر لە کێ وەکانی هەورامانە، هەر وەك ڕووگەی جیلوەی نووری خودایە بۆ من.
ـ ڕۆحی مەزنی شەهید و نوێخوازی گەلی ئیسلامیی، پێشەوا حەسەن بەننا.

# هەڵسەنگاندن و نرخاندن

سەبارەت بە گرنگی (أصول العشرين) و ئەم شەرحە دەڵێت:

سەرەتا و لەکات وساتی خۆیدا ئەو زاتە مجدد ومجتهد ومجاهدە(ئیمام حسن بنا) لە دووتوێی (اصول عشرين) دا بەم بیست بنەما کورت وپوختە چارەسەری چەندین بابەتی عەقیدەتی وفیکری وپەروەردەیی وفیقهی کردووە ، بۆیە دەستبردن بۆ شاکارێکی گەورەی زانستیی و پەروەردەیی لەم چەشنە ئازایەتی و توێشووی دەوێت و دەستخۆشیی لە شارحی دەکەم، هەرچەندە لەوانەیە شەرحێکی لەم چەشنە درێژکراوە تۆزێ لەزووگەیاندنی مەبەستی بنەماکان لابدات، بەڵام ئەمەی کە کراوە خزمەتێکی گەورە و چاکە و کەلێنێکی زانستیی و فیکری و پەروەردەیی گرتووە و جێگەی پێزانین و نرخاندنە.

هەمیشە لە خێردابی و موفق بن..

صلاح الدين محمد بهاءالدين

نیسانی٢٠١٦

سلێمانی

# پێشەكی

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار، دروستكەر و ڕاگری ئەرز و ئاسمان، دادپەروەر و داهێنەر، ڕۆزیدەر و مرێنەر، درود و سڵاو لەسەر گیانی پاكی پڕ لە نووری پێغەمبەری خوا (محمد) و یاران و شوێنكەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

ئەم بەرهەمەی بەردەستت هەوڵێكی خاكی و ڕاڤە و شرۆڤەیەكی قووڵی (أصول العشرين)ە كە دانراوی پێشەوا (حەسەن بەننا)یە، بە تێڕوانینێكی جوان و زانستییانە و بە شێوازێكی زۆر نزیك لە فەهمی قورئان و فەرموودەوە ئەم بیست بنەمایەی داڕشتووە و بوونەتە دەروازەیەك بۆ تێگەیشتنێكی دروست بۆ قورئان و فەرموودە شیرینەكانی پێغەمبەر(ﷺ) و دینی ئیسلام بەگشتی، ئەم بنەمایانە لە ڕۆژانێكدا بە بەرهەم هاتوون كە میللەتی ئیسلامی دەیان فیكرەی جۆراوجۆر و ئاڵوز و دور لە ڕۆحی شەریعەت بەرۆكیگرتووە و بوونەتە هۆكاری تێكدانی فەهمی ڕاستەقینەی قورئان وفەرموودە، جا ئەم بیرۆكانە لەلایەن ناحەزانی دینەوە، وەك یەهودییەت ومەسحییەت وسەهیونییەت وعەلمانییەت و شویعیەت و لیبرالی و تەواوی گروپە چەپەكانەوە بێت، یاخود لەلایەن كەسانی دینداری ساویلكە و ڕواڵەتبین بە دەقەكانی قورئان و فەرموودەوە سەرچاوەیان گرتبێت.

لەودەمـەدا پێشـەوا (حەسـەن بـەننا) ئـەم بنەمايانـەی بەبەرهـەم هێنـاوە، فـەهمێکی دروسـتی لـەم بنەمايانـەدا پـەيڕە و کـردووە و پێشکەشـی میللـەتی ئیسـلامیی و تـەواوی مرۆڤايـەتیی کـردووە، بۆيـە لـە ڕۆژێکـی وەك ئـەمڕۆدا بەنـدە بە گرنگـی دەزانم ئـەم هەوڵـە ناوازەی پێشـەوا بـەننا بـە زمانـی شيرنيی کوردی پێشکەشی خوێنەرانی کورد زمان بکەم، دیارە ئەم کارەی بەندە يەکـەم هـەوڵ نییـە لـەم مەيدانـەدا کرابێـت، ئەوەنـدەی ئاگـادارم: دکتـور يوسـف قەرزاوی، دکتور عبد الله قاسم الوشلی، محمد مورسی سعيد، جمعه أمين عبد العزيـز ، دکتـور عبـد الکريم زيـدان، شـەرحی (أصـول العشـرين)يـان کـردووە و بەرهەمەکـەی (جمعـه أمـين عبـد العزيـز) مامۆسـتا عمـر علـی بێـژاوەيی وەريگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

بۆيـە بـەم کـارە هەسـتاوم، چـونکە دەبيـنم ئـەمڕۆ بەهـەمان شـێوە و بگـرە زياتريش چەند تاقم و گروپ و دەستە بەناوی ئيسلامەوە بەربوونەتـە گيـانی موسوڵمانان و ئيسـلامەوە، وێنەيـەکی زۆر ناشـيرينيان نيشـانی جيهـان داوە، کـە جێگـای داخ و ئەسـەفە موسـوڵمانان لـەم ڕۆژگـارە و بـەم کەشـکۆڵ و کولتـوورە دەوڵەمەنـدەوە کـە هەيانـە لـەو ئاسـتە نزمـەدا خۆيـان نيشـانی کۆمەڵگەی مرۆڤايەتی بدەن.

- **سەرەتای ئاشنابوونم بەم بيست بنەمايە**

سەرەتای ئاشنابوونم بـەم بيسـت بنەمايـەيی پێشـەوا بـەننا دەگەڕێتـەوە بۆ سـاڵی (٢٠٠١) کـە لـەو سـاڵەدا بەنـدە وەك زانسـتخوازێك لـە بـواری زانسـتە ئيسـلامييەکاندا، لـە قۆنـاغی دوی (فەقييـەتی) لـە حـوجرەی (ئوسـامەی کـوڕی زيد) لە هەڵەبجەی شەهيد، سەرقاڵی خوێندنی زانستە شەرعييەکان بووم، لـەم حوجرەيـەدا کـە خوێنـدن بـە قۆناغبەنـدی بوودەبوايـە هـەر فەقييـەيەك شـەش

قۆناغی بخوێندایە ئینجا ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرت و دەبووبەمەلایەکی زۆرباش، لە قۆناغی دووەمدا ئەم کتێبانە دەخوێنران:-

( نح و کتاب الهدایە+ الصمدیە، تصریفی ملا علی، مغنی المحتاج، ج١، علوم قورئان+ لەبەرکردنی جزئی تبارك، کتاب الإیمان، مسائل أصول الفقه، الاربعین النووی) لەگەڵ پاشکۆیەکی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی، ئەوکات یەکێك لە مامۆستایانی وانەبێژ بەرێز: مامۆستا مەلا(طه عبد الرحمن) بوو، ئەم بیست بنەمایەیی پێدەگوتین پێنج بنەمامان لەسەر ڕاڤەکەی (جمعه أمین) خوێند، ئەم وانەیەش وەك پاشکۆیەك بۆ زانستەکانی تر دەخوێنرا و ناونرا بووبەوانەکانی (ثقافی) هەر لەوکاتەوە گرنگی و ئەهمیەتی ئەم بیست بنەمایەم بۆ دەرکەوت و گرنگیەکی زیاترم پێدان، مامۆستای بەڕێزیش شیرینی ئەم وانەیەی پێچەشتبوین، لێرەوە تا قیامەت دوعای خێری بۆ دەکەم کە ئەمە کەمترین وەفایە بۆ مامۆستاکانم.

- **چۆنیەتی دروستبوونی فیکرەی ڕاڤەکردنی ئەم بیست بنەمایە:**

ڕاڤەکردنی ئەم بیست بنەمایە دەگەڕێتەوە ، بۆ بەهاری ساڵی (٢٠١٣) کە ئەمەش بۆ خۆی چیرۆکێکی دور و درێژە و تەنها بۆ مێژووبە کورتی لێرەدا ئاماژەی پێدەکەم، دوای ئەوەی کە ساڵی (٢٠١١) زانکۆی کوردستان لە شاری سنە بڕیاری دا کە قوتابیانی بیانی وەربگرێت بۆ خوێندنی بالاّ لە قۆناغەکانی( ماستەر و دکتۆرا) ئێمەش لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر دەوروبەریان وەك ڕانیە و سیدصادق و کەلار و کفری و هەڵەبجە و خورماڵەوە کە زیاتر لە (٣٤) قوتابی بووین تەواوی موستەمسەکەکانمان بە شێوەیەکی یاسایی تەقدیمی سەرۆکایەتی زانکۆی (کردستان لە سنه) کرد و قەبوڵمان بۆ هاتەوە، لە ٨/٢٥/ هەمان ساڵ موقابەلەکراین و لە ٩/٢/ هەمان ساڵ دەستمان کرد بەخوێندن لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی لە کۆلێژی

ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتیەکان و بەشەکانی تری وەك زمانی فارسی و ئینگلیزی و دەروونناسی و فیزیا و کیمیا، دوای ئەوەی کە دووکۆرسمان لە خوێندن بەرێکرد، بە بڕیارێك هەمووقوتابیەکان لە تەواوی بەشەکان بێبەشکران لە خوێندن.

کاتێك کە هاتمەوە ماڵەوە دەرفەتێکی زۆرم بۆ دروستبووسوپاس بۆ خوا ئەم بەرهەمەی لێکەوتەوە، کورد وتەنی شەڕێك هەڵدەستێت خەیرێکی لێدەبێتەوە، ئەمەش خەیرەکەیە کە من دەیبینم، دواتر هەر بەهەمان هۆکار دەرفەتی خوێندنمان بۆ کرایەوە لە زانکۆکانی ناوخۆ و دەرەوە وەك قەرەبویەك بۆ ئەو زیانەی کە لێمان کەوتبوو.

بەهەرحاڵ ئێستا ئەم بەرهەمە لەبەردەستی بەرێزتایە، ئەوە دەڵێم ئەمە کاری مرۆڤە و خاڵی نییە لە هەڵە بۆیە داوا دەکەم لە هەر شوێنێکدا هەڵەیەکت بینی دڵنیابە وەك دیارییەکی بەنرخ لێتی قەبوڵدەکەم، داوادەکەم و دەپارێمەوە لە خوای میهرەبان بە لوتف و گەورەیی خۆی کەموکورتییەکانمان لەسەر لاببات و بمانگەیەنێتە پلەی کەماڵ، هەوڵەکانمان لێ قەبوڵ بکات و بیانکاتە توێشوی قیامەتمان.

إنه نعم المولى و نعم النصير

**کەمال ئەمین گوڵپی**

ماموستا لە خوێندنگەی

ئیسلامیی هەڵەبجەی شەهید

٢٠١٣ /٥/١١

خورماڵ- هەورامان

## كورتەیەك لە ژیاننامەی پێشەوا حەسەن بەننا

هـەركات تەماشـای پـەڕەكانی مێژوودەكـەیت كۆمـەڵێ كەسـایەتی وەك ئەسـتێرە مێـژووی نەتەوەیـەكیان پرشـنگدار كـردووە، بوونەتـە سـونبوڵی بـەرخۆدان و قـەڵغان و پـەرژینی گـەل و نەتـە وەكـەیان، هـەر ئەمانـە بوونەتـە هـۆی گـۆڕینی ڕێـرەوی ژیـان لـە كۆمەڵگەكـەیان بـە شـێوەیەكی ئیجـابی و پەسـەند، بوونەتـە هـۆی ژیانـەوەی گەلەكـەیان و رزگاركردنیـان و لەناوچـون، یەكێك لەو كەڵەپیاوانە و كەسایەتی و زانا و بانگخواز و موجەدیدی ئەم دینە كە لەنیوەی سەدەی ڕابرد وە تا ئەمڕۆ هەوڵ و قوتابخانەكەی ئەو، بە سەدان زانـای پـەروەردەكرد و پێشكەشـی ئومـەتی ئیسـلامی كـرد، لێـرەدا بـەكورتی ئاماژەیەك بەژیاننامەی ئەو پێشەوا مەردە دەكەم:

ناوی تەواوی: حەسەن ئەحمەد عبدالرحمن بەننا، ناسراوە بە ئەبو سیف الاسـلام، نازنـاوی موجەدیـد ئیسـلام لـە سـەدەی بیسـتەمدا، و لـە سـاڵی (١٩٠٦ز) لـە مەحمودییـە لـە دایـك بـووە، بـاوكی كـە پیشـەكەی سەعاتچـی بوویـەكێك بـووە لـە زانایـانی فـەرموودەناس و چـەند نوسـراوێكی لـەو بـارەوە هەیە لەوانە:( الفتح الرباني في ترتیب مسند الإمام أحمد الشیباني).

پێشـەوای شـەهید حەسـەن بـەننا، سـەرەتای خوێنـدنی لـە قوتابخانـەی (الرشاد الدینیة) بووە و قۆنـاغی ئامـادەیی لـە قوتابخانـەی (المحمودیـة) بوو، هەر لەسەرەتای لاویەتییەوە كۆمەڵەیەكی دامەزراندووە لە قوتابخانەدا بـەناوی

(جمعيــة الأخــلاق الأدبيــة) و پاشــان کۆمەڵــەی (منــع المحرمــات) کۆمەڵــەی قەدەغـەکردنی حـەرامکرا وەکـان، هـەر لەودەمـەدا کۆمـەڵیٚ نامـەی بـۆ چـەند کەسـایەتییکی نـاوداری ئەوکاتـە نـاردووە و تێیـدا ئامۆژگـاری کـردوون و بەرچاوڕونی پێداون.

هەر لەتافی لاویەتییەوە بەردەوام سەردانی پێگە زانستییەکانی کردووە، وەك کۆڕ و کۆڕبەنـدی زانایـانی ئەزهـەر لـەو سـەردەمەدا و بـەردەوام سـەردانی پەرتوکخانـەکانی کـردووە، بـۆ ئـەوەی هەمیشـە ئاگـاداری هـەوڵ و تێکۆشـان و شۆڕشی نوسین و ڕۆشنبیریی سەردەمەکەی خۆی بێت، هەر لەساڵی (١٩١٩ز) کە تەمەنی تەنها سێنزە ساڵ بووە لەگەڵ بزوتنەوەی نیشتمانی دژی داگیرکەر وەستاوەتەوە و وەك سەربازێکی دلێر ئامادەی ئەو مەیدانە بووە.

لەگـەڵ هەمووهەوڵەکانیشـدا بـەردەوام لـە خزمـەت قورئانـدا بـووە، هـەر بەمنـداڵی وەك شـەیدایەکی قورئـان و تەژنەیـەکی کـەلامی خـوا توانیویـەتی هـەموو قورئـانی پـیرۆز لەبـەربکات و وەك عابـدێکی شـەوبێداریش بـەردەوام ئایـەتی﴿قُــمِ اللَّيْــلَ إِلَّــا قَلِيلًــا﴾[1] جێبـەجیٚ دەکـردو و بـەڕۆژیش سـوننەتی پێغەمبــەری(ﷺ) جێبــەجیٚ دەکــرد کــە دووشــەممان وپێــنج شــەممان بەڕۆژوودەبوو.

لـە سـاڵی (١٩٢٣ز) چـووەتە کۆلیـژی (دار العلـوم) هـەر لـەو کۆلێـژەدا لـە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵدا کە خۆی ئامادەکردووە بۆ تاقیکردنـەوەی وانـەی ئەدەبی عەرەب و لەو وانیـەدا سـەد بەیتـە شـیعرێك بـۆ تاقیکردنـەوەی کۆتـایی ساڵ دیاریکراوبووە، بەڵام پێشەوای شەهید کە زەکاوەتێکی هێجگار بەهێزی هەبووە ئەو هەمووەدەفتەر و نوسراوانەی کە بەدەستیەوە بـوون کـە نزیکـەی دە هەزار بەیتە شعری کۆنی عەرەبی تیابووە هـەمووی لەبـەرکردووە، کاتێك دێتـە ژوورەوە مامۆسـتاکەی لێــی دەپرسـێت چــۆن خــۆت ئامــادەکردووە بــۆ

---

١ – سورة المزمل: ٢.

تاقیکردنـــەوە و چـــیت لەبـــەرکردووە؟، ئـــەویش ئامـــاژە بـــۆ ئـــەو هەموومەلکاتەدەکات کە بەدەستییەوە بوون، مامۆستاکەی هەندێ پرسیاری لێ دەکات ئەویش زۆر بەجوانی وەڵامی داوەتەوە، بۆیە سەری سوڕدەمێنێ لەوەڵامەکانی، پاشان دەڵێ: پرسیاری کۆتایم ئەوەیە تۆ ئەم هەمووشعرانەت لەبەرە بەکامیان زۆر موعجەبی و کامیان زۆر کاریگەری هەیە لەسەرت ئەویش بەم بەیتە وەڵامی داوەتەوە:

( إذا القوم قالوا مَن فتى خِلت أنني عُنيت فلم أكسل ولم أتبلدِ) بۆیە سەرۆکی لیژنەی تاقیکردنەوە گوتی: هەستە کوڕم ئەمە پرسیاری تەواوی کەسە لێهاتو و سەرکەوتو وەکانە کە ساڵانە لە قوتابیان دەکرێت هیچ کەس بەشێوەی تۆ وەڵامی نەداوەتەوە جگە لە (شێخ محمد عبدە) ئومێد دەکەم کە ئایندەیەکی گەورەت هەبێت، هەر لەو کۆلێژە لە ساڵی (١٩٢٧ز) بە پلەی یەکەم دەرچووە.

پاشان کە پرۆسەی خوێندنی تەواوکرد سەرگەرمی فێرکردن بوولە شاری ئیسماعیلییە، دواتر لەگەڵ شەش کەسی تردا کۆمەڵەی برایانیان لە ساڵی (١٩٢٨ز) دامەزراند، بۆ ئەوەی کەئیسلام بەوشێوە دروستە کە هەیە بە خەڵکی ئاشنابکاتەوە کە خەریك بوولە ڕێرەوە ڕاست و دروستەکە لابدرێت، لەلایەن دژمنانی ئیسلام و هەندێ لە موسوڵمانانی کەم فام و بێئاگا لە ڕۆحی شەریعەت.

هەر لەو دەمەدا نازناوی مورشدی گشتی وەرگرت، لە کارە دیار و بەرچا وەکانی لەو سەردەمەدا بەئەنجامی گەیاند:

کردنەوەی مزگەوتێك لە شاری ئیسماعیلییە و پاشان پەیمانگای حەرای ئیسلامی و پەیمانگای پێگەیاندنی دایکانی دامەزراند بۆ پێگەیاندنی ڕۆڵەکانیان بە شێوازێکی ڕێك وپێك کە بگونجێت لەگەڵ ڕۆحی شەریعەتدا .

پێشەوای شەهید و تاریبێژێکی ڕەوانبێژ و ئەدیبێکی نەسیج جوان و زانایەکی مودریك و موجەدیدی سەدەی بیست بوو، لەوتەیەکی مەشهوریدا دەڵێت: ئەی خەڵکینە ئێمە –بەبێ فەخر– لە هاوەڵانی بەجێماوی

پێغەمبەرین، هەڵگری پەرچەم و بەرنامەکەی ئەوین، چۆن هاوەڵان عەودالی پەیامی خوا بوون ئێمەش ئاوا شەیدا و تەژنەی ئەو ڕێبازەین، چۆن بێماندووبوون و نەپسان پەیامی خوایان گەیاند ئێمەش ئاوا لەو کاروانەین، چۆن توانییان قورئان بکەنە بەرنامەی ژیانیان و بیپارێزن، ئێمەش ئاوا قەڵغان و سوپەرین و دەیپارێزین، مژدەدەرین چۆن ئەوان مژدەیان هێنا، ڕەنگدانەوەی ڕەحمەتین چونکە پەیامەکەمان ڕەحمەتە﴿وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ بَعْدَ حِينٍ﴾[٢].

- **لە دیارترینی کاروانچییانی ئەم ڕێگا نوورانییە**

ئەم ڕێچکەیە کە پێشەوا بەننا گرتییەبەر بە سەدان و هەزاران پیا و ئافرەتی بە ئەمەك و خواناسی سیاسی بە ئەخلاق و عابدی شەوبێدار و زانا و بانگخوازی پێگەیاند لە دیارترینیان کە قوتابیانی پێگەیشتووی قوتابخانەی میانەڕەوین بەڕێزان: محمد الغزالی، سید سابق، مصطفی السباعی، عبد القادر عودە، عمر تلمسانی مصطفی مشهور، یوسف قەرزاوی و هەزارانی تر.

دوای (٤٣) ساڵ لە بەڕێکردنی تەمەنی پڕبەرەکەتی، بەدەستێکی ڕەش و لەساڵی (١٩٤٩ز) تیرۆرکرا، ڕۆحی پاکی بە کاروانی شەهیدان گەیشت و لای پێغەمبەران و هاوەڵان و پیاوچاکان ئۆقرەی گرت، هەزار ڕەحمەت لە گیانی پاکی لەو ڕۆژەی لەدایك بوولەو ڕۆژەی گیانی بەخشی بەخوا و لەو ڕۆژەش زیندوودەکرێتەوە.

---

٢- سورة ص: ٨٨.

# بنەمای یەکەم
# ئیسلام پڕۆگرامی ژیانە

**الإسلامُ نظامٌ شاملٌ يتناولُ مَظاهِرَ الحياةِ جميعاً، فهو دولةٌ وطنٌ أو حكومةٌ وأمةٌ، وهو خلقٌ وقوةٌ، أو رحمةٌ وعدالةٌ، وهو ثقافةٌ وقانونٌ أو علمٌ وقضاءٌ، وهو مادةٌ أو كَسْب و غنى، وهو جهادٌ ودعوةٌ أو جيشٌ وفكرةٌ، كَما هو عقيدةٌ صادقةٌ وعبادةٌ صحيحةٌ سواءُ بسواءٍ.**

.............................................

**پوختەی بنەماكە:**

**ئاینی ئیسلام سیستەم و یاسایەكی گشتگیرە، تەواوی ڕەهەندەكانی ژیان لەخۆدەگرێت، بۆیە ئیسلام دەوڵەت و نشتیمانە، هەر وەك چۆن حكومەت و گەلە، هەروەها ڕەوشت وهێزە ، هەر وەك چۆن ڕەحمەت و دادپەروەرییە، ئەو ڕۆشنبیری و یاسایە، هەر وەك چۆن زانست و دادوەرییە، ئەو سەروەت و سامانە و دەوڵەمەندییە، هەر وەك چۆن تێكۆشان و بانگەوازە، ئەو سوپا و فیكرە، هەر وەك چۆن بیر و بڕوایەكی ڕەسەن و ڕاستە ئاواش پەرستشێكی خاوێن و دروستە وەك یەك.**

## دەروازەی چونەناو بابەتەکە:

هەر گەل و نەتەوەیەك بیٚ ئاگابێت لە مێژووی سەرەوەریی پێشینانی خۆی ئایندە و بزاوتی ئەو گەلە نادیار و لێلٚ دەبێت، بۆیە لێرەدا دەبێت ئامارژە بەو ڕاستییە بکەین کە جیل و نەژادی یەکەم لە موسوڵمانانی پێشینمان پێوستیان بەم بنەمایانە نەبووە، ڕاستەوخۆ توانیویانە مەبەستی ئایەت و فەرموودە تێبگەن و ئەوەی خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ئایەتێك یان لە فەرموودەیەکدا بەیانیان کردبێت ئەوان بەگشتی و بیٚ کەموکورتی لێی تێبگەن، چونکە ئەوان ئیمانیان بەوە هەبووکە ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە کە تەواوی ژیان ڕۆشن بکاتەوە، تێگەیشتبوون کە شتێك نییە بۆ ژیانی ئەم ئینسانە پێویست بێت و خوا لە قورئاندا فەرامۆشی کردبێت و پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ئاکار و گوفتاری شیرینی خۆی بۆی ڕاڤە نەکردبین ، ئەوان بە سروشتی ساغی خۆیان وا تێگەیشتبوون کە ئەم قورئانە روزگارکەر و فریادڕەسی تەواوی مرۆڤایەتییە و هیچی تری ناوێت بۆ ئەوەی تەواوی بکات، ئەم گیانی تێگەیشتنە وایکردبووکە ئەوان سووربن لەسەر ئەوەی بەتەواوی دینی خوا لە ژیانیاندا جێبەجیٚ بکەن، هەموو قورئانیان بە یەك پارچە تەماشا دەکرد، نەك هەندیٚ ئایاتی جێبەجیٚ بکەن وپشت لە هەندێکی تری بکەن، ئەوان بۆ جێبەجێکردنی ئەم پەیامەی خوا لە ژیانیاندا خۆیان بە سەرپشك نەدەزانی کامە بەدڵیان بێت بیکەنە یاسای ژیانیان و کامە بەدڵیان نەبیٚ وەلایبنێن، ئەوان زۆر دەترسان بەر ئەو هەڕەشەی خوا بکەون کە

دەفەرموویت:﴿ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاءُ مَنْ يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنْكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ ومَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ [٣]، ئەوە ئێوە چ جۆرە مرۆڤێکن؟ ئیمانتان بە هەندێ لە پەیامەکە هەیە و بەهەندێکی تری نییە، پاداشتی ئەو کەسە کەبەم جۆرە مامەڵە دەکات هیچ نییە بێجگە ڕسوایی لە ژیانی دنیادا، بێگومان لە ڕۆژی دوایش سزای سەخت ئەدرێن، باری جرمووتاوانیان سووك ناکرێت، باش بزانن خوا هەرگیز بێئاگانییە لەوەی دەیکەن.

لە ڕاستیدا ئەوە خەڵکانی ئەم سەردەمەن کە پێویستیان بە کۆکردنەوە و ماناو مەفهومی ئەم دینە هەیە بەم جۆرە، ئەویش بەهۆی ئەو گۆڕانکاریەیکە بەسەر سروشت و تێڕوانینیاندا هاتووە بەرامبەر بەژیان بە پلەی یەك و بۆ دین بە پلەی دووەم، زۆرێك لە مرۆڤانی ئەم سەردەمە هەمووخەم و هەمێکیان بووەتە دونیاو قیامەتیان فەرامۆش کردووە، هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە پەردەی تاریکی بەسەر تێگەیشتنیاندا بدرێت بەرامبەر ئەم دینە ڕوون وسازگارە، ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دینداریی و تێگەیشتنیان بۆ پەیامی خوا نەك پلە دووبێت بەڵکولەوەش نزمتر و بێ ئەرزش تەماشای بکەن، لەکاتێکدا موسوڵمانانی پێشین هەمووخەم و هەمێکیان بۆ تێگەیشتن بوولەم پەیامە، هەتا سەروەتی دونیاشیان لە پێناو تێگەیشتنی ئەم پەیامە دەویست نەك لەبەر خودی دونیا، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی ئەم بنەمایانە دەبنە هۆی نزیککردنەوەی تێگەیشتن و بێدارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەو غەفڵەتەی کە بەرۆکی گرتوون، جا بەدەستی ئەنقەست خۆیان والێدەکەن کە حاڵی نەبن لەم دینە یاخود بەهۆی بەهێزیی دوژمنانی ئەم دینەوەیە، کە بەردەوام گومان و دوودڵی بەرامبەر بە

---

٣- سورة البقرة/ ٨٥.

خوا و بە پێغەمبەری خوا و بە ڕوی پەیامەکە و تەواوی زانایانی ئەم ئومەتە بلاّ و دەکەنەوە، بە دەیان دەرگایان والآکردووە بۆ بلاّوکردنەوەی خەیاڵ و گومانی بێبنەما بەجیهانی ئیسلامیدا، موسوڵمانانیش تەوا و خۆیان غافڵکردووە و ئاگایان لە پلانی ژەهراوی دوژمنەکانیان نییە، بۆیە بانگەوازی ئێمە لەم پەیامەدا ئەوەیە کە خەوتووان هەستێنین و غافلاّن بەئاگا بێنین و ویژدانی ناخی هەر تاکێکی بەویژدان بهەژێنین، هۆشمەندان بەکارخەین و تەوژمێکی زانستیی قوڵ و فریادڕەس و هەژێنەر بەدەنگێکی زولاّڵ و بەڕەوتێکی مامناوەند (نە ئیفرات نە تەفریت) لە ڕەوتەکە بکەین، تا فێڵی دوژمنان هیچ نەبێت دەرك بکەین و پیلانەکانیان یەکە یەکە هەڵبوەشێنینەوە، ئەو هەمووگومان و دوودڵی ودڵەڕاوکێیە کە هەیە بڕەوێنینەوە، جارێکی تر تەوژمی بەرخۆدان و فڕێدانی بەرگی تەمبەڵی و سستی وەلابنێین و مەردانە دەرپەڕین و بچینە مەیدان، نووری خوا لەم سەر زەوییە بلاّوبکەینەوە، تا تەواوی مرۆڤایەتی لە سایەی ئەم قورئانە بحەوێتەوە و پشت لە تەواوی ئارەزوەکانی بکات و شاڕێگەی ڕاستیی بگرێت و کاروان بەرە و ڕەزامەندی خوا بەڕێ بکات.

- **گشتگیریی دینی خوا و ئاماژە قورئانیەکان**

١- خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾[٤] ئەم ئایەتە بەرونی ئاماژە بەگشتگیری و ڕوونی پەیامی خوادەکات و دەفەرموێت: قورئانمان دابەزاندووەتە خوارەوە بۆت بۆ ڕۆشنکردنەوەی هەمووکاروبارێك کە مرۆڤ پێویستی پێی هەبێت لە هەمووبوارەکاندا، جا ئەم ڕوونکردنەوەیەش بەجۆریکی کورت و پوختە نەك

---

٤- سورة النحل: ٨٩.

بەشێوازێکی درێژ و هەمووردەکارییەك ڕونبکاتەوە بەڵکوتەنها ئاماژەی بە بنەما هەمەکیەکان کردووە بۆ ئەوەی لە هەر سەردەمێکدا بە ئەندازەی ئەو کاتە کە پێویستە کەڵکی لێوەربگرن.

٢- خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾[٥]، ئێمە هیچمان فەرامۆش نەکردووە لە قورئاندا، لەو هۆکارانەی کە مرۆڤ نیازمەندە پێیان بۆ پەروەردە و ڕێنمایی، یان بەشێوەیەکی کورت و بنەما ئاسا یان بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا ڕوونمان کردووەتەوە.

٣- یاخود خوای گەورە دەفەرموویێت:( كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصاصُ) یان (كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتالُ) یان (كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيامُ) ئەمانە و چەندان ئایەتی تر نیشانی دەدەن کە قورئان یاسای ژیانە و تەواوی بوارەکانی ژیانی گرتووەتەوە و هیچی فەرامۆش نەکردووە.

- **گشتگیریی دینی خوا لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەردا(ﷺ)**

١- پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە زۆر شوێندا فەرمانمان پێدەکات بە سەردانی خزمان (صلة الأرحام) وچاکەکردن لەگەڵ دراوسێ و گێڕانەوەی سپاردە بۆ خاوەنەکەی و دوورکەوتنەوە لە درۆکردن و غەش و خەڵەتاندن و چەواشەکردن و کوشتن و گەندەڵی...

٢- پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن عارفێکی میحرابنشین بووئاواش سوارچاکێکی مەیدان بوو، موصلحێکی کۆمەڵایەتی بوو.

٣- چەندان پەیماننامەی هاوپەیمانی مۆر کردووە لە ڕووی سیاسییەوە وەك صولحی حودەیبییە، پەیماننامەی ناسرا و بەدەستوری مەدینە، چەندان

---

٥- سورة الأنعام: ٣٨.

پەیماننامـەی لەگـەڵ تـیرە و هۆزەکـانی دەوروبـەری مەدینـە، ئەمـەش هـەرگیز لەسەر حیسابی بەزاندنی سنووری خوا نەبووە.
لەگەڵ ئەمەشدا چەندان کێشە و ئاریشـەی باری کەسیەتی چارەسـەر کردووە وەك بواری قانونی، لەگـەڵ ئەوەشـدا مافی هـیچ کەسـێکی پێشـێل نـەکردووە، وەك کەسـێکی کۆمەڵایـەتی بـاوکێکی میهرەبـان بـووە لەگـەڵ منداڵەکانیـدا و هاوسـەرێکی بەسـۆز و چـاك بـووە لەگـەڵ خێزانەکانیـدا، ئەمانـەت پـارێزێکی ئـەمین بـووە تەنانـەت لەگـەڵ دوژمنانیـدا، ڕاسـتگۆیەکی بـێ وێنـە بـووە لـە کۆمەڵگـەدا..ئەمانـە هەمووبەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی کـە دینـی ئیسـلام دێنێکـی گشتگیر و تەواوە هیچ بوارێکی ژیانی فەرامۆش نەکردووە.

- **بەڵگە مێژووییەکان دەیسەلمێنن ئیسلام دینێکی گشتگیرە:**

١- کاتێك پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەفـاتی کـرد، یەکسـەر نەیاننـاشت، تـەرمی پیرۆزیان لەولا داناو دەستیانکرد بەهەڵبژاردنی خەلیفە بۆ ئـەوەی بەرژەونـدی دیـن و دنیایـان بپـارێزێ، پاشـان تـەرمی پیرۆزیـان ناشـت، هـەر ئـەو دەمـە (ئیمامی أبوبکری صدیق)[٦] بوویە یەکەم خەلیفە و پێشـەوای ئـەم ئومەتـە، هـەر ئەم کارە لە دنیـای سیاسـەتدا بـەکرۆك و جەوهـەری سیاسـەت دەدرێتـە قەڵـەم، لەهەمانکاتیشـدا بـەڕۆحی شـەریعەتە و درێژکردنـەوەی سـایەیی شـەریعەتە هەژمار دەکرێت.

٢- موسـوڵمانان بـەردەوام لـە بەئەنجامگەیانـدنی دروشمـەکانی ئاینـدا سەرقاڵ بوون و لەگەڵ ئەوەشدا لـە فتوحاتـە یـەك لـەدوای یەکەکانـدا سـنووری قەڵەمڕەوی ئیسلامیان فراوان دەکرد و لە مەیدانی جیهاددا بە جوانترین شێوە

---

٦- الخليفة الأول: ه و أَبُ و بَكْرٍ الصديق (رضي الله عنه- عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُثْمَانَ بْنِ عَامِرِ بْنِ عَمْرِ و بْنِ كَعْبِ بْنِ سَعْدِ بن مرة التيمي.

کــه بنـــەما ئەخلاقیـــەکانیان فەرامۆشـــنەکردووە و لـــە لوتکـــەی ئـــەخلاقی ئیسـلامییدا ماونەتـەوە، هـەرگیز لـە هەڵمەتبردنـدا دەسـت پێشـخەر نـەبوون، بـــەردەوام لـــە ســـەنگەری بەرگریـــدا بـــوون تـــا ناچـــاردەبوون بەهێرشـــبردن، لەوکاتەشدا پیر و ژن و منداڵیان نەدەکوشت، شار و دێیان نەدەڕوخاند، دار و درەختیـان نــەدەبڕی، ئاژەڵیـان نەدەکوشـت، شانبەشـانی جێبـەجێکردنی ڕێنماییەکانی قورئان هەنگاویان هەڵدەگرت.

- **الإسلام:**

ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی واتـە: چوونەژێر فەرمانبـەرداری خـواوە بەشـێوەیەکی زۆر جـوان و ملکەچـبوون بـۆ فەرمانـەکانی، خـوای گـەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُو مُحْسِنٌ وَاتَّبَـعَ مِلَّـةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَاتَّخَذَ اللَّـهُ إِبْـرَاهِيمَ خَلِيلًـا﴾[7]، کێ لـەو کەسە باشترە کە ڕووی کردبێتە خوا و ملکەچی فەرمانی بێت و چاکەکار و پاك وچاك بێت، (وجـه) لـە زمانەوانیـدا واتـە: دەموچـاو، بـەڵام لێـرەدا مانـای زمانـەوانی مەبەسـت نییـە، بەڵکومەبەستی سـەرەکی تـەواوی هەسـت و شعورە، چونکە ئەمـە ناوهێنـانی ئەندامێکـە لـەباتی هەمووئەندامـەکان (تسـمية الجـزء باسـم الكـل). ئـەم ملکەچبوونەش بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانەیـە(إختيار)ی نـەك بـەتۆبزی خـوا بەسـەر مرۆڤیـدا سـەپاند بێـت، ئـەوەی کـە خـوا بـەتۆبزی کارێـك بـدا بەسـەر دروستکرا وەکانیدا نە سزای لەسەرە نە پاداشت، هـەرگیز لـە ڕۆژی قیامەتدا سـزا نـادرێن لەسـەر ئـەوەی کـە بۆچـی کـوردین ؟، یـان بۆچـی لـە کوردسـتان لـەدایك بـووین؟ و پاداشـتیش لەسـەر ئـەم جـۆرە شـتانە نادرێتـەوە، چـونکە ئەمانە لە تواناو دەسـەڵاتی مرۆڤدا نییـە، بـەڵام سـزا دەدرێ لەسـەر ئـەوەی کـە

---

٧- سورة النساء: ١٢٥.

بۆچی نوێژمان نەکردووە، بۆچی کەمتەرخەمیمان کردووە، بۆچی هەوڵی گێڕانەوەی سەروەریی ئیسلاممان نەداوە؟ دەیان و سەدان بۆچی بۆچی تریش، دەبێت ئەوەش بزانین کە باسی سزا و پاداشت دێتەئاراوە بەرامبەر ئەوەیە کە چی بکەین و فەرمانی خوا چۆن جێبەجێ بکەین و چی نەکەین و چۆن دوورکەوینەوە لەو شتانەی کە شەرعی خوا قەدەغەی کردوون، چونکە ئەم کردن و نەکردنە هەموولە ئیختیاری مرۆڤدایە، خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ أَفَغَيْرَ دِينِ اللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُ أَسْلَمَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ﴾ [8]، ئایا ئەوانە جگەلە دینی خوا دینێکی تریان دەوێ؟! لەکاتێکدا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بە ڕەزامەندیی بێت یان ناچاریی ملکەچی پەروەردگارن، سەرئەنجامیش هەمووهەر بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە، ئەگەر تەماشای ئایەتەکە بکەین وشەی (مَن)ی بەکاربردوە و لە زمانی عەرەبیدا ئەم وشەیە بە زۆری بۆ شتانی ژیر و خاوەن عەقڵ بەکاردەبرێت و هەندێکجار بۆ غەیری عاقڵ بەکاردەبرێت، لێرەوەیە هەموودروستکرا وەکان ملکەچی فەرمانی خوان لە مانەوە و ڕێڕەوی ژیانیان یان مردن و لەناو چوونیان، بەڵام ملکەچ بوونی ئیختیاری بۆ ئەنجامدانی کاری باش یان خراپ، کە ئەمە جەوهەری جوانی دادپەروەریی خواییە کە مرۆڤ لەم بازنەیەدا خۆی دەبینێتەوە، هەر ئەمەشە وایکردووەوە مرۆڤ لە بازنە ئیجباریەکە پێچەوانەی یاسا گەردونییەکە و سەرجەم دروستکرا وەکانی خوا بێت، بۆیە هەمیشە باس لەبوونی سزا و پاداشت لە کاروکردەوەی مرۆڤدا هەیە، چونکە مرۆڤ سەرپشکە و بە تۆبزی نەخراوەتە شێر بارەوە ئەوە مرۆڤ خۆیەتی بەویستی خۆی شتێك لەسەرخۆی بە پێویستدەگێڕێ هەر ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ مرۆڤ ئازادی ڕەهەی لە هەڵبژاردنی دین و بیردا هەیە

---

٨- سورة آل عمران:٨٣.

ملکەچ نەکراوەبەوەی کە تەنها دەبێت خوا پپەرستێت، چون ئەگەر وابوایە باسی سزا و پاداشت لە ئارادانەدەبوو، هەر ئەم خۆدانەدەست فەرمانی خوا بەم جۆرە وادەکات ئیسلام بە مانای ئەو دینە بێت کە خوا پەسەندییەتی، بەوەحی بۆ پێغەمبەری ناردووە تا بە مرۆڤایەتی ڕابگەیێنیێ، هەر وەك دەفەرمووێت:﴿ إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ﴾ [٩]، بەڕاستی ئاینی پەسەند لای خوا ئاینی ئیسلامە، هەر لەهەمان سورەتدا ئایەتی(٨٥) دا دەفەرمووێت:﴿ وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُ و فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [١٠] واتە: هەرکەسیێ بێجگە لە دینی ئیسلامی بویێ هەرگیز لیێ وەرناگیریێ و لە ڕۆژی دواییشدا ڕەنج بەخەسارە، ئەمە ئاگادارکردنەوەیە، نەك پەلکێشکردنی مرۆڤ بە تۆبزی بۆ ناو دینی ئیسلام، چونکە بەمرۆڤ دەگوتریێ ئەگەر ئیسلام قەبولێ بکەی سەرفرازی و بشزانە ئیسلام ئاینێکە پەسەندی خوایە و ئەگەر پەسەندیشی ناکەی ئەوا بزانە بێجگە لە ئیسلام هیچ دینێکی تر لای خوا پەسەند نییە، نەك ئەوەی لە دنیادا ئیختیاری دینێکی ترت نەبێت بەڵکو ئازادی بەڵام لای خوا پەسەندنییە، پەسەندەکەشی نیشانداوی کە ئاینی ئیسلامە، توانای هەڵبژاردنیشی پێداوی بەجۆرێك کە لەگەڵ تەواوی هەستەکانتدا دەگونجیێ و بۆ بەڕێکردنی هەمووژیانیشت بە کەڵك دێت، تەواوی پێغەمبەرانیش کە خوا ڕەوانەی کردوون لە هەر سات و کاتێکدا بۆ هەر گەلێك بە زمان و شێوازی ئاخاوتنی ئەو گەلەی خۆی پێغەمبەری بۆ ناردوون تا بانگیان بکات بۆ هەڵبژاردنی ئاینێك کە خوا پەسەندی کرد بێت، نەك ئارەزووی خۆیان، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ

---

٩- سورة آل عمران: ١٩.

١٠- سورة آل عمران: ٨٥.

﴿إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ﴾[11]، واته: هیچ پەیامبەرێکمان نەناردووە بەڕەهبەری بە زمانی گەلەکەی خۆی نەبێت تا پەیامەکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە.

ناردنی ئەم پێغەمبەرانەش بەم جۆرە واتە بۆ هەرگەل و نەتەوەیەك بەزمانی خۆیان پێغەمبەرێکی بۆ ناردوون بۆ دوومەبەستبووە.

یەکەم: بۆ ناساندنی خوا بووە بەو گەلە لێرەشەوە ئەوە سود و بەرژەوەندی هەبێت بۆ مرۆڤ مرۆڤیان پێ ئاشناکردووە، ئەوەشی زیان و مەترسی بووە لەسەر مرۆڤ مرۆڤیان لێدوورخستوەتەوە.

دووەم: بۆ ڕاهێنانی مرۆڤایەتییە بۆ پەسەندکردنی دینێکی گشتیی کە تەواوی بنەما و بەش و وردەکارییەکانی ژیانیش بگرێتەوە، کۆتاهێنەر بێت بە کتێبە ئاسمانیەکان، ئەو دینەش کە بەم جۆرەیە تەنها ئەو پەیامەیەکە بۆ کۆتا پێغەمبەر هاتووە کە (محمدی کوڕی عبدالله)[12] بەندە و نێراوی خوایە،(درودی خوای لەسەر بێت) هەر بۆیە خوای بالادەست دەفەرمووێت:﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾[13]. واتە: ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەکەتانم بە پایان گەیاند و ناز و نعمەتی خۆمم بۆ تەواوکردن و ڕازیم کە ئیسلام ببێتە بەرنامەی دین و ژینتان، ئیسلامیش بەم مانایە مەبەستی ئیمام (حەسەن بەننا)یە، کە لەم بنەمایەدا ئاماژەی پێدەکات،

---

١١- سورة إبراهيم: ٤.

١٢- ڕەچەڵەکی پێغەمبەری خوا: محمد بن عبدالله بن عبد المطلب بن هاشم بن عبد مناف بن قصي بن كلاب بن مرة بن كعب بن لؤي بن غالب بن فهر بن مالك بن النظر ابن كنانة بن خزيمة بن مدركة بن الياس بن مضر بن نزار بن معد بن عدنان. تەماشای: السيرة النبوية لابن هشام عبد الملك بن هشام بن أيوب الحميري المعافري، أب و محمد، جمال الدين(ت ٢١٣هـ- تحقيق: مصطفى السقا وإبراهيم الأبياري وعبد الحفيظ الشلبي، شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي وأولاده بمصر، الطبعة: الثانية،( ١٣٧٥هـ - ١٩٥٥ م-

١٣- سورة المائدة: ٣.

ئیسلام یاسا و دەستورە بۆ ژیان بەگشتی، ئەو ئیسلامەی مەبەستە کە خوا دەیەویٚ نەك شتێکی تر، بۆیە ئیسلام کۆمەڵە سروتێکی تەعەبودی ڕووت نییە تەنها لە مزگەوتدا بکرێن، بەدەرچوون لەمزگەوت کۆتاییان بێت، یاخود کۆمەڵە نەزەریاتێکی فەلسەفی نییە تەنها خۆراکی ژیری و عەقڵ بێت و غەریزەکانی تر واز لێبهێنێت، کۆمەڵە بنەمایێکی پەروەردەیی نییە و مرۆڤ چەق بەستوبکات و بێئاگای بکات لە پێشکەوتن، نەخێر ئیسلام بەرنامەی دین و ژینە، زانست و کارە، هۆکاری پێشکەوتن و دانەبڕانە، پەرستشی خوایە لە مزگەوت و جوانی ڕەوشتە لە کۆمەڵگە و دەوروبەر ، دەستی هاوکاری و پێکەوەژیانە، ئامادەبوونە لە هەر مەیدانێکدا کە مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی، هەر وەك چۆن چارەسەرە بۆ هەمووکێشە و زامێکی کۆمەڵگە.

## - النظام:

نظام لە زمانەوانیدا[١٤]: بنەمای وشەکە(ن، ڤ، م) بەمانای، هۆنینەوە و ڕێکخستن دێت، وەك دەگوتریٚ (لیس لأمرهم نظام)، واتە: کارێکی بەردەوام نەبوو، شێواو و ناڕێك بوو، یان دەگوتریٚ بەردەوام لەسەر یەك ڕەوتە واتە: بە یەك تەرتیب و نەمەت دەڕوات، ئەمەش لەڕوی زمانەوانییەوە ئیسلامی پیٚ وەسفدار کراوە، لەڕوی ڕێکخستنی عەقیدە و پەرستش و ڕەوشت و تەشریعەوە، تەشریعیش لەسەر یەك ڕێڕەو دەڕوات کە خودی ئیسلامە وەك بەرێخستنی ئەم چوار بەشە کە ئاماژەمان پێکرد بە شێوەیەکی ڕێکو پێك، ئیسلام چ لە ڕووی نەزەریەوە یاخود لە ڕووی کردەییەوە یەکپارچە مەعدەنێکە، ئەگەر واش تەماشە نەکرێت بە شێوەیەکی تەواو حاڵی نابین لەو یاسەیە کە هەزار و چوارسەد ساڵە بەردەوامە، و وا پانزە سەدەیە

---

١٤- لسان العرب، لإبن منظور: ٦/٤٤٦٩.

یەك جۆر و بە یەك شێواز نوێژ ئەنجام دەدرێت، بەتایبەت نوێژی بە کۆمەڵ، ئیمام لە پێشەوە مەئموم لە دواوە ڕێکوپێك دەوەستن و نابێت کەس پێشی ئیمام بکەوێ، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت:( صلوا كما رأتموني أصلي)[15] ئیتر کەس بۆی نییە کەم و زیاد بکات لەوەی کە پێغەمبەر کردویەتی، ئەمە ئەگەر بەڵگەبێ لەسەر شتێك تەنها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئیسلام یاسا و دەستورێکی تەواو و بێ وێنەیە، ئەم یاسایە بۆ گشت پەرستشەکانی ترە، موسوڵمانان هەمویان لەیەك کات کە مانگی یەك شەوەی ڕەمەزانیان بینی هەمویان بەڕۆژو دەبن، کە مانگی شەوالیان بینی لە و سەرەوە هەمویان پێکەوە دەیکەنە جەژن و خۆشی، وەك پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرمووێت: ( صوموا لرؤئته وأفطرو لرؤيته)[16]، بەهەمانشێوە زەکاتدانیش وەستاوە لەسەر یاسا و دەستورێك کە گەیشتنی هەر شتێکە بە

---

١٥- لە مسندی ئیمام شافیعیدا دریژەی فەرموودەکە واهاتوە:«صَلوا كَمَا رَأَيْتُمُوني أُصَلِّي فَإذَا حَضَرَت الصَّلاةُ فليُؤَّذِنْ لكم أحَدُكُم وليَؤمكم أكبركُم» رَوَاهُ البُخَارِيّ. في كتاب الأذان، باب الأذان للمسافر إذا كانوا جماعة والإقامة ... إلخ ١/ ١٥٥. وفي كتاب الأدب، باب "٢٧" رحمة الناس بالبهائم ٧/ ٧٧.تەماشای: مسند الإمام الشافعي، الشافعي أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي(ت ٢٠٤هـ-رتبه على الأبواب الفقهية: محمد عابد السندي، جـ١٠٨/١.، المطبعة: دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان(١٣٧٠ هـ - ١٩٥١ م-

١٦- الموطأ ١ / ٢٨٧ في الصيام، باب ما جاء في رؤية الهلال للصوم، والنسائي ٤ / ١٣٦ في الصوم، باب ذكر الاختلاف على منصور في حديث ربعي، وإسناده منقطع، وقد وصله أبو داود رقم (٢٣٢٧- في الصوم، باب من قال: فإن غم عليكم فصوموا ثلاثين، والترمذي رقم (٦٨٨- في الصوم، باب ما جاء أن الصوم لرؤية الهلال والافطار له.تەماشای: جامع الأصول في أحاديث الرسول، مجد الدين أبو السعادات المبارك بن محمد بن محمد بن محمد ابن عبد الكريم الشيباني الجزري ابن الأثير (ت٦٠٦هـ- تحقيق : عبد القادر الأرنؤوط - التتمة تحقيق بشير عيون،٢٦٩/٦، الناشر : مكتبة الحلواني - مطبعة الملاح - مكتبة دار البيان، الطبعة، الأولى.( ١٣٩١ هـ ، ١٩٧١ م-.

ئاستی نیساب، حەجی ماڵی خوا (کەعبە) ئەویش لەکاتی دیاریکراوی خۆی هەیە و لەو یاسا جوان و بێ وێنەیە بەدەرنییە، سەرەتا و کۆتایەکەی زۆر ڕوون و ئاشکرایە و کارو ئەنجامدانی نوسوکەکانی بەهەمانشێوە دیار و ڕوونە.

– لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەهەمانشێوە ئیسلام یاسایەکی تۆکمەی بۆ ئێمە دیاری کردووە کە لەسەرەتا ترین خانەی کۆمەڵایەتییەوە دەستپێدەکات کە خێزانە، پێکهێنانی ئەم خێزانەش لەسەر بنەمایەکی تۆکمە و تەواو دانراوە، کە پیاو تیایدا ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە و ئافرەتیش بەهەمانشێوە ئەرك وكاری خۆی هەیە، ئەمەش وادەکات ئەم خێزانە ببێتە خانەیەکی تەواو بۆ بەدەنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

– لەڕووی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەشەوە ئیسلام داوا دەکات لە شوێن کەوتووانی کە گوێ ڕایەڵی خوا و پێغەمبەر(ﷺ) بن و سەرپێچی پێشەواکەیان نەکەن مادام نافەرمانی خواناکاو ستەم و نادادپەروەری لەوڵاتدا بەرپا ناکات، ئەگەر ئەو پێشەوایەش حەبەشییەکی ڕەش پێستیش بێت. ئەگەر تەماشای قورئانیش بکەین دەبینین سەدان ئایەت ئاماژە بەڕێکخستنی ژیان دەکەن چ لە ڕووی عیبادەتەوە بێت یان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە یان ئابوری یان ڕامیاری، ئەم ئایەتانەش پێیان دەگوترێ ئایاتی ئەحکام، زانایان چەندان کتێبیان لەم بارەوە نووسیوە.

– **الشامل:**

وشەی شامل لە زمانەوانیدا: بنەماکەی لە (ش، م، ل) بەمانای: گشتگیربوو، گشتگربوو، ئیسلام هەموشتەکانی لەخۆگرتووە بەو مانایە قسە و چارەسەری هەیە بۆ هەمووپێشهات و ڕووداوێك، وەك بڵێی دەوری

هەمووگرفتەکانی داوە، خوای گەورە دەفەرمویت:﴿ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾ [١٧].

قورئانمان دابەزاندووەتە خوارەوە بۆت، بۆ ڕۆشنکردنەوەی هەمووکاروبارێك کە مرۆڤ پێویستی پێی هەبێت لە هەمووبوارەکاندا ، یان دەفەرمویت:﴿ مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ﴾[١٨]. ئێمە هیچمان فەرامۆش نەکردووە لە قورئاندا، لەو هۆکارانەی کە مرۆڤ نیازمەندە پێیان بۆ تەربیە و هیدایەت، ئەگەر لەم ئایەتانە ورد بینەوە دەبینین ڕوونکردنەوەی شتەکان پەیوەندییان بە کاروباری کەسانی بەربارەوەهەیە هەر شتێك مرۆڤ ئەنجامی دەدات چ لە ڕوی بیروبڕواوە بێت، یان پەرستش و مامەڵەی دونیاییەوە بێت، یان کارێکی سیاسی و پەیوەندی نێودەوڵەتی بێت، یاخود کارێکی یاسایی کەسی بێت، ئیسلام بەرنامە ڕێژی و چارەسەری حەتمی و بنبڕکەری لایە بۆی، جا ڕاستەوخۆ لە قورئاندا ئاماژەی پێکرا بێت یان لە فەرموودەدا یان لە کۆدەنگی زانایان یاخود بە قیاس و بەراوردکاری یاخود بە عورف و (مصالح مرسلە) یا هەر یەکێکی تر لەسەر چا وەکانی تەشریع بێت، چارەسەری گرفتی لا دەستدەکەویت، خۆ ئەگەر دەستەوسان بووین لە بەردەم پێشهاتێکی نەخوازراودا ئەوە ئێمەی مرۆڤین کە نەمانتوانیوە بە باشی حاڵیبین لە م قورئانە، یان بە تەعبیرێکی تر بڵێم: نەخوێندەواری ئەو جیلە ئەسەلمێنیٚ کە نوێنەرایەتی ئەم پەیامە دەکەن، لە دەرەنجامی ئەم بێتوفاقیەیە کە دەگوتریٚ: ڕاستە ئیسلام چارە سەرە بەڵام موسوڵمانان گرفتن، بۆیە یەکێك لە تایبەت مەندیەکانی ئیسلام شمولی وگشتگیرییە، هەر ئەمەشە وایکردووە ئیسلام جیاواز بێت لە تەواوی بەرنامەکانی تر، گشتگیریی ئیسلام وخاڵی

---

١٧- سورة النحل : ٨٩.

١٨- سورة الأنعام: ٣٨

تایبەتمەندییەكـەی لـەوەدا دەردەكـەوێت كـە شـیاوبێت بـۆ هەمووسـەردەم و شـوێنێك، ئیمام(حەسـەن بـەننا) دەڵێـت: گشـگیری ئـەم دینـە لـەوێوە سەرچاوە دەگرێت لەڕووی درێژییەوە درێژ بووەتەوە هەمووكاتێك دەگرێتـەوە و لـەڕووی پانییـەوە هێنـدە پـان بووەتـەوە هەمووگـەلێك دەگرێتـەوە، لـەڕووی قوڵیشـەوە هێندە قوڵ ڕۆچوە دونیا و قیامەتی پێكەوە گرێداوە.

لێـرەوە بـەكورتی بـاس لـەو بوارانـە دەكـەین كـە ڕاسـتەوخۆ قورئـان چارەسەری بۆ دیاری كردون كاتێ وەك گرفت بەرۆكی مرۆڤایـەتیان گرتـووە، بەتایبـەت تـر لـەم بوارانـە كـە بوونەتـە هۆكـاری ڕاگرتنـی ژیـانی مرۆڤایـەتی لەوانە، لەڕووی گرێبەندی و ئابوری و دەستوری و یاساییەوە.

– لە ڕوی گرێبەندیی و مامەڵەی ڕۆژانەوە دەفـەرموێت:﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ﴾ [19]

– لــە ڕووی ئــابوری مامەڵــەی كــڕین و فرۆشــتنەوە خــوای گــەورە دەفـەرمووێت:﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَدَايَنْتُمْ بِدَيْنٍ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى فَاكْتُبُوهُ وَلْيَكْتُبْ بَيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ وَلَا يَأْبَ كَاتِبٌ أَنْ يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ اللَّهُ﴾ [20].

- لە ڕووی دەستوری و بنەما سیاسیەكانەوە:﴿ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾ [21].

– لـە ڕووی یاساییەوە:﴿ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا﴾[22].

---

١٩– سورة المائدة: ١

٢٠– سورة البقرة: ٢٨٢.

٢١– سورة الشورى: ٣٨.

٢٢– سورة النساء: ٥٨.

- له ڕووی سزای دەستدرێژیی: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالْأُنْثَى بِالْأُنْثَى﴾ [٢٣].

- له ڕووی خۆئامادەکردن و خۆپڕچەك کردن بۆ ترساندنی ناحەزانی پەیامی خوا ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ﴾ [٢٤].

- له ڕووی پەیوەندی نێودەوڵەتییەوە: ﴿ لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ [٢٥]. ئەم ئایەتانە دەیسەلمێنن کە بەڕاستی ئیسلام بەرنامەیەکی گشتگیر و شمولییە بۆ تەواوی بوارەکانی ژیان.

**- الدولة:**

له فەرهەنگی سیاسیدا دەوڵەت وا پێناسەکراوە: بریتیە له کۆمەڵە خەڵکێك بەشێوەیەکی هەمیشەیی له هەرێمێکی دیاریکراودا دەژین، و دەسەڵاتێك کاروباری ڕۆژانەی ناوخۆ و دەرەوەیان بە شێوەیەکی یاسایی بۆ بەڕێ دەکات، لەم پێناسەیەوە دەگەینە ئەوەی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێك دەبێت ئەم پایە بنەڕەتییانە هەبن، گەل، نشتیمان، دەسەڵات[٢٦].

لەوکاتەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەمەککەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە موسوڵمانان تا سەدەی نۆزدەش خاوەنی ئەم سێ پایە سەرەکیەبوون، کەواتە

---

٢٣- سورة البقرة: ١٧٨.

٢٤- سورة الانفال: ٦٠.

٢٥- سورة الممتحنة: ٨.

٢٦- الإسلام والدستور: توفيق بن عبد العزيز السديري، المطبعة، ص٥٥، وكالة المطبوعات والبحث العلمي وزارة الشئون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد، الطبعة: الأولى،(١٤٢٥هـ-.

دەوڵـەت واتـە: بـوونی یاسـا و دەسـتورێکی تۆکمـە کـە کاروبـاری خـەڵکی بەشـێوەیەکی گشـتی بەڕێوەبـەرێ لـە هـەرێمێکی سـنوور دیـاریکراودا، دەی ئیسلام لەوکاتەوە کە وەحی هاتووەتە خوارەوە دەستور و یاسای ژیان بووە تا ئەو ڕۆژەی کە بە پلەبەندی وەحی کۆتایی هات، لەوێشەوە تا ئەو ڕۆژەی کـە شـاپوری یەکـەم بـۆ کۆتـایی ژیـان لێـدەدرێ هـەر دەمێنـی هـەرگیز کەمووکورتی ناهێنێت، چونکە هەر لـە یەکەم لەمعەی وەحییـەوە پەیوەنـدی مـرۆڤ لەگـەڵ خـوادا بـەجوانترین شێوە نیشاندا و کردیـە یاسای بنـەڕەتی بـۆ پەیوەندی مرۆڤ بە خواوە، هەر بەم پەیوەندییەشەوە نەوەستا، وەك هەنـدێ نـەزان واتێدەگـەن ئیسـلام تـەنها پەیوەنـدی مرۆڤـە بـە خـواوە، نوێنـەری ئـەم دەسـتەیە لـە ئـەمڕۆدا عەلمانییـەکانن، بۆیـە ئەگـەر تەماشـابکەین قورئـان پەیوەنـدی مـرۆڤ بـە خـواوە بـەجوانترین شـێوە نیشـان دەدات، هـەروەها پەیوەندی تاك بەتاکەوە پەیوەندی تاك بە کۆمەڵگەوە پەیوەندی کۆمەڵگەکان بەیـەکترەوە، ئـەم کۆمەڵگانـەش هـەمویان پێکـەوە ڕێکخسـتنێکی سیاسـییان پێکهێناوە کە پێدەگوترێ دەوڵەت، ئەم دەوڵەتەش دەبێت سەرۆکێکی هەبێت ئەم سەرۆکەش لە کتێبە فقهییەکاندا ناوی ئیمامە یان پێشەوایە یـان سوڵتانە یان ئەمیندارە، یاخود ئەمیرە و هەر ناوێکی تر لەو ناوانە کە هەیە،[٢٧] ئیسلام ئـەوەی ڕونکردووەتـەوە کـە چـۆن ئـەم دەوڵەتـە پێـك بهێنرێـت؟ و چـون سـەرۆك یاخود پێشەوا هەڵبژێرن؟ و پەیوەندی هاوڵاتیان بەم دەوڵەتەوە چۆن بێت؟ و سـەرۆك چـۆن مامەڵـە بکـات بـە پۆسـتەکەیەوە؟ ئەمانـە هـەمووی لـە فیقهـی ئیسلامیدا وردەکارییەکانی ڕونکراوەتەوە و ئێرە جێی باسکردنیان نییە، بە

٢٧- تەماشای: الأم: للإمام الشافعي أبي عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (ت ٢٠٤هـ-بكه. دار المعرفة – بيروت، الطبعة: بدون طبعة (١٤١٠هـ١٩٩٠م-.

کورتی دەوڵەت لە ئیسلامدا لەسەر بنەمای بیروبڕوا و موسوڵمانان بوون و هاوڵاتی بوونە، کە دەڵێین: لەسەر بیروبڕوا و موسوڵمان بوون وهاوڵاتی بوونە، چونکە ئەم بنەمایە هەمووڕەنگ و زمان و نەتەوەیەك لە خۆدەگرێت، نەك لەسەر بنەمای بنەماڵە و هاوڕەگەزیی و هاوزمانی و هاوڕەنگی، دەوڵەت لە ئیسلامدا لەسەر ئەمانە بوونیاد نانرێت، لەئەمڕۆشدا وڵاتانی زلهێز، وەك: ئەمریكا كار لەسەر ئەم بیرۆكانە دەكەن كە هەمووئەو پێوەند و زنجیرانە بشكێنن و وڵاتێكی هەمەڕەنگ دروست بكەن، چونكە ئەم جۆرە بیركردنەوەیە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەكات، ئەم بیرۆكەشیان لە ئیسلامەوە وەرگرتووە، چونكە دینی ئیسلامیش دینێكی جیهانییە و بۆ هەمووسەردەمانێكە، پێغەمبەر ڕەحمەتە بۆ هەموبوونەوەر( وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين)یان دەفەرمووێت:( وما أرسلناك إلا كافة للناس بشيرا ونذيرا).

– سەرۆك یان ئیمام دەبێت لەلایەن خەڵكییەوە هەڵبژێرێت، ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، لەڕێگەی نوێنەری خەڵكیەوە كە دەكاتە ئەهلی چارەسەر و عەقد، لە ئەمڕۆدا پێیان دەگوترێت ئەندام پەرلەمان، دەبێت ئەوكەسە كۆمەڵێ مەرج و سیفەتی تیابێت، لەوانە، شایستەی ئەو پۆستە و ئەمانەت پارێز و دادپەروەر بێت، دڵسۆز بێت بۆ بەجێگەیاندنی برگە بە بڕگەی دینی خوا، پاراستنی ئەمن و بەرژەوەندی تاك و كۆمەڵگە، وەك ئیمامی ئەبوبكر فەرمووی: ئەگەر فەرمانبەرداری خوام كرد واجبە لەسەرتان گوێڕایەڵم بن، خۆ ئەگەر لام دا لە فەرمانی خوا بەگوێم مەكەن.

ئیمامی عومەر دەفەرمووێت: ئەگەر سەرپێچیم كرد ڕاستم كەنەوە، یەكێك لە ئامادەبووان گوتی: والله ئەگەر سەرپێچیت لێببینین بە شمشێر ڕاستت دەكەینەوە، ئیمامی عومەر فەرمووی: سوپاس بۆ خوای گەورە كە لە ئومەتی ئیسلامدا پیاوانێك هەن كە عومەر بە شمشێر ڕاست دەكەنەوە.

لێرەوەیە لە فیکری ئیسلامیی میانەڕەودا دەوڵەتداری بەرپرسیاریەتی تاکە، تا بەجوانی لە ژیانێکی شەرەفمەندانە بگوزەرێنیٚ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموویێت:(كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْؤُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ فَالإِمَامُ رَاعٍ وَهُوَ مَسْؤُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ)[28] هەموتان چاودێرن، هەموشتان بەرپرسن لەوانەی کە لە ژێر دەستی ئێوەدان، پێشەوا و ئیمام چاودێر و بەرپرسە لەگەلەکەی، ئەوە دەوڵەتدارییە لە فیکری ئیسلامیدا، تایبەتمەندیەکەشی تاک سەنتەرییە نەك تاك کوشتن و وەلاخستن و نەخوێندنەوە و دکتاتۆرییەت.

– الوطن:

نیشتمان: خاکێکی سنووردارە کە کۆمەڵە خەڵکێکی لەسەر دەژی و پەیوەندی کولتووری و چارەنووسساز پێکەوە دەیانبەستێتەوە، نیشتمان مۆڵکێکی هاوبەشە و هەمووپۆڵەکانی ئەو نیشتمانە وەك یەك سودمەند دەبن لەو خاکە کە لەسەری دەژین، بۆ کەسیان نییە خۆی بەبالاٌتر و خاوەندارتر بزانیٚ لەوانیتر، بۆیە خۆشەویستی نیشتمانیش دەبێتە پتەوترین خاڵی پەیوەندی هاونیشتمانیان. لێرەوەیە بەردەوام ئیسلام دەیەوێت بازنەی خۆشەویستی بۆ نیشتمان هەمیشە زیادبکات، بە زیادکردنی سنووری قەڵەم ڕەویەکەی بۆ ئەوەی یەك دەنگ و یەك ڕەنگ هاونیشتمانیان بەرەو کاری خێرو چاکەخوازی هەنگاو هەڵگرن و یەك پارچە دونیا ڕەنگینکەن بە چاکەخوازی و کاری مرۆڤ دۆستی و خوا ویستی، بەردەوام ڕۆڵی بەرخۆدان

---

٢٨- أخرجه الامام البخاري: في كتاب النكاح، باب قول الله تعالى: {قوا أنفسكم وأهليكم ناراً} ، وباب المرأة راعية في بيت زوجها، وفي الأحكام، باب قول الله تعالى: {أطيعوا الله وأطيعوا الرسول} ، الحديث رقم (٢٠٢٨-. مُخْتَصَر صَحِيحُ الإِمَامِ البُخَارِي، للأبي عبد الرحمن محمد ناصر الدين، بن الحاج نوح بن نجاتي بن آدم، الأشقودري الألباني (ت ١٤٢٠هـ- الناشر: مكتَبة المَعارف للنَّشْر والتوزيع، الرياض، الطبعة: الأولى،( ١٤٢٢ هـ - ٢٠٠٢ م-.

لـه نـاو تاكـه تاكـەی هاونیشـتمانیان زینـدو ڕادەگرێـت تـا بازنـەی ئـازادی و پێكـەوەژیان لـه نـاو ڕیزەكـانی گەلـدا فـراوان بێـت، بـەرگی ڕێـز و شـكۆمەندی ببێتە دیامانی هەر هاوڵاتییـەك بـه یەكسـانی و بیٚ جیـاوازی، خـوای گـەورە لـه چـەندان ئایەتـدا بـەیانی ئـەوەمان بـۆ دەكـات كـه نیشـتمان لای مـرۆڤ چـەندە گەورە و جێگای گرنگە، گەورەترین ناڕەحەتی لای مرۆڤ دەربەدەركردنیەتی لە نیشـتیمانەكەی وەك دەفـەرموێت: ﴿قَالُوا وَمَا لَنَا أَلَّا نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّـهِ وَقَـدْ أُخْرِجْنَا مِنْ دِيَارِنَا وَأَبْنَائِنَا﴾ [29] واتە: گوتیان ئەوە چیمانە لە پێناوی خـوا و دینـی خـوا ناجـەنگین لـه كاتێكیشـدا لـه مـاڵ و منـاڵ و وڵات بـوین ودەركـراوین، لـه ئایـەتێكی تـردا خـوای گـەورە بـەیانی ئـەوە دەكـات كـه دەربـەدەر بـوون و لـه دەسـتدانی نیشـتمان هێنـدەی گیان لە دەسـتدان ناڕەحەتە بەلای مرۆڤەوە ﴿ وَلَو أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ أَو اخْرُجُوا مِنْ دِيَارِكُمْ مَا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِنْهُمْ﴾ [30] خـۆ ئەگـەر لەسـەرمان پێویسـت بكردنایـه خۆتـان بكـوژن یـان لـەووڵات بچـنه دەرەوە ئـەوەیان نـەدەكرد، مەگـەر تـەنها هەنـدێكیان نـەبێت، هـەر ئەمەشـە لـه ئیسـلامدا گـەورەترین سـتەم ئەوەیە كە خـەڵكی لـه شار و مەملەكـەت و وڵاتـی خۆی دەركەیت و ئاوارەی وڵاتانی بكـەی، داگیركردنـی ئـەو خـاك و ئـاوەش بـه تاوانـە گـەورەكان دێتـە ئـەژمار، چـونكە نوێـژ كـه واجبـی سـەرشـانی مرۆڤـە و مـافی خوایـە بەسـەر بەندەكانیـەوە ئەگـەر لەسـەر پارچـە زەویـەكی داگیركـراو بكرێ، وەرگیرا و پەسەند نییە، بۆیە خوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿لَنُخْرِجَنَّكُمْ مِنْ أَرْضِنَا أَو لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا﴾ [31] واتـه: یـا دەرتـان دەكـەین لـه خـاك و وڵاتـی خۆمـان یـان دەبێـت بگەڕێنـەوە سـەر ئـاینی ئێمـە، بەشـێوەیەكی گشـتی ئـەم

٢٩- سورة البقرة: ٢٤٦.

٣٠- سورة النساء: ٦٦،

٣١- سورة إبراهيم: ١٣.

ئایەتانە ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەكەنەوە كە ئەوەی مرۆڤی پێ سەربەرز و شكۆمەندە دووشتە:(دین و نیشتمان) هەركەسێ ئەم دووشتەی لێداڕنی بە هەمووپێوەرێك مرۆڤبوونی لەكەدارە، دەبێت تا گیان لە دەستدانیش سوربێ لەسەر پاراستنیان، كەس دەركی ئەمە نەكات ئێمەی موسوڵمانان و كوردزمان چاك دەركی ئەمە دەكەین، ئاوارەیی و دەربەدەریمان بەسەردا هاتووە لەلایەن رژێمی فاشلی (بعث) ی عەلمانی عیراقی، ئێستاش برایانی سوریامان چاك ئەم ڕاستیە دەزانن كە بە دەستی ستەمكارانی ڕژێمی (بعث)ی خوێنڕێژی ئەو وولاّتە و هاوكارانی دەربەدەرو ئاوارە بوون.

- الحكومة:

بریتییە لە دەسەلاّتی فەرمانڕەوایی بەسەر گەلدا، كە هەڵدەستێت بە ڕێكخستنی بواری ئابوری، كۆمەلاّیەتی، ڕامیاری، پەیوەندی نێودەوڵەتی، پارێزگاری سنووری ئەو دەوڵەتە، ئیسلامیش بۆ ئەوە هاتووە كە ئەم هەمووكارانە بەجوانی ڕێكبخات و بەواجبی گێڕاوە كە موسوڵمانان دەبێت هەستن بە سازدانی كەشێكی لەو جۆرە تا حكومەتێك بەو ڕۆحییەتەوە دروستكەن، كە دادپەروەرانە مامەڵە بكات لەگەڵ تاكە تاكەی هاولاّتیاندا و ئەمەی كردووەتە بنەما یەك بۆ ڕێكخستنی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەبادا گێرەشێوێنی بەرپاببێت لە كۆمەڵگەدا، تا ئەو ڕادەیەی پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ، أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ)قَالَ:" إِذَا خَرَجَ ثَلَاثَةٌ فِي سَفَرٍ فَلْيُؤَمِّرُوا أَحَدَهُمْ"[32] واتە: ئەگەر سێ كەس بەرێكەوتن بۆ سەفەرێك با یەكێك لە خۆیان بكەنە ئەمیرو دەم ڕاستی خۆیان.

---

٣٢- أخرجه أبو داود: في كتاب الجهاد، باب في القوم يسافرون يؤمرون أحدهم، رقم (٢٦٠٨- وإسنادهِ حسن.

بەهـەمان شـێوە تایبەتمەنـدی ئـەم حکومەتـە و مـاف و ئەرکیشـی بەجوانیبەیانکردووە، پەیوەندی فەرمانبەرداری دەسەڵاتیشی بەستووەتەوە بەوەوە کە فەرمان بە سەرپێچی خوانەکات، هـەرکات سنووری خـوای بەزانـد بـەهیچ جـۆرێ فەرمانبـەرداری کردنـی دروسـت و ڕەوا نییـە لەلایـەن هاوڵاتیانیەوە، (لاطاعة لمخلوق في معصية الخالق، إنما الطاعة في المعروف) واتە: نابێ فەرمانبەرداری کەس بکرێ لەسەر سەرپێچی کردنی خوا، تەنها فەرمانبەرداری لە چاکەدا هەیە کە سنووری خوا نەبەزێنرێت.

- الأُمة:

هەرچـەندە مانـای (الأُمـة) فراوانـە بـەڵام لێـرەدا یـەکێك لـە ماناکـانی نەتەوەیە نەتەوەش ئەو کۆمەڵە خەڵکەن کە لە نیشتمانێکی دیاریکراو دەژین، کۆمـەڵێ بەرژەوەنـدی گشـتی دەیانبەسـتێتەوە بـە یەکـەوە، لەوانـە: زمـان، کولتـور، کەلـەپور، دیـن، بەرژەوەنـدی ئـابوری هاوبـەش، ئەمانـە هانـدەرن بـۆ ئەوەی هەمووان پێکەوە بە گیانێکی ئارامەوە لەو نیشتمانەدا درێژە بە ژیانی ڕۆژانـەیان بدەن، ئیسلام لـەو ڕوانگەیـەوە کـە سـەر چا وەکـەی لـە خواوەیـە و خواش ئاگادار و زانایە بەوەی کەچی لـە بەرژەوندی مرۆڤدایـە و پێداویستی مـرۆڤ چـیە، بۆیـە لـە نێـو گەلـدا پەیوەندییـەکی بـەهێز لەسـەروی هەمووپەیوەندیـەکان دروست دەکات کە ببێتە هۆکاری بەردەوامی و هێز بۆ یان کە ئەویش پەیوەندی بیروبڕوا و پارێزگاری سنوورەکانی خوایە، ئەمە بە هێزترین خاڵی هاوبەشی نەتەوەیە، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ﴾[٣٣] واتـە: دۆسـت و برادەر لـە ڕۆژی قیامەتدا هەنـدێکیان دەبنـە دوژمنـی یـەکتر، - چـونکە بۆیـان دەردەکـەوێ کەئـەوان

٣٣- سورة الزخرف: ٦٧.

هۆکـاری گومڕاکردنیـان بـوون – تـەنها دۆسـتانێ نـەبێ کەلـە دونیـادا سـنوورەکانی خوایـان نەبەزانـدبێ و پـەرواکاربووبن و پارێزگارییـان لـە بـەهابالأکام کـلادووە، ئـەم خاڵـە بەسـە بـۆ ئـەوەی کـە نەتەوەیـەك لەسـەری کۆببنەوە و تەواوی بەرژەوندیە کانیشیان ببەستنەوە بەوەوە، چونکە گرنگی ئـەم خاڵـە ئەوەیـە دەبێتـە هۆکـاری کۆکردنـەوەی زمـان و ڕەنگـی جیـاواز وبەسـتنەوەی هـەرێمی جیـاواز بەیەکـەوە تـەواوی زانایـان دەڵـێن: ئـەو کۆمەڵەیـەی کـە ئیمانیـان هەیە بە ئیسلام با ڕەنـگ و زمـان و نیشتمانیشیان جیاواز بێت هەر بە یەك نەتـەوە حساب دەکرێن و یـەك خـاڵی هاوبەشـی هـەرە بـەهێزیان بریتیـە لـە بیروبڕواکـەیان، هێنـدە ئـەم هۆکـارە بـەهێزە تاکـەکان دەگەیەنێتـە ئاسـتی برایـەتی و لەوێشـەوە ئـەم پەیوەندیـە بەرزدەبێتـەوە بـۆ ئاستی خۆشەوەیستی و لەوێشەوە ناوەستێ تا ئاستی ئیسار و لەخۆبردن بۆ بەرامبەرەکەی، خـوای گـەورە دەفـەرموێت:﴿ وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَو كَانَ بِهِـمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُـونَ ﴾[٣٤] تەماشـای ئـەو پەیوەندیـە بەهێزە کە لە نێو هاوەڵاندا دروستبووە، ئەوانـەی کـە کۆچیان کـرد لـە مەککـە وە بۆ مەدینـە ئـەهلی مەدینـە دەخەنـە پێش خۆیـان بـا خۆشیان موحتـاج بن، هـەر کەسێکیش پارێزراوبێـت لـە پیسـکەیی دڵ ودەرونـی خـۆی ئـەوە لـەو کەسانەیە کە نەجاتی بووە و سەرکەوتووە.

ئیسـلام بەرنامـە و بیروبڕوایـە و ناسـنامە و پێناسـی هـەر کەسێکە کـە ئیسلامی کردووەتە چرای دەستی بۆ سـەرکەوتنی بەسـەر تاریکیـەکانی نـاخ و دەرونـدا، نـەك تـەنها پێناسـێك بێـت لەسـەر بنـەمای هاونیشـتمانی بەڵکوپێناسێکە لەسـەر بنـەمای برایـەتی و گیـانی یەکترقـەبوڵکردن و هێـزی بـەرخۆدان، چـەندان ئایـەتمان هەیـە کـە ڕاسـتی ئـەم بۆچوونەمان دەسـەلمێنن،

---

٣٤- سورة الحشر: ٩.

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾ [35] واتە: ئیمانداران لە پیاوان و ئیمانداران لە ژنان هەندێکیان وەلی و سەرپەرشتیاری هەندێکی تریانن. یان دەفەرموێت:﴿ وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا ﴾[36] واتە: بیری ئەو نعمەتە بکەنەوە کە خوا ڕژاندی بەسەرتاندا ئەوەبووئێوە لەناو خۆتان دووژمن بوون، ئەنجا خوا بە هۆی پیرۆزی ئیسلامەوە ئاشتی کردنەوە و بوون بەبرای یەکتری.

هەر ئەمەشە گەلانی ئیسلامیی جیا دەکاتەوە لە غەیری خۆیان، چونکە گەل و نەتەوەی تر لەسەر بنەمای زمان یان ڕەنگ و چەندان شتی تری بچوك و بێ بنەما گەل وئومەتیان پێکهێناوە، ئیسلام ئەو قۆناغەی بڕیووە کە شتی بێ مانا و بچوك وەك: ڕەنگ و زمان....بکاتە پێوەر بۆ بەرەوپێشبردنی مرۆڤایەتی، کە هەرگیز مرۆڤایەتی لەو کارانەدا سودمەند نابێ و نەبووە.

- الخُلُق:

خُلُق: لە زمانەوانیدا واتە: خوڕەوشت، وەك زاراوە: بریتییە لە چەند سیفەتانێکی ڕۆچووبەناو ناخی مرۆڤدا، لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە، هەر کردار و گوفتارێك لە مرۆڤەوە دەردەچێ بەبێ بیر لێکردنەوە دەچێتە ئەو خانەوە بەم پێودانگە بێت پێی دەگوترێ (خُلُق) بەڵام لای زانایانی پەروەردە و ئەخلاق هەر کردەوەیەکی پەسەند و جوان پێدەگوترێ ڕەوشت.

خُلُق: لە ئیسلامدا بریتییە لەو کردار و گوفتارە بەرز و پەسەندانە کە بەئەنجامدانیان جێگا و ڕێگای خۆیان دەگرن لەناو کۆمەڵگەدا و دەبنە خزمەت بۆ مرۆڤایەتی، بۆیە ئەخلاق و خوی پەسەندی ئیسلامی داگرندەی

---

٣٥- سورة التوبة: ٧١.

٣٦- سورة آل عمران: ١٠٣.

ژیانی موسوڵمانانە، و تەواوی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە چ پیوەندی بەخودی مرۆڤەکەوە بێت، یاخود بە غەیری خۆیەوە، جاغەیری خۆی مرۆڤ بێت یان ئاژەڵ یاخود بێ گیان یان تاك و كۆمەڵگە، هەرچی پەیوەندی هەیە لە بازنەی ئەخلاقدا دەرناچێ و لەو بازنەیەدا قەتیس بووە، بۆیە پێویستە مرۆڤی موسوڵمانان بزانێ کە خودی خۆی مافی هەیە بەسەریەوە، بە ئاگایانە مامەڵە لەگەڵ ڕۆح و دەرون و ژیری و جەستەی بکات، دایك و باوك، كۆمەڵگە و خێزان، منداڵەکانی، دراوسێ و خزمانی، موسوڵمانان و مرۆڤایەتی لە بازنەیەکی تری فراواندا و تەواوی بوونەوەر هەتا ژینگەش مافیان بەسەریەوە هەیە و دەبێت بە جوانترین شێواز مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، چونکە هەرچی جوڵەیەك هەیە لە ئیسلامدا دەچێتە بازنەی ئەخلاقەوە و لە ڕۆژی قیامەتدا حیسابی تایبەتی لەسەر دەکرێت.

**- ئیسلام و گرنگیدان بە ئەخلاق:**

گومان لەوە دانییە کە ئیسلام گرنگییەکی هێچگار زۆری داوە بە ئەخلاق، لێرەدا ئامارژە بەهەندێ خاڵ دەکەین کە دەریدەخات ئیسلام چەند گرنگی بە ئەخلاق داوە.

١- ئیسلام ئەخلاقی کردووە بە بنەما و ڕاگری یاسای ژیان، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتنی خۆی و بوون بە پێغەمبەر و وەزیفەکەی چڕ دەکاتەوە لە تەواوکردنی ئەخلاقە جوان و پەسەندەکان وەك دەفەرمووێت: "إِنَّمَا بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ مكارِمَ الْأَخْلَاقِ"[٣٧] واتە: نێردراوم بۆ ئەوەی ڕەوشتە بەرز و پەسەندەکان تەواو بکەم، لەلایەکی ترەوە پێناسەی چاکە وادەکات کە وەڵامی

---

٣٧- أخرجه البيهقي، الحديث رقم (٢٠٥٧١- وأخرجه الحاكم، الحديث رقم( ٤٢٢١- وقال : صحيح على شرط مسلم.

**پرسیارێکی پێدەداتەوە، پرسیار کرا ئەی پێغەمبەر خوا چاکە چیە (ما البر؟) فەرمووی:(حسن الخلق) چاکە ڕەوشت جوانییە.**

**٢- کاتێك تەماشای قورئان دەکەین چەندان ئایاتەمان بەرچاو دەکەوێت کە باس لە ئەخلاق و تەزکیەی نەفس و دەرون دەکەن، سەناو وەسفی خاوەن ڕەوشتە بەرزەکان دەکەن، سەرزەنشتی ئەوکەسانە دەکەن کە دارای ئەخلاق و ڕەوشتی پەسەندنین، گرنگتر لەوە ئەوەیە کە ئەو ئایەتانە هەندێکیان لە مەککە دابەزیوون پێش هیجرەت و هەندێکی تریان لە مەدینە دوای هیجرەت، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکی ڕوونە کە ئیسلام زۆر گرنکی بە ئەخلاق و ڕەوشت داوە بە ئەندازی گرنگیدانی بە بیروبڕوا، زۆرێك لە زانایان دەڵێن: قورئان سێ بەشە و بەم جۆرەدا بەشیان کردووە.**

**أ- یەك لەسەر سێی باسی عەقیدە و بیروبڕوایە.**

**ب- یەك لەسەرسێی باسی ئەحکام و یاسایە.**

**ج- یەك لەسەر سێکەی تری باس لە ڕەوشت و ئەخلاقە، بۆیە مرۆڤایەتی هەمیشە پێویستی بە ڕەوشتی پەسەندە و بێ ئیحتیاج نابێت لەو ڕەوشتە بەرزانە کە بەهای مرۆڤبوونی مرۆڤ دەپارێزن.**

**٣- خوا کە وەسفی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات بەڕەوشت بەرزی و ئەخلاق پەسەندی وەسفی دەکات وەك دەفەرموویت:﴿وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾[٣٨] بەڕاستی ئەی محمد تۆ لەسەروی هەموورەوشتێکی پەسەندەوەی.**

**ئەم سێ خاڵە تەنها ئاماژەیەکی کورتە لەسەر ئەوەی دەریبخەین کە ئیسلام چەندە گرنگی داوە بە ئەخلاق، وەك کورد وتەنی مشتێك نموونەی خەروارێکە.**

---

**٣٨- سورة القلم: ٤.**

**- القوة:**

**هێـز دژی لاوازی و دەستەوسـانییە، ئیسـلام وەك بەرنامـەی ژیـان گرنگیەکی زۆری بە بواری خۆبەهێزکردن داوە لـە تـەواوی بوارەکانی ژیانـدا، لاوازی و بیّ هێزی بە مۆتەکەی ژیان زانیوە و ناساندویەتی، لـە هـیچ شتێکدا فـەزڵی لاوازی و بـیّ هێـزی نـادا بەسـەر هێـزو قوەتـدا، ئەگـەر تەماشـای فیقهـی ئیسـلامی بکـەی بـابێکی سـەر بـەخۆی بەناونیشـانی پێشـبڕکیّ و تیرئەنـدازی تێدایـە و باسـی تـەواوی هۆکارەکـانی خۆبـەهێزکردنی جەسـتەیی تێدایـە،[39] ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندان ئایەتی قورئانیمان هەن باس لـە هۆکارەکانی بەهێزی دەرون و ژیری مرۆڤ دەکەن، بەڵام قووە و هێز لێرەدا زیاتر باس لـە خۆسـازدان و خۆپڕچـەککردنە بـە هۆکارەکـانی سـەردەم لەلایـەن موسـوڵمانانەوە، چـونکە دیـن ڕێگرنییـە لـە بـەردەم خۆبەهێزکردنـدا لـە هەمووڕویەکەوە، وەك خـوا دەفـەرمووێت:﴿ وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ﴾[40] فـەرمانی خـوا لێرەدا ڕووبـەڕووی موسـوڵمانانە بـە گشـتی، دەوڵـەتی ئیسـلامی بـە تایبـەتتر، خۆتـان ئامـادە و سـازکەن و تواناتـان بەگەڕخـەن بـۆ بـە هێزکردنـی سـوپای ئیسـلامیی، لـە ئامـادەکردنی هـەمووجۆرە هێزێـك و بـە گەڕخسـتن و تـاودانی ئەسپ و لە تەواوی هۆکارەکانی گواستنەوەی وشکانی و کەمتەرخەمیمەکەن**

---

**٣٩- تەماشای: روضة الطالبين وعمدة المفتين، أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (ت ٦٧٦هـ- تحقيق: زهير الشاويش، ٣١٥/١٠. الناشر: المكتب الإسلامي، بيروت- دمشق- عمان- الطبعة الثالثة،( ١٤١٢هـ ١٩٩١م-.**

**٤٠- سورة الانفال: ٦٠.**

لــەم بــوارەدا، تــا دوژمنــانی خــوا و ناحــەزانی دەوڵــەتی ئیســلامیی پــیٚ چاوترسێنبکەن و ئەوانەش کە ئێوە نازانن کێن و نایانناسن.

دیارە قووە و هێزی موسوڵمانان لە سیٚ شتدایە، یەکەم هێزی بیروبڕوا کەئەمە سەرچاوەی هەمووهێزێکە، پەیوەندی پتەوی نێوان تاکەکانە، دووەم هێــزی بــاز و چەســتەیە، ســێیەم هێــزی کەرەســە و تەکنــەلۆژیا و بــواری سەربازییە، ئەوەشمان بیرنەچیٚ هێز لە فیکری ئیسلامیدا ئاوێزان و شێلراوە لەگەڵ ئەخلاقدا، هەر وەك (ئیمام بەننا) هاوشان بەدوایدا هێناونی( وهو خلقٌ وقوةٌ ) هێـز ئەگـەر بـەرگی ئـەخلاقی لێـداڕنی لـە بازنـەی ئینسـانیەت کەسـەکە دەکاتـە دەرەوە، بۆیـە قورئـان زۆر بـەجوانی ئـەوەمان نیشـاندەدات کـە هـەرگیز هێز بەبیٚ ئەخلاق نابێت بێتـە مەیدانـەوە، خـوا دەفـەرمووێت:﴿مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ﴾[٤١].

- الرحمة:

ئیسـلام دینـی سـۆز و میهرەبانییـە، سـۆز و میهرەبـانی بەشـێوەیەکی گشــتی یەکێکــە لــە ســیفەتە هــەرە بــەرزەکانی خــوای میهرەبــان و خــۆی وەسـفداردەکات بـە سیفەتی (الرحمـان، الـرحیم)، میهـری خـوایی سـەرتاپای بوونـەوەری گرتووەتـەوە، تیشـکی سـۆز و میهرەبـانی ئـەو بـەر هەمووبوونـەوەر کەوتووە و هەمووشتێکی گرتووەتەوە.

ئیسلام بەرنامەیەکە سەرچا وەکەی لەلایەن خوایەکەوەیە کە ڕەحمـەتی ئـەو هەمووشـتێکی گرتووەتـەوە و بڕگەبڕگـەی ئـەو بەرنامەیـەش پـڕە لـە سـۆز وبـەزەیی خـوایی، لـە بڕگـەی عەقیـدە و بیروبـڕوادا ڕەحمـەت و میهـری خـوا دەردەکــەویٚ کــە دەبینــی مرۆڤــی موجبــەر نــەکرد و بەشــێوەیەکی تــۆبزی

---

٤١- سورة الفتح: ٢٩.

بیروبڕوای بەسەر مرۆڤدا نەسەپاندوە و سەرپشکی کردووە، هەروەها لە ڕووی یاسا و تەشریع و پەروەردە و ڕاپەڕاندنی کاروفەرمانی سەرشانی هێندە ڕەچاوی باروگوزەرانی مرۆڤی کردووە کە دەفەرموویت:(لایکلف الله نفسا الا وسعها)، ئەم ڕەحمەت و میهرەی خوا گشتگیرە و هەر وەك چۆن بەرنامەکەی گشتگیرە، وەك لەم ئایەتەدا دەردەکەوێت و دەفەرموویت:

﴿ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾[٤٢] واتە: قورئانیشمان بۆت ڕەوانەکردووە و ڕوونکەرەوەی هەمووشتێکە، ڕێنمایکەر و ڕەحمەت و مژدە و مزگێنیدەرە بۆ موسوڵمانان، ئەمە ئەوە دەسەلمێنی کە ئیسلام لێوان لێوە لە ڕەحمەتی خوا و ڕەحمەتی خواش هەمووشتێکی داگرتووە و بەسەر هەمووشتێکەوە دیارە.

هەر وەك چۆن خوای گەورە ناو و سیفەتی بەرزو پیرۆزی رەحیمە و بەخشی ڕەحمەت دەکات، هەر ئاواش پێغەمبەرەکەی بەسۆز و ڕەحمەتەوەناردووە بۆ گەلەکەی و کردوویەتی بە سەرچاوەی ڕەحمەت بۆ گشت بوونەوەر بە گیاندار و بێ گیانەوە، وەك دەفەرموویت:﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ ﴾[٤٣] واتە: ئەی محمد تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە ببیتە مایەی ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەمووبوونەوەر.

هەر ئەمە دەیسەلمێنی کە دینی ئیسلام ڕەحمەت و بەرەکەتە، لە هەمووڕوویەکەوە وەك قاعیدە ئوسولیەکە بۆمان ڕوون دەکاتەوە (التیسیر ورفع الحرج)([٤٤]) هەموویاسا و ئەحکامە فقهیەکانی دین لەسەر ئەم قاعیدە

---

٤٢- سورة النحل: ٨٩.

٤٣- سورة الانبياء: ١٠٧.

٤٤- علم المقاصد الشرعية، نوور الدين بن مختار الخادمي،٢١/١. الناشر: مكتبة العبيكان، الطبعة الأولى( ١٤٢١هـ ٢٠٠١م-.

**وەستاون، ئەم ئاسانكاریە لەسەر بنەمای لاوازی مرۆڤە، چونكە مرۆڤ بەسروشتی خۆی ناتوانێ كاری قورس و ناڕەحەت ئەنجامبدات، خۆ ئەگەر بشتوانێ خوای گەورە فەرمانێكی پێنەكردووە كە لەتوانایدا نەبێ ئەنجامی بدات، ئەمە بەشێوەیەكی گشتی بەلاّم لە بواری پەرستشەكاندا هەر زۆر ڕەچاوی باری مرۆڤی كردووە تا ئەو ئەندازە كە چۆنی بۆ دەگونجێ وا بەدەم فەرمانەكەی خواوە بڕوات.**

**- العدالةّ:**

**دادپەروەریی سەلمێنەری ڕووی گشتگیری بەرنامەی خوایە، ئەوەی كە ئێمە دەڵێین: ئیسلام بەرنامەیەكی گشتگیرە باشترین بەڵگە بۆی دادپەروەرییە، چونكە خودی شەریعەت لەنێوان تاكە تاكەی كۆمەڵگەدا بریتییە لە دادپەروەری ، هەركاتێك ئەم دادپەروەرییە بەدەركەوت و هەمووتاكێك هەستی بە وەكرد كە مافی ناخورێت و مافی خۆی پێ دەدرێت ئەوە لەوشوێنەدا دینی خوا بەرقەرارە وئامادەیە، بەڵام لەهەرجێگەیەكدا مافی هەر تاكێك پێشێلكرا ئەوە بەو ئەندازەیە دینی خوا لەوجێگایەدا غائبە و ئامادەنییە، هەر ئەمەش ئیسلام داوای دەكات و دەبێت بەشێوازێكی گشتگیرانە جێبەجێ بكرێت، لەم ڕوانگانەوە.**

**- لە حوكمدا وەك خوای گەورە دەفەرمووێت:**﴿وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ﴾[45] **واتە: هەركاتێك دادوەریت كرد لەنێوان مەردومدا دادوەرانە فەرمان ڕەوایی بكە.**

---

**٤٥- سورة النساء:٥٨.**

-دادپەروەرانە مامەڵـەكردن لـە بـاتی هـەژار و هەڵەشـە و نـەزان   وەك خـوا دەفـەرموویت:﴿ فَإِنْ كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَو ضَعِيفًا أَو لَا يَسْتَطِيعُ أَنْ يُمِلَّ هُـــو فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ﴾[٤٦] .

– دادپـــەروەری لـــەنێوان دووكەســـدا كــە داوا و داخـــوازی و شـــكايەتيان هێناوەتـەلات بـا پلـە و پايەشـيان چ لـە ڕووی كۆمەڵايەتيـەوە يـان دەسـەڵات و مەنســەبەوە يــان هــەر شــتێكی تــرەوە جيــاواز بێــت، هــەر دەبێــت بنــەمای دادپـەروەری لەنێونيانـدا فـەرامۆش نـەكرێت ﴿ وأُمـرتُ لأعـدل بيـنكم﴾[٤٧] واتـە: فـەرمانم پێكـراوە كـە دادپــەروەری بەرپابكــەم لەنێوانتانــدا، جـا ئـەم عـدل و دادپەروەرييــە هــەموبوارەكانی تــر دەگرێتــەوە، لــەنێوان دووژن يــان زيــاتردا (فإن خفتم ألا تعدلوا فواحدة) ياخود لـەكاتی قسـەكردندا( وإذا قلتم فاعدلوا ولو كان ذا قربى) دادپەروەری لەكاتی گەواهيداندا (يا أيها الذين آمنوا كونوا قوامين لله شهداء بالقسط ولا يجرمنكم شنآن قوم على ألا تعدلوا إعدلوا هو أقرب للتّقوى) يان لە نووسينی قـەرزی نێـوان دووكـەس يـان وەسيەتی كەسـێ يان مامەڵەوكرين و فرۆشتن يان هەر شتێكی تر (وليكتب بينكم كاتب بالعدل) يـاخود ئاشـتەوايی نێـون دووگروپـی موسـوڵمان( فأصـلحوا بينهمـا بالعـدل)، ئەمـە ئـەوە دەسـەلمێنی چەسـپاندنی بنـەماكانی دادپـەروەری  لـە كۆمەڵگـەدا ڕێچـكەيەكی پـەروەردەيی ڕەسـەنە و تاكـەكان لەسـەر ئيمـان بـە دادپـەروەريی پــەروەردە دەكــات، هــەر  وەك چــۆن لەســەر يــەك بيروبــڕوا ڕايانــدێنێ، بۆيــە پابەندبوون بە دادپەروەريەوە لە ئيسلامدا هێنـدەی پابەنـدبوون بـە بيروبڕواوە گرنگە، ئەمەش لە درێژايی تەمەنی پێغەمبەری خوادا زۆر بەرچاو و ديارە.

---

٤٦- سورة البقرة: ٢٨٢.

٤٧- سورة الشورى: ١٥.

- **الثقافة:**

**ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ مانا و مەدلولی زمانەوانی وشەی (ثقافة) دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئیسلام تەنها ڕێگەیەکە کە دەمانگەیەنێتە چڵەپۆپەی ڕۆشنبیری، وشەی بنەڕەتی الثقافة، (ثقِف، ثقُف) یە بەواتای ژیربوو، وشیاربوو، زیرەك بوو، (ثقافة)، واتە ڕۆشنبیری، زیرەکی، ئەمە لەڕووی زمانەوانییەوە.**

**(ثقافة) وەك زاراوە: وشەی ڕۆشنبیری پێناسەی زۆری بۆ کراوە لەوانە: ئەزموونی کەڵەکەبووی چەندان ساڵەی تێڕوانین و مامەڵەی مرۆڤایەتییە سەبارەت بە شتەکانی دەوروبەری، دەرنجام گرتنی ڕێگایەکی ڕاست و دروستە بۆ درێژەدان بە ژیانێکی ئارام و دوور لە گرفت و کێشەی پڕوکێنەر.**

**لە دەرەنجامی ئەم پێناسەیەوە دەگەینە ئەوەی کە ڕۆشنبیری ئەو هێزەیە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەرباز دەکات لە قەیران و نەهامەتی کە ڕووبەڕووی ژیانی هەر تاکێك دەبنەوە، ئەویش بە بوونیادنان و بڵاوکردنەوەی ئەو بنەمایانەی کە وادەکات مرۆڤ ببەستێتەوە بەڕێچکەیەکەوە کە دەبێتە مایەی دەست خستنی بەرژەوندیە کورت خایەنەکانی دونیاو درێژ مەوداکانی قیامەت، ئەمەش وەستاوە لەسەر ئیمانێکی مەحکەم و ڕەوشتێکی بەرز و پەسەند کە ئاوێزانی وەحی خوایی بێت.**

- **بنەما سەرەکیەکانی ڕۆشنبیری ئیسلامی:**

**تایبەتمەندی ڕۆشنبیری ئیسلام سەربەخۆبوونیەتی، چەندان بنەما و خەسڵەتی تایبەتی و بەرز و پەسەندی هەیە:**

**١- چەند ڕاستییەکی گومانبڕ و ڕێنماکەر:** **أبو موسى أشعري بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: وێنەی من کە خوای گەورە ناردومی بە ڕێنماکەر، بە زانستێکی زۆرەوە وەك بارانێکی زۆر وایە، کە**

دابارێته سەر زەویەکی باش و چاك ئەو بارانە ببێتە هۆی سەوزبوونی گژوگیا و بوژانـەوەی لـەوەڕگاکان بەشـێوەیەکی زۆربـاش، کـە بارانەکـە وەسـایەوە خەڵکی و گیانداران بە گشتی سوود لەو زەویە وەردەگرن، لە هەندێ شوێنی تر ببارێ و هیچ شتێك سودی لێوەرنەگرێ، ئەمە وەك ئەوە وایە کە کەسێ سوود لەم دینە وەردەگرێ و خوا ڕێنمایی دەکات و چاك تیدەگەیێنی لەم دینە و گومان و دوودڵی بۆ ناهێڵێتەوە و کاروکردەوە بە ڕێنمایەکانی دیندەکات، ئەویتریش وەك ئەوە وایە کە هیچ سوود لەم دینە وەرنەگرێ و کاروکردەوەی پێنەکات پشت گوێ بخات([48]). متفق علیه.

٢- ڕێگا و ڕێچکەیەکی ڕوون: خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾[49] بێگومان ئەمە ڕێبازی ڕاستەقینەی منە دەی ئێوەش شوێنی کەون، شوێنی ڕێچکەو ڕێبازەکانی تر مەکەون، چونکە جیاتان دەکاتەوە لە ڕێبازی خوا، ئەوەش فەرمانی پەروەردگارتانە بۆ ئەوەی پارێزگار بن.

٣- هەماهەنگە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا: خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ

---

٤٨- "مَثَلُ مَا بَعَثَنِي اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ بِهِ مِنَ الْهُدَى وَالْعِلْمِ كَمَثَلِ الْغَيْثِ الْكَثِيرِ أَصَابَ أَرْضًا فَكَانَتْ مِنْهَا بُقْعَةٌ قَبِلَتِ الْمَاءَ فَأَنْبَتَتِ الْكَلَأَ وَالْعُشْبَ الْكَثِيرَ، وَكَانَتْ مِنْهَا بُقْعَةٌ أَمْسَكَتِ الْمَاءَ فَنَفَعَ اللَّهُ بِهِ النَّاسَ فَشَرِبُوا وَسَقَوْا وَزَرَعُوا، وَكَانَتْ مِنْهَا طَائِفَةٌ لَا تُمْسِكُ مَاءً وَلَا تُنْبِتُ كَلَأً وَذَلِكَ مَثَلُ مَنْ فَقُهَ فِي دِينِ اللَّهِ وَنَفَعَهُ مَا بَعَثَنِي اللَّهُ بِهِ فَعَلِمَ وَعَمِلَ بِهِ وَعَلَّمَ، وَمَثَلُ مَنْ لَمْ يَرْفَعْ بِذَلِكَ رَأْسًا وَلَمْ يَقْبَلْ هُدَى اللَّهِ الَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ" أخرجه بخاري في صحيحه في كتاب: العلم: باب فَضْلِ مَنْ عَلِمَ وَعَلَّمَ(٧٩- ومسلم، في كتاب: الفضائل: باب بيان مثل ما بعث به النبي (ﷺ- من الهدى والعلم، الحديث رقم( ٢٢٨٢-

٤٩- سورة الانعام: ١٥٣.

لَا يَعْلَمُونَ﴾ [٥٠] پابەندی ئەو نەخشەو ڕێبازە بن کە خوا ئێوەی لەسەر خەلق کردووە، کە هیچ گۆڕانکاری بەسەر نەخشە و دروستکراوێکی خوادا نایەت، ئا ئەوەیە دینی ڕاست و دروست، بەڵام زۆربەی خەڵك ئەم ڕاستیە نازانن. لە تایبەت مەندیەکانی بریتییە لە نەگۆڕی و تەوازندان بە فیکر و ژیری و دروستی پێوەرەکان و گشتگیری و بەیەك ئاراستەجوڵان، کە ئەمە مامەڵەیەکی دروستە و بنەماکەی وەحی خواییە و مەبەست پێی ڕەزامەندی خوای گەورەیە.

- **القانون:**

یاسا بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە کۆمەڵە دەقێك کە پەیوەندی ناوکۆمەڵگە ڕێکدەخات، جا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێت یا خود لە ڕووی ئابوری و تۆڵە سەندنەوە، بۆیە دەگوترێ: یاسای شارستانی یاسای سەربازی، یاسای سزادان، ئەمەش ئەوە دەگەێنی کە یاسای ئیسلامی بە شێکە لە تەشریع، چونکە تەشریع واتە: ئەو فەرمان و ئەحکامانە کە لەلایەن خواوە هاتووە چ ڕاستەوخۆ لە قورئانەوە هەڵگۆزرابن یاخود ناراستەوخۆ لە سوننەتی پێغەمبەرەوە کە ڕۆشنکەرەوەی دەقە قورئانییەکانە، هەر ئەمەشە وادەکات کە تەشریع بریتی بێت لە(بیروبڕوا، بەرستش، ڕەوشت ، ئەحکام) بۆیە یاسا لە بەشە فیقهیەکەی وەردەگیرێت کە ئەحکامی مامەڵەی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکتری هەر ئەمەش وادەکات کە یاسای ئیسلامی جیاواز بێت لە یاسا وەزعیەکان، چونکە دەکرێت یاسا وەزعیەکان تێگەیشتنی زانایەك بێت و تێروانی ئەو بێت بۆ کارێك لە بەشە فیقهییەکەدا چونکە فیقە، واتە تێگەیشتن، کەواتە تەشریع گشتگیر ترە لە یاسا.

---

٥٠- سورة الروم: ٣٠.

**بەشەکانی قانون:**

به تێڕوانینمان بۆ شەریعەتی ئیسلامی دەگەینە ئەوەی کە یاسا دووبەشە.

١- پەرستش: لەسەر کۆمەڵە بنەما و دەقێك وەستاون کە نێوان بەندە و خوا ڕێکدەخەن.

٢- مامەڵە و هەڵسوکەوتی مرۆڤ: ئەمەش دیسان لەسەر چەند دەقێك وەساوە کەپەیوەندی نیوان مرۆڤەکان لە نێوخۆیاندا ڕێکدەخات، ئەم جۆرە هەموویاساکان دەگرێتەوە کە تێگەیشتنی زانایانە بەرامبەر بە دەقێك لە دەقە شەرعییەکان کە ئاماژەمان پێکرد.

- **تایبەتمەندییەکانی قانونی ئیسلامیی**

بەشێوەیەکی گشتی کاتێك تەماشای قانونی ئیسلامی دەکەین دەبینین قانونی ئیسلامی بەجیاواز لە هەمووقانونەکانی تر سەربەخۆیی و بێلایەنی پێوە دیارە، چونکە قانونی ئیسلامی لەسەر چەند دەقێکی یەکلاکەرەوە وەستاوە ئەم سەربەخۆیەی و تایبەتمەندیەشی وا دەکات کە قەبوڵی گۆڕان و دەستکاری نەکات، لەم سێ ڕوانگەیەوە دەردەکەوێ.

١- کۆمەڵەحوکمێك کە ئایەتێك یان فەرموودەیەکی صحیح پاڵپشتی دەکات و ڕاستەوخۆ ئەحکامەکەی لێ وەردەگیرێت: وەك حەرامی ئارەق خواردنەوە، ریبا خواردن، قومارکردن، سزای دز و زیناکەر، بەشی میراتی میرات گران لەو ماڵەی کە مردووبە جێی دەهێڵێ.

٢- یاسایانێکی گشتی کە ئایەتێك یان فەرموودەیەك دەیگەێنێ، وەك، حەرامی هەر شتێك کە سەر خۆشکەرە، یان هەر کڕین و فرۆشتنێك کە لەسەر ڕەزامەندی کڕیار و فرۆشیار نەبێت.

٣- یاسایانێك كە ئایەتێك یان فەرموودەیەك سنووری بۆ داناوە نا بێت ببەزێنرێت:

وەك زیاتر لە چوار ژن لە ژێر نیكاحی یەك پیاودا لە یەك كاتدا، سنووری تەلاَق سێ تەلاَقە، وەسیەت بە سێ یەك دروستە لەوەزیاتر دەبێت ڕەزامەندی وارسانی لەسەر بێت.

ئەم سێ لایەنە گۆڕانی بەسەردا نایەت لە یاسای ئیسلامدا لەو كاتەوەی كە وەحی خوایی هاتوەتەخوارەوە تا ئەو كاتەی كە دونیا ئاخیر دەبێت، بەلاَم ئەوندەهەیە لە نەگۆڕانی ئەم یاسایانەدا چۆنیەتی دابەزاندنیان و جێبەجێكردنیان وەستاوە لەسەركات و شوێن، لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵێ یاسا و ئەحكاممانهەن كە جێگەی ئەوەن گۆڕنكاریان بەسەر دا بێت بەپێی گۆڕانی سەردەم و شوێن، ئەم بوارە بواری فراوان بوون و مورونەتی یاسای ئیسلامە وایكردووە كە لە هەمووكات و كاتێكدا ئیسلام بەرنامەی ژیان بێت و داڕێژەری یاساكانی ڕۆژانە بێت، لەوانەش:

١- گۆڕانی ئەحكامەكان بە هۆی جیاوازی وشەكانەوە كە لێكدانەوە و ڕاڤەی جۆراوجۆر وەردەگرێت، لە یەككاتدا وشەی وا هەیە دوومانا زیاتر دەبەخشێ وەك(قرء، لمس، عین..).

٢- پێوانە و بەراودكاری، قیاس، وەك كێشانی پێشهاتێكی نوێ كە نە ئایەتی لەسەرە و نە فەرموودە، بەلاَم هاووێنەكەی یان هۆكار و عیلەتەكەی بە نەسێك حەرام كراوە، ئەم پێشهاتە تازەیەش هەمان عیلەتی كۆنەكەی تیایە، وەك ئارەق و بیرە، ئارەق كۆنە و بیرە تازەیە، بەلاَم یەك عیلەتیان هەیە كە هەر دووسەرخۆشكەرن، بۆیە قیاسەن بۆ ئارەق بیرەش حەرامە، هەرچەندە هەنێك دەڵێن: ئەم بەراوردكاریە دەقیق نییە چونكە هەردووموادەكە یەك عیلەتیان

هەیە کە ئەویش سەرخۆشکردنە، بەلاّم ئێمە نموونەکەمان بۆ ئەوە لێرەدا هێناوە کە عارەق لە دێرکاتەوە هەیە بەلاّم بیرە زۆر کۆن نییە.

٣- ئیجتهاد فەردی بێت یان جەماعی، ئەمەش تێگەیشتنی زانایانە بۆ نەسێك لە نەسەکان و داخوازی کۆمەڵگە بەو حوکمە کە تێگەیشتنی زانایان بێت، وەك شەش یەك بۆ داپیرە کە ئەمە ئیجتهادی هاوەلاّنە هیچ ئایەت و فەرموودە لەمبارەوە نییە.

- العلم:

زانست و زانیاری هێندەی خواردن و خواردنەوە زەرور و پێوستە بۆ بەرەوپێشبردنی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ، هەر بۆیە ئیسلام لە یەکەم هەنگاویدا بەتەواوەتی گرنگی بە زانست و زانیاری داوە، هەرئەمەشە وایکردو وەکە بە یەکەم دین لە قەڵەم بدریٚ لە روی گرنگیدانی بە زانست و زانستخوازان، دینەکانی پێش ئیسلام و بەرنامەکانی ئەم سەردەمەش هێندەی ئیسلام گرنگییان بە زانست و فێرکردن نەداوە، ئەم ڕاستیەشمان تەنها لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە دەستدەکەویٚ، ئەگەر تەماشای قورئان بکەین دەبینین شایەتیدانی زانایانی هاوشانی شایەتی خوا و مەلائیکەتەکان کردووەتەوە، وەك دەفەرموێت:﴿ شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾[٥١] خوای گەورە خۆی شایەتیداوە و دەریخستوە و سەلماندویەتی جگە لەو هیچ خوایەکی تر نییە کەشایەنی پەرستن بێت، هەروەها فریشتەکان و خاوەن زانستەکانیش کە بەڕێگەیەکی ڕاست ودروست دەیسەلمێنن خوا هەمیشە دادپەروەری ڕەهایە.

---

٥١- سورة آل عمران: ١٨.

هـەروەها ئەوەشـی ڕوون کردووەتـەوە کـە لـەناو موسـوڵمانانـدا خـاوەن زانست و عالم و داناکان زۆر ڕێزدار و خاوەن شکۆن ئەم ڕێز و شکۆیەش خوا داویەتی پێیان و ڕێزی داون بەسەر باوەڕدارانـدا وەك دەفـەرمووێت:﴿ يَرْفَـعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَـاتٍ وَاللَّـهُ بِمَـا تَعْمَلُـونَ خَـبِيرٌ﴾ [52] ئیمانـداران و ئەوانـەی کـە خـاوەنی زانسـت و زانیـنن لـە ئێـوە خـوای گـەورە چـەندان پلەوپایـە بـەرزیان دەکاتـەوە، لـە درێـژەی باسـی گرنگـی زانسـت و خـاوەن زانسـتەکان لـە ئیسـلامدا ئـەوەمان نیشـاندەدات کـە ئـەوەی زانایـە و دەزانێ هەرگیز وەك ئەوەنییە کە نازانی و بێ زانسـتە وەك دەفـەرمووێت:﴿ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَـابِ﴾ [53] یاخود دەفەرمووێت: ئەوانەی کە بەتەواوی لە خوا دەترسن و ترسی خوایان لەدڵدایە و باش خوا دەناسن تەنها و تـەنها خـاوەن زانست و زاناکـانن:﴿ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَـادِهِ الْعُلَمَـاءُ﴾ [54] لەسـەرووی ئەمانەشـەوە ئیسـلام هـاتووە بـۆ ئـەوەی بـە شێوەیەکی گشتی نەخوێندەواری بنبڕ بکـات و نـەیهێڵێت، هـەر بۆیـە هەمیشـە پێغەمبـەر(ﷺ) دەیفەرموولـە دوعاکانیـا(ربِّ زدنـی علمـا) [55] یـاخود خـوا دەفەرمووێت: ئەی (محمد) بڵێ: خوایە زانست و زانینیم زیاد بکە:﴿ وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴾ [56].

---

٥٢- سورة المجادلة: ١١.

٥٣- سورة الزمر: ٩.

٥٤- سورة فاطر: ٢٨.

٥٥- مختصر صَحِيحُ الإمَامِ البُخَارِي، أبو عبد الرحمن محمد ناصر الدين، بن الحاج نوح بن نجاتي بن آدم، الأشقودري الألباني (ت ١٤٢٠هـ- ١/٤٠.الناشر: مكتَبة المَعارف للنَّشْر والتوزيع، الرياض، الطبعة الأولى،( ١٤٢٢ هـ ٢٠٠٢ م-

٥٦- سورة طه: ١١٤.

لـه لايـەكی تـرەوە   وەك بنەمايـەك ئـەوەمان بـۆ ڕووندەكاتـەوە كـە هـەمووهێزێك سەرچا  وەكـەی زانستە نـەك شـتيتر   وەك دەفـەمووێت:﴿ قَـالَ الَّذِي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِنَ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْـكَ طَرْفُـكَ﴾[57] ئـەوەيان كـە زانسـت و زانيـاری هـەبووگووتی مـن لـە چـاو تروسـكانێك كۆشـكەكەت بـۆ دەگوازمەوە، هەرچەندە جياوازيەك هەيە لەسەر ئەوە كـە (عِلْمٌ مِـنَ الْكِتَـابِ) مەبەسـت پێـی زانسـت وخوێنـدەواری نييـە، ئەمـە بوارێكـە و ناچينەناو ئـەو جياوازييەوە.

ئەگـەر بەچاوێكی زانستييانە تەماشـای ژياننامـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بكەين دەبينن كە هەميشە هاوەڵانی هاندەدا بۆ ئـەوەی زمانی تـر فێـربن وەك زمانەكانی فارسی و ڕۆمی و حەبەشی وسرياني، فەرمان بە (زيد) دەكات بۆ ئەوەی بڕوا فێری زمان و نووسينی سريانی ببیٚ، چونكە من ئـەمين نييم لـەم يەهودييانـە،[58] ديلـەكانی بـەدر ئـازاد دەكـات هـەر يەكـە بەرامبـەر بـە فێركردنی دە منداڵی موسوڵمانان.

- **حوكمی زانستی پەسەند و دروست لە ديدی ئيسلامەوە سیٚ بەشە :**

١- فـەرزی عـەين: ئەمـە جـۆرە زانسـتێكە كـە دەبێـت هـەمووتاكێكی بـەربار بيزانێـت و واجبـە لەسـەری فێـری بێـت (  وەك فێربـوونی ئـەو شـتانەی كـە

---

٥٧- سورة النمل: ٤٠.

٥٨- قَالَ النبي (ﷺ-:"يَا زَيْدُ، تَعَلَّمْ لِي كِتَابَ يَهُودَ، فَإِنِّي وَاللَّهِ مَا آمَنُ يَهُودَ عَلَى كِتَابِي» قَالَ زَيْدٌ: فَتَعَلَّمْتُ لَهُ كِتَابَهُمْ، مَا مَرَّتْ بِي خَمْسَ عَشْرَةَ لَيْلَةً حَتَّى حَذَقْتُهُ وَكُنْتُ أَقْرَأُ لَهُ كُتُبَهُمْ إِذَا كَتَبُوا إِلَيْهِ، وَأُجِيبُ عَنْهُ إِذَا كَتَبَ " اخرجه الامام أحمد، رقم الحديث(٢١٦١٨- تەماشای: مسند الإمام أحمد بن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني (ت ٢٤١هـ-تحقيق: شعيب الأرنؤوط - عادل مرشد، وآخرون، الناشر: مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى،( ١٤٢١ هـ ٢٠٠١ م-.

واجبێکیان پێ جێبەجێ دەبێ بەبێ ئەو واجبە دروست نییە ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنرێت وەك دەستنوێژ بۆ نوێژکردن و زانینی ڕوکنەکانی حەج بۆ دروستی حەج، ئەو هۆکارانەی کەوادەکەن تا موسوڵمانان دەگەنە ئەوەی کە قەوارەیەکی سەربەخۆیان هەبێت و ڕۆحی شەریعەت بکەنە دەستوری وڵات بۆ ئەوەی هاونیشتمانیان لەسایەی ئەو دەستورەوە بحەوێنەوە، ئەمەش لەوەوە دەردەکەوێت کە یەکەم دەستور و یاسا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نووسراوە بەوەسیقەی مەدینە ناسراوە پێغەمبەری خوا(ﷺ) پەیرەوەی دەکرد و بەدەستوری ئەو دەوڵەتە نوێیەی موسوڵمانان و تەواوی هاووڵاتیانی ئەو شارە کە تا ڕۆژی قیامەت مرۆڤایەتی قەرزاری ئەو هەڵوێستەی پێغەمبەرە(ﷺ).

٢- فەرزی کیفایە: ئەمەش دووجۆرە، نەقڵی و عەقڵی، مەبەست بە نەقڵی ئەوەیە کە پێغەمبەران پێ هەڵدەستن و لەوانەوە پێمان دەگات، وەك باسی خوا و مەلائیکە و وەحی و قیامەت، نەعەقڵ ڕۆڵ دەبینێ بۆ گەیشتن پێی نەتەجروبە.

عەقڵی: سەرچا وەکەی عەقڵ یان تەجروبە یان بەیەکێك لە پێنج هەستەکە هەستی پێبکەی، ئەم جۆرەیان هەمووئەو جۆرە زانستانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ پێویستی پێیانە بۆ درێژەدان بە ژیانی دونیای یان بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤ لە دونیادا، وەك زانستی پزیشکی کە ئەمە پێویستە ببێت، چونکە تەندروستی مرۆڤی پێوەبەندە، یاخود زانستی ژمێریاری ئەمە زەرورەتە موسوڵمانان هەندێکیان بیزانن چونکە پەیوەندی بە ئابوری وڵات و تاکەوە هەیە، یان زانینی چۆنیەتی دابەشکردنی میرات و چۆنیەتی گەیاندنی وەسیەت و چەند جۆرێکی تریش لە زانست وەك زانستی کشتوکاڵ و زانستی پیشەیی و زانستی ڕامیاری ، ئەگەر کەسانێك نەبن لە کۆمەڵگەدا ئەم

جۆره زانستانه بزانن و پسپۆربن تیایاندا ئەوه کۆمەڵگه بەرەوداڕمان دەڕوات، هەر چەندە ئێمە ئەم پۆلێن بەندییەمان کردووه بۆ زانست، بە نەقڵی و عەقڵی ئەمە لەسەر بنەمای دابەشکردنە نەك شتی تر، ئەگەر شەرعی خواش نەبوایە مرۆڤایەتی بۆ درێژەدان بەژیان هەر پێویستیان بەم جۆره زانستانه دەبوو، ئەوەتا ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا ئەم جۆره زانستانه نەبن کە ناومان ناون عەقڵی ئەوه ئەو کۆمەڵگەیە بەگشتی لای خوا تاوانبارن لەسەر هەوڵنەدان بۆ فێربوونیان لە ڕۆژی قیامەت تاکە تاکەی ئەو کۆمەڵگەیە گوناهبارە و لێپرسینەوەیان لێدەکرێت، بەڵام پۆلینبەندی و ناونان جیایان دەکاتەوە، ئەگەرچی بەلای منەوه بگوترێت زانستی تەجریبی و زانستی وەحیی جوانتر و پەسەند ترە.

ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت: کە زانست لە ئیسلامدا زۆرگرنگی پێدراوه تا ئاستی فەرز بە سەر موسوڵمانانەوه بەرزکراوەتەوە، ئەوەتا پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: "طَلَبُ الْعِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ"[٥٩] لە گێڕانەوەیەکی تردا (على كل مسلم و مسلمة) ئیبن مەسعود دەڵێت: (ئەگەر کەسێك ئەحکامەکانی حەج و تەلاق و میرات بەشکردن نەزانێت، ئیتر چۆن فەزڵی بدەم بەسەر غەیری

٥٩- أخرجه ابن ماجه في سننه، الحديث رقم(٢٢٤- سنن ابن ماجه، أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني (ت ٢٧٣هـ-تحقيق: شعيب الأرنؤوط،١٥١/١. الناشر: دار الرسالة العالمية، الطبعة الأولى، (١٤٣٠ هـ ٢٠٠٩ م-. ئەم فەرموودەیە لە چەند ڕێگەیەکەوه گێراوەتەوه ئەوەی کە لە (انسی کوڕی مالك- وه گێراوەتەوه سەنەدەکەی تەواوە فەرموودەکە (حسن- بەڵام لە ڕێگەکانی ترەوه کە راوی(حَفْص بن سُلَيْمَان- تێدایە سەنەدەکەی لاواز کردووه(ضعیف- بەڵام (متن- تێکستەکەی دروست و صحیح. تەماشای: الدرر المنتثرة في الأحاديث المشتهرة،عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (ت ٩١١هـ- تحقيق: الدكتور محمد بن لطفي الصباغ،١٤١/١،الناشر: عمادة شؤون المكتبات – جامعة الملك سعود، الرياض.

خۆیدا) کەواتە: فەزڵی هەرکەسێ لە ئیسلامدا بەسراوە بەزانست و داناییەکەیەوە لە دونیادا و لە قیامەتیشدا وابەستەیە بە تەقواوە، چونکە ئەمە بەراوردی دووکەسی موسوڵمانانە ئەگەر نا بەشێوەیەکی ڕەها ئیماندار لە غەیری خۆی بەرێزترە، ئەمەش بۆ دونیایە بۆ قیامەت گەورەیی و بەرێزی هەر مرۆڤێك بەسراوە بە ڕادەی تەقوا و پارێزگاری لە سنوورەکانی خواوە.

- القضاء:

وشەی قضاء لە زمانی عەرەبیدا چەند واتایەکی هەیە: دادوەری، توندوتۆڵکردن، پێویستکردن، چونکە دادوەر بڕیاری پێویست دەسەپێنێ بەسەر کەسی تاوانباردا.

شەرعەن: وەك ئیبن روشد پێناسەی دەکات و دەڵێت: هەواڵدانی حەتمییە و پێویستی بە حوکمدانە لەنێوان دووکەسی ناکۆك ، یان بڕیاردانە لەنێوان دووکەسی دژبەیەك و ناکۆك لەسەر شتێك بە بڕیارێکی شەرعی کە سەرچا وەکەی قورئان و فەرموودە بێت[٦٠].

دیارە دادوەری هەمیشە پێویستی ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئارامی نێوان کەسە ناکۆکەکان و گێڕانەوەی مافی مافخوراوان، بۆیە ئیسلام دوای دانانی پێشەوا و دیاریکردنی ئەمیری موسوڵمانان ڕاستەوخۆ بە زەروری دەزانێ لە ناو کۆمەڵگەدا دەزگای دادوەری هەبێت بۆ بنبڕکردنی ناکۆکیەکان و ئەومافەش بەدەستەی دادگا دەدات و سەربەخۆی دەکات تائەو ئاستەی ئەگەر پێشەوای موسوڵمانانیش کارێکی

---

٦٠- النظام القضائي في الفقه الإسلامي، محمد رأفت عثمان، ١١/١، الناشر: دار البيان، الطبعة الثانية( ١٤١٥هـ ١٩٩٤م- وشرح المبين في أصول العشرين، لدكتور عبد الله قاسم الوشلي، ٦١، الطبعة الثانية(١٤٢٦هـ ٢٠٠٥م-.

نەشیاوی کرد و بویە هۆکاری ئاژاوە لە کۆمەڵگەدا پەلکێشی بەر دادگا بکرێت.

- **بنەماکانی بڕیاردان لە ئیسلامدا بریتین لە:**

١- گوێگرتن: پێویستە لەسەر دادوەر گوێ بگرێت لە هەردووکەسی ناکۆك، نابێت بڕیار بدات لە غیابی یەکێك لە دووکەسە ناکۆکەکە لەسەر ئەساسی قسەی یەکێکیان، پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە پێشەوا علی کوڕی ئەبوطالب کە والی یەمەن بووفەرمووی: ئەگەر دووکەسی ناکۆك هاتنەلات بڕیارنەدەی بۆ یەکێکیان هەتا باش گوێدەگری لەوی تریان، چونکە گوێگرتن بۆ هەر دوولا دەبێتە هۆکار و هاوکارێکی باشت بۆ بە جێگەیاندنی دادوەرییەکەت بەباشی: "إذا حضر الخصمان إليك فلا تقض لأحدهما حتى تسمع من الآخر كما سمعت من الأول فإنه أحرى أن يتبين لك القضاء"[٦١].

٢- دادوەری و بڕیاردان لەسەر شتی زاهیر و دیارە: پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت: منیش وەك ئێوە مرۆڤم بڕیار لەسەر دیار و زاهیر دەدەم، کەسی واتان هەیە قسەزان و ڕەوانبێژە بەیانی کێشەکەی خۆی دەکات بەلای خۆیدا دەیشکێنێتەوە منیش وابڕیار دەدەم کە دەیبیستم، جائەگەر هەرکەسێك لەم ڕێگەیەوە مافی برایەکی بپچڕێنی بۆ خۆی وەك ئەوەوایە پارچەیەك لە ئاگری پچڕاندبێت بۆ خۆی (إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ تَخْتَصِمُونَ إِلَيّ أَو لَعَلَّ بَعْضَكُمْ يَكُونُ أَلْحَنَ بِحُجَّتِهِ مِنْ بَعْضٍ فَمَنْ قَضَيْتُ لَهُ مِنْ حَقِّ أَخِيهِ الْمُسْلِمِ شَيْئًا فَإِنَّمَا أَقْطَعُ لَهُ قِطْعَةً مِنَ النَّارِ)[٦٢].

---

٦١- اخرجه ابي داود في سننه: كِتَاب الأَقْضِيَةِ : بَابُ كَيْفَ الْقَضَاءُ.الحديث رقم(٣٥٨٢-.

٦٢- أخرجه: الشيخان وغيرهما، فالبخاري: في كتاب الاحكام، باب " باب مَوْعِظَةِ الإِمَامِ لِلْخُصُومِ ": ٨/ ٦٢. ولفظه: عن أم سلمة عن النبي -ﷺ- قال: "إنما أنا بشر، وإنكم

٣- دادپەروەرانە مامەڵەکردن لەگەڵ هەردووناکۆکەکان: لەگوێگرتن یان لە ئاماژەو قسە لەگەڵ کردنیان.

- **پێوەرەکانی جێگربوونی تاوانی تاوانبار یان ئەستۆپاکی لە ئیسلامدا:**

١- نوسراو: نوسراو یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی سابت بوونی تاوان یان بێ بەری بوونی کەسێ لە تاوان،(یا أیها الذین آمنوا إذا تدانیتم بدینٍ إلی أجلٍ مسمی فاکتبوه ولیکتب بینکم کاتب بالعدل) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك قەرزتان دا بە یەکێ یان شتێکتان فرۆشت بە (وەچەڵێك) شتێك تا کاتێکی دیاریکراوە ئەو مامەڵە و قەرزە بنووسن، با نووسەرێکی دادپەروەر بە دادپەروەرانە بینوسێ بێ زیاد و کەم.

٢- گەواهیدان: ئەگەر کەسێ بۆ دەستخستنی سودێکی خۆی یان دورخستنەوەی زیانێك لە خۆی شایەتی هەبووئەوە دەیسەلمێنێت کە خاوەن مافە، دەبێت دادوەر لەسەربوونی شاهید بڕیاربدات خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى﴾ [٦٣] لەسەر ئەم بەیان و نووسینەش دووشاهید بگرن ئەگەر دووپیاو نەبوون پیاوێك و دووئافرەت ببنە شاهید لەوانەی کە ڕازین لێیان، تا ئەگەر یەکێك لەو دووژنە شایەتیەکەی لە بیرچووئەوی تریان بیری بخاتەوە.

---

تختصمون، ولعل بعضكم أن يكون ألحن بحجته من بعض، فأقضي له على نحو ما أسمع. فمن قضيت له من حق أخيه شيئا، فلا يأخذ، فإنما أقطع له قطعة من النار". و مسلم: في كتاب الأقضية، باب الحكم بالظاهر واللحن بالحجة، الحديث رقم"٤" ٣/ ١٣٣٧.

٦٣- سورة البقرة: ٢٨٢.

٣- سوێند خواردن: سوێن خواردن له لایەن ئەو کەسەوەیە کە دەڵێت: ئەو تۆمەتەی دراوەتەپاڵ من وانییە یا خود ئەو ماڵەی کە ئەو داوای دەکات هی ئەو نییە ئەمە دەبێت سوێند یەکلایی بکاتەوە ئەگەر شاهید و نووسراو نەبێت، ئەوەش کە دەڵێت: هی منە با بەڵگە بهێنێ بۆ سەلماندنی داواکەی(الْبَيِّنَةُ عَلَى الْمُدَّعِي، وَالْيَمِينُ عَلَى مَنْ أَنْكَرَ)[٦٤] بەڵگە دووشتە یەکەم: دووشاهێد لە کەسانی پێگەیشتو و ژیر، یاخود پیاوێك و دووئافرەت لەو کاروبارانەی کە عادەتەن ئافرەتان لەو مەیدانەدا کەمتر ئامادەییان هەیە و کاری ئافرەت نییە، دووەم: نوسراو بە مەرجێ دووشاهێد واژویان کردبێت، جاکە ئەم نوسراوە هەبووئەگەر گونجا و شاهیدەکان لە ژیاندا مابوون یان دەگونجا دەستت بگات پێیان لە کاتی قەزاوەتەکەدا ئامادەییان هەبێت باشترە بۆ سەلماندنی زیاتر، خۆئەگەر نوسرا وەکە کۆن بووۆشاهیدەکان کە واژویانکردووە لە ژیاندانەمابوون بۆ زیاتر دڵنیابوونەوە لە کۆنی نوسرا وەکە نیشانی کەسانی پسپۆر دەدرێت لەو بوارەدا.

## - مادةٌ أو كَسْبوغنی:

ئیسلام ژیان و کاروباری مرۆڤی لەم دزنیایەدا بەپێ یاسا و بنەمایەکی تۆکمە ڕێکخستووە، بۆیە ئەگەر تەماشابکەی ماددی و مەعنەویەت دووچەمکی زۆر گرنگن لە ژیانی هەر کەسێکدا و بۆ بەردەوامیدان بەژیان و مانەوەی لە ناوکۆمەڵگەدا بەسەربەرزی و مەردانە، گرنگیدانی ئیسلام بەم بوارە لەوەدا دەردەکەوێت کە بۆ ڕێکخستنی لایەنی ماددی زەرەری لە لایەنەکانی تری مرۆڤ نەداوە بەڵکویەکسان هەڵی بەردەوامی بۆ ڕەخساندون،

---

٦٤- الفصول في الأصول، لأحمد بن علي أبو بكر الرازي الجصاص الحنفي (ت٣٧٠هـ- ٥٩/٥.الناشر: وزارة الأوقاف الكويتية، الطبعة الثانية، (١٤١٤هـ ١٩٩٤م-.

بۆیـه ئەگـەر تەماشـابکەی گۆشـەگیری و تـەنیا ژیـانی قەدەغـه کـردووە، لـەو لاشـەوە دەرگـای والآ نـەکردووە چـۆن دەتـەویٚ بـژی و دریـٚژە بـەژیانت بـدەی ئارەزو وەکانت به مادیات پربکەیتـەوە، گـویٚ نەدەیتـه حـەرام و چارەسـەراڵ، ئیسـلام دەرگـای کۆکردنـەوەی سـەروەت و سـامانی والآ کـردووە بـەلاٚم لـه گۆشەی چارەسەراڵەوە و نەبەزاندنی سنووری کەسانی تـر و لەسـەر حیسـابی کەسانی تر نەبیٚت، بۆیه بۆ چنگخستنی سەروەت و سامان له ئیسلامدا تـەنها دەبـیٚ لەرِیٚگـەی مەشـروعەوە بیٚـت، بـۆ هـەولٚ و تیٚکۆشـانیش دەستخسـتن و دەوڵەمەنـدبوون خـوای گـەورە لـه قورئانـدا رِیٚگـەی بـۆ رِۆشـن کردوینەتـەوە، یـەکیٚك لـەو رِیٚگایانـه گـەرِان و دەرچـونه بەسـەر زەویـدا هەوڵدانـه بـۆ دەستخستنی ماڵی چارەسەراڵ وەك دەفەرموویٚت:

﴿ هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولًا فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ ﴾[٦٥] هەر ئەو زاته زەوی بۆ زەلیل و ملکەچ کردوون تابگەرِیٚن به هەمووگۆشـه و کەناریـدا، لـەو رزق و رِۆزییـەش بخـۆن کـه پیٚشکەشـتانی دەکـات دڵنیـاش بـن سـەرنجام گەرِانـەوەتان بـۆ لای ئـەو زاتـه دەبـیٚ، هەوڵـدان بـەم جـۆرە و گـەرِان بـەدوای رزق و رِۆزی چارەسـەراڵ و دەستخسـتنی باشـترین پـارووە کـه مـرۆڤ بەدەستی خۆی پەیدای بکات بیخوات و بیداته دەرخواردی ماڵ و منداڵی "ما أكَلَ أحدٌ طعاماً قَطُّ خيراً مِن أن يَأكُلَ مِن عَمَلِ يَدِهِ، وإنَّ نبيَّ اللهِ داوُدَ عليهِ السلامُ كانَ يأكُلُ مِن عَمَلِ يَدِهِ"[٦٦] هـەر ئەمەشـه ئیسـلام دژی فـەقیریی و نەدارییـه، هـەرگیز رِازی نابیٚـت بـەوەی کـه شـویٚنکەوتوانی دەمداچـەقیٚنن و خـەڵکی خیٚریـان پیٚبکـات، ئەگـەر سـەرنج بـدەی پایەیـەك لـه پایـەکانی ئیسـلام

---

٦٥- سورة الملك: ١٥.

٦٦- اخرجه البخاری في صحيحه: كتاب: البيوع، باب كسب الرجل وعمله بيده،(٩٧٩-٢٢/٢.

زەكات دانە، ئەوە بۆ ئەوەیە كە موسوڵمانان لە خەمی ئەوەدابن بەردەوام ئەوەندە سەروەت و سامانیان هەبێت تا ئاستی زەكاتدان، حەجكردن كە بەشێ لە توانا داراییەكە موساعد نەبێ حەج فەرزنابێ لەسەر موسوڵمانان، ئەمە دەبێ هاندەر بێت بۆ ئەوەی موسوڵمانان دانەنیشن و بەردەوام لە خەمی كاری مەشروعدا بن، تا ئەوكاتەی كە گەڕانەوە بۆلای خوا هەر پێنج پایەكەی ئیسلامیان تەواو بێت، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) لە دوعاكانیدا دەیفەرموو:(اللهم إني أعوذبك من الكفر و الفقر).

**- الجهاد:**

بەردەوامی ژیان وگێڕانەوەی دادپەروەری و بنبڕكردنی خراپە و گەندەڵی لە دنیادا دەبێت لە ڕێگەی هەوڵدان و تێكۆشان و بەرگریكردن لە ڕاستی و قیەمە بەهادارەكانەوە بێت كە بوونەتە كۆڵەكە و راگری ژیان، كاتێك كە كۆسپ دروست بێت، و ڕێگر پەیدابن لەبەردەم ئەم پرۆژە گرنگە و ئەم هەوڵ و كۆششە پەكبخات دەبێت ڕێگایەكی تر هەڵبژێرین كە دەورەدرابێ بەسۆز و ڕەحمەت ئەمەش لە ئیسلامدا پێدەگوترێ تێكۆشان، تێكۆشانیش دەكرێ بەگیانفیداكردن یاخود لۆمەكردنی نەفس و ئارەز وەكان یان جەنگان لەگەڵ شەیتان ویان بەقسە و نوسین بێت، هەر ئەمەیە دەمانگەیێنێتە ئەو ڕاستییەی كە جیهاد لە ئیسلامدا كورت نەبووەتەوە لە كوشتن و جەنگكردن، وەك هەندێ وا دەڕواننە جیهاد لە ئیسلامدا، جیهاد مەفهومێكی گشتی هەیە وەك لە پێناسەكەدا بۆمان دەردەكەوێ.

وشەی جیهاد لە زمانەوانیدا واتە: بەخەرجدانی توانا، تێكۆشان، بەرخۆدان.

وەك زاراوە: بەگەڕخستنی تەواوی توانا و بەکارهێنانی هەمووجۆرە هۆکاریك کە مومکن بێت بەمەبەستی سەرخستنی پەیامی خوا.

- **زەمینەکانی جیهاد لە ئیسلامدا:**

**١- جیهادی نەفس و ئارەزو وەکان: ڕامهێنانی نەفس لەسەر ڕاستی و دادپەروەری و حەقیقەت، پابەندکردنی بە دینی خواوە، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ ﴾[٦٧] ئەوانەی کە تێکۆشانیان کردووە بۆ بە دەستخستنی ڕەزامەندی ئێمە ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەوان ڕێنمونی دەکەین بۆ هەمووڕێگەیەکی چاك و باش، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دە فەرموویت:" الْمُجَاهِدُ مَنْ جَاهَدَ نَفْسَهُ"[٦٨].**

**تێکۆشەر ئەو کەسەیە کە نەفسی ڕامدەکات و سەرکۆنەی نەفسی خۆی دەکات، نەفسی دەخاتە بازنەی شەرعی خواوە.**

**٢- جیهاد بە فێربوون: یەکێکی تر لە زەمینەکانی تێکۆشان لە پێناوی سەرخستنی دینی خوا گرتنەبەری ڕێگەی زانست و زانینە، زانستخواز تێکۆشەرێکی نەبەردە لە ئیسلامدا بۆیە خوێنی شەهیدان لە قیامەتە بە حیبر و مەرەکەبی زانایاندا دەکێشرێت، خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنْفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طَائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنْذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾[٦٩] بۆچی لە هەر هۆز و گروپێك کەسانێك نەچون بۆ خوێندن تا شارەزابن و لەئایین تێبگەن و فێربن و قەومەکەشیان تێبگەیێنن و فێریان بکەن کاتێك گەڕانەوە بۆ لایان، دابەزینی ئەم ئایەتە**

---

٦٧- سورة العنكبوت: ٦٩.

٦٨- أخرجه الترمذي في سننه، ٣٥٧/٦. الحديث رقم(١٧٢١- وقال حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ.

٦٩- سورة التوبة: ١٢٢.

لەنێوان چەند ئایەتانێكدایە كە تەقەی شمشێر و تەپوتۆزی ناڵی ئەسپ وحیلە و شریقەی قەڵغان و تیروكەوانیان لێدێ، ئەمە خۆی لە خۆیدا مانا و مەفهومێكی گەورە دەدات بە هەوڵدان بۆ زانست و زانیاری، وەك بڵێی موجاهیدان چەندە گرنگن لەو مەیدانەدا زانایانیش ئەوەندە گرنگن لە مەیدانی فێركردن و فێربووندا.

٣- جیهاد بە زمان: خوای گەورە ئەم جیهادەی بە جیهادی گەورە ناو بردووە وەك دەفەرموویت:﴿ فَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا ﴾[٧٠] بە گوێی بێباوەڕان مەكە شوێن داواكانیان مەكەوە بە قورئان تێكۆشان و خەباتی گەورەیان لەگەڵ بكە. پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموویت، تێبكۆشن لەگەڵ بێباوەڕاندا بە ماڵتان بە گیانتان بە قسە و زمانتان، عَنْ أَنَسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: " جَاهِدُوا الْمُشْرِكِينَ بِأَمْوَالِكُمْ، وَأَنْفُسِكُمْ، وَأَلْسِنَتِكُمْ "[٧١].

٤-جیهادی سیاسی و ڕامیاری: سیاسەت لە ئیسلامدا بریتیە لە ئاراستەكردنی خەڵكی بۆ دەستە بەركردنی خۆشگوزەرانی دونیا و قیامەتیان، لە هەمووبوارێكدا باشترین هۆكار بۆ دەستەبەركردنی خۆشگوزەرانی دونیا.

بریتییە لە كەشێكی دادپەروەرانە لە ناو تاكەكانی كۆمەڵگەدا بۆ قیامەتیش گرنگی دان بە تەزكیە و پاكردنەوەی دڵ و دەرون كە ئەم دووبوارە دووڕوی دراوێكن و بیٚ یەكتری هیچ كام ناگەنە ئاستی پێوست، بۆیە بۆ سازاندنی ئەم كەشە بۆ كۆمەڵگە دەبێت بەرەوڕووی دەسەڵاتدارانی گەندەڵ بووەستیتەوە،

---

٧٠- سورة الفرقان: ٥٢.

٧١- وأخرجه الدارمي (٢٤٣١- ، وأبو داود (٢٥٠٤- ، والنسائي ٥١/٦، وصححه الحاكم على شرط مسلم ووافقه الذهبي.

١٢٥٥٥)-.

پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر) دەفەرموویێت:" أَفْضَلُ الْجِهَادِ كَلِمَةُ عَدْلٍ عِنْدَ سُلْطَانٍ جَائِرٍ "[72]، سیاسەت ئەوەندەگرنگە لە ئیسلامدا پێشەوا شافیعی بە (أشرف العلوم)ناوی دەبات، شکۆمەندترین زانستەکان سیاسەتە بەلاّم سیاسەتێك کە پێچەوانەی ئەخلاقیاتی ئیسلامی نەبێت، بۆیە بەم پێودەنگە ئەگەر سیاسەتکرا ئەوە ڕۆحی شەریعەت ممارەسەدەکرێت، چون بەم گیانەوە کارکردن واتە هەوڵدان بۆ فەراهەمکردنی خۆشبەختی بۆ مرۆڤ و دوورخستنەوەی زیان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، دەی هەر ئەمە خۆی لەخۆیدا کرۆکی شەرعی خوایە با ئەو هەوڵ و کۆششانەش بە دەقێکی قورئان یان فەرمایشتێکی پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەیان پیّ نەکرابێت.

٥- جیهادی کوشتار: خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا ﴾[73]

٦- جیهادی ماڵ: خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّه ﴾[74] بە شێوەیەکی کورت ابن القیم الجوزی: زەمینە کانی جیهادی لەم چەند زەمینەدا کۆکردووەتەوە کە بریتین لە( نەفس، شەیتان، ستەمکاران، بیّ باوەران و دور وەکان).

- **ئەخلاقییەتی جیهاد لە ئیسلامدا**

ڕەچاوکردنی پێوەرە ئەخلاقییەکانی جیهاد لە ئیسلامدا لە چڵەپۆپەدایە و هیچ دین و ڕێچکەیەکی تری کۆن و نویّ ئەو پێوەرانەی

---

٧٢- أخرجه الترمذي، في كتاب الفتن: باب ما جاء في أفضل الجهاد، رقم (٢١٧٥- وقال حديث حسن. وأبو داود، في كتاب الملاحم: باب الأمر والنهي،٤٣٨/٢.

٧٣- سورة البقرة: ١٩٠.

٧٤- سورة التوبة: ٤١.

نەبووە لە تێکۆشاندا و بگرە تەواوی سنوورەکانی ئەخلاقیان تێدا بەزاندووە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە هەندێ پێوەرن لەئیسلامدا ڕەچاوکراون.

١- بەناوی خواوە دەستپێبکەن، منداڵ و ئافرەت و پیر مەکوژن، دار مەبڕن دێهات و شار کاول مەکەن، وەك پێغەمبەری خوا دەفەرمووێت: :"اغْزُوا بِسْمِ اللَّهِ، وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ، فَقَاتِلُوا مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ، لَا تَغُلُّوا، وَلَا تَغْدِرُوا، وَلَا تَمْثُلُوا، وَلَا تَقْتُلُوا وَلِيدًا، وَلَا امْرَأَةً وَلَا شَيْخًا"[٧٥].

٢- ڕاپێچەنەکردنی بێباوەڕ و ڕووبەڕوونەکردنەوەی لەگەڵ بێباوەڕێکی تردا:" إِنَّا لَا نَسْتَعِينُ بالمُشْرِكِينَ على المُشْرِكِينَ "[٧٦]

٣- تێکۆشان لەژێر چاودێری پێشەوای موسوڵمانانداا، بۆ ئەوەی فەوزا بەرپا نەبێت و هەرکەس بۆ خۆی نەبێت وەك ئەبوهورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەموویەتی:" مَنْ خَرَجَ مِنَ الطَّاعَةِ وَفَارَقَ الْجَمَاعَةَ فَمَاتَ مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً وَمَنْ خَرَجَ عَلَى أُمَّتِى يَضْرِبُ بَرَّهَا وَفَاجِرَهَا لاَ يَتَحَاشَى مِنْ مُؤْمِنِهَا وَلاَ يَفِى لِذِى عَهْدِهَا فَلَيْسَ مِنِّى وَمَنْ قَاتَلَ تَحْتَ رَايَةٍ عُمِّيَّةٍ يَدْعُو إِلَى عَصَبِيَّةٍ أَو يَغْضَبُ لِعَصَبِيَّةٍ فَقُتِلَ فَقِتْلَةٌ جَاهِلِيَّةٌ"[٧٧].

٤- بەکارنەهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ وەك ژەهر: عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدُبٍ، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ " نَهَى أَنْ يُلْقَى السُّمُّ فِي آبَارِ الْمُشْرِكِينَ".

- الدعوة:

مەفهومی دەعوە لە قورئاندا ئەوەیە کە چۆن کەسێك کەسێکی تر دەعوەت دەکات هەموو پێداویستی بانگکردنەکە ئامادە دەکات، وەك جێگای ژووانەکە و پێداویستی شوێنەکە و خوانێکی چاك و باش و بەرنامەیەکی

---

٧٥- أخرجه الطبراني في معجمه الأوسط، ٤/ ٢٦٨، حديث رقم: (٤١٦٢-.

٧٦- رواه أحمد والطبراني ورجالهما ثقات.

٧٧- أخرجه النسائي في سننه الكبرى،٢/٣١٥، حديث رقم: (٣٥٧٩-.

تایبەت و بەکەسێکی تەواو کامڵدا نامەکە دەنێرێ و کەسە تایبەتەکە بانگ دەکات (ولله مثل الاعلى) خوای گەورەش بە قودرەت و دەسەڵاتی خۆی بەهەشتی لەوپەڕی جوانیی و کەماڵدا خەلق کردووە، ئەوەی کە حەز و داخوازی مرۆڤە بەزیادەوە تیایدا ئامادەی کردووە،﴿ يُطَافُ عَلَيْهِمْ بِصِحَافٍ مِنْ ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنْفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ وَأَنْتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾الزخرف/٧١.

خوای گەورە بەو هەمووجوانی و ئامادەسازییەی بەهەشتەوە تەواوی مرۆڤایەتی بۆ بانگدەکات و دەعوەتی مرۆڤایتی دەکات لەڕێگەی سەدو بیست هەزار پێغەمبەرەوە وەك لە فەرموودەدا ئاماژە بەو ژمارە کراوە، بە پێنچ پەڕاوی ئاسمانی وەك بانگهێشتنامەیەك بۆ مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی لەڕێگەی پێغەمبەران و نامە ئاسمانییەکانەوە ئەم مرۆڤە بگاتە ئەو بەهەشتەی کە خوا دەفەرمووێت:﴿ وَاللَّهُ يَدْعُو إِلَى دَارِ السَّلَامِ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾[٧٨] بانگەوازی تەواوی پێغەمبەران بۆ گەلەکانیان مەغزاو کاکڵەکەی ئەوەیە کە یەك خواپەرستن و پابەند بن بە ڕێنمایەکانی خوا و لەسەر یەك بنەما کاربکەن لەنێوان خۆتاندا کە بنەمای دادپەروەرییە، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەیە کە مرۆڤایەتی خۆش بەخت و سەرفرازی دنیاو دواڕۆژ بێت، دەی (دعوة الى الله) بەو مانایەیە کە لە قورئاندا ئاماژەی پێدەکات، بانگکردنی خەڵکی کە پابەندبن بە فەرمانەکانی خواو دورەپەرێزی بکەن لە قەدەغە کرا وەکانی خوا، بەم جۆرە بانگەواز واجبە لەسەر هەمووموسوڵمانان کە هەستن نامە و پەیامی خوا بلاْوبکەنەوە کە دەعوەتی مرۆڤایەتی کردووە بۆ بەهەشت، وباشترین کاریشە مرۆڤ پێهەستێت ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ ﴾[٧٩] . کەواتە (دعوة) چەمکێکی گشتییە بریتییە

---

٧٨- سورة يونس: ٢٥.

٧٩- سورة فصلت: ٣٣.

لەو نامەیە کە خوا ناردوویەتی، هەستان بەکردەی دەعوە و بانگەوازیش بەم سێ ڕێگەیە دەبێت(حكمة، موعظ، جدال) کەواتە دەعوە لەڕووی مەفهومەوە مۆرکە، تەواوی قییەمە بەرزەکان لەژێریدا جێگەیاندەبێتەوە  وەك حیکمەت بەخەرجدان، حیکمەتیش لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە بەئەنجام گەیاندنی کارێك کە مرۆڤایەتی لەپەنایدا بحەوێتەوە، کە ئەمە چاکسازی و دادپەروەری وسیاسەت و ئەخلاق...دەگرێتەوە، پاشان گفتوگۆی پەیوەست بە قەیدی باشترینەوە کە گفتوگۆ بنەمایەیەکی سەرەکییە بۆ بوونیادنانی شارستانیەتێکی دەوڵەمەند لە هەمووڕوویەکەوە، پاشان مەوعیزەی موقەید بەچاکەوە کە ئەمەش هەمیشە مرۆڤ پێویستی پێیەتی، مرۆڤ لەناخدا و لە هەر ئاستێکدا بێت پێویستی بەکەسێك هەیە ئامۆشگاری و قسەی بۆبکات، بۆیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا حیکایەت خوانەکان پێگەیەکی تایبەتیان هەبووە، بیرمان نەچێت قورئان کە کەلامی خوایە خاڵینییە لە حیکایەت و بەسەرهاتی پڕمانا و بەسوود بۆ مرۆڤ، بۆیە هەڵەیەکی گوشندیە ئەگەر بڵێن: چاکسازی جیابکەینەوە لە دەعوە یان سیاسەت جیابکەینەوە لە دەعوە  وەك چۆن هەڵیەکی لۆجیکییە ئەگەر بگوترێت مرۆڤ جیابکەینەوە لە زیندەوەر لەکاتێکدا زیندەوەر مەفهومێکی گشتییە و مرۆڤ  وەك زیندەوەرێك لەناو ئەو مەفهومەدا جێگەی دەبێتەوە سیاسەتیش لەناو دعوەجێگای دەبێتەوە بەشێکە لە دعوە بەڵام سیاسەتێك کە بەوجۆرە پێناسەمانکرد.

- الجيش:

سوپا بریتیە لە کۆمەڵێکی بەتواناو بڕچەك کە هەموویان بە بەردەوامی ملکەچی ئەو یاسایەن کە کۆی کردونەتەوە و ڕێکی خستوون، لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) لەشکری ئیسلامی پێکهاتبوولە هەمووموسوڵمانانێکی بالغ و تەندروست و بە توانا، هەمووشیان لە ژێر یەك فەرماندا بوون و بە یەك

فەرمان کاریاندەکرد کە سەرچا  وەکەیان پێغەمبەری خوا بوو(ﷺ)، لەسەر دەمی ئیمامی عمردا تۆمارگەو دیوان دانرا بۆ سەرژمێری کردنی سەربازەکانی دەوڵەتی ئیسلامی، بۆیە کۆمەڵێ بنەماومەرج هەن بۆ پێکهێنانی سوپایەکی ئیسلامی دەبێت هەمیشە ڕەچاو بکرێن لەوانە:

١- یەك مەبەستی، سوپای ئیسلامی هەمویان یەك مەبەستیان هەیە کە بریتیە لەسەرخستنی دینی خوا و بڵاوکردنەوەی ڕاستی و حەقیقەتی ئەو پەیامە کە لێوان لێوە لە دادپەروەری.

٢- یەك ڕیزی و یەك دەستی و پابەند بوون بەفەرمانی فەرماندە و دەرنەچوون لە ڕیزی تێکۆشەران و بەیەك دڵیی کارکردن.

٣- باوەڕی تەواویان بەوە هەیە کە خوا سەریان دەخات و سەرکەوتن هەر لای خوایە، بە زۆری و توانای خۆیان خۆیان ناخەڵەتێن.

٤- جێگری ودامەزراوەیی، هەرگیز لە مەیدانی تێکۆشاندا پاشگەز بوونەوە نەناسن و بەردەوام زکر ویادی خوایان لە بیرە.

- الفکرة:

وەسفدارکردنی ئیسلام بەفیکر لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە تەواوی ڕاستیەکان بەبێ هێشتنەوەی گومان و دوودڵی لە ناخی مرۆڤدا دەچەسپێنێ و دەیان کاتە عەقیدە و بیروڕا بۆ کەسەکە، لێرەوەیە ئیسلام فیکرە کە بانگخوازانی ڕێگای ڕاستی ئەم ڕاستیانە دەگوازنەوە بۆ دەوروبەریان بە شێوازێکی دروست و تەواو و تاکەکانی لەسەر پەروەردەدەکەن، هەر سێ پێکهاتنەکانی مرۆڤ دەبەستێتەوە بەیەکەوە، عەقڵ و ڕۆح و بەدەنی بەیەکەوە گرێدەدات، هاوسەنگی تەواویان دەخاتە نێوانیانەوە، هیچکات لە یەکتریان جیاناکاتەوە.

- العقيدة:

بیروبڕوا لەسەر ئیمان بە خوا و بەکتێبەکانی ئاسمان و بە پێغەمبەران و بە ڕۆژی دوای و بە قەزا و قەدەر دادەمەزرێ، عەقیدەی ئیسلامی فیکری مرۆڤ دەدوێنی و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە عەقڵ و ژیری مرۆڤەوەیە، دواندنی عەقڵ بە شێوازێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا دورلە هەمووبنەمایەکی فەلسەفی و تێڕامان و نەزەریاتی کورتی مرۆڤ، بگرە خودی فەلسەفە و لۆژیکی ڕاستەقینەی تیابەدی دەکرێ بێ ئەوەی هیچ گرفتێکی فیکری لای مرۆڤ بخولقێنێ، تەواوی ڕاستیەکان کە عەقڵی مرۆڤ لە ئاستیاندا کوڵ و وێڵە، عەقیدە و بیروبڕوای ئیسلامی زۆربە ڕوونی دەیخاتە بەردیدی مرۆڤ و تەواوی کێشەکانی بۆ چارەسەر دەکات، بۆیە دەکرێ بڵێن: ئەم عەقیدەیەش تەنها ئەوە نییە بڵێ: ئیمانم هەیە بەتاك و تەنهایی خوا نەخێر بەڵکوئیمان و کرداریش شایەتی ڕاستی ئیمانەکەیە کە بریتیە لە تێکۆشان و بەرخۆدان و پەرستشی ڕاستە قینە و سلوك و ئەخلاقیاتی بەرزوبڵند، وەك حەسەنی بەصری دەڵێت: ئیمان بە ئاوات خواستن نییە، بەڵکوئیمان ئەوەیە کە لەناو دڵدا جێگیرومەحکەمە و کرداری جوان شاهیدی ڕاستی ئەون، هەندێك دەڵێن: خوا لێمان خۆش دەبێت و چاو پۆشی لە گوناهەکانمان دەکات تادەردەچن لە دونیا هەر دەڵێن: حوسنی زەنمان بە خواهەیە کاری چاکەش ناکەن، دەی بزانن ئەوە درۆدەکەن ئەگەر حوسنی زەنیان بە خوا بوایە کاری جوان وچاکیان دەکرد.

- عبادة الصحيحة:

پەرستشی ڕاستەقینە و دروست لە ڕۆشنایی بڕوایەکی درویت و گوێڕایەڵی فەرمانە کانی خوا و پێغەمبەری خواوە سەر چاوە دەگرێت،

قەبوڵکردنی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی تەسلیم بوونە بەوەی کە ئیسلام پرۆگرامی ژیانە و تەواوی داخوازیەکانی تاك و کۆمەڵگە پردەکاتەوە، کاتێك بەمجۆرە تەماشای ئیسلام کرا و ناسرا ئیتر شەریعەت و عەقیدە، نوێژ و جیهاد، مزگەوت و خزمەتکردن، پێکەوە ژیان و یەکترناسی و هاوکاری یەکتر جیاوازیان نامێنیٚ، ئەمە دەبێتە ئەو عیبادەتە توقیفییەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەك دەستور و پرۆگرامی ژیان دایڕشتووە، بۆیە کارکردن بە یەك جۆر بەشێکی زۆرکەمی ئیسلامە، وەك ئەوەی کەسیٚ تەنها نوێژدەکات، یان تەنها هاوکاری و دەستیگرۆیی هەژاران و نەدارانەدەکات، یان تەنها دەچێتە مزگەوت، ئەمانە خۆیان لە خۆیاندا کاری باشن نابنە کاری نایاب تا نەبنە هۆکاری ئەوەی کە ئیسلام بەشمولی و گشتگیری وەرگرین، نوێژ کاری باش و چاکەیە نابێتە عەمەلی صالح ئەگەر (تنهى عن الفحشاء والمنكر) نەبێت، بۆیە دەبێت ئێمە ئاوا تەماشای ئیسلام بکەین کە ئیسلام یاسا و دەستورێکی تەواوە بۆ گشت ژیان، ئیسلام نیشتمانە حکومەتە نەتەوەیە، ئەخلاق و سلوکە هێز و توانایە، سۆز و میهرەبانییە دادپەروەری و یەکسانییە، ڕۆشنبیری و یاسایە، زانست و دادگەریە، سەروەت و سامان و هێزی پەرەپێدانی ئابورییە، جیهاد و بانگەوازە لەشکر و لۆژیکە، بیروبڕوایەکی ساغ و پەرستشیی دروست و تەواوە، کۆی هەمووئەمانە دەبێتە ئەو عیبادەتە کە ئیسلام دەیەویٚ، ئەمانەش هەموودەبێت چاو لە پێغەمبەری خوا بکرێت کە چی کردووە و چۆنی ئەنجام داون لەگەڵ ڕەچاوکردنی شیوێن و کات.

# چی فێر دەبین لەم بنەمایە؟

١- موسوڵمانان دەبێت ئیمانیان بەوە هەبێت کە ئیسلام دینێکی گشتگیر و تەواوە و هەمووبوارەکانی ژیانی گرتووەتەوە.

٢- گۆشەگیری و ڕەهبانییەت لە ئیسلامدا قەدەغەیە و نابێت پەیڕە و بکرێت و مەیدانی جیهاد و خزمەت و مزگەوت وەك یەکن لە ئیسلامدا.

٣- لەسەر بانگخوازان و زانایان و وتاربێژان واجبە کە بە شێوەیەکی گشتی باسی ئیسلام بکەن و هاولاّتیانی لەسەر گۆش بکەن.

٤- تەواوی ژیانی موسوڵمانان عیبادەتە ئەگەر نیەتی لێبهێنیّ و بە گیانی پەرستشەوە کاربکات مادام عەقیدە و بیروبڕواکەی هەڵقوڵاّوی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرە(ﷺ) نەك پەیڕەوی بەرنامەی عەلمانی بکات و بڵیّ نیەتمە عیبادەت دەکەم، دڵنیابە نە عیبادەت بەم گیانەوە دروستە نە ڕاستیشت گوتووە لەگەڵ عەلمانیەتدا.

٥- گۆشکردنی منداڵاّن و قوتابیان لەسەر ئەوەی کە ئیسلام بەرنامەیەکی گشتگیر و تەواوە هەر وەك چۆن ئیمامی ئەبوبکری صدیق (ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) جەنگی بەرپاکرد لەگەڵ ئەوانەی کە زەکاتیان نەدا.

٦- هەر سیّ وەزارەتی ئەوقاف و پەروەردەو ڕۆشنبیری بەرپرسیارن بەرامبەر بە مێژووئایندەی خۆیان و نە وەکانیان ئەگەر ڕۆڵی ئەوە نەبینن و ئیسلام بە بەرنامەیەکی گشتگیر و تەواو نەناسن بە خەڵکی، وەزارەتی پەروەردە بەوەی کە گشتگیری ئیسلام بکاتە مەنهەجی خوێندن و ئەوقافیش بەوەی کە زانایان و وتاربێژان ڕابسپێرێت بەو گیانەوە دین بلاّوبکەنەوە، ڕۆشنبیریش ناوبەناو حەملەی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی هەبێت لەسەر چەمك و بنەماگشتیەکانی ئیسلام. کە ئیسلام بەرنامەی ژیانە.

## بنەمای دووەم

## قورئـان و سوننەت دووسەرچاوە زولاڵەکەی تەشریعی ئیسلامی

والقرآنُ الكريمُ والسُّنَّةُ الْمُطهَّرةُ  مرجعُ كلِّ مسلمٍ فيتعـرّف أحكـامِ الإسـلام، ويُفهـمُ القرآنُ طبقاً لقواعـدِ اللغـةِ العربيـةِ مـن غـيرِ تكلّـفٍ ولاتَعسُّـفٍ. ويُرجـعُ في فهـمِ السُّـنَّةِ المُطهَّرةُ إلى رجالِ الحديثِ  الثقات.

........................................

**پوختەی تێکستەکە**

**قورئانی پیرۆز و سوننەتی سەروەرمان، بۆ هەڵگۆزینی بڕیارەکانی ئیسلام دووسەرچاوەن بۆ هەمووموسوڵمانانێك، تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز بەپێی یاساکانی زمانی عەرەبی دەبێت بەبێ زۆر لەخۆکردن و زیادەڕوییەك، بۆ تێگەیشتنیش لە سوننەتی سەروەرمان دەگەڕێینەوە بۆ لای پیاوانی متمانەپێکرا و فەرمووده ناسان.**

**دەروازەی چوونەناو بابەتەکەوە:**

کاتێك لە بنەمای یەکەمدا پێشەوا (حەسەن بەننا) ئاماژەی بەوە کرد کە ئیسلام مەنهەجی ژیانە، ئاین و دەوڵەتە، دەبێت بۆ بەرێوەبردنی ئەم دەوڵەتە دەستور و یاسایەك هەبێت و سەرچاوەکەشی هێندەی خۆر ڕووناك و دڵنیاکەرەوە بێت و هیچ گومان و دوودڵیەك نەهێڵێتەوە، بۆ سەلماندنی ئەم گوتەیەش دەبێت بەڵگەمان هەبێت، هەر گوتەیەکیش ئەگەر سەرچاوەکەی قورئان و سوننەت نەبێت، ناواقع و ناسازگارە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا و لە دونیاشدا بێ بەرهەم و کەم مەودایە.

قورئان و سوننەت دووسەرچاوەی گومانبڕو ڕوون و ڕەوانن، هیچ لێڵی و کەم و کورتییان تێدا نابینرێت کە هەماهەنگ و گونجاو نەبێت لەگەڵ سروشتی ساغی مرۆڤدا، تەواوی ڕاستییەکان و حیکمەت و دانایی و زانست لەوانەوە سەرچاوە دەگرێ و بەرهەم دێن، نەبیستراوە لە هیچ کات و کاتێکدا کە موسوڵمانان بەگشتی و زانایان بەتایبەتی جیاوزیان هەبێت لەسەر ئەوەی کە قورئان و فەرمووده سەرچاوەی تەشریعی ئیسلامی نەبن، هەموویان یەکدەنگ بوون لەسەر ئەوەی کە قورئان و سوننەت دووسەرچاوەی نەمری تەشریعی ئیسلامین، هەرکاتێك گرفت و کێشەیەك هاتبێتە ڕێیان یەکسەر بۆ چارەسەر و یەکلاکردنەوی پەنایان بردوەتەوە بۆ قورئان و سوننەت، گومان لەوەشدانیە کە ئەم دووسەرچاوەیە بەشێوە زاری عەرەبین، دەبێت بۆ تێگەیشتنیان بە پێوەری زمانی عەرەبی بێت، لەسەربنەما و ڕێزمانی عەرەبی تێبگەین کە کامە چارەسەر هەڵبژێرین بۆ گرفت و کێشەیەکی پێشهات لە

ژیانماندا، بۆیە خوای گەورە ڕێنمایمان دەکات ئەگەر کێشەیەك هاتە ڕێتان بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر ئێوە ئیماندارن بە خوا و بەڕۆژی دوایی﴿ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾[٨٠] گەڕانەوە بۆلای خوا واتە: گەڕانەوە بۆلای ڕێنماییەکانی قورئان و گەڕانەوە بۆلای پێغەمبەری خوا واتە: بۆ لای سوننەتی پێغەمبەری خوا.

## مانا و مەفهومی گشتی بنەماکە:

القرآن الكريم، والسنة المطهرة مرجع كل مسلم فيتعرف أحكام الإسلام:

قورئانی پیرۆز و سوننەتە شیرین و ڕونەکانی پێغەمبەر(ﷺ) سەرچاوەن بۆ ناسینی تەواوی ئەحکامەکانی ئیسلام لای هەموومسوڵمانانێکی ژیر و تێگەیشتوو.

## القرآن:

لە زمانەوانیدا: چاوگی (قرأ)یە بەواتای کۆ و جەم و جۆری دێت، یاخود لە (قرء) وەرگیراوە بە مانای خوێندراودێت، چاوگە وەك (کفران، رجحان)[٨١] ﴿ فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ ﴾[٨٢] بۆیە پێی دەگوترێ (قران) چونکە چەندان سورەتی لەخۆگرتووە و لە چەند سورەتێك پێکهاتووە و کۆکەرەوەیانە، و دەرنجام بووەتە ناو بۆ قورئان لەلایەن خواوە لە ڕێگەی

---

٨٠- سورة النساء: ٥٩.

٨١- مباحث في علوم القرآن، مناع بن خليل القطان (ت ١٤٢٠هـ-:١٥، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الطبعة الثالثة (١٤٢١هـ ٢٠٠٠م-.

٨٢- سورة القيامة: ١٨.

جبريلـەوە دابـەزێنراوە بـۆ پێغەمبـەر(ﷺ) وەك تـەورات نـاوە بـۆ كتێبێكـی ئاسمـانی و دابـەزێنراوە بـۆ موسـی(علیـه السـلام). گـوتراوە بۆیـە نـاونراوە قورئـان چـونكە كۆكـەرەوەی هەمووكتێبـە ئاسمانییـەكانی پـێش خۆیـەتی و تەواوی زانست و زانیاریەكانیشی لە خۆگرتووە﴿ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَـرَى وَلَكِـنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَـوْمٍ يُؤْمِنُـونَ﴾[83] یا خود ڕونكەرەوەی هەمووشتەكانە ﴿ تبيانا لكل شيء﴾[84]

وەك زاراوە: قورئـان كـەلامی خوایـە و مـوعجیزە و دەستەوسـانكەرە، دابەزێنراوەتە سەر پێغەمبـەری خـوا لـە ڕێگـەری جبرئیلـەوە، بە نەوسراوی لـە بەردەسـتمانە، پێمانگەیشـتووە لـە ڕێگـەی موتـەواترەوە، خوێندنـەوەی بەپەرستش ئەژماردەكرێت، یەكەم سەرچاوەی تەشریعی ئیسلامییە[85].

لەم پێناسەیەوە تەواوی تایبەتمەندیەكانی قورئانمان بەرچاو دەكەوێ كە جیای دەكاتەوە لەگەڵ غەیری خۆی.

١- كـەلامی خوایـە: كاتێـك كـە دەڵـێن: كـەلامی خوایـە، تـەواوی كتێبـە ئاسمانییەكانیش كەلامی خوان بەڵام بە بڕگـەی دابـەزین بۆ پێغەمبـەرمان(ﷺ) لە تەواوی كتێبەكانی تر جیادەبێتەوە.

٢- لـەفز و ماناكـەی هـی خوایـە و بـەزمانی عـەرەبی ڕوون دابـەزیوە ﴿إنـا جعلنـاه قُرآنـا عربيـا﴾[86] بـەم بڕگەیـەش جیادەبێتـەوە لـە فـەرموودەی قودسـی، چونكە فەرموودەی قودسی ماناكەی هی خوایە و لەفزەكەی هـی پێغەمبـەری خوایە(ﷺ).

---

٨٣- سورة يوسف: ١١١.

٨٤- سورة النحل: ٨٩.

٨٥- مناهل العرفان في علوم القرآن، محمد عبد العظيم الزرقاني،١٥/١. دار الفكر (١٤١٦هـ-١٩٩٦م.

٨٦- سورة الزخرف: ٣.

٣- بەڕێگەی تەواتور پێمان گەیشتووە واتە: گەلێك بۆیان گێڕاوینەتەوە کە ژێری نایسەلمێنی ئەو هەمووخەڵکە لەسەر درۆیەك ڕێککەون و بڵاوی بکەنەوە وەك یەك، چونکە گێڕەرە وەکانی (ڕاویەکانی) ئەوەندە زۆرن لە ژمارە یان لە دەکەس زیاترە لە هەر تەبەقەیەکدا.

٤- پارێزاوە قابلی کەم وزیاد نییە: خوای گەورە خۆی پارێزگاری لێدەکات لەو ڕۆژەوەی کە یەکەم ئایەتی دابەزیوە تا ئەو ڕۆژەی دونیا ئاخیرە، نە ئایەتێکی کەم دەکات نە زیاد دەکات، ئەمە بڕیاری خواییە و مرۆڤ ناتوانێ دەستکاری بکات ﴿إنا نحن نزلنا الذكر وإنا له لحافظون﴾[٨٧] ئەمە وادەکات کە هەمیشە موعجیزە ئاسا بمێنێتەوە، و کەس نەتوانێ دەستکاری بکات و لە قسەی ئاسایی مرۆڤ بە دەربێت، بۆ بەرنامەی ژیان هاتووە و تەواوی مرۆڤایەتی سودمەندە لێی نەك تەنها بنەماڵەیەك یان گەل و نەتەوەیەکی دیاریکراو، بۆ هەموومرۆڤایەتی هاتووە لە هەر سەر دەم و کاتێکدابن و هەر ڕەنگ و زمانێکیان هەبێت.

## لایەنی ئیعجازی قورئان:

١- ڕەوانبێژی: قورئان ئەوەندە جوان و پاراوە تەواوی عەرەبی فەسیح و ڕەوانبێژەکان لە ئاستی قورئاندا شەرمەزار و دەستەوەستانن لە هێنانی ئاوەها وێنەیەك.

٢- هەواڵدان لەبارەی ڕودا وەکانی ئایندە: تەماشادەکەین خوای گەورە ڕاستەوخۆ ئاماژە بەو ڕاستییانە دەکات کە لە ئایندەدا ڕوودەدەن لەو نموونانە کە لەو سەردەمەدا بە بیری کەسدا نەهاتووە کە شتی وا ڕووبدات قورئان ئاماژەی پێکردووە، وەك دەفەرموێت:﴿ الم (١) غُلِبَتِ الرُّومُ (٢) فِي

---

٨٧- سورة الحجر: ٩.

أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُمْ مِنْ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُون (٣) فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِنْ قَبْلُ وَمِنْ بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ ﴾[٨٨] هەر وەك باسی پێشهاتەكانی ڕوودان و هاتنی قیامەت دەكات وەك شیبوونەوەی كێ وەكان و تەقینەوەی بەدوریاكان و فڕێدانی شتەبەنرخەكانی ناخی زەوی و زیاد بوونی بومەلەرزە و دەیان پێشهاتی تر.

٣- گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی گەلانی ڕابردوو: ئەم گێڕانەوە هیچ سەرچاوەیەكی مێژویی ئەوەندە ڕاست و ڕێك ئاماژەی پێنەكردون، یاخود هەر باسیان نەماوە لەناو گەلاندا بەهۆی كۆنی و زووگوزەریانەوە بەتایبەتتر لەناو عەرەبدا هەرباسیان نەبووو نەیان ناسیون، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ تِلْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ مَا كُنْتَ تَعْلَمُهَا أَنْتَ وَلَا قَوْمُكَ مِنْ قَبْلِ هَذَا فَاصْبِرْ إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ﴾[٨٩] .

٤- ئاماژە بۆ چەند ڕاستیەكی بوونەوەر كە تازە زانست پێیان دەگات: پێشتر ئەم ڕاستیانە نە موسوڵمانان زانیویانە و نەغەیری موسوڵمان وەك دەفەرموێت:﴿ وأرسلنا الرِّياح لواقح﴾[٩٠].

٥- ئیعجازی ژمارەیی، كە ئەویش دەیسەلمێنێ كە قورئان بەونەزمە جوانەوە هەرگیز لە توانای مرۆڤدانییە ئاوا شاكارێك بێنێتە دی و بنووسێ، ئەم زانستە لە ڕێگەی خوێندنەوەی ژمارەی ئایەت و وشەكانەوە كۆمەڵێ ڕاستی و جێگای سەرسوڕمان نیشاندەدات كە دڵنیایی بەمرۆڤ دەبەخشن، لەكاتێكدا ئەمە لەلایەن زاتێكی بێهاوتاوە دابەزیوە و ڕەوانەكراوە وبە

---

٨٨- سورة الروم: ١-٤.

٨٩- سورة هود: ٤٩.

٩٠- سورة الحجر: ٢٢.

دەستێکی ئەمین بە ئێمە گەیشتووە، و چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی لەسەر ئەم ئیعجازە نووسراوە و ئامادەکراوە.

**قورئان و چۆنیەتی بەیانکردنی ئەحکام:**

دوابەدوای باسکردنی لایەنی ئیعجازی قورئان لەڕووی ڕەوانبێژی و هەواڵدان لە ئایندە و باس و خواسی زانستیی، قورئان لایەنێکی تری گرنگمان نیشاندەدات ئەویش چۆنیەتی بەیان کردنی ئەحکامە کە بە سێ شێوە بەیانیان دەکات:

١- ئەحکامی ئعتیقادی: کەلە ئیمان بە خواوە دەستپێدەکات تا تەواوی لایەنەکانی غەیب و نادیار بە پێنج هەستەکەی مرۆڤ، بۆیە ئەم جۆرەی پێشخستووە بەسەر بوارەکانی تردا لە بەرگرنگی و ئەهمیەتی بواری بیروبڕوایە، چونکە ئەوەی ئیمانی دامەزرا و نەبێت هەرگیز فێری ئیلتیزام نابێت، ئەوەش فێری پابەندی و ئیلتیزام نەبێت ئارامی و ئۆقرەیی لانییە و دەرئەنجام دەبێتە دڕکێك لە کۆمەڵگەدا تادێ هەر بەرهەمی دڕکاوی دەداتەوە.

٢- ئەحکامی تەزکیە و خۆپاککردنەوە و سلوك: لەم ئەحکامانەشەوە دەگەینە ئەوەی کە چ جۆرە ڕەوشتێك پەسەند و جوانە مرۆڤ لە خۆیدا دروستی بکات و چ جۆرە ڕەوشتێك ناپەسەند و ناشیرینە مرۆڤ لێ دورە پەرێز بێت، تا ببێتە خانەیەکی ئیجابی و سودمەند لە کۆمەڵگەدا بۆ خۆی و پاشان بۆ دەوروبەری، بۆ خۆی کەسێکی ساڵح بێت و بۆ دەوروبەر کەسێکی چاکساز و موسلح.

٣- ئەحکامی عەمەلی و کاروباری ڕۆژانە: ئامارژە بەو جۆرە یاسایانە دەکات کە مرۆڤ شارەزا دەکەن چ شتێك حەرامە و چ شتێك چارەسەرڵە، کامە

موباحە و کامە مەکروهە، کام هەنگاوە دروست و باشە کامە نادروست و ناپەسەندە، ئەمەش دووجۆرە.

أ- پەیوندی مرۆڤ بە خواوە لە ڕێگەی پەرستشەوە.

چەند ئەحکامێك کە پەیوەندیان بە پەرستشەوە هەیە: ئەمانەش سەرچاوەی تاقە و وزەی رۆحین و دەبێتە مایەی بە هێزکردنی نیوان بەندە وخوا، و مافێکی سەرەکی خوای گەورەیە بەسەر تاکە تاکەی بەندەکانیەوە، دەبێت ئەو پەیوندییە لە تەواوی هەست و شعوردا ڕەنگبداتەوە لەسەر ئاستی وەزیفەی جیاوازی بەندەکان، مامۆستا لە قوتابخانەدا، دکتۆر لە خەستەخانە و ئەندازیار لە ڕوپێوی و دیزاین و نەخشەکانیا، بەرپرس لەسەر کورسی و کارەکەیدا سەرۆکی دەوڵەت لە ڕاپەراندنی ئیشی ڕۆژانەیدا دەبێت ڕەنگبداتەوە ئەگەرنا ئەو پەیوندیە لەگەڵ خوادا پەیوەندیەکی ناتەندروست و بێ ئەرزشە، ناکرێت کەسێ لەگەڵ خوادا پەیوەندی بە هێزی هەبێت و لەگەڵ خەڵکی خوادا ناکۆك و نا جۆر بێت.

ب- پەیوەندی تاك بە تاکەوە، تاك بە کۆمەڵگەوە، کۆمەڵگە بە کۆمەڵگەیەکی ترەوە، ئەمەش لەم چەند ئەحکامانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- چەند ئەحکامێك کە پەیوندییان بە خێزانەوە هەیە: ئەم ئەحکامە لەسەر تاك بەواجب دەگێڕ ێ کە پابەندبێ بەجێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانی بەرامبەر ئەو خێزانەی کە هەر لەسەردەمی کۆرپەییەوە بنکە و ولانەی بووە تائەو ڕۆژەی وەفات دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، خێزان ئەو پێکهاتە سەرەتاییەی ناو کۆمەڵگەیە کە تاکەکان تێیدا گەشەدەکەن و بووەتە دایەنگە و فێرگە بۆ هەر تاکێك، دواتر دەبێتە ڕیشەیەکی بەهێزی ناو کۆمەڵگە بۆ تاك و ئیعتباری مەعنەوی دروست دەکات لەگەڵ دەوروبەریدا پاشان پەیوندی نێوان خێزانەکان دروست دەبێت لەنێوان یەکتریدا بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە

بازنەکە گەورە دەبێت و ئەرکی بەرپرسیاریەتی سەر هەڵدەدات، بۆیە قورئان بە شێوەیەکی درێژ و تەواو باسی بڕگەبەبڕگەی ئەرك و واجباتی تاکی کردووە لەم بوارەدا، هەر لە باسی شیردان و دایەنگە و هاوسەرگیری و جیابوونەوە و میرات و وەسیەت و فێرکردن، پەروەردەی کردووە بۆ ئەوەی ئەو تاکەی کە دێتە دنیاوە بەتەواوی لە سایەی قورئاندا بەرچاوڕوون بێت و بزانێ ئەرك و مافی چییە یەکەم بەرامبەر خێزان و پاشان کۆمەڵگە.

٢- چەند ئەحکامێك کە پەیوەندییان بەئابورییەوە هەیە: واجبە لەسەر تاك کە بزانێ ئەو هۆکارانە کامانەن دەیگەیەنێتە کارێکی پەسەند و چارەسەراڵ و دوری دەخەنەوە لە کۆکردنی سەروەت و سامانێك کە لەسەر حەرام بوونیاد بنرێت، بزانێ سنووری خۆی کامەیە بۆ ئەوەی سنووری کەسانی تر نەبەزێنێ، ئەمەش قورئان لەسەر چەند بنەمایانێکی ڕوون و جێگیر کە گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت بە هۆی گۆڕانی کات و شوێن و پێشکەوتنی ژیانەوە، لەو یاسایانەش ڕەزامەندی کڕیار و فرۆشیار، و بەخشین لەسەر بنەمای ئارەزومەندی خاوەن ماڵ و پابەندی لە گرێبەند و پەیمانەوە و پەشیمان نەبوونەوە و پاراستنی ماف و حەقی هەریەکە لە کڕیار و فرۆشیار، ئەمانە چەند بنەمایەکی نەگۆڕن بۆ ئەوەی موڵکی کەسیەتی بەهەدەر نەڕوات، بەڵام لایەنی هونەریی و شێوازی شمەك و ئاڵوگۆڕ پێکردنی قابلی گۆڕانە وەك جاران دەبوا فرۆشیار و کڕیار دەستیان بخستایەتە ناو دەستی یەکتری وەك نیشاندانی ڕەزامەندی فرۆشتنی لای فرۆشیار و قەبوڵکردنی لای کڕیار، بەڵام ئیستە تەنها بە تەلەفۆنێك یان هەر هۆکارێکی تری پەیوەندی ئەم ڕەزامەندی و قەبوڵکردنە دادەمەزرێ.

٣- ئەحکامانێك پەیوندیان بە کاروباری گشتی و کارگێڕییەوە هەیە: ئەگەر تەماشابکەین قورئان ئەو ئەحکامانەی کە پەیوندیان بە دەستورەوە

هەیــە  وەك چــۆنیەتی هەڵبــژاردنی ئــەمیر، ســەرۆك، یــاخود هەڵبــژاردنی ئەندامانی شورا و پەرلەمان بەشێوەیەکی کورت  وەك بنەما بەیانی کردووە قــابلی گــۆڕینن بــەپێی شــوێن و کــات تەفاســیل و وردەکاریــەکانی بــەجێ هێشتووە بۆ عەقڵ و ژیری مرۆڤ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەبێت ڕەچاوی ئەم بنەمایانە بکرێت کە بریتین لە:

– کارکردن بە بنەمای شورا و ڕاوێژ، لەکاتی بڕیارداندا﴿ وأمرهم شورى بينهم﴾[91] یان ﴿وشاورهم في الأمر﴾[92].

– پەیڕەوی دادپەروەری بکرێت لە بەپایان گەیاندنی حوکم و بڕیاردا﴿ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ﴾[93]. یان دەفەرموویت:﴿ وَإِذا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّــاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ﴾[94] لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ ﴾[95].

– دابەشکردنی ماف و ئەرك بە یەکسانی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

– گوێڕایەڵی وەلی ئەمر تا ئەو کاتەی کە فەرمان بە سەرپێچی خوا ناکات، ئەگـەر فـەرمانی کـرد بـە کردنـی گوناهێـك نـەك هـەر ئـەوەی بـەگوێ ناکرێـت بەڵکولەسەر هاوڵاتیان واجب دەبێت بیگۆڕن و دانەنیشن دەستەوئەژنۆ و لێی قەبوڵ نەکرێت.

٤– ئەحکامی ڕێکخستنی پەیوەندی ولاتـان: ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی هەرێمایەتی ولاتانی لەسەر بنەمای برایەتی ئینسانی ڕێکخستووە بە جۆرێ هەموومان نەوەی ئادەم و حەواین و لە بازنەی ئینسانیەتدا یەك

---

٩١– سورة الشورى: ٣٨.

٩٢– سورة آل عمران: ١٥٩.

٩٣– سورة النساء:٥٨

٩٤– سورة النحل: ٩٠.

٩٥– سورة الحديد:٢٥.

ریشەمان هەیە، ئەمەش خاڵی هاوبەشی نێوان تەواوی مرۆڤەکانە بە جیاوازی ڕەگەز و ڕەنگ و دین و وڵات و زمانەوە، هەموومان دەبێت کاری هاوبەش و هاوکاری و پێکەوەژیان و یەکترناسین ببێتە هۆکاری وەلانانی جیاوازیەکانمان و بە هەماهەنگی ئارامی و بەختەوەری بڵاو بکەینەوە بە جیهاندا و دورە پەرێزبین لە هەڵگیرساندنی شەر و ناتەبایی و ناکۆکی.

ز- ئەحکامی تۆڵەسەندنەوە: دیارە تۆڵەسەندنەوە لە بەرامبەر کارێکی نامەشروعەوە دەبێت، سەلماندنی نامەشروعی کارەکەش دەبێت ئایەتێك یان فەرموودەیەکی لەسەر بێت و وەك تاوان ناسێنرابێت.

- **دیلالەتی قورئان لەسەر حوکمەکان دووجۆرە:**

گومان لەوەدانییە کە تەواوی ئایەتەکانی قورئان چەسپاو قەتعین لەڕوانگەیەوە کە لەلایەن خوا دابەزیون بۆ پێغەمبەری خوا لەویشەوە گەیشتون بە ئێمە، بەو جۆرەی کە دابەزیون. بەڵام لەڕووی بە بەڵگەبوونی ئایەتەکان دووجۆرن بەم شێوازەی خوارەوە.

١- قطعي الدلالة: بەوواتایەی وشەکە لە غەیری مانایەك هیچی تر هەڵناگرێ و مانای تری نییە بەم پێیە وشەکە بەڵگەیە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ حوکمەکە، وەك خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ فَإِنْ كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَو دَيْنٍ وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَكُمْ وَلَدٌ فَإِنْ كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُمْ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَو دَيْنٍ﴾[٩٦] نیوەی ماڵ ٢/١یاخود

---

٩٦- سورة النساء/ ١٢.

یەك لەسەر چواری مالٌ٤/١، هەر یەك مانای هەیە و ناگۆڕێت و هەر ئەوەیە لە قورئاندا بەیان کراوە([97]).

٢- ظني الدلالة: بەو مانایە کە وشەکە زیاتر لە مانایەك دەبەخشێت، بەو پێیە بەڵگەبوونی زەنی دەگەیێنیٚ بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُـرُوءٍ﴾[98] وشەی(قروء) دوومانای هەیە، یەك بەواتەی (پاکی لە سوڕی مانگانە) دووبەمانای خودی(سوڕی مانگانە) دێت، ئەو کاتە بەڵگەکە لە قەتعی الدلالەوە دەگۆڕێت بۆ زەنی و دلالە[99].

- **سوننەت لە زمانەوانیدا:**

لە بنەڕەتدا بە مانای ڕێگە و ڕێچکەدێت،[100] وەك پێغەمبەری خوا دەفەرمووێت:"مَنْ سَنَّ فِي الإِسْلاَمِ سُنَّةً حَسَنَةً كَانَ لَهُ أَجْرُهَا وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بَعْدِهِ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْتَقِصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا، وَمَنْ سَنَّ فِي الإِسْلاَمِ سُنَّةً سَيِّئَةً كَانَ عَلَيْهِ وِزْرُهَا وَوِزْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بَعْدِهِ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْتَقِصَ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْئًا"[101].هەر کەسێك لە ئیسلامدا ڕێگەیکی چاك دابێنی چاکە و پاداشتی دەدرێتەوە و ئەو کەسەش کە شوێن ئەو ڕێگەوڕێچکە باشە دەکەویٚ چەندە سودی قیامەتی دەستدەکەویٚ داهێنەرەکەش ئەوەندە سودی دەستدەکەویٚ

---

٩٧- الوجيز في أصول الفقه، للدكتور عبد الكريم، ١٦٠، نشر دار إحسان، الطبعة الخامسة،(١٤٢٠هـ ٢٠٠٠م-.

٩٨- سورة البقرة الآية: ٢٢٨.

٩٩- علم أصول الفقه، عبد الوهاب الخلاف، خرج آياته وأحادثه، محمد بشير حلاوي، ٢٥، دالر الكتب العلمية، الطبعة الرابعة.

١٠٠- الوجيز في أصول الفقه:١٦١.

١٠١- أخرجه أبو داود في مسنده، ٥٦/٢.و إسناده صحيح على شرط مسلم.

**لای خـوا مـادام بووەتـە هۆكـاری دۆزینـەوەی ڕێگـەی چـاكە و چـاكەكاری و پەپێچەوانەشەوە داهێنانی خراپیش.**

**سوننەت وەك زاراوە:**

**– لای زانایـانی فیقـه: واتـە ئەنجامـدانی سـوننەت لـە پەرستشـدا، ئـەو ڕێگەیەی كە لە دیندا ناسراوە ئەنجام دەدرێت و فـەرزیش نییـە، وەك نوێـژی سوننەت لە دوای نوێژە فەرزەكانەوە یان لـە پێشیانەوە، سـوننەت بـەم مانایـە پەرستشێكی خـوازراوە بكەرەكـەی پاداشـتی هەیـە لـەكردنی و سـزای نییـە لـە نەكردنیدا، هاوماناكانی (مستحب، مندوب، تطوع، نفل)[١٠٢].**

**– لای زانایانی فەرمووده: ئەوەی لە پێغەمبەری خواوە بۆمـان ماوەتـەوە لە قسە و كردار و بێدەنگ بوون لـە كارێك كـە لـە بەرچاویاكراوە نەفەرمویـەتی باشە نە خراپە، لە سیفاتی خەلقی یان خولوقی جا پێش بوون بە پێغەمبـەری وەك مانەوە لە ئەشكەوتی حیرا یان دوای بە پێغەمبەر بوونی[١٠٣].**

**– لای ئوسولییەكان: ئـەوەی لـە پێغەمبـەری خـواوە بۆمـان ماوەتـەوە لـە قسە و كردار و بێدەنگ بـوونی[١٠٤]، نموونـە بۆ گوفتـاری پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) وەك دەفـــەرمووێت:( إنمـــا الأعمـــال بالنيـــات) نموونـــەی كـــرداری ئـــەو هەڵسوكەوتەی پێغەمبـەر لـە پەرستشـەكاندا وەك چـۆنیەتی نوێـژكردن یـان دەستنوێژگرتن و شـۆردنی هەردووقاچـی تـا قولـەپێی و ئەنجامـدانی حـەجی ماڵی خوا.نموونەی بێ دەنگ بوونی، وەك كردنـی نوێـژی عەسر لـە غـەزوەی**

---

١٠٢–الفقه على المذاهب الأربعة، عبد الرحمن بن محمد عوض الجزيري (ت ١٣٦٠هـ–، ١/٦٠، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، الطبعة الثانية،(١٤٢٤ هـ ٢٠٠٣ م–.

١٠٣– الوجيز في أصول الفقه: ١٦١.

١٠٤– الوجيز في أصول الفقه: ١٦١.

بنی قورەیزە لای هەندێ لە هاوەڵان پێش ئەوەی بگەنە جێگە و نەکردنی لای هەندێکی تر تا گەیشتنە جێ.

## جۆرەکانی سوننەت لەو ڕووەوەی کە بە ئێمە گەیشتون:

زانایانی فەرموودەناس بەشێوەیەکی گشتی و بەیەکدەنگ لەسەر ئەوە کۆکن کە فەرموودە لە ڕووی سەنەدەوە دابەشدەبێت بەسەر دووبەشی سەرەکیدا کە بریتین لە(متواتر، آحاد) بەکورتی ئاماژە بە هەردووبەشەکەدەکەین:

١- متواتر: ئەو فەرموودەیەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لە هەمووچینێك ئەو ژمارە زۆرە گێڕابێتیانەوە کە عادەتەن ڕێکناکەوێ ئەو هەمووخەڵکە لە کاتی جیاواز جیاوازدا کۆ ببنەوە لەسەر شێواندنی ئەو فەرموودەیە و بە درۆ بیگێڕنەوە، ئەمیش دابەش دەبێت بۆ لەفزی و مەعنەوی.

حوکمەکەی: فەرموودەی متواتر زانستێکی یەقینی دەگەێنێ واجبە لەسەر موسوڵمانان پابەندبن بە حوکمەکەیەوە بەجۆرێ یەقینی ئەوەندە بۆ دروست ببێت وەك ئەوەی خۆی ئەو شتەی بینیبێت ، (قطعي الثبوت)، ئەم فەرمودانەش ژمارەکەیان ڕاوبۆچوونی زۆر لەم بارەیەوە هەیە کە ژمارەکەیان بەشێوەیەکی گشتی ناگەنە سەد فەرموودە.

٢- آحاد: ئەو فەرموودەیەیە کە گێڕەوەکانی (ڕاویەکانی) نەگەنە ئاستی متواتر لە هیچ جیلێکدا.

حوكمەكەی: ظني الدلالة يە، زانستی گومانـاويی دەگـەيێنیٚ، بە كۆدەنگی زانايـان واجبـە كـاركردن بـەم فەرمودانـە، ئـەميش سـیٚ جۆرە(مشـهور، عزيـز، غريب)[105].

## ئەو ئەحكامانەی لە سوننەتەوە وەردەگیرێن:

مەبەسـت بـەم ناونيشـانە ئەوەيـە كـە سـوننەت سەرچـاوەی دووەمـی تەشـريعی ئيسـلاميی پـاش قورئـان، ڕۆڵەكەشـی لـەوەدا دەردەكـەویٚ كـە ڕاستەوخۆ پلەوپايـەی لـەدوای قورئانەوەيـە، كەواتـە سـوننەت چ ڕۆڵكـی هەيـە لەسەر داڕشتنی ئەحكام؟ بەكورتی لـەم چـوار خاڵەدا ئـەوە نيشان دەدەيـن كە سوننەت چ ڕۆڵێكی هەيە لەسەر داڕشتنی ئەحكامەكان:

١- تأكيـد كـەرەوەی ئـەو حوكمانەيەكـە لـە قورئانـدا هـاتوون، وەك نەهيكردن لە ئەزيەت دانی دايك وباوك يان مەترسـی لەسـەر شايەتيدانی درۆ، يـان گـەورەيی تـاوانی كوشـتنی بەئەنقەسـت، ئەمانـە هـەمووقورئان نـەهی لێكردون سوننەتيش هاتووە تأكيدی كردووەتەوە و ئاستی مەترسـی گونـاه و تاوانەكەی دياری كردون.

٢- سوننەت هـاتووە ئـەو حوكمـەی لـە قورئانـدا گشتگيرە ئـەم كۆتوبەنـدی بۆدانـاوە وەك خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿مـن بعـد وصـية تُوصـون بهـا أو دَيـنٍ﴾ لێـرەدا وەسـيەت ڕەهايـەو ئەندازەكـەی ديارنييـە بـەلاٌم فـەرمووده ئـەو ڕەهاييـەی لەوەسيەتكردندا ديـاری كـردووە بـەوەی كـەنابیٚ وەسيەت لـە سـیٚ يـەك زيـاتر بێـت زيـاتر لـە سـیٚ يـەكی ئيعتبـاری بـۆ ناكرێـت"الثلـث والثلـث كثير"ياخود قورئان دەفـەرمووێت دەسـتی دز بـبڕن ديـاری نـەكردووە كاميـان و لـە كوێـدا ببڕێـت ﴿ والسـارق و السـارقة فـاقطعوا أيـديهما ﴾بـەلاٌم فـەرمووده

١٠٥- تيسر مصطلح الحديث، للدكتور محمود طحان، ١٩ودواتر، مكتبة الهداية.

دەفەرمووێت: دەستی ڕاست و لە مەچەکدا ببڕێت، یان گشتییە فەرموودە تایبەتی کردووە: وەك ئەوەی قورئان دەفەرمووێت: هەرچی مردووو خوێن هەیە حەرامە لەسەرتان،﴿حرِّمت عليكم الميتة والدَّم﴾ بەڵام فەرموودە لەم حوکمە گشتییەدا ماسی و کولەی لە مرداربووان جیاکردووەتەوە، جگەر و سپڵی لە خوێن جیاکردووەتەوە، عنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ:"أُحِلَّتْ لَكُمْ مَيْتَتَانِ وَدَمَانِ، فَأَمَّا الْمَيْتَتَانِ، فَالْحُوتُ وَالْجَرَادُ، وَأَمَّا الدَّمَانِ، فَالْكَبِدُ وَالطِّحَالُ"[١٠٦].

٣- قورئان بەکورتی وەك بنەما شتەکانی بەیان کردووە سوننەت هاتووە درێژەی پێداوە ڕاڤەیکردووە، وەك خوا دە فەرمووێت: ﴿أقِيموا الصلاة﴾ بەڵام ئاماژەی بە ژمارەی رکعاتەکانی نەکردووە[١٠٧].

٤- قورئان لەسەر شتێك بێدەنگ بووە بەڵام فەرموودە بڕیاری بۆ داوە، وەك باسنەکردنی میراتی نەنك، فەرموودە بڕیاری یەك لەسەر شەشی بۆداوە.

- **چەند پێوەرێك بۆ جوان حاڵی بوون لە فەرموودە:**

١- تێگەیشتنی فەرموودە لە ڕوانگەی قورئانەوە: ئاماژەمان بە وەکرد کە قورئان یەکەم سەرچاوەی تەشریعی ئیسلامییە، سوننەت ڕونکەرەوە و ڕاڤەکەری قورئانە بۆیە ئەگەر فەرموودەیەکمان بینی پێچەوانەی مانا ومەفهومی ئایەتێك وەسایەوە ئەوە ئەو فەرموودەیە لاواز و دروستکراوە.

٢- کۆکردنەوەی چەند فەرموودەیەك لە یەك بواردا: ئەگەر بینیمان چەند فەرموودەیەك باسی یەك شتیان دەکرد دەبێت هەمووئەو فەرموودانە

---

١٠٦- أخرجه ابن ماجه في سننه: ٢/ ١١٠٢، حديث رقم(٣٣١٤-.

١٠٧- علم أصول الفقه:٢٩-٣٠. وفي رحاب الأصول العشرين، محمد سعيد مرسي،٥٥، مؤسسة اقرأ، الطبعة الأولى(١٤٢٨هـ٢٠٠٧م-.

لێکۆڵینەوەیان لەسەربکرێت و پاشان بڕیاری دروستیان لێهەڵگۆزین و حوکم بدەین لە بارەی ئەومانایەی کە فەرموودەیەك بەتەنها لەو بارەوە دەیگەیێنیٚ، بۆ نموونە چەند فەرموودەیەك دەربارەی درێژی شەرواڵ یان جل و بەرگ هاتووە کە لە خوار قولەپێوە بێت، یەکێك لەوانە دەفەرمویێت: "ما أَسْفَلَ مِنَ الكَعْبَيْنِ مِنَ الإِزَارِ فَفي النَّارِ"[108] کاتێك کۆی فەرموودەکان دەخوێنینەوە مانا و مەبەستی ئەو فەرموودەیەمان بۆ دەردەکەویٚ کە مەبەست لە درێژی جل و بەرگ بۆ خوار قولەپیٚ بۆ فشە و دەعیە و فیز بێت، وەك دەفەرموویێت: عن عبدِ اللهِ بنِ عمرَ قالَ: قالَ رسولُ اللهِ (ﷺ)"مَن جَرَّ ثوبه خُيَلاءَ" لم ينْظُرِ اللهُ إليهِ يومَ القيامَةِ". فقالَ أبو بكرٍ: إنَّ أحدَ شِقَّيْ ثوبي يَسْتَرْخي" إلاَّ أنْ أتعاهَدَ ذلك منهُ. فقالَ رسولُ اللهِ (ﷺ) "إنكَ لستَ تَصْنَعُ ذلك خُيَلاءَ")[109] (ابن حجری عسقلانی و ئیمامی نەوەوی) یەکدەنگن لەسەر ئەوەی ئەم هەڕەشەیە بە قەیدی (فشە و فیزەوەیە) نەك بەتەنها لەبەر درێژی جل و بەرگەکە[110].

٣- زانینی هۆی گوتنی فەرموودەکە: وەك ئەو فەرموودەیەی کە د فەرمویێت:"أنتم أعلمُ بِأمر دُنياكم"[111] هۆی گوتنی ئەم فەرموودەیە

---

١٠٨- أخرجه البخاري: في كتاب اللباس: باب مَا أَسْفَلَ مِنَ الْكَعْبَيْنِ فَهْو فِي النَّارِ،١٨٣/٧، الحديث(٥٧٨٧-.

١٠٩- أخرجه البخاري،(٣٦٦٥-، و مسلم الحديث رقم: (٢٠٨٥-: إسناده صحيح على شرط الشيخين، وأخرجه الترمذى ٢٢٣/٤ ، رقم (١٧٣٠- وقال : حسن صحيح.

١١٠- تەماشای: إرشاد الساري لشرح صحيح البخاري، لأحمد بن محمد بن أبى بكر بن عبد الملك القسطلاني القتيبي المصري، أبو العباس، شهاب الدين (ت ٩٢٣هـ-،٤١٣/٨. المطبعة الكبرى الأميرية، مصر، الطبعة السابعة،( ١٣٢٣هـ-.

١١١- أخرجه مسلم. المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، لأبي زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (ت ٦٧٦هـ-،١١٦/١٥. دار إحياء التراث العربي – بيروت، الطبعة الثانية،( ١٣٩٢هـ-

ئەوەبووپێغەمبــەری خــوا(ﷺ) لەمەدینــە دای بــەلای کۆمــەڵێ خەڵکــدا کــە تــەلقیحی خورمایــان دەکــرد فــەرمووی(لــو لم تفعلــوا لَصَــلُح) کاتێــك خورمــا پێگــەیی خورمایــەکی خــراپ و ناشیرین بــوو وەك ســاڵان نەبووکــە تــەلقیحیان دەکرد، ئەم بەسەر هاتەیان گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) گوتیان گەر واوامان بکردایە وا دەردەچوو، فەرمووی (أنتم أعلمُ بِأمر دُنیاکم) لەم بەسەرهاتەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەمە ئیجتهاد بووە نەك وەحی، لە مەسەلەیەکی زۆر هەندەکیدابووە نەك هەمەکی، لەم فەرموودەیە ئەوە بەرچاو دەکەوێ کە ڕێنمایکردون نەك نەهی کردبێت ، بۆیە هەرگیز ئەم فەرموودەیە نابێت بکرێتە بەڵگە بۆ ئەوەی دین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە بە بیانووی ئەوەوە کە دەوڵەت کاروباری دونیا دەبات بەڕێوە و دین حەقی نییە بەسەر کاروباری دونیاوە، ئەمە تێگەیشتنێکی زۆر هەڵەیە بۆ دین، کە ئەمە بانگەشەی زۆریك لە خەڵکییە و سەر مەشقەکەیان عەلمانی و هەندێك بە ناو ڕۆشنبیرانن، کە ئەم تێگەیشتنە پێچەوانەی دەقی ڕشکاوی قورئان و فەرموودە دروستەکانی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).

**- دیلالەتی سوننەت لەسەر ئەحکامەکان:**

وەك ئامارەمان پێکرد سوننەت لەڕوی گێڕانەوە(سند)وە دووبەش بوو(متواتر و ئاحاد)، متواتر قەتعی و دلالەیە، آحادیش زەنی و دیلالەیە. لەو ڕوەوە لە قورئان دەچێ چونکە سوننەتیش دووەم سەرچاوەی تەشریعە.

– **قطعي الدلالة:** وەك ئەم فەرموودەیە( بني الإسلام على خمس..) وشەی پێنج هیچ مانایەکی تر وەرناگرێت غەیری ژمارە پێنج نە بێت.

–**ظني الدلالة**: ئەوەیە کە وشەکە زیاتر لەمانایەك وەربگرێت وەك:(لا صلاة إلا بفاتحة الكتاب) ئەم فەرموودەیە قابلی زیاتر لە مانایەکە دوومانا

وەردەگرێت، یەکەم: نوێژی دروست و صحیح و پاداشتدار نییە مەگەر بە خوێندنی سورەتی فاتحە نەبێت، ئەمە بۆچوونی کۆی زانایانە، دووەم: دەکرێت بەمەست بێت بە جۆرێك نوێژی تەواو ئەو نوێژەیە کەسورەتی فاتحەی تیادەخوێنرێت، ئەمەتەنها بۆچوونی حەنەفییەکانە[112].

- المرجع:

وشەی (مرجع) چاوگی وشەی (رجع) و لەبابی (فعل یفعل) وەك سیبویە دەڵێت: بە کەسرەی میمەکەی، یاخود ئیسمی مەکان بێت، بەمانای گەڕانەوە بۆ سەر چاوگێگ. وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إلى الله مرجعكم﴾[113].

- المسلم:

هەرکەسێك کە بەتەواوی و بەجوانی ملکەچی فەرمانی خوا بووبێت و قەبوڵی بڕگە بەبڕگەی شەرعی خوای کرد بێت، هەمیشە قورئان و فەرموودە بەسەرچاوەی چارەسەر بزانێ بۆ نەهێشتنی ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵگە ئەوە موسوڵمانانی تەواوە:﴿وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ﴾[114] واتە: کێ لەو کەسە باشترە کەڕووی کردبێتە خوا و ملکەچی فەرمانی بێت و چاکەکار و پاك و چاك بێت، ئەم ملکەچی و تەسلیم بوونەش بە شێوەیەکی ئازادانە بێت و لەسەر ڕەزامەندی و بەقەناعەتی خۆی بێت، بەبێ نواندنی ڕازی بوون بە دینی خوا هەرگیز کەس داخلی بازنەی ئیسلام نابیت و ئەو کەسە پێناگوترێ موسوڵمانان:﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ

---

١١٢- الوجيز في أصول الفقه: ١٧٧.

١١٣- سورة المائدة: ٤٨.

١١٤- سورة النساء: ١٢٥.

﴿بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾[115] ئەگەر ڕازی نەبێت بەوەی کێشەکانی بگێڕێتەوە بۆ دووسەرچاوەی تەشریعی ئیسلامیی کە قورئان و سوننەتە، ڕازی نەبێت بەوەی کە پێغەمبەر حاکم و پێشەواو موشەرع بێت هەرگیز پێی ناگوترێ موسوڵمانان بابەدرێژایی شەو شەونوێژبکات و بەدرێژایی ڕۆژیش بە ڕۆژوژ بێت([116])، دەکرێت ئیمانی بەخوا هەبێت لەو ڕوانگەیەوە خوا دروستکەری بوونەوەرە، قسەمان لەوەنییە لێرەدا.

- الاحکام:

ئەحکام کۆی (حکم) واتە: تەواوی ئەو فەرمان ونەهییانەی کە لە قورئان و فەرموودەی صەحیحدا هاتوون.

## چۆنیەتی گەڕانەوە بۆ ئەم دووسەرچاوەیە :

قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) تەواوی بنەماکانی چارەسەرڵ و حەرامیان لەخۆگرتووە، و هەرچی حوکمێك كە پەیوەندی بەکاروباری کەسی بەربارەوە هەبێت ئاماژەیان پێکردووە، وەك(حەرام، چارەسەرڵ، موباح، سوننەت، مەکروه)کاروباری تەواوی مرۆڤەکان بەدەرنییە لە یەکێك لەم حوکمانە، بۆ ئەوەی بەجوانی و بەباشی لەم حوکمانە تێبگەین دەبێت ڕێگاکانی گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت بگرینەبەر، لەوانە:

---

١١٥- سورة النساء: ٦٥.

١١٦- سیستمی سیاسی ئیسلامی، مامۆستا ناصری صبحانی، دەزگای بەرهەم.

١- ڕاستەوخۆ گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت:

ئەوەی کە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دووسەرچاوە دەبێت ئەهل بێت و زاناو وشیار بێت بە تەواوی وردەکاریەکانی قورئان و فەرموودە، ئەوکات ڕاستەوخۆ ئەحکام و یاسا لەو دووسەرچاوە وەردەگرێت و دەیکاتە چارەسەری گرفتەکانی ناو کۆمەڵگە، وەك خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴾[١١٧] گەڕانەوە بۆلای خوا و پێغەمبەری خوا واتە: گەڕانەوە بۆ قورئان و فەرموودە، کەسی زانا و وشیار واتە: ئەو کەسەی کە دارای عیلم و زانست بێت و توانای تێگەیشتنی ئەحکامی هەبێت لە قورئان و فەرموودە.

٢- گەڕانەوە بۆلای زانایەك، گەڕانەوەی ناڕاستەوخۆیە:

ئەوەش کەسێك کە خۆی ناتوانێ بەتێڕوانینی بۆ ئایەت و فەرموودە حوکمێك دەربهێنێت و وەڵامی تەواوی دەستبکەوێت ئەوسا دەگەڕێتەوە بۆلای زانایەك کە ئەهلی زیکر و پرسیارلێکردن بێت و پسپۆر بێت لە کارەکەیدا، ئەم گەڕانەوەیش بۆلای زانایان و پسپۆڕان حاڵی زۆرینەی ئومەتە، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾[١١٨]

-چۆن لە قورئانی پیرۆز تێبگەین؟، (ويُفهمُ القرآنُ طبقاً لقواعدِ اللغةِ العربيةِ من غيرِ تكلُّفٍ ولا تَعسُّفٍ). تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز دەبێت بە ڕێساکانی ڕێزمانی عەرەبی بێت بەبێ هیچ زۆر لەخۆکردن و زیادەڕەوی و کوێرانە هەنگاونان، چونکە قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە:﴿ إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا

---

١١٧- سورة النساء: ٥٩.

١١٨- سورة النحل: ٤٣.

لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾[119] بۆیە پێشەوای ڕاڤەکەرانی قورئان (مجاهد) دەڵێت: حەرام و نارەوایە بۆ کەسێ کە ئیمانی بە خواو ڕۆژی دوایی هەبێت و ڕێساکانی ڕێزمانی عەرەبی نەزانێ دەم بکوتێت لە تەفسیر کردنی ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، لێرەوەیە کەسێ کە دەیەوێ ڕاڤەی ئایەتێك بکات دەبێت دارای ئەم چەند زانستە بێت، (نەحو، صرف، معانی، بیان، بدیع، عروز، قافیە، لوغە، ئینشا، خط، محازەرە، ئەدەب)، ئەمانە زانستەکانی عەرەبین، کە لەم بیتە شعرەدا کۆکراونەتەوە:

(نحو، وصرف، عروض، ثم قافية، وبعدها لغةٌ، قَرضٌ[120]، وإنشاء،

خط، بيان، معان، مع محاضرةٍ و الإشتقاق لها الآدابُ و أسماءُ) ئەمانە هەمووڵەوشەی عەرەبی دەکۆڵنەوە و هەندێکی تر لەو زانستانە کە گرنگە بۆ کەسێ کە دەیەوی ڕاڤەی قورئان بکات، زانستی (سبب نزول، علوم قورئان، ناسخ و منسوخ، زانستی ئوسول فقه، زانستی کەلام).کە ئیمامی قورتبی لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: پلەوپێگەی زانایانی زانستی کەلام نزیکە لە پلەوپێگەی پێغەمبەرانەوە، چونکە پێغەمبەران بۆ گەیاندنی ڕاستیەك ڕەوانەکراوەن کە ناساندنی خوای پەروەردگارە بەگەلەکەیان، زانایانی زانستی کەلامیش هەر ئەو کارەدەکەن. لەسەروی ئەمانەشەوە دەبێت زۆر لەخوا ترس و ژیر بێت و ئاگای لە کۆمەڵێ زانستی تر بێ کە لە هەر سەردەمێکدا دەردەکەون، چونکە ڕاستەوخۆ قورئان جۆرێ لە جۆرەکان باسی

---

١١٩- سورة يوسف: ٢.

١٢٠- زانسێکە کە لەوشە بە وشەی شیعر دەکۆڵێتەوە، لەو ڕووەوە ئایا ئەم وشەیە جوانە دانراوە یان نەگەنجاو و ناشایستەیە.

**لـیٚ وەكـردون دەكـریٚ لەسـەردەمیٚكدا دەركیـان پیٚنـەكریٚ لەسـەردەمیٚكی تـردا دەرك بكریٚن.**

**چۆن لە فەرموودە تیٚبگەین: بۆ تیٚگەیشتن لـە فـەرموودە دەگەڕیٚنـەوە بـۆ لای پیاوانی باوەڕپیٚكرا و سیقە و پسپۆڕی فەرموودە ناسەكان.**(ویُرجعُ في فهـمِ السُّنَّةِ المُطهَّـرةِ إلى رجـالِ الحـديثِ الثقـات) **كەواتـە: فـەرموودە لـە هەموكـەس وەرناگیریٚـت لـەو پیاوانـە نـەبیٚت كـە ژیانیـان دیـار و ڕوونـە، نـەك ئـەوەی كـە ناشەرعیان لیٚ نەبینراوە بەڵكوناعورفیشیان نـەكردووە، لەگـەڵ هـیچ كەسیٚك و هــیچ دروســتكراویٚكی خــوا درۆیــان نــەكردووە، ئەمــە لــەڕووی ئــەخلاق و ســلوكەوە، لــە ڕووی لــە بــەركردن و حیفــزەوە زۆر تۆكمــەو دانوســقەو كــەم ویٚنەبوون، لەڕوی ئەداوە هیچ تیٚكەڵی و پیٚكـەڵیان لـیٚ نـە بیسـراوە هـەرئاوا لـە ناو خەڵكدا ناسراون، لە نموونەی ئەو جۆرە پیاو و مەردانە (ئیمـامی بوخـاری ئیمـامی موسـلم، ترمـذی، نسـائی، ابـن ماجـە، ابـو داود، مالـك، ابـو حنیفـە، شافعی) (ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لەسەر بیٚت).**

## چی فێر دەبین لەم بنەمایە؟

بـۆ ئـەوەی ئـەم بنەمایـە وەك تـەواوی شـتەكانی تـر تـەنها نەبێتـە خانەیـەكی زانیـاری و لامـان كۆببێتـەوە، دەبێت بیخەینـە قاڵبی كاركردنـەوە و تەواوی كارەكانمان بـەوجۆرە بەڕێكـەین، كـە ئـەم بنەمایـە ئامـاژەی پێكـردووە، ئەمەش چەند پێشنیارێك بۆ بەگەڕخستن و بەرجەستەكردنی ئـەم بنەمایـە لـە ژیانماندا.

١- پێویسـتە لەسـەر هـەر یەكـەمان كـە بـەردەوام لـە خزمـەت قورئانـدا چـۆك هەڵدەین و بیخوێنینەوە لەبەری بكەین و لێی تێبگەین، چەندە بۆمـان دەكرێت ڕۆژانە ئەم خشتەیە جێبەجێبكەین.

خشتەی ڕۆژانە لە خزمەت قورئاندا.

| ڕۆژانـە پێـنج ئایەت | مانـــــــا، و تصریف | شیكار، إعراب | ئەحكام | سبب نزول |
|---|---|---|---|---|
| خوێندنەوە | ووشەكانی | ڕســـــــتە بەڕستەی | ئیمـــــــان، تزكیـــــەی نفس، فیقهی | هـــــــۆی دابەزانـــدنی، هتد |

( پێـنج ئایـەت بخوێنینـەوە، پاشـان مانـای وشـەكانی فێـرببین، دواتـر هـەر وشـەیەك بیگێڕینـەوە سـەر ڕیشـە بنەڕەتیەكـەی، پاشـان شـیكاری ڕسـتەكانی بكـەین واتـە إعرابـی بكـەین، دواتـر سـەبەب نزولەكـەی بـزانین، پاشـان چ چـۆرە حوكمێكمان دەداتیٚ، عەقیدەیە یان تەزكیـەی نـەفس، یـان ئـەحكامی ڕۆژانـەی فیقهـی، بـۆ ئـەم كـارەش ئـەم تەفسـیرانە بـەكار بێنـە، تەفسـیری ئاسـان، مانـاو

وشه، تەفسیری فی ظلال تەزکییەی نەفس و بزاوتن، تەفسیری قرطبی، یاخود نامی بۆ ئەحکام، تەفسیری منیر، یاخود نوور ، بۆ شیکار، ابن کثیر بە کوردی یان بە عەرەبی، بۆ سەبەب نزول و هتد.

٢- گرنگە هەمیشە قورئانی بژین و قورئان لە ماڵ و لەدڵمان و لە جێگەی کارماندا هەبێت.

٣- نەکەی تەفسیری ئایەتێك بکەی زانیاریت لەسەری نەبێت یان پەیڕەوی ئەو خشتەی سەرەوەت نەکرد بێت.

٤- گرنگە موسوڵمانان ئاگاداری زانستی فەرموودەبن، بەتایبەتتر، زارا وەکانی وەك:(متواتر، آحاد، مشهور، غریب، عزیز، صحیح، حسن لذاته ، حسن لغیره، ضعیف، مرسل، منقطع، معضل، مدلس و بەشەکانی، مضطرب، مقلوب، شاذ، منکر، متروك، معلعل،...).

٥- پێویستە موسوڵمانان عەرەبی بزانن، چونکە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ تێگەیشتنیان لە قورئان و فەرموودە، بۆیە هەر جۆرێك هەیە دەبێت فێری ڕێزمانی عەرەبی ببین، بەلایەنی کەمەوە سەرەتایەك لە نەحو، صرف، بلاغە... بزانین، وەك نامی دەڵێت:

(بێ صەرف و نەحو، دەس نادا بۆ کەس ... فامی ئەساسی دینی موقەددەس) ئەگەر وانەبێت ئیتر دنیایەك لە فتوای نابەجێ و ناڕەوا بەدەم خەڵکییەوە دەبیسترێ و دەبێتە هۆی بەرپابوونی ناکۆکی و دووبەرەکی لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش لەڕوانگەی ئەم قاعیدەوە کە دەفەرموێت:( **ما لا یتم الواجب إلا به فهو واجب)**.

٦- هەمیشە دەبێت دانیشتنەکانمان کۆڕی زانست و زانیاری بن، بەداخەوە ئەمڕۆ ئەوەی لە دانیشتنەکانماندا نەبێت باس و خواسی زانستییە.

٧- ئەم بنەمایە بەجوانی و بەکورتی ڕێگاکانی چۆنیەتی گەیشتن بە حوکمە شەرعیەکان و سەرچا وەکانی تەشریع و پلە بەندیەکەی بۆ ڕوونکردینەوە، لادان لەمە لادانە لە تێگەیشتنێکی دروست بۆ ئیسلام و سەرچاوە زولاڵەکانی، بۆیە ئەم بنەمایە دەربازمان دەکات لە بە فیڕۆدانی کات و خۆخەریك کردن بە شتانێك کە دورمان دەخاتەوە لە گەیشتن بە حوکمێکی دروست بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا.

# بنەمای سێیەم

## سکونەتی ئیمان و جولەو نووری عیبادەت.

وللإيمانِ الصادقِ، والعبادةِ الصحيحةِ، والمجاهدةِ، نوور وحلاوةٌ يَقذفُها اللهُ في قلبِ مَنْ يَشاءُ مِنْ عِبادِه، وَلكنَّ الإلهامَ، والخواطرَ، والكشفَ، والرُّؤَى، ليست مِنْ أدلةِ الأحكامِ الشرعيةِ، ولا تُعتبر إلا بشرطِ عدمِ اصطدامِها بأحكامِ الدِّينِ ونصوصِه.

..............................................

**پوختەی بنەماکە**

باوەڕی ڕاستەقینە و پەرستشی دروست و تێکۆشان، نوور و شرینی هەیە و خوای گەورە دەیخاتە دڵی ئەو کەسانەوە کە دەیەوێت لە بەندەکانی، بەڵام ئیلهام و سەرنج و ڕازەکان و بۆدەرکەوتن و خەونەکان نابنە بەشێك لە ئەحکامە شەرعیەکان، هیچ ئەحکامێکیان لەسەر بوونیاد نانرێت ئەگەر دژایەتیان لەگەڵ دەقە شەرعییەکاندا هەبێت.

## دەروازەی چونەناو بابەتەکە:

مەحوی ئاسا:

چرایەك نووری بێچونی مومیدی بیٚ، دەبیٚ وابیٚ،

چرایەك دەستی قودرەت خۆشی کا، بۆ تا ئەبەد مانە[121].

مەملەکـەتی نـوور و دڵـی عـارفێکی میحرابنشـین و کـوخێکی پـڕ لـە سکونەت و تێکۆشەرێك لە عاشق ڕاستگۆتر هـەر دەبیٚ وابیٚ، دڵـی گـۆزەی پـڕ لە شیلەی هەنگوینی تازەساڵ بێت، ڕاز ونیازی کەس پەسەند ناکات، چونکە ئەو پەروانە ئاسا بە دەوری گوڵی ڕوگەی هەمیشەیی خۆیدا تەواف دەکات، گوێناداتە هیچ لۆمەیەك تەنها لە جیهانەکەی خۆی نەبێت، جیهانێك لێوان لێو لە ناسکی، سادە هێندەی سروشتی منداڵێك پاك، هێندەی ڕۆح و بالآتر تا ئاستی مەلائیکە، ئـاخر ئـەو دڵ و نەفسـی موتمەئینـە، ئاوێزانـە بـە دەریـای بەصیرەت و تـا ئەبەد مانە، ﴿ يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ (٢٧) ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَرْضِيَّةً ﴾[122] ئاخر گەڕانەوە هەمیشە لـە مەلـەکوتی عاشقاندا چونەپێشـەوەیە و نوێکردنـەوەی پەیمانـە، ئـەم گەڕانەوەیـە وادەکـات بـاڵای عابیـدان هێنـدەی تەمەنیان درێژ بێت، ئاخر ئەم سکونەت و موتمەئینیە ئەم دڵە کە قودرەتی بیٚ چـون پـڕی لـە شـیرینی ئیمـان کـردووە هـەر دەبـیٚ وابـیٚ، و ئـارامی تـەنها بـە ئەحکامی ئەوبیٚ، لە لۆمـەی لۆمـەکاران هـیچ بـاکی نـەبیٚ، بـەحری نـوورە دەبـیٚ

---

١٢١- دیوانی مەحوی، قەصیدەی بەحری نوور.

١٢٢- سورة الفجر: ٢٧-٢٨.

مەلەوانەکەی عارفێکی نوورانی بێ، جیهانی پەرستشە دەبێ سوارچاکەکەی تەنها ڕووی لە خوابێ، چۆن نمایان نابێ دڵێ کە لەنێو هەردووپەنجەی ڕاستی قودرەتی خالقی ئەکوان بێت کە هەمووجودی ڕاستە؟! ئاخر چۆن وانیە ئەم نەفسە نە بەکردەوە لە خوا دوورە نە بە دڵ بێ ئاگا لە خوا، جیهانی پاکی بەندەکان زۆر لێکچوی جیهانی صەفای فریشتەکانە و هیچ شتێکی تر نییە لەو بچێت، ئەم پاکیە نەك تەنها لە خۆیدا حەشاری دابێ و گوناه نەکات نا، بەڵکوبووەتە نوور و بە دەوروبەریدا پەخش دەبێت.

- **پێوەری ڕاستەقینە لەبەردەم خەیاڵاتی مرۆڤدا**

پێوەری ڕاستەقینە لەبەردەم داخوازییەکانی دەروندا، بریتیە لە: پەرستشێکی ڕاستەقینە و ئیمانێکی دامەزراو، دورەپەرێزی لە شتانێك کە لە ئیسلامدا بەسەرچاوەی تەشریع هەژمارنەکراوە، هەر بۆیە ئەم بنەمایە وەك پێوەرێکی یەکلاکەرەوە ئەو لایەنەمان بۆ کەشف دەکات کە لە ئیسلامدا ئیعتباریان نیە و نابێت وەك سەرچاوەیەك تەماشابکرێن، زۆرن ئەوانەی لە ئەمڕۆدا لایانداوە لەم ڕاستییانە تائەو ڕادەیە ئەم سەرلێتێکچوونە بووەتە هۆی ئەوەی کە بیرکردنەوەیان بۆ خالقییەت و رازقییەتی و ژیێنەری و مرێنەری خوا سەلبی بێت و لە ڕەوشت و سلوکیاندا رەنگ بداتەوە، بەجۆرێ لە هەڕەشە و چاوسورکردنەوەی مرۆڤانێکی وەك خۆیان ئۆقرەیان لێ ببڕێ و بە تەواوی خۆیان تەسلیمی ئەو جیهەتەی غەیری خوا بکەن، بۆیە لە قسە و کردەوەیاندا ڕێگایان لێتێکدەچێ و دەچنە ریزی لە ناوچووان و خەسارۆمەندانی دونیا و قیامەت، گەوهەری ژیان و هەلی تا ئەبەدی قیامەتیان هەڕاج دەکەن و دەیدەن بە شتانی کەم بەهاو بێنرخی دونیا، لەم ڕوانگەوە خۆیان دەخەڵەتێنن و خۆیان دەدەنە دەستی ئارەزو وەکانیان:

١- وابیردەکەنـەوە کـە لـە ڕێگـەی ئیلـهامات و خـاترات و دەرکـەوتن و کەشـفەوە پێوسـیتیان بـە گەڕانـەوە بـۆ قورئـان و فـەرموودەو دیراسـەکردنی کتێبە عەقائدی و فیقهی و پەروەردەییەکان نابێت، بەجوانی قورئان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە پێوەری ڕاستەقینە بۆ ژیان کامەیە، وەك دەفەرمووێت: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابوالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾[١٢٣] ئەوەی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە خوای گەورە مرۆڤی بێ نییازکردووە لەو شتانەی کە بەلای نەفس و دەرونەوە دەکرێنە سەرچاوە و پێوەر و ئیعتباریان پێدەدرێت، ئەوەی لای شەرعی خوا و عەقڵی سەلیمەوە پێوەرە و موعتەبەرە پێغەمبەرانن بەوتە و کرداریان و کتێبە ئاسمانییەکان، کە ئێستا بەرجەستەن لە قورئان و قورئان نوێنەریانە و خوا پەسەندییەتی بۆ بەرنامەی ژیان، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێت: دووشتم بۆ بەجێهێشتوون هەرکەس دەستیان پێوە بگرێت و کاریان پێبکات گومڕا و سەرلێشێواو نابێت لە ژیاندا:" إني قد خلفت فيكم شيئين لن تضلوا بعدي أبداً ما أخذتم بهما، وعملتم بما فيهما: كِتَابَ اللَّهِ وَسُنَّتِي..."[١٢٤].

٢- پشتبەستن بەکەسانی تر جا مردوو بێت یان زیندوو: زۆرن ئەوانەی بە بیانووی ئەوەوە کە خۆیان گوناهبار و کەمتەرخەمن بەرامبەر بەخوا و پێغەمبەری خوا، دورن لە ئەداکردنی واجباتی سەرشانیان، پشت بە کەسانی تر دەبەستن، وەك ئەوەی لە مەسیحییەتدا پشت بە (صكوك الغفران) دەبەستن، و گروپێکی تریش هەن پشت بە سینەزەنی و زیارەتی ئیمامەکانیان و کەربەلا و نەجەف و چەندان بیر و باوەڕی جۆراوجۆر

---

١٢٣- سورة الحديد: ٢٥.

١٢٤- أخرجه الحاكم، رقم:(٣١٩-، والبيهقي في السنن الكبرى، رقم:(٢٠١٢٤-، والطبراني في الكبير ، رقم:(٢٦٨١-

دەبەستن، گوایە دەبێتە هۆی سڕینەوەی گوناهی ساڵی ڕابردو و چیان کردووە خوا لێیان خۆش دەبێت، یاخود چوونەسەر قەبران و پاڕانەوە لە ئێسکوپروسکی مردووی چەندان ساڵە و لەملکردنی پەڕۆی سەوز و سور و سپی، هەر یەکەیان بۆ لابردن و سڕینەوەی جۆرێ لە گوناه و پارێزگاری کردنی کەسی بەکاربەر، لە قەڵەمی دەدەن و کۆمەڵێکی تر بەناوی گوێڕایەڵی وەلی ئەمر فەرمان بەرداری کەسانی ستەمکار و دور لە قییەمی ئیسلامیی و ئینسانی دەکەن و بە عیبادەتیشی دەزانن و دەرچوون لە فەرمانی بە گوناهی گەورە دەژمێرن.

- **کاکلەو پوختەی بنەماکە**

**الإيمان الصادق:** ئیمانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە: بەزمان ئیقرار بکەی و ئیمان لە دڵداجێگربێت و بە کردەوە نیشانی بدەی.

جمهوری زانایان لەسەر ئەم پێناسەیە بۆ ئیمانی تەواو یەکدەنگن، کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئیمان گوفتار و کردار و نییەتە و هیچ یەکێ لەمانە بێ ئەویتر نایانکرێت، هەر وەك چۆن ئیمامی شافعی وای فەرمووە، کە تەواوی هاوەڵان و تابیعین لەسەر ئەم بۆچوونە بوون، زۆرێك لە ئایەت و فەرموودەمان هەن کەپشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەن خوای گەورە دەفەرمووێت: ئەوانەی کە تەنها بەزمان ئیقرار دەکەن و دانی پێدادەنێن کە ئیماندارن ئەوانە ئیماندار نین ئەوە تەنها قسەیە و هیچی تر:﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَمَا هُمْ بِمُؤْمِنِينَ﴾[١٢٥] ئەمانە تەنها بەزمان گوتوویانە ئیمانمان هێناوە بە خوا نە لەدڵدا ڕاست دەکەن و نە کردەوەیان شاهیدیان بۆ دەدات.

---

١٢٥- سورة البقرة: ٨.

- هەر وەك چۆن تەنها گوتن بەزمان مرۆڤی پێنایەتە ڕیزی باوەڕدارانەوە، هەرواش بە زانین و مەعریفەی قەلبیش مرۆڤ نایەتە بازنەی ئیماندارانەوە، دەبێت لەگەڵ زانین و مەعریفەکە ئیقراری زمانیشی لەگەڵ بێت، وەك خوای گەورە سەرگوزەشتەی فیرعەون و گەلەکەیمان بۆ باسدەکات کە حەزرەتی موسا پێی فەرموون: و الله تۆ باش دەزانی کە کەس ناتوانێ ئەو موعجزانە بێنێتەدی مەگەر تەنها خالقی ئەرز و ئاسمانەکان نەبێت، تا ببنە مایەی بەرچاو ڕوونی بۆ خەڵکی، دەی باش بزانە ئەی فرعەون تۆ لە ناو دەچی:﴿ قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا أَنْزَلَ هَؤُلَاءِ إِلَّا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ بَصَائِرَ وَإِنِّي لَأَظُنُّكَ يَا فِرْعَوْنُ مَثْبُورًا﴾[١٢٦] ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە تەنها زانین کەس ناهێنێتە ناو بازنەی ئیمانەوە.

- هەروەها زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن ئەگەر کەسێ بە زمان ئیقراربکات ئیماندارە و لە دڵیشدا بڕوای وابێت بەڵام کردە وەکانی هەماهەنگ نەبن لەگەڵ گوتنەکە و بڕوای ناو دڵی، ئەوە ئەو کەسە بە سەرپێچیکەر و گوناهبار لای خوا دەناسرێ و بەرتەواوی هەڕەشەکانی قورئان وفەرموودە دەکەوێ، وەلەسەر ئەوەش یەکدەنگن ئەگەر کەسێ بە زمان و بیروبڕوای قەلبی و کردەوەی جوان بیسەلمێنێ ئیماندارە، ئەو کەسە دەچێتە بەهەشت و لە ناو ناز و نیعمەتی خوادا غەرق دەبێت، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیربێت کە کەسێ بەزمان گوتی ئیمانم بە خوا و بەرۆژی دوای هەیە لە دونیادا مامەڵەی ظاهری لەگەڵ دەکەین بڕیاری کافربوونی بەسەردا ناچەسپێنین، مەگەر گوفتار و کرداری پێچەوانەی ئەوە بێت کە دەیڵێت، وەك حاڵی زۆرینەی خەڵکی ئەم سەردەمە کە تێیکەوتووین، بەزمان ئیقراردەکات بەڵام بە فیکر و کردەوە سەد لە سەد پێچەوانەی ئیسلام

---

١٢٦- سورة الإسراء: ١٠٢.

دەجوڵێتــەوە، لــە بەرەیــەکی عــەلمانی ڕووت ماوەتــەوە دژی ئیســلام هــەنگاو هەڵـدەگرێت و پـلان دادەنێـت و ئیـدعای لادینـی خۆشـی ناکـات و دەشـڵێت ئیماندارم، ئەم جۆرە کەسانە دەدەینە دەست خوا و ئەوخۆی باش دەزانێ کێ بــە دڵ ڕاســت دەکــات و لەگــەڵ خــوا دایــە، بۆیــە پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) دەفـەرمووێت: فـەرمانم پێکـراوە بجەنگـەم لەگـەڵ کەسـانێکدا تائـەو کاتـەی شایەتوومان دێنن و ئیقراردەکەن کە خوا تاك و تەنهایە و محمد پێغەمبەر و نێراوی ئەوە، کە ئەمەیان گوت ئیتر ماڵ و گیان و ناموسیان پارێزراوە مەگەر بەحەقی ئیسلام نەبێت، واتە مەگەر کەسێ مافی کەسێ بخوات یان کەسێ بە ناحەق بیکوژێت، ئەوە ئیتر ئەوکاتە تۆڵەی لێدەسێنرێتەوە " أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ فَمَنْ قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ ، عَصَمَ مِنِّي مَالَهُ وَنَفْسَهُ إِلَّا بِحَقِّهِ ، وَحِسَابُهُ عَلَى اللهِ"[١٢٧] ئەمە ئەوەیە کە هاوەڵانی لەسەر پەروەردە دەکرا و توانییـان لـە ماوەیـەکی زەمـەنی کورتـدا گۆڕانکـاری بەسـەر جیهانـدا بێنن هـەزار و چـوار سـەد ساڵە ڕێگاکـەیان ڕووناکـە و خزمـەت دەکـەن، ئـەوان هــەرگیز جیاوازیــان نــەدەکرد لــەنێوان ئیقــرار بــەزمان و بیروبــڕوای قــەلبی و کارکردن، ئەوان ئەمەیان بە یەکپارچە دەزانی و وانەبوون کە تـەنها گوفتاریـان هەبێت و عەمەلەکەیان پێچەوانە بێت، یان ئەوەی کە لەناخیاندا پێچەوانەی ئــەوە بێــت کــە دەریــدەبڕن، ســوننەتی خــوایی وایــە هــەر گــەل و گــروپ و دەستەیەك وا جوڵانەوە حەتمەن لەلایەن خواوە سەرکەوتنیان بۆ دێت و دەبنـە حاجـەی کۆمەڵگـە و ئـەوان دەبنـە پارچـەیەکی جیانـەبوەوە لـە کۆمەڵگەکـەیان، خـوای گـەورە ئامـاژە بـە هەڵوێسـتیان دەکـات کـە چـۆن کـردەوە و گوفتاریـان دەرخەری ئەوە بووە کە لە ناخیاندا بوو:﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ

---

١٢٧- أخرجه مسلم في كتاب الإيمان: باب الأمر بقتال النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ محمد رسول الله، ، رقم الحديث(٣٥- والبيهقي ٢٠٢/٨، والدارقطني ٨٩/٢.

﴿ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ﴾[128] هەر ئەمەیە وادەکات کاتێك مرۆڤ پەیوەستبووبە خواوە ئەوە ئیتر هەر لەو لەحزەیەدا کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆی دەست کەوتووە، بێئاگایی لە خود و ونکردنی کەسایەتی و نامۆبوون لە ناخ و لە دەستدانی ماهیەتی مرۆڤبوون تەنها هۆکاری ئەوەیە کە لە خواوەدورە و خوای لەبیر نەماوە:

﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنْسَاهُمْ أَنْفُسَهُمْ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾[129] بۆیە دەڵێن: داننان بەهەڵەدا و خۆدانەدەست ڕاستی و گەڕانەوەی عابیدانە چوونە پێشەوەیە، چونکە هەربەخۆداچونەوە خۆیان دۆزیوەتەوە و خۆشکردنی نێوان خۆیان و خوایان بە پێوەری حەقیقی زانیوە نەك شتی تر.

## العبادة الصحیحة

پەرستشی دروست و تەواو بەروبوومی ئیمانی ڕاستەقینەیە، زۆرێك بە هەڵەداچوون کە جیاوازی ناخەنە نێوان دین و ئیمانەوە و کردەوە بەدین دەزانن نەك بەرهەمی ئیمان، ئەمە مەترسیدارترین مەرچارەسەرەیە کە مرۆڤ لە ڕووی فیکرییەوە تێیکەوێ، چونکە ئەگەر کردەوە دین بێت ئیتر موقەدەسی بۆ دینی خوا نامێنی، کە یەهودییەت لەم مەسەلەدا تێوەگلاون مێژووی گەلەکەیان بە موقەدەس دەزانن، عبدالکریم سروش یەکێکە لەوانەی کە تەبەنی ئەم جۆرە فکرەیەدەکات لەم سەردەمەدا، بەداخەوە بەناو ڕۆشنبیرەکانی ئێمەش خەریکە چاو لەوجۆرە بۆچوونانە دەکەن، بۆیە ئەم ناونیشانە (العبادة الصحیحة)، ناوێکی گشتییە بۆ هەر شتێك کە خوا پەسەندی بێ و پێی خۆش بێت واتە: مۆڵەتی کردنی یان خواردنی یان

١٢٨- سورة الحجرات: ١٥.

١٢٩- سورة الحشر:١٩.

خواردنەوەی دابێت یاخود لە گوفتار و کرداری بەندەکانیدا ڕەنگ بداتەوە، پەرستش کارێکی خوازراوی خۆشەویستە لای خوا، بۆیە تەواوی مەبەست لە دروستکردنی ئەم مرۆڤە شکۆمەندە تەنها و تەنها پەرستشی خوایە، هەر ئەم پەرستشەیە دەبێتە ڕۆحێکی نویێ و بەناو خەڵکیدا جارێکی تر خۆی نمایش دەکات و داوا لە مرۆڤ دەکات کە بۆ ئەبەد مانبێت، چۆن وانییە؟ چرایەك دەستی قودرەت خۆشی کا، بۆ تا ئەبەد مانە: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾[130] پێوەر بۆ خوێندنەوەی ئەوانیتر تەنها لە دووشتدا دەبینرێت، یا ئەوەتا لە گوفتاردا یاخود لە کردەوەدا بە هەر یەك لەم دووسیفەتە کە سیفەتی کرداری و گوفتارین دەتوانین مەعنەویەتی مرۆڤی چەندان ساڵەی لەمەوبەر بخوێنینەوە و ژیانیان لە بەشی ئیجابیان بەرجەستە بکەین و ئەزموونی سەلبیان دووبارە نەکەینەوە، ئەو کات ئیتر ئێمە دەبینە ئەو کەسە مەعنەویە کە بالآمان هێندەی ئەزموونی مرۆڤایەتی بەرین بێت، ئەزموونی ئیجابی بەندەکان تەنها لە پەرستشا دەردەکەویێ چونکە پەرستشی ڕاستەقینە و تەواو واتە: پەیڕە و کردنی فەرمانی خوا، هەر بۆیە تەواوی پێغەمبەران کاریان لەسەر ئەم بوارەبووە ئەویش تەنها بە ڕۆشنکردنەوەی ڕێگاکانی پەرستنی خوا بەشێوەیەکی دروست و دور لەدەرون و ویستی مرۆڤەکان، بۆیە دەرکەوتەی مرۆڤ لە پەرستشدا تەواوترین دەرکەوتەیە، ئێمە بتوانین لەوێوە ئاراستەی خۆمان دیاری بکەین، چون ئەمە ئەزموون و بانگەشەی تەواوی پێغەمبەرانە، ئیدی چۆن نابێتە کامڵ ترین پلە کەمرۆڤ پیبگات، ئەگەر پێغەمبەران تەواوترین وپاکترینی دروستکراوی خوابن و پێغەمبەری ئاخرکات سەرکردە و گەورەیان بێت، ئەوە چەندانجار خوا بە بەندە ناوی بردووە پلەی بەندایەتی خوای خەلآتکراوە، ئیتر چۆن جوانترین و باشترین

---

١٣٠- سورة الذاريات: ٥٩.

دەرکەوتـەی مـرۆڤ پەرسـتش نییـە، چـۆن وانییـە؟ چـرایەك نـووری بێچـونی مومیدی بێ، دەبێ وابێ.

**المجاهدة:**

خاڵی دەسپێك بۆ تێکۆشانی ڕاستەقینە لە داننـان بە تـەنهایی خـواوە دەستپێدەکات، هەرکات بەجوانی ئیقراری کرد لەسەر ئەوەی کە خوا تەنهایـە لە خالقییەت و لە پەرستندا، تەنهایە لـە گوێڕایـەڵی کردنیـدا و پەسـەندکردنی فەرمانــەکانی لــە هەمووکاتێکــدا، لــەکاتی بڕیــاردا ســەرەتاو کۆتاییەکــەی گێڕایەوە بۆ خوا و ملکەچی فەرمانی(أَلا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ)[١٣١] بوو، ئیتر بەسـەر پەیـڕەی تێکۆشـاندا سـەردەکەوێ و هـەنگاوی جـددی و دروسـتی نـاوە، بۆیـە هەرکـەس بیـەوێ تێکۆشـەرێکی ڕاسـتگۆ و دڵسـۆز بێـت دەبێـت لـە داننـان بـە ئولوهیەتی خـوادا نکوڵی نـەکات، چۆن دینداریێکە مرۆڤ بانگەشە بۆ ڕێگـای ڕاستبکات و لافی خزمەت بە مرۆڤایـەتی لێبـدات و بـڕوای بـە فەرمانڕەوایـەتی خـوا نـەبێت، واتـە: لـە پـاڵ گوێڕایـەڵی خـوا گوێڕایـەڵی بەرنامـەو ڕێچکەیەکی تربکات و بزانێ لە گوفتار و لەکرداردا ئەو ڕێچکەیە هەڵی بژاردوە پێچەوانەی ئایەتی خوا و فەرموودەی سەحیحی پێغەمبەرە(ﷺ)، بۆیە سەرەتا ترین پلـەی تێکۆشان داننانە بە ئولوهییەتی خوادا، دواتـر دەبێـت تێکۆشـەر مەردانـە بێتـە مەیـدان و هەسـتێت بـە ئـەنجام گەیانـدنی ئـەرکی سەرشـانی کـە ئـەداکردنی دادپەروەرییە لەناو کۆمەڵگەدا، واتە جڵـەوی چاکسازی بگرێـت لـەنێوان خـۆی و کۆمەڵگەکەیـدا وپاشــان پەیوەنــدی خــۆی و خــوا لــە ڕێگــەی نوێــژەوە لەسەرەتای کاتدا تۆکمە بکات و ئەو نوێژەش ببێتە هۆی ئەوەی کـە لـە خراپـە و تاوان دووری بخاتەوە، ئەنجا ئەو کەسـە کـارێکی چاك و پەسـەندی کـردووە

---

١٣١- سورة الأعراف: ٥٤.

و خـوا قبوڵیـەتی، ئەگـەر نـا نوێـژ لـە خۆیـدا کـاری باشـە (حسـن)ە، نـەك (عمـل صـالح) ئـەی کـەی دەبێتـە (عمـل صـالح)؟ ئـەو کاتـەی کـە(تنهـی عـن الفحشـاء والمنکـر)ە، هـەر ئەمەشـە خـوا پەسـەندیەتی چونکە خـوا دەفـەرموویت:﴿ إِلَيْـهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيب والْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ ﴾[١٣٢] ئەم بنەمایە بۆ تـەواوی فەریزە و ئاکارە ئیسـلامییەکان هـەر وایـە، ئـەوەتا ئەگـەر ڕۆژوویـەك نەبێتـە هۆکـاری تـەقوا و پارێزگـاری سـنوورەکانی خـوا و چاودێرێکی بـاش بەسـەر دەرونـەوە تـەنها مانـدووبوون و برسـییەتی بـۆ مـرۆڤ دەمێنێتـەوە، یـان حـەجێك نەبێتـە مایيـەی پاکبوونـەوەی گونـاه و تـاوان ونەگەڕانـەوە بـۆ دۆخـی پێشچـوون بـۆ حـەج، ئەگـەر زەکاتـدان نەبێتـە هـۆی سـڕینەوەی منـەت بەسـەر هەژارانـدا و پاککردنەوەی دڵ لە حەسودی و بەخیلی ناچنە بازنـەی (عمل صـالحه)وە هـەر لــە ئاســتێکدا دەوەســتێت و بەرزنابێتــەوە بــۆلای خــوا، بۆیــە تێکۆشــانی ڕاسـتەقینە ئەوەیـە گوفتـار و کردارمـان وابێـت کـە بـەرز بێتـەوە بـۆلای خـوا، لێرەوەیــە شــەیدایانی ئــەم ڕێگەیــە تــەنها بــەوەوە ناوەســتن کــە فــەرزەکانی سەرشــانیان ئــەنجام بــدەن و ئــیتر پــاڵی لێبدەنــەوە، بەڵکودەســتدەکەن بــە ئەنجامدانی سوننەتەکانیش بەکردنی یەك سوننەت بە مـەرجی تایبـەتی خـۆی پلــەیان لای خــوا بەرزدەبێتــەوە، تــاوای لێــدیَ هــەرگیز دەســت نابــات بــۆ ڕوخســەت، بەڵکوبــەردەوام مەردانــە ســنگ دەردەپــەڕێنیَ و بــە عەزیمەتــەوە ســەرقاڵ دەبێــت، هــەرگیز خــۆی بــە یــەکێك لەوانــە هــەژمارناکات کــە مۆڵــەتی شـەرعیی دەیانگرێتـەوە، وەك نـەخۆش و پـیرو منـداڵ و خـاوەن پێداویسـتی تایبەت، بەڵکوهەمیشە خۆی والە قەڵەم دەدات کە کەسێکی تەواوە و لـە پێنـاو گەیشـتن بـە لوتکـەی حەقیقـەت و ڕەزامەنـدی خـوا تێدەکۆشـیَ بـیَ گوێدانـە ماندوبوون، ئەوکات ئیتر بە فیکرو دڵ و دەروونەوە بە تێڕوانینێکی قووڵـەوە

---

١٣٢- سورة فاطر: ١٠.

مامەڵـە لەگـەڵ شـتەکانی دەوروبـەری دەکـات تـا ئـەو ئەندازەیـە لـە پشـت هەمووشتەکانەوە قودرەتی خوا دەبینێت و هەمووشتەکان بۆ ئەو دەلاقەیەکی نوێیە و لەوێووە نهێنیەکانی گەردوون دەبینێ و کەسانی تر توانای بینینی ئەو شتانەیان نییە، کە ئەم کەشفی کردوون و دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم کردوون، هەر ئەمەیە عابیدانی ڕێگای حەقیقەت شتانێك دەبینن ئەگەر باسی بکەن بۆ خەڵکی سەریان سوردەمێنێ و جاری واش هەیە بە شێت ناوزەدیان دەکەن، بەڵی موجاهید و تێکۆشەر ئەو کەسەیە کە بەردەوام دژی ئارەزو وەکانی دەروزنی دەوەستێتەوە وملکەچ ناکات بۆیان، ئیمانی ڕاستەقینە ئەوەیە کەباسمانکرد و پەرستشی ڕاستودروست دەبێت بە پێوەری شەرع بێت و تێکۆشانیش دەبێت بەو ڕێنمایانە بێت کە خوا و پێغەمبەری خوا قەراریان لەسەرداوە.

**ثمار الإيمان:**

ئیمان لە ژیانی ئیمەی موسوڵمانان‌دا شتێك نییە لە پەراوێزی ژیانماندا دامەننابێت، بگرە ئیمان جەوهەری ژیانمانە، نهێنی هێز و قووەتی مانەوەمانە، کرۆکی پەیام و پەیامداریمانە، بەبێ ئیمان نەژیان مانایەکی هەیە نە بوونمان مانا دەبەخشێ، چونکە هەمووکەسێ کلیلێکی پێیە بۆ کردنەوەی دەرگا داخرا وەکان، بە بێ ئەو کلیلە زەحمەتە بتوانێ بەئاسانی دەستی بگاتە نهێنییەکانی ئەودیوی دەرگا داخرا وەکان، کلیلی ئێمەی موسوڵمانان لە ژیانماندا بریتییە لە ئیمان، ئەوە ئیمانە دەرگا داخرا وەکانی بەختەوەری و ئارامیمان بۆ دەکاتەوە، ئەوە ئیمانە کەسایەتی و دڵفراوانی و سەخاوەتی و بۆ خواژیان و خاکی ژیانمان پێ دەبەخشێ، ئەوە ئیمانە دەبێتە چرای دەستمان و تاریکییەکانی دەرونمان کەشفدەکات، ئەوە ئیمانە وامان لێدەکات بەرامبەر هەمووئەو بزوێنەرانە کە دژی گەل و ئەخلاق و قییەمە بەرزەکانی ناو

کۆمەڵگەن بمان وەسێنێتەوە، ئیمانە وامان لێدەکات دژ بەتاریکی و نەزانی و تەوژمی پڕ لە قینی عەلمانی و هەڵمەتە چەواشەکاریەکانی شەیتان و دەروون دڕن بدەین و ڕووبەڕوویان بوستینەوە.

کاتێك لە کاروباری ڕۆژانەی ژیانی پەیامداریماندا کە باس لە گیانی ئیمانی دەکەین مەبەستمان ئەم ئیمانەیە وەك تۆوێك لەناو دڵ و دەرونماندا چەکەرەی کردووە و هەست و ویژدانمانی هەژاندوە، هەر وەك تۆوێکی پاك و چاك لە زەوێکی باش و چاکدا چەکەری کردووە، ئەم ئیمانە بووەتە گیان و جارێکی تر بە بەرماندا کراوە و بووەتە هێزی فیکر و ڕوناکی چاو و مەرەکەبی خامە و ڕەوونەقی بالاّ و ڕەوانی گوتە و قسەمان، ئەوەتا قورئان وا تەعبیر لەم ئیمانە دەداتەوە کە بووەتە ڕۆح و بە بەرماندا کراوە بەناو خەڵکی و بە بەرچاوڕونی و بەو نوورەوە لەناو کۆمەڵگەدا ژیان دە گوزەرێنین:﴿ أَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نورا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾[133] بەڵێ ئەو نوورە لە دڵی هەرکەسدا بێت بەرچاوڕونە لە تەواوی کار و گوفتاردا بەرچاو ڕوونە لە پلان و نەخشەدا، ئەو نوور و ئیمانە وادەکا لەمرۆڤ کە ئاگاداری جووڵە و ڕەوتی بەرامبەری بێ، هەر وەك چۆن ئەگەر گڵۆپێك لە ژورێکی تاریکدا بە دەست کەسێکی بیناوە بێت هەمووشتەکانی ئەو ژورە دەبینێت و ڕوناکیەکە یەکە بەیەکەی شتەکانی بۆ دەردەخات و هیچی لا پەنهان نییە، ئاوهاش کەسی دڵ و دەرون ڕۆشن بە ئیمان و بڕوا ئاگاداری تەواوی ئەو مەترسییانە دەبێتەوە کە لە هەڵسوکەوتی کەسانی بەرامبەرەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەر بۆیە بەردەوام عاریفان و عابدان لە کاردان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لەو مەترسیانە.

---

١٣٣- سورة الأنعام: ١٢٢.

**ولكن الإلهام، والخواطر، والكشف، والرؤى ، ليست من أدلة الأحكام الشرعية ولا تعتبر إلا بشرط عدم اصطدامها بأحكام الدين ونصوصه)**

**بۆ ئەوەی زیاتر ڕونكردنەوە بدەین لەسەر ئەم بەشانە دەبێت زیاتر لەسەر ئەم دەستەواژانە بووەستین لەوانە:**

## ١- الإلهام و الخواطر:

**ئیلهام: بریتیە لەو ختورەیەی كە خوای گەورە دەیخاتە دڵی هەر بەندەیەكیەوە كە خۆی ویستی لەسەربێت بۆ ئەنجامدانی كار و گوفتارێك یان نەكردنی:﴿ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا (٧) فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا ﴾[١٣٤] یان پێغەمبەری خوا دەفەرموێت لە دوعایەكدا:" اللَّهمَّ أَلْهِمني رُشدي، وأعِذْني من شرِّ نفسي"[١٣٥] هەر لەم بارەیەوە فەرموودەیەكمان هەیە كە باس لەوەدەكات مەلائیكە مرۆڤ ڕێنمایی دەكەن بەرەو باشە و بەڕاست زانینی پەیمانی خوای گەورە، شەیتانیش بەهەمان شێوە مرۆڤ ئاراستەدەكات بەرە و خراپە و خراپەكاری" إِنَّ لِلْمَلَكِ لَمَّةً، وَإِنَّ لِلشَّيْطَانِ لَمَّةً، فَلَمَّةُ الْمَلَكِ إِيعَادٌ بِالْخَيْرِ وَتَصْدِيقٌ بِالْحَقِّ، فَمَنْ وَجَدَهَا فَلْيَحْمَدِ اللَّهَ، وَلَمَّةُ الشَّيْطَانِ إِيعَادٌ بِالشَّرِّ، وَتَكْذِيبٌ بِالْحَقِّ، فَمَنْ وَجَدَهَا فَلْيَسْتَعِذْ بِاللَّهِ"[١٣٦]**

**لە فەرموودەی تردا هاتووە ئەگەر ئیمانداریك دوودڵ بوولە كردنی كارێكی خێردا بادووڕكعات نوێژی سوننەتی ئیستیخارە بكات تا دڵی بە لایەكدا دەكەوێ بە كردنی یان نەكردنی، ئەم یەكلایی بوونەوە جۆرێكە لە جۆرەكانی**

---

**١٣٤- سورة الشمس: ٧-٨.**

**١٣٥- أخرجه الترمذي: رقم (٣٤٧٩- في الدعوات، هذا حديث حسن غريب.**

**١٣٦- أخرجه البيهقي في الدعوات: رقم الحديث (٦١١-.**

ئیلهام بەڵام بە کۆدەنگی زانایان بە یەکێك لەسەرچا وەکانی تەشریعی ئیسلامیی دانانرێت.

- **پێوەری کارکردن بە ئیلهام**

دەکرێت هەندێ پێوەر هەبن کە هەندێکجار کار بە ئیلهام بکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی خێر نەك کەسەکە بڵێت: واهاتوە بەدڵمدا کارێکی نەشیاو حەرام یاخود پێچەوانەی سوننەت بکەم، ئەمانەی خوارەوە چەند پێوەرێکن لەم روەوە.

١-ئیلهام هەرگیز سەربەخۆ ئەحکامی لێپێك ناهێنرێت، و هەرگیز بەرزیش ناکرێتەوە بۆ حوکم کردن، و ناشبێت تایبەتێکی پێ بکرێتە گشتی و بە پێچەوانەشەوە، و ناشکرێت حوکمێکی ڕەها(**مطلق**)ی پێ موقەیەد بکرێت، بەڵگەی ئەم قسەیەشمان ئەوەیەکە زانایان بە کۆدەنگی لەسەر ئەوە موتەفیقن کە ئیلهام بەسەرچاوەی تەشریع دانانرێت.

لەم بنەمایەوە دەگەینە ئەم فەرعیاتانە.

- یەکێك ئیدعای ئەوە بکات بڵێت: لەگەڵ خوا ئەوەندە نزیك بوومەتەوە بە هۆی هەوڵدان و فەرمان بەرداریيەوە واهاتووە بەدڵمدا ئیتر خوا واجبێکی لەسەر لابردوم، وەك نەکردنی نوێژ بەیەکجاری یان لەکاتی خۆیدا، یاخود حەرامێکی بۆ چارەسەراڵ کردووم وەك خواردنەوەی عەرەق، ئەمە بەم قسانەی پێ بزانێ یاخود پێ نەزانێ لەدین دەچێتەدەرەوە.

٢- کەسێك بانگەشەی ئەوە بکات ئیلهامی بۆ هاتووە کە پێچەوانەی دەقێکی شەرعی بکات، یاخود بنەمایەکی گشتی شەرعی بشکێنێ و بیبەزێنێ، گومان لەوەدانییە ئەمە ئیدعای حوکمێکی تازەی کردووە زیاد لەوە کە لە قورئان وفەرموودە یان یەکێك لەسەرچا وەکانی تری تەشریعی ئیسلامی ئاماژەیان پێکرد بێت، ئەمەش بێ گومان وەهم و خەیاڵاتە لەلایەن

شەیتانەوە بۆی دروست بوە، وەك ئەوە بزانیٚ کە پۆشینی جل و بەرگی حەریر بۆ پیاو حەرامە بەڵام ئەو بیپۆشیٚ بڵێت: کورە دروستە نعمەتی خوایە ئەی بۆ خوا دروستی کردووە دەبێت بپۆشرێت، ئیبن حەجەری هەیتەمی دەڵێت: گومان لەوەدانییە کە ئیلهام لای تەواوی زانایان بە بەڵگەی شەرعی دانانرێت ئەگەر کەسێك لە فەرعیاتدا پشت بە ئیلهام ببەستێت بە گوناهبار ئەژمار دەکرێت.

٣- ئەگەر کەسێك بانگەشەی ئەوەبکات کە شتێك کەوتووەتە دڵیەوە ئیلهامی بۆ هاتووە لەسەر ئەنجامدانی کارێك بەڵگەیەکی شەرعیش نەهاتبێت لەسەر کردنی یان نەکردنی، ئەوە ئەوکاتە کەسەکە ئازادە کارەکە بکات مادام سەرپێچی خوا و پێغەمبەری خوا نییە، ئەگەر کەسێك لە شوێنێکدا نوێژی کرد و نەیزانی قیبلە لە کوێوەیە، هەوڵیدا دڵی بەلایەکدا کەوت و ڕووی کردە ئەو لایە کە بەلای ئەوە وە دڵنیایە قیبلە لەوێوەیە، مادام هەوڵی داوە و گەڕاوە و بیری کردووەتەوە ئەگەر نوێژی کرد و دوایی بۆی دەرکەوت پشتی لە قیبلە کردووە نوێژی ئەنجام داوە ئەوە نەك هەر گوناهی ناگات بگرە پاداشتیشی بۆیە چونکە هەوڵی و کۆششی کردووە بۆیە نوێژەکەی تەواوە و دروستە و نایکاتەوە، بەڵام ئەگەر ڕووی نەکردە ئەو شوێنە کە دڵی دامەزراوە لەسەری، دوایی بۆی دەرکەوت ڕاستی کردووە ئەمە قیبلە بووە، کە پێچەوانەی دڵدامەزراوییەکەیە دەبێت نوێژەکەی بکاتەوە.

٤- بۆچوونی ڕاست و دروست ئەوەیە بە هیچ شێوەیەك پشت بە ئیلهام نابەسرێت و وەك بەڵگەیەکی شەرعی قەبووڵ ناکرێت.

- **هەندیٚ لە ئیلهام فیراسەیە**

فیراسە نوور و بەرچاوڕونییێکە کە خوا دەیخاتە دڵەوە، کە دەبێتە هۆکاری جیاکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستی، حەق و بەتاڵ، (إن في ذلك لآيات

للمتــوسمين) زۆرێــك لــه ڕاڤەکــەرانی قورئــان متــوسمين يــان بــه (متفرســين) ڕاڤەکردووه، پێغەمبەری خواش له فەرموودەيەکيدا ئاماژه بەم ڕاستيه دەکات که دەفەرموويت:" اتَّقُوا فِرَاسَةَ الْمُؤْمِنِ، فَإِنَّهُ يَنْظُرُ بِنوور اللَّهِ"(١٣٧) بترسن له فيراسـەتی کەسـی موسـوڵمانان، چونکه خـوا نـوورێکی پـێ بەخشـيوه شـتانی زۆر دەرك دەکـات و ئێـوه نـاتوانن دەرکـی بکـەن، نـوور واتـه بەرچـاو ڕۆشـنی تێگەيشتن له پێشهاتەکان.

- **جۆرەکانی فيراسەت**

١- **الايمانيـه:** ئەمـه تايبەتـه بـه موسـوڵمانانەوه بـەردەوام ئيعـازی ڕاسـتی دڵنياکـەر دەدات بـه خاوەنەکـەی واتـه بەرچـاوڕوونی کەسـی موسـوڵمانانه کـه ئەمـه حاڵـەتێکی بەردەوامـه، هەرکەسـێ بـه ئيمـانێکی تـەواوەوه لەگـەڵ خـوا بەجوانی مامەڵه بکات خوا بێبەشی ناکات لەم ڕاستی و بەرەکەته.

٢- **رياضية:** به هەوڵدان و کۆمەڵێ وەرزشی تايبەت دەستدەکەوێ، لەوانـه خۆ برسيکردنی زۆر و تاقەتپروکێن که لـه ئيسـلامدا شـتی وا قەدەغەيـه، يـان گۆشەگيريەکی بێمانا و بەتەنها ژيان و دابڕان له خەڵکی و ناوکۆمەڵگە، کاتێك نــەفس خــاڵی بکــەی لــه داخوازييــەکانی، دەگەيتــه ئاســتێك کــه هەنــدێ بەرچاوڕونيت دەداتێ بەڵام زۆربـەی کات ناواقيعييـه، ئيعازەکانی بـه گوێرەی تەجروبەی کەسەکەيه.

**خواطر**: جمع خاطر، بريتييه لەو پێش بينييەی که به دڵ و هۆشدا دێت له دياريکردنی کارێك، ئەمـەش لـه دەرەنجـامی گرتنەبـەری تـەواوی هۆکارەکـان و بەگەڕخســتنی ژيرييــه، ئەگــەر ســەرەنجام کــارێکی چــاکی لێدەرچــووئەوه

---

١٣٧- أخرجه الترمذي: في كتاب التفسير ومن سورة الحجر، رقم (٣١٢٧- وقال: حديث غريب.

بەرهەمی ئیمانە و نكوڵی لێناكرێت، خۆ ئەگەر خراپ دەرچووسەرپێچی خوا بووئەوە گومانی تیانییە لە شەیتانەوە بووە و وەسوەسەی دروست كردووە.

**الكشف**:واتە دەركەوتن یاخود لادانی حیجاب، بەشێوەیەكی گشتی واتە: دەركەوتنی ئەوەی لەو دیوی پەردەوە هەیە و نادیارە لای خەڵكی بەگشتی، ئیبن قەیوم( رحمە اللە) دەڵێت: كشف زانستێكە خوای باڵادەست دەیخاتە دڵی بەندەكانییەوە بۆ ئەوی هەندێ شتی پەنهان ببینن كە خەڵكانی ئاسایی دەركی ناكەن، دەركەوتنی تەواو و دروست ئەوەیە كە مرۆڤ بۆی دەركەوێت بەتەواوی بێ دوودڵی كە پێغەمبەر نێردراوی خوایە، لە لایەن خواوە پەیامی كۆتایی بۆ هاتووە دوای ئەو ئیتر پێغەمبەری تر نایەت، ئەمە ببێتە یەقین لای و هیچكاتێك دوودڵ نەبێت.

ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی كە ئەو دووبەسەرهاتە موتەوراترەی لە ژیانی هەردووپێشەوای موسوڵمانان (ئیمامی ئەبوبكر و ئیمامی عمر)(ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لەسەربێت) دا دیارە، كەشفی حەقیقی و دڵنیاكەرن ئەمە تەنها زانیاریەكە خوا دەیخاتە دڵی بەندەكانییەوە و هیچی تر نییە.

أ- ئیمامی ئەبوبكر خەلیفە و پێشەوای یەكەمی موسوڵمانان (رضي الله عنه) فەرمووی بە دایكمان حەزرەتی عائیشە (رضى اللە عنها) ئەو ئافرەتە حامیلەیە و كۆرپەكەشی كچە، دواتر ڕێك وادەرچووكە فەرمووی.

ب- ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) لە مەدینە لەسەر دوانگە وتاری دەدا لە ناكا و فەرمووی (یاسارية الجبل...یاسارية الجبل) (ساریە)ش كە سەركردەی سوپاكەبووئەم بانگەوازەی ئیمامی عومەری بیست هەر بۆیە ڕاستەوخۆ ڕووی سوپاكەی وەرگێڕا بۆ كێ وەكەو هەر ئەمەش بوویە هۆكاری سەركەوتن و شكانی دوژمنانی دینی خوا. ئەمە هەرچۆن كەشفە بۆ ئیمامی عومەر ئاواش

کەشفە بۆ سەرکردەی سوپاکە، چونکە ئەویش گوێی لە فەرمایشتەکەی ئیمامی عومەرەوە بوو.

- **الرؤى:** خەو: بینینی شتانێکە لەکاتی خەوتندا هەر وەك چۆن کەشف دەرکەوتن و بینینی شتانێکە لەکاتی بەئاگابوون و بێداریدا.

بە کورتی نە ئیلهام ونەخەواتر و نە کەشف و نە خەون هیچکام بە سەرچاوەی تەشریعی ئیسلامیی دانانرێن، چونکە سەرچا وەکانی تەشریع ئەوانەیە کە لە پێغەمبەرەوە بۆمان ماوەتەوە وەك قورئان و فەرموودە سەحیحەکان یاخود ئیجماع، ئەمانە کە باسمانکرد هیچکامیان نین و پارێزراویش نییە وەك ئەوەی کە قورئان پارێزراوە، بەڵام ئەوەندە هەیە بەرهەمێکن لە بەرهەمە هەمەچەشنەکانی ئیمان، نوورێکن خوا دەیبەخشێتە بەندە صالحەکانی خۆی کە لەناو خەڵکیدا بە (أولیاء الله) ناسراون، هەتا قورئان بەردەوام بێت و بمێنیٚ کە تائەبەد مانە، ئەولیایش هەر دەبێت ببێت، چونکە تەقوا پێوەرە بۆ پەسەندی مرۆۋ لای خوا، خۆ تەقواش تەنها و تەنها بەرهەمی ئیمانە، واتە شتێك نییە پێی بگوتریٚ تەقوا ئەگەر لە ئیمانەوە سەرچاوەی نەگرتبێت، هەرچەندە کەسانێك هەن دەڵێن: دەکرێت مرۆۋ تەقوادار بێت با لە دەرەوی بازنە قورئانییەکەش بێت، ئەم بیرکردنەوەیە بەتەواوی پێچەوانەی ئەو هەمووئایەت و فەرموودانە دەوەستێتەوە کە باس لە تەقوا دەکەن.

## چی فێر دەبین لەم بنەمایە؟

١- واجبە لەسەر موسوڵمانان خۆی ڕابێنێ لەسەر ئەنجامدانی کارە باش و پەسەندەکان.
٢- پێویستە کەسی باوەڕدار کار بکات لەسەر نەهێشتنی دوودڵێ و بنبڕکردنی گومان بەرامبەر بە بیروبڕواکەی ئەوەش بەوە دەبێت کە بەردەوام خۆی لە کۆڕی زانایان و دانایان نزیك بکاتەوە و ئامادەگی هەبێت.
٣- پێویستە لەسەر تاکی باوەڕدار هەمیشە ئاگاداری ڕێنمایەکانی قورئان و فەرموودەبێت و سەرقاڵبێت پێیانەوە.
٤- مامۆستایان و بانگخوازان دەبێت مەردانە قۆڵی بۆ هەڵماڵن و بەجوانترین شێواز و بەگرتنەبەری هۆکارەکانی سەردەم پەیامی خوا بۆ خەڵکی ڕونبکەنەوە.
٥- دەزگا پەیوەندیدارەکان و حکومەت دەبێت کارئاسانی بکەن بۆ زیاتر بەرەوپێشەوە بردنی توانای بانگخوازان و کردنەوەی دەرگای مزگەوتەکان بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەی زانایان و مەنهەجێکی تێروتەسەل بۆ قۆناغەکانی خوێندن هەر لە قۆناغی بنەڕەتییەوە تا ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکان کە ئەمە بەوەزارەتەکانی خوێندنی بالآ و پەروەردە دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بنبڕکردنی شتی خورافیات و دوور لە ڕاستی و ژیریەوە.
٦- نابێت تاکی موسوڵمانان هەر لە خۆیەوە هەستێت بە بنبڕکردنی مونکەر هەتا بەجوانی مەرجو و بنەماکانی ڕێگریکردن لە مونکەر دەزانێت و

فێردەبێـت، ئەگـەر دەزگاپەیوەنـدارەکان هاوکارنـەبن بـۆ ئـەوەی تاکـەکانی کۆمەڵگـە بـەم گیانـەوە پـەروەردە بـەکرێن، ئـەوە فـەوزا و هەمەجییـەت لەناوکۆمەڵگەدا دروست دەبێت.

٧- پێویستە موسوڵمانان پابەندبن بە ئەرك و فەرمانەکانی شـەوانەو ڕۆژانـەی خۆیانەوە لە خزمـەت قورئانـدا چۆك دادەن تـا بـەجوانی بەرچاوڕوون دەبن لـە دەوروبەر و دەست و دەم و چاویان دەپارێزن لە نامەحرەم و حەرام.

## بنەمای چوارەم

## پێوەری شەرعی و داخوازییەکانی دەروون

والتمـائمُ والرُّقَـى والـوَدعُ والرَمْـلُ والمعرفـةُ والكهانـةُ وادعـاءُ معرفـةِ الغيبِ، وكلُ ما كانَ منْ هذا البابِ منكرٌ تجبُ محاربتُـه إلا مـا كـان آيـةً مِنْ قرآنٍ أ و رقيةً مأثورةً.

.............................................

**پوختەی بنەماکە**

لـەملکردنی مـوروو و چـاوەزار (التَّمـائمُ) نووشـتە (الرُّقـي) و گوێچـکە ماسـی و سـەدەف (الـودع) نووسـین لەسـەر ڕمـڵ (الرَّمـل) بورجناسـی (المعرفــة) و جادووگــەری (والكهانــة) وبانگەشــەی غــەیبزانین و هــەر بابـەتێکی تـری لـەم چەشـنە مونکـەر و خراپـەن و پێویسـتە ڕووبـەڕوویان بوەستینەوە، تەنها نوشتە و دوعایـەك نـەبێت کـە گونجـا و و سـاز بێـت و پێکهاتبێت لە ئایەتێك یان فەرموودەیەکی گێڕاوە لە پێغەمبەر(ﷺ).

## دەروازەی چونەناو بابەتەکەوە:

**مەولەوی ئاسا: (دەمێ دووبارە لە ئیمان بدەین موتەعەلقی ئیمان بەیان کەین)**[138]

ئەگەرچی لە بنەمای سێیەمدا باسی ئیمانمان کرد و پێناسەیەکمان بۆ کرد و ئاماژەمان بە بەرهەم و کاریگەرییەکەی بەسەر دەروون و کۆمەڵگەوە نیشاندا، با ئەمجاریش دەمێ لە ئیمان بدەین و هەر لەو سۆنگەیەوە بێینە مەیدان و باسێك لەو بارەوە بکەین، کە ئیمان چۆن مرۆڤ بەرز دەکاتەوە و دەیگەیەنێتە ئەو ئاستە کە موحارەبەی تەواوی ئەوشتانە بکات کەلای دەروون ئیعتباریان هەیە، کە بەچاوی زانستییانە مامەڵەی لەگەڵ دەکەی دەبینیت لە ئەسڵ و حەقیقەتدا تەنها چەواشەکردن و دوورخستنەوەی مرۆڤە لەسەرچاوەی ڕاستی و بنەما زانستیەکان، بۆیە هەمیشە کە مرۆڤ دەکەوێتە ژێر پەستانی دەرونەوە ئەوکات ئیتر ئەم مرۆڤە ڕێگەی لێ ون دەبێت و سەرابەکانی لێدەبێتە ڕاستی و تا ئەبەد ناگاتە ئاوی حەقیقەت، هەتا هەنگا و دەنێ و لێی نزیکدەبێتەوە بەرە وخنکان دەچێ و لە ئاوی ژیان دووری دەخاتەوە، ڕاستی و حەقیقەت ئەوەیە هەر شتێك ماددی یان مەعنەوی دەبێت لەسەر بنەما و بناغەیەکی پتە و بینا بکرێت، هەر ئەم بنەما زانستییە وادەکات کە دان بە کامڵی و گشتگیری دینی ئیسلامدابنێین، چونکە

---

138- عقیدەی مرضیة، سید عبد الرحیمي مەولەوی، شەرح ولێکدانەوەی مەلا عبد الکریم مدرس: ١١٩.(١٤٠٧هـ ١٩٨٨م-.

هـەمووپێوەرە زانسـتییەکان ئـەوەمان پێـدەڵێن دینـی ئیسـلام بـۆ تـەواوی قۆناغەکانی ژیانە لەم دونیایەدا، هەر لەسەرەتای لەدایکبوونەوە تا ئەو کاتەی کە دەمرین و دواتر سەررەنجامی هەر یەکە دیاری دەکرێت، ئەم دینـە ڕوون و گشتگیرە لەسەر بنەمای عەقیدە و بیروبڕوایـەکی پتـە و وەسـتاوە و بیناکراوە، بۆیە ئیسلام یانی بیروبڕوایەکی چەسپا و و نـەگۆڕ، گرنگـی ئـەم بیروبڕوایـەش لەوێوە دەردەکەوێ کـە بـە چـەندان ئایـەت و بەڵگـەی ڕوون چەسـپاوە، لـەڕووی گاریگـەری بەسـەر دەروونـەوە هێنـدە کاریگـەرە ئـەوەی عـەقڵ و ژێـری پێـی ئیسـراحەت دەکـەن تێیـدا بـەدی دەکرێـت، بۆیـە هەمیشـە بـە زینـدوویی دەمێنێتەوە، ئەمەش بەجوانی لە ژیانی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ)دەردەکـەوێ کـە سێنزە سالْ لـە مەککـەدا هـاوەڵانی لەسـەر گۆشـکرد و پـەروەردەی کـردن، لـە تەواوی ئەم سێنزە ساڵەدا یەك ئایەتی ئەحکام دانەبەزی، هەربۆیە لەو زەمەنـە کورتەدا ئەوەی لەسەردەمی نەزانی دوور لـە دینـەوە لـە دڵ وفیکری هاوەڵانـدا ریشکی داکوتابوو، وەك دەزووتاڵکێشی بکات و دا و دا و هـەمووی دەربێنـیْ و بیروبڕوایەکی تەوا و دروست لە نـاخی هـەر تـاکێکی موسـوڵماناندا بڕوێنـیْ، هـەر یەکـەیان ببنـە قەڵایـەك و دونیایـەك لـە دەوریـان بحەوێتـەوە، ببنـە خۆرێك دونیای نەزانی و گەندەڵی و تارکی دەروون ڕامالْن، هەموودەرگاکانی شـەیتان لـە ئاسـتانەی ئـەم ڕووناکیـەدا بـیْ بـازاڕ و بـیْ موشـتەری داخـریْ، بۆیـە هـەر کاتێك ئەم گیانە بەبەر هەر تاکێکدا کرا یەکسـەر خـۆی پـیْ نـاگیریْ و هـاواری لـیْ بـەرز دەبێتـەوە و لەگـەڵ تـەواوی بوونـەوەردا بـە ئـاوازی یەکتاپەرستی پـڕ بەگەروی هاواردەکات و دەڵێت:

﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٦٢) لَا شَـرِيكَ لَـهُ وَبِذَلِكَ أُمِـرْتُ وَأَنَـا أَوَّلُ الْمُسْـلِمِينَ ﴾[١٣٩] چونکە ئـەم فەرمانـەی خـوا بـە (قل)

١٣٩- سورة الانعام: ١٦٣.

دەستپێدەکات، خۆدیارە فەرمانیش بۆ جێبەجێ کردنە مەگەر بەڵگەیەکمان هەبێت لەم ڕاستییە لامان بدات، هەر ئەم ئیمان و بیروبڕوایەیە وامانلێدەکات کە دووربین لە هەڵواسینی مور و دوعای ڕەش و نوشتە و شانسگرتنەوە و فاڵ و پڕوپاگەندەی غەیبزانین، بۆیە دەڵێم با جارێکی تر دەمێ بدەین لە ئیمان و باس و خواسێك لە ڕۆشنایی ڕاڤەی ئەم بنەمایەی پێشەوا (حەسەن بەننا) بکەین کەئەمە تەنها بیانوی گفتوگۆمان بێت و لەو ڕووەوە بە (إجلس بنا نؤمن ساعة) لە قەڵەمی بدەین، ئەوسا دەتوانین موحارەبەی تەواوی ئەو مونکەرانە بکەین کە بەلای دەروونی سەرکەشەوە ئیعتباریان وەرگرتووە.

### -کاکڵە و پوختەی بنەماکە:

بەشێوەیەکی کورت و پوخت لەم بنەمایەدا کۆمەڵێ باس و خواس وروژاوە و دەبێت وەك بنەمایەك تەماشا بکرێن بۆ ڕاستکردنەوەی تێگەیشتنمان بەرامبەر بە بەرنامەی پاکی ئیسلام، چونکە لەم بنەمایەدا ئیمام (حەسەن بەننا) چەندان شتی جیاواز لەڕووی گەورەیی و ترسناکی گوناهەکەیەوە هەم لە ڕووی ناشیرنی بەکردارنیشاندانی ئەو کارانە خستووەتەڕوو، چونکە کردنی هەندێکیان بەتەواوی و بە کۆدەنگی زانایان هاوەڵبڕیاردانە بۆ خوا، لێرەوەیە هەر کەسێ قازانج و زیانی خۆی ببەستێتەوە بە موورویەکەوە یان خەتووختوتێکەوە بێگومان ئەمە گەورەترین هەڵەی ئیعتیقادییە و هاوەڵی بڕیارداوە بۆ خوا، چونکە تەنها خوا سەرچاوەی قازانج و زیانە، هەمووقازانج و زیانێکیش بەدەستی ئەوە، جا بۆ بەرگری لە بلا و بوونەوەی ئەم جۆرە فیکرە (کە ئاوێزانی هاوەڵبڕیار دانانە بۆ خوا) لە کۆمەڵگەدا واجبە مەردانە بێینە مەیدان و بەرامبەری بوەستینەوە:﴿ وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ

الْمُفْلِحُـــــونَ ﴾[140] وشـەی مونکـەر هـەر وەك چـۆن شـتـی گـەورە و بەرچـاو دەگرێتەوە هەر ئاواش شتی بچوك دەگرێتەوە، چونکە وشـەی مونکـەر ناوێکـە بۆ هەر شتێك کە خوا نەهی لێکردبێت و شـەرعەن بە گوناه ناسـرابێت، جا لـە خیانـەتی سـەرۆکێکەوە بیگـرە تـا کێشـانە و پێوانـەی بـەقاڵێك و فرتوفێـڵ وەزیرێـــك و تـــەزویرکردن و یـــژدان کـــڕین و کپکردنـــی دەنگـــی دڵێـــر و نەخوێندنەوەی بەرامبەر، ئەمانە هەمووی مونکەرن و موحارەبەیان بە ئالیـەتی خۆیان دەبێ بکرێت

**یەکەم: التمائم:**

ئـەم وشـەیە لـەڕووی زمانەوانییـەوە کۆیـە و موفرەدەکەی(تمیمە)یـە واتـە: دەنکـە مـوروو، یـان ئـەو مورووانـەی کـە دەبەسـرێن بەسـەر منـداڵی تازەلـەدایکبووەوە بەوبڕوایـەی کـە ئـەم مورووانـە منداڵەکـە لـە چـاوی پـیس دەپـارێزن، ئیمـامی ئەحمـد لە(عەقبـەی کـوڕی عـامرەوە) فەرموودەیـەکمان بـۆ دەگێڕێتەوە کە بە (مـەرفوعی) ڕیوایـەتی دەکات ئـەو ڕاستیەمان نیشاندەدات یەکـەم کارێـك ئیمـان و عەقیـدەی ئیسـلامی موحارەبـەی دەکات ئـەم جۆرەشـت هەڵواسینەیە، بەو بیانوەی هێـزی دوورخستنەوەی بـەلا و موسیبەتیان هەیـە، دەفەرمووێت:" مَنْ تَعَلَّقَ تَمِيمَةً ، فَلاَ أَتَمَّ اللَّـهُ لَـهُ ، وَمَـنْ تَعَلَّـقَ وَدَعَـةً ، فَلاَ وَدَعَ اللَّهُ لَهُ"[141] واتە: هەرکەسێ ئەم شتانە هەڵواسێ یان دڵیان پـێ خۆشکات و وا هەست بکات سودی پێدەگەێنن یان زیانێکی لێ دووردەخەنەوە، خـوای گـەورە بۆی نەهێنێتەدی ، هەروەها لە فەرموودەیەکی تـردا دەفـەرمووێت:" إِنَّ الرُّقَـى،

140- سورة آل عمران: ١٠٤.

١٤١ أخرجه ابن حنبل في مسنده: ١٥٤/٤، حديث غريب، رقم: (١٧٤٤٠-.

وَالتَّمَائِمَ، وَالتِّوَلَةَ شِرْكٌ"[142] واتـه: بەدڵنیاییـەوە نوشتە و دەنکەمووروئـەوەی ئـافرەت پێـی خۆشـە بـۆ مێردەکـەی لـە سـحر، پشتبەسـتن بەمانـە دانانیـان بەسەرچـاوەی هێـز و کاریگـەری ئەمـە هاوەڵدانانـە. لـە فـەرموودەی یەکـەم پێغەمبەری خوا(ﷺ)دوعا دەکات کە مەبەستەکەی نەیێتەدی و بە مەبەستەکەی نـەگات، پێغەمبـەر(ﷺ) دوعـای لـە هـەر شـتێك کردبـێ بێگومـان گیرابـووە، لـە فـەرموودەی دووەمــدا گــەورەیی و ترســناکی گوناهەکــە نیشــاندەدات کـە دەگونجێ هەرگیز خوای باڵادەست لەم کەسە خۆش نەبێت، چونکە هاوەڵێ بۆ خـوا بڕیـارداوە، خـوا لەهــەمووگوناهێك خـۆش دەبێـت، بـەڵام لـە شـرك و هاوەڵدانان خۆش نابێت، ئەم حاڵەتە هەڕەشەی زۆر توندی لەسەرە بەجۆرێ ئەو شتە بێ ڕۆح و بێ کەڵکانە دەبرێنە ڕیزی خواوە و هێزی لادانی شەڕ و هێنـانی قازانجیـان دەدرێتـە پـاڵ، دەبێـت ئـەوە بـزانین هـیچ شـتێك توانـای سودگەیاندن و زیـان گەیانـدنی حـەقیقی نییـە جگـە لـە خـوای گـەورە، ئـەوەتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو ڕاستیەمان لە فەرموودەیـەکی درێـژدا بـۆ باسـدەکات و ئامۆژگاری ئیبن عەباس دەکات و دەفەرموێت:( هەرچی جن و ئینس هەیـە هـەموویان کۆببنـەوە بۆ ئـەوەی سودێکت پێبگـەیێنن یـاخود زیانێکـت لێبـدەن ناتوانن مەگەر ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت).

**هۆی حەرامکردنی پشتبەستن بەم شتە بێ کەڵکانە بریتییە لە:**

١- گشتگیری نەهیەکە و تایبەتنەکردنی بە شتێکەوە.

٢- دەرگا داخستن بۆ ئـەوەی دونیایـەك لـە خورافیـات سـەرنەکاتە فیکـر و بیر و بۆچوونی مرۆڤەوە.

---

١٤٢- أخرجـه أحمـد (٣٨١/١- ، رقـم ٣٦١٥- والحـاكم (٤٦٣/٤ ، رقـم ٨٢٩٠- ، وقـال : صحيح الإسناد على شرط الشيخين.

**دووەم: الرقی:**

وشەی رقی، کۆی (رقیە)، یە بەمانای (نوشتە) یان (چاوەزار) دێت، وەك دەگوترێت: فلانە کەس نوشتەی بۆ کراوە کە ( تا) نەگرێت، ئەم نوشتەیە ئەگەر لای کەسانێك بکرێت کە جادوگەر و قوڵبڕ و فاڵچین و کەسە نوشتە بۆکرا وەکە بە هەموویەقینیەوە وابزانێت ئەم نوشتەیە دەبێتە بەربەست لەنێوان خۆی و ئەو بەلاّ و موسیبەتەی کە نوشتەکەی بۆ کراوە بێگومان کەوتووەتە ناو گوناهێکی گەورەوە کە هاوەڵبڕیاردانە بۆ خوا، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:"إن الرُّقَى والتَّمَائِمَ والتِّوَلَةَ شِــرْك"[143]، بەلاّم ئەگەر هاتووئەم نوشتەیە لای کەسێکی لە خواترس و خاوەن زانست و زانیاری و لەسەر ئەساسی ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) نووسرا و کرا یاخود کەسەکە خۆی بە شەفەوی خۆی خوێندی هیچ زەرەرێکی نییە، چونکە لەم جۆرە نوشتانە کەسەکە دەزانێ خوا فاعیلی حەقیقییە و لابەری زەرەر و زیان و هێنەری سود و قازانجە نەك ئەو نوشتەیەی کە بۆی نوسراوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دە فەرمووێت: هەرکاتێك چوونە شوێنێکەوە یان لە شوێنێك دابەستن و دانیشتن و مانەوە، بڵێن: ( خوایە گیان پەنا دەگرین بەوشە تەوا و ڕاستەکانی تۆ لە زیانی تەواوی دروستکرا وەکانت لاماندەیت، ئەوە ئیتر هیچ شتێك زیانتان پێناگەیێنێ تا لەو شوێنە دەگەڕێنەوە." من نزل منزلاً ثم قال: أعوذُ بِكَلِماتِ اللهِ التَّامَّاتِ مِن شَرِّ ما خَلَقَ لم يَضُرُّهُ شيءٌ حتَّى يَرْتَحِلَ مِن مَنزِلِه ذلك"[144] . یاخود ئەو دوعا مەشهورەی کە لای نەخۆش و بەسەر

---

١٤٣- أخرجه الترمذي : في الطب، باب في تعليق التمائم، رقم (٣٨٨٣- وإسناده حسن.

١٤٤- أخرجه مسلم: في كتاب الذكر والدعاء، باب في التعوذ من سوء القضاء ودرك الشقاء وغيره، رقم (٢٧٠٨- والترمذي: في كتاب الدعوات، باب ما يقول إذا نزل منزلاً، رقم (٣٤٣٣- .

نەخۆشدا دەخوێنرێت:" اللهم ربَّ الناس، مُذْهِبَ الباس، اشفِ، أنتَ الشافي، لا شَافِيَ إلا أنت، شفاء لا يغادِر سَقَماً"[145]. ئەمانە و چەندانی دوعای تر لە قورئان و فەرمووده دەیسەلمێنن کە دروستە دوعا بۆ کەسی خاوەن پێداویستی بکرێت یان بنووسرێت بە مەرجێ ئایەتی قورئان یان فەرمووده بێت، بەڵام نەبرێتە شوێنی نەشیاوەوە، ئیبن تەیمیە دەڵێت:( دروستە دوعا بنوسرێ بۆ کەسی نەخۆش یان هەر داخوازییەکی تری هەبێت، بەڵام نوسرا وەکە ئایەتی قورئان بێت نەك شتی تر)، وەك خەتوختوت و ژمارە و چوار گۆشە و سێ گۆشە، ئەمانە کەسی دیندار و لە خواترس نایان نوسێ و بە نوشتەی غەیرە شەرعی دادەنرێن و دەچنە بازنەی شرکەوە، چونکە ئەگەر تەماشای فەرموودەکانی پێشوبکەی دەبینی هیچ کام لە فەرموودەکان چارەسەر و لابەری بەلاَ و موسیبەتەکەیان نەخستووەتەپاڵ نوشتەکە، بەڵکوهەموبڕگەکان چەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە خوا لابەری زیان و بەخششی شیفایە نەك نوشتەکە، بەڵام ئەوەی لە نوشتەی غەیرە شەرعی دەبینرێت هەموهێزێك دەدرێتە نوشتەکە یان مەخلوقێك لە مەخلوقەکانی خوا، پەنا بەخوا.

-زانایان سێ مەرجی سەرەکییان داناوە بۆ نوسینی نوشتەی شەرعی هەر نوشتەیەك ئەم سێ مەرجەی تیانەبێت ئەو نوشتەیە بە غەیرە شەرعی وەسف دەکرێت:

أ- دەبێت نوسرا وەکە ئایەتی قورئان بێت یان بە نا وەکانی خوا بێت.

ب- دەبێت بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و جوان بنوسرێت بە عەرەبی یان هەر زمانێکی تر کە کەسەکە بتوانێت بیخوێنێتەوە.

---

١٤٥- أخرجه البخاري: في كتاب الطب، باب رقية النبي (ﷺ- ١٠ / ١٧٥، وأب و داود: في كتاب الطب، باب كيف الرقى، رقم (٣٨٩٠- . والترمذي: في كتاب الجنائز، باب في التعوذ للمريض، رقم (٩٧٣-.

جـ- دەبێـت ئیمانـت وابێـت کـە ئـەو وەرەقـە شـیفابەخش نییـە زەرەر و زیانیش لا نابات تەنها کاریگەر لەمەدا خوای گەورەیە.

## سێیەم: الودع:

وشــەی (ودع) کــۆی (ودعــة)یــە بــەمانای (گوێچکەماســی)، (هێلکــە شەیتانەکڵە) دێت، ئەمە شتێکی سپییە و لە بەحردا دەردەهێنرێت و دەکرێت بەسەر منداڵدا یان هەرشتێکی تردا بە بەبیانووی ئەوەی گوایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پارێزگاری لەم منداڵە بکات و چاو کاریگەری نەبێت بەسەریەوە، ئـەمکارە بـە مونکـەر هـەژمار دەکرێـت و دەبێـت بەوەسـیلەی خـۆی دژایـەتی بکرێت.

## چوارەم : الرمل:

کاتێــك مــرۆڤ ئینحرافــی عەقیــدەی بــۆ دروســتبووئیتر پــەنا بــۆ هەمووشتێك دەبات جگە پەنابردن بۆ خوا، ئەم پەنابردنە بۆ نووسین لەسەر ڕمڵ و خۆڵ یەکێکە لە سیما دیارەکانی زەمەنی جاهیلی و دوورەپەرێزی لە دینـی خـوا، ئەمـەش جۆرێکـە لـە کـاری کـاهین و فاڵچـییەکان و بـە کـارێکی ناشــەرعی و مونکــەر دەناســرێت لــە ئیســلامدا بۆیــە بــەرەنگار بوونــەوەی بەوەسائلی خۆی واجبیی شەرعی تاکە تاکەی موسوڵمانانە و بنبڕکردنیشی ئەرکی دەوڵەتە.

## پێنجەم : المعرفة:

ئیـدیعاکردنی زانـین و دۆزینـەوەی شـتی ون بوویـاخود دزرا و کـاری کـاهین و فـاڵ چییەکانە، بـە جۆرێـك کەسـێك شـتێکی دەدزرێـت ئـەو کەسـەش دەڵێت من دەزانم کـێ دزیویـەتی، دێـت کەسـێك دەخـەوێنن و گوایـە لـە ڕێگـەی

قسـەی ئـەم كەسـە خـەوتوەوە شـتە دزرا  وەكـە كەشـف دەكـات پێغەمبـەری خوا(ﷺ) دەفەرموویێت:"من أتى كاهناً أ و عرافاً فصدّقه بما يقول فقد كفر بما أُنزل على محمدٍ (ﷺ)"[١٤٦]. یاخود لـە فەرموودەیـەكی تـردا كە ئیمامی موسلم ڕوایەتی كردووە دەفەرموویێت:( من آتى عرافاً فسأله عن شيء فصدقه بما يقول لا تقبل لـه صلاة أربعين يوماً) أخرجه مسلم. واتـە هـەر كەسێك بچێت بۆلای فاڵچییەك یاخود كاهینێك داوای شتێكی لێبكات و یاخود پرسیاری شتێكی لێبكات ئـەوەی دەیلێت لەوەلاَمـدا بەڕاستی بزانـێ چل ڕۆژ نوێـژی دروست نییە و خوا وەریناگرێت.

بەكورتی:

(أن الرمل، والمعرفة، والكهانة، من ادعاء معرفة الغيب) خـەت و خوتـوتی سـەر لم و ئیـدیعای زانینـی غـەیب و فـاڵ و فاڵگرتنـەوە ئەمانـە هەمووپڕوپاگەندەی غەیبزانینە خوای گەورەش دەفەرموویێت:﴿ عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَى غَيْبِهِ أَحَدًا ﴾[١٤٧] بۆیـە دەبێت موسـوڵمانان لێیـان دوورە پـەرێزبن و توخنی ئەو جۆرە كەسانەش نەكەونەوە.

- **چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی مونكەر:**

لە بنەماكەدا ئـەم فەرمانـەمان بەرچاو دەكـەوێ (وكلَ ما كانَ منْ هذا البابِ منكرٌ تجبُ محاربتُـه) ئەمـە كۆی بۆچوونی زانایانـە لەسـەر ئـەوەی كە بـەرەنگاری مونكـەر واجبـە و دەبێـت بەرهەڵستی بكرێـت، بـەلاَم كـێ پێـی هەڵدەستێ؟ چـۆن بـەرەنگاری دەبیتـەوە ئـەوە جێگـای موشـتومڕی زانایانـە، لێرەدا بەكورتی چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی مونكەر دەخەینە پێشچاو.

١- مونكەرەكە، بریتییە لەو كارەی كە شەرعەن دروست نییە بكرێت.

---

١٤٦- أخرجه أحمد: رقم الحديث(٩٥٣٢-

١٤٧- سورة الجن: ٢٦.

٢- دەبێت ئەو کارە زۆر ڕوون بێت و بۆ زانینی ناشەرعیبوونی کارەکە پێوستی بە ئیجتهاد نەبێت بەئاشکرا پێچەوانەی دەقێك لە دەقەکانی قورئان یان سوننەت بێت.

٣- دەبێت مونکەرەکە بەرجەستە بێت داتاشراوی خەیاڵ نەبێت.

٤- دەبێت بە ئاشکرا بکرێت نەك بە جاسوسی و هەواڵدان کەشف بکرێت.

٥- دەبێت هۆکاری لابردنی مونکەرەکە کەمتری تێبچێت لە بوونی مونکەرەکە چ لە ڕووی مادیووە بێت یان مەعنەوی.

٦- بەرەنگاربوونەوەی بە ئەندازەی خودی مونکەرەکە واجبی تاکە تاکەی موسوڵمانانە مادام لەو بەرنگاریەدا ئاژاوەی گەورەتر بەرپانابێت، بنبڕکردنیشی ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە، خۆ ئەگەر دەسەلاَت خۆی هۆکاری دروستبوونی مونکەر و گەندەڵی بێت ئەوە واجبە لەسەر هەر تاکێك بەرانگاری ببێتەوە بەڕێگەی سەردەمیانە کە لە ئەمڕۆدا لە سندوقی دەنگداندا خۆی دەبینێتەوە ئەو دەسەلاَتە بگۆڕێت و لەسەر دەستەلاَت لای بدات، مادام بەئەرکی خۆی هەڵنەستاوە کە ئەرکی دەسەلاَتدانرانیش روخساندنی تەواوی دەفەتەکانە بۆ هاولاَتیان بێجیاوازی بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتی خۆیان لە نیشتمانەکەی خۆیاندا بە ئازادی ئەنجامبدەن، کە دەسەلاَتداران ئەمە ناکەن و سەرقاڵی پێچەوانەکەی دەبن ئیتر ئەوە مافی هاوولاَتیانە لێپێچینەوە بکەن بەرامبەر دەسەلاَتداران.

**ئیبن قەییم دەڵێت: بەرنگار بوونەوەی مونکەر لەم چوار حاڵە بەدەرنییە:**

- لابردنی مونکەرەکە و جێگیرکردنی دژەکەی.

– هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەی دیاردەی مونکەرەکە و مامەڵەکردنی بەشێوەیەکی قۆناغبەندی ئەمەش لەکاتێکدا دەبێت کە هەمووی بەیەکجار بنبڕنەکرێت.

- مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەپێچەوانەکەی، ئەگەر خراپە زیادبووتۆ چاکە بکە و لامەکەرەوە بۆ خراپەکان.

- بەرەنگاربوونەوەی بە خراپتر لە خۆی.

یەکەم و دووەم شەرعین و هیچ جیاوازییەک نابینی لەنێوان زانایاندا بۆ ئەو دووحاڵەتە بەڵام سێیەم جێگای مشتومڕی زانایانە بە جۆرێ یاوازی لێبێنە یاخود ئەگەر ئەتوانی بیگۆڕە، ئەمەی دواوە دەچێتە خانەی یەکەم و دووەم، چوارەم ناشەرعیە و دەبێت دەستی بۆ نەبرێت.

## چی فێردەبین لەم بنەمایە؟

١- سود و زەرەرهەر بە دەستی خوایە، بۆیە موسوڵمانان دەبێت لەگەڵ ئەم بنەمایە ئاوا مامەڵەبکەن کە زەڕەیەك لەسەر ئەم ڕاستییە سازشنەکەن.

٢- دەبێت سنووری خوا بپارێزرێت و تەواوی چارەسەرەکان بگێڕێتەوە بۆلای خوا، نەك بدرێتەوە پاڵ فاڵچی و کاهین وکەسانی چەواشەکار و قوڵبڕ.

٣- ئەگەر پێوستمان بە دوعا بوودەبێت پشت بە دوعایەکی (مأثور) ببەستین، واتە قورئان یان فەرموودە و ماڵ و منداڵیشمان لەسەر ئەم حاڵە ڕابێنین.

٤- دەبێت موسوڵمانان ڕێزی سوننەتە کەونیەکان بپارێزن بەوەی ئەگەر نەخۆشیێ یان ئازارێکی بۆ هاتەپێش ڕاستەوخۆ سەردانی دکتۆر بکات و دەواوچارەسەری بۆ وەرگرێت، واتە دەبێت ڕەچاوی سەبەب بکەن، دڵنیاشبن لەوەی کە دەواکان تەنها سەبەبێکن نەك شیفابەخشی حەقیقی، چونکە شیفابەخشی حەقیقی تەنها خوایە.

# بنەمای پێنجەم

## دەقی فرەڕەهەند و ڕای پێشەوا و جێگرەکەی و جیاوازی زانایان لەمبارەوە

ورأيُ الإمامِ ونائبهِ فيما لا نصَ فيهِ، وفيما يحتملُ وجوهاً عدةً وفي المصالحِ المرسلةِ معمولٌ بهِ ما لم يصطدمْ بقاعدةٍ شرعيةٍ، وقد يتغيرُ بحسبِ الظروفِ والعرفِ والعاداتِ، والأصلُ في العباداتِ التعبُّدُ دونَ الالتفاتِ إلى المعاني، وفي العادياتِ الالتفاتُ إلى الأسرارِ والحكمِ والمقاصدِ.

..........................................................

**پوختەی بنەماکە**

ڕای پێشەوا و جێگرەکەی لەو پرس و بابەتانەی کە دەقێك لەبارەیانەوە نییە و لەوانەشدا کە چەند خوێندنەوەیەك وەردەگرێت، لەوانەشدا کە بەرژەوەندی ڕەهایان تێدایە (مصالح المرسلە) کاری پێدەکرێت، بەمەرجێك لەگەڵ بنەمایەکی شەرعی پێکدادان نەکات، بۆچوونی پێشەوا و جێگرەکەی بەگوێرەی بارودۆخ و نەریتی خەڵکی گۆڕانکاری بەسەردادێت، ئەسڵیش لە پەرستشدا ملکەچییە بەبێ کەشماڵکردن و ئاوڕدانەوە بەلای بایس و حیکمەتەکەیدا، لە هەڵسوکەتی ئاسایدا ئەسڵ گەڕانە بەدوای نهێنی و کەشماڵکردن و دۆزینەوەی بایس و حیکمەتەکەدا.

- **دەروازەی چوونەناو بابەتەکە:**

ئەم بنەمایە ڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکات کە بەڵێ ئیسلام بەرنامەی ژیان و دەستور و یاسای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، خۆئەگەر دینی ئیسلام کۆمەڵگەی فەرامۆش بکردایە، بەتەنها بڕگەیەکیش ئاماژەی بەڕێکخستنی کاروباری ڕۆژانەی مرۆڤ نەدەکرد و ئاماژەی بەیەك ئەحکامیشی نەدەکرد لەوبارەیەوە، بەڵام کە تەماشای قورئان دەکەین چەندە باسی پەیوەندی تاك بە خواوە دەکات ئەوەندەش باس لەنێوان تاك و کۆمەڵگە و چۆنیەتی ڕێکخستنی کاروباری تاك لە کۆمەڵگە و پەیوەندی یاسایی و مەدەنی و ئابوری و ڕامیاری و تەواوی بوارەکانی تری ژیان دەکات، ئەمەش لەوەوە دەردەکەوێ کە ئەم دینە بۆ پیادەکردن و جێبەجێکردن هاتووە و دەبێت لە ژیاندا جێبەجێ بکرێت، ئەمەش هەرگیز جێبەجێ نابێت ئەگەر موسوڵمانان قەوارە و بەرەیەکی سەربەخۆیان نەبێت لە کۆمەڵگەدا، کە ئەم بەرە و قەوارەیەش بوودەبێت تەواوی ئەزمونە بەشەرییەکان بۆ ڕێکخستنی هەیکەلی ئەم قەوارەیە ڕەچاوبکرێت تابەجوانی بڕگە بەبڕگەی دینی خوا جێبەجێ بکرێت، مەولەوی دەڵێت:

(**ئیجماعە وجووب مەنصووبیی ئیمام ... لاکین ئیختیلاف هەس بین الأنام**)[148].

هەر لێرەوەیە کە ئیجتهاد و بۆچوونی ئیمام و جێگری ئیمام دوابەدوای بوونی مەرجەکان تێیاندا ئیعتیاری تەواوی هەیە لە ڕاپەڕاندنی کاروباری

---

148- عقیدەی مرضیة: ٤٨٤.

دەوڵەتدا، کاتێك دەڵێین: ئیمام مەبەستمان بە خەلیفەی موسوڵمانان یان سەرۆکی حکومەت یان جێگرەکەی ئەمانەش دوای ڕاوێژ بە دەستەی پسپۆڕان لە هەر بوارێکدا کۆتا قسەیان جێگەی ئیعتیبارە و گوێی بۆ دەگیرێت، ئەوەش لە گەورەیی بەرنامەی ئیسلام و گونجانیەتی لەگەڵ هەمووشوێن و کاتێکدا، کە دەبینین کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای تایبەتی هەیە بە داخوازییە جەوهەرییەکانی ژیانی مرۆڤ کە ڕۆچون بەناخی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکاندا، گرنگییەکەی لەوەدایە کە بەجۆرێ ئەم یاسایانە داڕێژراون قابلی گۆڕان و کشانیان هەیە و لە هەندێ بواردا دووەجهیان تیابەدیدەکرێت، بۆیە دەبینین یەك ئایەت یان یەك فەرموودەی دروست و سەحیحمان بەرچاو ناکەوێ کە بەدرێژی و بڕگە بەبڕگەی (یاسایی دەوڵەتداریمان بۆ باس بکات) دەوڵەتی مەدینە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ڕاپەڕاندنی کارەکانی و جۆری مامەڵەکردن تایبەت بووە بەو سەردەمەوە واتە: ناکرێ وردەکاری و چۆنیەتی دەوڵەتداری وەك مەدینە لە شوێنێکی تر وسەردەمێکی تردا بەرجەستە بکەین، دەبینی لە مەدینەدا جولەکە و موشریك و مونافیق و موسوڵمانان و موهاجر و ئەنسار هەبوون، دەی ئەم پێکهاتە لە شوێنی تردا بەوجۆرە و بەوشێوەیە بوونی نییە تا ئێمە دەقاودەق دەوڵەتداری بەو جۆرە بچەسپێنین، ئەمەش ئەوەناگەیێنێ کە کۆمەڵە یاسایەکی گشتی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو سەردەمەدا لەسەری ڕۆیشتووە و دایڕشتون بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتداری بەهەندیان وەرنەگرین، چونکە هەمیشە مرۆڤایەتی پێویستی بەو قاعیدە گشتیانە دەبێت، لەوانە بوونی دەستورێك کەمافی هەمووتاکێك و هەمووکەمینەیەکی تیا پارێزاوبێت، ئەمەش دواتر دەبێت زانایان و پسپۆڕان لە هەر سەردەمێکدا لە ژێر ئەو قاعیدە گشتیانە هەنگاوهەڵگرن و درێژە بە شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بدەن، چونکە

مومارەسەی دەوڵەتداری پرۆسەیەکە زیاتر لەسەر تەجروبەی مرۆڤ وەستاوە، دەی ئەمەشە وایکردووە هەر سەردەمێك داخوازی و پێداوسیتی تایبەتی خۆی هەبێت، هەر نموونەی دەوڵەتداری لە ژیانی پێغەمبەردا (ﷺ) سەرۆکی دەوڵەت خودی پێغەمبەر بوو(ﷺ) کە موشەریعە، بەلاّم لەسەردەمی ئیمامی (أبوبکری صدیق) ئەم شێوازە گۆڕا بۆ جێنشینی تا سەردەمی حەسەنی کوڕی علی(رەزای خوایان لەسەر بێت) ئیتر دەوڵەتداری لە ی گۆڕا بۆ مەلیکایەتی و بنەماڵەیی، هەر ئەم گۆڕانە دەیسەلمێنێت هەر سەردەمێك تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە و دەبێت لە بەرچاو بگیرێت.

بۆئەوەی ئەم بنەمایە بەجوانی بەرجەستە ببێت لامان دەبێت ئامارژە بەم چەند خالاّنەی خوارەوە بکەین:-

١- زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئیجتهاد هیچ رۆڵێکی نییە لەسەر پێشهاتێك لەکاتێکدا ئایەتێك یان فەرموودەیەکی سەحیح ئامارژەی بەو مەسەلەیە کردبێت، چونکە (لاإجتهاد مع وجود نص صریح من کتاب الله وسنة رسوله) خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾[١٤٩] .

٢- ئەگەر ئایەتێك یان فەرموودەیەکی سەحیح نەبوولەسەر پێشهاتێك، زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە دەرگای ئیجتهاد کراوەیە لە بەردەمیاندا لە هەر سەردەمێکدا، بە بەڵگەی فەرموودەکەی (مەعازی کوڕی جەبەل) لەکاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) ناردی بۆ یەمەن و پێی فەرموو: بەچی قەزاوەت دەکەی؟ گوتی: بە کتێبی خوا واتە بە قورئان، فەرمووی: ئەگەر لەودا حوکمت دەست نەکەوت؟ گوتی: بە فەرموودە، فەرمووی: ئەگەر لەویشدا حوکمت دەست نەکەوت؟ گوتی: ئیجتهاد دەکەم و بۆچوونی خۆمیان پێڕادەگەیەنم و

---

١٤٩- سورة الحجرات: ١.

هـیچ ڕاناوەستم، پێغەمبـەر(ﷺ) دای بەسـەر سنگیدا و فـەرمووی سوپاس بـۆ خـوا کـە نێـردراوی پێغەمبـەری بەرچـاوڕون کـردووە بـۆ شـتێك کـە خـوا پێـی خۆشە و پێی ڕازییە." يَا مُعَاذُ بِمَ تَقْضِي؟» قَالَ: أَقْضِي بِكِتَابِ اللَّهِ، قَالَ: «فَإِنْ جَاءَكَ أَمْرٌ لَيْسَ فِي كِتَابِ اللَّهِ، وَلَمْ يَقْضِ فِيهِ نَبِيُّهُ، وَلَمْ يَقْضِ فِيهِ الصَّالِحُونَ؟» قَالَ: أَؤُمُّ الْحَقَّ جَهْدِي، قَالَ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي جَعَلَ رَسُولَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ يَقْضِي بِمَا يَرْضَى بِهِ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ"[150]

دوای ئـەم پێشـەکییە کورتـە کـە ئاماژەمـان پێکـرد بـۆ ئیجتهـاد و بۆچـوونی موعتەبەر لـە شـەرعدا و زانایـان یاسایەکی دروسـتیان بـۆ دیاری کـردووە کـە ئەویش لەکاتی نەبوونیدەقێکدا ئیجتهاد نرخ وەردەگرێ و کاری پێدەکرێت، ئەمەش تەنها لە بەرئەوەیە دەرگای فەوزا و هەڵەشەیی و هەمەجۆری بۆچوون و ڕەئیی دابخرێت، لێرەدا پرسیاری دروست ئەوەیە کەی ڕەئیی و بۆچوونی پێشەوا و جێگرەکەی گوێی بۆ گیراون و لە چ بوارێکدا قسەیان وەردەگیرێت؟ لێرەوە دەچینە ناو ئەو باس و خواسەوە بەم جۆرەی خوارەوە.

## کاکڵە و پوختەی بنەماکە:

بۆچوون و ڕای ئیمام و جێگرەکەی ( و رأي الإمام ونائبه):

**الرأي:** چاوگەی وشـەی (رأى)یـە وەك دەگوترێـت:(رأى الشـيء يـراه رأيـاً) دەبێت ئەوە بزانین(ڕەئیی) تەنها قسەیەك نییـە لەسـەر پێشهاتێك هەڕەمەکی و بێبنەما بکرێت، بەڵکو(ڕەئیی) لە شەرعدا بەمانای ئیجتهادە بەمەرج و پێوەرە تایبەتەکانی خۆیەوە، ڕەئیش بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆرە، ڕەئیی بـەتاڵ و نەشـیاو، ڕەئیـی دروسـت و پەسـەند، ڕەئیـی فرەڕەهەنـد، ئەمـەش جێگـەی

---

١٥٠- أخرجه ابن ابي شيبه في مصنفه: ٥٤٣/٤، حديث رقم: (٢٢٩٨٩-.

ناكۆكییە و چەند ڕویەكی هەیە و لەبەرئەوە چەند لێكدانەوەیەك وەردەگرێت، زانایان لەسەر ئەم سێ جۆرە بۆچوون و ڕەئیانە قسە و بۆچوونی خۆیان خستووەتەڕووبەم جۆرەی خوارەوە:

- **ڕەئیی دروست و پەسەند:** ڕەئیی دروست و پەسەند ئەوەیە كە تەفسیری ئایەتێك یان ڕاڤەی فەرموودەیەك یان سەرچاوەیەك لەسەر چا وەكانی تەشریع دەكات بەپێوەرە تایبەتیەكانی خۆی، ئەو ڕەئیە كاری پێدەكرێت و بەهەندوەردەگیرێت و فەتوای پێ دەدرێت و كارە چارەنوسسازەكان بە ڕەئیی دروست یەكلادەبنەوە.

- **ڕەئیی نادروست و ناپەسەند و بەتاڵ:** بۆچوونی بەتاڵ ئەوەیە كە پێچەوانەی دەقێكی ڕاشكا و بێت یان پێچەوانەی ئەوەبێت كە لە دیندا ڕێگە پێدراوبێت، كەسێك هەستێت پێچەوانەكەی بڵێت، ئەم جۆرە بۆچوونە زانایان ڕەدیان كردووەتەوە و بە هیچ شێوەیەك كاریان پێنەكردووە ( ما بني على باطل فه و باطل)[151] هەر شتێك لەسەر بەتاڵ بینابكرێت ئەویش بەتاڵە.

ئەو جۆرە بۆچوونەش كە لێكدانەوە وەردەگرێت زانایان لەكاتی ئاساییدا ڕەدیان كردووەتەوە پشتیان پێنەبەستووە، بەڵام لەكاتی زەرورەتدا كاریان پێكردووە و فەتوایان پێداوە، لەسەر بنەمای (الضَّرُورَات تُبِيحُ الْمَحْظُورَات)پێویستی و ناچاری (حاجە) قەدەغەكرا وەكان دەشكێنێ و ڕەواج دەدات بە بەكارهێنانیان.

- **ڕەئیی فرەڕەهەندیش:** ئەوەیە كە لەسەر بەڵگەیەك بوەستێ كە لەبەر بوونی هۆكارێ لە هۆكارەكان دەبێتە جێگەی ناكۆكی زانایان، هۆكارەكانیش (ئایەتێك یان فەرموودەیەك) دروستی دەكەن لەبەر ئەم چەند هۆیە:

---

١٥١- تەماشەی: القواعد الفقهية وتطبيقاتها في المذاهب الأربعة، د. محمد مصطفى الزحيلي. دار الفكر – دمشق، ط١،( ١٤٢٧ هـ ٢٠٠٦ م-.

**١- له ڕوی ماناوه، وشەیەك چەند مانایەك وەردەگریٚ:**

خوای گەوره دەفەرموویٚت: ﴿وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ﴾[152]

وشەی (قُرُوءٍ) بەمانای سوڕی مانگانە (حەیز) دیٚت، و بەمانای پاکیش لە سوڕی مانگانە دیٚت. ئەم جیاوازی ماناییە دووڕیٚچکەی دروستکردووه لە فەرعییاتدا و هەردووکیشیان ڕاستن، چەندان حوکمی فەرعی بە دوای خۆیدا دیٚنی و هیچ گرفتیٚکیشی دروست نەکردووه.

**٢- جیاوازی مانای حەقیقی و مانای مەجازی خوازراو:**

خوای گەوره دەفەرمویٚت:﴿ إِنَّما جَزاءُ الَّذِينَ يُحارِبُون اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَساداً أَنْ يُقَتَّلُوا أَ و يُصَلَّبُوا أَ و تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلافٍ أَ و يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ﴾[153] وشەی(ینفوا) مانا حەقیقییەکەی (دەرکردن)یانە لەو شویٚنەدا کە خراپەکەیان ئەنجامداوه، ئەمە بۆچوونی کۆڕی زانایانە. مانای مەجازیە کەشی (سجن) کردنە، کە ئەمەش بۆچوونی هەندیٚك لە زانایانە.

**٣- جیاوازی مانا لەنیٚوان واتای زمانەوانی و مانای شەرعییەوه.**

خوای گەوره دەفەرموویٚت:﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهاتُكُمْ وَبَناتُكُمْ﴾[154] وشەی (بنات) لە زمانەوانیدا بەهەر کچیٚك دەگوتریٚ کە بدریٚتەوه پالْ باوکی، وەك دەگوتریٚت: کچی فلاٚن کەسە. لە شەرعدا بەو کچە دەگوتریٚ کە لەنیٚوان دایك و باوکیدا گریٚبەستی هاوسەری شەرعی هەبیٚت. کۆڕی زانایانیش مانا زمانەوانییەکە وەردەگرن و کاری پیٚدەکەن.

١٥٢- سورة البقرة: ٢٢٨.

١٥٣- سورة المائدة: ٣٣.

١٥٤- سورة النساء:٢٣.

نامەویٚ لیٚرەدا بچمەسەر تەواوی ئەو لایەنانەی کە دەبنەهۆی ئەوەی بۆچوونی جیاواز دروستدەکەن، ئەمەی ئاماژەمان پیٚکرد بەسە بۆ ئەوەی بزانین جیاوازی بۆچوون و ڕەئیی زانایان لەسەر چ بنەمایەك دروست دەبیٚت.

**الإمام:**

پیٚشەوای گشتییە یاخود حاکم و فەرمانڕەوای موسوڵمانانە کە گەل هەڵیدەبژیٚریٚ بۆ ئەوەی بەرژەوەندی دین و دونیایان بپاریٚزی لەڕیٚگەی دەسەلاٚتەکەیەوە، یاخود هەمووسەرکردەیەکە کە ڕاستەوخۆ گەل یان نویٚنەرانی گەل هەڵیدەبژیٚرن، ئەمە مەسەلەیەکی سیاسییە لە هەر کاتیٚك بەپیٚی ئەو کاتە کار لەگەڵ ئەم مەسەلەیە دەکریٚت.

**نائبە:**

جیٚگری ئیمام: ئەو کەسەیە کە ئیمام لە جیٚگەی خۆی دایدەنیٚت لە شویٚنیٚك لە شویٚنەکانی ژیٚردەسەلاٚتی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری هاولاٚتیان، یاخود ڕایدەسپیٚریٚت بەکاریٚك بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی بەسەر هاولاٚتیانەوە.

**فیمالا نص فیە.**

مەبەست بە (فیما لا نص فیە) لیٚرەدا ئەوەیە کە بەڵگەیەکی شەرعی ئایەت یان فەرموودە نەبیٚت لەسەر کاریٚك یان گوفتاریٚك، ئەمە زەمینەیەکی فراوانە بۆ ئیمام وجیٚگرەکەی کە لەم دەرفەتە قسەیان هەبیٚت، چونکە ئەم زەمینەیە کە ماوەتەوە لەشەرعدا دەرچەیەکی ئازاد و زەمینەیەکی فەراغە ئیمام بۆی هەیە بۆچوونی خۆی بڵیٚت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیە کە (أبو الدرداء) بۆمان دەگیٚڕیٚتەوە کە پیٚغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی"مَا أَحَلَّ اللَّهُ فِي كِتَابِهِ فَهُو حَلالٌ، وَمَا حَرَّمَهُ فَهُو حَرَامٌ، وَمَا سَكَتَ عَنْهُ فَهُو عَفْوٌ، فَاقْبَلُوا مِنَ اللَّهِ عَافِيَتَهُ، فَإِنَّ

اللَّهَ لَمْ يَكُنْ لِيَنْسَى شَيْئًا"، ثُمَّ تَلا هَذِهِ الآيَةَ: {وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا}[١٥٥] كەواتە ئەم زەمینەیە زەمینەی چاوپۆشیە و یەكێكە لەو مەیدان و بوارانە كە گویٚ بۆ ئیمام و جێگرەكەی بگیرێت، وەك دیارە دوای پشكنین و وردبوونەوە بۆمان دەردەكەوێت كە خوای گەورە یان پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەسەر هەمووشتێك قسەیان نەكردووە بەڵكوهەندێكیان بەجێهێشتووە بۆ ژیربی و عەقڵی مرۆڤ، هەندیٚ لە ئەحكامەكانیش بەڵگەیەكی كورت و هەندێكیشیان بە درێژی باسكراوە، وەك دیارە بەهۆی گۆڕانی شوێن و كاتەوە داخوازی مرۆڤەكانیش دەگۆڕێت بۆیە هەندی مەسەلە لەكاتێكدا پەیدادەبن دەقێك نییە نەلە قورئان و نەلە فەرموودە كە چارەسەی ئەو پێشهاتەنوێیەیی پێبكرێت، ئیتر ئەوە ئەو زەمینەیەكە دەستی مرۆڤەكانی ئازادكردووە بۆ بەگەرخستنی عەقڵیان و ئیجتهادكردن، لەژێر ڕۆشنایی مەقصەدی قورئانیی و بەرژەوەندی گشتی مرۆڤایەتی بەپێشوێن و كاتیان كاربكەن و عەقڵ بخەنەگەڕ.

یاخود وەك دكتور یوسف قەرزاوی دەڵێت: (ما لانص فیە) ماناكەی ئەوە بێت كە هیچ دەقێكی ڕشكاومان نەبێت، یاخود بەڵگەی ڕشكاومان لەبەردەست بێت بەلاٚم گشتگیر و هەمەكییە، وەك خوای گەورە دەفەرموویت﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾[١٥٦] یان ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾[١٥٧] ئەم دوویایەتە بەیانی بنەمای شورا وڕاوێژیان كردووە، نەئەوانەی دیاری كردووە كە ڕاوێژیان لەگەڵ بكرێت، نەچۆنیەتی هەڵبژاردنەكانیشی دیاری كردووە، نە شتێكیشی دیاری كردووە كە دەبێت ڕاوێژی بۆ بكرێت، ئەمانەی

---

١٥٥- أخرجه البزار ، والطبرانى كما فى مجمع الزوائد (١٧١/١- ، وقال الهيثمى : إسناده حسن ورجاله موثقون . والحاكم (٤٠٦/٢ ، رقم ٣٤١٩- وقال : صحيح الإسناد . والبيهقى (١٢/١٠ ، رقم ١٩٥٠٨-.

١٥٦- سورة الشورى الآية:٣٨.

١٥٧- سورة آل عمران الآية: ١٥٩.

هەمووبەجێهێشتووە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ و جیاوازی کات و شوێن. چەندان بەڵگەی ترمانهەن کە خوای گەورە تەنها بنەما و قاعیدەی تێدابەیان کردووە ئەمە ڕەحمەت و فەزڵی خوایە کەبەم مرۆڤەی کردووە، ئەوەی کە مرۆڤ پابەندە پێیەوە لادانی تێدانییە، بریتییە لەو بەڵگانەی کە بەدرێژی و تەواوی بڕگەکانی هەرمەسەلەیەکیان ڕۆشنکردووەتەوە هیچ دەرفەتی بۆ مرۆڤ تێدانییە، لەم کاتەدا مرۆڤی بەرباره بەفەرمانەکانەوە و پابەندە بەرامبەر نەهیەکانیش دەست هەڵدەگرێت، (نەص) بەم شێوی کە باسمانکرد ئەوە دەگرێتەوە کە (اصول)یەکان لە بڕگەی (الواضح الدلالة)دایاننناوە کە بریتیە لە(الظاهر، النص، المفسر، المحكم) کەئامانە هەریەکەیان زاراوەیەکی تایبەت و مانا و مەفهومی دەقێکیان لەهەگبەدایە هەریەکە و بەجۆرێ دەلالەت لەسەرحوکمێك دەکات، کە نە تەئویل و نە نەسخ نایانگرێتەوە، ئەگەر لەم بوارەدا ئیمام یان جێگرەکەی ئیجتهادیان کرد کە هیچ دەقێك نیە ئەگەر ئیجتهادەکەیان تەوا و بووئەوکاتە قسەکەیان وەردەگیرێت و بۆئەوکاتە گوێ ڕایەڵیان دەکرێت، مادام لەسەر بنەمایەکی دروست بۆچوونەکەیان هەڵگۆزیوە[١٥٨]. بنەمای دروست و زانستیی ئەوەیەکە بۆچوونەکە لە ڕۆشنایی بەڵگەیەکی شەرعی و بەراوردکاری و دۆزینەوەی عیللەتی هاوبەش لەنێوان دووشتدا، یان لەسەر بنەمای ئستحسان، یان بەرژەوەندی بەمەرجەکانیەوە، بە لەبەرچاوگرتنی عورفی پەسەند کەئەمانە لای کەسی مجتهد و زاناوەدیارە.

یەکێکی تر لەو شوێنانە کەدەکرێت قسەی ئیمام و جێگرەکەی پەسەندە بێت ئەوەیە کە( مایحتمل وجوها عده). ئەمەش دوومانای هەیە یان بڵێین: دووزەمینەی هەیە.

---

١٥٨- السياسة الشرعية في ضوء نصوص الشرعية ومقاصدها، الدكتور يوسف القرضاوي،٧٢-٧٣، ط١، مكتبة هبة، (١٤١٩هـ ١٩٩٨م-.

یەکەم: ئەو شوێنانەی کە ئیمام سەرپشك کراوە لەلایەن شەرعەوە کە قسەی تێدا بکات، لەوانە سەرەنجامی دیل و گیرا و لە جەنگدا، لێرەدا ئیمام سەر پشکە لەنێوان چوار تا پێنچ هەڵبژاردە هەرکامیان بکات شەرعیە کە (ئازاد کردنە بەمنەتەوە، یان دەستیان بەسەردادەگرێت و لە بەرژەوەندی وڵات کاریان پێ دەکات، یان دەیانکوژێت، یان سەرانەیان لێدەستێنێ، یان دیل بەدیلیان پێدەکات) لەمەدا ئیمام سەرپشکە، هەڵبژاردنەکە لەسەر بنەمای هەوا و ئارەزوونییە، بەڵکولەسەر بنەمای بەرژەوەندی گەل و نەهێشتنی مەترسییانە لەسەر گەل و نیشتمان.

دووەم: بوونی بۆچوونی زۆر لە مەسەلەیەکدا لەم جێگەیەشدا ڕەئی ئیمام و جێگرەکەی ئەگەر هات و پێچەوانەی دەقێکی ڕاشکاونەبوو و لە مەجالی بەرژەوەندی گەلدابووبۆ ئەو قۆنەغەی خۆی وەردەگیرێت و کاری پێدەکرێت، مادام ئەم ڕەئیە تەرجیح دانە لەنێوان دووبۆچوون یان زیاتردا هەڵبژێردراوە و بەرژەوەندی تیا ڕەچاوکراوە، ئەمەش لەکاتێکدا کە ئیمام یان جێگرەکەی ئەهلی تەرجیح بن واتە: زانا و عالم بن، کە ئەمە مەرجی سەرەکی پێشەوایە دوای ئیمان، نەك وەك ئەو سەرۆکانەی ئێستا کە لەسەر کورسی دەسەڵاتدا خۆیان دەبیننەوە و نووساون بە کورسییەکەیانەوە تەنها بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵە و گروپ و تاقمەکەی خۆیان دەبینن، لێرەوەیە ئەگەر ڕەئی و بۆچوونی ئیمام یان جێگرەکەی پێچەوانەی دەقێکی قورئانی یان فەرموودەیەکی دروستبووئەو کاتە ڕەدد دەکرێتەوە و وەرناگیرێ و بەبۆچوونێکی نادرست و بەتاڵ دادەنرێ، لەسەر ئەمەش کە ئایا ڕەئی ئیمام دوای ڕاوێژکردن مولزیمە و دەبێت گوێڕایەڵی بکرێت، یان هەر ڕاوێژێ دەکات مادام ئەهلی عیلم و زانست و زانیاریە و مەرجی موعتەبەری ئیجتهادی تیایە، دەبێت فەرمانەکانی بەپایان بگەن و گوێڕایەڵی خەڵکی

واجب دەبێت بۆی؟ پرسیار لێرەدا دێتە ئاراوە، چۆن دەگەینە کۆتا بڕیار لە دەرەنجامی ڕاوێژکردن بە کەسانی پسپۆڕ؟ ئایا ئیمام دەبێت پابەندی ڕەئی زۆرینە بێت یاخود ئەم زۆرینە دەخاتە لاوە و بۆچوونی کەمینە وەردەگرێت؟ یاخود هەمووبۆچوونەکان وەلا دەنێ و گەل بەرە و ڕەئی خۆی قانع دەکات و ڕەئی خۆی دەکاتە پێوەر بۆ کارکردن؟ لێرەوە بۆچوونی زانایانی تازە و کۆن دەخەینە ڕووسەبارەت بەم مەسەلەیە.

١-هەندێك دەڵێن: ئیمام سەرپشکە لە قەبوڵکردنی ڕەئی دەستەی پسپۆڕان و ڕاوێژکاران (أهل الشوری) یان( اهل الحل والعقد) یاخود قەبوڵی ناکات و بڕیاری کۆتا بۆ ئیمامە هەر بڕیارێکیشی دا واجبە گەل بە گوێی بکات، واتە: ڕاوێژی و زانستییە نەك مولزیمە بۆ ئیمام.

٢- هەندێکیش دەڵێن: ڕاوێژ بە نسبەت ئیمامەوە تەنها بەرچاوڕوونییە و ئیمام ناچار نابێت پابەندبێت بەو ڕاوێژەوە.

٣- هەندێکیش دەڵێن: لە ئیسلامدا دەبێت ئیمام دوای ڕاوێژکردن پابەند بێت بە ڕەئی جمهورەوە و بۆی نییە پێچەوانەی جمهور و زۆرینەی (أهل الشورا) بێت، دەرەنجامی شورا و ڕاوێژ دەبێتە فەرمانی کۆتای ئیمام، ئەو کاتە گەل لە فەرمانی نابێت دەرچن.

- بە کورتی کاتێك ڕەئی ئیمام و جێگرەکەی پەسەند و و گوێ بۆگیرا و دەبێت، کە ئیمام زانا و دانا بێت و ئەهلی ئیجتهاد بێت مەرجەکانی ئیجتهادی تیدابێت، بە هیچ جۆرێ بۆچوونەکەی پێچەوانەی دەقێکی ڕاشکا و نەبێت، ئەگەر ڕەئی ئیمام لەو مەسەلانەبووکە فرەڕەهەندن واتە: جێگەی ناکۆکین ئەوە کۆتا بڕیار بە ڕاوێژکردن لەگەڵ دەستەی پسپۆڕان (أهل الشوری) دەبێت نەك تەنها ڕەئیی ئیمام یان جێگرەکەی، کاتێك کۆتا بڕیار درایەوە دەستی (مجلس شوری) ئیتر ئەوکاتە دەرەنجامەکەی دەبێتە ئیجتهاد

و ڕەئییێك، خەڵكی بۆ ئەو قۆناغە واجب دەبێت پابەندبێت پێیەوە، ئیمام و جێگرەکەی لەو مەسەلانەی کە دەقێکیان لەسەر هاتووە وچەند حوکمێك وەردەگرن بۆیان هەیە بە یەکێك لەو حوکمانە مەسەلەکە چارەسەر بکەن، بۆ نموونە لە قورئاندا باس و حوکمی ڕێگر و چەتە (قطاع الطريق) هاتووە و حوکمەکەیان دیاریکراوە و ئیمام یان جێگرەکەی سەرپشکن لە هەڵبژاردنی هەرکام لەو حوکمانە کە بۆ ئەو دەستەیە هاتووە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّما جَزاءُ الَّذِينَ يُحارِبوون اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَساداً أَنْ يُقَتَّلُوا أَ و يُصَلَّبُوا أَ و تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلافٍ أَ و يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ﴾ لەم ئایەتەدا چوار جۆر سزا و عقوبە بەیان کراوە بۆ ئەوانەی کە ناسراون بە(قطاع الطريق) ئیمام سەرپشکە لە هەڵبژاردنی یەکێکیان ، کامەیان بە بەرژەوەندی دەزانێ بۆ ئەو وەختە کە ژیانی تیدادەگوزەرێنن هەڵدەبژێرێت (کوشتن، هەڵواسینیان تامردن، بڕینی دەستی ڕاست و قاچی چەپیان یان بە پێچەوانەوە، یان دەرکردن و سجنکردنیان).

ڕێگرەکانیش چەند جۆرێکن لەوانە : خەڵك دەکوژن و ماڵەکەشی دەبەن، یان تەنها ماڵەکەی دەبەن و واز لە خۆی دەهێنن، یان تەنها دەیترسێنن نە ماڵ دەبەن نە کەسیش دەکوژن، جگە لە سێیەمیان جۆری یەکەم و دووەم زۆرکات بە چەند گروپێك دەکرێت کە خاوەنی میلیشیابن هێزەکانیان ئازاد نەبن و بە یاسای دەوڵەت ڕێکنەخرابن، و لە ژوورەتاریکەکاندا بڕیاری جووڵە پێکردنیان بۆ دەدرێت، بەشێوەیەکی گشتی هەر سێ دەستەکە هۆکاری سەرەکین بۆ تێکدانی ئارامی و ئاسایشی وولات و بەرپاکردنی گەندەڵی و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی گشتی لەبەر بەرژەوەندی خۆیان، بۆیە یەکەم کار کە دەبێت ئیمام بیکات بە سزاگەیاندنی ئەم جۆرە گروپانەیە، فەرمانەکەشی گوێ بۆ گیراوە.

- سنووری دەسەڵاتی ئیمام لە دەستوری وڵات دیاری دەکرێت و نابێت بەهیچ شێوەیەك سەر پێچی و زیادەڕەوی بكات لەو دەسەڵاتانەی کە بۆی دیاریکراوە لە دەستوردا، وەك ئیمامی ئەبوبەکر(ڕەزای خوای لەسەر بێت) لەوتارە بەناوبانگەکەیدا لەکاتی دەستبەکاربوونی و فەرموی:( ئەی خەڵکینە منتان هەڵبژارد و و باشترینی ئێوەنیم، واجبە لەسەرتان گوێڕایەڵیم بکەن تا ئەو کاتەی بە شەرعی خوا کارمکرد یان فەرمانم دەرکرد، ئەگەر نافەرمانی خوام کرد هیچ واجبێك لە گەردنتان نامێنێ بەرامبەر بە فەرمانەکانی من).

- **وقد يتغير بحسب الظروف والعرف والعادة:** ڕەئی ئیمام بەپێی بارودۆخ و نەریت و عادەتی خەڵکی دەگۆڕێت.

ئەوەش دەبێت بزانین ئەو ڕەئی و بۆچوونانە بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێن کە لەسەر عادەت و نەریت دامەزراون، چونکە کات بەهۆی گۆڕانی پێداویستی مرۆۃ دەگۆڕێت، هەر بۆیە ئەو ئەحکامانەش دەگۆڕێن کە لەسەر نەریت و عادەت بوونیاد نراون، بەڵام هەندێ ئەحکام هەن کە لەسەر نەریت و عادەت بوونیات نەنراوە هەرگیز ناگۆڕێن، وەك حوکمی میراتی خوشك لەگەڵ براکەیدا، براکەی دووهێندەی خوشکەکەی بەردەکەوێ لەو ماڵەی کە باوکییان یان داکییان بەجێدەهێڵێت، یان حوکمی تۆڵەسەندنەوەی کوشتنی دەست ئەنقەست، ئەم ئەحکامانە لەسەر نەریت و عادەت دانەڕێژراون هەرگیز گۆڕانییان بەسەردا نایەت، لەو حوکمانەی کە لەسەر نەریت و عادەت دامەزراون نمونە: مارەیی قەرز لە عادەتی زانایان و خەڵکی عیراقدا وایە کە هەمیشە (١٩) مسقاڵ ئاڵتونی قەرز بکرێتە مارەیی ئافرەتەکە، لەگەڵ بڕێکی دیاریکراوی تری حازر، ئەمە عادەت و نەریتی عیراقییە و دەکرێت لە زەمەنێکدا بگۆڕێت وەك ئەمڕۆ زۆرجار کاری پێناکرێت، یاخود جاران وابووئەگەر کەسێك بیویستایە ماڵێك بکڕێت تەنها ماڵی دراوسێکەی ببینایە

ئـيتر مـافی پەشـیمانی نـەدەما لـەکڕینی ئـەو ماڵـەی تەنیشـتی، چـونکە نەخشەکەیان وەك یەك وا بوو، بەڵام ئیستا هەمووماڵێك نەخشەی تایبەتی هەیە و هەرگیز بەیعی ماڵێك نایەت ئەگەر ژوربەژور و مەساحەی ئەرزەکەش نەزانێت.

بـەڵام کۆمەڵـە یاسـایەك هـەن کـە لەبـەر بەرژەونـدی زەمـەنێکی دیـاریکرا و گۆڕانیان بەسـەردا دێت، وەك ئەوەی کـە موسـوڵمانان بوونـە خـاوەنی هێـز و دەسـەڵات ئـیتر زەکاتیاننـەدا بـەتازە موسـوڵمانەکان ئیمـامی عومـەر فـەرموی بەهێز بـوونی موسـوڵمانان بەرژەوندیـەکان دەگۆڕێـت بـەهۆی گـۆڕانی کاتـەوە، یـان نـەبڕینی دەسـتی دز لـە کاتێکدا کـە موسـوڵمانان نـەتوانن بـژێوی خـەڵکی دابین بکەن.

بەرژەوەندییەکان چەند جۆرێکن:

أ- **بەرژەوەنــدی زەروری**: بەرژەوەنــدی دیــن و دونیایــان پێوەبەنــدە ( پاراستنی دین و گیان و عەقڵ و وەچە و ماڵ و ئاسایشی وڵات).

ب- **بەرژەوەنـدی پێویسـت**: کـە ئـەم جـۆرە بەرژەوەندییـە کارئاسـانی لـە کاروبـاری موسـوڵماناندا بەدیـدەکرێ و لـە بـابی ڕوخسـەتی شـەرعیدا خـۆی دەبینێتەوە لەوانە وەك، کۆکردنەوەی نوێژ لەکاتی سەرما و باران و سەفەردا و نەگرتنی ڕۆژ و لەکاتی نەخۆشیدا...

ج- **بەرژەوەندی کەمالیات و جوانکاری**: وەك بوونی جل و بەرگ زیاد لە داپۆشینی عەورەت، یان بۆن خۆشی.....

د- بەرژەوەنــدی مورســەلە (المصــالح المرســلە): بریتییــە لەوپانتایــە فراوەنـەی لـە ژیـانی مرۆڤـدا کـە شـەرع تێیـدا بێـدەنگ بـووە لـەوبارەوە هـیچ حـوکمێکی دەرنـەکردووە، وەك کۆکردنـەوەی قورئـان بـەم جـۆرەی ئێسـتا کـە لەبـەر دەسـتماندایە کـە لەسـەردەمی ئیمـامی عثمانـدا و خـودی ئیمـام (ڕەزا و

ڕەحمــەتی خــوای لەســەربێت) پێهەســتا، لــەم بــارەوە یــەك ئایــەت یــان فەرموودەیەك نەهاتووە، وەك چۆن ڕوخسەت هاتووە بۆنەخۆش کە بەڕۆژونـە بێت و ئایەتێك یان فەرموودەیـەك نـەهاتووە کـە مـەنعی ئـەم جۆرە کارانـەبکات وەك مەنعی ریبای کردووە، ئەم جۆرە بەرژەوندیەش دوو مەرجی هەیە.

أ- دەبێت واقعی بێت نەك وەهمی و خەیاڵی.

ب- گشتی بێت نەك شەخسی.

**والعرف:**

بریتییەلەو نـەریت و خووەی کە خـەڵکی لە ژیاندا لەسـەرین و پابـەندن پێیــەوە لــە مامەلــەو بەرخوردیانــدا، یــاخود عــادەت بریتییــە لەوکارانــەی کــە ڕۆژانــە بــەردەوام دووبارەدەبنــەوە، بەومانایــە عــادەت گشــتگیرترە لــە نــەریت (العــرف)، چــونکە هەموخوویــەك نەریتــە بــەلام هــەموو نــەریتێك خوونیــە، هەرچــەند هەنــدێکیش بــە پێچــەوانەوە دەڵــێن: نــەرت گشــتگیرترە لــە خــوو، کورتــەی قســە ئەوەیــە کــە نــەریت و خــوو وەك یــەکن تــەنها جیــاوازی لــە موفردەکانداهــەن ئەگــەر نــا لــەمانادا هەریــەك شــتە چ نــەریت بێــت یــان خــوو ئەوەیە کە خەڵکی لەسەری دەڕۆن.

**- العرف، نەریت بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە:**

**١- نەریتی دروست و پەسەند:** ئەوەیە کە پێچەوانەی دەقێك لـە دەقـەکانی قورئان یان فەرموودە یاخود بنەمایەك لە بنەماکانی شەرع نەبێت.

**٢- نــەریتی فاســد و خــراپ:** ئەوەیــە کــە پێچــەوانەی ئــەحکامێك لــە ئەحکامەکانی شەریعەت بێت، یاخود پێچەوانەی بنەمایەك لە بنەماکانی بێت، وەك ئەوەی کـە خـەڵکی بـەزۆری خوویـان گرتـووە بـەوەی کـە ریبـا بخـۆن یـان

پابەندی فیکرەی عەلمانی و چەپبن و نوێژیش دەکەن، جیاوازی نییە لەنێوان زانایاندا لەسەر ئەوەی کە نەریتی گەندەڵ هیچ ڕەواجێکی نییە و پابەندبوون و موکوڕبوون لەسەری گوناهبارییە و پێچەوانەی شەرعی خوایە، چونکە پابەند بوون بە نەریتی خراپەوە بابەند بوونە بە هەوا و ئارەزواتەوە دەی ئەم هەڵوێستەش لە شەرعدا قەدەغەیە وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَوِ اتَّبَعَ الْحَقُّ أَهْوَاءَهُمْ لَفَسَدَتِ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ وَمَنْ فِيهِنَّ بَلْ أَتَيْنَاهُمْ بِذِكْرِهِمْ فَهُمْ عَنْ ذِكْرِهِمْ مُعْرِضُونَ ﴾[159]

- **الأصل في العبادات التعبد دون الالتفات إلى المعاني، وفي العادات الالتفات إلى الأسرار والحِكم والمقاصد:** ئەسڵ لە پەرستش مل کەچی و خۆتەسلیم کردنە بێئەوەی لابکرێتەوە بەلای ماناکانیدا، بەڵام لە کاری ئاسایی و مامەڵەی ڕۆژانەدا گەڕانە بەدوای فەلسەفە و حیکمەت و مەبەستەکەیدا.

ئەسڵ لە پەرستشدا ملکەچی و فەرمانبەردارییە بێئەوەی پرسیار بکرێت لە حیکمەت و فەلسەفەکەی، چونکە پەرستش لە ئیسلامدا توقیفیە و خوا و پێغەمبەر (ﷺ) دیارییان کردووە و کەسیتر بۆی نییە کەموزیادی تیدابکات، نوێژ کاتێك دروست و تەواوە کە فاتحەی تیدا بخوێندرێت، دەستنوێژ کاتێك دروستە کە بە ئاوێکی پاك و پاککەرە و بگیرێت و قاچەکان تاقولەپێ بشورێن، ڕۆژو کاتێك دروستە ئەم سەر و ئەو سەرەکەی دیاربێت لە فەجری صادقەوە بۆ بانگی ئێوارە، هەرگیز نابێت ئیجتهادی تیدابکرێت مەسەلەن بگوترێت لە دەستنوێژدا قەیناکا لەباتی شۆرینی قاچ مەسحی قاچ بکە و عەتفی (أرجُلكم) لە ئایەتەکەدا بکەیتەوە بۆ (رؤسكم) ئەم عەتفکردنە پێچەوانەی کاری پێغەمبەر و سەد و بیست هەزار سەحابەیە و یاخودلە

---

159- سورة المؤمنون: 71.

نیوەڕۆوە ڕۆژو بگرە تاعیشا شتی وا هەرگیز لە شەرعدا پەسەندنییە، بۆیە پەرستش دەبێت وابێت کە پێغەمبەری خوا دیاری کردووە و کەم و زیادی تیدا نەکرێت، بەڵام کڕین و فرۆشتن لە زەمەنێك بۆ زەمەنێکی تر جیاوازە ئەوەندە هەیە لە کڕین و فرۆشتندا دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە غەش و ئحتیکار و حەرامی تیدانە بێت، ئیتر نەریت و زەمەن تەداخول دەکەن لە گۆڕینی شتوومەك، بۆیە کاری پێغەمبەری خوا(ﷺ)بەڵگەیە لەسەر مەشروعیەتی ئەوکارە نەك واجب بوونی کارەکە، نمونە تەیەمووم کە پێغەمبەری خوا کردوویەتی بەڵگەیە لەسەر مەشروعیەتی کارەکە و بەڵگەی واجب بوونیشی ئایەتی قورئانە.

– ئەسڵ لە عادەت و نەریت: ئەوەیەکە دروست و شیاو بێت مەگەر بەڵگەیەکمان هەبێت لەسەر حەرامکردنی ئەو عادەتە، چونکە قسە و کردەوە و مامەڵەی خەڵکی دووجۆرە: جۆرێکیان پەرستشێکی تەوا و دروستە و ڕێگە پێدراوە کە ئەمەیان دینی پێڕادەگیرێ و لە قیامەتدا پاداشتی نەبڕاوەی بۆ هەیە، جۆرەکەی تر عادەتە کە کاروباری خەڵکی لەسەر وەستاوە شەرع بێدەنگ بووە لەوەی کە بەحەرامی دابنێت، ئەگەر شەرع بە حەرامی زانی ئەوە عادەتی فاسد و خراپە دەبێت دەستی لێهەڵگیرێت.

## چی فێردەبین لەم بنەمایە؟

١- موسوڵمانان دەبێت بەردەوام لە هەوڵدابن بۆ گێڕانەوەی سەروەری شەرعی خوا و لەخەمی دانان و هەڵبژاردنی پێشەوایەکی دادپەروەر و شەرع زانبن.

٢- دەبێت بەردەوام لە خزمەت زانایاندا چۆك دادەین بە گەورە و بچوکمانەوە تا لە دین شارەزابین و بزانین چی حەڵاڵەو چی حەرامە و چی شەرع بێدەنگ بووە لەسەری نە بە حەڵاڵ ئاماژەی پێکردووە و نە بەحەرام، کە ئەمە پانتایەکی زۆرە لە ژیانی مرۆڤدا.

٣- موسوڵمانان دەبێت لەگەڵ کاتەدا بڕۆن و تەنها میثالی بیرنەکەنەوە بزانن ئەوساتانە تیدایا دەژین پێویستی بە چییە و دەبێت بەتەواوی ئاگاداری گۆڕانی سەردەم بن و لەواقع دانەبڕێن.

٤- موسوڵمان دەبێت نەپرسێ حیکمەتی پەرستشی خوا چییە و ملکەچانە فەرمان بەرداری خوا بێت، خۆ ئەگەر لە بەشێکدا حیکمەتەکەی زانی نعمەتی خوایە ئەگەرنەشیزانی زۆر بەدوایدانەروات، چونکە تەبیعەتی فەرمان بەرداری و ملکەچی هەروایە.

٥- موسوڵمانان دەبێت پەرستش و نەریت تێکەڵ نەکەن و هەر یەکەیان لەشوێنی خۆیدا دابنێت وەك خۆشەویست دەفەرموویێت:"لَا طَاعَةَ لِمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى"[١٦٠] گوێڕایەڵی لە کەس ناکرێت ئەگەر فەرمانی بە سەرپێچی کردنی خوای کرد لەکارەکدا.

---

١٦٠- أخرجه الطبراني في معجمه الكبير: ١٨/ ١٦٥ حديث رقم:( ٣٦٧-.

# بنەمای شەشەم
# تەنها پێغەمبەران بێ هەڵەو کەموکوڕین

وكلٌّ أحدٍ يُؤخَذُ مِنْ كلامهِ ويُتركُ إلا المعصومُ (ﷺ)، وكلُّ ما جاءَ عنْ السلفِ (رضوان الله عليهم) موافقاً للكتابوالسُّنَّةِ قَبلناهُ، وإلا فكتابُ اللهِ وسُنَّةُ رسولهِ أوْلى بالإتباعِ، ولكنَّا لا نعرضُ للأشخاصِ. فيما أُخْتُلِفَ فيه . بطعنٍ أ و تَجريحٍ، ونَكِلُهم إلى نيَّاتِهِم وقدْ أفضَوا إلى ما قَدَّموا.

..............................................

پوختەی بنەماکە.

هەمووکەس شایانی ئەوەیە قسەی وەربگیرێت و شایانی ئەوەشە بەڕوویدا بدرێتەوە و وەرنەگیرێت، بێجگە لە پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەوەی لە پێشینانەوە(رضوان الله علیهم) بۆمان ماوەتەوە ئەگەر دژنەبووبەقورئان وسوننەت وەریان دەگرین، ئەگر بۆچوونەکەش دژی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) بووئەوە کتێبی خوا و سوننەتی سەروەرمان لە پێشترن بۆ پەیڕەوکردن، لەو بابەتانەی کە ناکۆکیان لەسەرە ڕووبەڕووی کەسانی جیاواز لە خۆمان نابینەوە بە تانەدان و لە کەدار کردنیان و دەیانسپێرین بە مەبەست و نییەتی خۆیانەوە، چونکە ئەوان ئەوەیان پێشخۆیان خستووە.

## دەروازەی چونەناو بابەتەکە:

ژیـانی پێغەمبـەران (علـیهم السـلام والبرکـات) نـوور و ڕونـاکی نـەمری سەرشاشەی ژیانە و مەشخەڵی داگیرساو و نەکوژاوەی حەیاتی مرۆڤایەتییە، ئەو ژیانە پڕ سەروەریەش بریتییەلە تێکۆشانی مرۆڤانەی ئەوان لە گەیاندنی پەیام و ریسالەی خوایی بە مرۆڤایەتی، ئەو ئەرکەش کارێکی نایابەو بە بەرگ و ناواخنێکی کامڵ و ژیرانە و بەسەلیقەیەکی تەوا و حەکیمانە کردویانەتە ڕایەڵەیەکی نێوان خواوەند و بەندەکانی، بەوەشەوە نەوەستاون و بەخەباتی نەپساو و نەفەسێکی درێژ و بە تەعبیرە قورئانییە کە بە ڕۆحی ئولول عەزمییەوە، بە ئارامگرتنێکی جوانەوە و بەپشت بەستنێکی ڕاست و دروستەوە، لەو مەیدانەدا وەك بلیمەتێکی کاتە و سەردەمی خۆیان مامەڵەیەکی گونجاویان لەگەڵ یاسا و بنەماکانی بوونەوەردا کردووە و هەرگیز پشتیان لە سوننەتە کەونیەکان نەکردووە، چونکە باشیان دەزانی ئەو یاسا و بنەمایانە کاریگەری تەواویان هەیە، باونەریتی سەرجەم گەردونن و ئەگەر لە هەندێ بواردا خوای باڵا دەست ڕامیکردبن ئەوە تاسەروانابن و بەڵکو بۆ مەبەستێکی خواییە تا بیانکاتە مایەی ڕوناکی دڵە تاریك و پوکا وەکانی سەردەمی نەزانی و بێ دینی، هەر ئەمە وایکرد مەشخەڵی خۆر ئاسایی قەتاری پێغەمبەران (علیهم السلام ) تا ڕۆژی قیامەت ڕوناك بێت و نەکوژێتەوە و خامۆش نەبێت و دڵە خەوتو وەکان و گوێ قورسەکان و فیکرە ئاڵۆزەکان بکاتەوە و یەکیان بخات و بیان کاتە خزمەت کاری ڕاستەقینەی

بەندەکانی خوا، ئەم حەرەکەت و بزاوتەی پێغەمبەران بە ژیانیان سازیان کردووە و دایانگرساندوە، وەك پەڕاوێکی کراوە و بەسود داهێنانی تازە و نوێی بەدوادا دێت و بەردەوامیش دەبێت، وەك کانیاوێك کە وشکبوونی نییە و لە هەر وەرز و کاتێکدا بە ئاوە سازگارەکەی بەرهەمی نوێ دەبەخشێت و بەسەر هەر زەوییێکدا بڕوا ڕۆحی هەستانەوە بەبەریدادەکات، چونکە پەرتوکی ژیانیان هێندەکراوە و پاك و بێ هەڵەیە، عەقڵ و هزری داهێنەر شتانێکی وەهای تیا بەدی دەکات کە پێشینەکان دەرکیان نەکردبێت، مەگەر تەنها دواینەکان بەسیفەتی زەمەنی خۆیان ئوو بەرهەمە ناواز و بەسوودە بدەنەوە بە مرۆڤایەتی، بەندە دەمەوێ بە ئیخلاصێکی تەواو و بەرچاوڕونیەکی زانستیانەوە ئەوە بڵێم: ئەم هەمووجوانیە کە پێغەمبەران هێناویانە سەرچیا وەکەی تەنها پاکی و سەفای ڕۆح و دورلە گوناه و سەرپێچی فەرمانی خواییە و وایکردووە شاشەی ژیانیان ڕوناك کردووەتەوە و بوونەتە ڕەونەقی جوانی بوونەوەر.

پێغەمبەران هەمووپارێزاون و لە ژیانی هیچ یەکێکیان لادانێکی مەبەستدار بەدی ناکرێت، چونکە ئەوان دەستەبژێری قودرەت و ئیرادەی خوای گەورەن لە نە وەکانی ئادەم (علیه السلام)، ژیانیشیان ئەوەی سەلماند وەکە هیچ کارێکی وایان نەکردووە پێویستی بە پۆشین هەبێت، چونکە فیترەتیان پاك و بێگەرد و ڕۆحیان بەرز و عەزیمەتیان بێ وێنەیە، بەشێوەیەکی زۆر جوان پاکی و سەفای دەرونیان بەدی دەکرێ و ئەوەی مانای جوانی و ئەخلاق بێت لەوان ماوەتەوە بۆ مرۆڤایەتی سەرچەشمەی ئەخلاق و هیمەت بەرزین و لە لوتکەی کەماڵ و ژێریدا ژیانیان گوزەراندوە و دەست و قودرەتی خوای باڵا دەستیان بەسەرەوە بووە وەك پێغەمبەر (ﷺ)

دەفەرموویێت: (أدبني ربي فأحسن تأديبا)[١٦١] ئەمە حاڵی تەواوی پێغەمبەرانە (علـيهم السـلام والبركـات) هـەر لەبـەر ئەوەشـە هـيچ لادان و هەڵـەو کەمووکورتیەکیان تیدابەدی ناکرێت، ئەوەتا ئیمامی غەزالی دەڵێت: ژیانی پێغەمبەران (عليهم السلام والبركات) لە چڵەپۆپەی کەماڵدا بوون هەرگیز لەم پلەیە دانەبەزیون، بەڵام مرۆڤەکان هەمیشە لە بەرزبوونەوەیان توشی هەڵەو کەوتنبوون، بەڵام ئەوان بەردەوام لە مەقامی (ئیحساندا) بوون کە بریتییەلە "أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ" فَإِنَّهُ يَرَاكَ"[١٦٢] ئەوەش دیارە کە مەقامی ئیحسان بەرزترین پلەیە کە مرۆڤ دوای هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر پێی دەگات و دوای ئەم پلەیە پلەیترنییە مرۆڤ پێی بگات، دەی ئەم پلەیەش لە ژیانی پێغەمبەراندا هەر لەسەرەتای ژیانیان تا ڕۆژی وەفاتیان هەر لەو پلەیەدا بوون.

- **وكلٌّ أحدٍ يُؤخَذُ مِنْ كلامهِ ويُتركُ إلا المعصومُ**.( هەموکەسێ وتەکانی جێگای وەرگرتن و ڕەتکردنەوەن جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبێت ئەوە بزانین ئاینی ئیسلام هەمووکەس لە ئاستی پسپۆڕی خۆیدا ڕێز و شکۆی پاراستووە و قەدردانی بۆ هەرتاك و خاوەن پیشەیەکی تایبەت گرتووە و تاکەکانیش لەسەر هەمان بنەما و ئەسڵ پەروەردە دەکات و هیچ لێوەشاوەیەکی بەلاوە زیاد نییە و بە گرنگییەوە تەماشای دەکات، بۆیە دەبێت ئێمەی موسوڵمان خۆمان لەوە بەدوور بگرین کە خۆمان بخەینە ناو هیچ بازنەیەکی تایبەتەوە بەبێ زانست و زانیاری لەو بوارەدا، گرنگە ئێمە ئەم

---

١٦١- أخرجه ابن سمعاني، تەماشای: معارج القدس في مدارج معرفة النفس، أب و حامد محمد بن محمد الغزالي الطوسي (ت ٥٠٥هـ-٣٩/١. دار الآفاق الجديدة - بيروت( ١٩٧٥-.

١٦٢- أخرجه البخاري، في كتاب تفسيرِ القرآنِ: باب: قولهِ: {إِنَّ اللهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ}رقم الحديث:( ١٩٤٨-.

بنەمایەش نەکەینە بەڵگەی دەستمان و هەر لە دورەوە بڵێن: ئیمام حەسەن بەننا گوتویەتی: هەموکەسێ وتەکانی جێگای وەگرتن و ڕەتکردنەوەن، ئەمە بنەمایەکە و بەوپەڕی ڕێزەوە بەرامبەر بە زانایان کراوە، نەك هەر کەسێ هەستێت پەنجەی تۆمەت بۆ بۆچوونی زانایان درێژبکات، چونکە هەرکەس مەحرەمی نهێنی و خاڵی لاوازی پسپۆڕی خۆیەتی، نەك هەرکەسێ لەلایەن خۆیەوە قسە و بۆچوونی زانایان ڕەتبکاتەوە، ئەگەر وابێت ستەمێکی گەورە لە زانایانی ئەم ئومەتە دەکرێت، دەبێت بە هەمووتوانامانەوە ڕێگری بکەین لەو جۆرە هەوڵانە کە لەسەر بنەمایەکی لاواز، وتەی دانایان و زانایان ڕەتدەکاتەوە.

– **معصوم:** لەزمانەوانیدا: پارێزراو، پاراستن، نەهێشتن.

سەرەتا یەکێك لە سیفەتەکانی پێغەمبەران(عصمة) واتە: لە گوناه و هەڵە پارێزراوو، چونکە عصمەت واتە: پارێزراو، وەك خوای گەورە دەفەرموویت:( لا عاصم الیوم من أمر الله) واتە ئەمڕۆ کەس لە فەرمان و قەهری خوا پارێزرا و نابێت.وشەی عصمە، چاوگە ڕیشکەکەی(ع، ص، م)(عصم) وشەی (عاصم) کە لە ئایەتەکەدا هاتووە ئیسمی فاعیلە.

وەك زاراوەش(عصمەت) واتە: پاراستنی پێغەمبەران لە هەمووگوناح و تاوانێکی گەورە و بچوك، چ لە ڕوی سیفاتی زاتی یان موضوعی.

زانایان بەکۆدەنگی لەسەر ئەوە یەك ڕان کە پێغەمبەران هەموویان پارێزراون لە گوناحی گەورە و بچوك، چونکە ئەوان بەرپرسن لە گەیاندنی ئەو پەیامەی کە خوا بۆی ناردون تا خەڵکی بۆ بانگ بکەن و لەسەری پەروەردەی بکەن، دەی هەرگیز خوای باڵادەست پەیامی خۆی ناداتە دەست کەسی گوناهبار و خەڵەتێنەر و دز و مەست و مودمین بە خراپە و ستەمکاری یەوە،

ئـەم وەسـفانەمان بۆیـە بـەیان کـرد لێرەدا، چـونکە دەبێـت بـزانین لـە تـەوراتی دەسـتکاریکرای بەردەسـت لـە ئێسـتادا وا وەسـفی پێغەمبـەران کـراوە کـە خـراپترین تـاکی کۆمەڵگـە کـەیان بـوون وەك تۆمـەتی زینـاو دزینـی پێغەمبەریـەتی و خیانـەت و کوشتن و شـەرواڵ پیسیان داونەتـەپاڵ [163]، ئـەم جـۆرە سـیفەتانە کـە بـەلای عـەقڵی سـەلیم و کەسـی ئاسایشـەوە قێـزەون و ناپەسەندن، دەی چۆن خوا پەیامی خۆی دەداتە دەستی کەسانی لـەو جۆرە؟ دەی خـۆ هـەر عـەقڵ ئـەوەمان پێدەڵێت: کـە خـوا کاربـەجێ و حەکیمـە کەسـێ هەڵنابـژێرێت کـە واسـیتەی نێـوان خـۆی و بەنـدەکانی بێـت سـیفەتگەلێکی هەبێت کەسی ئاسایش ئەو سیفەتانەی بەلاوە پەسەند نەبێت، کەواتـە دەبێـت دڵنیـابین لـەوەی کـە پێغەمبـەران پـالێورا و هەڵبـژاردەی خـوان بـۆ ئەنجامـدانی کـارێکی مـەزن و گـەورە ئامـادەیکردون و هـەر لەبـەر ئـەم ئەرکـە گرانەشـە خـوا هەمیشە لە هەڵەو کەموکورتی پاراستوونی.

- **بۆیە زانایان دەفەرموون پێغەمبـەران لـەم چـەند خاڵـەدا معصـومن و پارێزراون**

١. لەڕووی عەقیدەوە، بەهیچ جۆرێ ئینحرافی عەقیدەیان نەبووە.

٢. لە گەیاندنی پەیامی خوایدا، هیچ کەمتەرخـەمی و شـاردنەوە و کـورت کردنەوەیان نەبووەە لەوی خوا فەرمانی پێکردوون.

٣. لە قەزاوەت و فەتوادا، هـەرگیز شتێکیان نـەوتووە پێچـەوانەی پـەیامی خوا و دژی بەرژەوندی مرۆڤ بێتت.

٤. لەڕووی سلوك و ڕەوشتـەوە، لـە ژیانیانـدا بـەهیچ جـۆرێ قـاچ تـرازان و ساتمەیان نەبووە نە لە گوفتار و نە لـەکرداردا چ پێش پێغەمبەریـەتی چ دوای بوون بە پێغەمبەری، بۆیە لە گوناهی گەورە و بچوك پارێزراون.

[163] - الكتاب المقدس، سفر التكوين، صحاح١٩/عدد،٣٠.

٥. لەڕووی بیرچون و سەهوەوە، زانایان سێ بۆچوونیان هەیە:

أ- هەڵەی بچوکیان لەسەر دەست دەرچووە نەك بە دەست ئەنقەست بەڵکو بە سەهو بووە، ئەمەش بۆچوونی ئیمامی(رازیی و بەیزاوی و ئەسنەوی....)

ب- هەڵەی بچوکیان لێوە سادربووە بە سیفەتی مرۆڤ بوونیان، ئەمەش بۆچوونی (ئیمامی حەرمین و ئامیدی و قازی عیاز و أبو جعفری تەبەری و موعتەزیلەکانە).

ت- مەعصوم و پارێزراون بەرەهایی لە گوناهی بچوك دەست ئەنقەست بێت یان سەهو، جا لە قەزاوەت بێت یان مامەڵەی ئاسایی، ئەمەش بۆچوونی جمهوری زانایانە، لەوانە( حەنبەلیەکان و شافعیەکان و حەنەفیەکان مالکییەکان).

لەدەرەنجامی نیشاندانی بۆچوونی زانایان لەسەر عصمەتی پێغەمبەران دەگەینە ئەوەی کە پێغەمبەران مەعصومن لە گەیاندنی پەیامەکەیان بە گەلەکەیان و هیچ کەم و زیادەیەك لەسەر دەستیان ڕوی نەداوە بە تەواوی مەعصومن، بەڵام لەڕووی کاروباری دونیا و کاروباری قیادی و قەزاوات وەك پێغەمبەر خۆی دەفەرمووێت:(منیش مرۆڤێکم وەك ئێوە لەسەر زاهر بڕیاردەدەم) دەکرێت لەم بوارانەدا وەك سروشتی مرۆڤبوونیان هەڵەیان هەبێت، کەواتە لەم بوارانەدا کات وشوێن ڕۆڵدەبینێت، زۆر ئاساییە بڕیارێك وەك سەرکردەیەك یان لەکاروباری ڕۆژانەی ئەووەختە یان دادگەری نێوان دووکەسدا بۆ ئەوکاتە بشێت و بۆ ئەمڕۆ ڕەد بکرێتەوە.

### ئایا غەیری پێغەمبەران مەعصومن وەك هەندێ وا دەڵێن؟

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بەم مەسەلە گرنگە بکەین کە ئایا دەکرێت غەیری پێغەمبەران کەسانێکی ترهەبن خوا هەڵی بژاردبن و

مەعصوم بن؟ بە کۆدەنگی زانایان و بەبێ هیچ جیاوازیەك لەسەر یەك بۆچوون یەکدەنگن کە غەیری پێغەمبەران کەسی تر مەعصوم نییە، واتە: هیچ کەس لە هەڵەو گوناە بەدەرنییە بۆیە دەبێت چاوەڕێی بێخەتایی لە کەس نەکەین جگە لە پێغەمبەران (علیهم السلام والبرکات)، مادام خوا بەمرۆڤ خەلقی کردوین و مرۆڤین کەسمان لە گوناهی گەورە و بچوك خاڵی نین، ئەگونجێ کەسێ گوناهی گەورە و دیاری نەبێت، بەڵام هەرگیز لە گوناهی بچوك خاڵی نییە، دەی بەردەوام بوونیش لەسەر گوناهی بچوك گەیشتنە بە گوناهی گەورە، چونکە گوناهی بچوك بەبچوکی نامێنێ لەگەڵ بەردەوامیدا و گوناهی گەورەش نامێنێ لەگەڵ دەربڕینی تەوبەو پەشیمانی، بۆیە ئەوەی کە دەیڵێن: کەس مەعصوم نییە جگە لە پێغەمبەران لەسەر ئەو بنەمایە دەڵێن کە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموویێت:" كُـلُّ بَنِـي آدَمَ خَطَّـاءٌ وَخَيْـرُ الْخَطَّـائِينَ التَّوَّابُـونَ"[١٦٤] واتـە: هـەمووئادەمیزادێك هەڵـەو گونـاه دەکـات باشـترینیان ئەوانەن کە پەشیمانی دەردەبڕن و تەوبە دەکەن، هەڵەکردن و ڕودانی گوناه لەسەر دەستی مرۆڤدا شتێکی سروشتییە هەرچۆن نەکردنیشی سروشتییە، ئەوەش بزانین واجبە لەسەرمان گوناه نەکەین و دوربین لە ئەنجامدانی، کردنی گوناه قەدەغەیە و بکەرەکەی سزا دەدرێت ئەگەر تۆبەی لەسەرنەکات، جگە لە پێغەمبەران(درودی خوایان لەسەربێت)،چونکە ئەوان پارێزارون، دەرەنجام دەگەینە ئەوەی کە جگە لە پێغەمبەران کەس لە گوناه خاڵی نییە هەرکەس ئیدعای لەو جۆرەش بکات پێچەوانی سروشتی مرۆڤ بڕیاری داوە،

---

١٦٤- أخرجه الترمذي في صفة القيامة، باب المؤمن يرى ذنبه كالجبل فوقه: حديث رقم: (٢٥٠١- ، وأخرجه ابن ماجة: في الزهد، باب ذكر التوبة: حديث رقم :(٤٢٥١- وإسناده حسن.

پێغەمبەرانیش لە مرۆڤ بەدەرنین و مرۆڤن بەڵام ئەوەندە هەیە بە قودرەتی خوا لە گوناهی گەورە و بچوك پارێزراون.

– **وكلُّ ما جاءَ عنْ السلفِ (رضوان الله عليهم) موافقاً للكتابوالسُّنَّةِ قَبلناهُ، وإلا فكتابُ اللهِ وسُنَّةُ رسولِهِ أوْلى بالإتباعِ**: هەرشتێك لە پێشینانمانەوە بۆمان مابێتەوە و موافقی قورئان و فەرمووده بێت، ئەوە پەسەندمانە و وەریدەگرین، ئەگەر نا ئەوە قورئان و فەرمووده لە پێشترن بۆ پیادەکردن، ئیمامی مالك دەڵێت: هەموکەس شیاوی ئەوەیە قسەی پەسند بکرێت و قسەشی ڕەدبکرێتەوە تەنها پێغەمبەر نەبێت (ﷺ) وەك خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَما آتاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَما نَهاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا ﴾[165] و ئیمامی شافعی لەوتەیەکی زۆر مەشهوریدا دەڵێت: ئەگەر لە کتێبەکەی مندا پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەرتان بینی ئەوە قسەکەی من ڕەت بکەنەوە ودەست بگرن بە سوننەتەکەی پێغەمبەرەوە." إذَا وَجَدْتُمْ فِي كِتَابِي خِلَافَ سُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقُولُوا بِسُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَدَعُوا قَوْلِي "[166].

– **السلف**: زاراوەیەکە کە مەبەست پێی پێشینانی ئێمە بەتایبەتتر دەستەی یەکەمی موسوڵمانان، کە وامەشهورن لەناو ئێمەدا پێیان دەگوترێ هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) بیرمان نەچێت (صحابه) لەزمانەوانیدا بەمانای هاوەڵ دێت، ئەگەرنا لە عورفدا هاوەڵ کەسێکە کە بە زۆری تێکەڵبێت لەگەڵ هاوەڵەکەی نەك تەنها بە بینینی کەسێ و پابەند بوون بە بۆچوونەکانیەوە، بۆیە وشەی (السلف) زۆر گونجاوە بەکاربێت بۆ دەستەی یەکەم لە

---

١٦٥– سورة الحشر: ٧.

١٦٦– تەماشای: المجموع شرح المهذب، لأبي زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (ت ٦٧٦هـ– ٦٣/١. دار الفكر.

موسوڵمانان، چونکه نەژادی دوای ئەوان به تابیعین ناسراون، لێرەوەیه ئەوی لـه پێشـینانی ئێمـه ماوەتـەوە بۆمـان ئەگـەر مـوافقی قورئـان وسـوننەت بووقەبوڵمانه و کاری پێدەکەین له فتوا و قەزاواتدا و به یەکێك لەسەرچاوەی شەریعەتی دادەنێن، بەڵام ئەگەر پێچەوانەی دەقێك لە قورئان یان فەرمووده وەسایه و ئەوە هیچکات ئێمه مولزەم نین پێیەوە بۆ جێبەجێکردنی، نەك تەنها قسەی پێشینانمان بگره هەرکەسیٚ که پێچەوانەی قورئان یان فەرمووده قسەی کرد به هەمووتوانامانەوە بەرگری دەکەین و ڕەدی دەکەینەوە.

– **ولكنَّا لا نعرضُ للأشخاصِ. فيما أُخْتُلِفَ فيه. بطعنٍ أ و تَجريحٍ، ونكِلُهم إلى نيَّاتِهِم وقدْ أفضَوا إلى ما قَدَّموا.** گرنگی و جوانی ئەم بنەمایه لێرەدایه که یەکێکه لەو بنەمایانه هەرگیز نابێت مرۆڤی موسوڵمان لێی بێئاگابێت، دەبێت بکرێتـه وتـەی نـاو کـۆڕ و کۆبوونـه وەکانمـان و نـەوەی ئایندەی لەسـەر پـەروەردە بکـەین، ئـەم بڕگەیـه ئاماژەیـه بـۆ ئـەوەی کـه ئێمـه دەبێـت هـەرگیز مەیـدانی کۆمەڵگـه چـۆڵنەکەین، کاتێـك لەگـەڵ خـەڵکیش لـه کۆمەڵگـه و لـه مەیدانی ژیاندا بوین دەبێت بەم گیانەوە مامەڵه بکەین.

أ– کـەس لەبـەر جیـاوازی بۆچـوونی لەگەڵمانـدا نـەیتۆرێنین و عەیبـدار و بریندار نەکەین به تانه و تەشەر.

ب– بـەڵکو دەیاندەینـەوە دەسـت نیـەتی خۆیـان و مامەڵـەی هـاوڵاتی و ئینسـانیان لەگـەڵ دەکـەین، چـونکه موسـوڵمان ڕەحمـەتی پێیـه دەبێـت پرۆژەکەشی ڕەحمەت بێت بۆ هەمووان، کەواته موسوڵمان دەبێت بۆ هەموان و لـه خـەمی هەموانـدا بێـت، بەرنامەکـەشمان بـۆ هەمومانـه، بۆیـه جیـاوازی بۆچوون لەمەسائیلی فەرعی و فرەڕەهەند، نابێت بکرێته جێگای مشتومڕ و نـاکۆکی نێـوان مرۆڤـەکان و یـەکتری تۆرانـدن، بـەڵکو واجبـه ڕونکردنـەوە و تەرجیح لەنێون بۆچوونه جیاوازەکان بدەین، ئەمەش بەڕەچاوکردنی ئەوپەڕی

ئەدەبو نەبەزاندنی سنووری گفتوگۆ تیایدا، چونکە جیاوازی بۆچوونەکان دەیان دەرچەی جیاواز دەکەنەوە هەر وەختێك دەبێت سود لەو بۆچوونە جیاوازە وەرگرین مادام لەسەر بنەمای زانست و بەرچاورونی پەیدا بووە، چونکە هەرگیز عەیبو نەنگی لە جیاوازی بۆچووندانییە، تەنها عەیبە لەوەدایە کە دەمارگیری و تەعەصوب بۆ تەنها بۆچوونێك دەربېڕێت، دەرەنجام ئەم دەمارگیریە دەبێتە هۆی تەخەلوفی عەقڵی ئەگەر لەو ساتەشدا زیانی لێ نەکەین دڵنیابە لە ئایندەدا هەر زیانی هەیە و توشی زیانەکەی دەبین.

## چی فێر دەبین لەم بنەمایە؟

١- موسـوڵمانان دەبێـت بەوپـەڕی ڕێـزەوە تەماشـای زانایـان و بیرمەنـدانی بکـات و هـەرگیز بـەبێ زانسـت و زانیـاری سـنووری ئـەدەب لـە مەجلیسـیاندا نەبەزێنێت.

٢- دەبێـت ئـەوەش بـزانین تـەنها پێغەمبـەران پـاکن لـە هەڵـەو کـەموکورتی و نابێت هەر گیز بەچاوی پلەی نایابەوە بڕوانینە کەس، چونکە ئەو پلەیە تـەنها لە پێغەمبەران چاوەڕێ دەکرێت.

٣- عەیبەو نهێنی کەس ئاشکرا نەکەین و نەکەوینە وێزەی غەیبـەت کردنـی یەکتری، بەتایبەتتر زانایان و پێشینانمان.

٤- ئەگـــەر کەســـێك قـــودوە و پێشـــەنگ نەبووکەســـێکی ئاســـایی نـــاو کۆمەڵگەبوو، نابێت هەرگیز لە پشتەملێ باس بکرێت و غەیبـەتی بکرێـت، خـۆ ئەگـەر لـە ئاسـتی بەرپرسـیاریەتی بێـت و قودوەی خـەڵکی بـوو دەبێـت (عمـر) ئاسا سوپاسی هەر کەسێك بکات کە هەڵەکانی بەدیاری بۆ دەباتەوە، ئەگەر نا لـەدەرەنجامی هەڵـە، نەلـە زمـانی شـوێنکەوتوانی و نەلـە شمشـێری نـەیارانی ئەمین نابێت، سوپاسی خواش بکات کە لەناو گروپێکی ئاوا هۆشیاردا دەژی و پێشەنگە.

**٥- یەکێك لە بنەماکانی پێکەوە ژیان و پێشکەوتن قەبوڵکردنی یەکتریە با ڕەئی و بۆچوونەکانیش جیاوازبن، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئەمە بەدیکرا کە کەس لەسەر جیاوازی بۆچوون و ڕەئی بەکەم سەیرنەکرا ئەوە ئەو کۆمەڵگەیە هەنگاوی بەرە و شارستانییەت و مەدەنیەت ناوە تالوتکەش دەڕوات، چونکە هەمو تاکێك هەست بە بوون و گرنگی خۆی دەکات لەو کۆمەڵگەیەدا.**

# بنەمای حەوتەم

## پێوەری ئیجتهاد و تەقلید و پابەندبوون بە مەزهەبەوە

وَلِكلّ مسلمٍ لم يبلغْ درجةَ النظرِ في أدلةِ الأحكامِ الفرعيةِ – أنْ يَتَّبعَ إماماً مِنْ أئمةِ الدِّينِ، ويَحْسُنُ بهِ مع هذا الإتباعِ أنْ يجتهدَ ما استطاعَ في تعرفِ أدلَّتِهِ، وأنْ يتقبلَ كلَّ إرشادٍ مصحوبٍ بالدليلِ متى صحَّ عنده صلاحُ مَنْ أرشدَهُ وكفايتُه، وأنْ يستكملَ نَقْصَهُ العلميَّ – إنْ كان من أهلِ العلمِ حتى يبلغَ درجةَ النَّظَرِ.

....................................

پوختەی بنەماکە:

هەر موسوڵمانانێك كە نەگەیشتبێتە ئاست و پلەی تێڕوانین و كۆشش لە ئەحكامە فەرعیەكاندا ڕەوایە بۆی شوێن پێشەوایەك لە پێشەوایانی ئاین بكەوێت، واباشە بۆ كەسی شوێنكەوتووچەندی بۆ بكرێت تێبكۆشێ بۆ ناسینی بەڵگەی بۆچوونی پێشەواكەی، هەر ڕێنمایەكیش پاڵپشت بە بەڵگەوەبوو وەریبگرێت ئەگەر پاكی و لێوەشاویەتی پێشەوای ڕێنماكەری بۆ دەركەوت، ئەگەر ئەهلی زانستبوو هەوڵی پڕكردنەوەی كەم وكورتیەكانی خۆی بدات، تادەگاتە قۆناغی تێڕوانین.

## دەروازەی چوونە ناو بابەتەکە

گومان لەوەدانیە کە سەحوەی ئیسلامی  و بزاوتە ئیسلامیەکان لەسەر گۆڕەپانی ژیانی سەردەم گاریگەریەکی بەرچاو و ڕۆڵیان هەبووە بۆ هۆشیار کردنەوەی تاك تاکی موسوڵمانان، لەبەردەم پلان و فێڵی ناحەزانی دینی خوا و قییەم و ئەخلاقی پەسەندی ئیسلامی ناو کۆمەڵگە، زانایان بەچرای زانست و زانیاری ڕێگەیان بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی ڕۆشنکردووەتەوە و هەوڵی بەردەوامیان بۆ پوچەڵ کردنەوەی پلانی نەگریسی نەیاران و ناحەزانی ئاین بووە لە گۆڕەپانەکەدا، بۆیە ئەم ڕێگە خۆشکردنەش تەنها لە یەك بواردا نەبووە، بگرە ناحەزانی ئیسلام چەند بواریان گرتووە لە ژیاندا، زانایانیش لە بەرامبەریاندا ئەوەندە ڕێگە و دەرگایان والاکردووە لەسەر ڕێگە ڕاستەکاندا تا موسوڵمانان بەرچاو ڕونانە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکانی سەردەمی خۆیان بکەن و چەواشە نەکرێن، کاتێك باس لە گرنگترین و کاریگەر ترین بڕگەی ژیانی مرۆڤ دەکرێت لە ڕوی سیادی و دەوڵەتداریدا دەبێت بەردەوام ئامادە و سازبن بۆ ئەوەی خۆیان ببیننەوە لە ناو ئەو داموەزگایانەدا تا ئەخلاقی ئیسلامیی ڕەسەن لە لوتکەی دەسەڵاتدا ڕەنگ بداتەوە، دەی موسوڵمانی هۆشیار و بەرچاوڕون چاك دەرکی ئەمەدەکات و دەزانێ ئەمە تەنها دەبێت بەپرۆسەیەکی دیموکراسی و هەڵبژاردنێکی ئازاد کەسانی پاك و چاکساز بگەنە ناو دەسەڵات، بەداخەوە لە ئەمڕۆدا کەسانی ناحەز بەپرۆژەی ئیسلامیی لە بەرەیەکی عەلمانیدا دێتە مەیدان و گومان لەسەر شەرعی بوونی هۆشیاری و واعی بوونی هێزی ئیسلامیی دروستدەکەن، گوایە نابێت ئیسلام

و بەرنامـەی خـوا بکرێتـە ریکلامـی هەڵبـژاردن، لەکاتێکـدا چاك دەزانـن ئـەم تەوژمە ئیسلامییانە هەموو توانایەك بەخەرجدەدەن بۆ گەیشتن بە هـەدەف و مەبەسـتەکەیان کـە ئیسـلام سـەرەوەرییە و دەیانـەوێت بەرنامـەی ئیسـلام بەتایبـەتتر بنـەما نـەگۆڕەکانی پـەیامی خـوا لـە نـاو دەستوری ولأتـدا جێگـای تایبەت و لە شوێنە حەساسەکاندا کە پەیوەندی بە ژیـانی ئـەم مللەتـەوە هەیـە ئامادەیی هـەبێت، بۆیـە دەبێت موسوڵمانان بە بیرێکـی فـراوان و واقع بینانـە بێنـە مەیـدن و گـوێ نەدەنـە قسـەی ئـەو جۆرەکەسـانە کـەگومان لـە ڕاسـتی کارەکەیان دروستدەکات، بەهەمووشێوازێکی مەدەنیانـە و دوور لەتوندوتیـژی و بەرهەڵستی ئەو جۆرە لێدوان و هەڵوێستانە ببنەوە وڕێگە بگرن لەوانەی کە یاری بە هەست و شعوریاندەکەن، ئـەوە جێگـای ئەسـەفە ئەوانـەی لـە ئـەمڕۆدا یـاری بـە شـعوری موسـوڵمانان دەکـەن لـە چڵەپۆپەی دەسـەڵاتدان و لـە نـاو گــەڵێکی موســوڵمانی کــورد زمانــدا دێنەمەیــدان و بێگوێدانــە هــیچ قیــەم و پێگەکـەی خۆیـان، تەشـهیر بـە موسـوڵمانان و پـرۆژەی ئیسـلامیی دەکـەن، نارەحـەترە لـەوە ئەوەیـە کەسـانێك لـە بـەرگی ئیسـلامیی و بـەناوی جـۆرا و جۆرەوە... گومان لەسەر دروستی پرۆژەی ئیسلامیی دەکەن، کە دەبوا ئـەوان مەردانە بهاتنایەتە مەیدان و توانایان بەخەرج بدایە بۆ سەرخستنی پرۆژەکـە، نــەك لەبــەرگێکی وەهــادا پەردەپۆشــی عەیبــەی کەســانی تربکــەن، ئەمــەش هەمووڵەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە لەیەك دۆخدان و توانایان ناشکێت بەسـەر ئـەوەدا کـە مامەڵەیـەکی گونجـاو بکـەن لەگـەڵ پێشـهاتە تازەکانـدا، هـەر لەبـەر ئەمەیـە هـەرگیز ناگونجێـت بڵـێن ئـەو حـوکم و بڕیارانـەی کـەکات و شـوێن کاریگـەریان هەیـە لەسـەر گۆڕانیـان بـەردەوامن، بـەڵکو واقـع ئەوەیـە کەهـەر پێشهاتێکی تازە دەبێت حوکمێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، ئەوەش بەجوهـد و تێڕوانینـی زانایـان لەدەقـە نـەمرەکانی شـەریعەت دەبێـت و لـە دەرەنجـامی

ئیجتهادی ئەوانە کە نەمری و گشتگیری بەرنامەی ئیسلام نیشاندەدرێت، بۆیە ئیجتهاد لە هەمووکاتێکدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی بەجوانی و بە شێوەیەکی تەواو بگەینە مەبەست و داخوازیەکانی شەرعی خوا لەو شتانەی کە پێویست بە بەڵگەو تەرجیح دانە لەنێوان دووبەڵگەدا کە زاهیرەن دژی یەکترن، هەر ئەمەشە وادەکات کە ئیجتهاد بە ڕۆحی شەریعەت لە قەڵەم بدەین، لێرەوەیە دەتوانین بڵێین مەبەستی سەرەکی پەیامی خوایی ڕەچاوکردنی بەرژەوندی مرۆڤەکانە لە تەواوی ئەمر ونەهیەکانیدا، کاتێك باس لەبوونی ئیجتهاد دەکەین واتە: نیشاندانی ئەحکامێك لە حوکمە قورئانییەکان، چونکە هیچ حوکمێکی خوا بەیان ناکرێت مەگەر تەنها لە سیاقی سورەتێك یان ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئاندا نەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش تەماشایەکی قورئان بکەین دەبینین بەشێوەیەکی ڕوون دەتوانین حوکمەکە ببینین لە ئایەتەکەدا، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ یا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيامُ كَما كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾[١٦٧] یاخود حوکمێك دادەبەزێت، بەلاَم لە سیاقی تەدریج و پلەبەندیدایە و لە حوکمەکە حاڵی نابین تا تەواوی قۆناغوکانی و پلەبەندیەکە بەنەزەری وەرنەگرین، وەك خوای گەورە سەبارەت بە حەرام بوونی عەرەق دەفەرموێت: ﴿ يَسْأَلونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ﴾[١٦٨]. ئەمە لە قۆناغی یەکەمدا، لە قۆناغی دوەمدا دەفەرموێت:﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَقْرَبُوا الصَّلاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى﴾[١٦٩] لە قۆناغی سێیەم و کۆتاییدا دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ

١٦٧- سورة البقرة: ١٨٣.

١٦٨- سورة البقرة: ٢١٩.

١٦٩- سورة النساء: ٤٣.

وَالْأَنْصَابوالْأَزْلامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ [١٧٠] ياخود ياسايەكمان بەسەردا دەدات كە تەنها لە يەك رستەدايە وەك دەفەرمووێت:( فلا تقل لهما أف) ئەو حوكمەی لەم ڕستەدا وەریدەگرین دووبەشە(منطوق)ە حەرام كردنی ووشەی ئۆفە بەرامبەر دايك و باوك، حوكمی دووەم (مفهوم)ە هەر شتێك ببێتە هۆی ئازاردانی ئەوان لەسەرمان حەرام كراوە. يان جاری واهەیە جیاوازی حوكمەكان لەدەرەنجامی جیاوازی خوێندنە و قرائاتدا دروست دەبێت، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ وَيَسْئَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُو أَذىً فَاعْتَزِلُوا النِّساءَ فِي الْمَحِيضِ وَلا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ فَإِذا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ﴾ [١٧١] وشەی (يَطْهُرنَ) بە ساكنی واتە پاك بوونەوە لە خوێنی سوڕی مانگانە(يطّهرن) بە موشەدەدی واتە: خۆشۆرین لە سوڕی مانگانە، ئەم جیاوازی خوێندنەوەیە دەبێتە هۆكاری بەدەست هێنانی دووحوكم كە هەردووكیشیان دروست و پەسەندە مادام خوێندنە وەكە بە ساكنی و بە موشەدەدی دروستە، بە شێوازی خوێندنەوەی یەكەم كە ساكنیە، ئەو حوكمەمان بەدەست دەگات كە دروستە پیاو بجێتە لای خێزانی لەكاتی پاك بوونەوەی لە سوڕی مانگانەدا باخۆشی نەشۆریبێت، دووەم بە موشەدەدی ئەو حوكمەمان دەسدەكەوێ كە ڕێگری دەكات لە چونەلای خێزان پێش خۆشۆرینی لە سوڕی مانگانە، دەی هەرگیز ناگەینە ئەم دووحوكمە مەگەر تەنها لە ڕێگەی تێڕامان و وردبوونەوە نەبێت، ئەمەیە دەی سەلمێنێت كە هەرگیز داری فیقە و تێگەیشتن ناگاتە بەرهەم مەگەر تەنها لەڕێگەی

---

١٧٠- سورة المائدة: ٩٠.

١٧١- سورة البقرة: ٢٢٢.

ئیجتهادەوە، ئەو کات ئەو بەرهەمە نەمرەی کە شەریعەت دەیدات دەبێت موسوڵمانان بەجوانیی‌نیشانی بدەن.

– (پێشەوا حەسەن بەننا) زۆر بەجوانی ئاماژەی بە خاڵێکی جەوهەری کردووە لەم بنەمایەدا، کە دەکرێت بەوردی لەسەری بوەستێن و ڕونکردنەوەی لەسەر بدەین کە دەڵێت: (**وَلِكلّ مسلمٍ لم يبلغْ درجةَ النظرِ في أدلةِ الأحكامِ الفرعيةِ أنْ يَتَّبِعَ إماماً مِنْ أئمةِ الدِّينِ**) هەموو موسوڵمانێك کە نەگەیشتبێتە ئاستی تێڕوانین لە بەڵگەی حوکمە لا وەکی و فەرعیەکاندا، بۆی هەیە شوێن یەکێك لە پێشەوایانی سەر مەزهەب بکەوێت، لەبڕگەی یەکەمدا دەستەواژەی (پلەی تێڕوانین) بەدی دەکرێت، لێرەدا قسەکردن لەسەر ئەو دەستەواژەیە جێگەی خۆیەتی.

**درجة النظر**: واتە پلەی ئیجتهاد کە ئەمە پلەیەکە هەر کەس گەیشتە ئەو ئاستە ئیتر دروست نیە شوێن کەوتە و موقەلیدی کەس بێت لەکاروباری دینداریدا، پێویستە خۆی ڕاستەو خۆ لە پەیامی خوا حاڵی ببێت و ئەحکام لە قورئان و فەرموودەدا هەڵگۆزێت بە پێی ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە بۆ ئەم مەجالە دانراون و تەواوی زانایان لەسەری کۆکن.

## پێناسەی ئیجتهاد:

ئیجتهاد لە زمانەوانیدا: لە جَهَدَ، يجهَدُ، جهداً. هەوڵی دا، تێکۆشا، هەوڵدان تا گەیسشتن بە مەبەست وەك خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ ﴾(١٧٢) بۆ ڕاپەراندنی کارەکەی ماندووبوو، وەك عەرەب دەڵێن:( جَهَدَ الدابة) لە بڕینی ڕێگەدا زیاد لە توانای خۆی ڕۆیی.

-والإجتهاد والتجاهد: واتە بە خەرجدانی توانایەکی زۆر و لە ڕادەی ئاسایی زیاتر، (بذل الوسع المجهود).

---

١٧٢- سورة الانعام: ١٠٩.

**پێناسەی إجتهاد لای أصولیەکان:** بەخەرجدانی تەواوی توانای زانستیە بۆ دەستە بەرکردنی حوکمێکی شەرعی بەڕێگەی هەڵهێنجاندن و تێفکران لە دەلیلەکان.

لەم پێناسەوە دەگەینە ئەم چەند خاڵە:

١- موجتەهد دەبێت تەواوی توانای زانستی بخاتەگەر تائەو ئەندازەیە کە هەست بە ماندوبوون بکات بۆ گەیشتن بە مەبەست.

٢- ئەو کەسەی کە هەوڵ دەدات دەبێت ئاستێکی زانستیی باشی هەبێت تائەندازەی موجتەهید، ئەگەر کەسەکە بە ئیعتباری خارجی وا نەناسرابێت هەوڵەکانی بەزایە دەچێت، چونکە إجتهاد کاتێك قەبوڵ کراوە لای زانایان دەبێت لەسەردەستی کەسی موجتەهیدەوە سادربێت، ئەوکەسەش میسداقی خارجی هەبێت، ئەگەرنا زۆر درەنگ دەناسرێت.

٣- ئەم هەوڵە دەبێت بۆ دەرخستنی ئەحکامێکی شەرعی عەمەلی بێت، چونکە إجتهاد بۆ ئەحکامێکی لوغەوی یان عەقڵی لای زانایانی أصول بە إجتهاد ناژمێردێت.

٤- ناسینی ئەحکامی شەرعی دەبێت لە ڕێگەی (استنباط) وە بێت واتە لە ڕێگەی هەڵهێنجانەوە بێت، نەك تەجروبەو شتی تر.

-خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ یَحکمُ بهِ ذوا عدل منکم﴾[١٧٣].

- ﴿وداوُودَ وَسُلَیْمانَ إذ یَحْكُمانِ فِي الحرثِ إذ نفَشَتْ فیه غَنَمُ القومِ وكنَّا لِحُكمهم شاهدین* فَفَهَّمناها سُلیمانَ وكلّا آتینا حُكما و علما﴾[١٧٤] لە سەحیحی بوخاری ومسلم دا هاتووە کە(إذا إجتهد الحاكم فأصاب فله أجران و إن أخطأ فله أجرٌ...).

١٧٣- سورة المائدة: ٩٥.

١٧٤- سورة الأنبیاء: ٧٨.

بۆیە دەبێت موجتەهید دارای چەند سیفەتێك بێت لەسەروی هەمووشیانەوە ئیمانداریێکی ڕاستەقینە بێت، ئەوکاتە بەم سیفەتانە دەتوانێت بە باشی کارەکانی ڕاپەڕێنێ، لەوانەش( شارەزاییەکی تەواوی لە قورئان هەبێت بە تەواوی زانستەکانییەوە، زانستی فەرموودەناسی، و لە بۆچوونەکانی زانایانی پێش خۆی بە ئاگابێت، شارەزایەکی زۆر باشی لە زانستی زمانی عەرەبی هەبێت بەهەمووبەشەکانیەیوە، زانستی بەراوردکاری بزانێ کە هەر ئەم زانستەیە ڕێچکەی هەڵهێنجاندنی حوکمێکی شەرعی لە ئایەتێك یان فەرموودەیەك، بۆیە زانایان ئیجتهادیان بە تایبەتمەندیەکی شەریعەتی ئیسلام و بەرۆحی شەریعەیان لە قەڵەم داوە، دەرگای ئیجتهادیش داناخرێت تا قیامەت.

## پەیوەندی ئیجتهاد و فەتوادان

فەتوا وەڵامی پرسیارێکی فیقهیە و حوکمێکی شەرعی بەیان دەکرێت لەسەر پێشهاتێك کە ڕیعایەتی کاتەکەی و جۆری کارەکە و شوێنەکەی دەکرێت، هەر ئەمەش وادەکات کە فەتوا لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکیتر دەگۆڕێت، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە هەمان شێوە هەر چەندە پێشهاتەکەش یەك پێشهات بێت، کەواتە: موفتی دەبێت موجتەهید بێت بۆئەوەی دیراسەیەکی ئەو پێشهاتە بکات کە هاتوەتە بەردەستی، لێرەوەیە ئیجتهاد گشتگیرترە لە فەتوا.

- **ئیجتهاد و فیقهی تەنزیل**

ئیجتهاد دووبەشی سەرەکیە  وەك ئیمامی شاتبی دەڵێت:.

١- **إجتهاد في تحقيق المناط:** بریتیە لە بەجێگەیاندنی حوکمێکی شەرعی لە جێگەی خۆیدا.

٢- **إجتهاد في تنقيح المناط:** بریتییە لە دەرککردنی حوکمێکی شەرعی.

**جۆری یەکەم:** واتە: دابەزاندنی حوکمی شەرعی لە کۆمەڵگەدا، مەبەست بە فیقهی تەنزیل هەر ئەوەیە، چونکە دابەزاندنی حوکمی شەرعی و دەرککردنی حوکمەکە دووشتی جیاوازن، بۆیە لای زۆرکەس ئەم مەسەسەلەیە ڕونییە، جاری واش هەیە دەمدەکوتن لە شتێك کە گوایە دروستە إجتهاد بکرێت بەرامبەر (نص)ێك، ئەگەر تەماشای ژیانی هاوەڵانیش بکەین دەبینین ئیجتهادی هاوەڵان بۆ بەجێگەیاندنی حوکمێکی شەرعی بوە نەك بۆ بە دەستهێنانی حوکم.

دکتۆر محمد عەمارە دەڵێت: ئەگەر بگوترێت: ئیمامی عمر لە قەزاوەتەکەی ساڵی (مجاعە) برسیەتی بەرامبەر (نص)ێك إجتهادی کردووە دورە لەراستیەوە، چونکە واقیع ئەوەیە کە ئیمامی عمر جەمعی لەنێوان ئەم ئایەت و فەرمووده داکردووە کە خوا دەفەرموێت:﴿ والسارق والسارقة فاقطعوا أيديهما﴾([175]) المائدة/٣٨. و پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی:" إدفعوا الحدود بكل شبهة"([176]) دەی گومانیش لێرەدا بریتیە لە برسییەتی، چونکە ئیمامی عمر فەرمووی: ڕاگرتنی حوکمێکم لا خۆشترە لەبەر شبهەیەك، تا ئەوەی حوکمەکە جێبە جێی بکەم. ئەمەیە فیقهی تەنزیل.

### - ئیجتهاد و نوێگەری

هەمیشە ئیجتهاد پەیوەست و تێکەڵەیەکی جیانەبووەوەیە بە نوێگەرییەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئیجتهاد لە بەشی گۆڕاوی (المتغيرات) تەشریعە، هەرچی نوێگەریشە لە تەواوی دیندایە واتە تەنها لە موتەغیراتدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکولەتەواوی دیندایە، کاتێك دەڵێن: لە تەواوی دین بەو مانایە دەبێت خوێندنەوەی نوێ هەمیشە هەبێت بۆ چەمکەکانی دین،

---

١٧٥- سورة المائدة: ٣٨.

١٧٦- أخرجه ابن أبى شيبة :٥١١/٥ : حديث رقم:( ٢٨٤٩٧-.

لەسەردەمێکدا (بت پەرستن) باوبووە لەناو خەڵکیدا بەڵام ئێستا دەیان شت جێگای بت پەرستنیان گرتوەتەوە، بۆیە دەبێت ئەوە بزانین کە حوکمە شەرعیەکان هەمووژیانی مرۆڤ چ لە ڕوی سلوك و فیکر و ئیجتهاد و تێکۆشان و ڕێنمایی کردن و پەروەردە و پێگەیاندن و سیاسەت و تەواوی جوولەو بزاوتی موسوڵمانان دەگرنەوە ، هەر لەبەرئەوەیە دەبێت خوێندنەوە و ئیجتهادمان هەبێت بۆ تەواوی بڕگەکان، چونکە ئەگەر تەماشای فەرموودەکانی پێغەمبەر بکەین (ﷺ) دەبینین یەکەم کەسە کە ئاماژە بەنوێگەری دەکات لە دیندا  وەك أبوهریرە دەگێڕێتەوە خودی پێغەمبەری خوایە و دەفەرموێت:" إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الْأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا"[١٧٧] ، ئەم فەرموودە ئاماژەی زۆر قوڵ و گرنگی تێدایە سەبارەت بەنوێگەری، هەر لەسەرەتاوە سەرنجمان بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاریەتێکی گرنگ ڕادەکێشێ بەرامبەر بەم دینە و پارێزگاری بۆ دەق و فەرمانەکانی و ئیجتهاد بۆ بەردەوام بوونی لە پێشهاتەکانی سەردەم، لەگەڵ هەموو سەد ساڵێکدا کەسێك یان (مەدرەسەیەك) دەبنە داینەمۆی تەمسیلکەری ئەم دینە پیرۆزە ئیسلام بەجوانترین شێواز کە هەمان ڕۆحی سەردەمی وەحی تێدابینرێت و تایبەتمەندی و گۆڕانکاریەکانی سەردەمیشی بەهەند بگرێت، بەهەمان شێوە لە فەرموودەیەکی تردا ئامارژە بەنوێکردنەوەی ئیمان دەکات بەگوتن  و دووبارە کردنەوەی( لا إلە الا الله) وەك دە فەرموێت:( جددوا إيمانكم) قيل: يارسول الله! وكيف نجدد إيماننا؟ قال: ( أكثروا من قول لا إله إلا الله) بەکورتی لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بەردەوام دەبێت لە خەمی نوێ کردنەوەی ئیمان بین لە دەرونماندا و کارکردنی بین لەواقع و سەردەمدا، دەبێت ئەوە بزانین کە ئیجتهاد لە ئەحکامە

---

١٧٧- أخرجه أب و داود في سننه:١٠٩/٤: حديث رقم:(٤٢٩١-.

شەرعییە فەرعییە کاندا دەکرێت، بۆیە نابێت ئیجتهاد لە مەسەلە عەقڵیەکان و زمانەوانییەکان و ئەو مەسەلانە کە پەیوەندیان بە بنەما ئاینیەکانەوە هەیە وەك ئیمان بەخواو، بە پێغەمبەران و بە کتێبە ئاسمانیەکان و بە رۆژی دوایی و بە قەزا و قەدەر، ئەمانە نابێت ئیجتهادیان تیابکرێت، لەسەر و ئەمانەشەوە نابێت ئیجتهاد لە شتێکدا بکرێت کە بەڵگەیەکی قەتعی یەکلایی کردبێتەوە یان (معلوم من الدین بالضرور) بێت، وەك پێنج فەرزەی نوێژ، ڕۆژو، زەکات، حەج، حەرامی زینا، ریبا، عارق خواردنەوە هەر شتێکی تر لەم بابەتە، زانینی ئەم بوارانە دەبێت بەو جۆرەبێت کە ئایەتەکە یان فەرموودەکە دەیگەیێنێت، چونکە کەمکردن یان زیادکردن خاوەنەکەی بە گوناه بار و کەمتەرخەم لە قەڵەم دەدرێت و بە هیچ جۆری تەقلید لەم کارانە دروست نییە، چونکە خەڵکی بەگشتی وەك یەك نین لە فێربوونیاندا، بۆیە دەکرێت خەڵکی بەرامبەر ئەحکامە فەرعییەکان پۆلێن بکەین بۆ سێ دەستە.

أ- کەسێك گەیشتوتە ئاستی ئیجتهاد ئەوە واجبە لەسەری ئیجتهاد بکات مادام دارای قودرەتێکی زانستیی لەو جۆرەیە.

ب- کەسێك زانایە بە قەولی زانایان و توانای ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە سەر کتێبەکان لە کتێبەکاندا بۆچوونی زانایان وەرگرێت ئەوە دەبێت بەردەوام بگەڕێتەوە سەر قەولی زانایان کە ئەمە حاڵی زۆرینەی خوێندەوارانە هەر بۆچوونێك کە زانی بەکەڵکی واقعەکە دێت و زەرەرلە بەرژەوەندی گشتی نادا بۆ بەدەست خستنی بەرژەوەندی تایبەت دەبێت پابەند بێت پێیەوە.

ج- کەسێکە کە خوێندەواریەکی ئەوتۆی نییە موسوڵمانێکی مولتەزیمە، پرسیاری لەهەر زانایەك کرد ئەوە فەتوایە و دەبێت پابەند بێت پێیەوە وەك وتراوە:( العامی لا مذهب لە) چونکە مەزهەبی ئەو مەزهەبی ئەو زانایە کە فەتواکەی بۆ دەدات، (أن یتبع إماماً من أئمة الدین) ئەمە کورتەیەکە لەسەر

گرنگی ئیجتهاد و دەبێت هەمیشە بەگیانی زانستیی و ڕۆحی بەرپرسیاریەتی لەو مەیدانەدا بین و چەکی دەستمان زانست و زانیاری بێت تاببینە چەتری سەری هەموان.

**-تەقلید:**

تەقلید شوێنکەوتنی قسەی کەسێکی ترە لە مەسەلەیەکی شەرعیدا کە بەدواداچوون ناکات بۆ بەڵگەی قسەکە کەوەریگرتووە، ئەمەش پێویستەیەکی حەتمییە بۆ کەسی عامە و سەرەتا، مادام کەسەکە خۆی ناتوانێت بگەڕێت بەدوای بەڵگەدا بۆکارەکەی، ئەم حاڵەتە بۆ کەسی موجتەهید و زانا ناپەسەند و حەرامە، بۆ خەڵکی عامەش ڕەحمەت و دەرچونە لەنارەحەتی و حەرەج، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ﴾[178] بۆیە جمهوری زانایان دەفەرموون کەسێك کە ناتوانێت ئیجتهاد بکات دروستە تەقلید بکات وهەندێك لە زانایان دەفەرموون: تەقلید واجبە بۆ ئەوەی لە چوار مەزهەبەکە دەرنەچێ خۆ ئەگەر لە بازنەی چوار مەزهەبەکە دەرچوو سەردەکێشێ بۆ نافەرمانی.

**الأئمة:**

**الأئمة** کۆی (إمام)ە واتە: پێشەوا، پێشەنگ، ئەو کەسەی کە خەڵکی چاوی لێدەکات خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمامًا﴾[179]. ئەمە بەشێکی دوعاکەی حەزرەتی ئیبراهمە کەداوا دەکات لە خوا بیکاتە پێشەوای

---

١٧٨- سورة الحج: ٧٨.

١٧٩- سورة الفرقان: ٧٤.

پارێزگاران، ئیبن عەباس و حەسەن و سیدی دەڵێن: ئیمام ئەوەیە کە لە خەیردا خەڵکی چاوی لێدەکات، هەندێکی تر دەڵێن: هەرکەسێ ڕێنمای کەسێکی تری کرد و بانگی کرد بۆ خەیر ئەوە ئیمامە، بەشێوەیەکی گشتی ئیمام ئەو کەسەیە کە دەگاتە ئاستی ئیجتهاد و لێکۆڵینەوە دەکات لە دەقەکانی پەیوەست بە سەرچا وەکانی شەریعەت، هەر ئەمە وادەکات کە دەبێت دان بەوەدابنێن کە ئیمامەکان هەموویان لەسەرحەق و ڕاستین، چونکە ئیجتهادەکەیان بوەتە هۆکاری ئەوەی کە خوا چاوپۆشی هەڵەکانیان بکات، ئەگەر بەتەواویش نەگەیشتبنە ئەو ئاستەش کە دەقەکە دەیگەێنێ لە روی ماناو مەفهومەوە، چونکە ئەوان هەر ئەوەندەیان لەسەرە کە زانستەکەی بەو ئاراستەدابنات کە دەقەکە دەیگەیەێنێت لە زیهنی خۆیدا ئاوا لێکی دەداتەوە و لەواقعدا بەرجەستەی دەکات دەی ئیجتهاد هەرئەمەیە کە زانایان بە تێڕوانینیان بۆ دەقێك چەندە پەی پێببەن ئەوە بەیان بکەن، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت: موجتەهید ئەگەر پێکای دووئەجری هەیە و ئەگەر نەی پێکا یەك ئەجری بۆ هەیە، هەر ئەمەیە ئەگەر کەسێ خۆی تەقلیدی یەکێك لەو ئیمامانەکرد لەسەر حەق و ڕاستیە، نابێت ئەوانی تریش بەهەڵە بزانێت، حاڵی زانایانی ئیسلام بەدەرنییە لەوەی کە دابەشبوون بەسەر مەزهەبەکاندا بۆنمونە(عیززی کوڕی عبدالسلام، ئیمامی نەوەوی و ئیمامی غزالی..)لەسەر مەزهەبی شافعین، (ابن قیم الجوزی) لەسەر مەزهەبی حەنبەلیە و(دهلوی ابو یوسف و محمد) لەسەر مەزهەبی ئەبوحەنیفەیە و هەموشیان لە قورئان و فەرموودەوە گەیشتون بەو ڕێچکانە، چونکە تێگەیشتنیان وایە بۆ دەقەکان.

– ويَحْسُنُ بهِ مع هذا الإتباعِ أنْ يجتهدَ ما استطاعَ في تعرفِ أدلّتهِ، وأنْ يتقبلَ كلَّ إرشادٍ مصحوبٍ بالدليلِ متى صحَّ عنده صلاحُ مَنْ أرشدَهُ وكفايتُه، وأنْ يستكملَ نَقْصَهُ العلميَّ – إنْ كان من أهلِ العلمِ حتى يبلغَ درجةَ النَّظَرِ.

واجوان تره لەگەڵ ئەم شوێنکەوتنەیدا ئەوندەی توانای زانستی هەیە هەوڵبدات بۆ ناسینی دەلیل و بەڵگەکان و هەر ڕێنمایەکیش بە بەڵگەوە بوو وەری بگرێت، هەرکاتێکیش لێوەشاوەیی و دڵسۆزی ئەو کەسەی بۆ دەرکەوت کە ڕێنمایەکەی کردووە، مادام ڕێنمایەکەی بەبەڵگەوە بووە وەری بگرێت، هەروەها چاکتر وایە ئەگەر دارای زانستێکی کەم بو هەوڵ بدات کەمووکوڕییەکانی خۆی تەواوبکات تادەگاتە پلەی تێفکرین و تێڕوانین.

- **قسەیەك لەسەر مەزهەب**

**مەزهەب لە زمانەوانیدا:** واتە: ڕێرەو، ڕێچکە، ڕێباز.

**مەزهەب وەك زاراوە:** بریتیە لەڕێچکەیەکی زانستی فیقهی بۆ ڕاڤەکردنی دەقی شەریعەت و هەڵێنجاندنی ئەحکامە شەرعیەکان لەدەقەکان، بۆیە مەزهەبەکان نەشەرعێکی تازەن و نەشتێکن کە غەیری بەرنامەی ئیسلام بن، لێرەوەیە بەرنامەی ئیسلام بۆ هەر مەزهەبێك بەڵگەیە بەڵام مەزهەبەکان بۆ ئیسلام بەڵگەنین.

لەم پێناسەیەوە دەگەینە ئەوەی کە مەزهەب جیایە لە(فِرَق)ی ئیسلامی، چونکە مەزهەب ڕێبازێکی فیقهییە بۆ هەڵهێنجاندنی ئەحکامی شەرعی، بەلام (فِرَق) قوتابخانەیەکی فیکری و عەقیدیە و جیاوازیەکەیان لە بنەماکانی ئاینە لە ڕوی بەڵگە هێنانەوە و لێدوان بۆ بنەماکان، هەر بۆیە زۆرێك لەفیرەقی ئیسلامی بەدەرچوولە ڕێبازی پێغەمبەر(ﷺ) دادەنرێن، بەڵام جیاوازی مەزهەبەکان نەك دەرچون نیە لە ڕێبازی پێغەمبەری خوا بەڵکو ڕەحمەتە و بۆ ئومەتی ئیسلامی ناکۆکیەکەیان نابێتە هۆی بوغزاندنی یەکتری، هەر ئەمەشە وادەکات هەرکەسێ پابەند بێت بە مەزهەبێکی فیقهییەوە ئەوە پابەند بووە بە سوننەتی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) چونکە مەزهەبەکانی(شافعی وحەنبەلی

وحەنەفی ومالکی) ئەم مەزهەبە فیقهیانە شتێکیان نە هێناوە کە پێغەمبەر نەی فەرمووبێت یان پێچەوانەی سوننەتی ئەو بێت، بۆیە پابەند بوون بە هەریەك لە مەزهەبەکان واتە: پابەندبوون بە قورئان وسوننەتەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ هەرکەس پابەندی هەر مەزهەبێك بێت ئیتر مەزهەبەکانی تری بەلاوە کەم بێت دەمارگیری بۆ مەزهەبەکەی خۆی نیشان بدات، بۆیە دەبێت زۆر لە دەمارگیری خۆمان بپارێزین و دوورکەوینەوە لەو حاڵەتە نەشیاوە.

وەڵامی پرسیارێك کە بەزهنماندادێت: ئایا دروستە ماوەیەك پەیڕەوی مەزهەبێك بکەم و دواتر بچمە سەر مەزهەبێکی تر؟.

لە ڕونکردنە وەکەی سەرەوە گوتمان پابەندبوون بەهەر مەزهەبێکەوە واتە: پابەندبوون بە قورئان وسوننەتەوە، چونکە ئەم مەدرەسە فیقهیە هیچی نەهێناوەتە ناو ئیسلام پێچەوانەی مەفهومی ئایەتێك یان فەرموودەیەك بێت، ئیجتهادیش لە سایە و تێگەیشتنی ئەو دووسەر چاوەیە کراوە، بۆیە ئەگەر واز هێنانەکەی تەنها لەبەر هەڵبژاردنی ئاسانکاری و ڕوخستەکان نەبێت زۆر ئاسایی و ڕێگە پێدراوە و شەرعیە، چونکە ئەو کەسەی شوێنی بۆچوونی زانایەك دەکەوێ لە بەر ئەوەنییە کە ئەم کەسە شەرعی دانابێت نا لەبەر ئەوەیە کە ئەو مەزهەبەش فەرمانی خوا و پێغەمبەری گەیاندوە بە خەڵکی تر دەی کەواتە: شوێن کەوتنی مەزهەبێك یان ئیمامێك لەبەر خودی ئیمامەکە نییە بەڵکولە بەر شەرعی خوایە، کەواتە: شەرعی خوا لەهەر کوێیەکدا بێت دەبێت لەوێ ئامادەیمان هەبێت، بەڵام ئەگەر هاتووکەسەکە خۆی ڕاستەو خۆ توانی لە قورئان و فەرموودە حوکمی کارەکانی دەرك بکات شوێن کەوتنی مەزهەب و ئیمام دروست نییە و حەرامە و دەبێت خۆی ئیجتهاد بکات بەو ئەندازەیەی کە ئەهلی ئیجتهادە، خۆ ئەگەر لە دەرەنجامی ئیجتهادەکە

بۆچـوونەکەی نزیـك بوولـە یـەکێك لـە ئیمامـەکان ئـەوە ڕەئیەکـەی ئـەمیش دەچێتەپاڵ ڕەئیەکەی ئەوە و حوکمە کە زیاتر بەهێز دەبێت.

-گرنگـی ئـەم بنەمایـە لەوەدایەکـە مـەرجی بـۆ هەمووشـتێك دانـاوە، ئـەوەی نەگەیشـتوەتە پلـەی ئیجتهـاد باشـوێن یـەکێك لـە ئیمامـەکان بکـەوێ، ئەگـەر شوێنی هەر مەزهەبێك کەوت تەعەسوبی نەبێت و ئەوانی تر بە خراب وەسف نـەکات، لـە شـوێنکەوتنەکەش باشـتر وایـە تـادەتوانێ شـارەزایی پەیـدا بکـات لەسەر بەڵگەکان، هەر بەوەشەوە ناوەستێ هانی کەسانی خاوەن توانا دەدات کە مادام ئـەهلی ئیجتهـادە دەبێت ئیجتهادبکات و دوور کەوێتـەوە لـە تەقلیـد، ئـەوەش شـوێنی ئیمامێـك دەکـەوێت دەبێـت بەوەنـدە رازیـی نـەبێت بـەڵکو تێکۆشان بکات و ڕێگەی زانست و زانیاری بگرێت تادەگاتـە ئاستی تێڕوانین و تێفکرین لە بەڵگەکان.

## چی فێردەبین لەم بنەمایە؟:

١- پرسیارکردن لە زانایان، دورکەوتنەوە لە فەتوا دانی بێ بنەما.

٢- ڕێزگرتن لە بۆچوونی جیاوازی بەرامبەر.

٣- دروست نییە بۆ کەس چ فەتوایەك دەگونجێ لەگەڵ حەز و ئارەزوی ئەودا هەڵی بژێری.

٤- دورکەوتنەوە لە تەعەسوبی مەزهەبی و ڕێچکەیی.

٥- بەگەر خستنی تواناکان بۆ دەستخستنی زانست و زانیاری تاگەیشتن بە پلەی ئیجتهاد.

# بنەمای هەشتەم

## جیاوازی فیقهی لەنێوان یەکریزی و دووبەرەکیدا

والخلافُ الفقهيُّ في الفروعِ لا يكونُ سبباً للتفرقِ في الدينِ،ولا يؤدي إلى خُصومةٍ،ولا بغضاءَ،ولكلِّ مجتهدٍ أجرُه،ولا مانعَ من التحقيقِ العلْميِّ النَّزيه في مسائلِ الخلافِ في ظلِ الحبِّ في اللهِ،والتعاونِ على الوصولِ إلى الحقيقةِ، من غيرِ أنْ يجرَّ ذلك إلى المراءِ المذمومِ،والتعصبِ.

.................................

**پوختەی بنەماکە**

بوونی جیاوازی فیقهی لە بوارە فەرعیەکاندا نابێتە بایسی دووبەرەکی و کینە لە ئاینەدا، هەمووکۆشایەکیش (موجتەهیدێك) پاداشتی خۆی هەیە، هیچ بەربەستێکیش نییە بۆ لێکۆڵینەوە وتوێژینەوەیەکی زانستی خاوێن لە پرسە جیاوازەکاندا لە بازنە و سایەی خۆشەویستی بۆ خواد و هاوکاری بۆ گەیشتن بە حەقیقەتێك، بێ ئەوەی ئەم هەوڵدانە سەر بکێشێت بۆ چەلەحانێ و مشتومەڕێکی دەمارگیرانەی ناشایستە.

## دەروازەی چوونەناو بابەتەکە:

وەحی خوایی و بەرجەستەبوونی و نمایانی لە قورئاندا وەك كۆتا پەیامی ئاسمانی داوامان لێدەكات هەمیشە بەچاوێكی زانستیانە و تێگەیشتنێكی ورد و قوڵ بڕوانینە دەوروبەر، چونكە تێگەیشتنمان لەسەر بەسیرەت دڵ ڕۆشندەكات و ڕیزەكانمان یەك دەخات و چارەسەری ناكۆكیە جەوهەری و كوشندەكان دەكات، بۆیە موسوڵمانان بە گشتی و زانایان بە تایبەتی لەسەر ئەوە یەك ڕان و هیچ جیاوازیەكیان نییە كە قورئان و فەرموودە دووسەر چاوەی زیندوی تەشریعی ئیسلامین، وەڵامی تەواوی داخوازیەكانی دەروونی مرۆڤیان دەدەنەوە و بۆ هەموپێشهاتێكی تازە چارەسەری ورد و دەقیقیان لێهەڵدەگۆزرێت، تا ئەو ئەندازەیە كە دوای فەرمایشتی خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) هیچ گوتەو بڕیارێكی تر مولزیم نییە، مەگەر لە ڕۆشنایی ئایەتێك یان فەرموودەیەك عەقڵ بەگەڕ خرابێت و لە مەفهومی ئەو دووسەرچاوەیە گەیشتبێتە ئامانجێك، تا بڕیارێك بدات بە میكانزم و هۆكاری خۆیەوە و ئەوكات ئەو بڕیارەش دەچێتە بابی ئیجتهادەوە، لێرەوەیە هەر كات مەزهەبێك یان بۆچوونێك بە بەرزتر تەماشاكرا لە قورئان و فەرموودە، ئەوكات لەلایەن خەڵكیەوە بۆچوونەكان پیرۆز كراون یاخود لە پیرۆزی قورئان و فەرموودە دراوە، ئەمەش ئەوە نا گەیێنیٚ ئێمە بۆچوونی فیقهی ڕەدبكەینەوە، چونكە جیاوازی بۆچوونە فیقهییەكان تێگەیشتنی مرۆڤە لەوەحی خوایی بە ئەندازەی نزیكیان لە ماناو مەفهومی قورئان و فەرموودە كاریان پێدەكرێت، دەبێت ئەوەش بزانین كە

هەمووتێگەیشتنێك لەوەحی خوایی جێگای قەبوڵ نییە، لە بەر ئەوەی تێگەیشتنەکان بۆ هەڵگۆزینی ئەحکام جۆراوجۆرە، بۆیە تێگەیشتن لەوەحی خوایی دەبێت لەسەر بنەمای زانست بێت وکەسەکەش دارای بیرێکی تیژ و خاوەن زانستێکی تەواو دروست بێت، بیرمان نەچێت کۆمەڵێ مەسائل هەن کە موسوڵمانان بە گشتی لە ئاستیاندا وەك یەك بەرپرسیارن بە زاناو نەزانەوە ئەوەندە هەیە زانایان دەبێت ئەو مەسەلانە ڕون بکەنەوە وەك: بنەما ئاینیەکان، بنەما ئەخلاقیەکان، بنەما عیبادەت یەکان، بنەماکانی حەلاڵ و حەرام، بەلاّم هەندێ مەسائل هەن کە گۆڕانی کات و داخوازیەکانی کۆمەڵگە و پێشهاتە نوێکان لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ، ئەمانە ئەگەر کەسێك لە کەسێکی تر زیاتر دەرکی کردن ئەوەوەساوە لەسەر هەوڵدان و تێکۆشانی زیاتری ئەوکەسە و هەرگیز نا بێت کۆمەڵگە لەو جۆرە کەسانە خاڵی بێت، بۆیە دەبێت بەردەوام خوێندنەوەی نوێ بۆ ئەو پێشهاتانە بکرێت و دیدی نوێیان بۆ بخرێتە گەڕ و بڕیاری شەرعی لەسەر بدرێ، هەر لەم بوارانەدا جیاوازی بۆچوون دروست دەبێت ئیختلافی زانایان دێتە ئاراوە، بۆیە جیاوازی تێڕوانینەکان بۆ پێشهاتێك شتێکی سروشتییە، هەرگیز ناکرێت عەقڵەکان لەسەر یەك شت ڕێکەون وەك یەك و بێ جیاوازی، هەر ئەمەشە عومەری کوڕی عبدالعزیز دەڵێت:(هەرگیز خۆشم نایە لەوەی کە دەڵێت هاوەلاّنی پێغەمبەر (ﷺ) جیاوازیان نەبووە لە پێشهاتەکاندا، ئەگەروابوایە ئەوان بۆ هەمووشتێك یەك بۆچوونیان هەبوایە بەڕاستی خەڵکیان دەخستە نارەحەتییەوە، چونکە ئەوان پێشەنگن و چاویان لێدەکرێت، هەرکەسێ شوێن بۆچوونی یەکێك لەوان بکەوێ دەستی بە سوننەتەوە گرتووە) لێرەوەیە جیاوازی لە فروعی فیقهیدا دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە و تا ژیان بەردەوام بێت جیاوازی بۆچوون هەردەمێنێ لە بەشە فەرعیەکاندا، ئەمەش

لای هەمووکەسێکی فامیدەو ژێر قەبوڵ و پەسەندە، ناکرێ کەسیان پێ تاوانبار بکرێت و ناشبێت ببنە هۆی پچڕاندنی یەکریزی، بۆیە پێشوەختە ئاماژە بە هەندێ هۆکاردەکەین کە دەبنە هۆی دروستبوونی جیاوازی و هاتنەبوونی ڕێڕەو و مەزهەبە جیاکان لەوانە:

## ١- سروشتی دین

خوای گەورە هەندێ جار ڕاستەوخۆ لە قورئاندا حوکمێکی دیاری کردووە و هەندێ جار و لە هەندێ مەسەلەی فەرعیدا بواری ڕەخساندوە بۆ مرۆڤ قسەی تێدابکات، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەحکامەکانی قورئان دابەش بووە بۆ موتشابە و موحکەم وقەتعیات و زەنیات، ڕاشکاو و موئەوەل، بۆ ئەوەی عەقڵ کاریان تیابکات و ببێتە بنەمای ئیجتهادو پێشهاتە نوێکانی سەردەم سەرچاوەی یەکلایی کردنەوەیان عەقڵ بێت، کەدەڵێین عەقڵ واتە: إجماع وقیاس وتەواوی سەرچا وەکانی تری تەشریعی ئیسلامی، خۆ ئەگەر خوا بی ویستایە قورئانی وادەناردە خوارەوە کە هەموودەقەکانی (قطعية الدلالة) دەبوون، ئیتر هیچ جیاوازیەك نەدەهاتە بوونەوە، دەی ئەمەی نەکرد بۆ ئەوەی سروشتی دین لەگەڵ سروشتی زمانەوانی و سروشتی مرۆڤ و زەروریاتی ژیاندا بگونجێت و بمێنێتەوە.

## ٢- سروشتی زمانەوانی

دەقەکانی قورئان وفەرموودە لەسەر شێواز و سروشتی زمانی عەرەبی هاتون لە ڕوی وشەو ڕستەوە، هەندێ جار وشەی واهەیە چەند مانایەکی هەیە وهەندێکیشیان مانای حەقیقی و مەجاز، یان عام و خاص، یان مطلق و مقید، دەی قورئانیش لەم حەقیقەتەی زمانەوانی بەدەرنییە، هەر کاتێك لەسەر ئەم شێوازە مامەڵەمانکرد، ئەوکاتە دەشگونجێ دەست ببەین بۆ

حوكمێك لەسەر مانای وشەكە جا حەقیقی بێت یان مەجازی مادام وشەكە ئەم مرونەتەی تیایە، ئەگەر مانا حەقیقیەكەمان وەرگرت نابێت مانامەجازیەكەی بسرینەوە دەگونجێ كەسانێك حوكمەكە لە مانامەجازیەكدا دەربكەن وەك ئێمە مانا حەقیقیەكەی وەردەگرین، بۆنمونە مانای وشەی (لامس) لەم ئایەتەدا كە دەفەرموێت( أو لا مستم النساء) مەبەست بە(لامس) دەستدانە لە ئافرەت وەك ئیبن عومەر دەڵێت: بەلاَم ئیبن عەباس دەڵێت: كینایەیە لە جیماع نەك تەنها دەست بەركەوتن. هەردووماناكە تەواوە، چونكەوشەكە ئەوە دەگەیێنێ، بۆیە قورئانی بیرۆزیش هەر بەزمانی عەرەبی دابەزیوە و ئەو فراونییەی لە زماندا هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی هەمان سروشتی خۆی لە دەست نەدا و پانتایەكیش بدات بە تێڕوانینە جیاوازەكان، ئەوەتا وشە( قروء) دوومانا دەبەخشێت هیچ لە ئەسڵی وشەكەش كەم ناكات، وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بەوشەی (لامس) كرد، هەریەك لە مەزهەبەكانیش دەست بەمانایەكیەوە دەگرێ و هیچ كامیشیان پێچەوانەی قورئان نییە، خوای گەورە دەفەرموێت:(والمطلقات يتربصن بأنفسهن ثلاثة قروء) هەرگیز ناكرێت مانایەك لە ماناكانی بەسەردا جێگیر بكەین و بڵێین ئەوە ماناكەیەتی، ناهەر دوومانای (سوڕی مانگانە و پاكی لە سوڕی مانگانە) دەبەخشێت، نهێنی یەكەش لەوەدایە مانای(حەیز) لەوشەكەدا ڕاستەو مانای(طهر)یش هەر ڕاستە، بۆیە ئەم جیاوازیە زۆر سروشتیە و هیچ گرفتێك دروست ناكات.

### ٣- سروشتی مرۆڤ

سروشتی ئەم مرۆڤە وایە هیچ كەس لەوی ترنەچێت، نە لەشێوەدا نەلە تەبیعەتدا نەلە بیرو بۆچووندا، ئەمەوای كردووە هەركەسێك كەسایەتیەكی سەر بەخۆو تێڕوانینێكی جیای هەبێت بۆ شتەكانی دەوروبەری، بۆیە هەركەسێك بیەوێت ئەم هەمووجیاوازیانە لە یەك قاڵبدا

کۆبکاتەوە کارێکی زۆر نادروست و خراپ دەکات، چونکە مرۆڤی واهەیە بەسروشت توندە هیواش هەیە نەرمونیان و لەسەر خۆیە هی واهەیە کە کارێکی گرتەدەست تائاستی خۆ هیلاك کردن لەگەڵی دەڕوات هی واش هەیە هەر زۆر لەسەرخۆ کاری بۆ دەکات لە یەك کاتیشدا کارەکە دەکرێت، دەی هەر ئەم تەبیعەتە جیاوازییە کاریگەری لەسەر جیاوازی تێگەیشتن دروست دەکات، یەکێك لە هۆکارەکانی جیاوازیە فەرعیەکان لێرەوە سەر چاوە دەگرن، وەك سروشتی مرۆڤ هاوەڵان بەگشتی جیاوازیان هەبوە لە زۆر مەسەلەدا، بەلاّم جیاوازیەکەیان لەبەر شتێکی دونیایی نەبوە، هەرگیز لە پشتی جیاوازیەکانەوە بوغز و کینەیان نەبووە بەرامبەر یەکتری، بۆ نمونە لەسەر(غەنیمە)ی جەنگی بەدر جیاوازیان هەبوولە چۆنیەتی دابەشکردنی تا خوای گەورە بە ئایەت جیاوازیەکەی یەکلایی کردەوە و فەرمووی:﴿ واعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وللرَّسُولِولِذِي الْقُرْبَى والْيَتَامَى والْمَسَاكِينِ وابْنِ السَّبِيلِ إِنْ كُنْتُمْ آمَنْتُمْ بِاللَّهِ ومَا أَنْزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ واللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾[١٨٠] یان جیاوازی هاوەڵان لەسەر گیرا وەکانی بەدر، یان لە غەزوەی ئوحد جیاوازییان هەبووئایا دەربچنە دەرەوە یان لە مەدینەدا بمێنەوە؟، یاخود دروستبوونی جیاوازی هاوەڵان لەسەر زەویە ئازاد کرا وەکانی عیراق لەسەردەمی ئیمام عومەردا، ئایا دابەش بکرێن وەك غەنیمە یان هەروا بمێنەوە بۆ جیلەکانی دوایی؟ ئیبن قەیم دەڵێت: زیاد لە سەد مەسەلە هەیە کە ئیبن مەسعود بۆچوونی جیاوازە لە بۆچوونەکانی ئیمامی عومەر(خۆش نودی خوایان لەسەربێت) ئەم جیاوازیەش ڕۆژێك لە ڕۆژان نەبویە هۆکاری ئەوەی یەکێکیان پشت لەوی تریان بکات، بۆیە گرنگە ئێمە لە ئەمڕۆدا زۆر بە ئاسایی مامەڵەبکەین لەگەڵ جیاوازیەکان لەهەمووکات زیاتر.

---

١٨٠- سورة الأنفال: ٤١.

### ٤- سروشتی بوونەوەر

ئـەم پارچـە زەویـە کـە ئێمـە لەسـەری دەژیـن بەشـێکی زۆر کـەمی بوونەوەر پێك دێنێ لەهەمان کاتدا تەماشا دەکەین شتێك نییە لە شتێکی تر بچێت، ڕەش و سپی ، ڕوناکی و تاریکی، بەرزی و نزمی، گەرمی و ساردی، نێر و مێ، تاڵ و شیرین، نەرم و زبر، ئەم جیاوازیانەش جیاوازی پەرتەوازیی و دژایەتی نییە بەڵکوجیاوازی تەکام ولییە، بۆیە جیاوازی سوننەتێکی کەونییە، خوای گەورە ئەم ڕاستیەمان نیشاندەدات و دەفەرموویت:﴿ولو شاءَ اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً واحِدَةً﴾[181] کە خوای گەورە نەیویستووە ئەم مرۆڤانە هەمویان بەیەك ئومەت کۆبکاتەوە ئیرادەی وابوە بە جیاوازی بیان هێڵێتەوە، ئەگەر بهاتایە و ئەم جیاوازیە نەبوایە بەڕاستی مرۆڤ توشی ناڕەحەتی دەبوو گرفتی بۆ دروست دەبوو ئەوکات ژیان بەجوانی بەڕێوە نەدەچوو.

- جیاوازی لە ڕوانگەی قورئانەوە دووجۆرە

یەکەم: قورئان کەباس لە جیاوازی واتە: بوونی ناکۆکی لەنێوان دوودەستە یان دووجیهەت یان دووکەس دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا لۆمەی هەر دووتاقمەکە دەکات لەسەر بوونی ئەو جیاوازییە کە لەنێوان خۆیاندا دەیخولقێنن وەك دەفەرموویت:﴿ولا يَزالُونَ مُخْتَلِفِينَ * إلاَّ مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ﴾[182] ئەوانەی کە خوا ڕەحمی پێکردون لە ئایەتەکەدا استثناء و جیا کراونەتەوە واتە: ئەگەر جیاوازیان هەبێت جیاوازی جەوهەری نییە وەك ئەوانی کە

---

١٨١- سورة المائدة: ٤٨

١٨٢- سورة هود: ١١٨-١١٩.

**جیاوازی جەوهەریان هەیە لە دینەکەیان، وەك خوادەفەرموویت:**﴿ ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ نَزَّلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِي الْكِتَابِ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ﴾[183].

**دووەم: لایەکیان سوپاسکراوە کە موسوڵمانانن لاکەی تریش لۆمەکراون، وەك لەم ئایەتەدا دەر دەکەوێ:**﴿ تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ مِنْهُمْ مَنْ كَلَّمَ اللَّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ وَلَو شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَلَكِنِ اخْتَلَفُوا فَمِنْهُمْ مَنْ آمَنَ وَمِنْهُمْ مَنْ كَفَرَ وَلَو شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلُوا وَلَكِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ﴾[184].

**- دوای ورد بوونەوەیەکی ورد جیاوازیەکان سێ جۆرە لەنێوان تاکەکاندا:**

**١- هەندێك جیاوازیان لە خودی ئاین و بنەما نەگۆڕەکانی دیندا هەیە دەی ئەم جۆرە کەسانە ئەوانەن کە قورئان ناویان دەبات بەوەی کە هەمیشە ئیختلافیان هەیە ئەمانەش (یهود و نصارا و مجوس)ن تەواوی بێ دینانیش دەگرێتەوە لە ژێر هەر ناو نیشانێکدابن مادام ئیمانیان نییە، وەك دەفەرموویت:**(ولو شاء ربُّك لجعل النَّاس أُمةً واحدةً ولا يزالونَ مختلفين* إلاَّ من رحم ربُّك ولذلك خلقهم) **ئەوانەش کە خوا بەرچاوی ڕونکردونەتەوە دورن لە ئیختلافی جەوهەری ئەوەش ئومەتی ئیسلامییە خوا ڕەحمی خۆی بەسەردا ڕژاندون و لە جیاوازی پاراستونی.**

**٢- بەکۆدەنگی جیاوزیان نییە لە سەوابتی دین، تەنها مەگەر ئیختلافیان لە هەندێ قاعیدە و بنەمادا بێت کە ئەگونجێت ئەویش قورئان زۆرجار رێکیان بخاتەوە و لەسەر یەك هەڵوێستی کۆیان بکاتەوە یاخود هەر ئاوا بمێنەوە.**

---

**١٨٣- سورة البقرة: ١٧٦.**

**١٨٤- سورة البقرة: ٢٥٣.**

٣- جیاوازی ڕاو بۆچوونیان هەیە نەك لە بنەماكانی دین و ثوابتـەكـان و معلـوم مـن الـدین بالضـرورة، ئـەم جیاوازیـەش بـە سروشـتی دەبیـنن چـونكە جیاوازیەكـە لـە فەرعدایـە ئەمـەش سروشـتی ئـەم دینەیـە وادەكـات كـە ئـەم جیاوازیــە ببێــت، بۆیــە ڕێگــە پێدراونییــە كەســێك بــەرەنگاری ئــەم جــۆرە جیاوازییــە بوەســتێتەوە، چـونكە ئەوانــەی ئـەم جـۆرە جیاوازییـەیان هەیـە دەكەونـە بـەر ئـەو ڕەحمەتـەی كـە لـە ئایەتەكـەدا جیاكرانـەوە لـەو حوكمـەی كـە جیاوازیەكــەیان بوویــە مایــەی لەناوچــونیان، هــەر ئەمەشــە ئــەم جیاوازیــە جەوهەریــە شــتێكی بێــزراو و ناپەســەندە لای خــوا، ئــەوەی كــە ئێمــە وەك موسوڵمان دەبێت یەك بۆچوون بین لەسـەری و جیاوازیمـان نـەبێت ئەوەیـە كـە تەوای پێغەمبەران لە لایەن خواوە هاتوون پەیامەكەیان گوتـەوگوفتاری خوایـە بۆ خۆشبەختی مرۆڤ ناردویەتی، یان ئەو مەسـەلەیەی كـە ڕاسـتەوخۆ ئایـەتێك یــان فەرموودەیــەك بڕیویەتیــەوە، وەك حــەرامی ریبــا، عــەرەق، خــواردنی مردارەوەبوو، یان فەرزیەتی نوێژ، یان چوار ركعات لـە نوێـژی نیـوەڕۆ و عصـر و عیشـادا كـە پێغەمبـەر كردویـەتی، نـەك ئـەوەی كـە لەمەسـەلە ئیجتهادیـەكان پەیـدادەبێت. (ولا یزالونَ مختلفین* إلاَّ مـن رحـم ربُّـك) خـوای گـەورە خـۆی بـاش دەزانـێ كـە جیـاوازی لـەناو مرۆڤەكانـدا شـتێكی سروشـتیە بۆیـە ڕێنمایمـان دەكـات ئەگــەر گرفتێــك یــان جیاوازیــەكتان هەبوو‌بیگێڕنــەوە بــۆلای خــوا و پێغەمبەرەكــەی واتــە بــۆلای قورئــان و فــەرموودە بــۆ ئــەوەی بنــبڕی كێشــەو جیاوازیەكانتان بكـەن:﴿ فَإِنْ تَنازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَـى اللَّـهِ والرَّسُـولِ إِنْ كُنْـتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ والْيَوْمِ الْآخِرِ ذلِكَ خَيْرٌ وأَحْسَنُ تَأْوِيلاً﴾[١٨٥]. لەمەدا كەخوا دەفەرمووێت جیاوازیە كانتان بگێڕنەوە بۆ قورئان و فەرموودە هیچ زانایەك وهیچ هاوەڵێك لــە هــاوەڵانی پێغەمبــەر(ﷺ) پێچــەوانەی ئەمــە نەوەســتاوە و فیعلــەن

---

١٨٥- سورة النساء: ٥٩.

وایانکردووه، بەڵام ئەمەش نەبوەتە ڕێگریان لە بوونی جیاوازی فەرعی، لە تێگەیشتنیان بۆ پێشهاتێك كە قورئان یان فەرمووده ئاماژەی ڕاستەوخۆی پێنەدابی و بۆ عەقڵی مرۆڤی بەجێ هێشتبێت، بۆیە ناكرێت هەرگیز زانایان و بوونی جیاواز ی فەرعی بەو دەستەیە بگێڕین كە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت لە ئاگرن و لەدەستەی دۆزەخن، چونكە ڕاستە ئەمان جیاوازیان هەیە لە فەرعدا بەڵام هەموویان موافقن لە بنەماو جەوهەری ئەم دینە، لێرەوەیە ئیتر لە فیكری ئیسلامیدا موجتەهید هەمیشە لە خێردایە ئەگەر بۆچوونەكە موافقی شەرعی خوا بێت، دووئەجری هەیە ئەگەر نەی پێكا و ڕاست دەرنەچوو پاداشتێكی هەیە وەك پێغەمبەری خوا دەفەرمووێت:"إذا حكم الحاكم فإذا إجتهد ثم أصاب فله أجران وإذا إجتهد فإخطأ فله أجر واحد" ئەمە ئەو مەفهومەیە كە ئیمام حەسەن بەننا لەم بنەمایەدا دەیڵێت:( الخلاف الفقهی في الفروع لایكون سببا للتفرق في الدين ولا یؤدي إلى خصومة ولا بغضاء ولكل مجتهد أجره)، دوابەدوای ئەم ڕونكردنەوە دەچمە سەر خودی بنەماكە و بڕگە بەبڕگە شیدەكەمەوە.

–والخلاف الفقهي في الفروع: جیاوازی فیقهی لە مەسەلە فەرعیەكاندا، بەم دەستەواژەیە بوونی جیاوازی لەمەسەلە فقهیەكاندا دەربازمان دەكات لەوەی قسەلە بنەماكانی دین بكەین كە هەرگیز نابێت جیاوازیمان هەبێت تیایاندا، بۆیە ناكرێ ئێمە ئەوە بەلەنگی بزانین كە جیاوازی فیقهی و فەرعی هەیە لەنێوان موسوڵماناندا بەڵكو نەك هەر لەنگی نییە بگرە دەبێت پێشوازی لەو جیاوازیانە بكەین و بەسروشتی لە قەڵەمیان بدەین و ناشكرێت ببنە هۆكاری لە یەكترازان و تانەدان لە یەكتری (وليس سبباً للتفرقة في الدين) ئەم جیاوازیە نابێت ببێتە هۆی دووبەرەكی لە دیندا، چونكە ئەوانەی ئەم جیاوازیەیان هەیە هیچ لایەكەش لاكەی تر بە گومڕاو ئەهلی بدعە و كافر نازانێت لەبەر

ئـەوەی جیـاوازی فـەرعی سەرناكێشـێ بـۆ كـافربوون و گومڕابـوون، بـەڵام جیـاوازی جەوهـەری لـە بنـەماكانی دیـن ئەمەیـە دەبێتـە مایـەی دەرچـون و سەردەكێشێ بۆ كافربوون و ئەو لایەنەش پەنچەی گومڕاو سەر لێشێواوی بۆ ڕادەكێشـرێت و دەكەوێتـە بـەر ئـەو فـەرموودەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) كەدەفەرمووێت:( ستفترق أمتي على ثلاث و سبعين فرقة كلها في النار إلا واحدة وهي الجماعة)[١٨٦]. دەربازبوون لە ئاگر و دەستەی بێ بڕوایی ئەوانەن كە دەستدەگرن بە قورئان وفەرموودەوە، بۆیە ناكرێت ئەم جیاوزیە ببێتە مایەی ڕق لێبوون و پشـت لەیـەك كـردن، قسـەم لەسـەر پلـەی فەرموودەكەنـەكردوو، چـونكە لـە شوێنی تـردا بـە درێـژی باسـم لەپلـەی فەرموودەكـە كـردووە باسـێكم لـە سـەر نوسیووە بە ناونیشانی(مصر الأمة الاسلامية بين روايات، حديث الافتراق نموذجا).

(لايؤدي إلى خصومة ولا بغضاء) دەبیت بزانین ڕق لێبـوون لـە پێـوەری شـەرعیدا دەبێت تەنها لەبەر خوا بێت یان لـە كاتێكدا سنوورێك لـە سنوورەكانی خـوا شـكێنرا بێـت، دەی خـۆ جیـاوازی فیقهـی فـەرعی هـیچ كـات سنووری خـوای نەبەزانـدوە بگـرە ئیجتهـاد پێغەمبـەری خـوا پێڕازیـی بـووە و هـیچ گرفتێكـی نـەبووە لەسـەری موجتەهیدیشـی بـە خـاوەن دووئـەجر زانیـوە ئەگـەر بۆچوونەكەی دروست بێـت، خـۆ ئەگـەر نەشـی پێكابێـت هـەر ئـەجرێكی هەیـە لای خوا، دەی كاری خوا پەسەندی بێ چۆن دەبێت بەلای منـی موسوڵمانەوە جێگـەی ڕق لێبـوون بێـت مـادەم وەك مـن بیر ناكاتـەوە یـان پێچـەوانەی مـن هـەنگاو هەڵـدەگرێت؟ دەبێـت ئێمـە خۆمـان وا پەروەردەبكـەین ئەسـڵ بـوونی جیـاوازی فەرعیـە نـەك تـەبای و یەكـدەنگی، نـامۆبوون لەوەدایـە ئـەم هەمووخەڵكە وەك یەك بیر بكەنەوە لە پێشهاتێكدا كە خوا و پێغەمبەری خـوا

---

١٨٦- أخرجه ابن ماجه و أبي داود.

هیچیان لەسەر نەفەرموبێت یان سنووریکیان بۆ دانەنا بێت، بۆیە (لکل مجتهد أجره) هەموو موجتەهیدێك پاداشتی هەوڵەکەی وەردەگرێت، لێرەوەیە هەر یەکتر تۆراندنێك یان ڕق لێبوونێك لەسەر جیاوازی فەرعی سەرچا وەکەی لە نەزانینەوەیە، چونکە ئەم جیاوزیە لەناو هاوەڵان و تابعین یشدا هەبووە، لەکاتێکدا خوا لەوان ڕازیە و ئەوان لە خوا ڕازین(رضی الله عنهم ورضُوا عنه) لەو جیاوازیە فەرعیانەی کە هاوەڵان هەیان بوە بەنمونە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆمەڵێ لە هاوەڵانی نارد بۆ سەر (بني قريظة) فەرموی نوێژی (عصر) لەوێ بکەن، هەندێکیان نوێژیان لەڕێگاداکرد پێش ئەوەی بگەنە شوێنە کە، گوتیان: مەبەستی پێغەمبەری خوا بە پەلە چونە نەك دواخستنی نوێژەکە، هەندێکیشیان نوێژیان نەکرد تا گەیشتنە شوێنەکە بە بیانوی ئەوەوە کە دەقی فەرموودەکەیان وەرگرت وهیچ خوێندنەوەیەکیان بۆ نەکرد، دواتر سەرگوزەشتەکەیان گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) لۆمەی هیچ کامیانی نەکرد واتە ڕازی بوو بەو ئیجتهادەی کە کردبویان، ئەوانەی کە ڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەیە لە مەسەلەکاندا هەرلایەك بۆ خۆی چاوەڕێی پاداشتی خوابن لەسەر ئەو ئیجتهادەی کە کردویانە، وەك ئەوەی کە ئیمامی عومەر لە مەسەلەیەکی (میرات)یدا کە ناسراوە بە(حمارية) هەمووبرا دایك و باوکی و برا باوکیەکانی شەریك کرد[١٨٧]، یاخود جیاوازیان هەبوولە هەندێ مەسەلەی

---

[١٨٧]- **مشركة**: بەکسر و فتحەی (راء)کە دەخوێندرێتەوە، بە هەر دوو جۆرە کە بەمانای بەشداری و شەریکایەتی دێ، لەبەر ئەوی ئەو ناوەی لێنراوە چونکە (خوشك و برای دایك وباوکی ) مرد وەکە لەگەڵ (خوشك وبرای دایکی)ەکە هاوبەش دەبن لە یەك بەشی دیاری کراو کە یەك لەسەر سێیە ٣/١ لە ناو یەکدا بەشی دەکەن.

**پێکهاتەی مەسەلەی (مشرِكة) بەم جۆرەیە.**

ژنێك دەمرێت:(مێرد، دایك یان دایكی دایك، خوشك وبرای دایكی، دانەێك بن یان زیاتر تێكەڵبن یان یەك رەگەزبن، برای دایكی وباوكی، دانەێك بن یان زیاتر خوشكی لەگەڵ بێت یان نا هیچ لەمەسەلەكە ناگۆرێ).

| شیكار: مێرد | دایك | ٢برای دایكی | برای دایك وباوك | ئەسڵی مەسەلە. |
|---|---|---|---|---|
| ٢/١ | ٦/١ | ٣/١ | پشتە | ٦ |
| ٣ | ١ | ٢ | | |

لەم وێنەیەدا بۆمان دەركەوێت كە برا دایك وباوكیەكە هیچی بۆ نەمایەوە، چونكە پشتەیە. پشتەش ئەوەیە كە دەبێت چاوەڕێبكات ئەوەی كە لەخاوەن فەرزەكان دەمێنێتەوە وەری بگرێت.

بۆیە ئەم مەسەلەیە بوویە هۆكارێك كە ڕاو بۆچونی جیاواز بێتە ئاراوە لە نێوان زانایاندا، بۆیە برا دایك وباوكیەكە هاتەلای (ئیمامی عمر) گوتی: ئەی پێشەوای موسوڵمانان من بێ بەش كراوم لە میرات بەڵام بەمەرجێ من برای دایك وباوكی مرد وەكەم بەس برا دایكیەكەمان میراتیانگرت من بێ بەش بوم ئێنجا گوتی: بۆ دەبێت بێ بەشبم وادابنێن باوكمان بەردێك بێت وخستمانە بەحرەوە، یان گوێ درێژێك بوو، خۆدایكمان یەكە ئیتر بۆ بێ بەشبم؟! بۆیە ئیمامی عومەر(رضي الله عنه) فەرمووی ئەوەی دراوە بەبرا دایكیەكان هەر چەندێك هەیە لەنێوان خۆتاندا بەشی بكەن. بۆیە دەبێت ئەم مەسەلە بەم جۆرە بەش بكەین.

| شیكار: مێرد | دایك | ٢برای داكی | برای دایك وباوكی | ئەسڵی مەسەلە. |
|---|---|---|---|---|
| ٢/١ | ٦/١ | ٣/١ | | ٦ |
| ٣ | ١ | ٢ | | |

لێرەدا ئەگەر خوشكیشیان لەگەڵ بێت هەر وەك برا كان میرات دەگرن بەبێ جیاوازی، واتە قاعدەی (للذكر مثل حظ الانثيين) نایانگرێتەوە([187]).

**بۆ هاتنە دی مەسەلەی (مشركة) دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بكەین.**

١. خوشك وبرا دایكی دەبێت دووان بن یان زیاتر یەك ڕەگەز بن یان تێكەڵ .

**زانستی لە بیروبروادا  وەك بیستنی دەنگی زیندوان لە لایەن مردوانەوە، یان ئازاردانی مردوان بە هۆی گریانی خزمانیان، یان بینینی خوای گەورە لەلایەن پێغەمبەرەوە لە شەوی میعراجدا، ئەم جیاوازیە زۆر ئاسایی بووە لەناو هاوەڵاندا، هەر بۆیە جیاوازیش بە بەشێك لە ڕەحمەت و فراوانی ئەم دینە هەژمار دەکرێت، دوای ئەم دەرخستەیە پێشەوا بەننا سەرنجمان بۆ ڕاستی یەکی گومان بڕ ڕادەکێشێ کە ئەویش ئەوەیە، پسپۆڕانی بواری ئیجتهاد و زانایان دەبێت نیشانی بدەن بەهەموان کە لێکۆڵینەوەی زانستی باشترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و سروشتی بوونی جیاوازی فەرعی،  وەك دەڵێت:(ولا مانع من التحقيق العلمي النزيه في مسائل الخلاف في ظل الحب في اللهوالتعاون على الوصول إلى الحقيقة من غير أن يجر ذلك إلى المراء المذموم والتعصب) هیچ ڕێگرێکیش نییە بۆ گرتنەبەری لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی خاوێن لەپرسە جیاوازەکاندا لە ژێر سایەی خۆشویستن لەبەر خواو هاریکاری کردن بۆ گەیشتن بەراستی و حەقیقەت، بێ ئەوەی ئەمە سەر بکێشێ بۆ مشتومڕ و دەمارگیری ناپەسەند.**

**ئەمە ڕەوشتێکی بەرزە دەبێت هەمو کەس و فێرخوازێك خۆی لەسەر ڕابێنێت لە ڕیگەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و لەسەر بنەمای بەڵگە**

---

٢. دەبێت خوشك وبرای دایك وباوکی پێکەوەبن یان تەنها برا بێت، نابێت تەنها خوشك بێت، چونکە خوشکی دایك وباوکی تەنها بێت یان دووان وزیاتر فەرزی دیاری کراوی هەیە.

٣. خوشك وبراکان دەبێت دایك وباوکی بن، واتە نابێت بەس باوکی بێت، چونکە برای باوکی بێ بەش دەبێت.

ئەم مەسەلەیە چەند ناوێکی هەیە  وەك (اليِّميّة، الحجرية، الحمارية) وهەندێ جار عومەریەشی پێدەگوترێت، هەر ناوە و سەر گوزەشتی خۆی هەیە ئێرە جێگای باسکردنیان نیە.

شەرعیەکان مادام دەیانەوێ بگەنە حەقیقەت، دورلە گیانی یەکتر تۆمەت بارکردن، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی بنیادنانی شارستانی ئیسلامی  وەك لە مێژوودا دیارە کەزانایانمان چۆن مامەڵەیان کردووە و دونیایەك لە فەرهەنگی جوانیان بۆ بەجێهێشتوین، کەمترین وەفاداری بۆیان ئەوەیە ئێمە لە ئەمڕۆدا شوێنکەوتەی ڕێبازەکانیان بین لە بوونی جیاوازیەکانیشمان تەماشای مامەڵەی ئەوان بکەین لەو بوارەدا کە چۆن ڕەفتاریان کردووە لەگەڵ یەکتردا؟ وەك (ابن سعید) دەڵێت: چوم بۆ مەککە و گەیشتم بە ئەبو حەنیفە و ابن ابی لیلی و ابن شبرمە، چومەلای ابو حەنیفە پرسیارم لێکرد، گوتم: چی دەڵییت بەو پیاوە کە شتێکی فرۆشتوە و مەرجی لەسەر داناوە؟ گوتی: فرۆشتنەکە و مەرجەکەش بەتاڵە، (ابی لیلی) گوتی: فرۆشتنەکە دروستە و مەرجەکە بەتاڵە، (ابن شبرمە) گوتی: فرۆشتنەکە و مەرجەکەش دروستە، منیش گوتم: (سبحان الله) هەر سێکیان زانایانی عیراقن و لە یەك مەسەلەشدا جیاوازن.

- التحقیق: لێکۆلینەوەیە لەسەر شتێك بۆ گەیشتن بە ڕاستی یان نا ڕاستی ئەو مەسەلەیە. مەبەستمان بە لێکۆلینەوە لێرەدا گەیشتنە بە حوکمێکی شەرعی کە بۆچوونی یەکلاکەرەوە نەبێت لەم دوو ڕوانگەیەوە.

١-وردبوونەوە لەسەر بەڵگە متواترەکان و بەکارهێنانیان بۆ پاڵپشتی بۆچوونەکەی خۆت بەڕێگە یەکی زانستی و لای کەسی پسپۆڕ بە کاری ورد بوونەوە بەکاردەبرێت.

٢- وردبوونەوە لە ڕێبازی زانایان و ئەو ڕێگەیە پێی گەیشتون بە دەرکردنی بۆچوونەکەیان بە مەرجی ڕەچاوکردنی ئادابی مونازەرە و گفتوگۆ کردن، هەر وەك هاوەلانیش زۆر جار لە ڕێگەی موشاوەرە و ڕاوێژەوە گەیشتون بە حوکمێك  وەك میراتی باپیر لەگەڵ براکاندا، حەدی ئارەق خۆر، ئەمەش لە نێو سەر مەزهەبەکاندا دیارە،  وەك لەنێوان ئیمامی شافعی و أحمد و

ابوحنیفه و مالك غەیری ئەوانشدا هەر بەم جۆرە بووە، لێرەدا بە باشی دەزانم هەندێ مەرج و ئادابی لێکۆلینەوە وەك خاڵ بخەمەڕو بۆ زیاتر بەرچاو ڕونی:

١- ڕەچاو کردنی ئەولەویات وەك پێش خستنی فەرزی عەین بە سەر فەرزی کیفایەدا، کە ئەم بنەمایەش لە حوکمی شەرعیدا ڕەچاو کراوە.

٢- ئەنجام نەدانی لێکۆڵینەوە پێش ئەوەی پێشهاتێك روبدات واتە: نابێت مەسەلە دروست بکرێت لە زهندا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، وەك هاوەڵان ڕاوێژیان نەدەکرد لەسەر شتێك کە هێشتا روی نەداوە لەواقیعدا.

٣- لێکۆڵینە وەکە بۆ دەرخستنی ڕاستیەك بێت یان بۆ بەر پەرچ دانەوەی ناحەقێك، هەر وەك چۆن ئیمامی عومەر فەرموی ئافرەتێك ڕاستی کرد و عومەر هەڵەی کرد.

٤- لێکۆڵینە وەکە دەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو سود بەخش بێت.

- التعصب: دەمارگیری یەکێکە لە سیفەتە هەرە ناشیرینەکان تا ئەو ڕادەیە ئیمامی غەزالی بەوەسفێکی خراپی هەژمار کردووە و دایناوە بە سیفەتی (علماء سوء) چونکە ئەو جۆرە کەسانە زۆر ڕۆچون لەسەر بۆچوونێك و تەنها ئەو بۆچوونەی خۆیان بەڕاست دەزانن، یا خود ڕۆچون لە کارێکی ناڕەوا و بە پەسەند زانینی ئەو کارە، ئەگەر تەماشای قورئان بکەین نمونەی زۆر لەم بابەتەی تیایە کە بەکارێکی ناپەسەند هەژماری کردووە وەك خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿وإِذا قِيلَ لَهُمْ تَعالَوْا إِلى مَا أَنْزَلَ اللَّهُ وإِلَى الرَّسُولِ قالُوا حَسْبُنا مَا وجَدْنا عَلَيْهِ آباءَنا ﴾[188] بۆیە ناکرێت هەرگیز جیاوازی ڕاو بۆچوون لە

---

١٨٨- سورة المائدة: ١٠٤.

فەرعیاتدا ببێتە هۆی دەمارگیری کوێرانە و تانەدان لەیەکتری و بەکەم زانینی بۆچوونی بەرامبەر.

## - جیاوازی (فرقە) و (مەزهەبەکان)

فرقە: قوتابخانە فیکریە ئیسلامیەکانن، ئەم مەدرەسانەش لە بنەما و بیروبڕواکاندا جیاوازیان هەیە وەك( قەدەرییە، موعتزلە، مورجئە، شیعە، جەبریە،موشەبهە) و ئەمانە و چەندینی تر، جیاوازیەکەیان جەوهەریە لەوانە مورجەئیەکان دەڵێن: لەگەڵ ئیماندا گوناه هیچ زیانێکی نییە، هەر وەك چۆن لەگەڵ کوفردا چاکە قازانجی نییە، قەدەریەکان باوەریان بە قەدەر نییە، موعتەزیلەکان دەڵێن: لەنێوان دوومەنزڵەکاندا مەنزیلەی ترهەیە. بەلاّم مەزهەبە فیقهیەکان هیچ جیاوازیان نییە لە مەسەلە جەوهەریەکاندا تەنها جیاوازیەکەیان لە مەسەلە فەرعیەکانە کە ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە.

## - هەڵوێستی زانایان بەرامبەر جیاوازیە فەرعیەکان

١- ئیمامی نەوەوی دەڵێت: دەبێت دورە پەرێز بین لە ئینکاری کردنی بوونی جیاوازی فەرعی و نابێت نارەزایی لەو بارەوە دەربڕین.

٢- ئیمام ئەحمد دەڵێت: جیاوازی لە فەرعەکاندا فراوانییە.

٣- ئیمامی شاتبیش لەوتەیەکی مەشهوردا دەڵێت: جیاوازی زانایان لە فیقهدا ڕەحمەتە بۆ ئومەت.

٤- ئەبوحەنبفە دەڵێت: زاناترین کەس ئەو کەسەیە کەزاناتربیٚ لە جیاوازیەکاندا، ئەوکەسەی کە لە هەموولایەکەوە تەماشای مەسەلەیەك دەکات چاکتر دەتوانیٚ حوکمی ڕاستی شتەکە بدات.

ئیمامی غەزالیش دەڵێت: هەر شتێك ئیجتهادی بێت حیسابی لەسەر نییە.دوای ئەوەی ئەمەت زانی ئیتر گەورەیی تێگەیشتنی دروستی ئیمام بەننات بۆ دەردەکەویٚ کە لەم بنەمایەدا چەند جوان و پوخت ئامارەی کردووە بە جیاوازی لە مەسائلە فەرعیەکاندا.

## چی فێردەبین لەم بنەمایە؟

١- ڕێزگرتنی بۆچوونی بەرامبەر و بەکەم تەماشانەکردنی جیاوازیەکان.

٢- دەرچوون لە بازنەیەکی تەسکی بیر کردنەوە، هەوڵدان بۆ بەگەڕخستنی ژیری و قەبوڵکردنی بۆچوونە جیاوازەکان.

٣- بەدەست خستنی زانست و زانیاری تا ئاستی تێگەیشتن لە جیاوازیەکان، زانایان گوتویانە ئەوەی حاڵی نەبێت لە جیاوازی زانایان بۆنی فقهی نەکردووە.

٤- دەبێت بزانین دینی ئیسلام بواری فراوانی هێشتووەتەوە بۆ ژیری مرۆڤ و ئەمەش بوەتە هۆی مرونەتدان بە فیقهی ئیسلامی و گونجاندنی لە هەموو سەردەمێکدا و نەهێشتنی چەق بەستویی بیروبۆچوون.

موسوڵمان نابێت دونیا لەسەر خۆی تەسک بکاتەوە دەرگا لەسەر خۆی دابخات دەبێت بەردەوام لەگەڵ گۆڕانکاری کۆمەڵگەدا بێت.

# بنەمای نۆیەم

## زۆر لەخۆکردن لە دیندا پەسەند نییە

وكلُّ مسألةٍ لا يَنْبَنِي عليها عملٌ فالخوضُ فيها من التكلفِ الذي نُهينا عنه شرعا،ومن ذلك:

أ- كثرةُ التفريعاتِ للأحكامِ التي لم تقعْ.

ب- والخوضُ في معاني الآياتِ القرآنيةِ الكريمةِ التي لم يصلْ إليها العلم بعد.

ج- والكلامُ في المفاضلةِ بين الأصحابِ رضوانُ اللهِ عليهموما شجرَ بينهم من خلافِ،ولكلٍّ منهم فضلُ صحبتِهِوجزاءُ نيِّتهوفي التأوُّلِ مَنْدوحةٌ.

.........................................

**پوختەی بنەماکە**

هەر پرس و بابەتێك كردەوەیەكی لەسەر بنیاد نەرێت، دەم تێكۆتانی و ڕۆچوون تێدا زۆر لەخۆكردنەوە شەرع لێمانی قەدەغەدەكات، لەوانە.

١- زۆروەستان و لق و پۆپ كردنەوە بۆ ئەو حوكمانەی كە هێشتا ڕوویان نەداوە.

٢- ڕۆچوون لە ماناو ڕاچەی زیاتری زانستی ئەو ئایەتانە كە هێشتا بە شێوەیەكی زانستی نهێنیەكانی دەرنەكەوتووە.

٣- قسەكردن لە دەربارەی پلەوپایەی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو ناكۆكیانەی كە لەنێوانیاندا ڕوویداوە، چوون بۆ هەریەكە لەوانە گەورەی هاوەڵیەتی و پاداشتی نییەتیان مەترەحە، بۆ تەئویلكردنی كارەكانیان ڕێگە و زەمینەیەكی فراون هەیە.

## دەروازەی چوونەناو بابەتەکە:

هەوڵدان بۆ دەستخستنی زانست و زانیاری لە ئیسلامدا ئەندازەی دیاری نەکراوە، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەیە یەکەم هاندەر و هەڵنانی بەندەکان بۆ فێربوون و ئاشنابوون بە نهێنیەکانی جیهانی بینراو دەرك پێ کراو بە یەکێك لە پێنج هەستەکان خودی قورئانە، بەڵام هەوڵدان بۆ دەرك کردنی عیبادەت و زانینی غەیبیات و شتانێك کە لە دەرەوەی توانای مرۆڤن پەیوەندیان بە جیهانی نادیارەوە هەیە، وەك دەرك کردنی زاتی پیرۆزی خودا، شارەزا بوون لە جیهانی مەلەکوت، و دوای مردن، و عالەمی ئەرواح، و ئەمانە هەرگیز لەڕێگەی تەجروبەو عەقڵەوە دەرك ناکرین و ڕۆچون لەم مەسەلانە تەمەن بەزایەدانە، مەگەر تەنها ئەو ئەندازەیە کە لە ڕێگەیوەحیەوە چۆنیەتی و چەندیەتییەکەی دیاریکراوە و ڕون کراوەتەوە بۆمان و بەو ئەندازەش کە ڕون دەکرێتەوە و پێمان دەگات قانع بین، هەر ئەمەیەوادەکات کە دینی ئیسلام هەماهەنگ بێت لەگەڵ سروشتوفیطرەتی مرۆڤدا و هیچ کات و لە هیچ بوارێکدا دژی سروشتی مرۆڤ نەوەسێتەوە، ئەم ڕاستیەش گۆڕانی بەسەردانایەت لەو کاتەوەی خوا خەڵقی کردووە هەروا بووە و هەرواش دەبێت، تائەو ڕۆژەی دەگەڕێنەوە بۆلای خوا﴿ فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّـهِ ﴾[189] هەماهەنگی نیوان سروشت و داخوازیە شارا وەکانی ناخی مرۆڤ و تاقەو تواناکانی لەگەڵ فەرمانی خوا و ڕێنمایەکانی دینی ئیسلام زۆر جوان و ڕونە و تەنها تۆزێ ماندو بوونیشی ناوێت بۆ

---

189- سورة الروم: 30.

بەدەرخستنی، ئەوەی لە تواناو تاقەی مرۆڤدا نییە هەرگیز خودا فەرمانی بە کردنی نەداوە، ڕۆچون بۆ زانینی ئەمەش زیادە ئەرکێکە لەسەر شان، نەك هەر ئەوەندە بگرە ئەوەش کە خوا ئیرادە و ڕەزای لەسەرە بۆ کردنی و مرۆڤ هاندەدات تائەنجامی بدات و بە هۆی کردنی و ئەنجامدانیەوە پلە و پایەی لە ڕۆژی دوای پیٚ بەرز دەبێتەوە، ئەگەر مرۆڤ توانای بەدەنی و مادیەکەی لە بارو سازگار نەبووخودا ئەدای لەسەر لابردوە، بۆ نمونە کەسیٚ ئەگەر نەخۆش بێت خودا تەکلیفی ڕۆژوگرتنی لەسەر لادەبات، یاخود توانای مادی و مەعنەوی نیە سەفەری حەجی ماڵی خوا بکات ئەدای فەرزیەتی لەسەر لادەچیٚ، ئەمانەو چەندان نمونەی تر کە ڕۆژانە خۆمان دەیان بینین و ڕوبەڕویان دەبینەوە، لێرەوەیە مرۆڤ لای خودا جێگای ڕێزو شکۆمەندیە، ئەگەر خۆی لە دەستی نەدات ئەم ڕێزە جەعلێکی خواییە بۆ گشت مرۆڤەکان وەك یەکە، (وَلَقَدْ كَرَّمْنا بَنِي آدَمَ) بەلاٚم زیاتر لەمە بۆ پارێزکاران مەترەح و لە ئارادایە، ئەگەر هات و پابەندی ڕێنمایەکانی خودا و پێغەمبەر بوون (ﷺ).

یەکێك لە نەشکاندنی پابەندبوون بە سنوورەکانی خوداوە قەبوڵکردنی ئەو ڕوخسەتانەیە کە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە، لەوەی کە هیچ کات خودا نایەوێت و پێی ڕازی نابێت مرۆڤ زیاد لە توانای خوی کۆشش بکات، یان زۆر لە خۆی بکات بۆ گەیاندن و ئەنجامدانی واجباتی سەرشانی، چونکە زیادەرەوی لەهەر دینێکی تردا هەبێت لە ئیسلامدا ڕێگەی پیٚ نەدراوە و ئەنجامدانی نا پەسەندە، ئەمە ئەوە دەگەیٚنی کە مرۆڤ هەندیٚ جار ئەگەر ڕێنمایی خوایی نەبێت زیادەرەوی دەکات و خۆی تا ئەندازەی لە ناو بردن دەبات، بۆیە دەبینین لە هەندیٚ دینیٰ‌وەزعی و دەستکردی زادەی بیری مرۆڤ بۆ ڕازیکردنی داخوازیەکانی مرۆڤ و گەیشتنیان بە ئاسودەیی و پاك بوونەوە وەك خۆیانوێنایان کردووە، چەندان ڕۆژ بەسەر یەکەوە بە ڕۆژو دەبن، وەك لە

دینـی (هنـدۆس، و بـوذا، و یەزیـدی، و صابئی)وچـەندانی تـر دەبینـرێن و پـەیرەوی دەکـەن، ئـەم نەزعـەی خـۆ هـیلاك کردنـەش لەسـەرەتای ئیسـلامدا ریشـەیەکی لـە دڵـی هاوەڵانـدا مـابوو، بۆیـە سـێ هـاوەڵ هاتنـە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) بـۆ ئـەوەی لـە نزیکـەوە شـارەزای عیبـادەتی پێغەمبـەر بـبن، کەزانیان پێغەمبەری خودا (ﷺ) عابدێکی شەو بێدارە و تەنها ساتێك لە خودا غافڵ نیە و لـەوەڵامی داخوازیـەکی دایکمـان عائیشـە(ڕەزا و ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) دەفـەرمووێت:( لـێ ناگـەرێیت بەندەیـەکی سـوپاس گـوزاری خـودابم) پاشـان گوتیـان: ئێمـە لـە کـوێ و پێغەمبـەری خـودا لـە کـوێ؟! بۆیـە یـەکێکیان گـوتی: مـن تـا مـاوم هـەمووڕۆژێ بـەڕۆژو دەبم، یـەکێکی تریـان گـوتی: منـیش شـەوان نـانوم و هـەر شـەو نوێـژ دەکـەم، سـێیەم گـوتی: بـە خـودا منـیش ژن ناهێنم و خـۆم یـەك لایـی دەکەمـەوە بـۆ عیبـادەت کردنـی خـودا، پێغەمبـەریش (ﷺ) ئـەم بیرۆکەیـەی بـۆ ڕاسـت کردنـەوە و فـەرمووی مـن بەشـەو شـەو نوێژدەکـەم و دەشـخەوم، هەنـدێ ڕۆژ بـەڕۆژودەبم و هـەنێك جـاریش بـە ڕۆژونـابم، ژنیش دێـنم و عیبـادەتی خـواش دەکـەم، لێرەوەیـە پابەنـد بـوون بـە دینـەوە دەمانکاتـە مرۆڤێکـی تەندروسـت و فیکـر ڕوون و بەخزمـەت و ئـارام و ئاسـودە لـە ژیـانی دونیـادا، دونیـا بـە هـەلێك و فرسـەتێکی بـاش دەزانـین بـۆ ڕەزامەنـدی خـودا و پابەنـدبوون بـە فـەرمان و نەهیەکانیـەوە، تاوامـان لـێ بێـت هـەموودونیا بـەجوانیببینین و هەرچـیەك هاتـە بەرچـاوانمان تـەنها پێـوەری پێوانەمان بۆی دین و یاساو دەستوری خودای بێت.

**ئەم بنەمایە سەرنجمان بۆ ئەم چەند خاڵا ڕادەکێشێ**

١- بـزانین کاتـەکانمان لـە چـیدا بەسـەر بـەرین و خـۆمـان نەخەینـە بـەر شـتێکەوە تـەنها کـات بەزایـەدان بەرهەمەکـەی بێـت و تەمـەنمان تێـدا بەزایـە بڕوات.

٢- خۆ دورگرتن لە گوفتوگو و ڕۆچون لە شتانێك كە هیچ لە زانیاری و مەعریفە زیادنەكات.

٣- ئاشنامان دەكات بە ئافاتەكانی زمان.

٤- دەست بەردان و دوور كەوتنەوە لە پێدا هەڵدانی یەكێك لە هاوەڵان زیاتر لەوانی تر، مەگەر ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی پیٚ كردبێت.

## پوختەو كاكڵەی بنەماكە

لەو بڕگەیە كە دەڵێت:(وكلُّ مسألةٍ لا ينبني عليها عملٌ فالخوضُ فيها من التكلفِ الذي نُهينا عنه شرعا)، هەر مەسەلەیەك كارێكی لەسەر بینانەكریٚ ڕۆچون تێیدا شەرع دوورە پەرێزی بۆ هەڵ بژاردوین و بە پەسەندی نازانیٚ.

دیارەكە مەبەست بەووشەی(عمل) لێرەدا تەنها كاری بەرجەستە ناگرێتەوە، بگرە كاری دڵ و جەستەی پێكەوە مەبەستە، چونكە كاری هەردووبەش بە دڵ و بە ئەندامەكانی جەستە مەقصەد و مەبەستی شەرعە نەك تەنها یەك جانبیان، كاری دڵ، یان كاری جەستە، نەخێر هەردووكیان پێكەوە، بۆیە دەڵێین: تەنها كاری بەرجەستە ناگرێتەوە، چونكە لە ئیسلامدا كار تێكەڵ و شێلراوە بە نیەتێكی ساغ و دروستەوە، هەندێجار كارێك بە زاهیری موافقی شەرعە بەلاٚم نیەتی لەگەڵ دانیە ئەمەڕەدكراوە ناپەسەندە، هەندێك جاریش نیەتەكە دروستەوساغە بەلاٚم كارەكە ناپەسەند و خیلافی زاهیری شەرعە، ئەمەش نادروست و ناپەسەندە، ئەوەی كە پەسەندە ئەوەیە كارو نیەت هەردوكیان دروست پەسەندبن.

**بۆیە لێرەوە دەبێت ئاماژە بە دووخاڵ بدەین کە بەجوانیمەبەستەکەمان دەر دەکەوێت.**

**یەکەم:** کارێك بۆ بەپایان گەیاندنی وەك عیبادەتوەستاوە لەسەروەحی خودایی، ئەمەواجبە لەسەر موسوڵمانان هەوڵی فێربوونی بدەن و تەمبەڵی وازلێبهێنن یاخود پرسیار لە ئەهلی عیلم و زانست بکەن تا ئەوەی مەبەستە فێری ببن، و ڕۆبچن بەناو فەرع و بەشەکانیاو بەجوانی شارەزای وردەکاریەکانی ببن، چەندان ئایەت و فەرموودەمان هەیە کە هانی موسوڵمانان دەدەن لەم بەشەدا خۆیان پرچەك بکەن و شتێك نەبێت لێی غافڵبن.

**دووەم:** ئەم جۆرەیان پەیوەست نیە بەکارەوە و پەیوەندی بە فیکر و بیرو بڕواو تێڕامانەوە هەیە، ڕۆچون و بەدواداچون و موجادەلە سودی نییە لەم بارەوە و لەسەروەستانیان بێ مانایە، دەبێت بەوە قانعبین کە لەوەحیەوە پێمان گەیشتووە لەوانە وەك: ژمارەی هاوەڵانی ئەشکەوت(أصحاب الكهف)، شێوەزاری پرسیار کردن لە مردوولە ناو گۆڕدا، یان جۆری ئەو مێروولەیە کە حەزرەتی سولیمان قسەی لەگەڵ کرد نێرە یا خود مێ، یان هاتنی ڕۆژی قیامەت کەیە و چ ڕۆژێکە، یان جۆری قسەی پەپوسلێمانەکەی حەزرەتی سولیمان، یان ناوی دایکی حەزرەتی موسی یان ناوی خوشکەکەی، یان نهێنی ژمارە حەوت لە قورئاندا(سبع سماوات، لها سبعه أبواب) ئەمانە و چەندان شتی تر کە دەزانین ئەمانە هەمووی هەواڵێکە و لەوەحیەوە پێمان گەیشتون، گرنگ ئەوەیە چۆن هاتون ئێمەوەریان بگرین و ڕۆنەچین تێدا، وەك ئیمامی عومەر دەیگێڕێتەوە:(نُهينا عن التكلف) رواه البخاري. چونکە ئەم جۆرە مەسەلانە نە بابەتی فیقهین و نە بابەتی ئەخلاقین نە فەهمی قورئانیان لەسەروەستاوە، بۆیە خۆخەریك کردن بە زانینی نهێنی ئەم

مەسەلانە کات بە زایەدانەو دەبێت خۆمانی لێدوربگرین، لەم بارەوە ئیمامی نەوەوی دەفەرموویت:( بزانە لەسەر بەرباروواجبە کە زمانی بپارێزێ لە شتانێکدا کە زانین و نە زانینیان وەك یەکە،وبگرە هەردەبێت خۆی دوور بگرێت لە زمان بەرەلاّ کردن مەگەر تەنها بۆ شتێك نە بێت کە بەرژەوەندی گشتی تێدا بێت، چونکە زۆر جار گفتوگۆی موباح سەر دەکێشێ بۆ حەرام، بۆیە بێدەنگ بوون گونجاوە لەگەڵ ڕۆحی سوننەتدا) پێغەمبەری خوا دەفەرموویت:"ومَنْ كَانَ يُؤْمِنُ باللهِ واليَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خيْراً أَو لِيَصْمِتْ"[190] ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی تەماشای شەریعەتی ئیسلام بکەین ئەوا دەگەینە ئەم چەند خالاّنەی خوارەوەوە:

١- خوا تەکلیف لە بەندەکانی ناکات بەکارێك کە سودی نەبێت بۆ یان، و هەر کارێك کە سودی نە بێت داواناکات کە بەندەکانی پێیەوە سەر قاڵ بن، لە کاتێکدا کارکردن بڕبڕەی پشتی ژیانە، ئیتر چۆن دەبێت کەسێ گفتوگۆ لەسەر شتانێك بکات و ڕۆبچێت لەو شتانە کە سودی نەبێت بۆی؟.

٢- دورکەوتنەوە لەو شتانەی کە پەیوندیان بە مرۆڤەوە نیە چ لە کردار یان گوفتار، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموویت:( من حسن إسلام المرء تركه ما لا يعنيه)[191].

٣- ئیسلاموا ڕێنمایمان دەکاتودڵنیامان دەکاتەوە کە هەمیشە بەرەو بەرژەوەندی و قازانجی تاکی و گشتیمان دەبات و دورمان دەخاتەوە لە شتانێك کە زانین و نەزانینیان وەك یەکوایە، و هیچ زیادەیەك ناکات لە

١٩٠- رواه البخاري : في كتاب الأدب: باب، من كان يؤمن بالله واليوم الآخر، وباب إكرام الضيف، وفي النكاح، باب الوصاة بالنساء، وفي الرقاق، باب حفظ اللسان، ومسلم: في كتاب الإيمان، باب الحث على إكرام الجار، الحديث رقم (٤٧- وأب و داود: في كتاب الأدب، باب في حق الجوار، الحديث رقم (٥١٥٤-.

١٩١- ورواه الترمذي في سننه: في كتاب الزهد: رقم الحديث (٢٣١٩-.

بوونـەوەردا، ئەمـەش هـەموی بـۆ ئەوەیـە کـە مـرۆڤ کاتـەکانی بەزایـە نـەدات و ئاگـادار بێـت زمـانی یـاخود دەسـتی لـە شـتێکدا هـەڵ نەسـوڕێنی کـە کـات بەزایەدان بەرهەمەکەی بێت.

بڕگـەی (کثـرةُ التفریعـاتِ للأحکـامِ الـتي لم تقعْ) زۆر لـق کردنـەوە لـەو مەسەلانەی کە تا ئێستا ڕوویان نەداوە.

مەنهـەجی قورئـان ئاوایـە کـە هەمیشـە سـەرنجمان بـۆ ئـەوە ڕادەکێشـێ ئـەوەی زۆر گـرنگ نـەبێت، وردەکاری تێدا پێویست نیە و بەو ئەندازەیـە کـە هەیە کاروباری خەڵکی ڕادەپەرێت، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت قورئـان گرنگـی بەشتێك دەدات هەمیشە پەیوەست بێت بە ژیانی مرۆڤـەوە و چـەندە بخـوازێ ئەوەندە گرنگی دەدات بەو بوارە، بۆ نمونە کەسێك دێت دەپرسێت سـەبارەت بـە مـانگ، چـونکە لەسـەرەتاوە زۆر ڕون نیـە، وەك دەمـە داس دەردەکـەوێ و دوایـی وردەوردە پـڕ دەبێتـەوە و پاشـان دەگەڕێتـەوە قۆنـاغی یەکـەم جـاری، وەك خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ یَسألُونَكَ عن الأهلَّة قُل هـيَ مَواقِیـتُ للنَّـاسِ والحَـجِّ﴾[192] .وەڵامەکـە بەئەنـدازەی پرسـیارەکەیەتی لـەوە زیـاتر ڕۆچـون بـێ سـودە و لـق و فـەرعی لێناکاتـەوەواز لـە هەنـدێ بـوار دێنـێ کـە هـیچ کـارێکی لەسەر بینا ناکرێت، بۆیە خوا دەفەرموویێت:﴿ یا أیُّها الذین آمنوا لا تَسألُوا عن أشیاء إن تُبـدَ لکـم تَسـؤکم﴾[193] . و پێغەمبـەری خـوا(ﷺ)لـەوەڵامی پرسـیاری هاوەڵێکدا کە گوتی: قیامەت کـەی دێـت، فـەرموی:(وما ذا أعددت لها؟) چیت بۆ ئامادە کردووە؟وەڵامەکـەی بـۆ دیـاری کردنـی ڕۆژەکـە نییـە، ئـەوەی گرنگـە لـەوێوە دەسـتی پێکـردەوە چـونکە دیـاری کردنـی ڕۆژەکـەی هـیچ سـودێك ناگەێنێت بە ئەندازەی ئەوەی کە توێشوت چییە بۆ ئەو ڕۆژە؟.

---

١٩٢- سورة البقرة: ١٨٩.

١٩٣- سورة المائدة: ١٠١.

ئەوەش دیارەکە مەبەست بە زۆرورردکردنەوە بەشێوەیەکی گشتی نییە، بەڵکوزیاتر مەبەست بە زۆرورد کردنەوە لە هەندێ مەسەلەی گرنگ و قورس و ئالۆز ، نەك لە بابی فیقهی و تێگەیشتن لە دینی خودا، و هەڵهێنجاندنی ئەحکام لە دەق و نەص لە قورئان و فەرموودەدا، بۆیە ئەگەر پشت بە بەراوردکاری و بۆچوونی دوور لەواقع و لەسەر حەزو ئارەزووەستان نا پەسەند و بێ کەڵکە، و ئەو مەسەلانەی کە کاریان لەسەروەستاوە زیاتر لە بابی فیقه و زانستدا ئەوە ئیسلام نەك هەر رێگیرنیە بەڵکۆ شوێن کەوتوانی هاندەدات بۆ دەست خستن و فێربوونیان، داوا دەکات لە هەر گروپ و دەستەیەك یەکێك خۆی تەرخان بکات بۆ ڕۆچون لەو مەسەلانە تا دواتر ئەوانی تر فێربکات قورئان دەفەرمووێت:﴿ فَلَولا نَفَرَ من كُلِّ فِرقَةٍ مِنهم طائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهوا في الدين ولِيُنذِروا قَومَهم إذا رَجَعوا إليهم لعَلهم يَحذَرُون﴾[194]. یاخود پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت:"مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهُّ فِي الدِّينِ"[195] هەر ئەوە نا کەهاندان بێت، بەڵکوئەوەی لەوردەکاری دین حاڵی ببێت کە پەیوەندی بە کاروباری ڕۆژانەی موکەلەفینەوە هەیە ئەوە ئەو کەسە خودا ئیرادەی خێرو باشەی پێ هەیە، بۆیە ئیبن و شهاب دەڵێت: زانست و زانیاری کەنز و گەنجینەیە، کلیلی کردنەوەی دەرگاکەی پرسیار کردنە، لێرەوەیە ئەگەر تەماشای کلتور و مێژوی موسوڵمانان بکەین دەبینین کەشکۆلێکی دەوڵەمەندو کەموێنەیان بەرهەم هێناوە لە بوونەوەردا، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە دین دەرگای سەر پشت خستووە لەو مەسەلانە کە مایەی

١٩٤- سورة التوبة: ١٢٢.

١٩٥- أخرجه وابن خزيمة (١٩١٦- ، والدارقطني ١٧١/٢، والبيهقي ٢٥١/٤ من طرق عن إسماعيل بن جعفر، بهذا الإسناد. وقال الترمذي: حديث حسن صحيح غريب و الطبراني في مسند الشاميين: حديث رقم:( ١٠٣٦-.

سودو کەڵکن بۆ مرۆڤایەتی، کەواتە: هەر مەسەلەیەك ببێتە هۆی هێنانی قازانج و سود و ڕێگر بێت لە زیان لە مرۆڤایەتی پەسەندە لە دیندا و دەبێت کاری بۆ بکرێت و توانای بۆ بەخەرج بدرێت.

بڕگەی (والخوضُ في معاني الآياتِ القرآنيةِ الكريمةِ التي لم يصلْ إليها العلم بعد) ڕۆچون لە مانای ئەو ئایەتانەی کە تا ئێستا زانست پەی پێنە بردوون.

دەبێت ئەوەباش بزانین و هیچ گومانێکمان نەبێت کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوەی کە بۆ دابەزیوە بەوەحی تەنها ئایەتێکیشی نەبووە ماناو مدلولەکەی ڕون نەکاتەوە بۆ هاوەڵان جا بە گوفتار بێت یا خود بەکردار، چونکە پێغەمبەری خودا کاری سەرەکی ئەوە بووە: ﴿لِتُبَيِّنَ للناَّسِ ما نُزِّلَ إليهم﴾ [196]. ئیبن تیمیەی حەرانی دەڵێت: دەبێت ئەوە بزانین کە پێغەمبەر(ﷺ) هەمووشەکانی قورئانی ڕون کردووەتەوە بۆ هاوەڵان.

عبد الرحمن السلمی دەڵێت: قورئانمان دەخوێندەوە وەك چۆن ئیمامی عثمانوعبدالله ی کوڕی مەسعود و غەیری ئەمانیش لە هاوەڵان دەیان خوێند، چونکە ئەوان ئەوەیوەریان دەگرت لە پێغەمبەر(ﷺ) نەدەچون بەسەریدا هەتائەوەی تێدایە لە زانست و زانیاری فێری بوونایە و دواتر بە کردەوە جێبە جێیان دەکرد، تا بەو جۆرە بە تەواوی لە سورەتێك لە سورەتەکانی قورئان فێردەبوون و لە بەریان دەکرد.

بۆیە لەسەر دەمی هاوەڵاند کەمترین کێشە هەبوو لە تێگەیشتنیان بۆ قورئان گرفتیان لەو بوارەدا نەبوو، لە تابیعینشدا بە نسبەت دوای خۆیانەوە هەر گرفتیان کەمتر بوو، چونکە زەمەنەکەیان نزیك بووپێکەوە، بۆیە زانایان هەموویان یەك دەنگن لەسەر ئەوە کە باشترین تەفسیر و ڕاڤەی قورئان

---

١٩٦- سورة النحل: ٤٤.

تەفسیری قورئان بە قورئانە، پاشان تەفسیر بە فەرموودەی مرفوعە، دواتر تەفسیر بە گوفتاری هاوەڵانە، پاش تریش تەفسیر بە گوفتاری تابعینە، هەر چەندە لەمەی کۆتایدا کەمێك جیاوزی بۆچوون هەیە لەسەری، ئەوەشمان لە یادنەچێ هەندی مەسەلە هەن کە هەڵقلاوی ڕۆژگارێکە وەك ئەم زەمەنەی ئێمە کە قەرنی بیست و یەکە، دەبێت تەفسیرو ڕاڤەی نوێی بۆ بکرێ و ئایەتە کانی قورئانیش هەماهەنگن بۆ ئەو جۆرە تەفسیرانە کە سەردەمی نوێ دەیخوازێت، بۆیە جۆرەکانی تەفسیری قورئان لای ئیبن عەباس (رەزای خوی لەسەر بێت) بەشێوەیەکی گشتی چوار جۆرە.

- حەڵاڵ و حەرام کەئەمە نا بێت هیچ موسوڵمانێك بێ ئاگا بێت لێی.
- جۆرێ کە تەنها بە زانینی زمانی عەرەبی و شارەزا بوون بە نهێنی زمانی عەرەبی دەکرێت و پێویستی بە ڕۆچون نییە.
- تەفسیرێك کە زانایان دەیکەن و پسپۆری خۆیان تێدا بە خەرج دەدەن.
- تەفسیری بەشێکی کەماناکەی نازانرێت مەگەر خوا خۆی ئاگادار بێت بەسەریدا.

**جۆری یەکەم**: لە چارەسەراڵ و حەرامە و دەبێت هەمووکەس فێرببێت و هیچ عوزرێك نییە لە فێرنەبوونیدا، چونکە زۆر ئاسانە ڕاستەوخۆ یان ناراستەخۆ، ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە لە زانایان.

**جۆری دووەم**: تەنها بەزانینی زمانی عەرەبی ماناکەی دیارو ڕونە مەبەستەکەی دەردەکەوێت، ئەم بەشەش هیچ پێوستی بە تەئویل نییە بۆ دەرك کردنیواتا و ناوەڕۆکەکەی وەك: مانای (توحید) لەم ئایەتەدا: ﴿ فَاعْلَمْ

أَنَّـــهُ لا إِلـــهَ إِلاَّ اللَّـــهُ﴾[١٩٧] . يـــاخود لـــه بوارەكـــانى فـــەرمان كـــردن وەك دەفەرموويّت:﴿وأقيموا الصلاة و آتوا الزكاة﴾ [١٩٨].

جۆرى سێيەم: لەو بابەتانەيە كە پێيان دەگوترێ تەفسير بە ڕەئيى، هەندێ جار زۆر بەباشى مانا دەكرێت و هەندێ جاريشواتاكەى دەكەوێتە بەرتانە و تەشەرى زانايان و پەسەند ناكرێت.

جۆرى چوارەم: پەيوەستە بە غەيبيات، و حەقيقەتى رۆح، و پيتە تەنهاكان لەسەرەتاى سورەتەكانەوە وەك: (ن، يس، الر، طه، حم...).

(والخوضُ في معاني الآياتِ القرآنيةِ الكريمةِ التي لم يصلْ إليها العلم بعد) ئەوە ڕونە كە قورئان كەلام ووتەى خودايە و بۆ ڕێنمايى و پەروەردە و بەرچاو ڕونى مرۆڤ دابەزێنراوە: ﴿إن هذا القرآن يَهدي للتى هي أقوم﴾([١٩٩]). قورئان ئاماژەى بە چەند ڕاستيەكى زانستى كردووە لە بنەماكانى زانستى بزيشكى و گەردوونى و چەند بنەمايانێكى تر، پێش ئەوەى زانايان ئەم ڕاستييانە بەدەربخەن موسوڵمانان ئيمانيان بەو ئەندازە ئايەتانە هەيە و هيچ گومانيان لە ڕاستيان نيە، هەرگيز ماناى ئايەتەكانيش ناخەنە ژێر ئەو زانستانەى كە ناوەناوە لێرەولەوێ دەردەكەون و دواى دەركەوتنى ئەو نەزەريە زانستيە ئەنجا ئيمان بە ئايەتەكە بێنن، نەخێر ئەگەر ئەو زانستانە شتانى حەقيقى و تەواوبن ئەوا ڕاستيەك لە ڕاستيەكانى قورئان ڕاڤەكراوە و هيچ كات پەنا نابرێتە بەرئەوەى كە دواى دەركەونى ئەنجا ئيمان بە ئايەتەكە بهێنرێت، چونكە هەندێ جار ئەو نەزەريە زانستييانە بە تێپەر بوونى زەمەن بە هەڵەدەردەچێ وەك: نەزريەكەى داروين سەبارەت بە قۆناغەكانى ژيانى

---

١٩٧- سورة محمد:١٩.

١٩٨- سورة البقرة: ٤٣.

١٩٩- سورة الإسراء: ٩.

مـــرۆڤ، نەزەریـــەی فەیلەســوفانی(طبیعـــی و دهـــری و ئیلاهـــی)یـــەکان، ئـــەم نەزەریانـە هـەمووی بـە تێپـەر بـوونی زەمـەن بـە هەڵـە دەرچـون، وەك: ئـەوەی ئیمامی غزالی لە کتێبی (تهافت الفلاسفه)دا لە بیست مەسەلەدا هـەموویانی بـە هەڵـە دەخاتـەوە، ئـەوەشمان بیر نەچـێ ئەگـەر زانایـان گەیشـتنە ڕاستیەك کـە پێشتر قورئان ئاماژەی پێ کردبێت ئەوە پەسـەندە و مەقبولـە، چـونکە قورئـان کتێبێکی زانستی نیە بەتەنها یاخود مێژویی یان ئـەدەبی و یـان فەلسـەفی، نـا بـــەڵکوقورئان کتێـــب و پـــەڕاوی ڕێنمـــایی و هیدایەتـــە و مەنهـــەجی ژیـــانی مرۆڤایەتیە، بە هەمووئەو پێکهاتانەیەوە بوەتە پەڕاوێکی ڕێنمایی کـەرو مـرۆڤ لـە تـاریکی نـەزانی و دەرونیـەوە دەربازدەکـات و دەسـتی دەگرێـت بـۆ ڕێگـەی ڕاست و پەسەند، گومان لەوەدا نیە کـە هـەرگیز زانستێك بەتـەنها نابێتـە هـۆی ڕزگـارکردنی مـرۆڤ لـە نەهامەتیـەکانی ژیـانی، چـونکە داخوازیـەکانی مـرۆڤ جـۆراو جـۆرە هـەر وەك جـۆن قۆناغـەکانی تەمـەنی جـۆراو جـۆرن و بـە پێـی گۆڕینی قۆناغەکانی ژیانی داخوازیەکانیشی دەگۆڕێن، بەنموونـە ئەگـەر تـەنها زانستی فەلەك ناسی بگری لە کۆمەڵی زانست بێبەش دەبی و بێ ئاگادەبی لـە زانستی پزیشکی و زانستی مێژویی و ئـەدەبی، یـان تـەنها زانسـتی فەلسـەفە وەرگــرین بێبـــەش دەبـــین لـــە بەشـــەکانی تـــری ژیـــان بۆیـــە قورئـــان بـــە تایبەتمەندیەکەی خۆیەوە کە پەڕاوێکی ئاسمانیە لە هەموبوارەکاندا دەسـتی مـرۆڤ دەگرێـت تـا مرۆڤێکـی تەندروسـت و ڕێنمـایی کـراوی لێدەردەچـێ بـۆ دونیاو دواڕۆژی سەر بڵندو سەر فرازبێت، بۆیە ئەگەر تەماشای قورئان بکـەین لەتـەواوی بوارەکانـدا مـرۆڤ ڕێنمـایی دەکـات وەك: دەفـەرموویێت:﴿قـل انظـروا ماذا في السماوات والأرض﴾[200]. تێڕامێنن بیربکەنـەوە بگەنـە ئـەو ئاسـتە بـزانن ئاسمـان و زەوی چـی تێدایـە و دەرکـی جەوهـەرو عـەرەضـی بکـەن، یـاخود

---

٢٠٠- سورة يونس: ١٠١.

دەفەرمووێت:﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ * الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾[٢٠١].

کاتێکورد دەبینەوە لەم ئایەتە دەبینین دروستکردنی ئاسمان و زەوی، جیاوازی شەو ڕۆژ، ئەمانە هەمووی بەڵگەن بۆ کەسانێك کە خاوەنی ژیری و تێڕامانن، ئەمانەی هەمووپەیوەست کردووەتەوە بەخاڵی سەرەکی کە پەروەردەکردنی مرۆڤە، لەگەڵ ئەوەشدا ئامازەی بە بنەماکانی تەواوی زانستەکان کردووە کە پەیوەستن بە ژیانی مرۆڤەوە. ئەوەی کە گرنگ بێت بۆ بەرێکردنی ژیان ئامازەی پێکردووە بە دووجۆر.

جۆری یەکەم: ئامازەی بەتەواوی ئەو یاسا کەونییانە کردووە کەلای زانایانی ئەو بوارە زانراون بێ کەمو کوڕی، و بووەتە مایەی سەلماندنی موعجزە بوونی ئەم پەڕاوە ئاسمانیە کە پێغەمبەرێك هێناویەتی خوێندەواری نەبووە، لەوانە قۆناغەکانی دروستبوونی مرۆڤ، و پێوەن کردنی درختەکان لە ڕێگەی باکانەوە، دروستبوونی باران...

جۆری دووەم: ئامازەیە بەشتانێك کە شاراوە و نادیار و پێوستیان بە تێڕامان و بیرکردنەوە سەرنجدانە، کە گەیشتینە ڕاستیوحەقیقەتەکەیان ئەنجا دەزانین کە ئەمە ڕاڤەی یەکێکە لە ئایەتەکانی قورئان، وەك دەفەرمووێت:﴿سنريهم آياتنا في الآفاق و في أنفسهم حتى يتبين لهم أنه الحق أولم يكف بربك أنه على كل شيء شهيد﴾[٢٠٢].

بڕگەی (والكلامُ في المفاضلةِ بين الأصحابِ رضوانُ اللهِ عليهموما شجرَ بينهم من خلافٍ،ولكلٍّ منهم فضلُ صحبتِهوجزاءُ نيِّتهوفي التأوُّلِ مَنْدوحةٌ)

---

٢٠١- سورة آل عمران: ١٩٠-١٩١.

٢٠٢- سورة فصلت: ٥٣.

قسەکردن لەسەر فەزڵدانی هاوەڵێك بەسەر هاوەڵێکی تردا (رضـوان الله علـیهم) و ئەو ناکۆکیەیەی کە لەنێوانیاندا رویداوە، و هەریەکێکیشیان ڕێز و شەرەفی هاوەڵایـەتی پێغەمبـەریان هەیـە و پاداشـتیی هـەر یەکـەیان بەسـراوەتەوە بـە نیەتەکەیەوە، تەئویل کردنیش فراوانی دەخوازێ.

الأصحاب: کۆی (صـاحب)ە، لـە زمانەوانیـدا: تـەنها کەسێك کەسێك ببینـێ پێ دەگوترێ صاحب، بەڵام لـە عورفی گشـتیدا بـە کەسێك دەگوترێ صـاحب کـە کەسـێك ببینێتولەگەڵیـدا بژێتوهەڵسـوکەتی لەگەڵـدا بکـات، مەبەسـت بـە صحابە ئەوەیە کە ئیمامی بوخاری دەفەرمووێت: ئەو کەسـەیە کـە پێغەمبـەری بینیـوە لـە موسـوڵمانان، ئـەوە بـە هـاوەڵانی پێغەمبـەر(ﷺ) دادەنرێـت، یـاخود دەگوترێـت صـاحب ئـەو کەسـەیە کـە ئەوەنـد لەگـەڵ ئـەو کەسـە مابێتـەوە کـە بگونجێت پێی بگوترێ هاوەڵ، پێناسەکەی ئیمامی بوخاری بەلای زانایانی حـەدیثـەوە پەسـەندە، بـەڵام أصـولیەکان دەڵـێن: صـاحب ئـەو کەسـەیەکە پێغەمبـەری بینیبێـت و لەگـەڵیا ژیابێـت و ئیمـانی پـێ هێنـا بێـت و بـە ئیمانداریش مردبێت.

– مەکانەت و پێگەی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) زۆر شکۆمەند و گەورەیە، لەم بارەوە چەندان ئایەت و فەرمووودەمان هەیەکە ئاماژە بە بەرزی و گەورەی مەکانـەتی هـاوەڵان دەکـەن، شـەوکانی دەڵێـت:( بزانەکـە هـاوەڵان بـە تایبـەتر ئەوانەیان کە لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) لەمەیدانی تێکۆشاندا ئامادەگیان هـەبوە و لـە نارەحەتیوخۆشـی ئـەم دینـە بەشـداریان کـردووە، و توانـای مـاددی و مەعنـەویان بەگـەڕ خسـتوە بـۆ سـەر خسـتنی دینـی خـودا، لای خـودا بـە باشـترینی ئـەم ئومەتـە هـەژمار کـراون، و باشـترین کـاتیش کـاتی ئـەوان بـوە، خـودا دەفـەرمووێت:﴿کنـتم خـیر أُمـةٍ أُخرجـتْ للنـاس﴾([٢٠٣]). ئەمـە شـایەتی

---

٢٠٣– سورة آل عمران: ١١٠.

**قورئانـه بۆیـان باشـترینی ئـەم ئومەتـەن مـادام هەوڵوتەقـەلاکانتان بـۆ دەربـاز کردنی خەڵکی بووە لە تارکی نـەفس و ئارەزواتـەکانی بانگتـان کـردون بـۆ نـاو نوور و ڕوناکی ئـەم دینـە، و پێغەمبـەری خـودا دەفـەرمووێت:"**خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ"[٢٠٤] .

**لەم بەڵگانەوە گەورەیی پلە و پایەی هاوەڵانمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ خودای گەورە گەورەیی و بڵندی ئەوانی لە قورئانـدا تۆمـار کـردووە بـۆ ئـەوەی بـەردەوام مرۆڤایـەتی وەك سەرمەشـق چـاویان لێبکـات و بگاتـە ئـەو ئاسـتە بڵنـدە کـە دەبێـت مـرۆڤ پێـی بگـات، ئـەوەتا خـودا دەفـەرمووێت:**﴿ لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنْصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ (٨) وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (٩) وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾[٢٠٥] **الحشر/٨-١٠**.

**- وەصفی هاوەڵان لە قورئاندا.**

**١- ئیمانـداری ڕاسـتەقینە، وەك خـودای گـەورە دەفـەرمووێت:﴿والـذين آمنواوهاجرواوجاهـدوا في سـبيل اللهوالـذين آوواونصـروا أولائـك هـم المؤمـون**

---

**٢٠٤- رواه البخاري: في كتاب الشهادات: باب، لا يشهد على شهادة جور إذا شهد، وفي كتاب: فضائل أصحاب النبي (ﷺ-، باب، فضائل أصحاب النبي (ﷺ-، ومسلم: في كتاب فضائل الصحابة، باب فضل الصحابة ثم الذي يلونهم، رقم (٢٥٣٣-، والترمذي: في كتاب المناقب، باب ما جاء في فضل من رأى النبي (ﷺ- رقم (٣٨٥٨-.**

**٢٠٥- سورة الحشر: ٨-١٠**

حقا لهم مغفرةورزق كريم﴾ الأنفال/٧٤. بێ گومان ئەوانەی کە ئیمانیان هێناو کۆچیان کرد و لە پێناوی ئایینی ئسلامدا جیهادیان کرد، و ئەوانەش کە داڵدەی کۆچکردوانیاندا و هاوکارییان کردن، ئەوانە باوەرداری ڕاستەقینە و ئیمانی کامڵیان هەیە، ئەو دەستەیەن کە خودا لێیان خۆش دەبێت و ڕۆزی باشیان پێ ئەدرێ.

٢- هۆشمەندو فامیدەوکامڵ، خودای گەورە دەفەرموویێت:﴿ولکن الله حبب إليكم الإيمانوزيَّنهُ في قلوبِكموكرَّهَ إليكم الكفرَوالفسوقَوالعصيان أُلائك همُ الراشدون﴾[٢٠٦]. بەڵام خوا ئیسلامەتی و باوەری لا خۆشەویست کردوون و جوانی کردووە لە بەرچاو لە دڵتاندا، بێ دینی و گوناه و تاوانیوسەرپێچی لا بێزراندوون، ئەوانەن مرۆی فامیدەو ژیرو هۆشمەند.

٣- سەر فرازو سەرکەوتون، خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ الذين آمنواوهاجرواوجاهدوا في سبيل الله بأموالهموأنفسهم أعظم درجةً عندَ اللهوأُلائكِ هم الفائِزون﴾[٢٠٧]. ئەوانەی لە پێناوی دینی خوادا کۆچیان کردو بە ماڵ و گیانیان جیهادیان کرد، ئەوانە پلەوپایەی تایبەتیان هەیەلای خودا، ئەوانە سەرفرازو سەرکەوتوی ڕاستەقینەن.

٤- ڕاستگۆو سەر ڕاستن، خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ للفقراء المهاجرين الذين أُخرجوا من ديارهم وأموالهم يبتغون فضلا من الله ورضواناوينصرون الله ورسُولَه أُلائِك هم الصّادقون﴾[٢٠٨]. لەو دەستکەوتانە، دەبێت بەشی کۆچەرانی هەژاری لێبدرێت، ئەوانەی کە لە ماڵ و سامانیان دور کەوتونەتەوە و دەرکراون، ئەوانە لە پێناو ڕەزامەندی خودا و بەبێ هیچ

---

٢٠٦- سورة الحجرات: ٧.

٢٠٧- سورة التوبة: ٢٠.

٢٠٨- سورة الحشر: ٨.

داخوازیەکی دنیایی پشتیوانی لە خودا و پێغەمبەرەکەی دەکەن و هەوڵی سەرخستنی پەیامەکەیان دەدەن، هەر ئەوانە ڕاستگۆو ڕاسالْن.

٥- خوا لەوان ڕازی بووە و ئەوانیش لە خوا ڕازین، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿والسابقون الأولونَ مِن المُهاجِرينَ والأنصار والذين اتبعوهم بإحسان رضي الله عنهم ورضوا عنه...﴾[209]. یەکەمین و پێشکەوت وەکان کە بەدەم دینی خواوە هاتن، لە کۆچەران و پشتیوانان و دواینیەکان کە بەجوانی ڕێگەی ئەوانیان گرتەوە، خوا لەوان ڕازی بوەو کارەکانی ئەوانی قەبوڵە و ئەوانیش ڕازین لە خودا و لەسەر ئەو نعمەتانەی خودا پێی داون شوکرانە بێژن.

٦- سۆزو ڕەحم و لێخۆشبوون خەڵاتی خوایە بۆیان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لقد تاب الله على النبيِّ والمهاجرين والأنصار والذين اتبعوه في الساعة العُسرة من بعد ما كاد يزيغ قُلوبُ فريق منهم...﴾[210]. بەڕاستی خودا تەوبەی لە پێغەمبەرو کۆچەران و پشتوانان و ئەوانەی کە شوێنی پێغەمبەر کەوتوون لە کاتی نارەحەتی و سەغەڵتیدا، دوای ئەوەی خەریك بو دڵی دەستەیەکیان لە خشتە ببرێت.

لە بارەی قەبولْ کردنی ئەم تەوبەوە لە پێغەمبەر و هاوەڵان ئیبن عەباس دەڵێت: ئەوە بووپێغەمبەری خوا مۆڵەتی بە مونافیقەکاندا کە لەگەڵیان دەرنەچن بۆ غەزوەی تەبوك خودای گەورەش پێی فەرموو( عفا الله عنك لم أذنت لهم) خودا لەسەر ئەمە لێی خۆش بوو، هاوەڵان وەك ئەوەی ئەوانیش مرۆڤن جاروبار غەفڵەت دەیانگرێت، لەم کاتی نارەحەتی و سەغڵەتیدا

---

٢٠٩- سورة التوبة: ١٠٠.

٢١٠- سورة التوبة: ١١٧.

هەندێکیان خەریك بو شەیتان لە خشتەیان ببات، لە بەر ئەو ختورەیە کە بەدڵیانداهات خودا لێیان خۆش بوولێی نەگرتن.

٧- بەر مژدە و بەشارەتی خودا کەوتن، خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ الذين آمنواوهاجرواوجاهدوا في سبيل الله بأموالهم وأنفسهم أعظم درجةً عندَ الله وأُلائِك هم الفائِزون* يُبشرُهم ربُّهم برحمةٍ منه ورضوانٍ وجناتٍ لهم فيها نعيم مُقيم﴾[٢١١]. ئەوانەی لە پێناوی دینی خوادا کۆچیان کردو بە ماڵ و گیانیان جیهادیان کرد، ئەوانە پلەوپایەی تایبەتییان هەیەلای خودا، ئەوانە سەرفرازو سەرکەوتوی ڕاستەقینەن، خودای گەورە مژدەیان پێ ئەدا بەمیهرو ڕەزامەندی خۆی، و هەروەها موژدەی چەند بەهەشتێکیان پێ ئەدا و نعمەت و خۆشی نەبڕاوە و هەمیشەیی تێدایە.

٨- باشترین جیلی ئەم ئیسلامەن، خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ كُنتم خير أُمة أُخرجت للناس تأمرون بالمعروف و تنهون عن المنكر وتؤمنون بالله﴾[٢١٢]. ئێوە باشترینی ئەو ئومەتانن کە بۆ خەڵکی هاتونەتە مەیدان و فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگری لە خراپە دەکەن، لەناو هەمووئومەتەکاندا ئومەتی پێغەمبەری خودا باشترینیانن، لە ناو ئومەتی ئیسلامیشدا هاوەڵان باشترینیانن.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خودای گەورە چۆنوەصفی هاوەڵان دەکات و پەیمانی پێداون کە لێیان خۆش بێت و بیانخاتە بەهەشتەوە، لە ناو نازونعمەتی هەمیشەی بیان حەوێنێتەوە.

ئەوەندە هەیە ئێمە دەبێت چۆن مامەڵە بکەین لەگەڵ هاوەڵاندا؟ ئایا دەگونجێت ڕێزی یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا بدەین؟ و چۆن مامەڵەیەك

---

٢١١- سورة التوبة: ٢٠-٢١.

٢١٢- سورة آل عمران: ١١٠.

بکـەین کـە شایسـتەی پلەوپایـەی ئـەوان بێـت؟ و هەڵوێسـتمان چـۆن بێـت بەرامبەر ئەو نا کۆکیەی کە لەنێوانیاندا رویداوە؟ ئایا ئەوەی دەگوترێ کە لەنێوان هاوەڵاندا رویداوە هـەمووی ڕاسـتە یـان دروسـتکراوی دوژمنـانی دینـە بۆیان؟ ئایا خۆیان بوونەتە هۆکاری سەر هەڵدانی ئەو ناکۆکیە؟

بـۆوەڵامی ئـەم پرسـیارانە هـەموودەبێت بگەڕێنـەوە بـۆ قورئـان و فەرموودە،وتەی زانایانی بڕواپێ کراو نەکوتەی مێژونوسانی دوژمنی دین و هاوەڵان، هەڵوێستی قورئان ئەوە بو کە لە پێشەوە بە هەشت خاڵ نیشانماندا و خودای گـەورە بـەو جۆرە جوانەوەصفی کردون، و پێغەمبـەری خوداش لـە فەرموودەیەکدا سێ جار دەفـەرمووێت (الله الله الله) لـە هاوەلانم هـەرکامیان دەکەیتە پێشەوا و ئیمام ڕێگەت پێکاوە و رێنمونی کراوی) تـەحاوی دەڵێت:( هاوەڵانی پێغەمبەرمان(ﷺ) خۆش دەوێت، خۆشەویستی یەکێکیان نادەین بەسەر یەکێکی تریاندا،وە بەرین لە کەسێك کە یەکێکیانی خۆش دەوێت و رقی لە هەندێکیان دە بێتەوە، ئێمە هەر گیز باسیان ناکەین مەگەر بە خێرو چـاکە نـەبێت، خۆشەویسـتییان دیـن و ئیمـان و ئیحسـانە بۆمـان، رق لێبوونەوەشیان بێ دینی و تاوانی گەورە و فاسق بوونە).

بـەڵام جیـاوازی پلەوپایـەیان بـەوجۆرە تەماشـا دەکـەین کـە پێغەمبـەر ڕێنمایماندەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئیمانمانوایە کە هاوەڵان باشترین جیلی ئەم ئیسلامەن بە شێوەیەکی ڕەهاو گشتی، جیاوازی پلەوپایەی یەکێکیان ئەوە ناگەیێنێت کە ئەوی تریان کەم بێت یان شیاوی ئەوە نەبێت، نا ئەمە ڕەوشتی کەسانێك کە ئەگەر بەو جۆرە ڕەفتاربکات خودا و پێغەمبـەری خودا خۆشی نایێت لەگەڵیاندا، وەك: خوارج و رافزەو ئەهلی بدعە و سەر لێشێوا وەکان و کەسـانی تـری وەك ئـەوان، چـونکە هەنـدێ لەمانـە ئیمـامی علـی هێنـدە بەرزدەکەنەوە و دەڵێن: باشترین مەخلوقی خودایە، جیاوازی ئەووپێغەمبەر

تەنهاوەحیـە،وەحی بـۆ ئـەو هـات جبرئیـل دای بـە محمـد، لـە مـەش زیـاتر هەنـدێكیان هـەر بـە خـودای دەزانـن  وەك عەلەویـەكانی سـوریە كـە ئـەمڕۆ ئەسەدی خوێن مژ و هاوكارانی ڕابەرایـەتیان دەكـەن، مەبەسـت بـەو بڕگەیـەی كە ئیمام حەسەن بەننا دەڵێت:(والكلام في المفاضلة بين الأصحاب) ڕۆچونە لـە مەسـائلانێكەوە كـە هـیچ كـارێكی لەسـەر بنیـاد نانرێـت، ڕۆچـون لـەو جـۆرە ڕووداوانـە كـە لـە صـەفین و جەمـەل ڕویانـدا، چـونكە ئـەوەی كـە لـە پـەڕاوی مێـژودا نوسـراوە هـەمووی بـە دەسـتی كەسـانێك نوسـراوە كـە تینوبـووە بـە خـوێنی موسـوڵمانان و پێگـەو دەسـەڵاتیان، چـونكە ئـەوەی مێـژوودەیڵێت لـە زاری كەسانێكەوە نەقڵ كراوە كە هیچ مەرجی ڕاستگۆی و عدل و پیاوەتیـان تیا بەدی نـەكراوە، لـە كاتێكدا فـەرموودەی پێغەمبـەری خوا(ﷺ) بە زانسـتی (جرح و تعدیل) دا براوە ئەنجا قەبوڵ كراوە و بە صحیح هـەژمار كراوە، بۆیـە دەڵـێین: ئـەوەی گـوتراوە سـەبارەت بـە و فیتنـەی سـەردەمی ئیمـامی عثمـان و ئیمـامی علـی و لەگـەڵ معاویـەدا (ڕەزاو ڕەحمـەتی خـوا لەسـەر هـەمویان بێـت) هـیچ شـێوازی زانسـتی تیـا بـەدی ناكرێـت، ئـەو كەسـانەی كـە ئەمـەیان نـەقڵ كـردووە زۆربـەیان نادیـارو نەناسـراون، ئەوەشـی كـە ناسـراوە تەماشـادەكەی كەسی ڕاستگو و عادل نیە، ئیتر چۆن ئـەوەی دەگـوترێ جێگـای بڕوا بێكـردن بێـت. بۆیـە دەبێـت زۆر بەوریاییـەوە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم مەسـەلەیەدا بكـەین، ئاگاداری ئـەو چـەند سەرچاوەیە بین كـە سیرەتی هاوەڵانیـان تیا شـێوێنراوە چونكە زۆربەی ئەم مەسەلانە لەو كتێبانەدا نەقڵكراوەن.

١- الإمامەوالسیاسە، لابن قتیبە، ئـەم كتێبـە دراوەتـە پـاڵ ئیبن قوتەیبـە، لەم كتێبە دا زۆر بە خراپی باسی مێژوی ئیسلامی كراوە كە سەرتاپای دوورە لە ڕاستیەوە.

٢- نهج البلاغـه، كـه دراوەتـه پـاڵ ئیمـامی علـی كـه گوایـه ئەمـه گوتـار و قسـەكانی ئیمـامی عـەلین، كـه ئەمـەش لـه زۆر شـوێندا مێـژوی ئیسـلامی شێواندوه، چونكه تەعنی زۆر هەیه لەسەر مەتن و ڕاویەكانی ئەم كتێبە، ئەم كتێبـه دوای ٣٥٠سـاڵ لـەوەفاتی ئیمـامی علـی نوسـراوەتەوه بـه بـێ هـیچ گوێـدانێك بـه مـەتن و ڕاویـی، ئـەو كەسـەی كـه كۆی كردووەتـەوه دەگوترێـت شـەریفی ڕەزیـە، ئیمـامی زەهـەبی دەڵێـت: ئـەوەی بڵێـت نـەهج البلاغـه هـی ئیمامی عەلی یه درۆی به دەم ئیمام عەلی یەوهەڵبەستوه، چونكه لەو كتێبه دا ڕاستەوخۆ قسه به ئیمامی أبوبكر و عمروتراوه (رضی الله عنهما) و زۆر شتی نارێـك و نـا زانسـتی تێدایـه و هەنـدی دەسـتەواژەی تێدایـه هـەرگیز قورەیشیەكان ئەو جۆره دەستەواژانەیان بەكار نەهێناوه.

ئـیبن تیمیـەی حـەڕانی دەڵێـت: زانایـان بـاش دەزانـن هەنـدی گوتـار لـەو كتێبەدا درۆیه و دراوەته پاڵ ئیمامی علی.

ئیبن حەجەر دەڵێت: شەریفی ڕەزی تۆمەت باركراوه بەوەی كه ئەم كتێبـەی نوسیبێتەوه، چونكه ئـەوەی شـارەزابێت لـەم كتێبـه دەزانێـت كـه ئیمـامی علـی شتیوا نالێت و درۆیه بەدەم ئیمامی علیەوه هەڵ بەسراوه، زۆربـەی شـتەكانی شتی نارێك و بێ بنەمان و باتڵن.

ئەم قسانه كه زانایان لەسـەر ئـەم كتێبـه كردویانـه لـه بـەر چـەند هۆیەكـه بـه كورتی.

١- خاڵیـه لـه سـەنەدی ڕاسـت و دروسـت، ئـەو دەقـەی كـه نـەقڵ كـراوه ڕاویەكانی دیارنین.

٢- زۆریوتارو درێژیوتارەكان، چونكه هەرگیز بەو جۆره درێژه كه هەیـه كەس بۆی له بەر نەكراوه وەك خۆی بێ كەمو كوڕی.

٣- زۆری سەجع لە گێڕانەوە کەیدا دەبینرێت، کە ئەمەشوای کردووە ڕۆحی مەبەستەکەی کوشتووە لە دەقەکەدا.

٤- شێوازێکی ئەدەبی لە خۆگرتوە کە ئەم شێوازەش لەسەر دەمی عەباسیەکاندا زیاتر مەشهور بووە نەك لەسەر دەمی ئیمامی علی یدا، وەکوەصفی تاوس و مێرولەو هەنگ و لەم جۆرە شتانە بە شێوازێکی ئەدەبی و جوان.

٥- شێوازێکی فەلسەفی و کەلامی لە خۆگرتووە کە ئەمەش دیسان نەگونجاوە چونکە لەسەردەمی ئیمامی علی خەڵکی ئەوەندە خۆیان بە شتی کەلامی و فەلسەفیەوە خەریك نەدەکرد. ئەمانەو چەندان شتی تروای کردووە کە قیمەتی ڕاستی ئەو کتێبە کەم کەنەوە تا ئاستی ڕەدکردنەوەی کەئەمە هی ئیمامی علی بێت.

٣- کتێبی الأغانی لأبي الفرج الأصفهانی: خەتیبی بەغدادی دەڵێت: ابی الفرج الأصفهانی دۆر زنترین کەس بووە.

٤- مێژوی یەعقوبی.

٥- کتاب مروج الذهبومعادن الجوهر، للمسعودي. ئەمانە و چەندان کتێبی تریش لە تازەو کۆن، بە عەرەبی و کوردی کۆلکە نەخوێنەواری عەلمانیەکانی لای خۆشمان کە بەهەمووبایەك سەمادەکەن دانە دانەیانوەردەگێرن بۆ زمانی شیرینی کوردی بێ ئاگا لەوە کە خزمەت بەکێ دەکەن.

## پێگەی هاوەڵان لەناو خۆیاندا

هەندێ فەرموودەمان هەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە هاوەڵێك بەڕێزترو چاکترە لە یەکێکی تریان، ئەمە ئەوەناگەێنی کە ئەوی تر بێ ڕێزو خراپ بێت، ئیبن عومەر(رضی الله عنهما) دەڵێت، هێشتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ناوماندا

بووزینـدو بوودەمـانگوت باشـترین کـەس لـە ئومـەتی ئیسـلام دوای پێغەمبـەر أبوبکروپاشـان عمـر و پاشـان عثمـان) ئیمـامی تەبـەرانی لـە ریوایـەتێکی تـردا دەڵێت: پێغەمبەر گوێی لەمە بووبێ دەنگ دەبووهیچی نەدەگوت).

بـە شـێوەیەکی گشـتی ریزبەنـدی پلـەو پایـەی هـاوەڵان وەك جمهـوری زانایـان لەسـەرین بـەم جۆرەیـە.( یەکـەم ئیمـامی ئەبوبـەکر، و پاشـان ئیمـامی عومەر، و پاشان ئیمامی عثمان، و پاشان ئیمامی علی، و پاشان عەشەرەی موبەشـرە، و پاشـان ئـەهلی بـەدر بەگشـتی، و دواتـر ئـەهلی ئوحـد، و پاشـان ئەهلی بیعەت رضوان، و پشتوانانوئەنجا ئەوەی ئەهلی قبلەیە بە گشتی.

ئەوەی کەوا جمهوری زانایان و موسوڵمانان بەگشتی ئیمانیان پێی هەیە و لەسـەری دەڕۆن، ئەوەیەکـە ئیمـامی نـەوەوی ئامـاژەی پـێ کـردووە و دەڵێـت:( خەلافەتی ئیمامی عثمان دروست و ڕەواو صحیحە، بە مەزلومی شـەهید کـرا و بکوژەکانیشـی فاسـق و قـاتلن، چونکە تـەواوی هۆکارەکـانی کوشـتنی عەمـدو دەست ئەنقەستی تێدا بووە، یەك صحابە دەستی نەبووە لـە کوشـتنی ئیمـامی عثمـان و تـەواوی هـاوەڵان بـەرین لـەم کوشـتنە، بـەڵکوبکوژانی ئیمـامی عثمـان ئەو کەسانە بوون کە گێرە شێوێن و فەوزا چیەکانی ئـەو سـەردەمەن و لـە ڕۆم و جولەکە و مونافق و مەجوسەکانی ئەو دەمـە پێکهـاتبوون، و زانایـان لەسـەر ئـەوەش یـەك دەنگـن کـە خەلافـەتی ئیمـامی علـی دروسـت و صحیحەولەسـەر دەمـی خۆیـدا ڕەوانـە بـووە بـۆ کـەس داوای خەلافـەت بکـات، دەبێـت جـەخت لەسـەر ئـەوەش بکەینـەوە کـە هـاوەڵان مەعصـوم نینوئەگـەری هەڵەوخـەتا لەکاریانیاندا هەیە.

عومەری کوڕی عبدالعزیز دەڵێت:( خوای گەورە دەستمانی پاراست لە ڕشتنی ئەو خوێنە نامانەوێ زمانمانی تێوە بگلێنین) بۆیە باشترین هەڵوێست بـۆ ئـەمڕۆی ئێمـە ئەوەیـە تـەحویلی بارەگـای خـودای بکـەین و قەڵەمـەکانمان

بپارێزین لەوروژاندنی ئەوجۆرە شتانە کە هیچ کارێکی لەسەر بنیاد نانرێت، چونکە تێڕوانینی ئێمە بۆ هاوەڵان وەك ئەوەیە کە قورئانوێنای کردووە بۆمان، نەك ئەوەی کە مێژوونوسان بۆیان تۆمار کردوین، پێغەمبەریش دە فەرمووێت:" لاَ تَسُبُّوا أَصْحَابي. فَلَو أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْل أُحُدٍ ذَهَباً، مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ،ولاَ نَصِيفَه"([٢١٣]) ئەمە هەڵوێستی ئێمەیە بەرامبەر هاوەڵانی بەرێز.

---

٢١٣- رواه مسلم: في كتاب: فضائل الصحابة، باب من فضائل علي بن أبي طالب (رضي الله عنه-، رقم (٢٤٠٤-. والترمذي في كتاب المناقب، باب مناقب علي بن أبي طالب (رضي الله عنه-، رقم (٣٧٢٦-.

# چی فێردەبین لەم بنەمایەدا؟

١- ئەم بنەمایە یەکێکە لە شاکارە بەرزەکان بۆ پەروەردە کردنی تاك لە کۆمەڵگەدا، لەو بارەوە کە دەستمان دەگرێت دورکەوینەوە لە گومان و قسەی بێ هودە، فێرمان دەکات کە لەسەر ئەساسی زانست و بەر چاو ڕونیەوە قسەبکەین لە ڕوداو پێشهاتەکانەوە.

٢- لێرەوە فێردەبین تەنهاوروژاندنی قسەیەك کەڵك و بەرژەوەندی مرۆڤایەتی تێدا بێت بۆ دونیاو دواڕۆژ ئەوە بکرێت نەك شتی تر.

٣- فێردەبین کاتەکانمان لە شتانێکدا بە سەربەرین کە دواڕۆژ فریامان دەکەون، چونکە هەر ئەمەیە دەبێتە سود و کەڵك بۆ کۆمەڵگە.

٤- مرۆڤ هەمیشە و لە هەمووشت زیاتر پێویستی بە پەندو ئامۆژگاریە دەی دەبێت لە ڕودا وەکانی دەوروبەر بەردەوام کەڵکوەرگرێت.

٥- ئەوەی کە ڕاستی و گومان بڕە، و دەبێتە مایەی ئارامی دڵ و هۆش و مرۆڤ بەرەو ئارامی دەبات و دوری دەخاتەوە لە نەخۆشیە دەرونی و گومانایەکان تەنها قورئان و فەرموودە صحیحەکان و بنەما زانستیەواقعی و دروستەکانە.

٦- دەبێت بە یەك چاو و بەیەك ئەندازە تەماشای پلەوپایەی هاوەڵان بکەین نا گونجێ یەکێکیانمان خۆش بوێت و رقمان لەوی تریان بێت، چونکە هەموویان فەزڵێ هاوەڵیەتی پێغەمبەریان پێ دراوە، خۆشەویستیان لە ئیمانەو رق لێبوونیان گوناە و تاوانێکی گەورەیەوهیچ کامیشیان لەهەڵە مەعصوم نین.

## بنەمای دەیەم

## زانستی کەلام و ناووسیفەتەکانی خوای گەورە

ومعرفة الله تباركوتعالىوتوحيدهوتنزيهه أسمى عقائد الإسلام،وآيات الصفاتوأحاديثها الصحيحةوما يليق بذلك من التشابه، نؤمن بها كما جاءت من غير تأويلولا تعطيل،ولا نتعرض لما جاء فيها من خلاف بين العلماء،ويَسَعُنا ماوسِعَ رسولَ الله (ﷺ)وأصحابَه (وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا).

.....................................

**پوختەی بنەماکە**

ناسینی ذاتی (واجب الوجود)ی خوای باڵادەست و بێگەرد و بەریی لە هەمووسیفەتێکی نەشیاو و بەتەنها گرتنی لە بەرزترین پلەکانی بیروبڕوای ئیسلامە، ئایات و فەرموودە بێ خەوشەکانیوابەستە بە سیفاتی خوا و ئەوەی پەیوەستە بەوەوە لە ئایاتی(متشابە) بەو جۆرەی کە هاتوون باوەڕمان پێیەتی دوور لە تەئویل کردن و پەکخستنیانوەریان دەگرین، ڕۆناچین و سەرقاڵ نابین بەو جیاوازییەی کە زانایان لە بارەیانەوە هەیانە، ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و هاوەڵان لەسەریی بوون ئێمەش بەردەوام دەبین و وەك ئەوان و ئەو کەسانەی کە ڕۆچوون بەناو زانستدا دەڵێن: باوەڕمان پێیەتی و هەمووی لای پەروەردگارمانەوە هاتوون.

## دەروازەی چوونە ناو بابەتەکە:

تەوحیـد و یەکتاپەرسـتی خـوای گـەورە دەرخـەری جـوانی و کـەماڵی خواوەندن، ئەگەر تەوحید نەبوایە ئەوا گەنجینەو مەنبەعی جوانی و گوڵزاری حەیات هەر بەشاراوەیی و تا ئەبەد هەر بە پەنهان دەمایەوە.

ئـەوە تاکوتـەنهایی خوایـە ئـەم ڕەونـەق و جوانییـەی بەخشـیوە بـەبوون و شەوەزەنگی گێڕاوە بە حەوانەوە و خۆری گەرمی کردووە بە سەرچاوەیوزە و ژیـان، ئاووهـەوای کـردووە بـەڕاگیری حـەیات و تـۆزو خۆڵوبیابانـەکانی کردووەتـە مەسـکەنومەنزڵی مرۆڤایـەتی و دارو درەختـی کردووەتـە هێـزی دارایی، ووتەو قسەی کردوتە هۆکاری لەیەك گەیشتن و نوسینوخوێندەواری کردووەتە هۆکاری بوونیادنانی شارستانی، لە نووری درەوشاوەی ئەزەلی و نـاو و سـیفەتە بـەرزەکانی خـوای گەورەیـە ئـەم هـەمووجوانی و کەماڵـەی شۆڕکردووەتەوە بە جیهانی بینـراودا و مانـاو مـەفهومی پـێ بەخشـیوە، بۆیـە زانستی کەلام لە هەمووزانستەکان بەسود ترو کامڵ ترو مانادار ترە، چونکە لەوێوە ئاشنا دەبیت بە میهر و سۆز و ڕەحمـی پـەروەردگار، ئاشنا دەبیت بە جیهـانی مەلائیکـە و پاکیـەکانی ڕۆح و عیصـمەت و بەرائـەتی پێغەمبـەران و حەوانەوەی سەرمەدی و خلودی بەهەشت و ناز و نیعمەتی ئەو جیهانـە، هـەر لەوێشـەوە ئاشـنا دەبیـت بـە هێـزی بـەرگری لـە نـەفس و داخـوازی هـەوەس و جیهـانی تاریك و پڕ لـە ئاهو ئازاری ناو گۆڕ و چاڵە قوڵـەکانی دۆزەخ، بەڵێ تەوحیدی خوا صەفا دەبەخشێ بەدڵ، کەماڵ دەکاتـە هـاوڕێی ژیـری و عـەقڵ،

سەلیقە دەداتە هێزو توانا، بەرچاوڕونی و چرایە بۆ بیناو نابینا، بێ بڕوا دەکاتە بڕوادار و بڕواداریش دەخاتە قەڵای خلود و زیکر وویردوفیکر.

هەرئەمەیە ئیمامی قورتبی لەسەناووەسفی زانایانوشارەزایانی زانستی کەلامدا لەدرێژەی تەفسیری ئەم ئایەتەدا﴿واتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبائِي إِبْراهِيمَوإِسْحاقَويَعْقُوبَ مَا كانَ لَنا أَنْ نُشْرِكَ بِاللَّــهِ﴾ [٢١٤] دەڵێت: زانایانی زانستی کەلام پلەوپێگەیان لە پێغەمبەرانەوە نزیکە[٢١٥]، چونکە لەمەیدانی بەرگیری لە بنەماکانی خواناسی و تەوحیدا بەرامبەر نەیارانوەستاونەتەوە بە هەمانوەسایلی عەقڵی کەئەوان بە کاری دێنن بۆ دژی بنەماکانی تەوحید، بەتایبەت ئەو ڕێچکە دروستەی کە زانایانی پایە بڵندی وەك ئەبو الحسنی ئەشعەری و عبد الله کوڕی کوللابوموحاسبی، کە ئەم ڕێبازەی میانەیی ئەوان لەودەمەدا گرتیان و کاریان لەسەر کرد هەمان ڕێبازی هاوەڵان و تابیعین بوو.

## پێناسەی زانستی عەقیدە و بیروبڕوا:

**عەقیدە لەزمانەوانیدا:** وشەی (عقيدة) پێکهاتە سەرەکیەکەی(ع، ق، د) عقد،واتە توونـد بەستیەوە، بەستنەوەی دوشت بەیەکەوە بە شێوەیەکی مەحکەم و توونـد، جا ئەم بەستنەوە بەستنەوەیەکی ماددی و بەرچاو بێت وەك دەگوترێت: عقد الحبل، و البيع، یان مەعنەوی و نادیار وەك پەیمان و بڕیار، عقد النكاح، پەیمانی هاوسەریەتی، ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر توندبەستەنەوەومەحاڵ بوونی هەڵوەشاندنەوە یان.

---

٢١٤- سورة البقرة: ١٧٠.

٢١٥- الجامع لأحكام الفرآن، لأبي عبد الله محمد بن أحمد القرطبي: علق عليه، الدكتور، محمد إبراهيم الحفناوي ومحمود حامد عثمان، ٦٠٨/٢، الطبعة الأولى، دار الحديث- القاهرة،(١٤٢٣هـ ٢٠٠٢م-.

**علم العقائد: وەك زاراوە:**

زانستێكە هێزو توانا دەبەخشێت بە مرۆڤ، بە بەڵگەوە بیروبڕواكەی خۆی بسەلمێنی و بەرپەرچی گومان و هێرشەكانی نەیارانی بداتەوە.

**ناوەكانی ئەم زانستە[216]:**

ئەم زانستە چەند ناوێكی هەیە و هەریەك لەناوەكانیشی پاساوی خۆی هەیە:

١- علم الكلام: زانستی كەلام: ناو نراوە بە زانستی كەلام چونكە بەرامبەر زانستی لۆژیك منطق دانراوە، منطق وەك ڕێبازی سەلماندنی فەلسەفە، و زانستی كەلام وەك ڕێبازی سەلماندن و فۆرمێك لە ئارگۆمێنت سازكردن، لە بیروباوەڕە ئاینییەكاندا.

- یاخود بۆیە پێدەگوترێ زانستی كەلام چونكە هەموو بابەت و باسەكانی ئەم زانستە سەرەتا بە (قسەكردن لەبارەی الكلام في كذا... ) دەستپێدەكات و ئەمە بووەتە هۆكاری ئەوەی كە ناو بنرێت بەزانستی كەلام.

- یاخود بۆیە ناو نراوە بە زانستی كەلام چونكە ئەو كەسە فێردەبێت كەچۆن بەرگری بكات لە بیروبۆچوونەكانی و موناقەشە بكات لەگەڵ نەیارانی، شارەزای ڕەگ و ڕیشەی بیر و بۆچوونی نەیارانی دەبێت دەزانێت بەجوانی بەرپەرچیان بداتەوە.

- ئیبن خەلدون دەڵێت: بۆیە ناو نراوە بە زانستی كەلام، چونكە تەنها تیۆرییە و پەیوەندی بە بیروبڕواوە هەیە نەك كردەوە وەك زانستی فیقە.

---

٢١٦- بڕوانە: أثر مذهب الأشاعر الكلامي في تفسير القرآن الكريم، كمال أمين فتاح كولبى، رسالة مقدمة إلى مجلس كلية العلوم الإسلامية في جامعة صلاح الدين-أربيل - وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستر،١٥. (١٤٣٦هـ ٢٠١٥م-.

یان بۆیە ناونراوە زانستی کەلام چونکە زۆرترین بابەتەکانی قسەکردنە لەسەر کەلامی خوا و کێشەی قورئان.

٢- الفقه الاكبر: ناونراوە بە فقه الاكبر كە لەلایەن ئیمام ئەبو حەنیفەوە ناو نراوە، چونكە تێگەیشتن لە بنەماكانی ئاین گەورەتر و باشترە لە تێگەیشتن لە فەرعەكانی دین وەك فیقە و كاروبارەكانی ڕۆژانەی بەربار (موكەلەف).

٣- علم التوحيد: چونكە گەورەترین بەشی ئەم زانستە باسی تەوحیدی خوایە.

٤- اصول الدين: چونكە ڕاستەوخۆ باسی بنەماكانی ئیمان دەكات وەك باسی خوا و پێغەمبەران و ڕۆژی دوای.

- **مێژووی سەر هەڵدانی جیاوازیەكان:**

قسەكردن لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی جیاوازیەكان، گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە بۆیە ئەگەر بەوردی تەماشەبكەین دوابەدوایوەفاتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) جیاوازیەكان سەریان هەڵدا، بۆیە لێرەدا دەكرێت هەڵوێستەیەك لەسەر ئەم جیاوازیانە بكەین، تا بەجوانی ڕۆح و مەبەستی ئەم بنەمایە و فەلسەفە پەروەردەیەكەی دەركەوێ، ئەم جیاوازیەش هەموی ناپەسەندو خراپ نییە، بەڵكو وەك تەواویی بوارەكانی تر جیاوازیەكان دەبنە دووبەشەوە بەشێكی پەسەند و بەشەكەی تریشی ناپەسەن و ناكۆكە بە ڕۆحی شەریعەت، ئەوەی كە پەسەند و گونجاوە وەك: جیاوازی زانایان لە بواری فقهیدا كە ئەمە بوەتە ڕەحمەت و نیشاندانی فراوانی و مرونەتی فیقهی ئیسلامی لە هەمووكاتێكدا، ئەو بەشەش كە ناپەسەندە و ناكۆكە لەگەڵ ڕۆحی شەریعەت، ئەو بەشەیە كە دەبێتە هۆی پچڕاندنی پەیوەندی موسوڵمانان و تێكدانی یەكریزی تاكەكانی كۆمەڵگە یاخود بڵێن: سیاسەتێك

کە دورە لە ڕۆحی سیاسەتێکی تەندروست و غیابی ئەخلاق لە و کایەدا، چونکە هەرکاتێك ئەخلاق لە سیاسەت داماڵرا ئەوکاتە کۆمەڵگە بەگشتی لە زەرەردا دەمێنێتەوە، گومان لەوەدانیە کە جیاوازی موسوڵمانان لەسەرەتاوە لە جۆری یەکەم بووە، هەرگیز جیاوازیەکەیان نەبوەتە هۆی تێکدانی فەهمی دین و داڕمان وتێکدانی ڕیزەکانی کۆمەڵگە، بۆیە لەم پێشەکیەدا بەکورتی هۆکارەکانی سەر هەڵدانی ناکۆکی وجیاوازیەکان دەخەینە ڕوو.

- **هۆکارەکانی سەرهەڵدانی جیاوازی.**

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی جیاوازیەکان دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئەو پێشهاتە زاتیانە کە لەناوخۆی موسوڵماناندا پەیدا بوون، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ دەق لە قورئان و فەرموودە، لەوانەش تێگەیشتنی موسوڵمانان بۆ چەمکەکانی قەزاو قەدەر، و سیفاتەکانی خوا، ئەمەش کاریگەری تێگەیشتنی مەسیحیەت و کەنیسەی لەسەرە و دیارە، وەك: هەندێ لە موستەشریقین و زانایانی وەك شەهرستانی و بەغدادی وا دەڵێن، بەکورتی جیاوازیەکان هەندێکیان زاتی و ناوخۆین و هەندێکیان دەرەکی بوون.

- **جیاوازییە ناوخۆییەکان:**

**١- جیاوازی لەسەر خەلافەت، کێ شایەنە دوای پێغەمبەر جێنشین بێت:**

ئەم جیاوەزیە ڕاستەو خۆ دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) سەری هەڵدا، لەنێوان پشتیوانان و کۆچەراندا، ئیمام حەسەنی ئەشعەری دەڵێت: یەکەم جیاوازی کە لەنێوان موسوڵماناندا سەری هەڵدا مەسەلەی جێنشینی بوو، شەهرستانیش دەڵێت: گەورەترین جیاوازی لەنێوان موسوڵمانان کە

دروستبوو جیاوازی بوولەسەر جێنشینی پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام هەر زوولە سەقیفەی بەنی سەعدیە کۆتاییان بەم مەسەلە هێناو نەیان هێشت سەر بکێشێت بۆ جیاوازی حەقیقی، هەر لەوێدا بەیعەت درا بە ئیمامی ئەبوبکر(ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەربێت) و کرا بەیەکەم خەلیفەی موسەڵمانان، ئەمە پێدەگوترێ بەیعەتی تایبەت لەم شوێنەدا هەندێ هاوەڵ ئامادە نەبوون وەك ئیمامی علی، چونکە ئەو سەرقاڵی دفن و کفنی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، قسەی ڕاست ئەوەیە کە لە بەیعەتی گشتیدا کە ئیمامی ئەبوبکر گەڕایەوە و چووە مزگەوت لەوێ هاوەڵان بەگشتی بەیعتیان پێدا و جێنشینییەکەیان قەبوڵکرد  و ئیمامی عەلیش لەوانە بووکە بەیعەتی پێدا، بەم جۆرە موسوڵمانان بێگرفت ژیانیان بەڕێکرد و لە درێژایی خەلافەتی ئیمامی ئەبوبکر (ڕەحەمەتی خوای لەسەر بێت) گرفتێکی ئەوتۆیان نەبووتا سەردەمی ئیمامی عومەر یشیان بەڕێکرد، دواتر تا شەشساڵی یەکەمی ئیمامی عثمانیش گرفتێکی ئەوتۆنەبوو، بەڵام دواتر ئەم مەسەلەی جێنشینیە بویە هۆکاری سەر هەڵدانی گروپە ئیسلامیەکانی وەك: خەوارج و شیعە، بەهەموو گروپەکانیانەوە کەخەوارجەکان دەیان گروپیان لێ دروستبوو، شیعەش بووبە زیاد لە دە دەستەی جیاوازەوە، ئەمەش وای کرد ئینشیقاق و جیاوزی زیاد ببێت و ببێتە جیاوازیەکی حەقیقی لە ریزی موسوڵماناندا.

**٢- جیاوزی تێگەیشتن لە ئایاتی موتەشابھ:**

قورئان لە دووبەشی سەرەکی پێکهاتووە لە ڕوی ماناوە، (موحکەم) و (موتەشابهات)، ئەم بەشەی دووەم دەرگایەکی فراوانی والآکردووە لە بەردەم تێگەیشتنی زانایان بۆ ماناو مەدلولی ئایەتەکان، چونکە ئەم جۆرە خۆی لەخۆیدا دوومانا وەردەگرێت لەبەر ئەوەی ماناکەی لە یەك ڕووەوە ڕۆشن نییە،

بۆیه هەر گروپێك بە تێگەیشتنی خۆی ئەومانایەی کە ئایەتەکە دەیدات کاری پێبکات و بیرۆکەکەی لەسەر ئەوتێگەیشتنە بینا بکات ، هەندیٚ لە و ئایەتانە لە ڕواڵەتدا وانیشان دەدەن کە تەشبیهی خودا دەکەن بە مەخلوقاتەوە، لەوانە وەك:﴿ الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى﴾[217] و ﴿كُلُّ مَنْ عَلَيْها فانٍ *وَيَبْقى وجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلالِ والْإِكْرامِ﴾[218]و﴿يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ﴾[219]، و هەندێکیشیان خودا بە بەرزو پیرۆز ڕادەگرن و نەفی هەموولێکچواندنێکی خوا دەکەن بە مەخلوقاتەوە، وەك:( لیس کمثله شیءوهو السمیع البصیر)و(سبحان ربك رب العزة عما یصفون)، لێرەوە دەردەکەوێت کە جیاوازی زانایان لە چوار چێوەی ئایاتی موتەشابهاتەوە بووە، بۆیە هەندیٚ تەئویلی دەکەن و هەندیٚ لەسەری دەوەستن وەك ئەوەی کەهەن دەیخوێنەوە و ئیمانی تەواویان پیٚ هەیە، هەندێکیش تەشبیهی دەکەن.

ئیبن خەلدون دەڵێت: ئایاتی موتەشابە یەکەم هۆکارن بۆ سەر هەڵدانی زانستی کەلام، چونکە ئەم زانستە لە سیفات و زاتی پیرۆزی خوا دەکۆڵێتەوە.

### ٣- جیاوازی لە تێگەیشتنی فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ).

زۆرێك لە زانایان هۆکاری جیاوازی ناوخۆ و دروستبوونی ڕێچکە و ڕێرەوە جیاوازەکان دەگێڕنەوە بۆ تێگەیشتنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، دوای ئەوەی کە هاوەڵان بڵاوەیان کرد و لە سنووری جەزیرەی عەرەب تێپەرین و تێکەڵی فارس و رۆم و چەندان قەومو و ئەدیانی جۆراوجۆربوون،

---

٢١٧- سورة طه: ٥.

٢١٨- سورة الرحمن: ٢٦-٢٧.

٢١٩- سورة الفتح: ١٠.

ئەمە بوە هۆکاری جیاوازی تێگەیشتن لە فەرموودە. شەهرستانی دەڵێت: زۆرێك لە یەهودیەکان ئیمانیان هێناو موسوڵمان بوون، بەڵام چەندان فەرموودەیان دانا کە لێکچواندنی خودایان تێدایە کە دەی شوبهێنن بە دروستکراوەکان، لەم کارەیاندا پشتیان بە تەورات و ئینجیل بەستبوو.

ئیبن خەلدون دەڵێت: لەو سەردەمەدا عەرەب هەر بەدەردی نەخوێنەواری یەوەدەتلایەوە، و نووسینیشیان نەدەزانی، کە پرسیارێکیان دەبوو زۆرجار دەچوونە لای راهیب و زانا یەهودیەکان و ئەمەش بوویە هۆی پەیدابوونی چەندان هەڵبەستراوی ناواقعی و ئیسرائیلیات و چیرۆکی دور لەڕاستی سەبارەت بە دروستبوونی کەون و گەلانی پێشوو، لەفیکر و تێگەیشتنی موسوڵمانە تازەکانی دەوروبەری جەزیرەی عەرەبی و موسوڵمانانی لادێ نشینی خودی جەزیرەی عەرەبی، بۆیە زانایان هەستان بۆ ڕێگری لە دزەکردنی بیرۆکەی نابەجێ بەناوی فەرموودەوە زانستێکیان دانا بەناوی (جرح و تعدیل) تا هیچ فەرموودەیەك قەبوڵ نەکرێت مەگەر لەڕێگەی ئەو زانستەوە نەبێت.

## ٤- ڕۆچون لە مەسائلێك کە زۆر ڕون نین

موسوڵمانان لەسەرەتاوە دورەپەرێزیان دەکرد لە مەسەلەیەك کە ڕون نەبێت هەرگیز ئەو مەسەلانەی کە دواتر بوونە مایەی جیاوازی، ئەوان نەیان دەوروژاندن لەبەر دووهۆ:

یەکەم بوونی پێغەمبەر (ﷺ) لە ژیاندا هەر گرفتێکیان هەبوایە لە تێگەیشتن بۆ ئایەتێك دەگەڕانەوە بۆلای ئەو و کێشەکەی بۆ چارەسەر دەکردن. دووەم قورئان بەزمانی عەرەبی ڕون دابەزیوە ئەوان عەرەبی ڕەسەن بوون لەو بارەوە گرفتیان نەبوو خۆیان لە ماناکەی حاڵی دەبوون. ئەم

دووهۆکاره وایکرد هیچ مەسەلەیەك بە نارونی نەمایەوە لەسەردەمی ئەواندا، بەلاّم دوای ئەوان وردەوردە مەسائلی فەلسەفی و کەلامی هاتە ئاراوە و بووەمایەی ئەوەی کە کۆمەڵێ مەسائیلی ناڕون بوروژێت لەنێوان موسوڵماناندا، وەك مەسەلەی جەبر و قەدەر و بیننی خوا و ئیرادەی خوا و ئیرادەی مرۆڤ و ئەم جۆرە شتانە.

**دووەم: هۆکاری دەرەکی:**

**هۆکاری دەرەکی و کاریگەری زۆری هەبوو بۆ دروستکردنی جیاوازی و سەر هەڵدانی گروپە جیاوازەکان لەنێو موسوڵماناندا لەوانەش.**

**١- تێکەڵ بوونی موسوڵمانان بە شارستانیەکانی تر**

دوای ئەوەی موسوڵمانان دەستیان کرد بە فتوحاتی یەك لە دوای یەك و ڕوبەڕوی چەندان فیکری نامۆ، لەوانە فیکرەی چەند خوایی و ڕەدکردنەوەی هێزی دەرەکی لەسەر ویست و خواستی مرۆڤ و مل کەچ کردنی ژیری و عەقڵ بۆ وەحی خوایی و چەندان شارستانی خاوەن پێکەو دەسەلاّت و دەیان ئەدیانی دەستکردی وەضعی بوونەوە، و ئەم هەمووەدەرگایانە بەڕوی شارستانی ئیسلامی لەودەمەدا کرایەوە و هەموشیان لە ژیر بەیداخی ئیسلامدا جێگەیان بویەوە و وردەوردە لەڕێگەی زانایانەوە ئەفکاری خۆیان لەناو تازە موسوڵمانەکاندا دەچاند و تاوای لێهات ئەم دەرگا کردنەوەیە چەندە قازانجی هەبوولەڕوی زیادکردنی قەڵەمڕەوی ئیسلامیەو و بلاّو کردنەوەی دینی خواوە، ئەوەندەش زیانی هەبوو، چونکە ئەو هەمووئەفکارە نامۆیانە دزەیان دەکردە ناو فیکری موسوڵمانانەوە، بەتایبەت وروژاندنی مەسەلەی جەبر و ئیختیار و سیفاتی خوا و دەیان ئەشکالی تر .

## ٢- شۆرشی وەرگێڕان

وەرگێڕانی توراسی یونانی کۆن بۆ سەر زمانی عەرەبی لەوانە بەسەدان پەرتوکی فەلسەفی و لۆجیکی یونانی کۆن وەرگێڕانە سەر زمانی عەرەبی و تێکەڵکردنی ئەم هەوڵە و هێنانی بۆ شارستانی ئیسلامی و کاریگەربوونی هەندێ لە زانایانی ئیسلامی بەو ڕەوت و ئەفکارە فەلسەفیانە، بووە هۆکاری دروستبوونی چەندان مەدرەسەی جیاواز لە فیکری ئیسلامیدا، لەوانە دروستبوونی مەدرەسەی موعتەزیلە و ئەشاعیرە و ماتریدیە و چەندانی تر، ئەمە ئەگەر لە ڕویەکەوە زیانی هەبووبێت لە چەندان ڕووەوە سودی هەبووە، بەڵام ئێمە لێرەدا هۆکاری دروستبوونی جیاوازی دەست نیشان دەکەین و نامانەوێ بچینە قولایی ئەو لایەنانەوە، ئایا ئەم هۆکارانە چەندە سودیان هەبووە و چەندەش زیان؟، دەست نیشان کردنی ئەم لایەنە خۆی بۆ خۆی لێکۆلینەوەیەکی تەواو تێر و تەسەلی دەوێت، ئەوەش بە جێدەهێڵم بۆ خوێنەران خۆیان.

## پوختەو کاکڵەی بنەماکە

مەسەلەی ناسینی خودا و ناو و سیفەتە بەرز و بێ وێنەکانی خودا، قسەی زۆریان لەسەر کراوە و زۆر جاریش هەڵە و زیادەرەویشی تیاکراوە، چونکە قسەکردن لە دەریای بێ بنی ناو سیفەتەکانی خودا کەسی پسپۆرو شارەزای ئەو بوارەی دەوێت، و ناکرێت کەسێ بێ زانست و زانیاری قسە لەم بوارەدا بکات و خۆی بدات لەم بوارە، پێشەوا حەسەن بەننا لەم بنەمایەدا زۆر بە کورتی و بە پوختی ئەو ڕاستییەی بۆ بەیان کردوین کە لە دێر زەمانەوە مەسەلەی سیفاتی خوا مشتومڕێکی زۆری لەسەرە لەنێوان زانایانی زانستی

کەلام و فەیلەسوفان، بۆیە بە پێویستی دەزانم بڕگە بەبڕگەی ئەم بنەمایە شەن و کەون بکەین و ئەو ڕاستیانەی کە لەم بوارەدا هەن وەك گەوهەری شاراوەی ناو دەریا قوڵەکان بەدیار خەین و بیان دەینە بەر تیشکی خامە.

– **(معرفة الله تبارك وتعالى...)** ناسینی خوای باڵادەست و بێهاوتا، بەرزترین و باشترین زانینە و تەواوی بەختەوەری لەسەر ئەو زانینە وەستاوە، و تەواوی بەشەکانی تری ئیمان وابەستەن بە زانین و ناسینی ڕاستە قینەی خواوە، لەوانە: ناسینی پێغەمبەران (علیهم السلام) و ئەوەی پێویستە بزانرێت لەسەر ئەوان وەك: بڕیار نەدانی عیصمەت بۆ غەیری پێغەمبەران و پێویسیتی مرۆڤایەتی بەوەحی خوایی و ناسینی پێغەمبەران (علیهم السلام) بەو جۆرەی کە تەنها ئەوان حەڵقەی نێوان بەندەکان و خوان، یان پەیوەندی ئاسمان و زەمینن، ڕاستەوخۆ ئەوەی دەیڵێن بەناوی خواوەیە و وەحی خوایە، خوای گەورە وەك مەنهەجی ژیان لە ڕێگەی ئەوانەوە بۆ مرۆڤەکانی ناردوە ، ئەو هەواڵانەی کە دەدرێن سەبارەت بە جیهانی غەیبی هیچیان ڕاست نین، تەنها لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە نەبێت وەك: جیهانی مەلائیکە و جیهانی نادیاری جن و جیهانی ڕۆح و بوونی بەهەشت و دۆزخ و هەر شتێکی تر لە جیهانی غەیبی.

ئەوانەی کە توانای قسەکردنیان هەیە لە مەیدانی ناسینی خوادا بە جۆرێك کە ناسینەکە شایانی خوا بێت، یەکەم کەس پێغەمبەرانن (علیە السلام) و لەناویشیاندا پێغەمبەرمان محمد(ﷺ) بۆیە دەفەرمووێت: (أَنَا أَعْرَفُكُمْ باللّه، وأَخْوَفُكُمْ مِنْهُ)[220] من لە هەموتان باشتر خوا دەناسم و لە هەموشتان زیاتر لێی دەترسم. پاشان زانایانێك کە کار بە زانستە کەیان دەکەن خوای گەورە دە

---

٢٢٠- رواه البخاری ومسلم.

فەرمویّت:﴿ إنما يخشى الله من عباده العلماءُ﴾[221]. پاشان هەر موسوڵمانێك بەئەندازەی زانست و زانیاریەك و بە پێی پابەندبوونی بە ڕێنمایەكانی پێغەمبەرەوە (ﷺ)، بەو ئەندازەیە خوا دەناسێی و لەگەڵ پیرۆزی ناو وسیفەتەكانی خوادا مامەڵەدەكات، بۆیە گرنگە بە بەردەوامی نزیك بوون لە زانست و زانیاری و كۆڕی زانایان چونكە بە لایەنی كەمەوە مەجلیسی زانایان و عارفانی خوا پەلكێشمان دەكەن بۆ ئەم چەند خەسڵەتە:-

لە گومانەوە بۆ دڵنیایی و ڕاستی، لە ریاوە بۆ ئیخلاص ودڵسۆزی، لە بیّ ئاگاییەوە بۆ هۆشیاری و بەئاگابوون، لە دونیاویستیەوە بۆ خۆشەویستی قیامەت و پشتكردنە داخوازیەكانی دەرون، لە خۆبەگەورە زانینەوە بۆ خاكی بوون و سادەژیان، لەسەركەشی و لاساریەوە بۆ گوێرایەڵی و تەسلیم بوونی دینی خواوە.

- **ڕێگاكانی ناسینی خودا**

دەبێت ئەوە بزانین كە ڕێگەكانی ناسینی خوا لەم سیّ ڕێگەیەوە دەبێت، زیاتر لەمە سەرمان لە شتێكی ترەوە دەردەچێت.

**ڕێگەی یەكەم:** عەقڵ و تێڕامان لە دروستكرا وەكانی خوا ، ئەمە ڕێگاو ڕێچكەی فەیلەسوفەكانە زۆرجار لەڕێگەی عەقڵەوە خوا ناسراوە وەك ئەوەی كە خالق دروستكەری بوونەوەرە، كە ئەمەش قسەی زۆری لەسەرە لای فەیلەسوفەكان تا ئەو ڕادەیە أبو حامدی غەزالی (ت٥٠٥هـ) زۆربەی فەیلەسوفانی بەكافر هەژمار كردووە لەسەر ئەو زیادەرەویەی كە كردویانە لە بواری ئەزەلیەتی بوونەوەر، كە ئەمە مەسەلەیەكی زۆر مەشهورە پێویست ناكات لەسەری بوەستین، خوای گەورە لە زۆر شوینی قورئاندا ڕێنمایمان دەكات بۆئەوەی كە لەڕێگەی عەقڵ و تێڕامانەوە لە دروستكراوەكانی خۆی

---

٢٢١- سورة فاطر: ٢٨.

ڕامێنین وەك دەفەرمووێت:﴿ قُلِ انْظُرُوا ماذا فِي السَّماواتِ والْأَرْضِ وما تُغْنِي الْآياتُ والنُّذُرُ عَنْ قَوْمٍ لا يُؤْمِنُونَ ﴾[٢٢٢]. یان دەفەموێت:﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ والْأَرْضِ واخْتِلَافِ اللَّيْلِ والنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَاب * الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وقُعُودًا وعَلَى جُنُوبِهِمْ ويَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ والْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾[٢٢٣].

لەفەرموودەیەكدا هاتووە كە ماناكەی زۆر دروست و تەواوە بەڵام لە ڕوی سەنەدەوە قسەی لەسەرە و فەرموودەكە دەباتە ئاستی لاواز، دەفەرمووێت:" تَفَكَّرُوا فِي خلق الله ولَا تَفكَّرُوا فِي الله فَإِنَّكُم لن تقدروا قدره "[٢٢٤] ئەوەمان لە بیر نەچێت كە سنووری عەقڵ تەنها شتی مەحسوساتە و دەركی شتانی غەیبی ناكات و ناتوانێت دەركی زاتی پیرۆزی خوای گەورە بكات ئەمەش نەنگی نییە بۆ عەقڵ و ژیری مرۆڤ، تەنها لەبەر ئەوەیە كە تواناكانی مرۆڤ دەركی خوای پەروەردگار ناكات چونكە خوای(واجب الوجود) بەدەرە لە زەمەن و مەكان، كاتێك كە دەڵێین: بەدەرە لە زەمەن یانی ئەزەلیە و زەمەن پێش ئەو نەكەوتووە مەولەوی لە فەزیلەكەیدا جوان ئەم ڕاستیەمان بۆ ڕوندەكاتەو دەڵێت:( متى (متى) حتى آتى عليه؟ من أين (أين) ينتمى إليه)[٢٢٥]. كە دەڵێین: بەدەرە لە مەكان چونكە جێگرتنی شوێن سیفەتی ماددەیە و خواش بەرییە لە ماددە و جسم.

---

٢٢٢- سورة يونس: ١٠١.

٢٢٣- سورة آل عمران: ١٩٠-١٩١.

٢٢٤- أخرجه أَبُ و نعيم: بِإِسْنَاد ضَعِيف، وَرَوَاهُ الْأَصْبَهَانِيّ فِي التَّرْغِيب والترهيب من وَجه آخر أصح مِنْهُ، وَرَوَاهُ الطَّبَرَانِيّ فِي الْأَوْسَط وَالْبَيْهَقِيّ فِي الشّعب من حَدِيث ابْن عمر وَقَالَ هَذَا إِسْنَاد فِيهِ نظر قلت فِيهِ الْوَازِع بن نَافِع مَتْرُوك.

٢٢٥- الوسيلة شرح الفضيلة في علم أصول الدين: للعلامة السيد عبد الرحيم الكردي الملقب بالمولوي، للشيخ عبد الكريم محمد المدرس: ١/١٥، الطبعة الأولى، مطبعة الإرشاد- بغداد،(١٣٩٢هـ ١٩٧٢)-.

**ڕێگەی دووەم: وەحی خوایی لە ڕێگای پێغەمبەرانەوە:**

پێغەمبەران (علیهم السلام) لەڕێگەی وەحیەوە هەواڵی ناسینی خوای تاك و تەنهامان دەدەنێ و خوای پەروەردگارمان بە تەواوی ناو وسیفەتەکانیەوە پێ دەناسێنن، کاری سەرەکیشیان بریتییە لەوە خوا بناسێنن بە خەڵکی کە خوا خالقی ئەرز و ئاسمانە، مرێنەر و ڕۆزی دەرە، تەنها ئەو شیاوی پەرستن و گوێرایەڵییە، تەواوی سیفاتە بەرزەکان شایستەی ئەوە و پاکوبێگەردەو لە هەموو کەموکرتییەکەوە دورە، ئەمە لەڕێگەی عەقڵەوە دەرك ناکرێت، هەر بۆیە زۆربەی فەیلەسوفەکان لەم بوارەدا تێکەوتون و نەیان پێکاوە، وەحی خوایی چرایەکەو لە تاریکی شەودا دەربازت دەکات، لەتاریکی شەودا ئەگەر چرایەکەت بەدەستەوە نەبێت ئینکاری ئەوە ناکرێت کە ئاستی بینین نزیك دەبێتەوە تەنها بۆ بەرپێت، بەلآم کە چراکەت بەدەستەوە بوو ئیتر وەك کەسێکی ئاسایی ڕێدەکەی و دەگەیتە مەنزڵ، ئەگەر بە عەقڵ بگەڕێن بەدوای خوادا هەر بەو ئەندازەیە دەیناسین کە دەرکی دەکەین بەوەی کە خالقە و بەس، ئەمەش هەمووکەس ناگاتە ئەو ئاستە بەسەلامەتی وەك چۆن هەمووکەس ناتوانێ لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا بەبێ روناکی بگاتە مەنزڵ، هەر ئاواش بەبێ وەحی خوایی هەرگیز ناتوانین بگەینە ئاستی دەرەجەی تەواو لە ناسینی خوادا، وەحی ئەوندەی کە پێویست بێت لە باسی خوادا بۆ مرۆڤ کە بیناسێت ناسادوویەتی و قسەی لەسەر کردووە، هیچی بۆ بەجێ نەهێشتوین، تەنها ئەوەندە ماوە کە ببینرێت

**که ئەوەشی ڕون کردووەتەوە کە باوەڕداران لە قیامەتدا دەیبینن بە جۆرێك کە مونەزەه بێت لە مەکان وجیهەت.**

**ڕێگەی سێیەم: ناسینی خوای گەورە لەڕێگەی ناو و سیفەتە بەرزەکانیەوە**

**ناوەکانی خوای گەورە و سیفەتە بەرزەکانی وەك چرای سەر ڕێگەکان وان کە بەردەوام تیشك دەهاوێژنە ناودڵی بەندە بۆخوا سوڵحاوەکان، لەوێشەوە ڕاستەوخۆ فیترەت وناخ ڕوناك دەکەنەوە ئاسۆیەکی فراوانتر دەکەنەوە لە بەردەم مرۆڤی باوەڕداردا و ئەو کەسەی کەدەیەوێت بگاتە ڕاستی و حەقیقەت، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ قُلِ ادْعُوا اللَّهَ أَوِ ادْعُوا الرَّحْمَنَ أَيًّا مَا تَدْعُوا فَلَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتْ بِهَا وَابْتَغِ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا﴾ [226]. هەروەها فەرمانمان پێدەکات لە ڕێگەی ناوە پیرۆزەکانیەوە لێی بپاڕێنەوە:﴿وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا﴾[227] پێغەمبەریش (ﷺ) لە فەرموودەیەکیدا ئامارژە بۆ ئەوە دەکات کەخوای گەورە خاوەنی نەوەد و نۆ ناویی بەرز و پیرۆزە وەك دەفەرموێت:" لِلَّهِ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ اسْماً مَنْ حَفِظَهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ وَإِنَّ اللَّهَ وِتْرٌ يُحِبُّ الْوِتْرَ" [228]رواه الترمذي. ئەم ناوە جوانانەی خوای پەروەردگار ئاسۆیەکی فراوان لە بەردەم تەواویی مرۆڤایەتی دەکەنەوە بۆ زیاتر ناسینی خوا، بۆیە ئیمان بە ناو و سیفەتەکانی خوا یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگەکانی ئیمان و تا ئەو ئاستە ئەگەر کەسێك ئیمانی نەبێت بە ناو و سیفەتەکانی خوا لە بازنەی ئیمان دەردەچێت، بۆیە خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە لەو ڕاستییە و دەفەرموێت:﴿وَذَلِكُمْ ظَنُّكُمُ الَّذِي ظَنَنْتُمْ بِرَبِّكُمْ أَرْدَاكُمْ**

---

**٢٢٦- سورة الإسراء: ١١٠.**

**٢٢٧- سورة الأعراف: ١٨٠.**

**٢٢٨- أخرجه مسلم في صحيحه: حديث رقم:( ٢٦٧٧-.**

فَأَصْبَحْتُمْ مِنَ الْخَاسِرِينَ * فَإِنْ يَصْبِرُوا فَالنَّارُ مَثْوًى لَهُمْ وإِنْ يَسْتَعْتِبُوا فَمَا هُمْ مِنَ الْمُعْتَبِينَ﴾[229] ئینکاریکەرانی ناو و سیفەتەکانی خوا لە زومرەی خەسارۆمەندانن وەك دەفەرموویت:﴿ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ وغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ ولَعَنَهُمْ وأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ وسَاءَتْ مَصِيرًا ﴾[230].

زانایان دەفەرمون وشەی نەوەدو و نۆ کەلە فەرموودەکەداهاتووە مەبەست بەوەنیە کە خوای گەورە تەنها ئەو ناوانەی هەبن، بەڵکو لێرەدا مەبەست ئەوەیە هەرکەس بیان ژمێرت و لە بەریان بکات و ئیمانیان پێ بهێنێت کار بە ماناو مەبەستە کەیان بکات دەچێتە بەهەشتەوە، بۆیە زیاتر لێرەدا مەبەستە کە ئەوەنیە کە پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی ئەوەمان بداتێ کە خوا نەوەد و نۆ ناوی هەیە، نا مەبەستەکە ئەوەیە هەرکەس بەگوێرەی ماناو مەبەستی ئەم ناوانە کاربکات و دەرنەچێ لەماناکانیان دەچێتە بەهەشتەوە، هەواڵی چونەبەهەشتمان دەداتێ نەشتی تر.

**توحید: بە تاکوتەنها زانینی خوا**

لێرەوە دەچینە ناو باسێکی تر و لە قورئانی پیرۆزەوە تەماشای مەسەلەکە دەکەین بەوردی ئامـاژە بـە برگـەکانی توحید و بەتاکوتەنهایی خوادەدین، بۆیە دەبێت لە سێ لایەنەوە باسی ئەم تەوحیدە بکەین هەرچەندە هەندێ لە زانایان ئەم تەقسیماتەیان بەلاوە پەسەندنیە بەلاّم ئەمە حەقیقەتێکە و هەڵگۆزراوی قورئانە ئیمام بەنناش بەوشەی(توحید) گوزارشتی لەم مەسەلەیە کردووە،

---

٢٢٩- سورة فصلت: ٢٣-٢٤.

٢٣٠- سورة الفتح: ٦.

- سـەرەتا مانـای وشـەی توحیـد (التوحیـد) چـاوگی وشـە(وحـد یوحـد توحیدا)واتە بەتەنها زانین، بەتاکگرتن، ئەگەر تەماشابکەین دینی ئیسلام بە تەوحیـد نـاوبراوە، چـونکە لـە خوایـەکی تاکوتـەنها لـە دەسـەلأت و خاوەنداریەتییـەوە ڕوانـەکراوە، بۆیـە تـەواوی پێغەمبـەران کـە ڕەوانـەکراون لەلایـەن خـوای گـەورەوە تـەنها بـۆ ئـەوە بـووە کەئـەم مەسـەلەی توحیـدە بەشێوەیەکی دروسـت بـە خـەڵکی بگـەیێنن و بفـەرمون بـەوەی کـە خـوا خـالق ودروسـتکەریانە، تـەنها ئـەو شایسـتەی پەرسـتش وگوێڕایـەڵی کردنـە و خوایەکە کە هیچ سیفەتێکی لە دروستکراوەکانی ناچێ و خاوەنی چەندان ناو و سیفەتی بەرز و بێ وێنەیە، بۆیە هەموو پێغەمبـەران (علیە السلام) لەم بـوارەدا لـە لوتکـەدابوون هـیچ کەمتەرخـەمێکیان نـەکردووە لـە گەیانـدن و ناسینی خـوا بـە گەلەکـەیان، ئەشـیتوانی وەك هەنـدێ لـە زانایـان فەرمویانـە بڵێت: توحیدی خـوا واتـە: ناسینی خـوا بـەو جـۆرەی کـە خـالقی بوونـەوەرە و تـەواوی ئـەمر و نـەهی بەدەسـت ئـەوە، خـاوەنی نـاو و سـیفەتی بـەرز و بـێ وێنەیـە، ئیتر واز لـە تەقسـیمات بهێنـی، چونکە لـە تەقسـیماتدا هاووێنەیـەك هەیـە لـە نێـون تێڕوانینـی مەسـیحی بـۆ خـوا کـە دەڵـێن( بـاوك، کـوڕ، ڕۆحـی پیرۆز). یـان (أقـانیم الـثلاث) لەڕاسـتیدا ئەمـە بێ ئینسـافیە ئەگـەر تێڕوانینـی موسـوڵمانان لـە (توحیـدی الربوبیـة، و توحیـدی الألوهیـة، وتوحیـد الاسمـاء الصفات) بچوێنرێت بەو تێڕوانینـە سەقەتەی مەسیحیەت کە خۆشیان سەر لەمەسەلەکە دەرناکەن، چونکە تەنها لـەروی ژمارەوە ئەم دووتێڕوانینە لەیەك دەچـن، کـە تێڕوانینـی موسـوڵمانان زۆر دروسـتە و هـەڵقولأوی نـاو قورئانـە، بەلأم تێڕوانینـی مەسیحی لەسەر هەواو و ئارەزوی خۆیان وەستاوە و هیچ بنەمایەکی دروستی نییە.

**لێرەدا و لە ڕوانگەی قوئانەوە ئاماژەیەکی کورت بە لایەنی توحید دەکەین**

سـەرەتا دەبێـت ئـەوە بـزانین کـە دابەشـکردنی توحیـد بـۆ سـێ بـەش دابەشـکردنێکە یەکـەم کەسـێك هەسـتاوە بـەم جیاکردنەوەیـە پێشـەوا ئـیبن تەیمیـەی حـەڕانی (ت ٧٢٨هـ) بـووە، ئـەو پێـی وایـە(توحیـدی الربوبیـة، و توحیدی الألوهیة، ووتوحید الاسماء الصفات) هەڵ قولاوی قورئانـەو هـاوەڵان و تەواوی تابیعین لەسـەری ڕۆیشـتوون هـیچ گرفتێکیـان نـەبووە، زانایـان ئەمـە ڕەد دەکەنـەوە و دەڵـێن: هـیچ جیاوازییـەك نییـە لـەنێوان توحیـد ربوبیـەت و توحیدی الالوهیەتدا، بۆ ئەمەش دووبەڵگە دەهێنەوە.

١- خـوای گـەورە دەفـەرموویت:﴿ أَلَسْتُ بِـرَبِّكُمْ قَـالُوا بَلَـى شَـهِدْنَا﴾[٢٣١]. نەیفـەرمووە: ألسـت بإلهکم؟ تـەنها ئامـاژەی بـە لایـەنی ربوبیـەت کـردووە هـیچ جیـاوازی نـەکردووە لـەنێوان الوهیـەت و ربوبیەتـدا، چونکە (رب ) جیانیـە لـە (إله) بگرە (رب) خودی (إله)ە.

٢- دەڵێن: کاتێك دوومەلائیکەکە لە گۆڕدا پرسیار لە کەسی مردوودەکەن و دەڵـێن:( مـن ربك؟) نـالێن(من إلهـك) دەی ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە جیاوازی نییە لەنێوان الوهیەت و ربوبیەتدا.

- **توحیدی ربوبیەت یانی چی؟**

توحیـدی ربوبیـەت واتـە: داننـان بـەوەدا کـە خـوای گـەورە دروسـتکەری بوونەوەر و خاوەنیەتی و سەرچاوەی رزق و ژیانە و هـەر ئەو بەخشندەیەوە و کـەس ناتوانێـت بەخشـندەیی ئـەو ڕاگرێـت، ئـەوەتا خـوای گـەورە دەفەرمووێت:﴿ وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّـهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾[٢٣٢] ئەگەر پرسیار لە بێ بڕواکان بکەی کێ ئەم زەویـی و

---

٢٣١- سورة الأعراف: ١٧٢.

٢٣٢- سورة لقمان: ٢٥.

**ئاسمانانەی دروستکردووە؟ لەوەڵامدا دەڵێن: خوای گەورە دروستکەری هەموویانە، یاخود لە سورەتی (مؤمنون)دا دەفەرموویت:** ﴿قُلْ لِمَنِ الْأَرْضُ وَمَنْ فِيهَا إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ (٨٤) سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ (٨٥) قُلْ مَنْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ (٨٦) سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ (٨٧) قُلْ مَنْ بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ (٨٨) سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ فَأَنَّى تُسْحَرُونَ﴾[٢٣٣] **پێغەمبەری ئازیزیشمان دەفەرموویت:" اللهم لا مانع لما أعطيتَ ولا مُعطيَ لما منعتَ ولا ينفعُ ذا الجَدِّ منك الجَدُّ"[٢٣٤] ئەم جۆرە لە تەوحید زۆرترین لە بیروباوەڕاکانی سەر دەمی جاهلیش ئیمانی تەواویان هەبووە پێی و دانیان بەو ڕاستیەدادەنا کە خوا خالقیی بوونەوەرە بەگشتی و بێ وێنەیە لە ذات و سیفاتدا، بەڵام گرفتیان لە لایەنی پەرستنی خوادا هەبوولە پاڵ خالقی ئەم بوونەوەرەدا پەرستشیان بۆ شتێکی تر دەکرد کە دروستکراوی خۆیان بوو، بۆیە تەنها داننان بە خالقیی خوادا مرۆڤ وا لێناکات بیخاتە ناو بازنەی ئیسلامەوە، بۆئەوەی بە تەواوی مرۆڤ بچێتە بازنەی ئیسلامەوە دەبێت لەگەڵ ئیمان بە خالقیەتی خوادا تەنها ئەویش بە شایستەی پەرستش بزانێ و هاوەڵی بۆ بڕیار نەدات.**

- **توحیدی (الألوهية) یانی چی؟.**

**واتای توحید الالوهیە: ئەوەیە کە تەنها خوا بەشایستەی پەرستش بزانرێت، تەنها گوێرایەڵی بۆ ئەو بکرێت و کەسیی تر ئەو مافەی نییە و بەتاك و تەنهای بزانی و تەسلیم ببیت بەو بڕیارەی کە خوا هاوەڵی نییە و**

---

**٢٣٣- سورة المؤمنون: ٨٤- ٨٩.**

**٢٣٤- رواه مسلم: في كتاب الصلاة، باب ما يقول إذا رفع رأسه من الركوع، رقم (٤٧٧- وأبو داود: في كتاب الصلاة، باب ما يقول إذا رفع رأسه من الركوع، رقم (٨٤٧- والنسائي: في كتاب الافتتاح، باب ما يقول في قيامه ذلك.**

هاودەمی نیە و لەکەس نەبووە و کەسیشی لێ نەبووە و بوونی بە خودی خۆیەوە وەستاوە، ئەگەر تەماشای حاڵی گەلانی پێشووبکەین دەبینین زۆرترین کەس لەم بوارەدا نەیان پێکاوە و دەربازیان نەبوە، گەلی نوح (علیه السلام) لەپاڵ ئەوەدا کە باوەریان وابووبەوەی کە خوا دروستکەری بوونەوەرە بەلاَم(ودّ،وسواع، و یغوث، و یعوق، و نسر)یان دەپەرست، و گەلی حەزرەتی ئیراهیم (علیه السلام) بتیان دەبەرست، گەلانی کۆنی مصریش گوێرەکەیان دەپەرست و هندیەکانیش مانگا و مشکیان دەپەرست، گەلی سەبەئیش بەهەمان شێوە خۆریان دەپەرست و صابئیەکانیش ئەستێرەیان دەپەرست و مەجوسیش ئاگریان بەلاوە پیرۆزبوو دەیان پەرست، عەرەبەکانیش دار و بەردیان کردبو بە (إله) ی خۆیان و دەیان پەرستن و مەسیحیەکانیش حەزرەتی عیسا و دایکیان بە خوا دەزانی و دەیان پەرستن، ئەمانە هەمویان بێ باوەرو موشرکن، چونکە لە پاڵ ئیمانیان بەوەی کە خوا خالقە ئاوا عیبادەتیان بۆ شتانی تردەکرد.

- **توحیدی أسماء الصفات یانی چی؟.**

مەبەست بە أسماء وسیفاتی خوا ئەوەیە کە بڕوات وابێت خوای گەورە ذاتی خۆی وەسفدار کردووە بە چەند سیفەتێك هەموویان شایستەو لایەقی ئەون و پێغەمبەریش (ﷺ) ئاماژەی بەو سیفەتانە کردووە و هاوەڵان بەگشتی و تابعین و تەواوی زانایانی ئومەتی ئیسلامی و شوێن کەوتوانی ڕاستی و حەقیقیەت قەبوڵیان کردون، بەو جۆرەی کە لە قورئان و فەرموودەدا هاتون بێ ئەوەی ڕاڤەیان بکەن، یاخود لە خوایان داماڵن، یان بیشوبهێنن بەیەکێك لە دروستکراوەکانی، بەم جۆرە ڕێباز و ڕێچکەی ئومەتی ئیسلامی کە هاوەڵان و تابیعین تەواوی زانایان لەسەری بوون درێژەی پێ دراوە تاکو ئەمڕۆ، لەو

سیفەتانەی کە خوای گەورە بۆ خۆی بڕیاری داون و پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی پێ کردون(واجب الوجود)یان(القِدم، البقاء، مخالف الحوادس، قیام بالنفس) یان( علم، الإرادة، حیاة، السمع، البصر، کلام، قدرة) یان ( المحبة، السخط، الغضب، الرضا، النداء، الکلام، النزول، الاستقرا علی العرش، الید، الوجە..) بەرامبەر ئەم سیفەتانەی خوای گەورە، ئێمەی موسوڵمان بە شێوەیەکی گشتی و خەڵکی عامە بەتایبەت دەبێت هەڵوێستمان وابێت کە ئیمامی غەزالی لە (إلجام العوام)ە کەیدا ئاماژەی پێی کردووە.

١- التقدیس:واتە دەبێت ئیمانمان وابێت خوای گەورە و پاك و بێگەردەو دورە لە شێوە و روخسار و وێنەی ماددی.

٢- التصدیق: بەتەواوی ئیمانمان وابێت بەوەی کە پێغەمبەر(ﷺ) سەبارەت بە خوای گەورە دەیڵێت بێ چواندنی بە مەخلوقات.

٣- الإعتراف بالعجز: ئیمانمان وابێت ئەوەی کە خوای گەورە خۆی پێ وەسفدار کردووە دەرك کردن و حاڵی بوون لێی لە توانایی و سەلیقە و ژیری ئێمەدا نییە.

٤- السکوت: بێدەنگ بوون لە ئاست سیفەتەکاندا پرسیار لە چۆنیەتیان نەکەین و زۆر ڕۆنەچین لە ماناکردنیان و بزانین پرسیارکردن لەسەریان کارێکە بەئێمەی مرۆڤ وەڵام نادرێتەوە.

٥- الإمساك: خۆدورخستنەوە لە گۆڕینی ریشەی وشەکە یان ماناکردنی بە زمانێکی تر، یان زیادکردن لەسەر وشەکە، یان کەمکردنی پیتێك یان زیاتر لەوشەکە، بەڵکو دەبێت چۆن لە قورئان یا لە فەرموودەدا هاتوە ئاوا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

٦- الكف: خۆگرتنەوە لەباسکردنی ماناکانیان لە ناخیشدا و بە فکریش بیریان لێنەکەینەوە، چونکە زۆرجار بەرەو ئاقارێکماندا دەبەن کە سەری لێدەر نەکەین.

٧- تسليم الأهل: ماناو مەبەستەکەیان ڕەوانە بکەینەوە بۆ لای کەسانێ کە ئەهلی ئەم کارەن و دەبێت ئەوەش بزانین کە مانای ئەم سیفەتانە وەك خۆی بە جۆرێ کە خوا مەبەستیەتی لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و دۆستانی خوا و ئەولیاوە شاراوە نەبوون[٢٣٥].

ئەمە هەڵوێست و ئیمانی تەواوی هاوەڵان و تابیعین و زانایانە بەگشتی واجبە لەسەر خەڵکی عامە بەرامبەر ئەم سیفەتانە وابێت کە باسمان کردن.

**(وتنزيهه). دور خستنەوەی هەرجۆرە کەموکورتیەك لە خوای گەورە.**

ئیمانی دروست و تەوا و بەیەکتازانینی خوای گەورە یەکەم داخواز و کۆتاواجباتی موسوڵمانانە و یەکەم فەرمانی چونە ناو ئیسلام و کۆتا دەروازەی دەرچونیشە لەدونیا، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت:"من كان آخر كلامه لا إله الا الله دخل الجنة"[٢٣٦] رواه مسلم. یان (من مات وهو يعلم أن لا إله الله دخل الجنة) بەتاك و تەنها ڕاگرتنی خوا لە دڵدا و دان پیانانی لەواقع و کاروباری ژیاندا یەکەم واجب و کۆتا واجبە، بۆیە دەبێت ئەوەش بزانین هەرگیز ناسینی خوا بەو جۆرەی کە خالقی ڕاستەقینەیە و هەر ئەوشایستەی پەرستنەو خاوەنی چەندان ناو و سیفاتی بەرزە، نایەتەدی تەنها ئەوکاتە نەبێت کە بە پاك و باڵای بزانین و هیچ جۆرە نوقصانیەکی بۆ بڕیار نەدەین،

---

٢٣٥- إلجام العوام عن علم الكلام، للإمام أبي حامد محمد بن محمد الغزالي: ٧، طبعة جديد، مكتبة الحقيقة(١٤٢٦هـ٢٠٠٥م-.

٢٣٦- رواه البخاري ومسلم وأحمد والحاكم والطبري، حديث صحيح، وهذا إسناد حسن من أجل صالح بن أبي عَريب.

بە جۆرێك ئەوە یەقین بێت بەلامانەوە كە هەمووشتێك لە بوونەوەردا بە مەلائیكە و جنۆكە و مرۆڤ و زیندەوەران و بێ گیان و دار و درەخت پێویستیان بە خوا هەیە و خوای گەورە پێویستی بە هیچ یەكێ لەمانەنیە.

**بە پاك و بێ كەموكورت ناسینی خوای گەورە.**

خوا ناسی لە لوتكەی پاكی و بێ عەیبی لە تەواوی پێداویستیەكان، وەك پێویستی كات و جێگاو هاوكار و هاووێنەیی، نایەتەدی تەنها لە دووڕوانگەوە نەبێت:-

١- وەسف داركردنی خوا بەو جۆرەی خۆی وەسفی زاتی پیرۆزی خۆی كردووە، یان پێغەمبەر(ﷺ)وەسفداری كردووە.

٢- وەسفدار نەكردنی خوای گەورە بە وەسفانێك كە تایبەتمەندی مەخلوقاتە وەك: نەزانی، و بیرچون، پێداویستی، ئەمانە سیفەتی مەخلوقاتن نەك خوای گەورە، خوای گەورە پاك و بێ ئیحتیاجە بەم شتانە، چونكە خوای گەورە ئاوا وەسفی خۆی كردووە دەفەرموویێت:﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾[٢٣٧]. یان دەفەرموویێت:﴿وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ﴾[٢٣٨]. یان ﴿ فَلَا تَضْرِبُوا لِلَّهِ الْأَمْثَالَ﴾[٢٣٩].

ئیمامی أبو عبد الله محمد قورتبی(ت٦٧١هـ) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا (لیس كمثله شیء)دا دەڵێت: دەبێت ئیمانمان وابێت كە خوای گەورە بوونی واجبە، و لە زات وسیفاتدا هەرگیز لە دروستكراوەكانی ناچێت، سیفاتی خوا جیاوازە لە سیفاتی دروستكراوەكانی، بۆیە هیچ زاتێك نییە لە زاتی خوا بچێت هەر وەك چۆن هیچ ناو و سیفەتێك نیە لە ناو سیفەتەكانی خوا بچێت

٢٣٧- سورة الشورى: ١١.

٢٣٨- سورة الإخلاص: ٤.

٢٣٩- سورة النحل: ٧٤.

ئاواش کار و کردەوەیەك نیە لە کاری خوا بچێت، تەنها لێکچون لەنێوانی ناو وسیفەت وکرداری خوا و مەخلوقاتدا لفظیە و هیچی تر، هەندی لە زانایان فەرموویانە لێکچواندنی خوا بە یەکێك لە مەخلوقاتەکانیەوە و نەفی کردنی وەسفێکی کە خۆی وەسفدار کردووە پێی یان پێغەمبەر(ﷺ)وەسفداری کردووە، یان وەسفدارکردنی بە غەیری ئەمە مرۆڤی پێ کافر دەبێت.

ئیمامی تەحاوی دەڵێت:( خوای گەورە تاك و تەنهایە و هاوەڵی نیە، هیچ شتێك نیە لەو بچێت و هیچ هێزێکیش نیە دەستەوسانی بکات و هیچ خوایەکیش نییە جگە لەو، ئەزەلیەو سەرەتایەك نیە بۆی، بەردەوام هەیە و کۆتایی نیە، هەرچۆن سەرەتای نیە ئاواش کۆتایی نیە، هیچ شتێك پەیدانابێت ئەگەر ئەو ویستی نەبێت، هەرگیز خەیاڵ دەرکی ناکا و ژیریش پەی پێنابات، هاووێنەیی نیە لە بووندا، زیندوە و مردنی بۆنیە، هۆشیار و بێدارە و وەنەوز و خەوەنۆچکە نایگرێت، خالقەو هیچ شتێك دەستەوسانی ناکات، ڕۆزیدەرە بێ بەرانبەر، مرێنەرە بێ ترس، زیندووکەرەوەیە بێ ماندووبوون، خوا بەرز و بڵندە نە هاووێنەی هەیە نە هاودەم، هیچ شتێك قەزای ڕەد ناکاتەوە، حوکم و بڕیاری ئەو پاشکۆی نیە، هیچ بڕیارێکیش پێش فەرمانی ئەو ناکەوێ، هەرکەسێ خوا وەسفدار بکات بە وەسفێکی مرۆیی پێی کافر دەبێت، بزانە کە خوا لە هیچ شتێکدا لە مرۆڤ ناچێت.

قوشەیری(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دڵێت: ئەوەی وابیری لێ دەکەیتەوە و بەخەیاڵتا گوزەردەکات وادەزانی خوا لەو شێوەیەیە ئەوە خوانیە(وكل ما تصور في باك فالله بخلاف ذلك) بەم جۆرە دەتوانین خوای

گەورە بە پاك و بێگەردی ڕاگرین ئەمەش كە گوترا لە خۆمانەوە نەبوو بگرە ڕاڤەی ئایەت و فەرموودە و قسەی زانایان بوو[240].

- **(أسمى عقائد الإسلام)** ناسینی خوا و بە تاكوتەنها زانینی بەرزترین پلەی بیرو بڕوایە لە ئیسلامدا، بگرە هەر خودی دین ئەوەیە، بۆیە خوای گەورە داوامان لێدەكات شوێن حەزرەتی إبراهیم (علیە السلام) كەوین و بیكەینە چاوساغ و ڕێبەرمان لە داننان بە پاكوپێگەردی خوا و نەفیی كردنی تەواوی خوا كۆلكەكانی زادەی بیری مرۆڤ و دەفەرموویت:﴿ قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ والَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنْكُمْ ومِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وبَدَا بَيْنَنَاوبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ والْبَغْضَاءُ أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وحْدَهُ ﴾[241]. تەوحیدی خوای گەورە ئەوەیە كە لە دڵتا هیچ شتێكی تر جگە لە خوای گەورە ڕوگەت نەبێت، واتە: دەبێت مرۆڤ تەنها بەندە وملكەچی خوا بێت و بۆ هیچ یاسا و ڕێسایەكی تر زەلیل و گوێ لە مشت نەبێت، بە جۆرێ پەیوەندی لەگەڵ خوا ببەستێت كە فەرمان و جوڵێنەر و بزاوتی تەنها فەرمانی خوا بێت، نەهی و وەستانی بەرامبەر مەتاع و لە زەتەكانی دونیا تەنها نەهی خوایی بێت، ئەوەی سیفەتی نەشیاو ناشایستەیە بڕیاری نەدات بۆ خوای گەورە، ئەمەیە بەرزترین پلەی تەوحید لە ئیسلامدا، كەتەواوی پێغەمبەران (علیهم السلام و أفضل و البركات) ڕۆڵیان ئەوە بووە بەم جۆرە خوا بناسن بە گەلەكانیان. بەڵێ پێشەوا شەهید (بەننا) جوانی پێكا وەكە دەڵێت:(ومعرفة الله تباركوتعالى وتوحيده وتنزيهه أسمى عقائد الإسلام).

---

٢٤٠- بڕوانە : صراع مع الملاحدة حتى العظم، عبد الرحمن حسن حبنّكة الميداني، ٢٨٨/١. دار القلم ـ دمشق.

٢٤١- سورة الممتحنة: ٤.

-وآيات الصفات وأحاديثها الصحيحة وما يليق بذلك من التشابه، نؤمن بها كما جاءت من غير تأويلولا تعطيل،ولا نتعرض لما جاء فيها من خلاف بين العلماء،ويسعنا ماوسع رسول الله (ﷺ)وأصحابه (وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا).

ئایەتـەکانی سـیفات و فـەرمووده سـەحیحەکان لـەم بـارەوە و ئایەتـە موتەشـابھەکان کـە پەیوەنـد و پەیوەسـتە بەوانـەوە، بـەوجۆرەی کـە هەیـە و دابـەزیووە ئیمانمـان پێیـەتی بـێ تـەئویل کـردن و (تعطیـل) و دورەپـەرێزیش دەکـەین لـەو جیـاوازی و خیلافـەی کـە لـەنێوان زانایانـدا هەیـە لـەم بـارەوە، ئاوارەفتاردەکەین لەگەڵ ئەو بەشە ئایەتـەدا کە پێغەمبـەر (ﷺو یارانی لەگەڵ ئەو ئایەتانە کردویانە کە دەفەرمون:(والرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا) ئەوانەی کە بەتەواوی ڕۆچون بە ناو زانست و زانیاریدا تـەواوی سەرچـا وەکـانی مەعریفـەت و هۆکـانی تێگەیشـتن لایـان جەمـە و زانـاو هۆشـیارن، دەڵـێن: ئیمانمـان بـە ئایـەتی موتەشـابھ هەیـە و تـەواوی ئـەو ئایەتانەش هەیە کە لەلایەن خواوە دابەزیون، ئەوانیش دەڵێن ئیمانمان پێیـان هەیە ناڵێن دەیان زانیین.

ئەو ئایەت و فەرمودانەی کە سیفاتی خوای گەورەیان لە خۆ گرتوە لەسـەر ئێمـەی موسـوڵمان فـەرزە کـە دور کەوینـەوە لـە مانـاکردن و ڕۆچـون یـان چـاو نوقانـدن لـە بەرامبـەریان بـە جـۆری تعطیـل یـان بکـەین یـاخود لێکچـواندن بخـولقێنین لـەنێوان سـیفاتی بـەیان کـراوی خـوا و مرۆڤـدا، نموونـەی ئـەو ئایەتانە، خـوای گـەورە دەفـەرموویت:﴿ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّاوجْهَهُ﴾[242] یـان﴿ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ ﴾[243] ﴿الرحمن على العرش استوى﴾([244]) ﴿ يَخَافُونَ رَبَّهُمْ مِنْ فَـوْقِهِمْ

٢٤٢-سورة القصص: ٨٨.

٢٤٣- سورة الفتح: ١٠.

ويَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾[245] ﴿وجَاءَ رَبُّكَ ﴾[246] يان ﴿ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ﴾ [247] ئەگەر لەم ئايەتانە وردبينەوە دەبينين هەر ئايەتێكيان جۆرێ سيفەتى لە خۆگرتووە، بۆيە بەشێوەيەكى گشتى سيفاتى خوا دەبنە سێ بەشەوە (الصفه النفسيه، و صفات السلبيه،وصفات المعانى) هەندێكيش دەڵێن: سيفاتى خواى گەورە دووجۆرن كە بريتين لە( سيفاتى زات و سيفاتى فيعل) مەولەوى دەڵێت:

مەوصوف بە ئەسماو صيفاتى كەمال
چەوەصفى جەلال، چەوەصفى جەمال
چە صيفات ذات بێ شيبه و ميثال
چەصيفات پاك حەميدەى ئەفعال.
ذاتى گشت قەديم لە حودوث صافى
وجوودى وفعلى، حاديث ئيضافى.
وەكو خەلق و رزق، وەكو ئينتقام
ئيحيا و ئيماتە و ئيكرام[248].

مەولەوى (ڕەحمەتى خواى لێ بێت) لێرەدا بەم چەند بەيتە كورتە گوزارشت لە ڕاستێەكى تەواو دەدات كە بريتيە لەوەى خواى گەورە وەسفدارە بە ئەسماءوسيفەتى كەمال، ئەم وەسفداركردنەش بە ئەسماءوسيفات دوومانا دەبەخشێت يەكەم: خواى گەورە وەسفدار دەكرێت

---

٢٤٤- سورة طه: ٥.
٢٤٥- سورة النحل: ٥٠.
٢٤٦- سورة الفجر: ٢٢.
٢٤٧- سورة الحج: ٧٥.
٢٤٨- بڕوانە: عقيدەى مرضية: ١٥١-١٥٢.

به سیفاتی ڕەزاق و قادر و علیم و وەههاب و ڕەئووف... بەلاّم زانایان دەڵێن: بە هۆی ئەوەی کە ئەم وەسفدارکردنە دەبێتە هۆی دووبارەکردنەوەی کارەکە، چونکە نویٚ بوونەوەیان تیادەکرێت باش نیە وا وەسفداربکرێت، دووەم: وەسفدارکردنی خوا بە جۆرێك کە خاوەنی ناو سیفەتە ئیتر ماناکردن ولێك دانەوە و ڕۆچون لەم مانا و ناوانە کەهەن کاری ئێمە نییە و ئێمە بەرپرسین لەوەی تەنها ئیمانمان پێیان هەبێت.

- **سیفەتەکانی خوای گەورە و جۆرەکانی.**

به کورتی ئامارژە بەهەر سیٚ بەشەکە دەکەین بە پشتیوانی خوای گەورە.

١- الصفه النفسیه: سیفەتێکە دەلالەت لەسەر واجب بوونی زاتی خوای گەورە دەکات، بە جۆرێك کە بوونی خوا نەبەسراوە بەهیچ هێزێکی ترەوە، واتە: بوونی زاتی خوا شتێکی زیادەنییە لە دەرەوەی خواوە بێت بگرە هەر بوونی زاتی خوا خودی خوایە و شتێکی دەرەکی لە بوونی زاتی خوادا ڕۆڵی نەبووە، بۆیە بوونی خوای گەورە (واجب الوجود)ە نکوڵی کردنی ئەم حەقیقەتە نکوڵی کردنی ژیریی و عەقڵە.

٢- الصفات السلبیه: بریتییە لە نەفی کردنی دژەکانیان بۆ خوای تاك و تەنها، ئەوانیش پێنج سیفەتن( القِدم، والبقاء، والمخالفة للحوادث، والقیام بالنفس، والوحدانیة) ئەم پێنج سیفەتە، نەفی کردنی ماناو مەفهومی دژی ئەم سیفەتانە واجبە لەسەرمان بەرامبەر خوای گەورە، بۆنموونە کاتێك دەڵێن: خوای گەورە (القدم) یانی نەفی ئەوەڵیەتی بوونەوەر دەکەین و بڕیاری ئەزەلیەتی خوادەدەین، بەواتای ئەوەی کە بوونی خوای گەورە نەبوونی پێش نەکەوتووە، یان کە دەڵێن: (البقاء) نەفی مانەوەی هەمیشەیی مانەوەی بەردەوام دەکەین لە مەخلوقات، بەو مانایە کە هەموو بوونەوەر لەناو دەچێت و نامێنێت تەنها خوای گەورە باقییە و دەمێنێتەوە.

٣- الصفات المعاني أو الثبوتية أو الذاتية: بريتين لەو سيفەتە قەديمانەی خوا كە هەموويان بەنرخ و بە ئيعتيبارن و لە بەراوردا پاكن.

سيفەتی مەعانی لەو سيفەتاننە كەخوای گەورە بڕياری داون بۆ خۆی يان پێغەمبەر(ﷺ) ئامـاژەی پێكـردون، هەمووئـەو سـيفەتانەش لـە چـڵەپۆپەی كەماڵدان، و هـيچ جۆرە نوقسـانيەكيان تێدا نـابينی لـە روێـك لـە رويەكانـەوە، ئەوانيش ئەمانەن:( الحياة، و القدرة، و الكلام، و الإرادة، و السمع، و البصـر، و العلم، و التكوين).

سـيفاتی مـەعانی زاراەويـەكی زانسـتی كەلامـە: مەبەسـت پێـی ئـەو سـيفاتە قەديم و ئەزەليانەی خوايە كە جيانابنەوە لە زاتی پيرۆزی خـوای پـەروەردەگار و خـودی خـواش نـين و غـەيری خـوداش نـيين، وەسـفداركردنی خـوا بـەم وەسفانە لە غەيرەوە نيە، واتە خوا خۆی خاوەنی ئـەم سيفەتانەيە وەك چۆن بوونی زاتی پيرۆزی بیٚ ئحتياج بووە لە هێزێكی دەرەكی، ئاوهاش بوونی ئـەم سيفەتانە بۆ خوا بەدەرە لەو هێزە دەرەكييە[٢٤٩].

ئەبێت ئەوە بزانين جياوزيـەك لـە ژمارەی ئـەم سيفەتانەداهەيە بەوەی ئايا حەوتن يان هەشتن بۆيە مەولەوی دەڵێت:

بێنــەوە ســەر بــەحــث لای صــيفاتی ذات
هــەفتن يــان هەشــتن، يــەكێكيان حــەيات
صـــــيفاتی قــــــەديم زۆر شـــــــەرفناكن
لـــــە بـــــەرودوا پاكيـــــان پـــــاكن[٢٥٠]

٢٤٩- بڕوانە: أثر مذهب الأشاعرة الكلامي في تفسير القرآن الكريم،٦٣، رسالة الماجستير، جامعة صلاح الدين هەولێر، كمال أمين گوڵپی،(٢٠١٥-.

٢٥٠- بڕوانە: عقيدەی مرضية: ١٨٠

- **دروستی تێڕوانین بۆ سیفەتەکانی خوای گەورە**

تێڕوانینی بۆچوونەکان سەبارەت بە سیفەتەکانی خوای گەورە چوار جۆر تێڕوانین لە مێژوی ئیسلامیدا بەر چاوودەکەون، ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە.

١- المشبهە: تێڕوانینی ئەم دەستەیە بۆ سیفەتەکانی خوای گەورە ئەوەیە کە هەر سیفەتێك لەو سیفەتانە کە لە قورئان و فەرموودەدا بەیان کراون ئەوان دەیچوێنن بە سیفەت و پەیکەری مرۆڤ و بڕیاری بەدەن دەدەن بۆ خوا، وەك خوا دەفەرموویێت:(یدالله فوق أدیهم) ئەوان دەڵێن: خوا دەستی هەیە وەك دەستی ئێمە، وەلأمی ئەمانە تەنها ئەوەندە بەسە کە خوای گەورە دەفەرموویێت:( لیس کمثله شيء وهو السّمیع البصیر).

٢- المعطلة: ئەم دەستەیە هیچ جۆرە سیفەتێك بۆ خوای گەورە بەلایەق نازانن و هەمووسیفەتەکانی خوا ڕەددەکەنەوە، کاتێك خوای گەورە دەفەرموویێت (إن الله سمیع بصیر) ئەمان دەڵێن: خوا نە بیسەرەو نە بینەرە و نە موتەکەلیم و قسەکەرە، خوای گەورە پاك و بێگەردە لە هەموگومانێك کە ئەم دەستەیە دەیبەن و دەیدەنە پاڵ خوا.

٣- السلف: مەبەست بە سەلەف هاوەڵان وتابیعین ئەوانەی شوێن کەوتوویانن، ئەم دەستەیە دەڵێن: ئیمانی کامڵمان هەیە بەو سیفەتانەی کە خوای گەورە خۆی پێوەسفدارکردووە و ئەوسیفتانەش کە پێغەمبەر (ﷺ) ئامارژەی پێکردون لایەق وشایستەی خوان وئیمانمان پێیانە وەك خۆیان کەهەن، ئەمەش ڕاسترین و خاوێن ترین ڕێچکەیە کە گرتویانەتەبەر بەڵگەشیان ئەوەیەکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ( تفکَّروا في خلق الله ولا تفکَّروا في الله) هەر وەك چۆن پرسیاریان کرد لە پێشەوا مالك سەبارەت بە (إستوی) فەرمووی (ئیستوی زانراوە و چۆنیەتەکەی نادیارەو ئیمان پێ

واجبـه و پرسـیارکردن لەسـەری بدعـەت و گومڕابوونـە)(الاسـتواء معلـوم و الکفیته مجهول، والایمان به واجب،وسؤال عنه بدعة).

٤- الخلف: ئەم دەستەیە دەڵێن: ئەو ئایەتانەی کە ماناو مەبەستەکەیان دیار و ڕون نیە دروستە تأویل بکرێن وەك ئەوەی مانای (ید) بەواتای هێز مانابکەیت، یان (وجه) مانابکەت بە(ذات) دەڵێن: بە جۆرێك مانایان بکەیت کە ماناکە شایستەی خوابێت و لەگەڵ ڕۆحی زمانەوانی عەربیدا بگونجێت.

هـەر وەك ئاماژەمـان پێکـرد دروسـتترین تێـڕوانیین بـۆ سـیفەتەکانی خـوا تێڕوانینـی هـاوەڵان و تابیعینـە وشـوێن کـەوتوانیانن، لەگـەڵ تـەواوی حورمەتمان بۆ إجتهاد و تێکۆشانی (متأخرین)و ئەوانەی شوێنیان دەکەون، ئەمـەش بۆچـوون و تێڕوانینـی تـەواوی زانایـانی ئـەهلی سـونەیە دەڵـێن: ئیمانمان بەو سیفاتانە هەیە و ماناو مەبەستەکەیان دەگێڕینەوە بۆ خوا و ئێمە لە تەفسیر کردنیان دورەبەرێزی هەڵدەبژێرین.

ئیمام فەخری رازی دەڵێت: کاتێك ورد بومەوە لەو تێڕوانینانەی کە بۆ سـیفاتەکانی خـوا هەیـە لـە کـۆن و نـوێ بینـیم هیچـکام لەوانـە نـە شـیفای دەردەدارنی تیایە نە تینویەتی تەژنەکانیش ئەشکێنێ، بۆیە بۆم دەرکەوت باشـترین تێـڕوانین بـۆ سـیفەتەکانی خـوا مەنهـەجی قورئانـە، لەکاتێکـدا دەم خوێندەوە لە ئیسبات کردنی سیفەتەکانی خوا ﴿ الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى﴾[٢٥١] یان ﴿ إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ ﴾ [٢٥٢] و هەروەها دەم خوێندەوە لە قورئان نەفی تەواوی لێکچواندنەکان کە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿لیس کمثله شيء﴾ پاشان دەم گوت هەرکەس ئەم ڕێگەیە بگرێت ئەوەوە ڕێکەوتووە لەو زانست و مەعریفەتەی من وەرم گرتووە.

---

٢٥١- سورة طه: ٥.

٢٥٢- سورة فاطر: ١٠.

**بڕگەی:(من غیر تأویل)**

**وشەی تأویل لە زمانەوانیدا ریشەکەی لە(أول)ەوەیە و بەمانای گەڕانەوە بۆ سەر ئەسڵ دێت.**

**(تأویل) وەك زاراوە بە دوومانادێت:**

**١- گێڕانەوەی وشە بۆ مانا ئەسڵی و حەقیقیەکەی خۆی بە جۆرێ هەر وشەیەك بەیان کرا نزیك ترین مانا لە ڕواڵەتی وشەکەوە جیی بێت هەر ئەوەی لێبگیرێت نەك مانای دوور، ئەمەش دووجۆرە، إنشائی و إخباری، مانای ئەمرو فەرمان داخلّی بەشی ئینشاییەکە دەبێت، ئەوکاتە مەبەست پێی تەنها ئەنجامدانی ئەو کارەیە کە فەرمانی پێکراوە کە بکرێت. لەمانای بەشی ئیخباریەکەی ئەوەیەکە مەبەست پێی گەیاندنی خودی هەواڵەکە بێت نەك شتی تر .**

**٢- تأویل الكلام: ڕاڤە و ڕۆشنکردنەوەی ماناو مەبەستی قسەی قسەکەرێك، ئەمەش تەواوی موفوسیرین و ئیبن جریر و زۆرێك لە زانایانی پێشین لەسەری کۆکن جا ئەو ڕاڤەیە موافەقی زاهیری قسەکە بێت یان پێچەوانەی زاهیری وشەکە بێت.**

**ئەم ماناکردنەی تأویل بەهەردووجۆرەکەیەوە مەبەست نیە لای پێشەوا حەسەن بەننا، بەڵك و تەئویل لای زانایانی موتەئەخیرین و موتەکەلمین گۆڕینی مانای وشەیەکە کەراجح بۆ مانایەك کە مرجوحە بە بەڵگەیەك کە ئەومانایە بگەیێنێ، دەی تەویل لێرەدا کە شەهید بەننا بەکاری بردوە مەبەستی ئەوەیە کە بەڕەوای نابینێت دەرحەق بە ناو سیفەتەکانی خواداوامامەڵە بکرێت، ئەمە بەڵگەیە لەسەر قووڵی تێڕوانینی پێشەوا حەسەن بەننا لەم بوارەدا بە شێوازێکی زۆر کورت و جوان وەڵامی تەوای ئەو**

کەسانەی داوەتـەوە کـە دەیانـەوێ تـەئویلی نـاو سـیفاتی خـوای گـەورە بکـەن ئەمـەش پێچـەوانەی ڕێبـازی پێشـینانە کـە لـە پێشـتر باسمـانکرد، هـەر ئەمـە بەڵگەیەکە پێشەوا حەسەن بەننا لـە ئیمـان بـە نـاو و سـیفاتەکانی خـوا ڕێگـە و ڕێچکەی سـەلەفی هەڵبـژاردوە و دورە پـەرێزی کـردووە لـە مانـاکردن و ئـەئویل کردنیـان بـۆ ئـەوەی هـەر دەم خـوای گـەورە بـەپاکی و پـیێ گـەرد بپەرسـترێت، کاتێك دەڵێن: سەلەف واتە هاوەڵان وتابعین شوێن کەوتوانی ئەوان بە ڕاستی وەك ئەشعەریەکان وماتریدیەکان و ئەهلی حدیث.

**بڕگەی (ولا تعطیل):** لەزمانەوانیداواتە: خاڵیکردن، خاڵی، وەك دەگوترێـت (بئر معطلة)واتە هیچ ئاوی تیانیە و سودی نییە خاڵییە لـە ئـاو، مەبەسـت بـەم زاراوەیــە نــەفی کردنــی ســیفاتی خــوای بالادەســتە ئینکــاری کردنــی ئەوسیفەتانەیە کە خوا بڕیاری داون بۆ خۆی، وەك ئەوەی خوا زانایـە ئـەمان دێن ئینکاری بوونی زانستی خوادەکەن، ئەمەش گەورەترین ئافاتە کە لە کۆن و نوێدا ڕوی کردووەتـە ڕۆشـنبیران و بـەناو زانایانـەوە، دەی پێشـەوا حەسـەن بەننا لەم بارەشەوە بەم بڕگە کورتـە وەڵامـی ئـەوانی داوەتـەوە کـە ئـەوەی ئێـوە لەسـەری دەڕۆن نـەفی کردنـی سیفەتی خوایـە و هەڵەیـە، دەبێـت خۆمـان دوور بگـرین لـەو هەڵـە مەنهەجییـە کـە دروسـتبووە، ئیمـامی تـەحاوی دەڵێـت:( هەرکەسێك پارێزراو نەبێت لە نەفی و لێکچواندن ئەوە هـەرگیز نـەیتوانیوە خـوا بەپاك و پیێ گەرد بزانـی)[٢٥٣] بۆیـە نـەفی و لێکچـواندن دوونەخۆشـین رودەکەنـە دڵ و قـەلب، ئـەم دوو نەخۆشـیەش لـە قورئانـدا ئامـاژەیـان پـیێ کـراوە وەك دەفەرموویت:﴿ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضًا﴾[٢٥٤] کە ئەمـە نەخۆشـی شـوبهە و گومانە، جۆری دووەم خوا دەفەرموویت:( فلا تخضعن بالقول فیطمع الذي

---

٢٥٣- عقیدەی تەحاوییە:٧.

٢٥٤- سورة البقرة: ١٠.

في قلبه مرض) كه ئه‌مه نه‌خۆشی شه‌هوه‌ت و گیرۆده‌دبوونه به ئاره‌زواته‌وه، ئه‌م دوو نه‌خۆشیه رووده‌كه‌نه دڵی مرۆڤ و گیرۆده‌ی ده‌كه‌ن و میزانی پێوانه‌ی ڕاستیه‌كانی لێ تێكده‌چێت.

**كورته‌یه‌ك له‌سه‌ر دیارترین قوتابخانه فیكری وگروپه كه‌لامیه‌كان له‌مێژووی ئیسلامیدا:**

گروپ و تاقه‌مه كه‌لامیه‌كان به‌شێوه‌یه‌كی گشتی چه‌ند قوتابخانه‌یه‌كی دیاروخاوه‌ن بنه‌ما و ڕێسای خۆیانن و دواتر ده‌بنه دایك بۆ چه‌ندان گروپی بچوك وگه‌وره له مه‌یدانی فیكری ئیسلامی، هۆكاریشن بۆ سه‌ر هه‌ڵدانی گشت گروپه‌كانی تر، ئه‌وانیش بریتین له ( الغلاة، ڕۆچ وه‌كان، الشیعة، الخوارج، المعتزلة، الاشعری، الماتریدیة) به‌شێوه‌یه‌كی گشتی ئاماژه به بنه‌ماو بۆچوونه‌كانیان ده‌كه‌ین.

**یه‌كه‌م: الغلاة ڕۆچووه‌كان**

وه‌ك ئیبن حه‌زم ده‌ڵێت: ئه‌م گروپه ده‌بنه دووبه‌شی سه‌ركیه‌وه كه بریتین له( السبئیة، الغرابیة)

١- سه‌به‌ئیه‌كان: ئه‌وانه بوون كه مرۆڤیان ده‌گه‌یانده پله‌و ئاستی خوا، ئه‌مانه ده‌درێنه‌وه پاڵ عبدالله كوڕی سبأ، له‌كاتێكدا عبدالله هاته لای ئیمامی علی و گوتی (انت هو هو)واته: تۆ هه‌ر تۆیت، یان تۆ ئه‌وی هه‌ر ئه‌و، گوایه مه‌به‌ستی به‌وه‌بووه كه ئیمامی علی خوایه و پێی گوتووه تۆ خوایت علی كوڕی ئه‌بو تالیبی به خوازانیوه، ده‌گوترێت: ئیمامی عه‌لی چاوی له‌مه نه‌پۆشیوه به‌ئاگر سوتاندویه‌تی هه‌ندێكیش ده‌ڵێن: له مه‌دینه ده‌ریكرد و نه‌فی كردووه بۆ شام.

- تەنها سەبەئیەکان نەبوون کە ئیمامی عەلی یان بەخوا دەزانی، گروپێکی ترهەبوون لە مەدائین بەناوی ئیسحاقیەکان و شوێن کەوتەی ئیسحاقی کوڕی موحەمەدی نەخەعی بوون لە مەدائین دادەنیشتن، چەند گروپێکی ترهەبوون کە بۆچوونیان وابوو ڕۆحی خوا دۆناودۆن تەناسخ دەکات لەناو مرۆڤدا، لەوانە نەصریەکان، ئەمانیش باوەڕیان وابووکە ئیمامی عەلی خوایە (فاتیمە)یان بەلەعنەت دەکرد و عبدالرحمانی کوڕی مەلجەم یان بە باشترین مرۆڤی سەرزەوی لە قەڵەم دەدا، گروپێکی تر هەبوو بەناوی ناحییەکانەوە، کە شوێن کەوتەی عبدالله کوڕی مەعاویەی کوڕی عبدالله کوڕی جعفری باڵداربوون، ئەمانەش باوەریان بەدۆناودۆنی ڕۆح هەبوو دەیان گوت ڕۆحی خوا چووەتە ئادەم و دواتر چوتە خودی عبدالله، بە بڕوای ئەمانە دونیا کۆتایی نایەت و زۆرێك لە حەرام کراوەکانیان حەڵاڵ دەکرد.

٢- **غورابیەکان:** دیارترین بۆچوونی ئەم گروپە ئەوەیە کەدەڵێن: پێغەمبەری خوا و ئیمامی عەلی هێندە لەیەك دەچون وەك دووقەلەڕەشە کە کەس لەیەکتری جیانەدەکردنەوە، هەربۆیە جبرئیل نەیتوانی جیایان بکاتەوە لەباتی ئەوەی وەحی بدات بە (پێشەوا عەلی) لێی تێکچوو دای بە (محمدی کوڕی عبدالله)، کۆمەڵێك گروپی تر هەبوون لەم بابەتە کە بۆچوونیان نزیك بوو لەیەکەوە وەك ( موغەیریەکان و بەیانیەکان) بۆ چونی هاوبەشیان ئەوەبوو، موغەیریەکان موغەیرەی کوڕی سەعدیان بە پێغەمبەر دەزانی و بەیانیەکانیش، بەیانی کوڕی سەمعانیان بەپێغەمبەر دەزانی، و هەر هەموشیان باوەریان بە دۆناودۆنی ڕۆحی خوا هەبوو لەگەڵ ئیمامی عەلی، ئەمانە پەیڕەوانی تازەیان کە بەردەوام درێژەبەم فکرو بۆچوونانە دەدەن بریتین لە(بەهایەکان، قادیانیەکان، بابیەکانن) ئەمانە ئێستاش هەن و درێژە بەم جۆرە بیروبڕوایە دەدەن.

**دووەم: شیعە:**

شیعە لە زمانەوانیداواتە: لاینگر، هاوڕێ، هەندێ لە مێژوو نووسان دەڵێن: سەرەتای دروستبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی جێنشینیەتی پێغەمبەر (ﷺ) لایەنگیری هەندێك لە هاوەڵان بۆ ئیمامی علی، ئەم قەسەیە کاتێك دەچینە ناو حەقیقەتەکەوە وادەرناچێ و تەنها گوتەیەکە و هیچ حەقیقەتێکی تەواوی نیە، چونکە باسمانکرد لە پێشەوە سەرهەڵدانی کێشەی جێنشینی پێغەمبەر (ﷺ) هەر زوولەنێوان ئەنصارو موهاجریندا کۆتای پێهات و بڕایەوە.

بەشێوەیەکی گشتی شیعە دەبنە چوار گروپ و تاقمی سەرەکییەوە،( الرافضة، الزیدیة، الاسماعلیة، الاثناعشریة).

١- **الرافضة**: لەبەرئەوەی ئەم ناوەیان لێنراوە چونکە خەلافەتی ئیمامی ئەبوبکر و ئیمامی عومەر (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت) ڕەددەکەنەوە و قەبوڵیان نییە، ئەمە ئەوە ناگەێنێ کە ئەم دەستەیە لەسەردەمی ئەواندا بوونیان هەبوبێت، نا ئەم گروپە دواتر دروستبوون و وەك گروپ دەرکەوتن، یاخود دەگوترێت بۆیە پێیان دەگوترێ رافیزی چونکە زیدی کوڕی حوسەین ڕەتدەکەنەوە لەبەر ئەوەی کە ئەبوبکر و عومەر بەکافر نازانێت.

**دیارترین بیرو بۆچوونی ئەم گروپە**

- هەردوو ئیمامی ئەبوبکر و ئیمامی عومەر بەکافر دەزانن.

- بڕوایان وایە کە قورئان دەستکاری کراوە و ئەوەی باسی ئیمامی عەلیە لابراوە.

- توقیە بەواجب دەزانن لەکاتی مەترسیدا بۆ شاردنەوەی بیروبڕوای ڕاستەقینەی خۆیان، ئەم گروپە چەند گروپێکی تری لێ پەیدادەبن لەوانە:

أ- كەیسانیەكان: شوێن كەوتەی موختاری ئەبو عبید الله ی سەقەفین، نازناوی موختار كەیسان بوو وا ناوبانگی دەركردبوو، ئەم گروپە ئیمانیان بە(البدء) هەیە واتە: بۆدەركەوتن، مەبەست بەم زاراوەیە ئەوەیە كە خوا بۆی دەركەوێ ئەوەی ڕودەدات هەماهەنگ نیە لەگەڵ ئیرادە و ویستی ئەودا، دواتر بۆی دەردەكەوێ كە دروست ئەوە نەبووكە ئەو دەیویست، یان بۆی دەربكەوێت شتێك جیاوازترە لەوەی كە ئەو دەیزانێت، یان فەرمانێك دەربكات و دوایی بیگۆڕێت.

ب- **باقریەكان:** ئەمانە بڕوایان وایە كە ئیمامی عەلی حەسەنی كوڕی بەوەصیەت دوای خۆی كردووە بەخەلیفە و ئەویش دوای خۆی حوسەینی برای داناوە و ئەویش عەلی زین العابدین كوڕی خۆی داناوە و ئەویش محمد باقری كوڕی خۆی داناوە و بڕوایان وایە محمد باقر نەمردوە دوای دەگەڕێتەوە (مهدی منتظر) ئەوە.

جـ- **ناوسییەكان:** گوایا ئەمانە شوێنكەوتەی كەسێكی خەڵكی بەسرەبوون، بڕواشیان وایە دوای محمد باقری كوڕی عەلی زین العابدینی كوڕی حوسەین، جەعفەری كوڕی محمد باقر ئیمامە و مهدی منتظر ئەوە نەك باوكی، دەشیان گوت جەعفەر هەموو زانستێك دەزانێت.

د- **هیشامیەكان:** ئەمانەش شوێنكەوتەی هەر دووهیشامەكەن هیشامی كوڕی حەكەم و هیشامی كوڕی سالمی جەوالیقی، باوەڕیان بە تشبیه و تەجسیمی خوا هەیە، هەندێكیان دەیان گوت: خوا دەدرەوشێتەوە وەك ئەڵماس و گەوهەر هەندێكی تریان دەیان گوت: خوا وەك ئێمە لە گۆشت و ئیسقان و خوێن پێك هاتووە و ئاوهاو ئاوهایە. پاك و پێگەردی بۆ خوا لە بوهتانی ئەمانە.

٢- **زەیدی:** ئەم گروپە دووەم گروپی سەرەکی شیعەن و شوێنکەوتەی زیدی کوڕی عەلی کوڕی حوسەینن، زید خۆی قوتابی واصلیی کوڕی عەتای موعتەزیلە بوو، ئەم گروپە بڕوایان وایە خەلافەتی ئیمامی ئەبوبکر و ئیمامی عومەر دروستە ئەگەرچی لە ئیمامی عەلیش باشتر نەبوون ودەڵێن: خوا بەوەسف نەك بە شخص ئیمامی عەلی دەستنیشان کردووە و بڕوایان وایە دوای ئیمامی عەلی هەر نەوەیەکی خەلافەت هەڵبژێری شوێنکەوتنی واجبەو ئەگەر هیچ لەنەوەکانی ئیمامی عەلی خەلافەتیان هەڵ نەبژارد ئەوە هەر موسوڵمانانێك خۆی هەڵبژاردو موسوڵمانان لەسەری ڕێککەوتن خەلافەتەکەی دروست و ڕوایە. ئەم گروپەش چەند گروپێکی تری لێدەبێتەوە:

أ- **البتریە**: ئەمانە لە مێژودا بە گروپێکی میانەڕە و ناسراون لە چاو گروپەکانی تریاندا، چونکە لە بیر و بۆچووندا نزیکترینیانن لە (زەید)ەوە، لە ڕودانی شەهیدکردنی ئیمامی عوسمان ئەم گروپە بێ دەنگی هەڵدەبژێرن و لە مەسەلەی مهدیش وەك گروپەکانی تری شیعەن.

ب- **السلیمانیە:** هەرچەندە ئەم گروپە بڕوایان وایە کە ئیمامەت بە شورا و ڕاوێژکاریە بەڵام دەڵێن: دەبوا ئیمامی عەلی یەکەم خەلیفە بوایە، هەرچەند خەلافەتی ئیمامی ئەبو بەکر و عومەریان بەلاوە دروستە، لەسەروئەمەشەوە ئیمامی عوسمان و عائیشە دایکی موسوڵمانان بە موڕتەد دەژمێرن گوایە لە دژی ئیمامی عەلی جەنگاون.

جـ- **الجارودیة:** ئەم گروپە زۆر پێچەوانەی بۆچوونی (زەید) دەچوڵێنەوە بە توندڕەوترین گروپی ئەم دەستەیە دەژمێرێن، چونکە ئەمانە هاوەڵان و ئیمامی ئەبوبکر و ئیمامی عومەر بە کافر دەزانن.

٣- **ئیسماعیلیەکان:** ئەمانە شوێن کەتەی (ئیسماعیلی کوڕی صادقی کوڕی باقری کوڕی عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی عەلین) ئەم گروپە باوەڕیان

وایە کە دەبێت ئیمام نادیاربێت بەڵام دەعوە و بانگەوازەکەی دیاربێت و ئەمانە ئیسماعیلی کوڕی صادق بە ئیمام دەزانن و لە کاتێکیشدا پێش صادقی باوکی مردوە، و ئەم گروپە تا ئێستاش لە یەمەن و هندستان ماون و لەویٚ بە(البوهرة) ناسراوەن.

٤- **الاثناعشرية**: ئەم گروپە زۆرترین شیعە لەخۆ دەگرێت، و بڕوایان وایە ئیمام دوای موسای کازم، عەلی کوڕیەتی و دوای ئەویش موحەمەدی تەقی جەوادی کوڕی و پاشان عەلی نەقی وحەسەنی عەسکەری و موحەمەدی کوڕیەتی کە ئەمە مەهدی و ئیمامی دوانزەهەمە و دواتر بە دەردەکەوێت و دەگەڕێتەوە تا ئێستاش چاوەریٚ دەکەن.

## بیروبڕوای سەرەکی ئەم گروپە:

أ- ئیمامەت واجبە و بەردەوامیش دەبێت هەبێت تاڕۆژی دواوی:

ئیمامەت لای ئەم گروپە یەکێکە لە ئەسڵی ئیمان، هەرکەس ئیمانی بە ئیمام نەبێت ئیمانی نیە و ئیمانی تەوانیە، ئەوان دەڵێن: ئەو بەڵگانەی کە دەیسەلمێنن کە هاتنی پێغەمبەران واجبە هەمان بەڵگەش بەڵگەن بۆ واجب بوونی ئیمامەت ، چونکە ئیمامەت درێژە پێدەری ڕێبازی پێغەمبەرانە، بڕوایان وایە نابێت هیچ کاتێك خاڵی بێت لە ئیمام ، و خوا هەڵی دەبژێریٚت واجبە گوێرایەڵی کردنی، جا ئەم ئیمامە حازر بێت یان غائیب بێت لە بەرچاوی خەڵکیدا، با ئەم غائیب بوونەشی زەمەنێکی زۆر بخایەنێت.

**ب- ئیمام معصومە**

ئەمان پێیان وایە چۆن پێغەمبەران مەعصومن، ئاوهاش ئیمامەکانیان مەعصومن، لە تەواوی کەمووکورتی و گوناه و هەڵە، جا گوناهی دیار و بەرچاو بێت یان باتن و نادیار، لە و رۆژەوەی لەدایك دەبێت تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت لە گوناه بەریە، ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە ئیمام پارێزەی شەرعە

حاڵیان وەك حاڵی پێغەمبەران وایە، ئەوان دەڵێن: ئیمام أُولو الامره، شاهیدە بەسەر گەلەکەیەوە، فەرمانەکانی فەرمانی خوان و بەناوی خواوە قسە دەکات، هەرچیەکیشی قەدەغەکرد وەك ئەوەیە خوا قەدەغەی کردبێت، گوێڕایەڵی ئیمام گوێڕایەڵی کردنی خوایە.

- ئیمامەت بۆ بەرژەوەندیەکی دنیایی نییە، کە دەبێت گەل هەڵی بژێرێت، بەڵکو یەکێکە لە بنەماکانی دین، دروست نییە بۆ پێغەمبەران ئەم کارە گەورە فەرامۆش بکەن و بەجێی بهێڵن بۆ خەڵکی و گەل هەڵیان بژێرێت.

- ئەم قسەیە ئەوە دەگەیێنیٚ کە خەلافەتی هەر سیٚ خەلیفەی موسوڵمانان بەتاڵە و دروست نیە کە پێش ئیمامی عەلی کەوتون، چونکە ئەوان مەعصوم نیین و خەڵك هەڵی بژاردون، تەنها ئیمامی عەلی مەعصومە کە خوا دیاری کردووە.

جـ_ ئیمام دەبێت بە نەص  تەعین بکرێت نەك هەڵبژێرێت:

ئەمان بڕوایان وایە کە ئیمام لە دەقێك لە لایەن خواوە و لەسەر زاری پێغەمبەر یاخود لەسەر زاری یەکێك لە ئیمامەکانی پێش خۆی ڕابگەیێنرێت، و بشتگویٚ نەخرێت و بکەوێتە دەست خەڵکی و دواتر هەڵبژاردنی بۆبکەن.

سێیەم: خەوارج: سەر هەڵدانی ئەم گروپە لە جەنگی صەفینەوە بەیەکجاری دەردەکەون و دێنە مەیدانەوە، بە هۆی ئەوەوە کە ڕازی دەبن بە بەوەی کە قورئان حەکەم بێت لەنێوان ئیمامی عەلی و مەعاویەی کوڕی سوفیانەوە، جەنگی صەفین کۆتایی پێبهێنن و هەرچەندە ئەم دەستەیە لەسەربازەکانی ئیمامی عەلی پێکهاتبوون، بەڵام دواتر لە فەرمانی ئیمامی عەلی دەردەچن لەبەر ئەوەی کە ڕازیی بووە ڕێککەویٚ لەگەڵ مەعاویەدا، ئیتر لەمە بەدواوە ناونراون خەوارج، شەهرستانی ئامارژە بەوە دەکات کە ڕیشەی سەرهەڵدانی خەوارج دەگەرێتەوە بۆ کێشەکانی سەردەمی ئیمامی عوسمانی

کوڕی عەفان، محمد ئەبو زهرە کەوەسفی ئەم تاقمە دەکات دەڵێ: زۆر بەی زۆریان عەرەبی دەشتەکی بوون هەر ئەم ڕۆحیەتەش وای لێکردبوون کە بەگیانێکی توندڕەوانەوە مامەڵە بکەن، چەند ناو نازناوێکی تریشیان هەیە لەوانە( حرەورییە)، نسبەت دراونەتە پاڵ گوندی حرورا، چونکە دوای ئەوەی لە صەفین گەڕانەوە لەوێ کۆبوونەوە.،(شراە، بۆیە ناونراون بەم ناوەوە کە گوایە خۆیان فرۆشتوە بەخوا، نەواصب، بۆیە پێیان دەگوترێت ناصبی چونکە زۆر دژایەتی ئیمامی عەلیان دەکرد.

لەگرنگترین گروپەکانی خەوارج:

١- **ئەزرەقیەکان:** ئەم گروپە شوێن کەوتەی نافعی کوڕی ئەزرەق بوون، کە توند ترین گروبی خەوارجەکان بوون لەدیارترین بیرو بڕوایان، ئیمامی عەلی و تەواوی ئەوانەی کە وەك ئەو بیریان دەکردەوە بەکافر و موشریك دەیاندانە قەڵەم، منداڵی موخالفەکانیان مشرکن و بە بەردەوامی لە ناو ئاگری دۆزەخن، کوشتنی ژن و منداڵی موخالفەکانیان بەڕەوادەزانن، توقیە نەلە کردەوە و داونە لە قسەدا بەڕەوا نازانن.

٢- **نەجدەتییەکان:** ئەم گروپەش شوێن کەوتەی نەجدی کوڕی عامر بوون، ئەمانە لە دەرنجامی توندڕەوی ئەزارقە دەرکەوتن و توندیی ئەزارقە بێزاری کردبوون، لە دیارترین بیروڕای ئەم گروپە، توقیە بەرەوا دەبینن وەك شیعە، منداڵی کافران ناجێتە دۆزەخەوە، نەزانیین پاساوە بۆ کەوتنە هەڵە لەکردەوە شەرعیەکاندا و نەزان گوناهی لەسەرنییە.

٣- **عەجردییەکان:** ئەمانە شوێن کەوتە عبدالکریمی کوڕی عەجردن، دیارترین بیروڕاکانیان، منداڵ کاتێك باڵغ بووبانگ دەکرێت بۆ ناو ئیسلام، بە بەریئی دەزانن تاباڵغ دەبێت، ماڵی موخالفەکانیان بە دەسکەوت نازانن مەگەر

دوای ئەوەی کە خاوەنەکەی بکوژن پاشان دەس بەسەر ماڵەکیدا دەگرن، کۆچ کردن بە چاکە دەزانن نەك بە فەرز، کەسیٚ گوناهی گەورەی بکات کافرە.

٤- **ئیبازیـەکان:** شـوێنکەوتەی عبـدالله ی کـوڕی ئـەباز، تـا ئیسـتاش لـە هەندیٚ وڵات پەیرەوی لە هەندی بیروڕای ئەم گروپەدەکەن لەوانە (مصر) کە لە بواری یاسای باری کەسیەتی بەتایبەت تر میراتدا بەکاری دەهێنن، پێیان وایە کافر ژن و ژنخوازی لەگەڵ دەکرێت و جیاوزی دین ڕێگرێك نیە لە میرات بردن، هەرگیز نەیارانیان بە کافر نازانن، شاهدی کەسی پیٚ باوەریان قەبووڵە.

**گرتگترین بیر و ڕا کەلامیەکانی خەوارج ئەمانەی خوارەوەن.**

١- خەلیفەی موسوڵمانان دەبێت بە هەڵبژاردن دیاری بکرێت و هەموو موسوڵمانێك بۆی هەیە ئەو بۆستە وەربگرێت عەرەب بێت یان عەجەم.

٢- گوناهبار لای ئەمان کافرە جیاوزیش ناکەن لەنێوان گوناهەکاندا و ئیجتهادی هەڵە مرۆڤی پیٚ کافر دەبێت.

٣- ئیمامی عوسمان و عەلی ئەوانەی لە جەنگی جەمەل و صەفین و ئەوانەی ڕازیی بوون بە تەحکیم کافرن.

٤- بڕوایان وایە کە قورئان مەخلوقە.

٥- ڕاپەرین لەسەرکردەی ستەمکار واجبە.

**چوارەم: موعتەزیلە:** موعتەزیلە گروپێکی کەلامی ئیسلامین و دەدرێنە پاڵ واصل ی کوڕی عەتا، سەرەتای دروستبوونیان لە شاری بەصرە، دەگەرێتەوە بۆ کۆتاییەکانی دەوڵەتی ئەمەوی لە ساڵەکانی (٨٠- ١٣١هـ) بەشێوەیەکی گشتی لەسەرەتای دەوڵەتی عەباسی گەشەدەکەن، ئەم گروپە بەوە جیادەکرێنەوە کە حوکمی عەقڵ پێش حوکمی شەرع دەخەن واتە: فەزڵی عەقڵ دەدەن بەسەر فەزڵی وەحیدا، ئەم گروپە خاوەنی ڕاستەقینەی

زانستی کەلام و گفتوگۆی عەقڵین لە مێژوی ئیسلامدا، بە دامەزرێنەری مدرسەی زانستی کەلام لەناو گروپە کەلامیەکاندا دەناسرێنەوە.

**هۆکاری ناونانی موعتەزیلە بەم ناوە:**

کاتێك پرسیار کرا لە حەسەنی بەصری (ت،١١٠هـ) سەبارەت بە کەسێك کە گوناهی گەورە دەکات ئایا کافرەیان نا؟ لەم کاتەدا حەسەنی بەصری بیری دەکردەوە و پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە، واصلی کوڕی عەتا (ت، ١٣١هـ) گوتی: من ناڵێم کەسێك کە گوناهی گەورە بکات کافری ڕەهایە و ناشڵێم موسوڵمانی ڕەهایە، بەڵکو لەنێوان دوومەنزڵە کەیە، نەکافرە و نەموسوڵمانە، ئەمەی گوتووچو لەبن کۆڵەکەیەکی مزگەوت دانیش، حەسەنی بەصریش گوتی:واصلْ گۆشەگیر بوو دورکەوتەوە لیمان، هەرلەمەوە ناوی مەعتزلەیان لێنرا.

**بیروڕای گروپی موعتەزیلەکان:**

سەرەتا ئەم گروپە بە یەك جۆر بۆچوون وتێڕوانین دەرکەوتن، پاشان وردەوردە جیاوازی لەنێوانیان دروستبوو، دەرەنجام چەند بیر و ڕایەك لە نێویاندا دروستبوو، دواتر بەشێوەیەکی جوان بۆچوونەکانیان لە چوار چێوەیەکدا ڕێکخست و بەناوی پێنج بنەماکە بۆچوونەکانیان ناسرا، ئەمەش بویە هۆی خاڵی جیاوازیان لەگەڵ گروپەکانی تر، ئەوانیش بریتین لە:

١- التوحيد، ٢- العدل، ٣- المنزلة بين المنزلتين، ٤- الوعد والوعيد، ٥ - الأمر بالمعروفوالنهي عن المنكر.

**پێنجەم: ئەشعەریەکان:** ئەم گروپە شوێنکەوتەی ڕێباز و بۆچوونە کەلامیەکانی ئەبو لحەسەنی ئەشعەر (ت، ٣٢٤هـ)ین و پێشتر ئیمام ئەبو

لحسەن چل ساڵ لەسەر فکری ئیعتزال ژیا و قوتابی ئەبو علی الجبائی بووە و بڕەوی بە بۆچوونەکانی ئەو دەدا، تا ڕۆژێکیان لەبەصرە چوەسەر میمبەر و بە خەڵکەکەی گوت: ئەوەی دەمناسیٚ دیارە و ئەوەی نام ناسیٚ گوێبگرێت با خۆمی پیٚ بناسێنم من فلاٚنی کوڕی فلاٚن، پێشتر دەم گوت قورئان مەخلوقە و خوای گەورە بە چاو نابینرێت هەندی لە ئەفکارەکانی موعتەزیلەی گوت، بەلاٚم ئیستا من پاشگەز بومەتەوە لەو بۆچوونانە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ناوەناوە پرسیاری لە مامۆستاکەی دەکرد و وەلاٚمێکی تێروتەسەلەی دەست نەدەکەوت، بۆیە بەردەوام دووعای دەکرد خوا ڕێنمایی بکات بۆ ڕێگایی ڕاست، دوای ئەوە شەوێکیان لە خەویا پێغەمبەر (ﷺ) دەبینێت ئەم وەزعەی بۆ بەیان دەکات کە تێیکەوتووە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیٚ دەفەرمووێت: دەست بگرە بەسوننەتی منەوە، لەم کاتەدا بەئاگاهات، هەرئەمەوای کرد کە هەندیٚ لە زانایان دەڵێن: ئەشعەریەکان هیچ زیادەیەکیان لە ڕێبازی سەلەف نەکردووە تەنها درێژەدەرن بە ڕێبازی سەلەف لە مەسائلی ناو وسیفاتی خوای گەورە، ئەم هەنگاوەی ئەبو لحەسەنی ئەشعەری لەو سەردەمەدا کارێکی هێجگار گەورە بوو و بووەهۆی ئەوەی کە موسوڵمانان دەربازبکات لەو دەردی سەریەیی کە تێوەی گلابوون، بۆیە ئەم مەدرسیە بویە هۆکاری ئاشناکردنەوەی خەڵکی بەفەرموودە و گەڕانەوە بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) مل کەچ کردنی عەقڵ بۆ نەقڵ و وەحی خوایی، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕێبازەکەی زۆر بەزوی بلاٚو بویەوە دواجار سەدان زانای گەورە و هەڵکەوتووی زەمەنی خۆیان لەسەر ئەم ڕێبازە بمێنەوە کاربکەن.

بەناوبانگترین زانایانی ئەشعەری:

١- ئەبولحەسەنی باهلی، ٢- ئەبوبکری باقلانی، ئەبوبکری کوڕی فەورەك،٤- ئەبو ئیسحاقی ئەسفراینی، ٥- ئەبو ئەحمەدی جوینی، ٦- ئەبو

موزەفەری ئەسفراینی، ٧- ئەبو معایلی جوینی ، ٨- ئەبو حامدی غەزالی، ٩- فەخرە دینی رازی.

شەشەم: ماتوریدییەکان: گروپێکی کەلامی ئیسلامین و شوێنکەوتەی ئەبو منصوری ماتوریدی حەنەفی مەزهەبن، بە درێژەپێدەری ڕێبازە کەلامیەکەی ئیمامی ئەبوحەنیفە هەژماردەکرێن، ئەبو منصور هاوتەمەنی ئەشعەریە و بیرو ڕاکانیشیان زۆر نزیکن لە یەکتریەوە تەنها تۆزی جیاوازی ورد نەبێ جیاوزای گەورە نابینرێت لەنێوانیاندا، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی تەماشای هەردوو قوتابخانەکە بکەین دەبینین خاوەنی یەك ڕێبازن ئەوەی کە جیاوازی دروست کردووە لەنێوانیاندا تەنها هەڵکەوتەی جوگرافیایانەو هیچی تر، جیاوازی زانستی کەلامی ئەم دووقوتابخانەیە وەك جیاوازی ئیمامی شافعی و ئیمامی ئەبو حەنیفەیە لە فیقهدا بگرە کەمتریشە.

## چی فێردەبین لەم بنەمایە

١- دەستگرتن بە بۆچوونی هاوەڵاَن و شوێنکەوتانەوە واتە: بۆچوونی ئەهلی سوننە لە مەسەلەی ناو و سیفاتدا و دورکەوتنەوە لە وروژاندنی گومان و خەیاڵاَتی بیٚ بنەما.

٢- موسوڵمان دەبێت وریابێت لەو گومانانەی کە دەوروژێن سەبارەت بە بیرو بڕواکەی، خۆیشی نەبێتە هۆکارێك بۆدروستکردنی ئەو گومانانە.

٣- باموسوڵمانان دوربن لەو شوێنانەی کە جیاوازی دروستدەکەن لەنێوانیاندا وەك دەستەو تاقمی عەلمانی و لیبرالی و لادینەکان بەگشتی.

٤- ئەگەر وردە جیاوازیەك پەیدابوو لە بیرو بۆچووندا لەنێوان موسوڵماناندا باهاوکاری یەکتربن بۆ بنبڕکردنی و دەسگیرۆیی یەکتربن لەسەر ئەو خاڵاَنە کە هاوبەشن، هەمیشە عوزریش بهێننەوە بۆیەکتری لەسەر خاڵە ناکۆکەکانیان.

٥- دورکەونەوە لە تەفسیر کردنی ئەو ئایەتانەی کە بە ئایەتی موتەشابە ناسراون، بە ڕەئی و بی زانست تەفسیری نەکەن.

٦- باموسوڵمانان بەردەوام زمانیان پاراو بێت بە گوتنی (لاإله الا الله) و (سبحان الله).

٧- دەبێت ئەوە یەقین بێت بە لامانەوە هیچ ئەم لاو ئەولای تیانەکەین کە خوا تاك و تەنهایە بیٚ شەریك و هاوەڵە و لەکەس نەبووە و کەسیشی لیٚ نابێت هاو شانی نیە، هیچ شتێکیش لەو ناچێت و بیسەر و بینایە.

# بنەمای یانزەهەم

## چییەتی بیدعە و چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەی

وَكُلُّ بدعةٍ فِي دينِ اللهِ لا أصلَ لَها ـ إسْتَحْسَنَها الناسُ بأهوائِهم سواءٌ بالزيادةِ فيهِ أو بالنقصِ مِنْهُ ـ ضلالةٌ تجبُ محاربتُهاوالقضاءُ عليها بأفضلِ الوسائلِ التي لا تؤدي إلى ما هو شرٌّ منها.

......................................

**پوختەی بنەماکە**

هەموو داهێنرا و بیدعەیەك لە ئاینی خوادا بێ بنەما بێت و خەڵكی لەسەر خواستی خۆیان بە جوانیان زانیبێت، ئەم بەجوان زانینەش بەزیادكردن بێت یان بەكەم كردن، چەواشەكاری و سەرلێشێواندنە، ڕووبەڕوو بوونەوەی و دژوەستانەوەی واجبە، لەڕەیشەدەرهێنانی بە هۆكارانێك بێت كە سەر نەكێشێت بۆ خراپتر لە داهێنرا وەكە.

## دەروازەی چوونە ناو بابەتەکەوە

ئەگەر بمانەوێت لەهەر دین وئاینێك بڕوانین و بە قووڵی ڕۆبچین بەناو ئەو دەق و تێکستنانەی کە لەسەری بوونیادنراوە، دەبێت بزانیین ئایا ئەو دەقانە ئاسمانین یاخود زادەی بیروهۆشی مرۆڤن؟، ئەگەر ئاسمانین و بەوەحی گەیشتوەتە لای پەپامەبەرەکەی و پاشان بۆ گەلەکەی، ئەوکات تەماشا دەکرێت ئەگەر بڕیاری خوای لەگەڵدا بێت بۆ خلود و مانەوەی ئەوە ئیتر هەرگیز قابلی دەستکاری و کەموزیاد کردن نییە، خۆ ئەگەر بڕیاری پاراستن و بەردەوامی خوایی لەگەڵدا نەبوو ئەوە هەمووکات و شوێنێك دەستکاری و کەموزیادی بۆ دەکرێت بەجۆرێ کە شوێنکەوتوانی دەیخوازن، ئەم دەستکاری و زیادوکەم کردنە خودی بیدعەتە و لەمە زیاتر بیدعە بوونی نییە، ئەمەش لە کتێبە ئاسمانیەکانی وەك تەورات و ئینجیل، کە بەردەوام دەستکاری و گۆڕانکاریان بەسەردا دێت بە جۆری چاپی سەد ساڵی پێش ئێستەیان لەگەڵ ئەوەی کە لە بەردەستماندایە سەدان جیاوازییان تیابەدی دەکرێت، جگە لەمەش، ڕێچکە و مەزهەبە یەهودیەکان جیاوزیشیان هەیە لەسەر ژمارەی سفرەکان، بە جۆرێك سامریەکان دەڵێن: تەنها پێنج سفرەکەی حەزرەتی موسی و کتێبی یوشع بن نون، سفری قضات، تەواوە و پشتی پێ دەبەستین، عیبرانیەکان دەڵێن: ئەوەی کە بەلای ئێمەوە جێگای دڵنیاییە و پشتی پێ دەبەستین بیست وچوار سفرە، مەسیحیەکانیش بە هەمان شێوە جیاوزیان هەیە لەسەر بەدروست زانینی تەورات و عەهدی قەدیم، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر سیی وحەوت سفر کۆکن لە باقی سفرەکانی تر

جیاوازیـــان هەیـــە، بڕۆتســـتانتیەکان دەڵـــێن: تـــەنها ئـــەوەمان قەبوڵـــە کـــە یەهودیـەکان لەسـەری کـۆکن. کاسـۆلیکیەکان دەڵـێن: ئـەوەی ئێمـە لەسـەری کـۆکین چـل سـفرە، ئـەم جیاوازیـەش سـەری کێشـاوەتە نـاو بڕگـە بەبڕگـەی ژمـارەی ئیسـحاحەکان وعـەدەدەکان، بەتایبـەتی تـر لـە بڕگـەی خواناسـی و تێڕوانینیـان بـۆ خـوا و پێغەمبـەران و بـاس و خواسـی مـردن و ڕۆژی دوایـی وهەڵسوکەوتی باری کەسیەتی ودەیـان پەیوەنـدی تـری لـەم جۆرە،[٢٥٥] ئەمـەش بۆیـە سـەری هەڵـداوە چـونکی بڕیـاری پاراسـتنی ئاینەکـە نـەدراوە لەلایـەن خواوە، هەرئەمەشەوای کردووە کە لەناو دیندا زەمینـەی سـەر هەڵـدانی بیدعـە پەیـدابێت و ریشکەشـی هـەر لێـرەوە سەرچـاوەی گرتـووە، چـونکە ئـەم زیادوکەم کردنـە لـە سفر و ئیسحاحەکاندا نەوەساوە و تێڕوانینیـان بەرامبـەر بەمەسـائله عەقەدییـەکان گـۆڕاوە، بۆیـە لـە مێـژووی موسـوڵمانانیش کاتێـك دەسـتە و گروپـانێکی وەك جەهمیـەکان وموجەسـەمەکان و موشـەبەهەکان و هاوبیرەکانیـان پێـدادەبن ودەبنـە سەرچـاوە و لانکـەی بیدعـە و بیدعـەکاری، هەرچـەندە خـوای گـەورە بڕیـاری پاراسـتنی خـودی قورئـانی داوە و یەکـەم سەرچاوەی تەشریعی ئیسـلامییە و بـەهیچ جـۆری قـەبووڵی کـەموزیاد ناکـات ولـە توانـای هـیچ کەسێکیشـدا نییـە زیادوکـەمی پێبکـات، بۆیـە هـەر زیادەیەك لـەم دینـەدا بکرێـت پەسـەند نییـەو ڕەد کراوەیـە و هـیچ حـوکمێکی لەسـەر نادرێـت، ئەمـەوای کـردووە قورئـان وەك شـاکارێکی زینـدوو بـەردەوام نـووری خۆی پەخشبکات و ببێتە ڕۆح بۆ پەروەردەکردنی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە.

کاتێـك کـە تەماشـای قورئـان دەکـەین دەبیـنین خـوای گـەورە بڕیـاری پاراستنی ئەم قورئانەی داوە بۆیە گۆڕان و جیاوازیـەکان سـەبارەت بـە قورئـان

---

[٢٥٥]– بڕوانە: توراة اليهود: للإمام ابن حزم الأندلسي، رتبه وعلق عليه: عبد الوهاب عبد السلام الطويلة:٣٦–٣٧. الطبعة الأولى: دار القلم(١٤٢٥هـ٢٠٠٤م–.

جەوهەری نین و ئەوەندە هەیە لە جۆری تەفسیر کردنی هەندێ لەئایەتەکان هەندێ جار لەی زانایان جیاوزیان هەیە ئەوەش لە بەر ئەو مرونەتەیە کە خودی قورئان دەیبەخشێت و هۆکارەکانیشی لە بنەماکانی پێشودا بەجوانی باس کردووە، ئەمەیە وایکردووە کە قورئان هەرشتێك پێداویستی مرۆڤ بێت بە شێوازی جۆرا و جۆر باسی کردووە و ڕێگری کردووە لە زیادەڕۆیی و پەنا بردنەبەر شتیتر و داهێنراوی تازە، چونکە باسی ئەو شتانەی کردووە کە گۆڕانیان بەسەر دانایە، ئەو بوارانەش کە بەهۆی پێداویستی ڕۆژانەوەجیاوازی کات و شیوێن دەیخوازن گۆڕانیان بەسەردا بێت، بە کورتی باسی کردون و بواری ئەوەی ڕەخساندووە کە گۆڕانیان بەسەردا بێت وداهێنانیان تێدا بکرێت، بۆیە هەمووشتێکی تازە بیدعە نیە و هەر شتێکیش بیدعە بێت پێچەوانەی بنەماکانی قورئان و فەرموودەی دروست وصحیحە.

هەمووداهێنراوێك کە ریشکێکی نەبێت لە دینی خوادا– لە ئاینی ئیسلامدا– خەڵکی بە ئارەزووی خۆیان وداخوازی هەواو هەوەسیان زیادیان کردبێت یان وەلایان نابێت، ئەوە لادانە لەدین و ڕێگە و ڕێبازی پێغەمبەر (ﷺ)و بەرەنگار بوونەوەی تا ئەندازەی لە ناو بردنی واجبە،ودەبێت بە ڕێگاو هۆکاری تایبەت بەخۆی ئەوکارە بکرێت، نەك ببێتە هۆی پەیدابوونی ئاژاوە و پشێوی لە کۆمەڵگەدا و ئەو دەستبردنە نەبێتە هۆی ئەوەی لە خودی بیدعەکە زیاتر زەرەر بدات، کەواتە دەبێت بە باشترین شێوە بەرەنگاری ببینەوە کە ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی کاری دەوڵەتە و دەبێت موسوڵمانان ئەوەندە هۆشیاربن تا بتوانن بگەنە ئاستی بڕیار و قەرار لەناو دامودەزگای دەوڵەتدا بۆ ئەوەی جەوهەری پەیامەکەیان کە چاکسازی و دادپەروەری و چەسپاندنی قییەم و ڕەوشتە بەرزەکانە لە کۆمەڵگەدا بەرجەستەیان کەن.

- **مێژووی سەرهەڵدانی زاراوەی بیدعە لە ئیسلامدا**

بۆ زانینی مێژوی سەرهەڵدانی وشەی بیدعە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ زەمەنی دابەزینی وەحی وسەرهەڵدانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام وفەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەر (ﷺ) نامەوێت لێرەدا بچمە سەر ئەوەی کە قورئان وشەی (بدع، بدیع، محدث) بەکارهێناوە چونکە لە قورئاندا کاتێك باسی ئەووشانە دەکات واتە داهێنانێك کە لەپێشدا وێنەیان نەبوو بێت، ﴿بَدِيعُ السَّماواتِوالْأَرْضِ﴾[256] یاخود دەفەرموێت:﴿ قُلْ مَا كُنْتُ بِدْعاً مِنَ الرُّسُلِ﴾([257])بۆیە دەگەڕێینەوە بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و چەند فەرموودەیەکمان هەن کە ئاماژە بەم زاراوەبکەن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە لەسەردەمی پێغەمبەری خواوە ئەم زاراوەیە هاتوەتە ئاراوە وەك زاراوەیەك کەماناو مەفهومی تایبەتی خۆی هەبێت، بەدەر لەمانا زمانەوانیەکەی، لەو فەرمودانەی کە ئاماژە بەم زاراوەدەکەن.

١- دایکمان عائیشە (ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) لە پێغەمبەری خواوە(درودی خوای لەسەر) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی:" من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد"[258] لە ریوایەتەکەی ئیمامی موسلیم دا بەم جۆرە هاتووە:" من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد".

٢- جابری کوڕی عبد الله ( ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) دەڵێت: پێغەمبەر لەووتاردا دەیفەرموو:" أما بعد فإن خير الحديث كتاب اللهوخير الهدى هدى محمد(ﷺ)وشر الأموری محدثاتهاوكل بدعة ضلالة"[259].

---

٢٥٦- سورة البقرة: ١١٧.

٢٥٧- سورة الاحقاف: ٩

٢٥٨- أخرجه البخاري: في كتاب البيوع: باب النجش ٢٩٨/٤ ، ومسلم: في كتاب الأقضية: باب نقض الأحكام الباطلة، رقم (١٧١٨-، وأب و داود: في كتاب السنة: باب لزوم السنة ٥٠٦/٢، وابن ماجة في المقدمة: باب تعظيم حديث رسول الله (صلى الله عليه وسلم- رقم ١٤.

٢٥٩- أخرجه مُسلم: كتاب الْجُمُعَة: بَاب تَخْفِيف الصَّلَاة وَالْخطْبَة، رقم ٨٦٧.

٣- ئیمامی عومەر (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) کاتێك بڕیاری بەکۆمەڵ ئەنجامدانی نوێژی سوننەتی تەراویحی دا و بینی ئاوا ڕێکوپێك تروج وانتره فەرمووی:" نعمت البدعة هذه"[٢٦٠] .

لە ڕوانگەی ئەم دووفەرموودەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوشەی بیدعە سەرەتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەکاری هێناوە، لە فەرموودەی یەکەمدا وشەی (أحدث)ی بەکارهێناوە مەبەست پێی داهێنان وزیادەیەکە لەخودی دین، لە فەرموودەی دووەمدا ڕاستەوخۆ وشەی بیدعەی بەکارهێناوە، ئەگەر بەوردی تەماشای هەردوو فەرموودەکە بکەین مەبەست لە بەکارهێنانی وشەکە داهێنانە لە خودی دین وشتێك کە خوا و پێغەمبەر (ﷺ) نەیان فەرموو بێت بەسەرچاوەی بڕیاری شەرعی بزانرێت، ئەمە لەڕوی بەکار هێنانی زارا وەکەوە، بەلاَم لەڕوی تێگەیشتن وسەرهەڵدنی بیدعە لەمێژوی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فیتنەی شەهید کردنی ئیمامی عوسمان (ڕەزای خوای لەسەر بێت) ئیتر و ردەوردە جیاوازی و تێگەیشتنی جۆراوجۆر پەیدابوون، کەئەم جیاوازیە بەسەرەتا ترینی سەر هەڵدانی بیدعە هەژمار دەکرێت، دوای شەهید بوونی ئیمامی عوسمان بەیعەت درا بە ئیمامی عەلی کەهەر چەند ئەو خۆی لە مەسەلەی بە ئیمام وخەلیفایەتی دورەپەریزی دەکرد بەلاَم دەرەنجام زۆرینەی خەڵکی مەدینە بەیعەتیان پێدا، دواتر روداوەکانی(جەمەل و صەفین) وەك مێژوو دەیگێڕێتەوە ڕویاندا و پاشان بیدعە چیەکان وەك گروپ دەرکەوتن لەوانە گروپ و تاقمی خەوارج وشیعە و مورجیئە، ئەمانە دەستبەکاربوون تا کۆتاییەکانی سەردەمی بەنی ئومەیە لەو دەمەدا کەسێك بەناوی (مەعبەدی کوڕی جەهم) کە مەسەلەی قەدەری وروژاند

---

٢٦٠- تاريخ المدينة لابن شبة: لأبي زيد عمر بن شبة بن عبيدة بن ريطة النميري البصري،(ت ٢٦٢هـ-حققه: فهيم محمد شلتوت (١٣٩٩ هـ-.

و دواتر قوتابیەکەی( جەهم ی کوڕی صەفوان) سەریهەڵدا و نەفی کردنی ناو و سیفەتەکانی خوای وروژاند، دواتر لەسەردەمی ( مأمونی کوڕی هارونە ڕەشید) موعتەزیلە پەیدابوون و مەسەلەی خەلقی قورئانیان هێنایەکایەوە کە ئەمەش ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دینی یەهودیەت و مەسیحیەت، دەرەنجام ئەو نەهامەتییەیان هێنا بەسەر ئیمامی ئەحمد و چەندان زانا و ناوداری ئومەتی ئیسلامی کە لەمێژودا زۆر دیارە.

وشەی (کل) کە لە بنەماکەدا هاتووە، لەفزێکی گشتیەوە تەواوی تاکەکانی دەگرێتەوە چونکە دراوەتە پاڵ نەناسراو نەکیرە کەوشەی (بیدعە)یە.

## پێناسەی بیدعە:

### وشەی بیدعە لە زمانەوانیدا:

مانا زمانەوانیەکەی بیدعە گشتگیر ترە وەك لەوەی لە شەرعدا پێناسەی بۆکراوە، چونکە لە زمانەوانیدا بیدعە بە هەمووشتێکی تازە و داهێنراو دەگوترێت جوان بێت یان ناشیرین، وەك ئیبن منظور لە لسان العرب دا دەڵێت: من بدع الشيء يبدعه بدعاً وابتدعه أنشأه وبدعه، البديع الشيء الذي يكون أولاً[261].

دەی کاتێك لە شەرعدا باسی بیدعە دەکرێت مەبەست بە مانا زمانەونیەکەی نییە، خەڵکانێك کە ئەمە نازانێت ئیتر بەئارەزوی خۆی هەر شتێکی بینی بڕیاری بیدعەی بۆ دەدات و بکەرەکەی بە گومڕا دادەنێت، چونکە بیدعە ئەوەیە کە پێچەوانەی سوننەت و ڕێنمایی پێغەمبەر بێت (ﷺ).

(مُحدِث)ش ئەوەیە کە سەرەنجام بەرەو نەزانین و گومڕاییت ببات، کە ئەمە بۆ چونی تەواوی زانایانە.

---

٢٦١- لسان العرب: لابن منظور، جـ١/١٠٧.

**پێناسەی بیدعە وەك زاراوە:**

پێناسـەی زانایـان بـۆ بیدعـە جۆراوجـۆرە هـەنێکیان وا پێناسـەیان کـردووە کـە زۆر شـت بگرێتـەوە و هەندێکیشـیان بـەکورتی و بەرتەسـك پێناسەیان کردووە و تایبەتیان کردووە بەشتێکی دیاریکراوەوە، دەرەنجام کاتێـك تەماشـای پێناسـەکان دەکـەی دەبینـی جیاوزیەکـە تـەنها لـەو وشـەو دەسـتەواژەکانە ئەگـەرنا هـەمووکۆکن لەسـەر ئـەوەی کـە بیدعـە دژی شـەرعی خوایـە، بـەڵام لـە هەنـدی وردەکـاری فەرعیـدا جیـاوازن و ئـەم جیاوازیـەش دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی ئەو زانایانە، وەك تـەواوی مەسـەلە ئیجدهادیـەکان کە زانایان بۆچونی جیاوازیان هەیە لە یەك شتدا. بەکورتی: بیدعە بریتیە لـەو داهێنراوە تازانـەی دوای دابـەزینی وەحـی خوایی بـەنیازی نزیك بوونـەوە لـە خـواو بەنیـەتی بەندایـەتی کـردن بـۆ خـوا بـەجۆرێك کـە نـە پێغەمبـەر (ﷺ) کردبێتی ونە فەرمانی بەکردنی دابێت و نـە ئاماژەیـەکیش هـەبێت بۆ کردنیـان و هاوەڵانیش نەیان کردبێت.

**بە شێوەیەکی گشتی زانایان سەبارەت بە بیدعە دوو بۆچوونیان هەیە:**

**بۆچوونی یەکەم:** لۆمەی بیدعە و بکەرەکەشی دەکەن و دەشڵێن: هەموو داهێنراوێك گومڕایی و سەر لێ شێواوییە، جا ئەو داهێنراوە لە ڕووی عورف و عادەتـەوە بێـت یـاخود لـە ڕووی عیبادەتـەوە بێـت، لەوانـە ئیمـامی مالـك، الشاطبي، الطرطوشي، لە حەنەفیەکان: الشمني،والعيني، لـە شـافعیەکانیش: البيهقي، ابن حجر العسقلاني، ابن الحجر الهيثمي، لـە حەنابیلـەکانیش: ابن رجـب، ابـن تيميـة، ڕونتریـن پێناسـەیەکیش کـە لەسـەری بـڕۆن پێناسـەکەی پێشەوا شاطبي یەوئەمیش بە دووجۆر پێناسەی کردووە.

**یەکەم:** داهێنان وزیادکردن لە خودی دیندا، مەبەست بەمە ئەوەیە کەسێك زیادە ڕۆیی بکات لە بەندایەتیدا کە شەرع وای نەفەرموو بێت، لەم پێناسەوە بۆمان دەردەکەوێت کە داهێنان ڕوناکاتە عادەت و تەقالید و هەڵسەکەوتی ئاسایی، کەواتە بیدعە تایبەتە بە پەرستشەکانەوە نەك داهێنان لە شتی دونیایی.

**دووەم:** پێناسەی دووەم پێچەوانەی پێناسەی یەکەمە، داهێنانە لە خودی دین و لەڕێگەی هەڵسوکەوت وعادەت وتەقالیدەوە نەك عیبادەت، لەم پێناسەیەدا سلوك ونەریت داخڵ دەبێت ودەیگرێتەوە.

**بەڵگەکانی ئەم دەستەیە لەسەر لۆمەکردنی بیدعە:**

١- پێش ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوای بکات خوای گەورە وەسفی دینی ئیسلامی واکردووە کەتەواو بیّ کەموکورتییە، وەك لەسورەتی مائدە ئایەتی سێدا دەفەرمووێت: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي ورَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلامَ دِيناً﴾[٢٦٢] بۆیە داهێنان لەدیندا بڕیاردانە بەوەی کە خوا پەیامێکی ناردووە و پێویستی بەوە هەیە کە زیادی بۆ بکرێت ودانانە بەکەمووکورتی دینەکە دەی ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە خوا فەموویەتی، لەم ڕۆژەدا ئاینەکەم بۆ تەواوکردن هیچ کەموکرتێکی تیانییە، ڕەزامەندم بەوەی ئیسلام ببێتە بەرنامەو پرۆگرامی ژیانتان.

٢- قورئان بەشێوەیەکی گشتی لۆمەی ئەوکەسانەی کردووە کە لە ڕێباز و بەرنامەی ئیسلام پەرگیریان کردووە و ڕێگەیان گۆڕیوە وەك

---

٢٦٢- سورة المائدة: ٣.

دەفەرمووێت:﴿وأَنَّ هَذَا صِراطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ ولا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذلِكُمْ وصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾[263].

٣- هەموو ئەو فەرمودانەی کەلۆمەی بیدعەکاران دەکات لەوانە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت"...وإيّاكم ومحدَثاتِ الأمورِ فإنَّ كُلَّ محدثةٍ بدعةٌ وكلَّ بدعةٍ ضلالةٌ"[264].

**بۆچوونی دووەم**: لای دەستەی دووەم بیدعە بە هەمووشتێکی تازە و داهێنرا و دەگوترێت کە لە قورئان و فەرموودەدا باس نەکرابێت، جا ئەم شتە نوێیە لە بەشی بەندایەتی وپەرستش بێت یان عادەت و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە بێت، ئەو کارە دەکرێت جوان بێت یان ناشیرین وەك یەکە، خاوەنی ئەم بۆچوونەش ئیمامی شافعی و عیزی کوڕی عبد السلام وئیمامی نەوەویی و ئەبو شامە، لە مالکیەکانیش قەڕڕافی و زەرقاویی، لە حەنەفیەکانیش ئیبن عابدین، و لە حەنبەلیەکانیش ئیبن جەوزی و لە زاهریەکانیش: ئیبن حەزم، ئەمانەش هەمویان پێناسەی عیزی کوڕی عبد السلام پەسەند دەکەن و لەسەری دەڕۆن کە بەم جۆرە پێناسەی کردووە: بریتیە لەو کارەی کە لەسەردەمی پێغەمبەردا نەکرابێت، هەرکارێکیش کە دەکرێت پێنج حوکمە تەکلیفیەکی بەسەردا داگرندە دەبێت، واتە بیدعەش پێنج حوکمی هەیە، لەوانە: بیدعەی واجب، بیدعەی حەرام، بیدعەی مەندوب، بیدعەی مەکروه، بیدعەی موباح، نموونەش بۆ هەموویان بەم جۆرە دێننەوە:

---

٢٦٣- سورة الانعام: ١٥٣.

٢٦٤- أخرجه أب و داود في كتاب السنة، باب لزوم السنة، رقم (٤٦٠٧-، والترمذي في كتاب العلم: رقم (٢٦٧٨- وإسناده صحيح، وأحمد في المسند ١٢٦/٤، ١٢٧، وابن ماجة في المقدمة، باب اتباع سنة الخلفاء الراشدين، رقم ٤٢.

١- بیدعـــەی واجـــب: وەك فێربـــوون و خوێنـــدنی زانســـتە و زانســـتی زمانەوانیـەکان لـەزمانی عـەرەبی وەك نـەحوو، صـرف، بەلاغـە، ئینشـا.. بـۆ ئـەوەی لـە قورئـان و فـەرمووده حـاڵببین، چـونکە تـەنها کەسـێك دەتوانێـت ڕاستەوخۆ لەقورئان و فەرمووده حاڵیببێت کە ئەم زانستانەی خوێند بێت و بیانزانێت، جا ئەو کەسە بەڕەچەڵەك عەرەبێت یان غەیرە عەرەب، دەی خۆ حاڵی بوونیش لە قورئان وفەرموودەش واجبە قاعیدە ئوصولیەکەش دەڵێت: مالا يتمّ الواجب إلا به فهوواجب[٢٦٥].

٢- بیدعـەی حـەرام: وەك بـوونی ئـەو گـروپ و ڕێچـکانەی کـە لەمێـژووی ئیسـلامیدا ناسـراوەن لەوانـە گروپـی قـەدریی وجەبریـەکان ومورجئیـەکان وخـەوارج وشـیعە و لـەم سەردەمەشـدا بـوونی ئـەو گروپانـەی کەلـە لەبیدعـە دادەژین زۆرن و لە ژمارەنایەن دیارترینیان بیدعەی حکومکردن بە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی و ملکەچ کردن بۆ حاکمانێك کە دورن لـە جێبەجێکردنی بنەماکانی دادپەروەری و ڕۆحی شەریعەت و بەوەلی ئەمر هەژمارکردنیان.

٣- بیدعەی مەندوب: کۆکردنەوەی موسوڵمانان لـە نوێـژی تـەراویح و بـە کۆمـەڵکردنی ئـەو نوێـژە کـە پێشـەوا عومـەری کـوڕی خـەتاب ئەنجامیـدا و فەرمووی ئەمە باشترین بیدعەیەکە کە ئەنجاممماندا.

٤- بیدعەی مەکروه: وەك ڕازاندنەوەی ناو مزگەوتەکان بەشتی جۆروجۆ لەوانە وێنەو پەڕۆ نووسراوی زۆر و شتی لەو بابەتە.

---

٢٦٥- بڕوانـە: المستصـفى: لأبـي حامـد محمـد بـن محمـد الغزالـي الطوسـي (ت ٥٠٥هـ-، تحقيق: محمد عبد السلام عبد الشافي: ٢١٧. الطبعة: الأولى، دار الكتب العلمية، (١٤١٣هـ - ١٩٩٣م-.

٥- بیدعـەی موبـاح: وەك تەوقـەکردنی نوێـژ خوێنـان ڕاسـتەوخۆ دوای سەلامدانەوە و ئەنجامدانی ئاهەنگی یادی مەولود.

**پاڵ پشت بەم بەڵگانە بیدعەیان دابەشکردووە بەسەر ئەم پێنج بەشەدا:**

- کۆکردنـەوەی موسـوڵمانان وئەنجامـدانی نوێـژی تـەراویح بـە کۆمـەڵ لـە مزگەوتدا وەك ئیمامی عومەر فەرمووی:" نعمت البدعة هذه" ئەمە بەڵگەیە بۆ بیدعەی مەندوب ڕێگە پێدراو.

- ئەنجامدانی نوێژی چێشـتنگا بـە کۆمـەڵ ئیبن وعومەر(ڕەحمـەتی خـوا لـە خـۆی و بـاوکی بێـت) نـاویبردوە بـە بیدعـە، هـەر چـەندە لـە ڕواڵەتـدا کـارێکی جوانـە، موجاهـد بۆمـان دەگێڕێتـەوەودەڵێت: لەگـەڵ عـەورەی کـوڕی زوبـێردا چووینە مزگەتـەوە و عبـد الله کـوڕی عومـەر لـە ژورەکـەی دایکمانـدا عائیشـە دانیشـت بـوو، و هەنـدێك لـە خـەڵکیش لـە مزگـەوت نوێـژی چێشـتنگایان بـە کۆمەڵ دەکرد و ئێمەش پرسیارمان لە عبد الله ی کوڕی عومـەر سـەبارەت بـەم نوێـژە کەبـە جەماعـەت دەکرێـت ئـەویش فـەرموی ئەنجامـدانی ئـەم نوێـژە بـە جەماعەت بیدعەیە.

- فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفـەرموێت: "مَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً حَسَنَةً كَانَ لَهُ أَجْرُهَا وأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بَعْدِهِ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْتَقِصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًاومَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً سَيِّئَةً كَانَ عَلَيْهِ وِزْرُهَا و وِزْرُ مِنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بَعْدِهِ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْـتَقِصَ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْئًا"[٢٦٦] لەم فـەرموودەوە بۆمـان دەردەکـەوێت کـە بیدعـە دووجـۆرە بیدعەی حەسەنە و بیدعەی سەیئە.

٢٦٦- أخرجه مسلم، في كتاب الزكاة، باب الحث على الصدقة ول و بشق تمرة أ و كلمة طيبة، رقم (١٠١٧-، والنسائي، في كتاب الزكاة، باب التحريض على الصدقة، ٥ / ٧٥ و ٧٦.

لەم دووپێناسەیەوە کە ئەم دوودەستەیە لە هەڵکەتوانی ئەم ئومەتە بۆ ئەم زاراوەیان کرد، تێدەگەین کە هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە شتێك بە نیەتی پەرستش بکرێت خوا و پێغەمبەری خوا فەرمانیان بەکردنی یان نەکردنی نەکردبێت ئەوە دەچێتە قاڵبی بیدعە و زیادەوە کە ئاینی ئیسلام پێویستی بەو جۆرە زیادەیە یان کەمکردنە نییە و تاقیامەتیش هەرکەسێك لەم جۆرە کارانە ئەنجامبدات کارەکەی ڕەد کراوە ووەرنەگیراوە، چونکە زانایان ئەوەیان بڕی وەتەوە کە ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بە پەرستش و عیبادەتی خواوە، ئەسڵ تیایاندا شوێن کەوتنی پێغەمبەرە(ﷺ) و دەست بەرنەدانە لەو ڕێگەیە، ئەوشتەش کە پەیوەستە بە کاروباری دونیا و دەستخستنی بەرژەوەندی مرۆڤەکان ئەسڵ تیایاندا هەوڵدان وداهێنانە لەوبوارەدا، مرۆڤی موسوڵمانان چەندە بۆی دەکرێت و چۆن دەتوانێت هەوڵی پێشخستنی ژیان و شار و وڵاتی بدات دەبێت کەمتەرخەمی نەکات هەر هۆکارێکیش کە دەبێتە هۆی پێشخستنی شارستانیەتی ئیسلامی دەبێت موسوڵمانان لە دەستخستنی نکوڵی نەکەن چونکە ئەوە گوم بووی موسوڵمانانە و دەبێت نەسرەون تا دەی دۆزنەوە و دەستی دەخەنەوە، بۆیە دکتۆر یوسف قەرزاوی دەڵێت : هەرشتێك لە دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) سەری هەڵداوە پێ ناگوترێت بیدعە، چونکە موسوڵمانان شتی زۆریان داهێناوە لەسەردەمی پێغەمبەریشدا نەبوون پێشی ناگوترێت بیدعە، وەك بانگی دووەمی لە نوێژی هەینیدا بۆ ڕێبواران لەکاتی فراوان بوونی شاری مەدینە، یان سەرهەڵدانی خوێندنی زانستەکان لە مزگەوتەکاندا، کەئەمانە هیچکامیان لەسەر دەمی پێغەمبەردا نەکراون و پێشیان نەگوتراوە بیدعە، وەك ئەوەی لە ئەمڕۆدا بەرگوێمان دەکەوێت، چونکە مەبەست و مەقصەدی شەریعەتی ئیسلام پاراستنی بەرژەوندیەکانی مرۆڤە و ئەوشتانەش کە

لەدوای وەفاتی پێغەمبەر کراوون پێداویستیەکانی مرۆڤ و بەرژەوندیەکانی وایکردووە کە ببنە ئەرکی موسوڵمانان و ئەگەر نەیان کەن گوناهبار و کەمتەرخەمن.

## هۆکارەکانی دروستبوونی بیدعە:

گەلێك هۆکارهەن بۆ سەر هەڵدانی بیدعە و دروستبوون و ترازان لە ڕاستە ڕێگە ئەگەر بمانەوێت دەست نیشانیان بکەین و لەسەریان بوەستین زۆری دەوێت، چونکە لە زەمەنێك بۆ زەمەنێکی تر دەگۆڕێت وهەندی جار هۆکارەکان نامێنن ولە هەندێ شوێنی تر سەر هەڵدەدانەوە لە بەرگ و ڕەنگێکی تر و بەناو و نازناوی جیاوازتر، لەبەر ئەوە ناتوانیت هۆکارەکان بەیەکجاری لەیەك کاتدا دەستنیشانی بکەین، بۆیە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو دووخاڵەی کە پێشەوا حەسەن بەننا لەم بنەمایە باسی کردوون:

١- شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوەکان، خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ هُو الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ ﴾[٢٦٧].

ئایەتەکانی قورئان لەلایەن زانایانی تەفسیر و زانستەکانی قورئان پۆلێن بەندیان بۆ کراوە و کردویانن بەدوو بەشەوە (موحکەم و موتەشابە)، ئەو ئایەتانەی کە بە موتەشابە ناسراون ئەگەر خاوەنی زانست و زانیاری ئەوتۆ نەبیت لە زانستەکانی قورئان ناسی وتەفسیر ئەوە هەر هەوڵێك بدرێت بۆ دەرککردن بەماناکانیان مانای ڕاستی و حەقیقەتی ئەو ئایەتانەت دەستناکەوێت تەنها ئەوەندە نەبێت کە لەگەڵ حەز و ئارەزوەکانتدا ڕێکیان بخەیت، بۆیە ئەو جۆرە کەسانە کەسەر قاڵن بەوردکردنەوەی مانای ئەوئایەتانە بە ئارەزوی خۆیان و بێ زانست و زانیاری بە ئەهلی ئارەزو و هەوا دەناسرێن.

---

٢٦٧- سورة آل عمران: ٧.

٢- کـەم تفـاقی لـە زانسـت و زانیـاری و ڕۆنەچـون لـە زانسـت بۆیـە خـوا دەفەرموویێت:﴿والرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا ومَا يَـذَّكَّرُ إِلَّـا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ [٢٦٨] . ئەوانەی کە بەجوانی ڕۆچوون بە ناو زانسـت و زانیاریـدا و خـاوەنی زانسـتێکی تـەواون دەڵـێن: خوایـە ئیمانمـان هێنـاوە بـەوەی کـە لای تۆیـە و تـۆدات بەزانـدوە، لـە (موحکـەم و موتەشـابە) بۆیـە تێڕوانینـی ئـەم دەستەیە بۆ ئـەو ئایەتانـەی کـە موتەشابهن مـوافقی زانسـت و زانیاریەکەیانـە، نـەك بـەئارەزو و خواسـتی خۆیـان مانایـان بکـەن پێـوەر لای ئـەمان زانسـت و زانیاریـە، بۆیـە بـەجوانی سـەریلێدەردەکەن و دور دەکەونـەوە لـە سـازدانی زەمینەی سەرهەڵدانی بیدعە.

## بەرەنگار بوونەوەی بیدعە

کاتێك ئەوە ڕون بویەوە کە بیدعە بریتییە لەوەی کە کەسێك بانگەشـەی ئـەوەبکات کـە زیادەیـەك یـان کەمییـەك لـە فـەرمانی خـوا و قەدەغـە کراوەکـانی خـوا هەیـە، و دەبێـت چارەسـەری بکـەین، ئەوکاتـە ئـیتر واجبـە لەسـەر موسوڵمانان بەرەنگاری ئەو جۆرە بانگەشانە ببنەوە، وەك ئەوەی لە بنەماکـەدا دیارە(محاربتها والقضاء عليها) چونکە چەند فەرموودەیەکمان هەن کە لۆمـەی بیدعـە دەکـەن و ئامـاژە بەوەدەکـەن کـە دەسـتگرتن بـە بیدعەتـەوە گـومڕایی و لەڕێگە دەرچونە، ئیبن مەسعود بۆمـان دەگێڕێتـەوە (ڕەحمـەتی خـوای لەسـەر بێـت) ودەڵێـت: پێغەمبـەر(ﷺ) دەفـەرموویێت: ( إنمـا همـا إثنتـان: الكـلام والهـدي، فأحسـن الكـلام كـلام الله وأحسـن الهـدي هـدي محمـد، ألاوإيـاكم ومحـدثات الأمـور، فإن شـر الأمـور محـدثاتها وكـل محدثـة بدعـة وكـل بدعـة ضـلالة)[٢٦٩]، مەترسـی سـەر هەڵـدانی بیدعـە و باپەنـدبوون پێیـەوە

---

٢٦٨- سورة آل عمران: ٧.

٢٦٩- أخرجه ابن ماجه (١٨/١ ، رقم ٤٦- والطبراني (٩٦/٩ ، رقم ٨٥١٨- .

لەوفەرموودەوە سەرچاوە  دەگرێت کە دەفەرموویێت: "مَن سَنَّ في الإسلامي سُنَّةً حسنةً فَلَه أجرُهاو أجرُ من عَملَ بها بعدهُ من غير أن ينقُصَ من أجُورِهِم شيءُ،ومَن سنَّ في الإسلام سُنَّةً سَيّئةً كانَ عليهِوزرها ووزرُ مَن عملِ بها مِن غير أن ينقُصَ مِن أوزارِهِم شيءُ" لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مەترسی سەرهەڵدانی بیدعە ئەوەنیە کە تەنها یەك کەس گیرۆدە دەبێت پێیەوە نەخێر ئەم دەردەکوشندە دەبێتە مۆتەکەی فیکری و لەناوناخی تاکەتاکەی ناو کۆمەڵگەدا ڕەگ دادەکوتێت، چونکە بیدعەکاران کار لەسەر گۆڕینی ڕێچکەی بیروبڕوا دەکەن لەسەر کۆمەڵگە، تاك لەسەر ڕێگە ڕاستەقینەکە لادەدەن وبەرەو هەڵدێری دەبەن، هەر بۆیە ئەمە دەبێتە هۆکاری گومڕایی وسەر لێشێواندنی خەڵکی، بۆیە لە هەمووسەردەمێکدا پێویستە کۆمەڵێك هەبن بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەم جۆرە فیکرانە لە ناو موسوڵمانانەدا.

**باشترین هۆکار بۆ بەرەنگار بوونەوەی بیدعە:**

باشترین ڕێگا بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیدعە، وەلاّم دانەوەیەتی بە حیکمەت و بەرچاوڕۆشن کردنی خەڵکی و گفتوگۆکردن لەگەڵ خاوەنی ئەو فیکرانە کە پەرە بە بیدعە دەدەن بە شێوازێکی جوان و ڕەچاوکردنی تەواوی بڕگەکانی گفتوگۆی سەرکەتوو(بأفضل الوسائل التي لا تؤدي إلى ما هو شر منها) ئەم ڕێگەیەش باشترین هۆکارە، چونکە لێرەوە دەتوانین بگەینە ئامانج بە تێچوونێکی کەم و دەسکەوتێکی زۆرەوە، دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە بە پێی کات وشوێن و جۆری بیدعە و مونکەرەکە هۆکار و وەسیلەکانی بەرەنگاریش دەگۆڕێت، تا ئەو کاتەی بەجوانی بنبڕی ئەو دیاردە نەخوازراوە دەکرێت.

## چی فێردەبین لەم بنەمایە ؟:

١- موسوڵمانان دەبێت هەمیشە و هەردەم سوربن لەسەر پابەند بوونیان بە ڕێنمایەکانی پێغەمبەر(ﷺ).

٢- خۆسەرقاڵکردن بە زانست و زانیاریەوە بە بەردەوامی تا ئەوەی کە شەرعی خوا داوامان لێدەکات وەك خۆی بێ کەم و زیاد ئەنجامی بدەین.

٣- دەبێتوا بڕوانینە هۆکارەکانی پێشکەوتن کەوەنبووی ئێمەن وعەودالی دۆزینەوەیانین و هەمیشە لە داهێنان و پێشکەوتن و بەدەست هێنانی ئارامی و حەوانەوە بۆ مرۆڤایەتی نکوڵی نەکەین و بیکەینە گەورەترین خەمی خۆمان.

٤- پێوەری ناسینەوەی بیدعە لامان قورئان وفەرموودە دەبێت، نەك ئارەزو و خواستی تاکە کەسێك یان گروپ و دەستەیەك.

## بنەمای دوانزهەم

## جۆرەکانی بیدعە و جیاوازی زانایان

والبِدعةُ الإضافيةُ والتَّركِيةُ والالتزامُ في العباداتِ المطلقةِ خلافٌ فقهيٌّ، لكلِ فيه رأيُه، ولا بأسَ بتمحيصِ الحقيقةِ بالدليلِ والبرهانِ.

..........................................

**پوختەی بنەماکە**

داهێنراوی ئۆباڵدراو و داهێنراوی وازلێهێنراو، پابەندبوون لە پەرستشە ڕەهاکان، جیاوازی فیقهییە و هەر کۆشا و زانایەك قسەی خۆی لەبارەیەوە هەیە، گرفتی تێدانییە مادام ڕاستیەکە بەبەڵگە بورهان ڕۆشنبکرێتەوە.

**دەروازەی چوونە ناو بابەتەکەوە:**

ڕێنمایی کردنی مۆڤایەتی بۆ گرتنەبەری ڕێگەی زانست و زانیاری وبیرکردنەوە وتێڕامان و بەرچاورونی لە شاکارە هەرەبەرز و بەنرخەکانە کە ئیسلام پێشکەشی کردووە بە تاکەتاکەی نەوەی ئادەم، ئەمەشی لە دووتوێی دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەردا(ﷺ)بەرجەستەکردووە، هەر لە یەکەم لەمعەی وەحی خوایدا بانگەوازی خوا بۆ مرۆڤایەتی (إقراء) بخوێنە بوو، هەرئەوەیە وادەکات کە لە ڕێگەی خوێندنەوە تەواوی دەرگاکانت بەڕووی جیهانی دیارونا دیاردا دەکرێتەوە، شەرەفمەندیی و گەورەی مرۆڤیش تەنها لەم ڕێگەیەوە دەبێت و لە ڕێگەکانی ترەوە زۆر بە زەحمەت دەستگیرۆیی ئەو ڕێز وحورمەتە دەبێت، هەربۆیە پێغەمبەری خواش ئەم هەوڵەی بە یەکێك لە ئەرکەکانی موسوڵمان هەژمار کردووە و دەفەرمووێت:" موسوڵمان چ پیاو چ ئافرەت ئەرکیەتی فێری زانست و زانیاری ببێت"، ئاخر ئەگەر بمانەوێ تاریکیەکانی دونیا بڕین و کۆسپەکان لەسەر ڕێی کاروان تەخت کەین و لەگەڵ سەرقافەڵەدا هاوشان و بێدواکەتن و بەبەرچاو ڕوونی وبێ ماندووبوون و سەرلەخۆشێواندن هەنگاو هەڵگرین دەبێت بەرگی زانست و زانستخوازی لە خۆمان بئاڵێنین و سەرقاڵی ئەو ئەرکەبین کە پێغەمبەر(ﷺ) بۆمانی دەست نیشانکردووە، تا لەوێوە بگەین ریزی شەرەفمەندان و ڕێگەمان لێ نەگۆڕرێت، مەحوی ئاسا و دلێرانە دەنگ هەڵبرین و بڵێین:

(شەرف هەر عیلمە نابینی کەئەشرەف      موشەرف بووبە ئەمری ئەولْ بە(إقراء)، بۆیە لێرەدا ئاماژەم بەم پێشەکیە کورتە کرد، چونکە دەمانەوێ لەسەر باسێك بووەستین و بنووسین کە کەمێ ئاڵۆز و ئاڵۆزکاوە، کە ئەویش بابەتی جۆرەکانی بیدعەیە، چونکە ئەم مەسەلەیە هەر لە کۆنەوە و ئێستاشی لەگەڵ بێت زانایان جیاوزایان هەبووە لەسەری بەلاّم بە پاراستنی ئاداب و سلوکی جیاوزی و خیلافەوە نەك وەك ئەمڕۆ هەرچۆنێکت بوێت و هەرشتێکی نوێت بەرچاوکەوت بە بیدعە و بەرامبەرەکەشت بە گومڕاو بیدعەچی هەژماربکەیت، وەك لە بنەمای یانزەهەمدا باسی چییەتی بیدعە وچۆنیەتی بەرەنگار بوونەویمانکرد ئیستاش لەم بینەمایەدا و بە شێوەیەکی زانستی ورد باسی جۆرەکانی بیدعە و جیاوازی زانایان دەکەین:

ئەگەر بەوردی تەماشای جۆرەکانی بیدعە بکەین دابەش دەبن بەسەر چەند جۆرێك بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی پێشەوا حەسەن بەننا(ڕەحمەتی خوای لێبێت) لەم بنەمایەدا ئاماژەی بە سێ جۆر لە بیدعە کردووە کەبریتین لە( البدعة الإضافية، و البدعة الترکیة، و الإلتزام بالعبادة المطلقة) ئەم دابەش کردنە بەم جۆرە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی نە لە قورئان و نەلە  فەرمووده دەستناکەوێت و کۆدەنگی زانایانیشی لەسەرە نییە، بەلاّم ئەوندە هەیە بەم جۆرە جیاوازی زانایانمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەمە زەمینەیەکی فراوانە و بۆ دەرکەوتن و تێگەیشتنی ڕا و بۆچوونی زانایان بۆ مەسەلەی بیدعە.

### جۆری یەکەم: البدعة الإضافية:

بیدعەی دانەپاڵ یان خستنەسەر: ئەو جۆرە بیدعەیەکە لە بنەمادا دروستە و هیچ دژیەکی نییە لەگەڵ شەرعدا، واتە لەخودی خۆیدا شەرعیە،

بەڵام لە چۆنیەتی ئەنجامدانیدا جیاوازی هەیە، هەر وەك ئیمامی شاتبی دەڵێت: بیدعەی خستنەسەر دوو ڕوی هەیە:

ڕوی یەکەمیان: ئەوەیەکە ئەم جۆرە کارە لە ئەسڵدا بەڵگەی شەرعی هەیە لەسەر ئەنجامدان و کردنی کارێکی لەو جۆرە کەواتە: ئەم لەخودی خۆیدا بیدعەنییە.

ڕوی دووەمیان: هیچ بەڵگەیەکی شەرعی نییە لەسەر ئەنجامدانی کارێکی لەو چەشنە کە بکەرەکەی ئەنجامی دەدات، کە ئەمەیان وەك بیدعەی حەقیقی وایە وەك تەحریف کردنی دەقێك لە دەقەکانی قورئان یان فەرموودەوکردنی بە بەڵگەی شەرعی یان کەمکردن یان زیادکردنی دەقێك لەو دەقانە، بۆیە پێشی دەگوترێت بیدعەی خستنەسەر یان دانەپاڵ چونکە وەك گوتمان دووڕوی هەیە یەکێکیان پشت ئەستورە بە بەڵگەیەك کاتێك لەم ڕوەوە تەماشای دەکەی لە بیدعە بوون دەردەچێت، کاتێك بە دیوەکەی تردا تەماشای دەکەی لە بیدعەی حەقیقی دەچێت، هەر ئەمەش وای لێدەکات کە بچێتە ڕیزی بیدعەوە چونکە لەسەر ئەساسی گومان دروستبووە و پشت ئەستورە بەگومان نەك بە بەڵگەیەکی دروست و ڕون، یان هەر بەڵگەی نییە پشتی پێ ببەستێت، بۆیە ئەم جۆرە بیدعەیە جیاوزیەکی زۆری لەنێوان زانایان دروستکردووە و نموونەشی زۆرە:

١- نموونە پابەندبوون بە کاتێکی تایبەتەوە: وەك ئەنجامدانی نوێژی شەوی پانزەهەمی مانگی شەعبان، ئەگەر تەماشابکەین شەونوێژ کارێکی باش و ڕێگە پێدراوە لەم ڕوەوە هیچ پێچەوانە نییە لەگەڵ شەرعدا، بەڵام تایبەت کردنی ئەم نوێژە بەکاتێکی دیاریکراوەوە ئەم پێشهاتە وادەکات کە ئەم کارە بباتە قاڵبی بیدعەی خستنەسەر، چونکە نوێژ مەشروعە بەڵام تایبەتکردنی بە کاتێکی لەوجۆرە کەئەسڵێکی نییە لەشەرعدا دەچێتە قاڵبی

بیدعەوە، وەك گوتمان جۆرێکە لە تەحریف جا زیادکردن بێت یان کەم کردن لە دەقێکی شەرعی.

٢- دەرچون لەو چوارچێوەیە کەشەرع دایناوە: وەك لاواندنەوەی بانگ بە شێوازی گۆرانی، بانگدان بەو جۆرەی کە شەرع داینـاوە لـە ڕوی وشە و شێوازی زمانەوانی عەرەبی شەرعییە و ڕێگە پێدراوە لەم ڕوەوە بانگدان هیچ گرفتێکی نییە و شەرعیە بەڵام لەو ڕوەوە کە زیادی بۆ بکرێت یان وەك گۆرانی بگوترێت ئەمە دەچێتە قاڵبی بیدعەی خستنەسەر.

بۆ ئەوەی کە کەسێك بیەوێت دەست بەرێت بۆ گۆڕینی ئەم جۆرە بیدعەیە کەپێی دەگوترێت بیدعەی خستنەسەر، دەبێت قسە لە جۆری دووەم بکات بەو واتایە دەبێت لەو ڕوانگەوە تەماشای ئەو کارەبکات کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەرنییە واتە لەسەر شێوازی ئەنجام دانەکەی قسەبکات کە زانایان ناکۆکیان هەیە لەسەری، بۆیە دەبێت بەنەرمی و بە زانست و حیکمەتەوە دەستی بۆ ببرێت، بێ ئەوەی پشێوی دروست بکات لە کۆمەڵگەدا.

### جۆری دووەم: البدعه الترکیه:

بیدعەی وازهێنان: بریتیە لەوازهێنی شتێکی حەڵاڵ کە شەرعەن حەڵاڵ بێت، بەبێ پۆزشێکی شەرعی بە مەبەستی دینداری و لە خوا نزیك بوونەوە، وەك وازهێنـان لـە خواردنی شتی پاك و بەسود و پڕ فیتامین، بەمەبەستی خاوێن بوونەوەی نەفس و پەرستشی خوای گەورە، یاخود دورکەوتنەوە لە لەزت و جوانیەکانی دونیا کە خوا بەمرۆڤی بەخشیوە وەك وازهێنان لە ژن و ژن خوازی، ئەمەش چاولێکردنی قەشە و کاهن و ڕاهیبەکانە کە زیاتر لە دینی یەهودیەت و مەسیحیەتدا پەیڕەوی لەو جۆرە شتانە دەکەن لە کاتێکدا

**خوای گەورە دەفەرموویت:**﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾[270]. **یاخود پێغەمبەری خوا لە بارەی ئەو کەسانەوە کە دەیانەوێ کارێك بکەن کە پێغەمبەر(ﷺ) نەی کردبێت و نەی خواستبێت بیشیکات دەفەرموویت:**" ما بَالُ أقوامٍ يقولون كذا وكذا؟ لكني أصلِّي وأنامُ،وأصومُ وأفطِرُ، وأتزَوَّجُ النساءَ، فَمَنْ رَغِبَ عن سُنَّتي فليس مني" [271]**پێغەمبەری خوا فەرموی جی دەڵێن دەربارەی گەلێك یەکێکیان بڵێت ئەوە و ئەوە دەکەم، لە کاتێکدا من بە ڕۆژو دەبم و هەندێ ڕۆژیش دەیشکێنم، شەو نوێژدەکەم و هەندێ جاریش دەخەوم، ژنیش دەخوازم و هەر کەسیش واز لەم سوننەتە و ڕێبازی منە بێنێت ئەوە دورە لەو ڕێگەیە کە من هێناومە و لەسەری دەڕۆم و پەسەندم کردووە، ئەم فەرموودە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نابێت واز لە نعمەتەکانی خوا بهێنرێت وپشت بکرێتە خۆشی و لە زەتەکانی ژیان، بە بیانوی ئەوەی کە لەخوا نزیك دەبمەوە و دەستبەتاڵ دەبم بۆ عیبادەت، چونکە وازهێنان لە لەزت و جوانیەکانی دونیا ناشەرعی و ناپەسەندە و دوورە لە ڕێبازی پێغەمبەر(ﷺ) هەر ئەمەشە پێیدەگوترێت بیدعەی وازلێهێنان و پشتکردن لە نعمەتەکانی خوا.**

## جۆری سێیەم: بدعة الالتزام في العبادات المطلقة

**پابەندبوون بە پەرستشە ڕەهاکانەوە: بریتیە لەو جۆرە پەرستشانەی کە شەرعەن ڕێگە پێ دراون چ کرداربن یان گوفتار، وەك سەڵاوات دان لەسەر**

---

٢٧٠- سورة المائدة: ٨٧.

٢٧١- أخرجه البخاري: في النكاح، باب الترغيب في النكاح،٤/١١، ومسلم: فيه، باب استحباب النكاح، رقم (١٤٠١-، والنسائي: في كتاب النكاح أيضاً، باب النهي عن التبتل، ٦/٦٠ .

پێغەمبەری خوا یان زکرو یادی خوا، کە ئەمانە شەرع هانمان دەدات بۆ ئەنجامدانیان تا دەتوانین، بەڵام تایبەتکردنیان بەکاتێك چ لە ڕووی ژمارەوە واتە بیکەیتە عادەت هەموو ڕۆژێك لە یەك کاتی دیاریکراودا سەدجار سورەتی (قل هو الله أحد) بخوێنی یان تەنها لە کات و ساتانێکی دیاریکرا و سەلاوات بدەی لەسەر پێغەمبەر(ﷺ)ئەمانە ئەنجام بدەین، واتە: خۆبەستنەوە بە کات و ساتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم زیکرانە کە بەڵگەیەکمان نەبێت بیسەلمێنی بەوجۆرە زکر بکەین یان لە کاتێکی لەو جۆرە و لە شوێنێکی تایبەتی لەو جۆرە، ئەم پابەند بوونە بە کات و شوێن و ژمارەیەکی دیاریکراوەوە وای کردووە کە ببێت جێگای تێڕوانینی زانایان و پەیدا بوونی ڕاو بۆچوونی جۆراوجۆر، ئەوەی کە پێشەوا حەسەن بەننا لەم دووبنەمایە باسی کرد بە شێوەیەکی کورت و پوخت شتێکی ناوازە و دانسقەیە لە فیکری ئیسلامیدا دەکرێت بکرێنە مەشخەڵی ڕێگە و وەك بۆچوون و ڕایەکی دروست وەری بگرین.

### جیاوازی زانایان لەسەر جۆری بیدعە:

١- ئیبن ئەسیر دەڵێت: بیدعە دووجۆرە: بیدعەی ڕێنیشاندەر، ئەوەیە کە خوا و پێغەمبەر(ﷺ) ڕێگەیان پێدا بێت. بیدعەی گومڕاکەر: ئەو بیدعەیەکە پێچەوانەی بڕیارێکی شەرعی بێت.

٢- ئیمامی غەزالی دەفەرمووێت: ئەوەی دەگوترێت دەربارەی داهێنراوەکانی دوای پێغەمبەر(ﷺ) هەموو بیدعەیەك نەهی لێ نەکراوە بەڵکو ئەوەی نەهی لێکراوە ئەو بیدعەیە کە دژایەتی ئایەتیك یان سوننەتێکی چەسپاو صحیح بێت، بەڵکو ئەگەر هۆکارەکان گۆڕان ئەوکات ئیتر داهێنان واجبە.

**٣- ئیمامی شافعی دەڵێت: بیدعە دووجۆرە چاك و خراپ، بۆیە بەلای ئیمامی شافعیەوە هەرچیەك لە دوای پێغەمبەر (ﷺ) و چوار پێشەواکەوە (ئیمامی أبوبکر، ئیمامی عومەر، ئیمامی عثمان، ئیمامی علی) رویانداوە بیدعەیە، ئەوەتا حەرمەلەی کوڕی یەحیا دەڵێت: گوێم لێ بووشافعی دەیگوت: بیدعە دوانە، بیدعەی لۆمەکراو و بیدعەی سوپاسکراو، بیدعەی سوپاسکراو ئەو داهێنراوەیە لەگەڵ شەرعدا کۆك بێت و پێچەوانەی سوونەتێك نەبێت، بە پێچەوانەشەوە بیدعەی لۆمەکراوە.**

**٤- دکتور یوسف قەرزاویش وەك زانایەکی سەردم دەڵێت: هەرگیز ناکرێت بە هەر شتێك کە لەدوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) روی دابێت یان داهێنرابێت بێی بگوترێت بیدعە، چونکە زۆر شت داهێنراوە لە ناو هاوەڵاَن و تابیعین و دوای ئەوانیش و ئێستاشی لەگەڵدا بێت پێشی ناگوترێت بیدعە.**

**لەدەرەنجامی تاوتوێکردنی بۆچوونی زانایان بۆمان دەرکەوت کە بیدعە تەنها لەشتێکدا گومڕاکەرە کە زیادەیەك بێت لە ئەسڵێکی ئەم ئاینە یان کەمکردنێك بێت لە بنەمایەکی، بەواتایەکی تر تەحریف کردن بێت چ زیاد کردن یان کەم کردن، وەك ئەوەی کە لە تەورات و ئینجیلدا رویداوە.**

**بۆیە هەرشتێك بەهۆی تێگەیشتنی زانایانەوە جیاوازی دروستکرد هیچ شتێك نابێتە هۆکاری ڕێگرتن لەگەڕان بەدوای بەڵگە و ڕۆچون بۆ دۆزینەوەی ڕاستی و حەقیقەت، ئیسلام هانمان دەدات بۆ گەڕان بەدوای ڕاستی و حەقیقەتدا بەلاَم لەسەر ئەساسی زانست و زانیاری و بەر چاو ڕونی بێت.**

## چی فێردەبین لەم بنەمایە

١- دورکەتنەوە لەو شتانەی کە دەبنە هۆی جیاوازی نێوانمان لەگەڵ بەرامبەرەکانمان تا بۆمان دەکرێت و هەوڵ بدرێت دەرگاکانی لەیەکتر حاڵی بوون و لەیەکتر تێگەیشتن بەروی یەکتردا والآکەین.

٢- بەردەوام بوون لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر(ﷺ) دورکەوتنەوە لەو شتانەی کە سەرمان دەکێشن بۆ دەرچون لەسەر ڕاستە ڕێگەی ئیسلام و دوورکەوتنەوە لە سوننەت.

٣- زیادکردنی جەلەسە علمیەکانمان و خۆسەرقاڵکردن بە خوێندنەوە و تێگەیشتنی دروست لە فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ).

## بنەمای سێزدەهەم

## خۆشەویستانی خوا و پاراستنی شكۆ و قەدردانیان

ومحبةُ الصالحينَواحترامُهم والثناءُ عليهم بما عُرِفَ من طيِّبِ أعمالِهم قربةٌ إلى اللهِ تبارك وتعالى، والأولياءُ هُم المذكورون بقولِهِ تَعالى (الَّذِينَ آمَنُوا وكَانُوا يَتَّقُونَ)، والكرامةُ ثابتةٌ بشرائطِها الشرعيةِ، مع اعتقادِ أنَّهم (رضوان الله عليهم) لا يَمْلِكُونَ لأنفسِهم نفعاًولا ضراً في حياتِهم أو بعد مماتِهم فضلاً عن أنَّ يهبوا شيئاً من ذلك لغيرِهم.

..............................

**پوختەی بنەماكە**

خۆشویستنی پیاوچاكان و ڕێزگرتن و ستایش كردنیان لەسەر ئەو كردەوە پاك و چاكانەیان كە پێیەوە ناسراون، جۆرێكە لە پەرستش و نزیكبوونەوە لە خوای گەورە، خۆشەویستانی خوا ئەوانەن كە لەم ئایەتە پیرۆزە باسكراوون و دەفەرموویێت:﴿ الَّذِينَ آمَنُوا وكَانُوا يَتَّقُونَ﴾ ئەوانەی ئیمانیان هێناوە پەرواكار و لە خوا ترسن، كەراماتیش بە مەرجە شەرعییەكان بۆیان سەلمێنراوە و جێگیرە، لەگەڵ باوەڕبوون بەوەی كە ئەوان پیاوچاكان(خوایان لێ رازی بێت) بۆخۆیان خاوەنی هیچ دەسەلاّتێك نیین كە سودێك بۆ خۆیان بێن و زیان لە خۆیان دووربخەنەوە لە دونیا و پاشەڕۆژدا چ جای ئەوە بۆ غەیری خۆیان شتێكی لەو چەشنە دەستەبەربكەن.

**دەروازەی چوونە ناو بابەتەکەوە**

خۆشەویستی وخۆشویستن پەیوەندیەکی دڵە و مەقولەی کەیفی نەفسانیە و کاری دڵە و پەیوەندی بەهەستی ناخومەعنەویتەوە هەیە، ئەمە وادەکات کە دڵ وابەستەبێت بە خۆشەویستی ڕاستە قینەوە، لێرەوە ئیدی تامەزرۆیی و تاسەمەندی و شەیدای ژووان و سوتان بۆ گەیشتن بە دیداری دۆستی حەق و ڕاستە قینە هەمیشە بەرەو مەودا قوڵەکان مرۆڤ ئاراستە دەکات وا لە عاشق دەکات کە خۆی لە بیر بکات و هەنگاوی هەمیشەیی بۆ بەردرگای مەعشوقە و بەهەموو هۆکارێکی مەعنەوەی و لەمیحرابی پاڕانەوە لە دەرگای خۆشەویستی دەدات و تەواوی وجودی خۆی لە حزوری ئەودا دەدۆزێتەوە و دڵی ساکن و ئارام دەبێت، چون ئەوێ شوێنی ژووان و ئاواتی هەمیشەیی ئەوە و مەملەکەتی دڵیەتی، ئیتر لێرەوە دەگاتە پلەی خۆشەویستی خوا و وەك دەگوترێت دۆست و وەلی خوا، هەر ئەمە وادەکات مەولەوی وەك عاشقێکی شەکەتی ڕێگەی موحیبەت دەنگ هەڵدەبڕێ و ئاماژە بەو بنەمایانە بکات کە مرۆڤ دەکەنە خۆشەویست و وەلی خوا و دەڵێت:

(وەلی شەخصێکە(عارف باللە) (ما أمکن) بە ذات بە صیفات ئاگاه.

بکێشی بەسەنگ هەر سێ تەقوادا بە ترازوی شەرع مووێی لا نادا([٢٧٢]).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت بڕینی ڕێگای پڕ نووری موحیبەت شەیدابوون و ژووانی مەعشوقی ڕاستە قینە دەبێت بە پلەکانی خۆپاراستن و تەقوا و ناسینی خوای گەورە و ئەوەی کە مومکن بێت دەبێت لەهەوڵی دەرك

٢٧٢- عقیدة مرضیة: ٤٢٦.

کردن بە زات و ناو و سیفەتە بەرزەکانی خوای گەورە کەم تەرخەم نەبێت، چونکە ئەگەر وانەبێت ناکرێت کەسێك تامەزرۆی ژووانی دۆست بێت بەڵام نەیناسێت، ئەو کەسەی کە دارای خۆشەویستیە و بەباڵی خۆشەویستی سنوورەکانی دەروونی خۆی دەبڕێت و تەیدەکات و بە ئەندامە ڕواڵەتیەکانی و هەستە ناوەکیەکانی لەکاتی ئەنجامدانی مافەکانی سوڵتانی دڵی خۆیدا ئەو ئەرك و لێپرسراویانەی لە ئاستیدا هەیەتی لە بواری شەوق و تاسە و شەیداییدا گەیشتووە بە پەروەردگاری خۆی، بۆیە دەبێت خۆشەویستی بەندە ڕاستەقینەکانی خوا چ پیا و چ ئافرەت لە دڵماندا جێگای تایبەتی هەبێت و تا ئەو ئەندازەیە شکۆ و یقاریان بپارێزین و ڕێگە بە نەفسی سەرکەش و لادەرمان نەدەین بەرەو ئاقارێکمان بەرێ کە شایستەی پێگەی ئەوانی نەبێت، چونکە ئەوان عارف باللە و ڕێگەی و یسالَیان گرتووە، خوا لەوان ڕازیە و ئەوانیش لە خوا ڕازین، ئەوان خاوەن باڵێکی ڕوناکن کە ڕێگای تاریکی لە بەردەمیان نەماوە و بۆ گەیشتنیان بەخوای گەورە، بۆیە خۆشەویستی ئەوان لە ئیمانەوەیە و هۆکاری زیادبوونی ئیمانە ئەوەتا پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت:" آيَةُ الإيمانِ حُبُّ الأَنْصارِ، وآيَةُ النِّفاقِ بُغْضُ الأَنْصارِ"[٢٧٣]. دەی دیارە خۆ ئەنصارەکان لە بەندە صالح و ڕاستەقینەکانی خوا بوون وەلی و خۆشەویستی خوان، بۆیە خۆشویستنیان لە ئیمان و بوغزاندیان لە لاوازی ئیمانەوە سەرچاوە دەگرێت.

هەر ئەوەیە پێشەوا حەسەن بەننا لەم بنەمایەدا ئاماژە بەوەدەکات و دەڵێت: خۆشویستنی پیاوچاکان و پارستنی شکۆ و گەورەییان و سوپاس کردنیان لەبەر ئەو کارەچاکانەیان کەدەیکەن و پێیەوە ناسراون بوونەتە خاڵی جیاوازیان لە ناو خەڵکدا و نزیکبوونەوەیان لە خوای گەورە، هەر ئەوەیە

٢٧٣- أخرجه البخاري: في كتاب الإيمان: باب علامة الإيمان حب الأنصار(١٠-.

ئەولیا کە لەم ئایەتەدا ئامـاژەی پـێ کـراوە و دەفـەرموویٚت: (والـذین آمنـوا وکانوا یتقون) ئەمە وادەکات کە کەراماتیش بە مەرجەشەرعی و تایبەتیـەکان بۆیـان چەسپاوە – لەگـەڵ بـاوەربوون بـەوەی کـە ئـەوان نـەیان توانیـوە سـود و زیان بۆ خۆیان لە دونیاو قیامەت دەستبخەن چ جـای ئـەوەی شـتی لـەو جـۆرە بۆ غەیری خۆیان بکەن–.

گرنگـی ئـەم بـاس و خواسـە کـە خۆشەویسـتی ودەربڕینـی موحیبـەت و وەلایــە بــۆ پیاوباشــان، زانایــانی بــواری عەقیــدە بــەزۆری لــەناو کتێبــە عەقائیدیەکانـدا باسـیان کـردووە لـە بـاس و بڕگـەی (نبـوەت)دا هێناویانـە بــەگرنگیان زانیــوە، چــونکە لای موســوڵمانان دەربڕینــی خۆشەویســتی و ڕێزگرتنی دۆستان و خۆشەویستانی خوا کە بە پلـەکانی تـەقوادا سـەرکەتون، بە گرنگ دەدەنە قەڵەم و هۆکارێکە بۆ زیاد بوونی ئیمان، چونکە گەیشتن بە پلـەی وەلی و خۆشویسـتنی خـوا زۆر بـەجوانی لـە قورئانـدا باسـکراوە بوتـە نەخشە ڕێگای گەیشتن بەوپلەیە و هەرگیز تایبەت نییە بە دەسـتە و تـاقمێکی دیــاریکراو یــان زەمــەن و شــوێنێکی دیــاریکراو هــەر کەســەوا جولاَیــەوە و مامەڵەی کرد لەگەڵ خـوادا ئـەوە گەیشتوەتە ئـەو پلـە و پایەیـە، خـوای گـەورە لەوەسفیاندا دەفەرموویٚت:﴿ أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٦٢) الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُــونَ ﴾[٢٧٤] ئیتر ئـەوە ئـەوانن لـەو پلەیـەدان و بە پەیـڕەی تــەقوادا ســەرکەوتون نەترســیان هەیــە و نەبێتاقــەتی و خەفــەت دەیانگرێــت، چــونکە بــە گەیشــتنیان بــەم پلەیــە ئــیتر بــەڕێزترین مــرۆڤن لای خــوا دوای پێغەمبەران، هـەر وەك دەفـەرموویٚت:﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّــهَ عَلِــيمٌ خَبِيرٌ ﴾[٢٧٥] ئەمە میزان و پێوەرە لای خوا، ئەگەر تەماشای ئایەتـەکان بکـەین بۆ

---

٢٧٤– سورة یونس: ٦٣–٦٤.

٢٧٥– سورة الحجرات: ١٣.

گەیشتن بەم مەقامە بڵندە، خوای گەورە نەی بەستوەتەوە بەهیچ کەس و نەتەوە و شوێن و کاتێکی دیاریکراوەوە، بەمانەوەی قورئان لە ناو ئومەتی ئیسلامیدا وەلی و دۆست و خۆشەویستی خوا هەڵدەکەوێت، ئەمەش هەرگیز ئەوەناگەێنی کە ئێمەی شوێن کەوتەی ڕێبازی پێغەمبەران (علیه السلام) ئەم تاقم و دەستەیە پیرۆز و موقەدەس بکەین و بەبیٚ گوناھ و مەعصوم سەیریان بکەین، نا مادام مرۆڤن هەر قابلی ئەون کە گوناھ و کەمتر خەمیان بەرامبەر بە خوا هەبێت، بەڵام ئەوەندەهەیە ئێمە دەبێت خۆشەویستیان بۆ دەربڕن و ڕێزو شکۆیان بپارێزین.

بۆخوا صوڵحان و باشبوون و گەیشتن بە کاروانی صالحان یەکێکە لە نیشانەوخاڵی جیاکەرەوی وەلیەکانی خوا، پێشەوا حەسەن بەننا لەم بنەمایەدا بەجوانی ڕوونی کردووەتەوە کە کیٚ وەلی و دۆست و خۆشەویستی خوایە، کە بە بەڵگەی قورئانی دەیسەلمێنی کە وەلی خوا ئەوانەن کە ئایەتەکە ئاماژەیان بۆ دەکات (الذين آمنوا وكانوا يتقون)، گومان لەوەدانییە کە خوا باشترین و جوانترین پێناسەی کردووە بۆ خۆشەویستانی خۆی کە فەرمووی ئەوانەی ئیمانیان هێناوە و بەردەوام خۆ پارێزی دەکەن، جێگای خۆیەتی لێرەدا پێناسەی وەلی لە زمانەوانی و وەك زاراوە یەکیش بکەین.

- **پێناسەی وەلی لە زمانەوانیدا:**

وشەی وەلی لە زمانی عەرەبیدا لە بنەمادا بە مانای نزیك و لە پاڵ دێت، القرب و الدنو، وەك فەرموودەکە دەفەرمووێت (كُلْ مما يَليك) بخۆ لەوەی لە نزیك تەوەیە واتە لەبەردەمتدایە و لە بەردەمی خۆتەوە بخۆ.

بۆیە خوای گەورەوشەی وەلی بەکار بردوە چونکە بە هۆی خۆپارێزییان لە شتە حەرامەکان لە خوا نزیك بوونەتەوە و ڕاستەوخۆ بە فەرمانی خوا

جوڵاونەتەوە هێندە نزیك بوونەتەوە لە خوا پێش هەمووكەس فەرمانی خوا دەبیستن و جێبەجێی دەكەن.

**الولی یان الولایە وەك زاراوە:**

كاتێك تەماشای ئەم وشەیە دەكەین بە شێوەیەكی گشتی كۆكەرەوەی هەردوولایەنی مانای خێر و شەڕە كە قورئان وەك زاراوەیەكی قورئانی بەكاری دەبات هەمان مانای پێ دەبەخشێت ئەوەی كە دەفەرموویێت:( الله ولي الذين آمنوا) و (والذين كفروا أولياء الشيطان) ئەوە بەمانا گشتیەكە بەكاری دەبات، هەندێ جاریش تایبەتی دەكات بە پیاو باشانەوە، كاتێك دەچینە خزمەت قورئان دەبینین زیاتر لە هەشتا جار وشەی (ولی) بەتەواوی داتاشراوەكانیەوە بەكارهێناوە چل و پێنج جار (أولیاء الله) سی وشەش جاریش (أولیاء الشیطان) لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر هەركاتێك باسی وشەی (وڵی) بكردایە یەكسەر مەبەستی خۆشەویستانی خوا بوو وهاوەڵانیش دواتر هەر لەسەر ئەوە كاریان دەكرد و وازیان لە مانا گشتیەكە هێنا.

**وەلی خوا كێ یە؟:**

مەبەست بەوەلی و دۆستان و خۆشەویستانی خوا ئەوانەن كە پابەندن بە فەرمانی خوا و سنوورەكانی خوا دەپارێزن و بە هەر سێ مەرتەبەی تەقوادا دەڕۆن، وەك زانایان دەڵێن تەقوا سێ مەرتەبەی هەیە:

**یەكەم:** خۆپاراستن لە كوفر:واتە لە هەرشتێك كە بەنهێنی یان ئاشكرا سەردەكێشێ بۆ كافربوون ئەوان دوور دەكەوتونەتەوە لێی.

**دووەم:** خۆپاراستن لەو گوناه و تاوانانەی كە مرۆڤ لە دادپەروەری وعەدالەتێك كە ئیسلام داخوازی دەكات دوردەخاتەوە، ئەوان نزیكی ناكەون.

**سێیەم: لە پەیوەندی هەرشتێ کە مرۆڤ لە خوا دوربخاتەوە ئەوان نزیکی ناکەون و دەستی بۆ نابەن.**

**بۆیە بەشێوەیەکی کورت وەلی ئەو کەسەیە کە موسوڵمان بێت، دادپەروەر بێت، پابەندبێت بە فەرمانەکانی خواوە وەك قورئان دەفەرموێت:( الذین آمنوا وکانوا یتقون) و بەهەمان شێوە پێغەمبەر(ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە فەرموودەیەکی صحیحە و ئەبو هوریرە بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت:" قال** الله تعالى: من عادى لي ولِيّاً، فقد آذَنته بحرب، وما تقرَّب إليَّ عبدي بشيء أحبَّ إليَّ مِنْ أداءِ ما افترضتُ عليه، ولا يزال عبدي يتقرَّب إليَّ بالنوافل حتى أُحِبَّهُ، فإذا أحببتُهُ كُنتُ سمعَه الذي يسمع به، وبصرَه الذي يبصر به، ويده التي يبطش بها، ورجله التي يمشي بها، وإن سألَني أعْطَيتُه، وإن استعَاذَ بي أعَذْتُه، وما تردَّدتُ عن شيء أنا فاعله، تردّدي عن نفس المؤمن، يكره الموت وأنا أكره مَساءَتَ"[٢٧٦]. **لەم فەرموودەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کەسێك وەلی و خۆشەویستی خوایە پابەند بێت بە ئەنجام دانی ئەرکی بەندایەتی و بەندەیەکی ڕاساڵ و گوێڕایەڵی خوا بێت لە ئەنجامدانی سوننەتەکاندا هیچ کەمتەرخەمیەك نەکات، چونکە بە هۆی ئەنجامدانی سوننەتەکان نزیك دەبێتەوە لە خوا، تا خوا بەوەلی و خۆشەویستی خۆی ناوی دەبات، بۆیە زانایان دەفەرمون ئەم فەرموودەیە دروست ترین فەرموودەیە لەسەر ناساندنی دۆستان و (أولیاء الله) گومانی تیا نیە باشترین خۆشەویستانی خوا، پێغەمبەرانن بە دەرەجەی یەکەم، پاشان لە ناو موسوڵماناندا، (سابقون الأولین) دەستەی یەکەمی موسوڵمانان، پاشان ئەهلی بەدر، دواتر ئەهلی ئوحد، پاشان هاوەڵان بەگشتی، دواتر لەناو موسوڵمانان ئەوانەی کە ناسراون بە(سابق بالخیرات)، لەگەڵ ئەم هەموو ڕێز و**

٢٧٦- أخرجه البخاري: في كتاب الرقاق، باب التواضع، رقم (٦٥٠٣-.

شكۆيه لەناو وەلی وخۆشەویستانی خوا تەنها پێغەمبەران (علیه السلام) مەعصوم و بێ هەڵەوکەم و وکورتین، دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت هەڵەو گوناه کە لەسەر دەستی خۆشەویستان و پیاوباشاندا پەیدا دەبێت نابێتە هۆی ئەوەی کە لە خۆشەویستی خوا بکەون، هەر وەك چۆن کەسی کۆشا (مجتهد) ئەگەر لە هەوڵێکدا نەیپێکا و هەڵەیکرد هەر ئەجر و پاداشتێکی هەیە لای خوا، خۆشەویستانی خوا وەك ئەوەی کە مرۆڤن ئەگەر هەڵەیەکیان لە دەست دەرچوو زەرەر لە وەلی بوونیان نادات، چونکە هەر لەوکاتەی کە هەڵەدەکەن هەڵەکە دەبێتە بێژەێك و قۆناغێك یەك لە قۆناغەکانی بەندایەتی دەبڕن لە بەر ئەو ئاخو کوڕوزانەوەیان لەخوا بۆ لێخۆش بوونیان لەسەر ئەو کەم تەرخەمییەی کە بەسەریاندا هاتووە و هاواریان لێ بەرز دەبێتەوە دەڵێن:﴿ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَو أَخْطَأْنَا﴾ و پێغەمبەری خوا دەفەرمووێت:"رُفِعَ عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأُ والنِّسْيَانُ ومَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ"[277] نەزانین و زۆر لێکردن دووهۆکارن کە خاوەنەکەیان گوناهی لەسەرنییە، ئەمە بۆ گشت موسوڵمانانە.

ئیمامی قوشیری دەڵێت: هیچ کەسێك لە ئەهلی حەق نەی گوتوە وەلی و خۆشەویستانی خوا مەعصومن، بەڵام ئەوان دورن لە گوناه ئەگەر لە بەر تایبەتمەندی مرۆڤ بوونیان قاچ خزانێك یان بیرچوون و سەهوێکیان بەسەرداهات نابێتە هۆکاری لاچوونی ئەو پلەیان کە پێگەیشتون.

-والكرامة ثابتة بشرائطها الشرعية: کەرامات بەمەرجە شەرعییەکانییەوە جێگرو سابتە بۆ وەلی وخۆشەویستانی خوا.

---

٢٧٧- أخرجه ابن ماجه في "السنن" "كتاب الطلاق، باب طلاق المكره والناسي، ١/ ٦٥٩/ رقم (٢٠٤٥)-.

کەرامات: تایبەتە بە وەلی وخۆشەویستانی خواوە، جۆرێ لە فەزڵ و ڕێزێکی زیادەیە کە خوا بەوانی بەخشیوە لە دەرەنجامی زیاد سەرقاڵ بوونیانە بە فەرمان بەرداری خواوە و پابەند بوونیان بە سوننەتی پێغەمبەرەوە(ﷺ) نیشاندەری ڕاستگۆییانە لەگەڵ ئەو ئیمانەی کە بڕیاریانداوە بە خوا هەیانبێت، لە دەرەنجامی ئەمەدا کارانێك لەسەر دەستیان بەرپادەبێت کە عادەتەن ئەوکارانە خەڵکی ئاسایی نەتوانن ئەنجامیان بدەن ئەمەش ناسراوە بە کەرامات، لەگەڵ ئەمشدا ئێمە ئیدعای معجیزە ناکەین کە لەسەردەستی ئەو پیاوباشانە روبدات، چونکە موعجزە و کەرامات جیاوازن، ئیمامی نەوەوی دەفەرمووێت: موعجزە ئەوەیە کە لەسەردەستی پێغەمبەراندا ڕودەدات و بە داوای ئەوان بەرپادەبێت بۆ پشت ئەستوریان لە کاتێکدا کە قەومەکەیان ئینکرای پێغەمبەرایەتی ئەوبکەن، بەڵام کەرامات لەسەر دەستی کەسانێکدا ڕودەدات کە پێغەمبەرنین و بانگەشەی ئەوەش ناکەن کە پێغەمبەربن، پەرچوو(موعجزە) تەحدای تیایە بۆ بەرانبەر بەڵام کەرامات ئەو تەحەدایەی تێدانیە، دەکرێت لە شوێنك لەسەردەستی کەسێك ڕوبدات لە شوێنێکی تردا و لەسەر دەستی کەسێکی تر هەمان شت ڕوبداتەوە، بۆیە هەر کاتێك ولە هەر شوێنك بەندەکانی خوا پەیوەندیان بە خواوە زیاتر و بەهێزتر بێت بە هۆی زکر و یادی خوا بەجێگەیاندنی ئەرکی بەندایەتی ودڵ و دەرونیان خاوێن وپاك بێت و سەرقاڵی ئاوەدانکردنەوی زەویبن کە بەشی دوەمی کاری بەندە ڕاساڵ و خواناسەکانە هەوڵی بڵاو کردنەوەی دادپەروەری وچاك سازی بدەن، ئەوکات ئیتر خوای گەورە شتانێکیان بۆ موسەخەردەکات کە خۆشیان بیریان لێ نەکردبێتەوە، وەك موسوڵمانانی ئەمڕۆ بەم هەموو بێ توفاقییە دەتوانن بەرامبەر بەوهەموو موئامەرە نیودەوڵەتی وئیقلیمی و تەوژمە فیکری وسلوکە نامۆیانە بوەستنەوە کە زەڕەیەك ئیمانیان بە خوا و

بەکارەکەیان لەق نەبێت، دەی ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە کەرامات کە ڕۆژانە خۆمان دەی بینین.

**بەڵگەی ئەهلی سوننە لەسەر بوونی کەرامات:**

بەڵگەی زانایان لەسەر ڕاستی و چەسپاندنی بوونی کەرامات لەسەردەستی خۆشەویستانی خوا زۆرە، لەوانە بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی.

**یەکەم بەڵگەی عەقڵی**: ڕودانی کەرامات کارێکی مومکنە و لەو شتانەیە کە ڕودانی زۆر ئاساییە، ئەمەش سەرناکێشێ بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك لە بنەماکانی بیروبڕوا واتە ئەگەر بڕوات پێ نەبێت کافر نابێت، بەلأم ئەوەندە هەیە ڕودانی لە مومکیناتە، لە قوردرەتی خوای بالأدەستە هەرشتێکیش لە بازنەی قودرەتی خوا دابێت ڕودانی ئاساییە و هیچ قورسیەکی تێدانییە، کە هیچ شتێك لە دەرەوەی بازنەی قودرەتی خوا نییە.

**دووەم بەڵگەی نەقڵی**: قورئان بەسەرهاتی خاتوو مەریەمی دایکی حەزرەتی عیسا(علیه السلام) مان بۆ باس دەکات، لەو دەمەدا کە لە کوخەکەی خۆی دادەنیشت حەزرەتی (زکریا)(علیه السلام) سەردانی دەکرد دەیبینی لە بەردەستیا جۆرە میوەیەك هەیە کە هی ئەووەرزە نەبووکە تێیدابوون، وەك دەفەرموویت:﴿ فَتَقَبَّلَها رَبُّها بِقَبُولٍ حَسَنٍ وأَنْبَتَها نَباتاً حَسَناًو كَفَّلَها زَكَرِيَّا كُلَّما دَخَلَ عَلَيْها زَكَرِيَّا الْمِحْراب وجَدَ عِنْدَها رِزْقاً قالَ يا مَرْيَمُ أَنَّى لَكِ هَذا قالَتْ هُو مِنْ عِنْدِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَرْزُقُ مَنْ يَشاءُ بِغَيْرِ حِسابٍ﴾ [٢٧٨] **زانایانی تەفسیر** لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە مەریەم دایکی حەزرەتی عیسا(علیه السلام) پێغەمبەر نەبوو یەکێك بوە لە بەندە ڕاساڵ و بۆ خوا صوڵحاوەکان، وەك

---

٢٧٨- سورة آل عمران: ٣٧.

ئیمامی نەووەی دەفەرمووێت: تەواوی زانایان بە کۆدەنگی لەسەر ئەوە کۆکن کە مەریەم پێغەمبەر نەبووە.

یاخود ئەودەمەی کە حەزرەتی عیسا لەدایك دەبێت خاتوو مەریەم دەستدەکات بە شۆکاندنەوەی بنەخورمایەکی وشك کە هەرگیز چاوەڕێ ئەوە نەدەکرا ئەم بنە خورمایە سەوز ببێتەوە، بەڵام لەگەڵ شۆکاندنەوەی ئەم بنەخورمایە دانە خورمای تازە و تەڕی لێی دەبارێت، وەك قورئان ئاماژە بەم ڕاستیە دەکات و دەفەرمووێت:﴿وهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا﴾[279].

لە بەسەر هاتی هاورێکەی حەزرەتی سولیمان(علیه السلام) کە کۆشکەکەی بەلقیس دەگوازێتەوە، و بەحەزرەت دەڵێت لەماوەی چاو تروسکانێك کۆشکەکەت بۆ دەگوازمەو لە بەردەستتدا ئامادەی دەکەم، وەك قورئان دەفەرمووێت:﴿ قَالَ الَّذِي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِنَ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ ﴾[280]

پێغەمبەری خوا لە فەرموودەیەکدا باس و خواسی سێ پیاو چاکمان بۆ دەکات کە لە ئەشکەوتێکدا گیردەخۆن و چۆن خوای گەورە دەرووی خێریان بۆ دەکاتەوە.وعن أبي عبد الرحمن عبد الله بن عمر بن الخطاب، رضي الله عنهما قال: سمعت رسول اللهﷺ يقول: " انطلق ثلاثة نفر ممن كان قبلكم حتى آواهم المبيت إلى غار فدخلوه، فانحدرت صخرة من الجبل فسدت عليهم الغار، فقالوا: إنه لا ينجيكم من هذه الصخرة إلا أن تدعوا الله بصالح أعمالكم. قال رجل منهم:

---

٢٧٩- سورة مريم: ٢٥.

٢٨٠- سورة النمل: ٤٠.

"اللهم كان لي أبوان شيخان كبيران، وكنت لا أغبق قبلهما أهلاً ولا مالاً. فنأى بى طلب الشجر يوماً فلم أرح عليهما حتى ناما فحلبت لهما غبوقهما فوجدتهما نائمين فكرهت أن أوقظهما وأن أغبق قبلهما أهلاً أو مالاً، فلبثت- والقدح على يدى- أنتظر استيقاظهما حتى برق الفجر والصبية يتضاغون عند قدمى- فاستيقظا فشربا غبوقهما. اللهم إن كنت فعلت ذلك ابتغاء وجهك ففرج عنا ما نحن فيه من هذه الصخرة، فانفرجت شيئاً لا يستطيعون الخروج منه". قال الآخر:

"اللهم إنه كانت لي ابنة عم كانت أحب الناس إلىّ "وفى رواية: "كنت أحبها كأشد ما يحب الرجال النساء، فأردتها على نفسها فامتنعت منى حتى ألمّت بها سنة من السنين فجاءتنى فأعطيتها عشرين و مائة دينار على أن تخلى بينى وبين نفسها ففعلت، حتى إذا قدرت عليها"وفى رواية: "فلما قعدت بين رجليها، قالت: اتق الله ولا تفض الخاتم إلا بحقه، فانصرفت عنها وهى أحب الناس إلى وتركت الذهب الذى أعطيتها، اللهم إن كنت فعلت ذلك ابتغاء وجهك فافرج عنا ما نحن فيه، فانفرجت الصخرة غير أنهم لا يستطيعون الخروج منها".وقال الثالث:

"اللهم استأجرت أجراء وأعطيتهم أجرهم غير رجل واحد ترك الذى له وذهب، فثمرت أجره حتى كثرت منه الأموال، فجاءنى بعد حين فقال: يا عبد الله أدّ إلى أجرى، فقلت: كل ما ترى من أجرك: من الإبل والبقر والغنم والرقيق. فقال: يا عبد الله لا تستهزئ بى! فقلت: لا أستهزئ بك، فأخذه كله فاستاقه فلم يترك منه شيئاً، اللهم إن كنتُ فعلت ذلك ابتغاء وجهك فافرج عنا ما نحن فيه، فانفرجت الصخرة فخرجوا يمشون"[٢٨١] . ئەبو عبدالرحمن، عبدالله ى

---

٢٨١- أخرجه البخاري: في كتاب الأنبياء، باب ما ذكر عن بني إسرائيل، وفي كتاب الأدب، باب إجابة دعاء من بر والديه،٦ / ٣٦٧ و ٣٦٨، ومسلم: في الذكر، باب قصة أصحاب الغار

کوڕی عومەری کوڕی خطاب، ناسراوە بە ئیبن عومەر (رضي الله عنهما) گوتی: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو" ڕۆژێکیان سێ کەس لە پێشینانتان بەڕێگایەکدا دەرۆیشتن، تا ئێوارەیان بەسەردا هات و پەنایان بردە بەر ئەشکەوتێ بۆ ئەوەی شەو لەوێ بخەون، لە بەرزایی کێوە کەشەوە تاوێرە بەردێك گل بویەوە و دەرگای ئەشکەوتەکەی قەپات کردو توانای دەرچونیان نەبوو، لەو کاتەدا لەناو خۆیاندان گوتیان: تازە ڕێگای دەرچوونمان نییە، با بە ڕابردووی خۆماندا بڕۆینەوە بزانیین چ کردەوە یەکی باشمان تەنها لەبەر خوا کردووە،بە هۆی ئەو کردەوەیە بپارێنەوە لە خوا سابەڵکو بەهۆی ئەو کردەوە باشانەوە خوا دەروێکمان لێ بکاتەوە و لەم تاوێرە نەجاتمان بدات.

پیاوێکیان گوتی: پەروەردگارا! من باوك و دایکێکی پیر و پەك کەوتەم هەبوون، لەگەڵ چەند منداڵێکی بچوکدا، ڕەوشتم وابووکە هەرگیز لە پێشیانەوە هیچم نەدەخوار تا ئەوان تێردەبوون، پاشان ماڵ و منداڵ و خادمەکان نانیان دەخوارد، تا ڕۆژێ لە ڕۆژان بە شوێن لەوەری باشدا دورکەوتمەوە و دەرنگم بەسەرداهات و کە گەیشتمەوە ماڵ شەو بوو، ڕوانیم باوك و دایکم خەوتوون، منیش وەك ڕەوشتی جاران شیرم دۆشی و بۆم بردن و بەدیار سەریانەوە وەستام، تاهەرکاتێك خەبەریان بویەوە شیرەکەیان بخۆنەوە، پێم ناخۆشبوو خەبەریان بکەمەوە و حەزیشم نەدەکرد پێش ئەوان ماڵ و منداڵە کەم تێربکەم، منداڵە کانیشم لەو ماوەیەدا لە بەرپێمدا لە برساندا هەر دەکوروزانەوە بەم حاڵەوە مانەوە تاشەبەق، دەی ئەی پەروەردگارا! خۆت چاك دەزانی ئەگەر ئەم کارەم لەبەر ڕەزامەندی تۆ کردبێت

---

الثلاثة، رقم (٢٧٤٣)، وأب و داود: في كتاب البيوع، باب في الرجل يتجر في مال الرجل بغير إذنه، رقم (٣٣٨٧).

ئەوا دەروێکمان لێبکەرەوە لەم تاوێرە نەجاتمان بە، جا بە قودرەتی خوا تۆزێ بەردەکە چولاَ بەلاَم نەیان توانی لێیەوە دەرچن.

یەکێکی تر یان گوتی: خودایە! خۆت ئاگاداری کە کچێکی ئامۆزام هەبوو، خۆشەویست ترین کەس بوولام، لە گێڕانەوەیەکی تردا چەندە پیاو حەز لە ئافرت دەکات ئەوەندە حەزم لێ بوو، ڕۆژێکیان داوای کاری خراپم لێکرد خۆی نەدابەدەستەوە، هەتا ساڵێکیان دوچاری قاتی و قڕی و گرانی وشکە ساڵی بوو، ئیتر چاری نەما و لە ئەوجی پێداویستیدا پەنای بۆ هێنام، منیش سەدوو بیست دینارم پێدا بۆ ئەوەی خۆیم تەسلیم بکات لە ناچاریا خۆی دابەدەستەوە کاتێك دەستم لێگیربوو،، لە گێڕانەوەیەکی تردا، لەناو کۆشیا دانیشتم و یستم چی خوا پێی ناخۆشە بیکەم، کچەکە گوتی: لە خوا بترسە! ئەم کارە ناڕەوایەم لەگەڵ مەکە – مۆری پاك داوێنیم لێ مەستێنە– مەگەر تەنها بەڕێگەیەکی شەرعی نەبێ، منیش وازم لێهێنا لە کاتێکدا خۆشەویست ترین کەس بوولام، پارەکەشم دا بەخۆی بە خۆرایی، جا ئەی پەروەردگارا! تۆ چاك دەزانی ئەگەر ئەم کارەم لە بەرخاتری ڕەزامەندی تۆکردووە ئەوا دەروێکمان لێ بکەرەوە لەم نارەحەتییە نەجاتمان بە، ئیتر بەقودرەتی خوا تۆزێکی تر تاوێرەکە جولاَ بەلاَم هەر نەیان توانی لێی بێنە دەرەوە.

**سێیەمیان گوتی**: ئەی پەروەردگارا! من جارێکیان کۆمەڵێ کرێکارم هەبوون کاریان بۆ دەکردم بەکرێ، دواتر کرێی هەموویانمدا بەلاَم یەکێکیان ڕازی نەبوبەکرێکەی ووەری نەگرت، منیش حەقی ئەو ڕۆژەیم خستەکارەوە تاوای لێهات گاگەلێك وشتر و مەڕ و بزن وچەند بەندەیەکی شوانم پێکڕی، دوای چەند ساڵێك کرێکارەکە هاتەوە بۆلام و گوتی: ئەی بەندەی خوا! کرێی ڕۆژەکەم بەرێ، منیش گوتم: ئەو ڕانە وشتر و گاگەل و مەڕو بزن و

شوانەکانیشیان دەبینی هەموی هی تۆن، کرێی ڕۆژەکەم خستە کارەوە بۆت تاوازۆر بوو، کابرا گوتی: ئەی بەندەی خوا! لە خوا بترسە گاڵتەم پێ مەکە، منیش گوتم گاڵتە ناکەم بەڕاستی مە، ئەویش هەمووی برد بۆ خۆی.

ئەی پەروەردگارا، باش دەانی ئەگەر ئەم کارەم لە بەر ڕەزامەندی تۆکردووە ئەوا لەم نارە حەتیە و لە ناو ئەم ئەشکەوتە نەجاتمان بە و رزگارمانکە، لەم کاتەدا بە قودرەتی خوا گابەردەکە خزاو دەرگای ئەشکەوتەکەی بە تەواوی بۆ کرایەوە و رزگاریان بوو ڕۆیشتن.

ئەنەس ڕەزاو رەحەمەتی خوای لەسەر بێت کە یەکێکە لە هاوەڵانی خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) دەڵێت شەوێکیان کەشەوێکی تاریك و ئەنگوستە چاوبوو دووپیاو واتە دووهاوەڵ هاتنە لای پێغەمبەر(ﷺ) تا ئەندازەیەك دانیشتن و دوای ڕۆیشتن، بینیم بەڕێگەدا نوورێك بەر پێی ڕۆشندەکردن وەك بڵیت نوورەکە لەناو لەپی دەسیانەوە دەرچێت ئەندازەیەك بەم چۆرە پێکەوە ڕۆیشتن و دواتر جیا بوونەوە هەر یەکە بە رووناکی خۆی ڕێگەی بۆ خۆی رووناك دەکرد و تاگەیشتنەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆیان.

ئەم چەند نموونەیە بەس بێت چونکە لەم بارەوە بەسەرهات و ڕوداوی زۆر هەن لە مێژووی موسوڵمانادا ئەمەی کەئاماژەمان پێکردن بەڵگەی بوونی کەراماتە لای زانایان.

- **جۆرەکانی خارق العادە کە کەرامات یەکێکە لەوان:**

١- لە ئیسلامدا پەسەندە و پێچەوانەی شەرع نییە و تەواوی مەرجە شەرعیەکانی تێدایە: کە ئەویش زیادە فەزڵێك خوا دەیبەخشێتە بەندە ڕاساڵەکانی خۆی لە دەرەنجامی پابەند بوونیان بە ئەرکی سەرشانیان و زیاد لەوەش بە سوننەتەکانەوە سەرقاڵن.

٢- ڕاپەڕاندنی کارێکی باش و چاکە لە ماوەیەکی کەمدا لە چاو ئەوکارە گەورەیە کەکراوە ئەمەش نعمەتێکە وەك پاداشتێك خوا دەی بەخشێتە بەندە چاکەکانی خۆی.

٣- ڕەد کراو لۆمەکراوە: ئەم جۆرەیان لەسەر کارێکی حەرام و ناشایستە رودەدات وەك هەندێ جار ساحر و فاڵچی و تەڵەکەبازەکان ئەنجامی دەدەن و خەڵکی ساویلکەی پێ چەواشە دەکەن.

## چی فێردەبین لەم بنەمایە؟

١- دەبێت وەك موسوڵمانان لەسەردانیکردنی پیاو باشان و ئامادبوونمان لە کۆڕ و مەجلیسیان و پشتگیری کردنیان کەمتەر خەمی نەکەین.

٢- داواکردن لە خۆشەویسانی خوا کە بە دوعاکانیان بیٚ بەشمان نەکەن و بەسەرمانکەنەوە تا لە ژیاندان، چونکە کە لەژیان دەرچوون ئیتر هیچیان پێناکرێت بۆمان، تەنها ئەوە نەبێت کە ئێمەش شوێن ڕێبازەکەیان کەوین و دووعای خێریان بۆ بکەین.

٣- هەرگیز نابێت وابزانین خۆشەویستانی خوا مەعصوم و بیٚ گوناە و بیٚ هەڵەن، چونکە ئەوانیش مرۆڤن لەناو مرۆڤەکانیش تەنها پێغەمبەران مەعصومن و ئەوانیش خوای بالأدست بە قودرەتی خۆی لە گوناە و هەڵەپاراستونی.

٤- دەبێت دورکەوینەوە لە سوڕانەوە بەدەور گۆڕی مردوان و ماچ کردنی کێل و دارو بەردی سەر گۆڕەکانیان و داواکردن لێیان، بە بیانوی ئەوەی ئەمانە پیاو باش و ئیمام و شتی لەم جۆرەن، هەرگیز ئەمە لە ڕەفتاری مرۆڤی موسوڵمانانی واعی و تێگەیشتونییە.

# بنەمای چواردەهەم

## سەردانیکردنی گۆڕستان لەنێوان دروستی و نادروستیدا

وَزيـارةُ القبـورِ – أيـاً كانَـتْ– سُـنَّةً مشـروعةً بالكيفيـةِ المـأثورةِ، ولكـنَّ الاستعانةَ بالمقبورينَ – أياً كانوا– ونداؤهم لذلك وطلبَ قضاء الحاجاتِ منهم – عن قُربٍ أو بعدٍ–والنَّذْرَ لهم وتشييدَ القبورِ وسترَها وإضاءَتها والتمسُّحَ بها والحلِفَ بغيرِ الله وما يلحق بذلك من المبتدعاتِ كبائرُ تجبُ محاربتُها، ولا نتأوَّل لهذه الأعمالِ سداً للذَّريعةِ.

.....................................

**پوختەی بنەماکە**

سەردانیکردنی گۆڕستان–گۆڕی هەرکەسێك بێت– سوننەتێکی بەروالأیە بەوشێوازەی کە لە شەرعدا هاتووە، بەلأم داخوازی و کۆمەکی داواکردن لە مردووەکان– هەرکەس بن– داواکردن و هاوارلێکردنیان و داوای جێبەجێکردنی مەرام و خواستەکان لێیان لە نزیکەوە بێت یان لە دوور و نەزرکردن بۆیان و دیوارکردن و بینا دروستکردن لەسەر گۆڕەکانیان و رووناك کردنەوەیان و دەست هێنان بە سەریاندا و ماچکردنیان و سوێند خواردن بە غەیری خوا ئەمانە و تەواوی هاوشێوەکانیان داهێنراوێکی ناپەسەندن و بە گوناهە گەورەکان هەژمار دەکرێن، پێویستە دژایەتیان بکرێت و لەناوببرێن، هەرگیز تەئویلی ئەم کارانە ناکەین لەبەر بەرگرتن لە ئامرازی خراپە.

**دەروازەی چوونەناو بابەدەکەوە:**

یەکێك لە جوانیەکانی ئەم بیست بنەمایە ئەوەیەکە هەریەك لە بنەماکان پەیوەندییان بەوی ترەوە هەیە و بەگشتی بوونەتە یەك گڵکۆی نوورانی بۆ ڕۆشن کردنەوەی ڕێگای کاروانچیانی ئەم سەفەرە تولانییە کە بڕینی ژیانی ڕۆژانەیە و دەبێت تاکە تاکەی مرۆڤایەتی پێدا تێپەرببێت، ئەم بنەمایەش وەك تەواوی بنەماکانی تر پەیوەندیەکی هێجگار تۆکمەی بەبنەمای پێشووە هەیە، لەو ڕووەوە کە باسی ئەوە دەکات ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە بەشێوازێکی نادروست کارێکیان کرد کە لە شەرعدا ڕێگە پێنەدراو بوو، ئەوە کارێکە دەبێت موسوڵمانان بە وشیاریەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەن و هەوڵی گۆڕنکاری بدەن لەو دیاردەیە لە کۆمەڵگەکەیاندا سەری هەڵداوە، بە حیکمەت و لێزانینەوە هەوڵی ئەوە بدەن نەبێتە ڕەفتاری ڕۆژانەی ناو کۆمەڵگەکەیان.

دیارە خۆشەویستی مرۆڤەکان بۆ کەسانی لە دەست چوویان ئاڵۆز و سەیرە، پابەندبوونی دڵ بە کەسانێك کە لەناویاندا نییە و لەمسی ناکەن جیاوزترە لەوەی کە ڕۆژانە دەی بینن و لەگەڵی هەڵسوکەت دەکەن، جاری واهەیە ئەم وابەستەبوونە بە کەسێکی لە دەستچوو سەر دەکێشێ بۆ خۆشەویستیەکی ڕەها، بەجۆرێ تەواوی ئومێد و هیواکانی بۆ دونیا و دواڕۆژ دەبەستێت بەوەوە، کات وسامان و تواناو ژیری و زانستی هەمووله پێناو ئەودا بەخەرج دەدات.

١- بۆیە بەکاتی سەردانی گۆڕەکەی دەکات.

٢-وبەسامانی لە پێناو ڕێبازەکەی ئەودا ئۆقرەی نیەوخەرجی دەکات و تەواوی سەلیقە و ژیری وزانستی بۆ دەخاتەکار تاپەرە بەڕێگاکەی ئەوبدات، ئەمە بۆ کاسانی دیندار و دور لە دینیش هەروایە، بەڵام ئەوندە هەیە کە شەرع ڕێگەی داناوە بۆ موسوڵمانان کە چۆن مامەڵە لەگەڵ مردوانی بکات؟ و چۆن سەردانی گۆڕەکانیان بکەن؟ لەسەردانیکردنی گۆڕستان دەبێت بەشێوازێك بێت نە کەمی بێت بۆ زیندوان و نە زیادەڕۆیکیش بێت بە گرنگیدان بە مردوان، بە جۆرێك ئەگەر سەردانی گۆڕەکانیانمان کردن دەبێت ئەم سەردانیە بقۆزینەوە بۆ تێڕامان و بیر کردنەوە کە بە لایەنی کەمەوە ئێمەش سەرەنجامان هەر مردنە و گەڕانەوەیە بۆلای خوا، لەو ساتەوەختەدا دوعا بۆ پێشینانی خۆمان بکەین و بڵێین: پەروەردگارا: لە پێشینانمان کە بەئیمانەوە گەڕاونەتەوە بۆلای تۆ و پێش ئێمە کەوتوون خۆشببیت و پاك و سینە سافمان بکەیت لەگەڵ ئەوانەیان کە لەگەڵماندا لە ژیاندان، هەر ئەم بیرکردنەوە و تێڕامان و پارانەوە هۆکارێکە بۆ زیادبوونی ئیمانمان، بۆیە تەواوی زانایان لەسەر ئەوە کۆك و یەکدەنگن کە ئیمان کەم و زیاد دەکات، هۆکارێکی زیاد بوونی ئیمانیش سەردانی کردنی گۆڕستانە بەو شێوازەی شەرع دیاری کردووە، چونکە سەردانی کردنی گۆڕستان و چون بۆلای خۆشەویستانمان دڵ دەوروژێنی و نەفس و دەروون پاك دەکاتەوە وچاوەکان دێنێتە گریان ودەمانباتە قۆناغێکەوە کەجیاواز بێت لەوساتانەی کە دەیانگوزەرێنین لە کۆمەڵگەدا، هەر لە بەر ئەمەشە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموویێت:" قَدْ كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ القُبُورِ ، فَقَدْ أُذِنَ لِمُحَمَّدٍ فِي زِيَارَةِ قَبْرِ أُمِّهِ ، فَزُورُوهَا فَإِنَّهَا تُذَكِّرُ الآخِرَةَ"[٢٨٢].

---

٢٨٢- أخرجه الترمذي: وقال: حديث حسن صحيح، (٣/٣٧٠ ، رقم ١٠٥٤- .

هەر بۆیە پێشەوا حەسەن بەننا ماناو مەفهومی ئەم فەرموودەییەی لەم بنەمایەدا بەم جۆرە ڕێکخستووە و دەڵێت: سەردانی کردنی گۆڕ هی هەر کەس هەبێت سوننەتە و ڕێگەپێدراوە بەڵام دەبێت چۆنیەتی سەردانەکە بەوجۆرەبێت کە شەرع دیاری کردووە، چۆنیەتەکەش لە فەرموودەکەدا دیارە(فإنَّها تُذَكِّرُ الآخِرةَ) بیرخەرەوی ڕۆژی قیامەتە، نەك ئەوەی داوای یارمەتی و بەدەمەوەهاتنی مردوان بۆ دەست خستنی سودێکی دونیایی یان قیامەتی- جا ئەو مردووە هەرکەس بێت- یان بینا دروستکردن لەسەر گۆڕو ڕوناك کردنەوەیان و ڕازاندنەوەیان و دەست پیاهێنانیان و سوێند خواردن بە غەیری خوا ئەمانە هەموی پێچەوانەی شەرعی خوان و بەرنگار بوونەوەیان حیکمەت و دانایی دەوێت و دەبێت بە حیکمەتەوە بەرنگارییان ببینەوە، هەر گیز ناشبێت تەئویل و بۆزش بۆ ئەم جۆرە کارانە بێنینەوە بەبیانوی بیانوبڕین.

**کاکلەو پوختەو بنەماکە:**

(وَزیارةُ القبورِ) زارة، لە ڕوی زمانەوانیەوە وشە داتاشراوەکانی بریتین لە (زارة، زیارة، مزراراً، زوراً زوراراً، زوارة)،واتە: سەردانی کردن بەمەبەستی پێگەیشتنی کەسی دڵخواز، ئەوکاتە کەسی هاتووپێدەگوترێت، زائر، جمعەکەشی (زائرون یان زوار). مەبەست لێرەدا ئەوەیە کەسێك بە مەبەستی دیتنی کەسێکی تر یاخود تەنها دیتنی شوێنەواری کەسێکی ترە.

کاتێك دەڵێت (وزیارە القبور)واتە: کەسێك دەیەوێت سەردانی گۆڕستان بکات کە(القبور) کۆی (قەبرە) گۆڕ جالێرەدا مەبەست تەنها ئەو مەترە خۆڵە نییە کە بەئەندازەیەك لە ڕوی زەویەوە بەرزبوەتەوە نا بەڵکومەبەست

ئەوشەخسەیە کە لە ژێر ئەم خاکەدایە واتە: لە ناو گۆڕەکەدایە، سەردانەکە سەردانی کردنی کەسی ناوگۆڕەکەیە، جا ئەوەی ناو گۆڕەکە هەر کەس هەبێت(أياً كانت)وشەی (أي)وێژەیەکی گشتیە و بەو پێیە هەر کەسێك دەگرێتەوە نزیك بێت یان دوور، گەورە بێت یان بچوك، چاکەکار بێت یان خراپەکار، دیندار بێت یان بێ دین، ئافرەت بێت یان پیاو.

بەڵگە لەسەر سەردانی کردنی گۆڕستان ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) کە ئیمامی مسلم لە بوریدەوە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: (نهيتكم عن زيارة القبور فزوروها) ئەم فەرموودە شێوازی دەربڕینەکەی لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) گشتیە و بەهەمان شێوەش بەکردەوە پێغەمبەر(ﷺ) سەردانی گۆڕی دایکی ئازیزی خۆی کردووە.

بۆیە سەردانی کردنی گۆڕستان بەو شێوازە گشتیە سوننەتە و ڕێگە پێدراوە، ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت: بەڵگەی سەردانی کردنی گۆڕستان فەرموودەی پێغەمبەری خوایە، هەر چەند لەسەرەتادا پێغەمبەر ڕێگری دەکرد و نەهی دەکرد لەسەر سەردانی کردنی گۆڕستان، بەڵام بۆ پەندوەرگرتن و تێڕامان و بیرکردنەوە لە پاشەڕۆژی هەریەکەمان و دوعاکردن بۆ مردوەکە سەردانی کردن ئاساییە وەك دەفەرموێت:( فزوروا تذكر الآخرة) لە ریوایەتەکەی ئیبن ماجەدا دەفەرموێت:(وتزهد في دنيا) لە ڕیوایەتکی تری کە حاکم بۆمان ڕیوایەت دەکات:(ويرق القلب وتدمع العين فلا تقولوا هجراً).

بیرکردنەوە لە دواڕۆژ و وروژانی دڵ و بارینی فرمێسك بە چاوەکاندا هەموو ئەمانە هۆکاری زیادبوونی ئیمانن کە ئەمە زەرورەت و پێویستە بۆ زیندوان، بۆ مردوانیش سودی هەیە کە ئەوەیە سەردانی کەران دوعای خێریان بۆدەکەن.

لەگـەڵ ئەمەشـدا هـەمووده‌بێت سـەردانیەکە بـەو جـۆرە بێـت کـە شـەرع دیـاری کـردووە، وەك پێشـەوا بـەننا ئامـاژەی پێکـردووە:( بـالکیفیـة المـأثورة) جۆری سـەردانی کردنـی گۆڕسـتان دە بێـت بـەو جـۆرە بێـت کـە پێغەمبـەر(ﷺ) فێـری کـردوین و ڕێنمایمـان دەکـات، ئیمـامی مسـلم لـە بوریـدەوە دەگێڕێتـەوە بـۆمـان و دەڵێـت: بوریـدە گـوتی: پێغەمبـەری خـوا هـاوەڵانی فێـری سـەردانی گۆڕسـتاندەکرد دەیفـەرموو: لـە کـاتی سـەردانی کردنـی گۆڕسـتاندا بڵـێن:( السلام على أهل الديار) لە ڕیوایەتێکی تـردا " السَّلَام على أهل الديار من الْمُؤمنِينَ والْمُسْلِمين، ويرْحَم الله الْمُسْتَقْدِمِينَ منا والمستأخرين، وإِنَّا إِن شَاءَ الله للأحقون "[٢٨٣].

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) خـۆی سـەردانی گۆڕسـتانی بـەقیعی دەکـرد، دایکمـان عائیشـە (ڕەحمـەتی خـوای لەسـەر بێـت) دەڵێـت: کاتێـك پێغەمبـەر سەردانی بەقیعی دەکرد ڕێك دەوەسـات و پاشـان دەسـتە موبارەکـەکانی سـێ جار بەرز دەکردەوە بۆ ئاسمان دوای ماوەیـەك دەگەڕایـەوە، لـە گێڕانەوەیـەکی ترداواهـاتوە کـە پێغەمبـەر(ﷺ) لـە کۆتایـەکانی شـەودا سـەردانی گۆڕسـتانی بـەقیعی دەکـردوو دەیفـەرموو:( السـلام علـیکم دار قـوم مـؤمنین وأتـاکم مـا توعـدون غـداً مؤجلـون وإنـا إن شـاء الله بكـم لا حقـون اللـهم اغفـر لأهـل بقيـع الغرقد)، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت سەردانی کردنی گۆڕستان بە شێوەیەکی شەرعی ئاوایە کە چوویت بۆ سەر گۆڕستان دوعـای خێریـان بـۆ بکـەیت نـەك شتی تر، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ کـە سـەردانی گـۆڕ دەکرێـت بـە هـاوار و شـین و واوەیـڕۆ لـە خـۆدان و هـاوارکردن لـە مـردوو لـەباتی ئـەوەی ئـەم دوعابکـات بـۆ مردوەکە ئەم دەپاڕێتەوە لە مردوەکە تکای بۆ بکات لای خـوا یـاخود منـداڵی بداتێ و هەزارو یەك شتی تر.

---

٢٨٣- أخرجه مسلم: في كتاب الجنائز: باب ما يقال عند دخول القبور والدعاء لأهلها، حديث "٩٧٤"، والنسائي ، في كتاب عشرة النساء: باب الغيرة،"٧/٧٢- ٧٣.

بۆیە پێشەوا حەسەن بەننا دەڵێت:(ولكن الإستعانه بالمقبورين أياً كانوا) دیارە داواکردن لە کەسانێك کەلە ژیاندابن بۆ هەندێ کاروباری ڕۆژانە کارێکی ئاساییە مادام لەتوانای داوالێ کراودا بێت، خۆ ئەگەر لە توانایدا نەبێت، دەبێت تەنها داوا لێکراو خوای تاك و تەنها بێت وەك لە سورەتی فاتیحەدا خوا ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکات:﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْـتَعِينُ ﴾ دەی خۆ دیارە مردوانی ناو گۆڕستان هیچ توانایەکیان نییە سودێك بۆ خۆشیان دەستبخەن ئیتر چۆن دەتوانن بێن بە هانای ئەو کەسەوە کە داوایان لێ دەکات؟ ئەوەی لەم دنیایەدا داوا لە مردوێك دەکات بۆ ئەوەی بەهانایەوە بێت و سودێکی دونیایی یان قیامەتی پێ بگەێنێ تەنها نیشانە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە داواکار ڕێگەی ڕاستی لێتێك چووە، دەی هەر ئەمە یەوادەکات کە ئەرکی من و تۆی دیندار ئەوەبێت دەستی ئەو کەسە بێ ئاگایانە بگرین و نەهێڵین ڕێگەی ڕاستیان لێ تێك بچێت و زوو زەنگی ئاگادارییان بۆ لێ بدەین نەیڵێن بەو ئاقارە هەڵەدا بڕۆن، ئەمە جۆرێکە لە بەرەنگار بوونەوەی مونکەر و خراپەیەك کە لە کۆمەڵگەدا سەر هەڵدەدات.

(أياً كانوا) جا ئەو کەسە لەپێغەمبەران بێت یان لەدەرجەی ڕاستگۆیان بێت یان لە شەهیدانی ڕێگای حەق بێت یان وەلی وخۆشەویستی خوا بێت یان هەر کەسێکی تربێت، ئەمانە هەمووی بەندەی خوان و هیچ دەسەلاتێکیان نییە لەوەی کە بتوانن سودێك بۆ خۆیان دەستبخەن یان زیانێك لە خۆیان دوربخەنەوە مەگەر تەنها بەویست و ئیرادەی خوا بێت، دەی داواکردن لە کەسانێکی ئاوا کە زیان و سود لە دەستی خۆیان نەبێت ئیتر چۆن دەکرێت کەسێکی تر پشتیان پێببەستێت لە دەستخستنی سود یان لابردنی زیان لەسەری؟، مرۆڤی ژیر و دینداری ڕاستە قینە دوورە لەم جۆرە داواکردنە لە مردوان، بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێنمایمان دەکات و دەفەرموویێت «کنـتُ

خَلْفَ رسول الله (ﷺ)يوماً، فقال لي: يا غلام، إني أعَلِّمُك كلمات، [احفظِ الله يحفظْك] ، احفظِ الله تَجِدْهُ تُجاهَكَ، إذا سألتَ فاسأل الله، وإذا استعنتَ فاستَعِنْ بالله، واعلــم أن الأمة لو اجتمعت على أن ينفعوك بشيء لم ينفعوك إلا بشيء قــد كتبــه الله لــك، وإن اجتمعوا على أن يضرُّوك بشيء لم يضروك إلا بشيء قد كتبه الله عليك، رُفِعَتِ الأقلام، وجَفَّــتِ الصُّــحف»[٢٨٤] لێرەوەیە داواکردن و هانابردنە لای کەسانی تر پەنا بردنەلای غەیری خوا تەنها پەشیمانی و حەسرەت و دەردی سەری بۆ کەسی داواکار بەرهەم دێنێ، چونکە کەسی داوا لێکراو هیچ دەسەلاتێکی نییە بۆخۆی ئیتر چۆن کەسێکی تر سودی دەستدەکەوێت لێی؟(فاقد الشيء لا يعطيه) کەسێك کە هیچ لە کەشکۆڵە و هەمبانەکەیدا نەبێت چی ببەخشێت؟ وەك گوتراوە: پەروەردگارا! سەرم سور دەمێنێ کەسێك بتناسێت چۆن ئومێد و هیوا بەغەیری تۆ دەبەستێت، وکەسێك بتناسێت چۆن لە غەیری تۆ داوادەکات؟!.

- **لەو شتانەی کە نابێت مرۆڤ پشت بە غەیری خوا ببەستێت تیایاندا:**

١- لێخۆشبوونی گوناه و تاوان، هەرگیز نا بێت مرۆڤ لە بەردەم کەسێکی تردا بەیانی گوناه و کەمتەرخەمیەکانی بکات لە مافەکانی خوا لەو گوناهانەی کەکردونی و پێویستیان بە تەوبە و پەشیمانی هەیە، بە بیانوی ئەوەی کە ئەم کەسە تکایەك یان داوایەك یان دەستی دەروات لای خوا وەك ئەوەی کە لە دینی مەسیحیەتدا هەیەوناسراوە بە (سکوك الغفران) یان ئامادەبوون لە مەراسیمی شیوەن گێڕانی شەهید بوونی (حەسەن و حوسەین) وەك خوای گەورە دەفەرموویت:﴿والَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَو ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا

---

٢٨٤- أخرجه الترمذي رقم (٢٥١٨- في صفة القيامة، باب رقم (٦٠- ، وقال الترمذي: هذا حديث حسن صحيح.

اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾[285]. هیچ كەس ناتوانێت لە گوناه خۆشبێت و هیچ واسیتەیەكیش نییە بۆ لێخۆشبوونی گوناه لای خوا، كەواتە: نە داواكردن لە مردوو نە پشت بەستن بەكەسی ترەوە نابێتە هۆكاری سڕینەوەی گوناهەكانت.

٢- هیدایەتدان: هەموومرۆڤایەتی هەستێت و بیەوێت هیدایەتی یەك كەس بدەن بە تەواوی پێغەمبەرانیشەوە ناتوانن هیدایتی یەك كەسبدەن بەخشینی هیدایەت بەكەسەكان تەنها خوادایە ویست وئیرادەی كەسەكە خۆی ، ئێمەی مرۆڤ تەنها ڕێنمایی و ئاگادار كردنەوەمان لەسەرە و هیچی تر، ئەمەش مانای ئەوە نییە بڵێین: مادام خوا هیدایەتی ئەم كەسەنادات ئیتر ئەگەر گوناه و سەر پێچی كرد بۆ خوا عەزابی بدات؟ ئەمە وانییە، چونكە ئەگەر مرۆڤە كە خۆی ویستی هیدایەت قەبوڵبكات ئەو كاتەویستی خواش لەگەڵیدا هەماهەنگ دەبێت واتە: لەم نێوەندەدا مرۆڤ سەر پشكە لە قەبوڵ كردنی هیدایەتی خوا كە خوا عەرزی كردووە لە دوتوێی پەیامە ئاسمانیەكاندا، كەواتە ئێمە ناتوانین بەزۆر بیدەینێ خۆی قەبوڵی كرد خوایش پێیدە بەخشێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾[286] .

٣- داوای رزق و ڕۆزی تەنها دەبێت لە خوا بكرێت چون هەر خوا خۆی ڕۆزی بەخشە، جا ئەو ڕۆزیە ماڵ بێت یان منداڵ بێت : وەك خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ﴾[287] .

---

٢٨٥- سورة آل عمران: ١٣٥.

٢٨٦- سورة القصص: ٥٦.

٢٨٧- سورة فاطر: ٣.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی کە داوادەکات لە داوا لێکراو زیند و بێت یان مردوو تەنها لەبەر دووشتە، سودی دونیایی یان سودی قیامەتی، سودی دونیایی بەوەدەبێت کە کەسەکە دەڕوات دەپاڕێتەوە لە کەسێك جا زیندو بێت یان مردوو بۆ دووشت، یەکەم بۆ ڕۆزیەك کە ڕۆزی بەخش هەر خوایە یان داوادەکات منداڵێکی بداتیٚ کەمنداڵ دەریش هەر خوایە، هەڵەکە لێرەدایە لەباتی پەنابردنە بەر خوای بەتوانا پەنا دەبرێتە لای مرۆڤێك زۆر جاریش بۆلای مردوێك کە هیچ دەسەلاتی نییە بۆیە ئەمە دەبێت بەرەنگاری بکرێت بەهۆکار و وەسائلی خۆی، بنبڕکردنی ئەمەش دەبێت حکومەت بەم کارە هەستێت لە ڕێگەی دامودەزگای تایبەتەوە، کە بەلای منەوە سیٚ وەزارت بەم کارەوە پەیوەندی دارن، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەبڵاوکردنەوەی پێویست بەم بوارانە، دووەم وەزراەتی پەروەردە کە پێویستە هەستێت بە دانانی پڕۆگرامێك بۆ پەروەردەکردنی قوتابیان لە یەکێك لە قۆناغەکانی خوێندا، سیٚ وەزارەتی ئەوقاف، کەدەبێت بەردەوام لە ڕێگەی خۆیەوە کار ئاسانی بکات بۆ بانگخوازان تا بەباشی بەکاری خۆیان هەستن بۆ هۆشیارکردنی تاکەتاکەی ناو کۆمەڵگە بەم دەردە کوشندانە.

جۆری دووەم: کە داواکار داوای دەکات لە کەسی بەرامبەر جا مردو بێت یان زیندو بەرژەوەندی دواڕۆژە، بەوەی کەلە گوناهەکانی خۆشبێت یان داوابکات لەخوا بیکاتە واسیتەی نێوان خۆی و خوا، وەك ئەوەی کە لە دینی مەسیحیەتدا دەبینرێت سالانە قەشە هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (سکوك الغفران) لەباتی ئەوەی ئەم ساڵە چەندە گوناهت کردووە بە کڕینی یان وەرگرتنی ئەم (سکەیە) لە تەواوی گوناهی ئەو ساڵە پاك دەبیتەوە، یان هیدایەتدان هەندیٚ کەس هەن دەیانەوەیٚ بەزۆر خەڵکی بێنە ژێر ڕکێفی ئیسلامەوە ئەمەش نیشانەی حاڵی نەبوونی بەرنامەی خوای گەورەیە

زۆرکـردن لـە بەموسـوڵمانکردنی تاکـەکان لـە ئیسـلامدا قەدەغەیـە و ڕێگـەی پێنـەدراوە هـەرکات کەسـەکە بـۆی ڕوون بویـەوە کـە ڕێنمایـەکانی مـن و تـۆی باوەڕدار دەیهێنێتە قەناعەت ئەوکاتە کەویستی هیدایەت وەرگرێت خواش بە میهرەبانی خۆی هیدایەتی پێدەبەخشێت.

وەك تـەواوی زانایـان لەسـەر ئـەوە یـەك دەنگـن کـە پێویسـتە لەسـەر مرۆڤایـەتی بزانێـت تـەنها خـوا فریـاد ڕەس وفریـادگوزارە وکەسـی تـر قـابلی ئەوەی نییە هانـای بـۆ ببرێـت وداوای ئـەو شـتانەی لـیٚ بکرێـت کە ئامـاژەمـان پێکـردن، بـەلاٚم بـۆ ڕاپەڕانـدنی کاروبـاری ڕۆژانـەی ئاسـایی کەسـێك داوای هاوکاری بکات شەرعەن ڕێگە پێدراوە بەمەرجێك لەسەر چاکەو چاکە خوازی بێت ﴿وَتَعاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ والتَّقْوى ولا تَعاوَنُوا عَلَى الْـإِثْمِ والْعُـدْوانِ﴾[288] ئەوەی کە لەبنەماکـەدا هـاتووە(ونـداؤهم)واتـە داواکـردن لـە مردوانـی نـاو گـۆڕسـتان وەك گوتمـان ئـەوان توانایـان نییـە سـود بـە خۆیـان بگـەیٚنن ئیتر کـەی ڕەوایـە تـۆ چاوەڕیٚ سودیان لیٚ بکەی بۆ خۆت، بۆیە خـوای گـەورە دەفـەرمووێت:﴿ولا تَدْعُ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لا يَنْفَعُكَ ولا يَضُرُّكَ فَإِنْ فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذاً مِنَ الظَّالِمِينَ﴾[289]. بۆیـە داوا کردن لە مردوان ناشیرین ترین کارێکە کە مرۆڤ دەیکات و پێی هەڵدەستێت، ئـەوەی لەسـەردانی کردنـی گـۆڕسـتاندا ڕێگـە پێنـەدراوە هـەر ئەمەیـە کەلـەم بنەمایـەدا هەنـدێکی بـەیانکراوە بـەجوانی و پـوختی (وطلبَ قضـاء الحاجاتِ منهم – عن قُربٍ أو بعدٍ–) داواکردنی پێداویستیەکانی خـۆت لـە مردوەکـە جـا نزیـك بیـت لـە گـۆڕەکەیـەوە یـان دووربیـت، ئـەم داوایـە داوایـەکی نابـەجیٚ و بێکەڵکە چونکە داوا لیٚکراو هیچی بەدەست نییە.

---

٢٨٨- سورة المائدة: ٢.

٢٨٩- سورة يونس: ١٠٦.

(والنَّـذْرَ لهم) نـەزركردن بـۆ مـردوان، واتـە: شـتێك لەسـەر خـۆت پێویسـت بکەی لە دەرەنجامی ئەو داوایەیی کەکردوتە لەمردوەکە بۆت بکات.

وشەی (نذر) لە زمانەوانیدا، واتە: بڕیاردان بەکردنی شتێك خەیر بێت یان شـەر، لەشـەرعدا واتـە: بـەواجب گێڕانـی شـتێك لەسـەرخۆت کـە لەبنـەمادا ئەوشتە شەرعەن واجب نییە لەسەرت، دەی ئەمەشدروست نییە تەنها مەگەر بۆ ڕەزامەندی و لەبەر خاتری خوا ئەنجامی بدەی نەك لەبەر ئەوەی مردوەکە شتێکت بۆ بکات یان نا، چونکە نەزرکردن جۆرێکە لە بەندایەتی کردن و عیبادەت دەی خۆ عیبادەتیش تەنها بۆ خوا دروستە بکرێت نە کەسی تر، پێغەمبەری خوا دەفەرموویت:"لَا نَذْرَ إِلَّا فِيمَا ابْتُغِيَ بِهِ وجْهُ اللَّـهِ"[٢٩٠]، هەندێ لە زانایان ڕێگەیانداوە کەسێك لە کارێکی موباح و ڕێگە پێدراودا نەزربکات وەك بڵێت: خوایە ئەگەر فلان کەسم چاك ببێتەوە یان بەرببێت یان دەرچێت مەڕێك نەزر بێت لەسەرم، بەڵام بۆ شتێك کەسەربکێشێت بۆ گوناە وسەرپێچی بە هەموجۆرێ قەدەغەیە ودەبێت لێدورکەویتەوە پێغەمبەری خوا دەفەرموویت: "مَنْ نَذَرَ أَنْ يُطِيعَ اللَّهَ فَلْيُطِعْهُ، ومَنْ نَذَرَ أَنْ يَعْصِيَ اللَّهَ فَلَا يَعْصِهِ"[٢٩١]، ئەوەی کە پێی دەگوترێت نەزری گوناهـە و سەر پێچی خوا نەزرکردنە بۆ مردوان جا ئەو مردوە هەر کەسێك بێت، وەك لەناو زۆربەی خەڵکیدا کە دورن لە حەقیقەتی ئەم ئاینە پاکەوە بەدی دەکرێت بە جۆرێك کە دەچن بۆ سەردانی کردنی

---

٢٩٠- أخرجه أب و داود: في كتاب الأيمان والنذور، باب اليمين في قطيعة الرحم، رقم (٣٢٧٣- و (٣٢٧٤- وإسناده حسن.

٢٩١- أخرجه مالك: في كتاب النذور والأيمان: باب ما لا يجوز من النذور في معصية الله، ٢/ ٤٧٦، حديث (٨-، والبخاري: في كتاب الأيمان والنذور: باب النذور في الطاعة، ١١/ ٥٨١ حديث (٦٦٩٦- ، وأب و داود (٣/ ٥٩٣- ، كتاب الأيمان والنذور: باب ما جاء في النذر من المعصية، حديث (٣٢٨٩- ، والترمذي:، كتاب النذور والأيمان: باب ما جاء عن الرسول الله ﷺ أن لا نذر في معصية، (٣/ ٤١- حديث (١٥٦٤-، قال الترمذي: حديث حسن صحيح.

گۆڕستان یان مەرقەدی فلان پیاو چاك و بە مەبەستێكەوە دەڕوات، كەگەیشتە بەرەوە مەبەستەكەی خۆی دەڵێت و لە مردوەكە دەپارێتەوە و داوای لێدەكات: ئەگەر ئەو كارەم بۆ بكەیت یان نەخۆشیەكەم چارەسەر بكەیت نەزربێت لەسەرم ئەوندە پارە یان مەڕێك یان هەرشتێكی تر لەو جۆرە بكەمەخەیر، ئەمە كارێكی ناڕەواو نادروستە و حەرامە، چونكە نەزرەكە بۆ كەسێكی مردوە نەزریش نابێت بۆ مردوبێت و مردوش هیچ دەسەڵاتێكی نییە، بۆیە نەزر تەنها دەبێت بۆ خوا بێت، ئەگەر باوەریشی وابێت ئەم پیاوچاكە یان ئەم ئیمامە دەتوانێت دەستكاری چاكە و خراپەی ئەم بكات گومانی تیانیە كە ئەمە كوفرە و دەبێت موسوڵمانان هۆشیاربن لەم جۆرە ڕەفتار و بیروبڕوایانە كە سەر دەكێشن بۆ دونیایەك لە خورافیات و كاری پروپوچ.

بەم جۆرە ڕون بویەوە كە هانا بردن بۆ مردوان و داواكردن لێیان و نەزركردن بۆیان هەموی گوناه و كارێكی ناشیرین و دورە لە بیرەبڕوایەكی دروست پاك و بەتاك و تەنها زانینی خوای گەورە و بەم جۆرە سەردانی كردنی گۆڕستان پێچەوانەی شەرعە و دەبێت دورەپەرێزی لێبكرێت.

(وتشـييدَ القبـورِ) واتە دروستكردن و دیواروكردنی گۆڕ وەك مەرقەد بەرزكردنەوی بە چیمانتۆ و گەچ ....، ئەمە هەموی كارێكی نەفامانەیە و لە شەرعدا ڕێگەی پێنەدراوە ئەمەش بۆچوونی تەوای زانایانی باوەڕ پێكراوە.

(وسـترَها وإضـاءَتها) ڕوناك كردنەوەی ئەو گۆڕەی كە خانوی لەسەردروستكراوە و ڕازاندنەوەی بە گوڵۆپ و سورەیا و ئاوێنە و هەر شتێكی تری لەم جۆرە لەدیاردەی چەواشەكردنی خەڵكی و دورخستنەویەتی لەو ڕاستیانە كە پێغەمبەری خوا(ﷺ) هۆشداری داوە لەسەریان ئیبن

وعەباس دەڵێت:" لَعَنَ رَسُولُ اللهِ ﷺ زَائِرَاتِ الْقُبُورِ ، والْمُتَّخِذِينَ عَلَيْهَا الْمَسَـاجِدَ والسُّرُجَ"[٢٩٢].

(والتمسُّحَ بها) دەست هێنان بە گۆڕدا بەنیەتی تەبەروك و بەخشینی شیفاو دورخستنەوەی بەڵاو نارەحەتی یەكێكە لەو گوناهانەی كە تەوبەیان پێویستەودەبێت ئەم جۆرە كارانە لە ناو موسوڵماناندا بە شێوەیەكی حەكیمانە بنبڕ بكرێن و بەیاسایی قەدەغە بكرێن.

(والحلِفَ بغيرِ الله وما يلحق بذلك من المبتدعاتِ كبائرٌ تجبُ محاربتُها، ولا نتأوَّل لهذه الأعمالِ سداً للذَّريعةِ.) سوێند خواردنی بە غەیری خوای گەورە كارێكی ناڕەواو نابەجێ یە، پێغەمبەری خوا هۆشیاریمان دەداتێ لەم بارەوە دەفەرمووێت:" مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللَّهِ فَقَدْ كَفَرَ " [٢٩٣] یان "مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ الله فَقَدْ كَفَرَ وأَشْرَكَ"[٢٩٤]

زانایان گوتویانە سوێندخواردن بە غەیری خوا شركی بچوكە، هەندێكیش لە زانایانی فەرمووده گوتویانە: ئەمە هەڕەشە و ترساندنی تیایە بۆیە لە هەمووكاتێكدا ناڕەوایە سوێند بە غەیری خوا بخورێت، چونكە نەهیەكە دەیگرێتەوە، ئەم حوكمەش بەپێی بیروبڕوای سوێند خۆرەكە دەگۆڕێت، سێ بۆچوون لەم بوارەدا دروستبووە:

---

٢٩٢- أخرجه أب و داود: في كتاب الجنائز، باب في زيارة النساء للقبور، رقم (٣٢٣٦-، والترمذي: في كتاب الصلاة، باب ما جاء في كراهية أن يتخذ على القبر مسجداً، رقم (٣٢٠- ،وقال الترمذي: هذا حديث حسن.

٢٩٣- أخرجه أب و داود: في كتاب الأيمان والنذور: باب في كراهية الحلف بالآباء رقم(٣٢٥١- ، والترمذي: في كتاب النذور والأيمان: باب ما جاء في كراهية الحلف بغير الله رقم(١٥٣٥- و الحاكم: وقال: صحيح على شرط الشيخين.

٢٩٤- أخرجه الترمذي:في كتاب الأيمان والنذور، باب ما جاء في كراهية الحلف بغير الله، رقم (١٥٣٥- وقال: هذا حديث حسن.

١- سوێند خۆر بیروبڕوای وابێت کە ئەو شتەی سوێندی پێدەخوات شایانی ئەوەیە سوێندی پێ بخورێت و بە گەورەی بزانێت بڕوای وابێت زیانی لێ دور دەخاتەوە ئەوە دەچێتە ژێر مەفهومی فەرموودەکە کە فەرموی(من حلف بغير الله فقد كفر وأشرك) چونکە سوێند پێ خوراوی کردووەتە هاوەڵی خوای تاك و تەنها.

٢- ئەگەر سوێند خۆر بڕوای وانەبێت سوێند پێ خوراو گەورە و زیان لابەرە، ئەوە گوناهێکی ئەنجامداوە و دەبێت تەوبەبکات داوای لێخۆشبوون لە خوا بکات لەسەر ئەو گوناهەی کە کردویەتی" من كَانَ حَالفا فليحلف بِاللَّـه أَو ليصمت "[٢٩٥].

٣- ئەگەر کەسە سوێند خۆرەکە زمانی ڕاهاتبوو لەسەر سوێند خواردن بە غەیری خوا بەڵام سوێند پێخوراوی بەلاوە گەورە نەبوو و ئیمانیشی وابووکە شایستەی سوێند پێخواردن نییە، ئەوە دەبێت هەوڵ بدات وازلە و جۆرە سوێندانە بێت، چونکە کارێکی نا باشە دەبێت مرۆڤی موسوڵمان خۆی لێدوربگرێت.

(وما يلحق بذلك) ئەوانەی کەماوە باسبکرێن لە کاری خراپ و دور لە شەرع کە بەرنگاربوونەوەیان ئەرکی موسوڵمانانە زۆرن و تەنها ئەوەندە کە لێرە باسکران نموونەیەکن لەوکارە خراپانە کە شەرعی خوا پەسەندیان ناکات، وەك بەڕێکەوتن و بەجێهێشتنی و لات و شار و لادێ و ماڵ و منداڵ بۆ چوون بەمەبەستی سەردانی بۆ مەرقەدی فلان ئیمام و فلان شەخس و پیاو چاك، ئەمەش ڕێگە پێنەدراوە لە ئیسلامدا چونکە (شد الريحال) تەنها بۆ سێ مزگەوت دروستە" لا تُشَدُّ الرِّحال إلا إلى ثلاثةِ مساجدَ: مسجدي هـذا، والمسجدِ

---

٢٩٥- متفق عليه.

الحرامِ، والمسجدِ الأقصـــى"[296] ئەوسێ مزگەوتەش بریتین لە ماڵی خوا کەعبە مزگەوتی پێغەمبەری خوا لە مەدینە و مزگەوتی ئەقصا، ئەوەی بەیانکراو ئەوەی ماوە لەو جۆرە کارانە هەموویان لە بازنەی ئەوکارە خراپانەن کە بەرەنگار بوونەوەیان بەوەسایل و هۆکاری خۆیان واجب و ئەرکی باوەردارانە،(من المتدعات كبائر تجب محاربتها) ئەم گوناهە گەورانە کە لە کۆمەڵگەدا سەر هەڵ دەدەن واجب و ئەرکی باوەڕدارانە بەرەنگاریان ببنەوە بە شێوازی خۆیان، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموویێت:" من رأى مِـــنْكُم مُنْكـــرا فليغيره بِيَدِهِ، فَإِن لم يسْتَطع فبلسانه، فَإِن لم يسْتَطع فبقلبه، وذَلِكَ أَضْـــعَف الْإِيمَـــان"[297] مانای ئەم فەرموودەیە دەبێت وا بکرێت، ئەوانەی لە موسوڵمانان کە دەتوانن بەدەست و بازو و گوناه و مونکەر بگۆڕن ئەوانەن کە خاوەنی دەسەڵات و لە دەزگایەکی تایبەت بەوکارەن لەناو دەوڵەتدا، ئەگەر نەیکەن ئەوە ئیمانیان لاوازە، دەستەی دووەم کە بانگخواز و قەسە ڕۆیشتوانی ناو کۆمەڵگەن کە لە ئەمڕۆدا پەرلەمان و زانایان و ڕۆشنبیران دەگرێتەوە، ئەگەر بەزمان و پڕۆژە بەرەنگاری مونکەر نەبوونەوە، ئەوە لەوکەسانەن کە ئیمانیان لاوازە، دەستەی سێیەم خەڵکی عامەیە لە موسوڵمانان، ئەگەر مونکەرێك کرا نابێت ئەم خەڵکە عامە بە عەشوائی بدەن بەسەر مونکەرەکەدا و بکەرەکەی ئازار بدەن، ئەرکی ئەم دەستەیە ئەوەیە بەدڵ پێیان ناخۆش بێت و بە هیچ جۆرێك پشتگیری بکەرەکەی نەکەن، نە لەگەڵی بن و نە وەلا و خۆشەویستییان بۆ دەربڕن، ئەگەر ئەمەیان نەکرد و بەدڵ پێ یان ناخۆش نەبوو ئەوە ئیمانیان لاوازە،

---

٢٩٦- أخرجه البخاري: في كتاب التطوع، باب فضل الصلاة في مسجد مكة والمدينة،٥١ و ٥٢، ومسلم: في كتاب الحج، باب لا تشد الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد، رقم (١٣٩٧-، وأب و داود: في كتاب المناسك، باب في إتيان المدينة، رقم (٢٠٣٣-، والنسائي : في كتاب المساجد، باب ما تشد الرحال إليه من المساجد، ٣٧ و ٣٨.

٢٩٧- أخرجه مسلم: في كتاب الإيمان رقم (٧٨-.

ئەمە ئەوەیەکە پێشەوا بەننا دەڵێت:( یتأول) نا بێت بۆزشیان بۆ بێتەوە سەرەتا ئاگادار دەکرێن پاشان دەی گۆڕن بەوەسیلە و هۆکاری خۆی، ئەمە تەنها(سداً للذریعة) بۆئەوەی خەڵکی نەکەوێتە هەڵە و گوناهی لەو جۆرەوە، بە هۆی بێ دەنگی و بێ هەڵوێستی موسوڵمانانەوە.

## چی فێردەبین لەم بنەمایە؟

١- گرتنەبەری هۆکارەکانی زیادبوونی ئیمان لەوانە سەردانی کردنی گۆڕستان بە مەبەستی پەندوەرگرتن و دوعاکردن بۆ مردوان.
٢- بڵاو کردنەوەی ڕێنمایەکانی شەرع بەناوخەڵکیدا بە تەواوی هۆکارەکانی سەردەم بۆ ئەوەی خەڵکی هۆشیاربن لەسەردانی کردن بۆ گۆڕستان و دور بکەونەوە لەو هەڵە کوشندانەی کە مرۆڤی پێ تاوان باردەبێت لای خوا.
٣- پشتوپەنای ئەوەڵ و ئاخرمان هەر خوا بێت و مەلکەچ و فەرمان بەرداری تەنها ئەوبین، هەمووداواکاریەکانیشمان تەنها لەو بکەین.
٤- دڵنیابین لەوەی کە تەنها خوایە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە سودێکمان پێ بگەیەنێ و زیانێکمان لێدوربخاتەوە کە بە کەڵکی دونیا و دواڕۆژمان بێت.

## بنەمای پانزەهەم

## دوعا هێزی دڵ و گیانە

والدعاء إذا قرن بالتوسل إلى الله بأحد من خلقه خلاف فرعي في كيفية الدعاء وليس من مسائل العقيدة.

....................................

**پوختەی بنەماکە**

پاڕانەوە و هاوارکردنە خوا بە بایسی یەکێك لە دروستکرا وەکانی خوا، لە چۆنییەتی پاڕانەوەدا، جیاوازیەکی لاوەکی و فەرعی نێوان زانایانە و بە بەشێك لە پرس و بابەتەکانی بیروبڕوا هەژمار ناکرێت.

**دەروازەی چوونە ناو بابەتەکەوە:**

دوعا و پاڕانەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بەتایبەتی لەژیانی موسوڵمانانیدا، زانایان فەرموویانە پاڕانەوە بەگەورە ترین پەرستش دادەنرێت، چونکە تەواوی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هەمیشە لەبارەگای خوایدا چۆکیان هەڵداوە دەستەکانیان بۆ ئاسمان بەرزکردۆتەوە و لەخوا پاڕاونەتەوە، ئەوەتا حەزرەتی ئادەم هەر لەسەرەتای ژیانیەوە بۆ دەربازبوون لەتاوان و پاك بوونەوەی ڕۆح و گیانی لەبارەگای خوای میهرەبان لەگەڵ دایکە حەوادا دەپاڕێنەوە تاخوا لە گوناه وسەرپێچیەکەیان خۆش بێت و تەواوی پێغەمبەران حاڵیان وابووە کە هەمیشە لاوازی و موحتاجیان بۆ لای خوا بەرز کردووەتەوە. حەزرەتی نوح و ئەیوب و یونس و یعقوب و یوسف، ئەوەندەی کە قورئان باسی ژیانیانی کردووە زەق ترین حاڵەتی ژیان و گوزەرانیان باسی دوعا و هانابردنە بۆ خوا، پێغەمبەری خۆشمان(درودوسڵاو لەسەر تەواوی پێغەمبەران) ئەگەر تەماشای ژیانی بکەین (ﷺ) ساتنیە دوعای تیانەکرد بێت، بەیانیان(أصبحنا واصبح الملك لله) ئێواران (أمسينا وأمسي الملك لله)کاتی چوون بۆ مزگەوت( اللهم اجعل في قلبي نوورا...) لە تەواوی کاتەکانی تریشدا ساتەکانی پاڕانەوەی ئەو سەرەوەرە (ﷺ) زرۆ دیارو ڕۆشنە .

بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: " الدُّعَاء مخ الْعِبَادَة"[298] پاڕانەوە و لالآنەوە لەبارەگای خوایدا مۆخ و کرۆکی پەرستش و عیبادەتە. چونکە پاڕانەوە هێزی دڵ و ڕوناکی گیان گەرم وگوڕکردنی پەیوەندی بەندەیە بە خواوە، کە ئەم پەیوەندیە لە یەك کاتدا عشق و مەعریفەیە، هەر لێرەشەوە جەستەش نوور و ڕوناکیەکی و زانیاریەك وەردەگرێت و تاریکی نەزانیی خۆی پێ ڕوناك دەکاتەوە، کەواتە پاڕانەوە ئەو شەوق و زەوق و گەرم و گوڕیەیە کە سینەسافان و عاریفان وەسفیان کردووە بە نوور و مەعریفە، نوور و مەعریفەیەك کە لە خودی خۆیا گەرمی بەخشبێت نەك تەنها نووری بێ گەرمی و مەعریفەی و شك و مردوو، هەر ئەمەیە پاڕانەوە دەباتە ئاستێك بەلای خواوە هیچ شتێك هێندەی پاڕانەوە خۆشەویست نەبێت، وەك خۆشەویستمان(ﷺ) دەفەرمووێت: هیچ شتێك بەقەدەر پاڕانەوە لای خوای گەورە خۆشەویست نییە" لَيْسَ شَيْءٌ أَكْرَمَ عَلَى اللهِ تَعَالَى مِنَ الدُّعاءِ"[299] و لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێت:" مَنْ لَمْ يَسْأَلِ اللَّهَ يَغْضَبْ عَلَيْهِ "[300].

لێرەدا گرنگی پاڕانەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەهەرکاتێك ئەم جانبەمان فەرامۆشکرد چاوەڕێی خەشم و توڕەیی خوا بین، چاوەڕێ وشك هەڵهاتنی ڕۆح و جەستەمان بین، چونکە واخەریکە پشتمان لەڕەحمەت و دەسەلآتی خوا کردووە خۆمان وانیشانداوە کە پێویستمان بەخوا نییە، بۆیە ئەگەر نەپاڕێینەوە ئەوە دوور نییە خوا خەشممان لێبگرێت بەوەی لە مەعریفە و گەرم و گوڕی دڵ و گیان دوورمان خاتەوە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە:

---

٢٩٨- أخرجه الترمذي: في كتاب الدعوات، رقم (٣٣٦٨-. وقال: هذا حديث غريب.

٢٩٩- أخرجه الترمذي: في سننه: حديث رقم: (٣٣٧٠-

٣٠٠- أخرجه الترمذي: في كتاب الدعوات، باب رقم (٣- رقم (٣٣٧٠- وه و حديث حسن.

١. دوعـا و پاڕانـەوە خـۆی لەخۆیـدا عیبادەتـە، وەك گـوتراوە ( پاڕانـەوە و دوعاكردن كاكلە و پوختەی نوێژ و ڕۆژو و حەج و مەناسكەكانن یان بەشێكن لەوان، هەركات نەتوانرا ئەم پەرستشانە ئەنجام بدرێت، ئەوا لەهـەر حاڵێكدا دەتوانرێت ڕاستەوخۆ بەپاڕانەوە پەیوەندی بەخواوە ببەسترێ.

٢. جوانترین كارێكە كە خوای گەورە لەبەنـدەكانی وەریـدەگرێ و بەهۆیـەوە بەندەكانی لای خوای گەورە خۆشەویست دەبن، ئەوەندە بەسـە بۆ بەندەیـەكی لاواز و بێ هێز لەگەڵ پەروەردگاری جیهانیان پەیوەندی هەبێت.

٣. دووركەوتنـەوە لـەدوعاو پاڕانـەوە سەردەكێشـێت بـۆ لـووت بـەرزی و لـەخۆڕازی بـوون وبێئاگـا لـە خـوای پـەروەردگار، ئـەم جـۆرە ڕەوشـتانەش بەڕاسـتی دوورە لەموسـوڵمانانەوە، ئەوكەسـانەی ئـەم كارانـە دەكـەن خـوای گـەورە دەرهـەقیان دەفـەرموویت:﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْـتَجِبْ لَكُـمْ إِنَّ الَّـذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾[٣٠١] خـوای گـەورە داوامـان لێـدەكات كەهەمیشە بپاڕێنەوە و داواكارییەكانمان بۆلای ئەو بەرزبكەینەوە ئـەویش بێ هـیچ پـێچ وپەنایـەك وەریانـدەگرێ و وەڵامـمان دەداتـەوە وەك و دەفـەرمووێت:﴿وإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْـوَةَ الـدَّاعِ إِذَا دَعَـانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾ [٣٠٢].

## مەرجی قەبوڵبوونی دوعاكانمان:

١. زۆر بە إخلاصەوە بپاڕێینەوە، بەجۆرێ تـەنها مەبەستمان ئـەوە بێـت كـە خـوای گـەورە وەڵام دەرەوەی پێداویستیەكانی ئێمەیـە و دڵمـان بـەلای هیچـی تردا نەڕوات، خوای گەورە دەفـەرموێت:﴿وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الـدِّينَ﴾[٣٠٣]. وەك

---

٣٠١- سورة غافر: ٦٠.

٣٠٢- سورة البقرة: ١٨٦.

٣٠٣- سورة الأعراف: ٢٩.

**پێغەمبەری خواش (ﷺ) ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێت ( إذا سألت فاسأل الله وإذا استعنت فستعن بالله) .**

**٢. با ڕاستگۆ بین لەپاڕانەوەدا بەجۆرێ کەبزانین خوای گەورە بیسەری دوعاکانمانە و بینەریکردەوەکانمانە و زانایە کەچیماندەوێ، هیچ دوودڵ نەبین لەوەی کە خوای گەورە دوعاکانمان دەبیستێت و وەریشیان دەگرێت و پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت:"** ادْعُوا اللَّهَ وَأَنْتُمْ مُوقِنُونَ بِالْإِجَابَةِ"[٣٠٤].

**٣. زۆر بەخشوعەوە بپاڕێینەوە ملکەچی خۆمان لەبارەگای خوای گەورەدا نیشان بدەین بەشێوازێکی زۆر ئاسایی و بەزمانێکی سادە هیچ تەکلیف لەخۆمان نەکەین بۆ دەربڕینی وشەی جۆراوجۆر لەکاتی پاڕانەوە( إدعوا ربکم تضرعا وخفة ) .**

**٤. با دووربین لەحەرام پابەند بین بەحەڵاڵەکانی خوای گەورەوە هەمیشە با خواردنمان و پۆشینمان حەڵاڵ بێت، چونکە حەڵاڵی سەروەت و سامان وادەکات کە ڕاستەوخۆ دووعاکانمان قبوڵی لای خوای گەورەبن. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:"** الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أشْعثَ أَغْبَرَ يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ : يَا رَبِّ يَا رَبِّ ، وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ، وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ، وَمَلبسُهُ حرامٌ ، وغُذِّيَ بالْحَرَامِ ، فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ"[٣٠٥].

### ئادابی پاڕانەوە:

**پاڕانەوە وەك هەمووشتەکانی تر ئاداب و ڕەوشتی تایبەتی هەیە تابەهۆی ڕەچاوکردنی ئادابەکانی پاڕانەوە کەسی دوعاگۆ بەهیوا بێت بۆ قبوڵ بوونی دووعاکان لەنزیك ترین کاتدا خوای گەورە لێیوەرگرێ، لەوانە :**

---

٣٠٤- أخرجه الترمذي: في الدعوات، باب رقم (٦٦- رقم (٣٤٧٤-.

٣٠٥- مسلم في صحيحه ج ٢/ ص ٧٠٣ حديث رقم: ١٠١٥.

١. هەوڵبدە ئەو کاتانەی کە دوعایان تیداگیرایە بەنەصی فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەکیسیان مەدە، وەك ڕۆژی عەرەفە-ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزان و ڕۆژی جمعە و کۆتایی شەو و دەمەوبەیان. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت:" أَفْضَلُ الدعاء دُعاء يومِ عرفةَ"[٣٠٦]. باشترین و چاکترین و پەسەند ترین دوعاو پاڕانەوە لای خوای گەورە پاڕانەوەی ڕۆژی عەرەفەیە . یان دەفەرمووێت:"إن في الجمعة لساعة لايوافقها مسلم قائم يصلي يسأل الله خيراً إلا أعطاه إياه" [٣٠٧]. دەیبا ئەوکاتەی ڕۆژانی جومعەمان لەکیس نەچێ هەمیشە دەست بەدوعابین .

٢. ڕوبکەیتە قیبلە ( زادها الله شرفا ) وەدەستەکانمان بەرزکەینەوە بۆ ئاسمان لە کۆتایشدا بەدەم وچاومانا بیانهێنین. عمری کوڕی خەتاب(رضي الله عنه)دەفەرمووێت پێغەمبەری خوا(ﷺ)وای کردووە (إذا رفع يديه في الدعاء لم يصطها حتى يمسح بها وجهه ) کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعای دەکرد دەستەکانی بەرزدەکردەوە بۆ ئاسمان داینەدەگرتن تا بەدەم وچاویا دەهێنان.

٣. با زۆر لەسەرخۆ دوعابکەین دەنگ بەرز نەکەینەوە لەکاتی پاڕانەوەدا:﴿وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتْ بِهَا وَابْتَغِ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴾[٣٠٨]. دەنگ بەرزمەکەوە و هێواش نزا مەکە بەڵکو مامناوەندبە لەکاتی پاڕانەوەو دوعا کردندا صلاه بەمانای پاڕانەوەو دوعاش هاتووە.

---

٣٠٦- أخرجه الترمذي: في كتاب الدعوات، باب في دعاء يوم عرفة، رقم (٣٥٧٩-. و مالك: في الموطأ: كتاب الحج، باب جامع الحج، رقم (٢٥٥-، وقال الترمذي: حديث غريب.

٣٠٧- أخرجه الطبراني: في معجمه الأوسط: ج ٦/ ص ٢٨٩ حديث رقم: (٦٤٤٠-.

٣٠٨- سورة الإسراء: ١١٠.

٤.  بزانە لەکاتی دووعا کردندا چی دەڵێیت؟ واتا بەئاگابە و خەواڵومەبە و یان بەشتی ترەوە خۆت مەشغوڵ مەکە  تەنها با لەکاتی پاڕانەوەدا ترکیزت لە دروشمەکانت بێت .

٥.  کۆڵمەدە لەپاڕانەوە بەردەوام لەبارەگای خوای گەورەدا بوەستەو داوای لێبکە، لەدەرگای ڕەحمەتی خوا بدە بیّ هیوا بوون لەپاڕانەوە لە ڕەحمەتی خوا دوورە لەڕەوشتی موسوڵمانانەوە .

٦.  سەرەتای دەست پێکردنی پاڕانەوەکان بەسوپاس وستایشی خوا دەست پێبکەو کۆتاییەکەشی بە صلواتدان بێت لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) .

- **کاریگەری پاڕانەوە لەسەر دڵ و دەرون:**

پاڕانەوە و مناجاتکردن لەگەڵ خوای گەورەدا ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی هێجگار گرنگی هەیە بۆ پەروەردەکردنی دڵ و دەرونی تاکەکانی کۆمەڵگە، لێرەدا زۆر بەکورتی هەندێ لەوکاریگەرییانە دەخەینە ڕوو.

١- وابەستەمان دەکات بەخواوە بەهۆیەوە خوای گەورەش باسمان دەکات و ناوماندەبات (فاذكرني أذكركم) یادی من بکە یادتان دەکەم بەسەرخەری خۆتانم بزانن سەرتان دەخەم بەپشتیوانی خۆتانم بزانن پشتاندەگرم ﴿ اللَّهُ ولِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النور ﴾[309].

٢- پاڕانەوە دڵەکانمان پاك دەکاتەوە دڵەکانمان پاك دەکاتەوە لەگوناه و ژەنگی تاوان و خراپە، بەهۆیەوە خوای گەورە پاداشتێکی نەبڕاوەمان بۆ ئامادە دەکات ولێمانخۆش دەبێت﴿ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيراً والذَّاكِراتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وأَجْراً﴾[310].

---

٣٠٩- سورة البقرة: ٢٥٧.

٣١٠- سورة الأحزاب: ٣٥.

٣- پاڕانەوە بەندەکان لەناڕەحەتی ڕزگاردەکات لەبەلاّ و مصیبەتەکانی دونیا دەی پارێزێت، لەفەرموودەیەکی قودسیدا هاتووە : چەند کەسیٚ بۆ سەفەر و گەشت دەچنە دەرەوەی ئاوەدانی، شەویان بەسەردا دیٚ دەچنە ئەشکەوتێك بۆ حەوانەوە قەدەری خوای گەورە وادەبێت کە بەردێکی گەورە بەردەرگای ئەشکەوتەکەیان لیٚ دەگرێت و توانای دەرباز بوونیان نابێت، هەر یەکەیان بەهۆی کردەوەیەکی جوانیانەوە لەخوا دەپاڕێتەوەو دوعا دەکەن خوای گەورەیش لەو ناڕەحەتیە نەجاتیان دەدات.

٤- پاڕانەوە دلٚ و دەرونمان بەهێز دەکات و کۆسپەکانی دنیا سووك دەبن لەسەر دەرونمان .

٥- پاڕانەوە خۆراکی دلٚ وگیان و ڕۆحە، هەمیشەو بەردەوام ئیرادەی مرۆڤ بەهێز دەکات .

٦- پاڕانەوە قەدەرەکانی خوامان لەسەر لادەبات بۆ قەدەرێکی تر دەمانبات .

چەندانی تر لەسوودەکانی و کاریگەری دوعاو پاڕانەوەهەن .

خوایە گیان چ نهێنیەکت حەشارداوە لە دوتۆی نزاوپاڕانەوەدا ، چ کەنزێکی بێوێنەت لەنێوان خۆت و بەندە سینە سافەکانی خۆتدا لە دوتۆی گفتوگۆ ولالآنەوە و کوڕوزانەوەدا شاردوەتەوە، ئاوا ئەوان شەیدا و تەژنەی پاڕانەوەن و لە میحرابی نزادا بەردەوام چۆکیان داداوە، ئەو بەندانەی کە خۆت هەلٚت بژاردون پاك و دورن لە هەڵە، ئەوبەندانەی کە بوونەتە نوێنەری نێوان خۆت و تەواوی مرۆڤایەتی، خوایە گیان دەپارێینەوە بە شوێنکەوتەی ئەوانمان لە قەلٚەم بدەیت.

**کاکلە و پوختەی بنەماکە:**

(الدعاء) جەمعەکەی (الأدعیة)یە و لە ئەسلٚدا(دعاوٌ) بوە چونکە لە(دعوت)وەرگیراوە، ئەوندە هەیە ئەگەر (واو) لە دوای ئەلفەوە هات دەبێتە

هەمزە وەکوشەی (دعاء).واتە: داواکردن، وەك لە قورئاندا هاتوە:﴿ قَالُوا ادْعُ لَنَا رَبَّــكَ﴾[٣١١] البقره/٦٨.گوتیان بڕۆداوا لە خواکەت بکە ئەی موسی(علیه السلام). خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ قُلْ أَرَأَيْتَكُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللَّهِ أَو أَتَــتْكُمُ السَّاعَةُ أَغَيْرَ اللَّهِ تَدْعُونَ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٤٠) بَلْ إِيَّــاهُ تَــدْعُونَ﴾ [٣١٢]، ئاگاداربە ئەوانە کاتێك کە نارەحە تیەکیان توشدەبێت دڵنیابە تەنها هاوارو داوایان لە خوایە.

کەواتە (دعاء) لەسەر ئەم مانایە داواکردنە لە خوا بەبیٚ واسیتە، هەر بۆیە بە کرۆکی پەرستش و عیبادەت لە قەڵەم دەدرێت، چونکە خوا خۆی فەرمان دەکەت داوا بکەن بپارێنەوە لێتانی وەردەگرم قەبوڵی دەکەم﴿ ادْعُــونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ [٣١٣] هەر ئەمەشە وادەکات بەندەکانی خوا بەهۆی دوعاوە زۆر لە خواوە نزیکن، نزیك تەنها تەفسیرە ئەگەر نا بۆ خوا نزیکی و دووری نییە لە ئارادا، کاتێك بەندەکانم پرسیارت لێدەکەن سەبارەت بە من بڵیٚ خوا زۆر نزیکە لێتانەوە، وەڵامی ئەو کەسانە دەدەمەوە واتە داواکەیان وەردەگرم کە داوام لێدەکەن، یاخود دەفەرموویت:﴿ونحن أقربُ إليه من حبل الوريد﴾[٣١٤] کەواتە واجب و ئەرکمانە بە دڵێکی ساف و سینەیەکی پاك و زمانێکی پارا و بەدەست و دەم و چاوێکی نوورانییەوە بەردەوام داوا لە خوا بکەین و بپاڕێنەوە.

برگەی (إذا قرن بالتوسل)واتە کاتێك بە هۆی وەسیلەیەکەوە لە خوا پاڕایتەوە، بە جۆرێك ئەگەر لە خوا داوابکەیت بە هۆیەکەوە وەك بڵێت:

---

٣١١- سورة البقرة: ٦٨.

٣١٢- سورة الأنعام: ٤٠- ٤١.

٣١٣- سورة غافر: ٦٠.

٣١٤- سورة ق: ١٦.

خوایەگیان لە بەرخاتری ئەو فلانەشتە لێم خۆشبە.. لە چەند حاڵەتێکدا دەتوانی ئەم وەسیلە و هۆکارە بە کاربێنیت کە زانایان لەسەری کۆکن بە هۆی بوونی بەڵگەوە.

یەکەم: ناوسیفەتە بەزو بیٚ هاوتاکانی خوا بکەیتە هۆکار و بە هۆیانەوە بپارێتەوە لە خوا، وەك بڵێت خوایەگیان لە بەرخاتری ناوە جوان وسفەتە بەرزەکانتەوە ولأتمان پڕ لە ئارامی و ئاسایش بکەیت، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوی کە خوا دەفەرموویت:﴿وَلِلهِ الأَسْمَاءُ الحُسنى فَادْعُوهُ بِها﴾ [315].

دووەم: بەکارهێنانی کردەوەی چاك و باش: بە جۆرێك بڵیت: خوایە گیان بە هۆی فلأن کردەوەی باشمەوە لە دایك و باوکم خۆشبە. وەك لە فەرموودەیەکی صحیحدا هاتوە کە ئیمامی بوخاری دەیگێڕێتەوە. سیٚ پیاو باش لە ئەشکەوتێك گیردەخۆن و داوادەکەن لە خوا بەکردەوە باشەکانیان دەڵێن: خوایە ئەگەر فلأن کردەوەی باشم لە بەر رەزامەندی تۆ کردووە خوایە لەم نەهامەتی و نارەحەتیە رزگارمان کە.

سێیەم: داواکردن لە پیاو باشان بەمەرجێك لە ژیاندابن بۆت بپارێنەوە، ئەمەش بەڵگەی صەحیحی لەسەرە و عەمەلی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) پشت ڕاستی دەکاتەوە وەك ئیمامی عمر(رضي الله عنه) داوای کرد لە عەباسی مامی پێغەمبەر(ﷺ) بپاڕێتەوە بۆیان ، واتە ئیمامی عومەر عەباسی مامی پێغەمبەری کردە تکاکار لای خوا تا بارانیان بۆ بباریێت.

تەوسل و بەکار هێنان بەم سێی جۆرە لەکاتی دوعاو پاڕانەوە زانایان هەموویان یەکدەنگن لەسەری و هیچ دژایەتێکیان لەسەری نییە ، ئەوەی کە زانایان قسەیان هەیە لەسەری جۆرەکانی تری تەوەسل هەر ئەمەشە پێشەوا

---

٣١٥- سورة الأعراف: ١٨٠.

حەسەن بەننا لە بنەماکەدا ئاماژەی پێکردووە دەڵێت:( التوسل إلى الله بأحد من خلقه) هاوارکردنە خوا بە هۆی یەکێك لە دروستکراوانی خوا.

التوسل: لە (وسل)یە و الوسیله، بریتییە لە شوێن و پلە و پایە و نزیکی لە خاوەن دەسەڵاتەوە، وەك گوتراوە فلان کەس وەسیلەیەکی کردە هۆکار لای خوا، ئەمەش لە کاتێکدا دەگوترێت کە کارێك ئەنجامدەدات، واتە بە هۆیەوە لێی نزیك ببێتەوە (الواسل) ئیسمی فاعلە وەك (الضارب) وایە بەواتای ئارەزومەندی بۆلای خوا، قورئان لە دووشوێندا ئاماژە بەوشەی (الوسیله) دەکات کە بەمانای نزیك بوونەوە لە خوا بەوشتەی کە پێڕازییە :﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وابْتَغُوا إِلَيْهِ الْوَسِيلَةَ ﴾[316] و ﴿ أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَب ويَرْجُونَ رَحْمَتَهُ ويَخَافُونَ عَذَابَهُ﴾ [317] لەم دووئایەتەدا وشەی (الوسیلة) بەمانای نزیکبوونەوە لە خوا دێت بە شتێك کە خۆی پێی ڕازیە، بۆیە دەفەرمووێت: داوای نزیکبوونەوە لە خوا بکەن، قازی بەیزاوی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا (الوسیلة) بەنزیکبوونەوە لە خوا بە هۆی فەرمان بەرداری کردووە، وئیمامی نەسەفی دەڵێت:(الوسیلة) بریتییە لە هەر شتێك کە پێی نزیك ببیتەوە وەك خزمایەتی یان هەر هۆکارێکی تر، ئەم مانایەش وەرگیراوە بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە خوای گەورە بەو شتانەی کە پێی ڕازیە،واتە پابەند بوونە بە قورئان و فەرموودەوە و دەستبەردان لە شوێن کەوتنی شتی تر.

هەر چەندوشەی (الوسیله) بە شوێنێك لە شوێنە تایبەتەکانی بەهەشت هاتوە وەك لە فەرموودە یەکی پێغەمبەردا(ﷺ) بەدەردەکەوێت عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی "

---

٣١٦- سورة المائدة: ٣٥.

٣١٧- سورة الإسراء: ٥٧.

إِذا سَمِعْتُمْ الْمُؤَذّن فَقولُوا مثل مَا يَقُول، ثمَّ صلوا عَليّ، فَإِن من صلى عَليّ صلاةٌ صلى الله عَلَيْهِ بهَا عشرا، ثمَّ سلوا لي الله الْوَسِيلَة، فَإِنَّهَا مترلةٌ فِي الْجنَّة لَا تنبغي إِلَّا لعبدٍ من عباد الله، وأَرْجُو أَن أكون أَنا هُوَ، فَمن سَأَلَ الله لي الْوَسِيلَة حلت عَلَيْهِ الشَّفَاعَة "[318]. ئەم شوێنەش تایبەتە لە بەهەشتدا بۆ بەندەیەکی تایبەتە و چونکە شوێنێکی نزیکە لە خوا، بەکار هێنانی وشەی نزیك لە خوا تەنها بۆ تێگەیشتنە، چونکە نابێت بڕیاری شوێن بۆ خوا بڕیاربدەین، چونکە شوێن تایبەتمەندی دروستکراوانە و داگیرکەری شوێنیش پێویستی بە شوێنەکە هەیە دەی پێداویستی بۆ خوا نەقسەوکەم و کورتییە، خوای گەورە پاك و بێگەردە لە کەم و کوڕی، پەیوەندی مانا زمانەوانیەکە بۆ (الوسیله) لەگەڵ ئەوەی کە لە فەرموودەکەدا دەرکەوت لەوەدایە کە بۆ نزیك بوونەوە لە خوای گەورە دەبێت بە ڕێگەیەك بێت کە خوا خۆی پێ ڕازیە.

جیاوازی زانایان لەسەر تەوەسل لە دوعادا ئەوەیە کە پێشەوا حەسەن بەننا لەم بنەمایەدا ئاماژەی پێکردووە.

١- هەندێ لە زانایان بەڕەهایی ڕەدی دەکەنەوە تەوەسل بکرێت بە یەکێك لە دروستکراوەکانی خواوە بە بەڵگەی ئەوەی کە مرۆڤ خۆی دەتوانێ بە هۆی دوعاوە ڕاستەوخۆ داوا لە خوا بکات، لە خاوەنی ئەم بۆ چونە ئیمامی ئەبو حەنیفەیە (ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت).

---

٣١٨- أخرجه مسلم: في كتاب الصلاة، باب استحباب القول مثل قول المؤذن لمن سمعه كم يصلي على النبي (صلى الله عليه وسلم- ثم يسأل الله له الوسيلة، رقم (٣٨٤-. وأب و داود: في كتاب الصلاة، باب ما يقول إذا سمع المؤذن، رقم (٥٢٣- والترمذي: في المناقب، باب رقم (٣- ، رقم (٣٦١٩- ، والنسائي: في الأذان، باب الصلاة على النبي صلى الله عليه وسلم بعد الأذان. ٢ / ٢٥. وقال الترمذي هذا الحديث حسن صحيح.

٢- بۆچـوونی دووەم ئەوەیـە کـە زانایـان ڕێگەیانـداوە بـە خـودی پێغەمبـەر(ﷺ) تەوەسل بکرێت نەك کەسـی تر، لە خاوەنی ئەم بۆچوونەش ئیمامی ئەحمەدە (ڕەحمەتی خوای لەسەربێت).

٣- تەوەسل دروستە بە ڕەهایی بەخودی پێغەمبـەری خـوا و هـەر پیاو ساڵحێکی تـر لـە بـاوەڕداران، کـە ئەمـە بۆچـوونی زۆرینـەی دواینیەکانـە لـە زانایان بەمەرجێ لە ژیاندا بێت.

لەگـەڵ ئـەم هـەموو جیاوازیـە بـەم شـێوە تونـدە لەسـەر تەوەسـل دەگەینـە ئـەوەی کـە ئـەم مەسـەلە یـە مەسـەلەیەکی فـەرعی ئیجدهادیـە(خـلاف فرعـي في کیفیـــة الـــدعاء) جیاوازیـــەکی فەرعیـــە لـــە چـــۆنیەتی دوعاکردنـــدا، هەموومەسـەلەیەکی ئیجتهـادیش خاوەنەکـەی پاداشـتی بـۆی هەیـە ئەگـەر پێکابێتی دووپاداشـتی بۆی هەیـە و ئەگـەر نـەی پێکابێـت پاداشـتێکی بـۆی هەیـە، بۆیـە هـەرگیز نابێـت لـە مەسـەلە فەرعیەکانـدا پەنابرێتـە بەرتـەکفیر و تەفسـیق کردنـی کەسـانێك کـە پێچـەوانەی بـۆ چـونەکەی تـۆی هەیـە، بۆیـە پێشـەوا حەسـەن بـەننا دەڵێـت:(ولـیس مـن مسـائل العقیـدة) ئـەم جیاوازیـە جیـاوازی بنـەمایی وعەقیـدەیی نییـە، چـونکە مەسـائلی عەقـەدی جیـاوازی وەرناگرێـت ئەگـەر نەسـێکی ڕاسـتەوخۆی لەسـەربێت ئـەوە تـەوەقف دەکرێـت تیایدا و نابێت عەقڵکاری تیدابکرێت، چونکە عـەقڵ کاری لەشـتێکدا دەکرێـت کـە دەقەکـە بـواری دابێـت کـە قسـەی تێـدابکرێت، لەکاتێکـدا کـە باسـی تـاك و تەنهایی خوا دەکرێت یان باسی ملائکە و کارەکانیان و چۆنیەتی گوێرایەڵی و ناردنی پێغەمبەران و ناردنی کتێبـە ئاسمانیـەکان و زیندوبوونـەوە و قـەزا و قـەدەر و بەهەشـت و جەهەنـەم دەکرێـت ئەمانـە شـتانێکن هەرچـۆن عـەقڵ بخەیتەکار بۆ دەرك کردنیـان زوڵـم لـە عـەقڵ دەکرێت، چونکە دەرکیـان ناکـات دەبێت لە ڕێگەی وەحیەوە بزانرێن دەی مەسائلی عەقەدی هـەر ئەمانـەن، بۆیـە

تەوەسل لە مەسائلی فەرعیی و بواری ئەوە هەیە مرۆۋ قسە لەسەر ئەو دەقانە بکات کە لە قورئان و فەرموودەدا و عەمەلی هاوەڵاندا هاتون سەبارەت بە تەئویل.

بۆسەلامەتی بیروبڕوا وادەبینم کە بۆ چوونی ئەودەستەیە تەوابێت کە بەڕەهای تەوەسل ڕەد دەکەنەوە، چونکە بەڵگەکەیان بە هێزترە، ئەمەش ئەوەناگەیێنیٚ کەسێی تەرجیح ئەو بۆ چونەکانی تر بدات بێدین و کافر و موشرك بێت نەخێر بگرە ئەوانیش بەڵگەی خۆیان هەیە و لە بازنەی ئیجتهاددا ئەم مەسەلەیە دەهێلینەوە.

بەکورتی: مەسەلەی تەوەسل مەسەلەیەك بواری ئەوەی تیایە ئەگەر کەسێك قەسەی لەسەر بکات پاداشتی ئیجتهادی تەواوی لەسەروەرگرێت یان نەی پێکێت و تەنها پاداشتی هەوڵدانەکەی لەسەروەربگریٚ، نەك مەسەلەیەکی کوفر و ئیمان بێت، چونکە بەڵگەیەکی ڕاشکاو و گومانبڕمان نییە لەسەر ئەوەی ئایا تەوەسل بەیەکجاری دروستە و ڕێگە پێدراوە یان ڕێگەی پێنەدراوە قەدەغەیە، هەمووئەو بۆ چونانە ئیجتهادین و قسەی زانایان و خوێندنەوەی ئەوانە بۆ ئەو بەڵگانە کەواردن لەسەر ئەم مەسەلەیە.

## چی فێردەبین لەم بنەمایە؟

١- دەبێت بەردەوام بپاڕێنەوە لە خوا و دڵنیابین خوای گەورە ئەم دوعایانەی ئێمە دەبستێت وەریاندەگرێت.

٢- دڵنیابین تەنها خوا خاوەن ودەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە قازانج بە بەندیەك بگەیێنێ یان زیانێکی لێلابدات.

٣- هەرگیز نابێت کارتی کوفر وکافریەتی بۆ بەرامبەر بەرزکەینەوە تەنها مەگەر بەڵگەیەکی تەواو دروستمان بەدەستەوە بێت کە تەواوی زانایان لەسەری یەکدەنگبن نەك بە بۆچوون و ئارەزوی تاکە شەخسی کەس کافر و موشریك بکەین.

٤- دەبێت ئەوە بزانین مەسائلی فەرعی و فقهی ناچنە ناو بازنەی عەقیدە و بیروباوەڕەوە، لە جیاوازی فیقهیدا کەس کافرناکرێت.

## بنەمای شانزەهەم

## گرنگی و پێگەی عورف لە زەمینەی ئیجتهاددا

والعرفُ الخاطئُ لا يغيِّرُ حقائقَ الألفاظِ الشرعيةِ، بلْ يجبُ التأكُّدُ مِنْ حدودِ المعانِي المقصودِ بها، والوقوفُ عندها، كما يجبُ الاحترازُ مِنْ الخداعِ اللفظيّ في كلِّ نواحي الدُّنياوالدِّينِ، فالعبرةُ بالمسمَّياتِ لا بالأسماءِ.

.....................................

**پوختەی بنەماکە.**

**نەریتی هەڵە هیچ جێکەوتەی نەرێنی بەسەر چەمك و دەستەواژە شەرعییەکان نابێت و ناگۆڕێت، بەڵکو پێویستە جەخت لە زەمینە و سنووری ئەو واتا و ئامانجانە بەکەینەوە کە چەمکە شەرعیەکە پێی مەبەستە، پابەندبوون پێیانەوە ئەرکە هەر وەك چۆن خۆپاراستن لە یاریکردن بە دەستەواژەکان و فێڵی زمانەوانی پێویستە، چونکە ئەوەی جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە ناوەڕۆکە نەك ڕواڵەت و ناو و ناونیشان.**

## دەروازەی چوونە ناو بابەتەکەوە:

مامەڵە و هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگە و جۆری پەیوەندیەکانی وەك پەیوەندی کۆمەلاّیەتی، ئابوری، ڕۆشنبیری، سەربازی، لێکنزیك بوونەوەی شارستانییەتەکان و کاریگەریان لەسەریەك و چۆنیەتی گواستنەوەی زانیاریەکان لەنێوانیاندا دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دروستبوونی نەریتەکان و مانەوەیان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر تاکە تاکەی ناو کۆمەڵگە، چەندە ڕەفتار و مامەڵە و کەلەپور و بیروبڕوا و تێگەیشتنەکان بۆ ژیان و پێکەوە ژیان جوان و مامەڵەیەکی تەواو تەندروست بێت ئەوەندەش نەریتەکان جوان و تەندروستدەبن، بۆیە فیقهی واقع و ناسینی نەریتەکانی کۆمەڵگە و ڕێچکەکانی بیرکردنەوە بۆ ژیان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی کۆمەڵگە بنەمایەکی گرنگە بۆ دروستی فەتوا و دەرکردنی ئەحکامی شەرعی، کاتێك کە دەرکی ئەم شتانە نەکرا هەر فەتوایەك بدرێت ناواقعی و نادروست دەردەچێت بۆ ئەو کۆمەڵگەیە، لەبری ئەوەی حەق بەجوانی بەیان بکرێت و زاڵم و ستەمکار وەك خۆی وێنابکرێت و ستەم لێکراو بناسرێتەوە پێچەوانەکەی ڕاست دەردەجێت، بۆیە دەبێت باش لە نەریتەکان حاڵی ببین، چونکە نەریتەکان پاشماوەی پێشینانە و هەمیشە پێچەوانەی پێشکەوتن و گۆڕانە تازەکانی سەردەمە، هەر ئەمەشە وادەکات تا شتێکی تازە دەبێتە نەریتی تاکەکان زەمەنێکی دەوێت هەرئەم ئەندازە زەمەنە وادەکات کە نەریت و عورف و کلتوری پێشینان بێت، لێرەوەیە تایبەتمەندی سەردەمی نوێ و مۆدێرنە

تــەنها ئەوەنــدە دەبێــت کــە بــەزووترین کــات نەریتــەکانی گــەلان بــەناو کۆمەڵگەکانـدا بـلاو بکاتـەوە زووبیانگەیێنێتـە دورتـرین شـوێن، گرنگـە ئـەوە بــزانین حــوکمی شــەرعی وەرناگیرێــت مەگــەر تــەنها لەسەرچــاوەی بــاوەڕ پێکراوەی شەرعیەوە نەبێت، چونکە ئەگەر سەرچاوە لێڵ و گوماناوی بوو هــەر بڕیــارێکی لەســەر بــدرێت دوورە لــە بەرژەوەنــدی تاکــەکانی کۆمەڵگــە بەگشـتی، کاتێـك دەچینـە خزمـەت قورئـان دەبیـنین خـوای گـەورە ڕێگریمـان لێدەکات کە شوێنی شتی گوماناوی بکەوین وەك دەفەرمووێت:﴿إِنَّ الظَّــنَّ لا يُغْنِي مِنَ الْحَــقِّ شَــيْئاً﴾[319] مادام سەرچاوەی تەشریعی ئیسلامی بنەمایە بۆ هەڵگۆزینی حوکمە شەرعیەکان، دەبێت ئەو سەرچاوەیە پاك و ڕوون و یەقین بەخش بێت، ئەگەر وانەبوو هەر شتێك بوونیادنرا هەمیشە موعارەزە بۆ روخـان و لـە ناوچـون، لێرەوەیـە دەبێـت زۆر بـەوردی مامەڵـە بکـەین لەگـەڵ تەواوی ئەو نەریتانە کە لە گەلانەوە بۆمان دەگوازرێتەوە، دەبێت وا مامەڵەیان لەگەڵ بکەین کە گونجاوبن بۆ ژیانمان، ئەمەش ئەوە دەگەیێنی ناکرێ و نابێت هـەرگیز خۆمـان لابـدەین لـە نەریتـەکانی نـاو کۆمەڵگـە، بۆیـە پرسـیار لێـرەوە دروست دەبێت ئایا ئێمە وەك موسوڵمان چون پێشوازی بکەین لە نەریتـەکانی کۆمەڵگە؟ چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین؟ کوێی ئەم نەریتانە دەبێت پێوەست بین پێیانەوە و لەکوێ دەبێت دوربین لێیانەوە؟ چونەکە نەریتـەکانی کۆمەڵگـە ناو و زاراوە و بیرۆکەی ڕوت نیین ئێمە وەك کایەیەکی فیکری یان ڕۆشنبیری مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، بەڵکو زۆرجار کارێکی ئاساییە و ڕۆڵەکانی کۆمەڵگە ڕۆژانە چەند بارەی دەکەنەوە بە شێوەیەکی ئاسان و ساکار دەرەنجام ئەمە دەبێتە نەریت جا باش بێت یان خراپ، بۆیە دەبێت پێوەرێکمان هەبێت بۆ دەست نیشـان کردنـی نـەریتی بـاش و چـاك کـە ئـەویش تـەنها قورئانـە، لـەم

---

٣١٩- سورة يونس: ٣٦.

سـۆنگەیەوە قورئـان وەك بنەمایـەك ئامـاژە بـەوەدەكات كـە ئێمـە چـۆن مامەڵەبكـەین بەودیاردانـە كـە بەشـێوەیەكی ئاسـان و سـادە دوبارەدەبنـەوە؟ زۆرجـار لەشـێوەی گوفتـار بـەرگوێمان دەكـەون بۆیـە قورئـان دەفـەرموویت: ﴿ فَبَشِّرْ عِبَادِ (١٧) الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُولَئِكَ الَّـذِينَ هَـدَاهُمُ اللَّـهُ وأُولَئِكَ هُمْ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ [٣٢٠].دیارە لـەناو كۆمەڵگـەدا قسـەی باش و باشتریش چاك و چاكتر هەیە، هـەر ئـەم قسـەو وتـی وتیانەیـە دەرەنجام دەبێتـە كـردار و ڕەفتاری تاكەكانی كۆمەڵگە، بۆیـە گرنگـە بەنـدە ڕاستەقینەكانی خـوا گـویٚ بـۆ هـەموو جـۆرە قسـەیەك بگـرن و شـوێنكەوتەی چاكترین قسـە بـن تـا دەرەنجام چاكترین كردەوە بكەن و ببێتە نەریتێكی باش و پەسـەند و تـەوای مرۆڤایـەتی سـودمەند بێـت لـەو نەریتـە، چـونكە كاریگـەری نـەریت هیچـی كەمترنیـە لـە كاریگـەری یاسـا و قـانون، ئەگـەر لـە یاسـادا زۆركـردن هـەبێت ئـەوە خـەڵكی بـەئارەزو و بـیٚ هـیچ زۆرلێكردنێـك نـەریت پەسـەند دەكـات، جـا چـاك وایـە موسوڵمانان باشترین قسـەوەرگرن تـا باشترین كـار ئـەنجام بـدەن هـەر ئـەوەش بكەنە نەریتی دروست بۆ كۆمەڵگەكەیان، لێرەوەیە پێشەوا بەننا بەجوانی لـەم بنەمایـەدا ئامـاژە بەكاریگـەری نـەرێتی هەڵـە و گوتـار و وتـەی هەڵخەڵەتێنـەر دەكات، جاهەمیشە نەرێت و گوتە وا لەوشتەدەكەن كە لە ڕاستی خۆیی دوری بخەنـەوە حەقیقـەت بكەنـە سـەراب و سـەرابیش بكەنـە حەقیقـەت و دەرەنجام ئەمـە دەبێتـە ڕێچكەیەك و دروستبوونی نـەریتی خـراپ و هەڵـە، بۆیـە نـەریتی هەڵە هیچ لە حەقیقەتی وتەكان ناگۆڕێت، دەبێت هەمیشـە بە بەرچاو ڕونیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو مانایەبكەین كە مەبەستداربووە لە خودی گوتەكـەدا، دەبێت خۆپـارێزیش بكـەین لـە گوتـارە زرق و برقـەكان كـە دەبنەمایـەی سـەرلیٚ شـێواندنی گـوێگران چ لـە بـواری مامەڵـەی دونیایـەوە بێـت یـان پەوەنـدی

---

٣٢٠- سورة الزمر: ١٧-١٨.

بەمەسائلی قیامەتەوە بێت، هەر ئەمەشە وادەکات کە شەریعەتی ئیسلام عیبرەت و پەند لە ناولێنراوەکەوە وەردەگرێت نەك ناوەکە.

### کاکڵە و پوختەی بنەماکە

پێشەوا حەسەن بەننا لە بنەماکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە نەریتی هەڵە(والعرفُ الخاطئُ ) هیچ لە ڕاستی و حەقیقەتی وتەکان ناگۆڕێت، بۆیە دەبێت لێرەوە ئاماژە بە جۆرەکانی نەریت و باوەکانی ناو کۆمەڵگەبکەین، سەرەتا پێناسەی نەریت دەکەین بەو جۆرەی کە پێناسەکراوە:

**پێناسەی نەریت**: بریتیە لەو شتەی کە لەناو خەڵکیدا ناسراوە و خەڵکی دەقیان پێوە گرتووە و لەسەری دەڕۆن لە کاروبارەکانی ژیانیاندا، چ لە گوفتاردا بێت یان لە کرداردا یان ئەوشتەی بەچاکی دەزانن و ژێری پەسەندی دەکات.

پێشەوا غەزالی وا پێناسەی عورفی کردووە: بریتیە لەو هەستەی کە لەناخدا جێگربووە و لە ڕێگەی ژیریەوە پێشوازی لێدەکرێت بە شێوازی سروشتی قەبوڵ دەکرێت.

بۆیە هەندێ لە زانایان وشەی (عرف وعادەت) بە هاوواتای یەکتری دەزانن و دەڵێن: عادەت یان عورف ئەوەیە کە خەڵکی ئولفەتیان پێوەگرتووە و لەسەری دەڕۆن.وخوای گەورەش لە قورئاندا ئاماژە بەم واتایەدەکات و دەفەرموویێت:﴿ خُذِ الْعَفْو وأْمُرْ بِالْعُرْفِ وأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ ﴾ [321].

### هەڵوێست و تێڕوانینی زانایان لەسەر عورف:

زانایان گوتویانە عورفی جوان و باشمان هەیە و عورفی خراپ و ناشیرینیشمان هەیە، مەرج نییە ئەو نەریتانە کە خەڵکی لەسەری دەڕۆن

---

٣٢١- سورة الأعراف: ١٩٩.

هەمویان جوان و پەسەندبن، بۆیە عورفی جوان و پەسەند ئەوەیە هەماهەنگی شەرع بێت، عورفی خراپ و ناپەسەندیش ئەوەیە کە پێچەوانەی شەرعە، زۆرێك لە زانایان گوتویانە عورفی پەسەند و چاك بە یەکێك لەسەرچاوەکانی حوکم دەرکردن هەژمار دەکرێت، ئەویش لە کاتێکدا موجتەهد یان فەقیە پەنای بۆ دەبات کە ئەوپێشهاتەی کە پێشهاتوە نەصێکی لەسەر نەبێت، نموونەی ئەو زانایانە کە عورفی پەسەند هەژمار دەکەن بەسەرچاوە ئەمانەن:

١- ئیمامی مالك: هەندێ لە ئەحکامەکانی لەسەر عورف و نەریتی خەڵکی مەدینە داناوە.

٢- ئیمامی ئەبو حەنیفە و هاوەڵانی: فتوایان گۆڕیوە بە هۆی گۆڕینی کات و عورفی خەڵکییەوە.

٣- ئیمامی شافعی: کاتێك لە بەغدادا بووجۆرێ لە فەتوای هەبوو و پاشان چوو بۆ میصر زۆرێك لە بۆچوونەکانی خۆی گۆڕی لە بەر گۆڕینی شوێن و کات و عورفی خەڵکی، بۆیە خاوەنی دووجۆر بۆچوونە قەولی تازە و قەولی کۆن.

**بەڵگەکانیان لەسەر گۆڕینی حوکمەکان بە هۆی گۆڕینی عورفی خەڵکیەوە:**

- خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ خُذِ الْعَفْو وأْمُرْ بِالْعُرْفِ وأَعْرِضْ عَنِ الْجاهِلِينَ﴾[٣٢٢].

- لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا هاتووە" مَا رَآهُ الْمُسْلِمُونَ حَسَنًا فَهُو عِنْدَ اللَّهِ حَسَنٌ"[٣٢٣]، هەرچەندە ئەم نەصەی کە هێناومانە زانایانی حدیث قسەیان

---

٣٢٢- سورة الأعراف: ١٩٩.

٣٢٣- وأخرجه أب و داود الطيالسي: في مسنده، في كتاب العلم، باب ما جاء في فضل العلم والعلماء والتفقه في الدين ١/ ٣٣.

لەسەر مەتن و سەنەدەکەی هەیە، بەلاّم لە ڕووی ماناوە گونجاو و تەواوە، ئەگەر تەماشای دەقەکە بکەین دەڵێت:(ئەوەی کە موسوڵمانان بە جوان و باشی بزانن) وشەی (المسلمون) کۆیە واتە: تەواوی موسوڵمانان لەسەری کۆك بن، دەخۆ پێغەمبەری خوا دەفەرمووێت: هەرگز ئومەتم لەسەر گومڕایی کۆنابنەوە، ئەمە واتە موسوڵمانان لەسەر شتێك کۆك نین کە خوای گەورە پەسەندی نەبێت، نەك ئەوەی کەسێك لەبەر بەرژەوەندی خۆی شتێکی پێ باش بیت ئیتر لای خوا باش و چاکە ئەم جۆرە بیرکردنەوە بە هیچ جۆرێ پەسەند نییە. زۆر جار پێغەمبەری خوا(ﷺ) دانی بەدروستی نەریتی کۆنی عەرەبدا دەنا کە لەسەری دەڕۆشتن، وەك ئەوەی کە لەسەر (مضاربة) و بەمەرجەکانیەوە.

مضاربة: بریتییە لەوەی کەسێك پارە دەدات بەکەسێك بۆکارکردن رێك دەکەوتن لەسەر ئەوەی کە لە قازەنجەکەی شەریك بن، ئەم جۆرە مامەڵە یە نەریت و عورف بوولە ناو عەرەبدا پێش دابەزینی وەحی دواتر ئیسلام پەسەندی کرد، دەگێڕنەوە کە عەباسی کوڕی عبد المطلب: هەندێ سەروەتیدا بەکەسێك بۆ ئەوەی کاری پێ بکات و لە قازانجەکەیدا شەریك بن و بەمەرجێ بەماڵەکەیەوە نەچێتە ناو بەحرەوە و لە نێو دۆڵ و شیویشدا کارنەکا و هەرشتێکیش گیانی لەبەردابێت نەیکڕێت، کە ئەمەیان بۆ پێغەمبەر باس کرد بەشتێکی جوان و مەرجانێکی دروست زانی.

– کۆدەنگی زانایان: زانایان لەسەر کڕین و فروشتن یەك دەنگن بە شێوازی سەلەم، کەئەمەش عورفە و هاوەڵاّن بینویانە و ئینکاریشیان نەکردووە، دەی کۆدەنگی هاوەڵاّن یەکێکە لەسەرچاوەکانی تەشریعی ئیسلامی.

**جۆرەکانی نەریت وعادەت، بە شێوەیەکی گشتی دووجۆر نەریتمان هەیە:**

**نەریتی گوفتاری:**

نموونـەی ئەمـەش ئەوەیـە کـە زۆرجـار خـەڵکی لـەناو خۆیاندا وشـەی (ولـد) بـە کـاردەبن مەبەسـتیان تـەنها ڕەگـەزی کـوڕە و کـچ ناگرێتـەوە، بـەڵام کاتێـك تەماشـای قورئـان دەکـەین وشـەی (ولـد) بـەکاردەبات بـۆ هـەردوو ڕەگەزەکە و مانایەکی فراوانتری پیٚ دەبەخشێت وەك ئەوەی بڵێت ئەوەی کە ئێـوە لەسـەری ڕاهـاتون هەڵەیـە و ئـەوەتا قورئـان ئـەو مەفهومـەتان بـۆ ڕاستدەکاتەوە وانەزانن وشەی (ولد) تەنها ڕەگەزی نێرینە بگرێتەوە﴿ يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ ﴾[٣٢٤] وشـەی (أولاد) کـە کۆی (ولـد)ە بەکاربراوە بۆ هەردووڕەگەزەکە چ کور چ کچ، ئەمە جۆرێکە لەو نەریتانە کە لە قاڵبی گوفتارا لەناو خەڵکیدا ماوەتەوە.

**نەریتی کرداری:**

نەریتی کرداری ئەمڕۆ لەناو خەڵکیدا زۆر بەربڵاوە کاری پێدەکرێت، بۆ نموونـە لـە کڕین و فرۆشتندا کڕیـار شمەکەکـە وەردەگرێـت و قیمەتەکـەی دادەنێت بیٚ ئەوەی فرۆشیار بڵێت وا پێم فرۆشتی وکڕیاریش بڵێـت وا قـەبوڵم کرد، ئەمە جۆرێکە لە نەریتی بەربڵاو و خەڵکی لەسەری دەڕۆن.

**دابەشکردنێکی تری نەریتمان هەیە کە دابەش دەبێت بۆ گشتی و تایبەت.**

**نەریتی گشتی:** نەریتی گشتی ئەوەیەکە خـەڵکی بەگشتی لەسـەری بـڕۆن، بۆ نموونە:

---

٣٢٤- سورة النساء: ١١.

١- نەریتی خەڵکی عیراق و کوردستان ئاوایە لە کاتی مارەییدا، مارەیەکە دەکەنە دووبەشەوە بە شێکی بە حازر دەکرێت بۆ ئافرەتەکە و بەشەکەی تریشی بەقەرز لە گەردنی مێردا دەمێنێتەوە و لە یەکێك لەم کاتانەدا دەکرێت، یان جیابوونەوە یان مردنی مێرد.

٢- لەو شوێنانەی کە گەرماوی گشتیان هەیە و خەڵکی بەمەبەستی خۆشۆرین ڕوویان تێدەکات نەکاتی مانەوەیان لە ژورەوە دیاری دەکرێت و نە ڕێژەی سەرفکردن و بەکار بردنی ئاویان بۆ دیاری دەکرێت، ئەگەر دووکەس بڕۆن خۆیان بشۆن زەمەنی مانەوەیان جیاوزە و ڕێژەی بەکاربردنی ئاویشیان جیاوازە بەڵام یەك جۆر نرخیشیان بۆدیاری دەکرێت.

## نەریتی تایبەت

نەریتی تایبەت ئەوەیە کە خەڵکی شارێك خوونەریتیان لەسەر شتێك گرتووە و لەسەری دەڕۆن جیاواز لە دانیشتوانی وەڵاتەکەیان بەگشتی بۆ نموونە هەورامیەکان لەسەر هەر کانییێك یان جۆگەیەکی خاوێن بەردە نوێژێکیان دروستکردووە بۆ ئەنجامدانی نوێژ لەسەری لەکاتی کاردا، بەڵام ئەمە لە شوێنانی تر کەمتر دەبینرێت، ئەمە ئەوە ناگەێنی کە شوێنانی تر ئەمەیان نەبێت، بەڵام هەورامیەکان لەوکاتەوە ڕوناکی ئەم دینەیان پێگەیشتووە و پابەندی خۆیان بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام نیشانداوە ئەم کارەیان کردووەتە نەریتێکی خۆیان و بەردەوام لەسەری ڕۆیشتوون، ئێستاشی لەگەڵ دابێت بەیەکێك لە نەریتە هەرە جوانەکانی هەورامان دەژمێرێت.

**لەو ڕووەوە ئایا نەریت  باشە یان خراپە؟ دەبێت بە دووبەشەوە : نەریتی باش و نەریتی خراپ.**

**نەریتی باش:**

**ئەوەیە کە خەڵك لەسەری دەڕۆن جا گشت خەڵكی یان هەندی لە خەڵكی و لەهەمان کاتدا ئەم نەریتە هیچ پێچەوانەی دەقێك لە دەقەکانی قورئان و فەرموودە نەوەستێتەوە و پێچەوانەی هیچ حوکمێکیش نەبێت کە لەو دووسەرچاوە هەڵگۆزرابێت، زانایان بەگشتی یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەم جۆرە نەریتە کاری پێدەکرێت و ڕەواشە خەڵکی داکۆکی لەسەربکەن و بۆ کەسیش نییە ڕێگیری ئەم جۆرە نەریتە بکات.**

**نەریتی خراپ:**

**ئەو جۆرە ڕەفتار و گوفتارانەیە کە خەڵكی لەسەری دەڕۆن و دژی بنەمایەك لە بنەما سەرەکیەکانی شەریعەتی خوا دەوەستێتەوە، هەر ئەمەشە کە پێشەوا بەننا لە بنەماکەدا ئامارژەی پێدەکات و دەڵێت:(والعرفُ الخاطئُ لا يغيِّرُ حقائقَ الألفاظِ الشرعيةِ، بلْ يجبُ التأكُّدُ منْ حدودِ المعانِي المقصودِ بها، والوقوفُ عندها)  وەك ئەوەی کە لە ناو کۆمەڵگەدا خەڵكانێك دەبینی ڕاهاتووە لەسەر عارەق خواردنەوە یان سوخواردن، باناوەکانیشی گۆڕیبێت بۆ نموونە بە عارەق بڵێت شەرابی ڕۆحی یان هەر ناوێك لەو ناوانەی کە لێی دەنرێت یان بە سوخواردن بڵێت حەقدەستی موەزەفین و ڕاپەراندنی کاروباری ئیداری و دەیان ناوی تر، گۆڕینی ناوەکان هیچ لە خودی کارەکەیان کەم ناکاتەوە و بەبەردەوامی بە حەرامی هەر دەمێنێتەوە ئەگەر دەیان جاری تر ناوەکان بگۆڕێن، لە فەرموودەیەکدا کە ئیبن ماجە ڕیوایەتی دەکات و پلەی فەرموودەکەش مەرفوعە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت:" لاَ تَذْهَبُ اللَّيَالِي**

والأَيَّامُ حَتَّى تَشْرَبَ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِـــي الْخَمْـــرَ يُسَـــمُّونَهَا بِغَيْـــرِ اسْـــمِهَا "[325] **يان لـه فەرموودەیـــەکی تـــردا کـــە ئـــیبن عـــەباس بۆمـــان دەگێڕێتـــەوە و دەڵێـــت: پێغەمبـەر(ﷺ) دەفـەرموویت"** سَيَكُونُ فِي آخِرِ أُمَّتِي نَاسٌ يَسْتَحِلُّونَ الْخَمْـــرَ بِاسْـــمٍ يُسَمُّونَهَا إِيَّاهُ "[326] **ئەم فەرموودەیە مەرفوعە.**

---

**٣٢٥- أخرجه ابن ماجه: في كتاب الأشربة: باب الخمر يسمونها بغير اسمها رقم ٣٣٨٤.**

**٣٢٦- أخرجه ابن أبي شيبة في مصنفه ج ٩/ ص ٢٣٤ حديث رقم: ١٧٠٥٢**

## چی فێردەبین لەم بنەمایە؟:

١- دەبێت ئەوە بزانین حوکمی شەرعی تایبەت بە یەك كەس، لە تەواوی كات و شوێنە جیاوازەكان دەبێت بەڵگەی شەرعی بێت نەك عورف، هەر چەندە عورفی خەڵكی بەگشتی دەگۆڕێت بە گۆڕانی كات و شوێن.

٢- ئەوانەی كە دەڵێن عورف یەكێكە لە بەڵگەكانی تەشریعی ئیسلامی، لەبەر خودی عورفەكە نییە بەڵكو لەبەر ئەو بەڵگانەیە كەدان دەنێت بە عورفی پەسەندو و گونجاودا.

٣- ئەو عورف و نەریتانەی كەلە ناو هاوەڵان و شوێنكەوتوانیانەوە ماوەتەوە، ئەو نەریتانەن كە پەسەندن و پێچەوانەی ئایەتێك یان فەرموودەیەك نین بگرە هەرخودی مەفهومی دروستی ئایەت و فەرموودەكانن بوونەتە عورفی دواینیەكان و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەڵام دەبێت ئێستا موسوڵمانان ئاگاداربن، چونكە هەندێ عورفی بێگانە هاتونەتەناو كۆمەڵگەی كوردەواری كە سەرەتای دروستبوونی ئەو عورف و نەریتانە لە دەرەنجامی فیكرەی عەلمانی و ئیشتراكی و تەواوی بنەمای زادەی بیری مرۆڤەكانە، كەمێك لە و نەریتانە لەگەڵ بەهابالاّكانی ئیسلام و ئەخلاقی كوردەواریماندا دەگونجێن.

٤- هەرگیز نابێت عورفی خراپ و ناپەسەند پێش بخرێت بەسەر بەڵگەی شەرعیدا.

٥- نابێت بە گۆڕینی ناوەكان ڕاستی و حەقیقەتی ناو لێنراوەكەمان لێ بگۆڕێت، بۆ نموونە ئەم جۆرەبازرگانییە ئەلكترۆنیانە كە هەر ڕۆژەو بەناوێكەوە دەردەكەون.

**٦- دەبێت بە باشی ئاگاداری زانستی بنەماکانی فقهە بین بۆ ئەوەی بزانین سەرچاوەی شەرعی خوا کامانەن و بیان ناسینەوە.**

**٧- دەبێت بە شێوازێکی مام ناوەند مامەڵە لەگەڵ دینماندا بکەین نە ئەمپەڕگرو نەئەوپەڕگیربین لە شەرعدا.**

# بنەمای حەڤدەهەم

# حەقیقەتی کردەوەی دڵ و ئەندامەکان لە ژینگەی بووندا

والعقيـدةُ أساسُ العمـلِ، وعمـلُ القلـبِ أهـم مِـن عمـلِ الجارحـةِ، وتحصـيلُ الكمالِ في كليهما مطلوبٌ –شرعاً– وإنْ اختلفتْ مرتبتا الطلبِ.

.................................

**پوختەی بنەماکە**

عەقیـدە و بیروبـڕوا بنـەما و بناغـەی کـار و ئاکـارە، کـاری دڵ ئـەوەی پەیوەستە بەدڵەوە بەبایەخترە لە کرداری بەرجەستیی، بەپایان گەیشتنی هـەردووکیان لـە شـەرعدا خـوازراوە، هەرچەند خوازراویـان پلـەی جیاواز ترە.

## دەروازەی چوونە ناو بابەتەکەوە

دەمانـەوێت لێـرەوە نەخشـەی رێـرەوەی بەرزبوونـەوەی دڵـی مـرۆڤ بـە میعراجـەکانی خواناسـیدا بەرەولوتکـە بـەرین، ئـەم ڕێگەیـەش توێشـویی مەعنـەوی دەوێ، دەیـەوێت تامـەزرۆیان بە پەیـژەی مەعنەویەتدا سـەرکەون و دورەپـەریزی بکـەن لـە شـتە مـادی و بەرجەسـتە و ڕوکەشـیەکان، هـەر چـەندە ئەزموونە دەرونیەکان لە رێڕەوی خۆسازاندن و تەزکیـەدا ڕەنج و شـەونخونی ڕۆحەکانە لە ڕێی عشق و تامەزرۆییەوە بەرەو خوا دەکشێن، دڵێکی دەوێت بەبیستنی ئایەتێك لە ئایەتەکانی خوا بێتە هەژان و چا وەکانی وەك وەشتی بـاران گـەواهی ڕاسـتە قینـەی بـۆ بـدات، بۆیـە لـە تـەیکردنی ئـەم ڕێگەیـە جیاوازیـەکی هێجگـار زۆر دەبینرێـت لـە نێـو ڕێبوارانـدا، چـونکە ڕێگاکـانی چـوون بـەرەو خـوا بەئەنـدازەی نەفسـەکانن، هەرکەسـە و لـە ژێـر ڕۆشـنایی لەمعـەی وەحـی خوایـدا بـە ئـەزموونی خـۆی بەڕێدەکـەوێت و مەبەسـتی گەیشتنیەتی بە مەنزڵگەی ئەوینی ڕاستەقینە.

کەڵکەڵـە و خولیـایی شـەیدایانی ڕێگـەی بـەرەو خـوا چـوون، هەمیشـە ڕووبـەڕووی دوو دۆخـی جیـاواز دەبنـەوە لـە دۆخێکیانـدا مـرۆڤ لەگـەڵ شـتە بەرجەسـتەییەکاندایە و لـە دۆخەکـەی تریـان مـرۆڤ لەگـەڵ جیهـانی مەعنـەوی، ئەمـە وا لەمرۆڤـدەکات ئەوکاتـەی کـە لەگـەڵ جیهـانی مـادی و بەرجەسـتەدا مامەڵـەدەکات بەو ئەندازەیە بێ ئاگایە لە جیهانی مەعنەوییـەت بـەرەو دواوە دەکشـێت و پێـی تـەیکردنی ڕێگـەی کشـان بـۆ جیهـانی مەعنـەوتی نـامێنی، چـونکە ئەوکاتـە مـرۆڤ لـەو جیهانـەدا دەژیـت کـە لەئێسـتایدا ئامادەیـە، هـەر

ئەمەشە وادەکات کە ئەم مرۆڤە لەیەکاتدا لە ناو دوو دۆخی جیاواز لەیەکتری بژی و لەهەر کاتێکدا بیەوێت دەتوانێت پەی بەهەردوکیان بەرێت و ئەوکات بگاتە لوتکەی بەختەوەری.

بۆیە بیروبڕوا بنەمایی یەکەم و هەنگاوی سەرەتای دروستبوونی فیکرەی چوون بەرەو خوایە و پشتکردنە لەتەواوی ویست و مەبەستەکانی ناخی مرۆڤ و ئەو ویستانەی کە مرۆڤ لە جیهانی مەعنەویەت دوردەخاتەوە، چونکە ئەم بیروبڕوایە هێزی هەمووکردەوەیەکە و تاقەی هەموو گوتەیەکە، هەرئەمەشە وا لەم مرۆڤە دەکات بەرزتر لەو جیهانە مادییەکەی و ئەودۆخەی کەئێستا تێیدایە بیربکاتەوە و بۆ دور تەماشا بکات، بۆیە لەو دەمەوە ئیتر ئەم مرۆڤە دروستی کار و بیروبڕوا و پەسەندی گوتەی بۆ ئاشکرا دەبێت، نرخی کالاَکەی خوی دەزانێت ئەو مامەڵەیەی کە کردوویەتی لەگەڵ خوا دەزانێت سەرکەوتوو بووە.

## کاکڵە و پوختەی بنەماکە

پێشەوا حەسەن بەننا لەم بنەمایەدا زۆر بەجوانی ئاماژەی بە مەسەلەیەکی گرنگ کردووە کە دەبێت ئێمەی موسوڵمان بە دیقەتەوە وەریبگرین و مامەڵەی لەگەڵدابکەین، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت: بیروبڕوا بنەما و بناغەی کردەوەیە، دیارە کردەوەیەك ئەگەر لەسەر ئەساسی بیروبڕوایەکی دروست و تەواوەوە نەبێت ئەو کردەوەیە هەرشتێکی لەسەر بینابکرێت ئەگەر ئەمڕۆ نەروخێت سبەینێ هەر دەڕوخێت، چونکە کەڵەکە کردن لەسەر بنەمای نادروست دەرەنجامی هەر ڕوخانە، بۆیە کردەوەی دڵ و ئەو شتانەی کە لەزەمینەی دڵدا مامەڵە و سەودایان پێوە دەکرێت زۆر گرنگ و جێگەی بایەخن تائەوانەی کە لە ڕواڵەت و ڕووکەشیا مرۆڤ بە یەکێك لە

پێنج هەستەکەی مامەڵەیان لەگەڵدەکات، بۆتەواوی ئەم سەودا سەریە تەنها پێوەری دروست شەرعی خوایە و دەبێت هەمووشتەکان بەتەرازوی شەرع بپێورێت، کاری دڵ ئەگەر داخوازێکی دروست لە پێناو ڕەزامەندی خوادا نەبێت هیچ قابلێکی نییە، کاری ئەندامەکانیش ئەگەر بۆ بەرەو خوا کشان نەبێت هیچ بایەخێکیان نابێت، کەواتە: لەشەرعدا هەردووکیان مەتڵەبە، بۆکارێکی دروست دەبێت نیەتێکی دروست و کارێکی جوان ئەنجام بدرێت، ئەوکات لەشەرعدا وەرگیراوە، کاری خراپ و نییەتی باش ونیەتی خراپ و کاری باش هەردوو جۆرەکە لەشەرعدا یاساغ و ڕەدکراوەیە، تەنها جۆری یەکەم لەشەرعدا پەسەندە و مرۆڤ بەپلەکانی بەندایەتیدا بەرەو سەر دەبات و تا ئەندازەی ئەوە کە خوا لەخۆی ڕازی بکات، جیاوازی ئەم دووکارە کاری دڵ و کاری ئەندامەکانی تر جیاوزیەکی حەقیقییە و کاری دڵ ئەسڵە و کاری ئەندامە کانیش فەرع و بەشی ئەون، دەی جیاوازی ئەسڵ لەگەڵ فەرعدا ئەرز و ئاسمانە.

بۆیە گرنگە ئێمە ئاگاداری دڵمان بین تەنها خوا و بەرنامەی خوا لەدڵەکانماندا جێگیربکەین و ئەندامەکانمان وابەستە بکەین بەڕێنمایەکانی دڵەوە، چونکە دڵ خانەو ڕوگەی خوایە و سەنگینی بەندەکان لەسەنگ و پاکژی دڵیانەوەیە، ئەوکات ئەم دڵە ڕەهەندێکی مەلەکوتی وەردەگرێت و دەبێت جێگای تەجەلای خوا ، خوای بالأدەست تەنها تەماشای ئەو دەکات، ئەودڵە لە کێوی تور بەهێزترە چونکە کێوی تور کەبویە تەجەلای خوا بوو بەو سورمەیە کە چاوەکانی پێ ئارایشت دەکرێن بەلام دڵ دەبێتە مەڵبەندی هەستی زیندو و ئیرادەی بەهێز و پڕ لە عشق و نۆش، ئەوکات حەقیقەتی مرۆڤ دەبێتە ئەو دڵە، بۆیە کاری دڵ گرنگە و بەهایەکی هێچگار مەزنی هەیە.

(العقيدة أساس العمل) بیروبڕوا بنەمایی کردەوکانە، دیارە بیروبڕوا عەقدو گرێبەندیەکی دڵە و دەبێت لە دڵدا جێگیر بێت، هەندێ جاریش ئەم بیروبڕوایە بەمەبەستی خودی دینیش دێت.

زانایان ئاوا پێناسەی بیروبڕوایان کردووە و دەڵێن: داننانە بەشێکدا لەسەر بنەمای ڕاستی و دور لە دوودڵی گومان، ئەوکاتە بەمانای ئیمانیش دێت، وەك دەگوترێت: (بیروبڕوام ئاوایە بەرامبەر فلأن شت)واتە ئیمانم وایە. پێشەوا بەننا لە پێناسەی بیروبڕوادا دەڵێت: بیروبڕوا بریتییە لەوەی کە بەدڵ شتێك بەڕاست بزانی و ئارامیت لەسەری دەستکەوێت و یەقین و دڵنیاییت وابێت کە بەهیچ جۆرێ گومان و دوودڵ نەبیت بە بەرامبەری. هەرئەمەشە وا دەکات مرۆڤەکان بەرامبەر بیروبڕواکەیان جیاوزییان هەبێت، هەیانە هەرئاوا عادەتەن بیروبڕوای بۆ دروست دەبێت وەك شتێکی بۆماوەیی، ئەم جۆرە کەسانە بەبچوکترین گرفت لەبەردەم بیروبڕواکەیان گومان و دوودڵی بۆ دروست دەبێت و خۆی دەدات بەدەستەوە، هەندێکیشیان بیروبڕواکەیان مەبدەئە و دەبێتە فیکر و هێزی بیرکردنەوەی و لەوەوە ئیلهام وەردەگرێت وەك کێو بەرامبەر گرفتەکان کە ڕوودەکاتە بیروبڕواکەیەوە خۆی ڕادەگرێت و بگرە بەرپەرجی ئەو هەمووتەوژمانەش دەداتەوە کە گومان دروست دەکەن لەسەر بیروبڕواکەی، هەتا ئەوان بەهێزبن ئەم هێزی ئیمان و پابەندبوونی زیاتر دەبێت بەفەرمانی خوا و لەسەر ئەو مەنهەجەی کە خوا پەسەندیەتی و ئەم خۆی داوەتە دەستی بەویست و ئیرادەی خۆی زیاتر تاودەستێنی و پابەند دەبێت و دڵی دامەزاروتر دەبێت لەسەری،﴿وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ﴾[٣٢٧] بەشێوەیەکی گشتی بیروبڕوای ئیسلامی دابەش دەبێت بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا و هەربەشێکیش لق و فەرعیاتی لێدەبێتەوە،

---

٣٢٧- سورة محمد: ١٧.

دابەشـكردنەكەش بـەو شـێوەیەكە كـەزانایانی زانسـتی كـەلام لەسـەری كـۆكن لەوانە: بەشی ئیلاهیات، نبوات، سەمعیات.

وبەشـێوەیەكی پوخـت و كـورت لـە كۆتـایی سـورەتی (البقـرە) دا خـوا ئاماژەی بەم ڕاستییەكردووە و تـەواوی بەشـەكانی بیروبڕوای بـەیان كردووە، وەك دەفـەرموویت:﴿ آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَـنَ بِاللَّـهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَـكَ رَبَّنَـا وَإِلَيْـكَ الْمَصِـيرُ ﴾[٣٢٨] لـەو فەرموودەیـەی كـە ناسـراوە بـە فەرموودەكـەی جبرئیـل(علیـە السـلام) هاتـە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) بـۆ فێركردنـی دیـن و فەرموودەكەش زانایان بە فەرموودەیـەكی دروسـت وصـحیح هـەژماری دەكـەن، عەبدوڵڵای كوڕی عومـەر(رضي الله عنهما) دەڵێت: باوكم واتـە عومـەری كوڕی خـەتاب، گـوتی: بَيْنَما نَحْنُ جُلُوسٌ عِنْدَ رَسُول الله (ﷺ) ذَاتَ يَومٍ ، إذْ طَلَعَ عَلَينا رَجُلٌ شَديدُ بَياضِ الثِّيابِ ، شَديدُ سَوَادِ الشَّعْرِ ، لا يُرَى عَلَيهِ أثَرُ السَّفَرِ ، ولا يَعْرِفُهُ مِنَّا أحَدٌ ، حَتَّى جلَسَ إلَى النَّبيّ (ﷺ) فَأَسْنَدَ رُكْبَتَيهِ إلَى رُكبتَيهِ ، ووَضعَ كَفَّيهِ عَلَى فَخذَيهِ، وقالَ : يَا مُحَمَّدُ ، أخْبرني عَنِ الإسلامِ ، فَقَالَ رَسُول الله (ﷺ): (الإسلامُ : أنْ تَشْهدَ أنْ لا إلـهَ إلاَّ الله، وأنَّ مُحمَّداً رسولُ الله ، وتُقيمَ الصَّلاةَ ، وتُـؤتِيَ الزَّكَاةَ ، وتَصومَ رَمضَانَ ، وتَحُجَّ البَيتَ إن اسْتَطَعْتَ إلَيهِ سَبيلاً ) . قَالَ : صَدَقْتَ . فَعَجِبْنَا لَهُ يَسْأَلُهُ ويُصَدِّقهُ ! .قَالَ : فَأَخْبِرنِي عَنِ الإيمَانِ . قَالَ : ( أنْ تُؤمِنَ بِاللهِ ، ومَلائِكَتِهِ ، وكُتُبِهِ ، ورُسُلِهِ ، واليَوْمِ الآخِرِ ، وتُؤْمِنَ بالقَدرِ خَيرِهِ وشَرِّهِ ) . قَالَ : صَدقت . قَالَ : فأَخْبِرني عَنِ الإحْسَانِ . قَالَ : ( أنْ تَعْبُدَ اللهَ كَأنَّكَ تَرَاهُ فإنْ لَمْ تَكُنْ تَراهُ فإنَّهُ يَراكَ ) . قَالَ : فَأَخْبِرني عَنِ السَّاعَةِ . قَالَ : ( مَا المَسْؤُولُ عَنْهَا بأعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ ) .قَالَ : فأخبِرني عَنْ أمَاراتِهَا . قَالَ : ( أنْ تَلِدَ الأَمَةُ رَبَّتَهَا ، وأنْ تَرَى الحُفَاةَ العُرَاةَ العَالَةَ رِعَاءَ الشَّاءِ

٣٢٨- سورة البقرة: ٢٨٥.

يَتَطَاوَلُونَ فِي البُنْيَانِ ) ثُمَّ انْطَلقَ فَلَبِثْتُ مَلِيّاً ، ثُمَّ قَالَ : ( يَا عُمَرُ ، أَتَدْرِي مَنِ السَّائِلُ ؟ ) قُلْتُ : اللهُ ورسُولُهُ أعْلَمُ . قَالَ :( فإنَّهُ جِبْرِيلُ أَتَاكُمْ يعَلِّمُكُمْ أمْرَ دِينكُمْ) ..واته: عومەری کوڕی خطاب(﵁) فەرمووی: ڕۆژێ لەخزمەتی پێغەمبەردا ﷺ دانیشتبووین، لەو کاتەدا پیاوێکی جلوبەرگ سپی و مووڕەشی قەترانی هاتەلامان ، ئەم پیاوە هیچ نیشانەیەکی سەفەری پێوە دیار نەبوو و کەسیشمان نەی دەناسی، لە مەجلیسەکەدا چووە لای پێغەمبەر (ﷺ) دانیشت هەردوو ئەژنۆی خۆی نووساند بە هەر دووئەژنۆی پێغەمبەرەوە(ﷺ)و هەردووناولەپی خۆی خستە سەر هەردووڕانی خۆی و زۆر بەویقارەوە دانیشت، گوتی: ئەی محمد! ئیسلامم پێ بناسێنە، یان ئیسلام چییە؟ پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: ئیسلام ئەوەیە کە گەواهی بدەی: کە خواد تاك وتەنهایە و هیچ خودایەکی ترنییە چگە لەو، محمد یش نێرا و فروستادەی ئەوە بەحەق، دەبێت نوێژ بەجوانی ئەنجام بدەی، زەکاتی ماڵەکەت بدەی، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگری، حەجی ماڵی خوا بکەی بە مەرجێ توانای برینی ڕێگەوبانت ببێت مادی و مەعنەوی، پیاوەکە گوتی ڕاستت فەرمووْ! عومەر فەرمووی سەرمان سورما لەوەی کە پرسیار دەکات و دەشڵێت ڕاستت فەرموو. پاشان پیاوەکە گوتی: ئەی محمد! ئەی ئیمان و باوەر چییە؟ پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: ئیمان ئەوەیە کە باوەڕت هەبێت بە خوا و فریشتەکانی خوا و کتێبەکانی ئاسمان، کەنێردراوەن بۆ پێغەمبەران، باوەڕت هەبێت بە تەواوی پێغەمبەران و بەڕۆژی دوایی و قەزاو قەدری خێر یان شەر، گوتی ڕستتکرد، پاشان گوتی ئەی چاکە کردن چییە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: چاکە کردن ئەوەیە کە بەجۆرێ خوا بپەرستی کەواهەست بکەی خوادەبینی، خۆ ئەگەر تۆ خوا نەبینی ئەوە بەدڵنیاییەوە خوا تۆ دەبینی، پاشان گوتی: ئەی قیامەت کەی دێ؟ پێغەمبەر (ﷺ)

فەرمووی: منیش بەقەدەر پرسیار کەری لێدەزانم، هەر ئەوەندە دەزانم کە تۆ دەیزانی.پاشان پیاوەکە گوتی: ئەی نیشانەکانی کامانەن؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی ئەوەیە کە منداڵ-کوڕ یان کچ- بەچاوی نۆکەر و کارەکەرەوە تەماشای دایکی یان باوکی دەکات، ڕەش و ڕوت و شوان و پێخاوسەکان دەبن بەخاوەن ماڵ و فیز و کەشخە و فشەدەکەن بە دروستکردن و بەرزکردنەوەی خانو و کۆشك و ماڵەکانیان. عومەر فەرمووی دوای ئەم پرسیارانە پیاوەکە ڕۆیشت، پاش ماوەیەك پێغەمبەر(ﷺ) پیێ ی فەرمووم: ئەی عومەر! دەزانی ئەو پرسیار کەرەکیێ بوو؟ گوتم: نەخێر قوربان، خوا و پێغەمبەر باشتر دەزانن، فەرمووی: ئەوە جبرەئیل بووهاتبوو بەو شێوەیە ئێوە فێری ئیسلام و دین و ئاینتان بکات.

کاتێك ئیمان تەمسیلی بیروبڕوا دەکات ئەوکات بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی لەسەردەوستێت و بەشەکانی دینیش لە خۆدەگرێت و کردەوش دەبێتە نیشاندەری ئەو بیروبڕوایە کە لەدڵی خاوەنەکەیدا جێگیر بووە بۆیە (بیروبڕوا بنەمای سەرەکییە بۆ کردە وەکان) لەوڕووەوە ئایا ئەو کردەوەیە قەبوڵ و پەسەندە یان ڕەدکراوە و ناپەسەندە، چونکە هەر کردەوەیەك لەسەر ئەساسی بیروبڕوا نەبێت هیچ کات لای خوا پەسەند نییە، خاوەنەکەی هیچ پاداشتێك وەرناگرێت لەسەری، بۆیە زانایان لەسەر ئەوە هەموو کۆکن مرۆڤی بیێ بڕوا بەرامبەر فەرمایشتی خوا بەربار(مكلف) نییە تا ئەوکاتەی شاهادەت دێنیێ.

ئەم بنەمایەشە لەسەر ئەو بەرچاو ڕونییەیەکە کە پێغەمبەر(ﷺ) (معازی کوڕی جبل) وەك بانگخواز و مامۆستایەك نارد بۆ یەمەن و پیێی گوت: ئەی مەعاز نەکەی هیچ بەکەس بڵێت تا فێریان دەکەی شایەتوئیمان بهێنن ئەگەر شایەتیاندا خوا تاك وتەنهایە من(محمد) پێغەمبەری خوام ئەوکاتە داوایان لیێ بکە کە خوای گەورە لەشەو و ڕۆژێکدا پێنج فەرز نوێژی لەسەر واجب

کـــردوون و زەکـــاتی ماڵیشـــتان کـــە گەیشـــتە ڕادەی زەکـــات —و بەمەرجـــە تایبەتـــەکانی هـــەر کـــاڵا و مـــاڵێکی تایبـــەت— ، لەســـەرتان واجبـــە و لـــە دەوڵەمەنـــەکانیان وەری بگـــرە و بیـــدەوە بـــە هـــەژارەکانیان. ئەمـــە زۆر ڕونەکـــە بیروبـــڕوا بنـــەمای یەکەمـــە بـــۆ کـــاروکردەوەی مرۆڤـــەکان زۆربـــەجوانی قورئـــان ئامـاژەی بەوە کـردووە کە کەسـی بیٚ بـاوەر کـردەوەی وەرنـاگیریٚ و هـەرکارێك بکات لای خوا بەتاڵە و لە دواڕۆژدا سودی نییە بۆی وەك دەفـەرمووێت:﴿وَمَنْ يَكْفُرْ بِالْإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِـــرِينَ﴾[٣٢٩] یـاخود لەسورەتی الانعامدا دەفەرموویت : ﴿وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[٣٣٠].

لێـــرەوە بۆمـــان دەردەکـــەوێت کـــە بیروبـــڕوا و کـــردەوە پەیوەنیـــەکی تونـدوتۆڵیان هەیـە بەیەکـەوە وەك چۆن(ئەسـڵ و فـەرع) پەیوسـتن بەیەکـەوە ئـاواش بیروبـڕوا و کـردەوە پەوەسـتن بەیەکـەوە، هـەر لەبەرئـەم پەیوەندیـە تۆکمەیەیە کردەوە ڕاستەو خۆ بەشێکی جیانـەبووەوەی ئیمانـە، ئەمـەش لـە زۆر شـــوێنی قورئانـــدا ئامـــاژەی پـــیٚ کـــراوە وەك خـــوای گـــەورە دەفەرمووێت:﴿وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَـــا الْأَنْهَارُ﴾[٣٣١] مزگێنیبدە بەوانەی ئیمانیان هێناوە و کردەوەی جوانیان کردووە کە لە ڕۆژی پەسڵاندا دەبنە خاوەنی باغ و بێستانێکی ئاوها کە ئاووجۆگە بەناویاندا دەڕوات.

یاخود خوای گەورە دەفـەرمووێت:﴿ قُلْ مَنْ كَانَ عَدُوًّا لِجِبْرِيلَ فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَـــى قَلْبِكَ بِإِذْنِ اللَّهِ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُـــدًى وَبُشْـــرَى لِلْمُـــؤْمِنِينَ﴾[٣٣٢]. هەرکەسیٚ کردەوەیەکی چاك بکات چ پیاو یان ژن، لەگەڵ ئەوەشدا باوەرداربێت ئەوە بە ژیـــانێکی پـــیرۆز و بـــاش ئەیـــژێنیین و پاداشـــتیان ئەدەینـــەوە بـــە ئـــەجریٚ

---

٣٢٩- سورة المائدة: ٥.

٣٣٠- سورة الأنعام: ٨٨.

٣٣١- سورة البقرة: ٢٥.

٣٣٢- سورة البقرة: ٩٧.

کەشایستەی ئەوان بێت بەرامبەر شایستە ترین کارێك کە کردبێتیان، یان بە باشتر لە کردەوەکەیان پاداشتیان ئەدەینەوە.

کەئەمەت زانی کەواتە بزانە کە بیروبڕوا یاخود ئیمان سەرچاوەکەی لە دڵدایە و لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، وەك جونەیدی بەغدادی دەڵێت: بەتاك وتەنها زانینی خوای گەورە قەولی دڵە و پشت بەستن و توکل کردەوەی دڵە، دەی گوتەو کرداری دڵ لە پێشترە، چونکە دەرەنجام هەر ئەمەیە دەبێتە کردەوە ی ئەندامەکانی جەستەمان. وەك پێشەوا حەسەن بەنناش دەڵێت: کردەوەی دڵ لە پێشترە لەکردەوەی ئەندامەکانی بەدەنمان، بەجوانی ئەمە لەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بەدەردەکەوێت و دەفەرمووێت:" ألاَوإنَّ في الجسدِ مُضْغَةً؛ إذا صلَحتْ صلَحَ الجسَدُ كلُّهُ، وإذا فَسَدَتْ فَسَدَ الجسَدُ كلُّهُ، ألاَوهْيَ الْقَلْـــــبُ"[٣٣٣] و ئەبو هورەیرە دەڵێت: دڵ پادشایە و ئەندامەکانی بەدەنمان سەربازن، ئەگەر دڵ پاك وچاك بێت ئەندامەکانیش پاك وچاك دەبن و ئەگەر پادشا خراپ و پیس بێت سەربازەکانیش پیس و خراپ دەبن، پوختەترین مانایەك بۆ ئەم فەرموودەیە کرابێت ئەو ڕاڤەی ئەبو هوریرەیە.

### گرنگی کاری دڵ بەسەر کاری ئەندامەکانی جەستەدا:

١- دڵ ئەسڵەو ئەندامەکان فەرعن، دەی خۆدیارە ئەسڵ هەمیشە لە پێشترە بەسەر فەرعدا، خوای گەورەش دەفەرمووێت: ﴿لَنْ يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَاؤُهَـــا وَلَكِنْ يَنَالُهُ التَّقْوَى مِنْكُمْ﴾[٣٣٤]. دیارە تەقوا کاری دڵە و سەربڕینی ئاژەڵکانیش کاری ئەندامەکانە، دەی خۆ دیارە لە ئایەتەکەدا نە خودی گۆشتە کە و نە

٣٣٣- أخرجه البخاري: في كتاب الأيمان: باب فضل من استبرأ لدينه، حديث ﴿٥٢﴾ ، و كتاب البيوع: باب الحلال بين والحرام بين، حديث ﴿٢٠٥١﴾ ، ومسلم: في كتاب المساقاة: باب أخذ وترك الشبهات، حديث رقم ﴿١٢٠٥﴾

٣٣٤- سورة الحج: ٣٧.

خوێنی ئاژەڵەکە بە خوا ناگات تەنها ئەو تەقوا و ملکەچیە نەبێت کە بەندەکە نیشانی ئەدات کە ئەویش کاری دڵە.

٢- پێوەری پاشی کردەوە لەسەرباشی وسەلامەتی دڵ وەساوە: ئەمەش لە ڕوانگەی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ کات کردەوە سەنگی نییە ئەگەر خاوەنەکەی دارای دڵێکی ساف و سوڵحاو نەبێت:﴿ يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ * إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾([٣٣٥]) هەر ئەمەشە کە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموویت:"لاَ يَسْتَقِيمُ إِيمَانُ عَبْدٍ حَتَّى يَسْتَقِيمَ قَلْبُهُ"([٣٣٦])واتە: ئیمانی هیچ بەندەیەك ڕێك و تەواونییە تا ئەوکاتە دڵی پاك و ڕێك دەبێت، ئەمەواتای ئەوەیە کردەوەی بەندەکان ئەوکردەوانەی کە بەئەندامەکانی جەستەی ئەنجامیان ئەدات، وەرگیراونیین هەتا بەجوانی دڵی پاك و خالص دەکاتەوە بۆ خوا، ڕێکی دڵ واتە پڕبوونی ئەو دەڵە لە خۆشەویستی خوا و تەسلیم کردنی بەفەرمانی خوا.

٣- بەیانکردنی کردەوەی چاك دوابەدوای ئیمان، خۆی لە خۆیدا ئەوە نیشان دەدات کە کردەوەیەك ئەگەر هەماهەنگ نەبێت لەگەڵ ئیماندا ڕەواجێکی نابێت، لە زۆربەی شوێندا لە قورئاندا ئەم ڕاستیە بەرجەستە کراوە وەك ئەوەی خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾[٣٣٧].

٤- گرنگی کردەوەی دڵ لەوەدایە کە پێش کردەوەی ئەندامەکان خراوە، لە کردوەکانی دڵ(ئیمان، نییەت، دڵسۆزی، پشت بەستن بە خوا، ئیحسان،

---

٣٣٥- سورة الشعراء: ٨٨-٨٩.

٣٣٦- أخرجه أحمد ٣/ ١٩٨، وابن أبي الدنيا في "الصمت" برقم (٩-، والقضاعي في مسند الشهاب ٢/ ٦٢ - ٦٣ برقم (٨٨٧- .

٣٣٧- سورة العصر: ٣

سوپاس گوزاری، پەشیمانی، خۆشەویستی، رق لێبوون، ...) ئەمانە هەموو لە شەرعدا خوازراون و پێشخراون بەسەر کردەوە ڕوکەشیەکانی جەستە وەك( ئەنجام دانی نوێژ، دانی زەکات، کردنی حەجج، زمان پاراوی بە یادی خوا،...) ئەم شتانە ڕوکەشن دەکرێت کەسێ بیانکات و هیچ ئیمانیشی نەبێت، بۆیە تا لەدڵدا جێگرنەبن لە ڕواڵەتیشدا ڕەنگ دانەوەی ئیجابی یان نابێت.

وتحصيلُ الكمالِ في كليهما مطلوبٌ- شرعاً-وإن اختلفتْ مرتبتا الطلبِ:واتە: بەپایان گەیاندنی کردەوەی دڵ و ئەندامەکان، هەر دووکیان بە شێوەیەکی تەواو لە شەرعدا خوازراوە و داواکراوە هەر چەند لە داخوازیە شەرعیەکەدا پلەیان جیاوازە، دیارە نەئیمان بە یەکجاری تەوا و بەرجەستەیە لە مرۆڤدا، نەکردەوە بە شێوەیەکی ڕەها نیشانەی ئیمانە، بۆیە لەم پێودانگەدا دروستی هەر یەکەیان بەجۆری لە جۆرەکان وەستاوە لەسەر ئەویتر ئەمە ئەوە دەگەێنی مرۆڤی موسوڵمانی تەواو ئەو کەسەیە کە یەکەم جار لەدڵدا ئیمانی جێگیربێت، پاشان بەزمانی دەری بڕێت و دواتر بە کردەوە نیشانی بدات کە ئەمە پێناسەی تەواوی ئیمانە بەلای کۆدەنگی زانایانی ئیسلامەوە.

هەر ئەمەشە وا دەکات کە زانایان بە جورئەتەوە دان بەوەدابنێن کە ئیمان کەم و زیاد دەکات، زیاد دەکات بە فەرمان بەرداری خوا و کەم دەکات لە ئەنجامدانی تاواندا، یەکێك لە پیاو باشەکانی ئەم ئومەتە دەڵێت: بە زیاد لە هەزار پیاوی زانا و لە خواترس گەیشتوم هیچ کام لەمانە نکوڵییان نەکردووە لەوەی کە ئیمان گوتەو کردارە و زیادو کەمیش دەکات، ئەم فەرموودەیە بۆمان یەکلایی دەکاتەوە کە ئیمان قەول و عەمەلە و دەفەرمووێت:" الْإِيمَان بضع وسَبْعُونَ أَو بضع وستُّونَ شُعْبَة أفضلهَا قَول لَا إِلَه إِلَّا الله

وأَدْنَاهَا إِمَاطَةَ الْأَذَى عَن الطَّرِيق والْحيَاء شُعْبَة من الْإِيمَان". **مالكی کوڕی دینار دەڵێت: ئیمان سەرەتا وەك تۆوێکی ناسك ولاواز وایە، ئەوە خاوەنەکەیەتی بە بژار کردنی و ئاودانی بەکردەوەی جوان و چاك پەروەردەی دەکات تا ئەو کاتە وەك شاخێکی لێدێت هەڵکەندنی مەحاڵ و ئەستەم دەبێت.**

**کردەوەی دڵ یان کردەوەی جەستە و ئەندامەکان کاتێك گرنگی و ئەهمیەت وەردەگرن کە بە هۆی کردەوەکانی دڵەوە خاوەنەکەی بکاتە سەر مەشق و مامۆستایەکی چاك لە ناو کۆمەڵگەدا، نرخ و گرنگی کردەوەی ئەندامەکانیش لەوەدایە کە مامەڵەیەکی شایستە لەگەڵ دەور و بەریدا بکات، بەم جۆرە دەرەنجام مرۆڤ بەرەولوتەکە هەنگاو دەنێت و دەبێتە ئەوکەسایەتیە کە هەمیشە کۆمەڵگە پێویستییەتی، بۆیە هەرچیەێکمان کردووە دەبێت دەستی تاکەکان و گەنجانمان بگرین و ئاشنایان بکەینەوە بەم سەرمایە لەبن نەهاتووە تا بیروبڕوا لە زەینیاندا بچەسپێت و ڕەوشتە بەرزەکان تەنها لەواندا بەرجەستەبن، ئەوکاتە کۆمەڵگەمان دەبێتە ئەو نیشتمانە کەموێنە و ڕەنگاڵەیە و پڕی دەبێت لەو پیرۆزیانەی کە کەرامەتی مرۆڤیان پێوەبەندە ئەمەش لە بیروبڕوایەکی دروستەوە سەرچاوە دەگرێت.**

## چی فێردەبین لەم بنەمایە؟:

١- پێویستە لەسەر دەزگا بەرپرسەکان هەموو تواناکانیان بخەنەگەر بۆ ئەوەی تاک تاکی کۆمەڵگە پەروەردە بکرێت لەسەر قیم و بەهابالأکان کە کەرامەتی مرۆڤیان پێوەبەندە، ئەمەش نایەتەدی هەتا بەجوانی بیروبڕوای ئیسلامی لەناو دڵەکانیاندا جێگیر نەبێت.

٢- مرۆڤی باوەردار دەبێت ئەوەی لە بیربێت سەرکەوتنی دنیاو ئاخیرەتی بەسراوە بە دروستی بیروبڕواکەیەوە.

٣- کردەوەی ئەندامەکان ئەگەر ڕەنگدانەوەی بیروبڕوای چەسپاوی دەرونی نەبێت هیچ کەڵکی نابێت بۆی چ لە دنیادا یان لە دواڕۆژدا.

٤- دەبێت هەموو دەرگاکانی خێر لە خۆمان بکەینەوە و هیچ ڕێگەیەکی خێر نەمابێت پێیدا تێنەپەڕیبین، چونکە بەختەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگە لەوەدایە.

٥- ئەوکارەی کە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات دەبێت من و تۆی موسوڵمان بەوەنبوی خۆمانی بزانیین لە هەر جێگەیەکدا پێی گەیشتین بیکەینە دیاری دەستمان بۆ کۆمەڵگەمان.

# بنەمای هەژدەهەم

## پێگە و ئازادی عەقڵ لە ئیسلامدا

والإسـلامُ يُحـرِّرُ العقلَ، ويحـثُّ علـى النَّظَـرِ في الكـونِ، ويَرفَـعُ قـدرَ العلـمِ والعلمـاءِ، ويُرَحِـبُ بالصـالحِ والنـافعِ مـن كـلِّ شـيءٍ،والحكمةُ ضـالَّةُ المؤمنِ أنَّى وجدهَا فهو أحقُّ الناسِ بها.

............................

**پوختەی بنەماکە**

**ئیسلام ڕێگری ناکات لە عەقڵ و ئازادی دەکات و هەمیشە هانی دەدات لەسەر تێڕامان و بیرکردنەوەی دروست لە گەردوون، پێگە و پلەی زانست و زانایان بەرزدەکاتەوە، دەرگا والآدەکات لەبەردەم هەمووشتێکی سودبەخش و چاك و بەکەڵك، دانایی و سەلیقە بەخەرجدان بەونبووی باوەردار دەزانێ و لەهەر کوێیکدا دۆزییەوە لەهەمووکەس لەپێشترە بۆی.**

**دەروازەی چوونە ناو بابەتەکەوە.**

زۆر گوتراوە لەسەر عەقڵ و پێگەی عەقڵ لە ئیسلامدا، چ لای بیرمەندانی ئیسلامی یان کەسانی چەپ و بیریارەکانیانەوە، بەلاّم کە تەماشای بۆچونی هەریەکە لەم دووتەیارەدەکەین، دەبینین ئەوەی لە ڕوناکی قورئان و فەرموودەوە وەرنەگیرابێ نەك ئەوەی کایەکەیان باش نەکردووە بگرە زۆرجار بەرەوهەڵدێر و خراپکردن براوە، بەکورتی نەیان توانیوە وەك ئەوەی کە لەسەرچاوە زولاڵەکەی تەشریعی خواییەوە باسی عەقڵ و پێگەی عەقڵ کراوە ئەوان بیکەن ، بۆیە تەواوی ڕێزو شکۆی مرۆڤ چ لە ئاسمان و چ لە زەمیندا تەنها لە بەر نعمەتی عەقڵە کە خوا بە مرۆڤی بەخشیوە و کراوە بە خاڵی بە هێزی جیاکەرەوەی مرۆڤ لە تەواوی دروستکراوەکانی ئەم بوونەوەرە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرکات مرۆڤ عەقڵی لە بەر ڕوناکی وەحیی خواییەوە ڕۆشن بوبێتەوە ئەوە بە جوانترین شێواز تەوازونی نێوان دوو پێکهاتە سەرکیەکەی خودی مرۆڤی ڕاگرتوە کە لەغەیری ئەم ڕێگەوە نەبێت هەرگیز نەتوانراوە ئەو دوو بوارە مادی ومەعنەویەتە ڕابگرێت.

چونکە عەقڵ مەڵبەندی بیرکردنەوە و ڕامانە لەجیهانی دیار و نا دیار، عالەمی شەهادە و پەنهان، هەر بەم هێزەشە مرۆڤ دەتوانێت چاکە وخراپە بناسێت، تەواوی ئیختاریش لە بەردەستیایە کە شوێنکەوتەی کام ڕێگە دەبێت، بۆیە کە تەماشای قورئانی پیرۆز دەکەین کە دەمانەوێ لەو سەرچاوە زولاڵەوە تەماشای پێگەی عەقڵ بکەین، دەبینین چەندان ئایەتمان هەیە باسی گرنگی و گەورەیی عەقڵ دەکات، ئەوەتا قورئان ڕاستەوخۆ داوادەکات کە

ئەی مرۆڤ خوا ئەو هێزە گەورەی پێ بەخشیوی بیخەرەگەڕ و بەکاریبخە تا دنیاو دواڕۆژت بۆ ڕۆناك بێتەوە، تا گەورەیی و سەرداریی بوونەوەرت کاڵ نەبێتەوە، هەر بەگەورەیی بژی لەسایەی ئەو نعمەتەوە کە خوا داویەتی پێت، وەك دەفەرمووێت:﴿ قُلِ انْظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ﴾[٣٣٨] بۆ دەرکەوتنی پەنهانیەکانی ئاسمان و زەمین ئەی مرۆڤ تێرامێنە و عەقڵ بخەرەگەڕ. یان دەفەرمووێت:﴿وَفِي أَنْفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴾[٣٣٩] لە ناواخنی ناخی خۆتاندا نهێنی و پەنهان ونیشانەی دەسەلآتی خوایی هەیە ئایا بۆ تێڕانامێن و بیرناکەنەوە. ئەمە ئەوەنیشاندەدات کە عەقڵ پێگەیەکی هێچگار مەزنی هەیە، تا ئەو ڕادەیە زەروریاتەکانی ژیان کە دین بۆ پاراستنیان و بەرگیری کردن لێیان هاتووە، یەکێکیان عەقڵ و ژیری مرۆڤە، هەر ئەمەیە کە لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، کە ئەوەی توانای عەقڵی نەخاتە گەڕ بەدەرچووله ریزی موسوڵمانان و هەتا ئنسانیەتیش هەژمار دەکرێت، وەك دەفەرمووێت:﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لَا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَا يَسْمَعُونَ بِهَا أُولَئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ﴾[٣٤٠] بۆیە تەواوی ژیر و خاوەن عەقڵەکان و عەقڵمەندان کۆکن لەسەر ئەوەی کە عەقڵ یەکێکە لەسەرچاوەکانی گەیشتن بە زانست و زانیاری، بەلآم لەسەر ئەم یەکدەنگیە دوو دەستە و دوو قوتابخانە بەرهەڵستیدەکەن و بۆچوونیان وایەکە:

**ڕێچکەی یەکەم: سوفستائیەکان و ئیسماعلیەکان و هەندی لە مەشرەب صۆفیەکان:** دان دەنێت بە بوونی عەقڵدا، بەلآم لەگەڵ ئەو داننانەشدا هیچ بەهایەك بۆ پەی بردن و دەرککردنی زانیارییە عەقڵیەکان دانانێن، بۆیە لەسەر

---

[٣٣٨]– سورة يونس: ١٠١.

[٣٣٩]– سورة الذاريات: ٢١.

[٣٤٠]– سورة الأعراف: ١٧٩.

ئـەم تێڕوانینـەیان ئیسـماعلیەکان دەڵـێن: بـۆ ئـەوەی عـەقڵ ڕێـڕەوی خـۆی وەرگرێت و زانیاریەکەی جێگەی خۆی بگرێت پێویستی بە ئیمامێك هەیە، کە ئەویش دەبێت پارێزراو بێت لە گوناه، لەواقیعیشدا هەرگیز ئیمام مەعصوم نییە ئەمەتەنها قسەیەکە و ئەم دەستەیە دەیکەن، و صۆفیەکانیش دەڵێن: ئەوەی کە زانیاری تەواو دەبەخشێت و پێگەو سەنگی هەیە لامان خورپەیە (ئیلهام)ە.

بەشێوەیەکی گشتی عەقڵ گەراکان پەرپەرچی ئەم بۆچوونانە دەدەنەوە، پێشەوا غەزالی لە پەرتوکە بەناو بانەگەکەیدا( مشكاة الأنوار) دەڵێت: عەقڵ پەی بەزانیارییەکان دەبات، و لەڕاستی شتە بەرهەست و عەقڵییەکان دەگات و حوکمی ڕاست و دڵنیاکەرەوە دەدات، وەك چۆن عەقڵ حوکمی دروست لەسەر ژمارەکان دەدات هەرچەندە زۆریش بن.

وەك لە بنەماکانی پێشودا ئاماژەمان پێکرد کە خورپە هیچی لەسەر بیناناکرێت، چونکە ئەوەی ئیدعای خورپە دەکەن هەرگیز دووکەس لەسەر یەك مەسەلە یەکڕانیین و جیاوازن، وەك ئیبن حەزم دەڵێت: ئەوانەی پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە خورپە ئیلهامیان بۆ دێت، هەرکیز دووکەسیان لەسەر شتێك کۆك نین کە گوایە بە ئیلهام پەییان پێ بردووە، نەڕاستییەکیان پێ دەچەسپێت نە بەتاڵێکیان بۆ بەتاڵ دەبێتەوە.

**ڕێچکەی دووەم:** کە ڕێچکەی هەستگەرا و ئەزمونگەرا و مادیگەراکانە، دیارترین کەسانی ئەم ڕێبازەش(فرەنسیس بیکۆن و جون لوك و دیڤید هیوم)ن: نکۆڵی لە عەقڵ دەکەن بەو چەمکەی پێشوو و پێیان وایە هەستەکان تەنها سەرچاوەی بەدەستخستنی زانست و زانیارین، ئەوەش بە عەقڵ ناو دەبرێت هەر دەگەڕێتەوە بۆ هەستەکان.

زانایان بەرپەرچی ئەم دووتاقمەیان داوەتەوە و سەلماندویانە عەقڵ توانای پەی پێبردنی هەیە بێ ئەوەی یارمەتی لە هەستەکانەوە وەرگرێت نموونەیان هێناوەتەوە بە یاسای (تلبثائی)واتە: گواستنەوەی فیکر و هزر[٣٤١]، بۆیە سەرجەم مەزهەبە ئیسلامیەکانیش کۆکن لەسەر پێگە و گرنگی عەقڵ لە پرۆسەی پەی پێبردندا، وێڕای ئەمەش دەڵێن: عەقڵ بەتەنها ناتوانێت پەی بەزۆری لە شتەکان ببات، لەوانە باوەڕبوون بە خوا و بەسیفەتەکانی خواوچی واجب وچی ئەستەمە و چی مومکینە بۆ خوا؟ ئەمەش کەمی و نەقص نییە بۆ عەقڵ، چونکە توانای عەقڵیش وەك تەواوی شتەکانی تر سنووردارە.

**کاکڵەو پوختەی بنەماکە:**

(الإسلامُ يُحرِّرُ العقلَ) ئیسلام تەنها پەیامێکە کە خوای گەورە ڕازییە ببێتە مەنهەجی ژیانی مرۆڤایەتی و بە غەیری پەیامی ئیسلامیش ڕازی نییە، هەر لە دووتوێی ئەم پەیامەشدا ئازادی تەواوی داوە بە عەقڵ و ژیری مرۆڤ، بۆیە سەرەتا دەبێت لە پێناسەی عەقڵەوە بچینەناو باسەکەوە.

پێناسەی: عەقڵ لە زمانەوانیدا: عەقڵ چەندمانایەکی هەیە و زانایانی زمانناسیش لەسەر ماناکانی وشەی عەقڵ کۆکن، هەندێ لە زمانناسان دەڵێن: عقل إسم مەصدرە و بە مانای(الحجر والنهی)دێت.

عین والقاف واللام، وشەکە لەم سێ پیتە پێکهات و هەرسێ پیتەکە ئەسڵن لەوشەکەدا، پێچەوانەی جەهل و نەزانیینە، بۆیە بە عەقل دەگوترێت عەقڵ چونکە هۆکاری جیاکەرەوەی مرۆڤە لەگەڵ زیندەوەرەکانی تردا، چونکە مرۆڤ بیردەکاتەوە، مرۆڤ دووردەخاتەوە لە ناوچون، کاتێك کە دەگوترێت عەقڵ بەمانای (الحجر یان النهی)دێت، واتە: پێچەوانەی دەبەنگی و

---

[٣٤١]- العقيدة الإسلامية ومذاهبها: ٤٣٨.

گەمژەییــە، عــەقڵ مــوفرەدە و کۆکەشــی (عقــول)ە، وەك دەگوتریــت (رجــل عاقل)،واتە پیاوی ژیـر و کاربـەجێ، چونکە دەگوتریت: عاقل ئەوکەسـەیە کـە دەرونی خۆی دەگرێتەوە بە ئارەز و هـەوا کـار ناکـات، یـان دەگـوتریـت: (عقـال الناقە)،واتە: ڕێگر لە ڕۆشتنی وشتر، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کـە عـەقڵ لای زانایـانی زمانـەوانی بـەماناکانی: ڕاگـر و ڕێگـر و پـارێزەر وپـەناگا و پێوەسـت دێت.

## پێناسەی عقل وەك زاراوە:

زانایان پێناسەی زۆریان کردووە بۆ (عقل)و هەریەکە لە دیدگای پسپۆڕی خۆیەوە دەستی بردوە بۆ ئـەم زاراوەیـە، بـە جۆرێك دەگوتریـت زیـاد لـە هـەزار پێناسەی بۆ کراوە.

عــەقڵ لــە ڕوانگــەی فەلســەفەوە یەکێکــە لــە موجــودات و فەیلەســوفانیش تەواوی قسەیان لە بازنەی موجوداتە بۆیە دەڵێن: عـەقڵ بـوونی هـەیـە و هـەیـە، لـە جیهـانی پزیشـکیدا کـە پزیشـکان بـە تـەواوی ڕۆچـون بـە بـەدەنی مرۆڤـدا و سـەرقاڵن لـەو مەیدانـەدا، دەڵـێن: عـەقڵ پادشـای بەدەنـە، لای أصـولیەکانیش عەقڵ شوێنگەو ڕوگەی تەکلیفە.بۆیـە ئیمـامی شـافعی دەڵێـت: عـەقڵ ئامێرێکـە خـوا خـەلقی کـردووە و بەخشـیویەتی بـە بەنـدەکانی بـۆ ئـەوەی هەرشـتێك لـە دژەکەی جیابکەنەوە، ئەبو حەسـەنی ئەشعەریش وەك موتەکـەلیمێکی ئـەهلی سـوننە دەڵێـت: عـەقڵ خـودی علـم و زانسـتە. ئـەبو ئیسـحاق دەڵێـت: عـەقڵ هاوواتای زانستە، بۆیە جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە بە هۆی زۆری یـان کـەمی زانسـتیانەوە.وتراوە: عـەقڵ هێزێکـە کـە توانـای جیاکردنـەوەی ڕاسـتی ودرۆی هەیە. ئیبن عەقیل دەڵێت: ناکرێت بگوترێت ئەوە زانایە بە موجـەرەدی بـوونی زانسـت، لای کەسـیش لـەزەت و ئـێش نییـە، سـاغی و نەخۆشـی دەرك

ناکرێت خۆ ئەگەر وابوایە ئەوە دەکرا بە منداڵ یش و بە ئاژەڵەکانیش بگوترایە عاقڵ، لە بەر ئەوەی کە هەندی زانستیان هەیە لە نەفسی خۆیاندا.
ئیبن جەوزی دەڵێت: عەقڵ غەریزەیەکە وەك نوورێك فرێدەدرێتە ناو دڵەوە بۆ جیاکردنەوەی شتەکان لە یەکتری، وتراوە: عەقڵ هۆکاری بیرکردنەوە و ریزکردنی بەڵگەکانە بۆ هۆنینەوەی تصورات و تصدیقات.

ئەگەر بەوردی تەماشای پەیوەندی نێوان واتای عەقڵ لە روی زمانەوانی و زاراوەوە بکەین دەبینین پەیوەندیەکی تەواوکەری هەیە لەنێوانیاندا لە هەردوو ڕووی مادی و مەعنەویەوە، چونکە بە هۆی تێپەربوونی کاتەوە ماناو و واتای عەقڵ لە زمانەوانیدا پەرەی سەندوە، بۆیە مانای عەقڵ لە ڕووی نەزەریەوە بریتیە لە تێگەیشتن و دەرك کردن و پەی پێبردنی کارێك، لە ڕووی کردەی و مەودای ئەخلاقیشەوە بریتییە لە هێزی جیاکردنەوەی خێر و شەڕ و توانای زاڵ بوون بەسەر نەفسەوە بۆ ئەوەی بەئارەزوی خۆی بڕیارنەدات، لە هەردوو ڕووەکەشەوە زەمینەی خۆگرتنەوە و ڕێکخستن بەرهەم دەهێنێ.

## عەقڵ و هاواتاکانی لە قورئاندا:

هەرچەند لە پێشەوە پێناسەی عەقڵمان کرد لە هەردووڕوی زمانەوانی و زاراوەییەوە، لێرەدا دەمانەوێت بە کورتی هاواتاکانی عەقڵ وەك ئەوەی کە لە قورئاندا ئاماژەیان پێ کراوە بیان خەینەڕوو، چونکە قورئان گرنگییەکی هێچگار زۆری داوە بە عەقڵ

١- اللب: کاکڵە، کاکڵەی هەرشتێك پوختەو دەست پژێرەکەیەتی، خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ ﴾[٣٤٢] دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و شەو و ڕۆژ بەڵگەو نیشانەن

---

[٣٤٢]- سورة آل عمران: ١٩٠.

لەسەر بوونی قودرەتی خوا بۆ کەسانێك کە خاوەنی ژیری وفامن کە ژیریەکەیان پوختی کردونەتەوە لەوەهم و تەپوتۆزی گومان .

٢- الحلم: خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ أَمْ تَأْمُرُهُمْ أَحْلَامُهُمْ بِهَذَا أَمْ هُمْ قَوْمٌ طَاغُونَ ﴾[٣٤٣] (حِلم) لێردا بەواتای عەقڵ دێت(أحلام) کۆی (حِلم) کە بەواتای عەقڵ دێت، چونکە عەقڵ خاوەنەکەی دەبەستێتەوە لەسەرکەشی و دوری دەخاتەوە هەر وەك چۆن ئاژەڵێك بە پەت دەبەسرێتەوە و جوڵە ناکات و بەم لاولادا ناڕوات، ئاوا عەقڵیش مرۆڤ بەویقار و سەنگین دەکات، (حِلم) بەمانای ناسکیش دێت، لە ئەسڵدا (حلم) ئەو واتایەی هەیە کە مرۆڤ لەخەدا دەیبینێت دەبێتە هۆکاری واجب بوونی غوسڵ و خۆشۆرین.

٣- النُهَى: النُهي والنُهية العقل، لەبەر ئەوەی پیێ دەگوترێت (النُهی)، چونکە مرۆڤ ڕادەگرێت لە کاری ناشیرین و نابەجیێ، خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ كُلُوا وارْعَوْا أَنْعَامَكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِأُولِي النُّهَى﴾[٣٤٤] بخۆن و ئاژەڵەکانیشتان بلەوەڕێنن، بەڕاستی لەم شتانە بەڵگەو نیشانەی قودرەتی خوایی هەیە بۆ کەسانی ژیر و فامیدە.

٤- الحجر: خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ هَلْ فِي ذَلِكَ قَسَمٌ لِذِي حِجْرٍ ﴾ [٣٤٥] ئیمامی نەسەفی دەڵێت: لِذِي حِجْرٍ، یانی خاوەن عەقڵ، بۆیە پێی دەگوترێت(الحجر) چونکە خاوەنەکەی لە هەرچی وپەرچی دەرونی دەگرێتەوە و لە خزان و هەڵچونی نابەجیێ دەی پارێزێت.

---

[٣٤٣]- سورة الطور: ٣٢.

[٣٤٤]- سورة طه: ٥٤

[٣٤٥]- سورة الفجر: ٥.

٥- القلب: **خوای گەورە دەفەرموویت:**﴿ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِمَنْ كَانَ لَهُ قَلْبٌ ﴾[٣٤٦] **(قلب) لێرەدا بەواتای هێزی بیرکردنەوە و تێرامان دێت،واتە: بەڕاستی لەو بەسەرهاتانەدا یادەوەرەی هەیە بۆکەسانێك کە دڵێکی بێداریان هەیە کە بیر و ڕامانی هەیە بۆشتەکانی دەوروبەری.**

## شوێنی عەقڵ لە جەسەتەدا

**زانایانی کۆن و نوێ لەسەر شوێنی عەقڵ لە جەستەدا جیاوازی وناکۆکیان هەبوە هەر یەکەشیان بەڵگەی خۆیانیان هەیە لەسەر بۆچەنەکەیان:**

**بۆچوونی یەکەم: کە بۆچوونی حەنەفیەکان و زۆرێك لە پزیشکان و ڕێچکەی فەیلەسوفە ئیسلامیەکانە دەڵێن: عەقل لە دەماغدایە، چونکە دەماغ سەرچاوەی هەستەکانە.**

**بۆچوونی دووەم: کە بۆچوونی موتەکلمین و شافعیەکان و مالکیەکان و حەنبەلەیەکانە: دەڵێن: عەقڵ لەسەر قسەی تەواو ڕاست شوێنەکەی دڵە، چونکە دڵ مەعدەنی ژیانە و سەرچاوەی هەستەکانیشە، یەکێك لە زاناکان گوتویەتی عەقڵ لەدڵدایە و لەوێوە ڕۆشنای دەبەخشێتە دەماغ و لەوێشەوە دابەش دەبێت بۆ هەستەکان.**

## بۆچوونی پەسەندو دروست بۆچوونی دووەمە وەك لەم بەڵگەیە دەردەکەوێت:

١- **خوای گەورە دەفەرموویت:**﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَو آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ ﴾[٣٤٧] **ئیمامی ئالوسی دەڵێت: شوێنی عەقڵ لە جەستەدا دڵە وەك لەم ئایەتەدا**

---

[٣٤٦]- سورة ق: ٣٧.

[٣٤٧]- سورة الحج: ٤٦.

دەردەکەوێت، فەخرەدینی رازی دەڵێت: (یعقلون بها) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دڵ جیگای بیرکردنەوە و(تعقل) بێت، هەر وەك چۆن گوێ ئالەتی بیستنە دڵیش ئالەتی بیرکردنەوەیە، دەی ئەمەش بەواجبی دەگێڕێت کە عەقڵ لە دڵ دابێت نەك لەسەردا.[٣٤٨].

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی دەیەوێت عەقڵی مرۆڤەکان ئازادبێت و پابەندی کلتوری چەقبەست ونەبن و کوێرانە شوێن کەوتەی باو باپیران نەبین و ئازادانە هەرتاکێك بیر بکاتەوە عەقڵی بخاتەگەڕ تادەگاتە لوتکەی یەقین و ڕاستی، بۆیە کەتەماشای قورئان دەکەین خوای گەورە قەدەغەی شوێنکەوتنی باو و باپیرانی کردووە بە کوێرانە و بێ هیچ لێکدانەوە و بیرکردنەوەیەك وەك دەفەرموویت:﴿وإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوكَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا ولَا يَهْتَدُونَ ﴾[٣٤٩] ئەگەر بەو خەڵکە نەزانە بگوترێت: شوێنی پەیام و بەرنامەی خوا بکەون، ئەوان دەڵێن: نەخێر هەر شوێنی ڕێگە و ڕێبازی باو و باپیرانمان دەکەوین کە ئولفەتیان پێوەگرتووە هەرچەندە ڕێگەکەشیان چەوت و لاربێت، ئەمەیە کە دەڵێن ئیسلام عەقڵی ئازاد کردووە، چونکە ڕێگەی گرتووە لە تەقلیدی کوێرانە و گرتنی ڕێگەیەك کە بیری تیدا بەخەرج نەدرابێت.

هەر ئەمەیە کە پێشەوا حەسەن بەننا لە بنەماکەدا هانمان دەدات کە ڕامێنین لە بوونەوەر و عەقڵ بخەینە گەڕ تا بتوانیین بەجوانی لە دەوروبەری خۆمان حاڵی بین، چونکە ئیسلام ڕازی نییە شوێن کەوتوانی تەقلیدی و

---

[٣٤٨]- بروانە: المعين في تفسير الكلام الأصولين: الدكتور عبد الله ربيع عبد الله محمد.٤٠، نۆرەی چاپ یەکەم، چاپخانە دار السلام.(١٤٢٨هـ ٢٠٠٧م-. و العقل بين الفرق الإسلامية قديماً وحديثاً، أحمد محمود محمد عابد،٥٠، نۆرەی چاپ، یەکەم، چابخانە دار الكتب العلمية(١٤٣٣هـ ٢٠١٢م-.

[٣٤٩]- سورة البقرة: ١٧٠.

کوێرانە بڕواننە پەیامەکەیان و هیچ بیرنەکەنەوە لە بوونەوەر (وَيحثُّ على النَّظَرِ في الكونِ) چونکە کاری عەقڵ بیرکردنەوە و تێڕامان و بەگەر خستنیەتی، هەر وەك چۆن کاری چاو بینین وجیاکردنەوەی ڕەنگەکانە، ئاواش عەقڵ کارەکەی بەراوردکاری و تێڕامانە دەیان ئایەتمان هەیە کە ئاماژە بەم بوارە دەکەن، کە دەبێت عەقڵ بەردەوام لە پرۆسەی بیرکردنەوە و ردبوونەوە و ڕامانبێت لە بوونەوەر، وەك دەفەرمووێت:﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ * الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ * رَبَّنَا إِنَّكَ مَنْ تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ ﴾[٣٥٠] بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا و لەئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك کە هۆشمەند و خاوەن عەقڵن، ئەوانەی یادی خوادەکەن لە کاتێکدا کە بەپێوەن یان دانیشتون یان ڕاکشاون، هەمیشە بیردەکەنەوە لە دروستکرا وەکانی خوا و بەتایبەت تر لە دروستبوونی ئاسمانەکان وزەوی ودەڵێن: پەروەردگارا! تۆ ئەم هەموو دروستکراوانەت بە هەوانتە و بێ ئامانج دروست نەکردون، پاکی و بێگەردی هەر شایەنی تۆیە سا خوایە دوورمان بگرە لە ئاگری دۆزەخ. پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێت:"وَيْلٌ لِمَنْ قَرَأَهَا وَلَمْ يَتَفَكَّرْ فِيهَا"[٣٥١] وەیل و هاوار بۆ کەسێك کە ئەم ئایەتانە دەخوێنێتەوە و بیرناکاتەوە لە دەسەڵاتی خوا، یانی هەروەختە کە تەماشای بوونەوەرت کرد یان ئەو ئایەتانەت خوێندەوە کە باسی دەسەڵاتی خوا دەکەن بیرت نەکردووە بترسە لەوەی کە بکەویتە بەر هەرەشەی پێغەبەری خوا(ﷺ)، ئەگەر باش وردبینەوە دەبینین کە ئەم ئاینی ئیسلامە

---

[٣٥٠]- سورة آل عمران: ١٩٠-١٩١.

٣٥١- أخرجه ابن حبان في صحيحه:٢/ ٣٨٧، حديث رقم:(٦٢٠-

دەرگای خورافات و شوێنکەوتنی کوێرانە و بیٚ موبالاتمان لەسەر دادەخات و هەمیشە دەیەوێت عەقڵمان ببەستینەوە بەو ڕاستیە سەلمێنراوانەی ئەم بوونەوەرە، تا لەوێوە بە توانای بیرو تێڕامان، بەجوانی ڕاستیەکان ببێکین، بگەینە ئاستی زانایان و بەرچاو ڕۆشنان، بۆیە پێشەوا بەننا دەڵێت:" رفع قدر العلـــم والعلمـــاء" پێگەو پلەی زانست و زانایان لەوەدا دەردەکەوێت کە ڕێنماییەکانی پەیامی خوا هەمیشە بۆ ئەوەیە کە گەورەیی زەمینەی زانست و ئەو کائینە گەورە نیشان بدات کە کارلە زەمینەی زانستدا دەکات کە لە زانایان خۆیان دەبیینەوە، هەربۆیە قورئان سەرنجمان بۆ ئەو جیاوازیە زۆرە ڕادەکێشیٚ کە لەنێوان زاناو نەزاندا هەیە، وەك پرسیار هەمووخاوەن ژیریەك ڕادەگریٚ و پرسیاری ئاراستە دەکات﴿ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّــذِينَ لَــا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾[352] یان دەفەرموویت:﴿وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ *وَلَا الظُّلُمَاتُ وَلَا النور ﴾[353] هەر وەك چۆن سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشیٚ کە بیناو نابینا وەك یەك نیین، یان تاریکی و روناکی وەك یەك نیین، ئاواش زاناو نەزان وەك یەك نیین نە لە پێوەری زەمینی و نە پێوەری ئاسمانی، بۆیە دەفەرموویت:﴿ يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ ﴾[354] لێرەدا پێگەی زانایانمان بۆ دەردەخات، بە جۆرێك کە بەرزترین پلە و دەرەجات بۆ زانایانە نەشتی تر، هەر بۆیە هەمیشە ئیمانی ڕاستەقینە و تەواو هەماهەنگە لەگەڵ زانستدا، بەجۆریٚ کەسیٚ کاتێك ئیمانی ڕاستە قینەی هەیە و لە خوا ترسە کە خاوەنی زانست و زانیاریە وەك دەفەرموویت: ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِــنْ

---

٣٥٢- سورة الزمر: ٩.

٣٥٣- سورة فاطر: ١٩-٢٠.

٣٥٤- سورة المجادلة: ١١.

عِبَادِهِ الْعُلَمَــــاءُ﴾[355] لەم چەند ئایەتانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئیسلام چەندە بە گرنگەوە تەماشای عەقڵ و خاوەن عەقڵەکان دەکات ئەوانەی کە بیردەکەنەوە و ڕادەمێنن لەوشتانەی کە عەقڵ پەی یان پێ دەبات توانای وەرگرتنی ڕێنمایەکانی هەیە بۆ ژیان، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە تەواوی مرۆڤ ئازادە بۆ گەڕان و بیرکردنەوە و تێڕامان بەڵام مرۆڤ ئەوەی بەدەستی دەخات کەمە هەر ئەوندەیە تەنها مرۆڤ حاڵی دەکات لە بوونەوەر، وەك قورئان ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکات:﴿ ومَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا﴾[356] خاڵی جیاوازی ئیسلام ئەوەیە کە بەسنگێکی فراوان پێشوازی لە تەواوی زانست دەکات ، چونکە خزمەتی مرۆڤایەتی و بەرژەوەندی تاکەتاکەی مرۆڤەکان تەنها لە زانستدایە بۆیە پێشەوا بەننا دەڵێت:"ويُرَحِبُ بالصالحِ والنافعِ من كلِّ شيءٍ" ئەمە خاڵی جەوهەری ئیسلامە و هۆکاری بەردەوامی و مانەوەیەتی تاڕۆژی دوای، کە هەرگیز ڕێگرنییە لەبەردەم مروڤدا کە داهێنانی نوێ و بەرهەمی تازە لەڕێگەی وەدەست خستنی زانستە جۆر بەجۆرەکانی وەك فیزیا، کیمیا، گەردونناسی، زەوی ناسی، حیسابیات، زانستی لۆژیك، زانستی پزیشکی و تەوای پسپۆریە جیاوازەکان، نەك هەر ڕێگرنییە بگرە سەرقاڵ بوونیش بۆ بەدەست خستنیان بە فەرزی کیفایە هەژمار دەکات، هەرشتێکی تر وەك تەجروبە و کارە پیشیەکان و خۆسازاندن و ئامادەباشی بۆ بەرەنگاری لەوڵات و دین و بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ ، ئیسلام بە کاری چاك و باشی دەزانێ و پێشوازی لێدەکات، چونکە ئەم هەوڵانەیە کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە دەبات، هەوڵدان بۆ دەست خستنی هەرشتێك کە سودی دونیاو دواڕۆژی تیایە بە ونبوی موسوڵمانانی دەداتە قەڵەم و موسوڵمانان لە هەمووکەس لە پێشترن بۆ

---

٣٥٥- سورة فاطر: ٢٨.

٣٥٦- سورة الإسراء: ٨٥.

دەستخستنی ئەوشتنانەی کەخزمەتی کۆمەڵگەیان تیایە وەك لەبنەماکەدا هاتووە:"والحكمةُ ضالَّةُ المؤمنِ أنَّى وجدهَا فهو أحقُّ الناسِ بها" دکتور یوسف قەرزاوی لەبارەی ئەم بڕگەیەوە دەڵێت: "ئەمە هیچ پەیوەندی بە بیروبڕوای کەسەکەوە نییە هەرکەس ڕەچاوی سوننەتە کەونیەکان و تەجروبە و زانستە مادیەکانی کرد ئەوە لەدنیادا دەگاتە بەش و نەسیبی خۆی، چونکە هۆکارەکانی بەرەوپێش چوونی گرتوەتەبەر و سودی لە هۆکارەکانی زیند و کردنەوەی بەژەوندیەکان وەرگرتووە، ئیتر کەسەکە موسوڵمان بێت یان بێ دین، چاکەکار یان خراپە کار بێت، بەڵام دەبێت موسوڵمان لە هەمووکەس زیاتر لە هۆکارەکان و سوننەتە کەونیەکان سودوەرگرێت، چونکە هەرشتێك خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات ونبوی موسوڵمانە و دەبێت هەوڵی بەدەست خستنی بدات" بۆیە دەبێت موسوڵمانان پێوەر بەلایانەوە گێڕانەوەی بەرژەوندیەکانی کۆمەڵگەیان بێت لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ تەجروبەی گەلان، مادام شتەکە پەیوەست نییە بە بیروبڕوایان و خزمەت بە مرۆڤ دەکات، ئەو دەفرەی کە شتەکەی لێدەر دەچێت گرنگ نییە بگرە شتەکە گرنگە کە دێتە دەستیان لە دەفرەکە، وەك گوتراوە بۆوەرگرتنی وتەی باش وچاك تەماشای بێژەر ناکرێت ئەوەی گرنگە وتەکەیە ئایا باشە یان خراپە، وەك چۆن پێغەمبەری خوا سودی لە بەدیل گیراوەکانی غەزای بەدر وەرگرت بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، یان سودی لە تەجروبەی سەلمانی فارسی وەرگرد بۆ لێدانی خەندەق لە دەوروبەری مەدینە کە ئەم جۆرە تاکتیکە کلتوری فارس بوو، وتاری لەسەر دوانگەیەکدا کە وەستایەکی ڕۆمی دروستی کردبوو، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە دەکرێت سود لە ڕا و بۆچوونی ئەزمونی کەسانێك وەربگیرێت بۆ خزمەتی کۆمەڵگەی موسوڵمان با کەسەکانیش موسوڵمان نەبن، لێرەوەیە دەڵێن: ئیسلام عەقڵی ئازاد کردووە و هانی دەدات

بۆ تێڕامـان و بیرکردنـەوەی دروسـت و کەشـفکردنی نهێنیـەکانی بوونـەوەر، ڕێـزی تـەواوی لەبەرهەمـەکانی عـەقڵیش دەگرێـت بـە تایبـەت تـر زانسـت و زانایـان کـە بەگەڕخـەرێکی باشـی عـەقڵن، بەسـنگ فراوانیشـەوە پێشـوازی لـە هەرشـتێکی بـاش و چاك دەکات، حیکمـەت و دانـایش بـە ونبـوی بـاوەرداران دەداتـە قەڵـەم و لەهـەر جێگەیەکیشـدا دۆزیـەوە پـێش هەمووکـەس مـافی باوەردارانە دەستی بخەنەوە و وەری بگرنەوە.

## چی فێردەبین لەم بنەمایە؟

١- بیرکردنەوە و ڕامان لە بوونەوەر و کەشف کردنی نهێنیەکانی بوونەوەر ئەرکێکی شەرعی و زەروریەتێکی ژیانە لەسەر باوەرداران.

٢- ئیسلام بە هەمووشێوەیەك پێ گیری دەکات و موسوڵمانان هان دەدات بۆ دەستخستنی زانست و زانیاری و گەرموگوڕ کردنی مەجلسی زانایان و کۆڕی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستیەکان، جا لە مزگەوت بێت یان مەیدانەکانی پەروەردە وەك قوتابخانەکان و پەیمانگا و زانکۆکان بن یان وەسائیلەکانی ڕاگەیاندن.

٤- ڕێزگرتنی زانایان و بەگەورە تەماشاکردنیان و نرخاندنی کارەکانیان و سوپاس کردنیان یەکێکە لە سیما هەرە جوانەکانی کۆمەڵگەی موسوڵمانان.

٥- دەبێت باوەڕداران بە هەمووجۆرێك خۆیان بگونجێنن لەگەڵ سەردەمەکەیان و عەقڵ یان بکەنەوە بۆ تێگەیشتن لە زەمەنەکەی خۆیان و دوانەکەون لە پێشهاتە تازەکان و سودوەگرتن لێیان.

## بنەمای نۆزدەهەم

## حەقیقەتی زانستی لەنێوان دەقە شەرعیەکان و خەیاڵاتی مرۆڤدا

وقد يتنـاولُ كلٌّ مـن النَّظـرِ الشـرعيِّ والنَّظـرِ العقلـيِّ مـا لا يَـدخلُ في دائـرةِ الآخرِ ولكنَّهما لنْ يختلفا في القطعيِّ، فلـن تصـطدم حقيقـةٌ علميـةٌ صـحيحةٌ بقاعدةٍ شـرعيةٍ ثابتـةٍ، ويُـؤولُ الظّنِّـيُّ منهمـا ليتفـقَ مـع القطعـيِّ، فإن كانـا ظنِّيينِ فلنَّظرُ الشرعيُّ أولى بالإتباعِ حتى يَثبُتَ العقليُّ أو ينهار.

...............................

**پوختەی بنەماکە**

هەنـدێجار لێکۆڵینـەوەی شـەرعی و تێڕوانینـی عـەقڵ لەشـتێك دەکۆڵنـەوە هیچـکامیان ناچـنە نـاو زەمینـەی ئـەوی تریانـەوە، بـەڵام لـە پرسـێکی چەسـپاو یـەقین بەخشـدا نـاکۆك و دژنابنـەوە، بۆیـە هـەرگیز ڕاسـتییەکی زانسـتی بـێ هەڵـە دژی بنەمایـەکی شـەرعی چەسپاو نابێتـەوە، لێرەوەیـە هــەرکام گومانــاویبوون تــەویل دەکرێــت بۆئــەوەی لەگــەڵ چەســپاو گومانبڕەکەدا یـەکانگیربێت، بـەڵام ئەگـەر هەردووپرسـەکە گومانـاوی بـوون ئەوە لێکۆڵینەوە شەرعییەکە لەپێشترە بۆ لەسـەر ڕۆشـتنی، تـا ئەوکاتـەی کە تێڕوانینە عەقڵیەکە دەچەسپێت یان وەلادەخرێت.

**دەروازەی چوونە ناو بابەتەکەوە.**

دەبێت لەسەرەتاوە حەقیقەتێك هەیە ڕون بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم مەسەلە ئالۆزە لەم بنەمایەدا بەیان کراوە ڕاستیەکەی وەك خۆی نیشان بدەین، وەك دەڵێت:" هەریەکە لە تێڕوانینی شەرعی وتێڕوانینی عەقلی شتێك دەگرێتەوە کە ناچنە ناو خانەو بازنەی یەکەوە بەڵام لە بازنەی قطعیدا جیاواز نین" دەبێت لێرەدا دروست و نادروست دیاری بکەین، چونکە باس لە لێکۆڵینەوەی شەرعی و تێڕوانینی عەقڵ ییە بەدەرخستنی نەزەرییەکەش دەبێت لە ڕێگەی وشەو گوتەوە بێت، دەی خۆ گوتەش کاتێك ڕاست و دروست دەردەچێت کە گۆیا واتە: قسەکەر دەبێت گوتەکەی و ئەوەی لەواقعدایە و ئەوەی لەناخ و بیریدایە وەك یەك بن، ئەوسا دەگونجێت بگوترێت ئەو گوتەیە ڕاست و دروستە، چونکە هەماهەگە لەگەڵ ئەوشتەی کە لەواقعدا هەیەوئەوەی لەزەیندا چەسپیوە، ئەگەر تەماشای سورەتی المنافقون بکەین ئەم ڕاستیە جوان دەردەکەوێت،﴿ إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ واللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ واللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ﴾[357] دووڕووەکان کاتێك دێن بۆلات دەڵێن: ئێمە گەواهی دەدەین بەوەی کە تۆ ڕەوانەکراوی خوایت، ئەگەر تەماشا بکەین ئەم قەسەیە لەواقعدا دروستە بەڵام جیاوازە لە بیرو بڕوایان، گوتەکە بۆ خۆی شتێکە و واقیعیش شتێکە، بیروبڕواش شتێکی تر، بەڵام خوا دەفەرموێت: خوا دەزانێت کە تۆ پێغەمبەری و هەر خوا گەواهی دەدات کە دووڕووەکان درۆدەکەن، بۆیە ئەوەی لە ڕێگەی گوتەوە دردەبڕێت

[357]- سورة المنافقون: ١

مەعریفەیە لەبارەی هەرشتێکەوە کە لەوشتە ڕودەدات، ئایەتەکە دەریدەخات کە حەقیقەت ئەوەیە کە هەماهەنگە لەگەڵ بیروبڕوادا، لێرەوەیە دەبێت دان بەوەدا بنێن کە حەقیقەت هەماهەنگی شتە لەگەڵ بیردا، شت واتە: جیهانی هەستەکی واقع و بیریش واتە: جیهانی ناوەوە و نادیار، هەر وەخت گوتە هەماهەنگبوو لەگەڵ ئەو دووجیهانە ئیتر دەبێتە حەقیقەت، بۆیە حەقیقەتی ڕەها لێرەدا ئەوەیە کە خوا پێشوەختە عیلمی بەوە هەبووە کە دووڕووەکان دەکەونە ئەم هەڵە لۆژیکیەوە و بۆ دڵنیاکردنی پێغەمبەریش پێشوەختە ئاگاداری دەکاتەوە نە وەك بە سیفەتی مرۆڤ بوونی بکەوێتە داوی گوتەکەیانەوە، کەواتە: حەقیقەتی بوونی شتەکەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کە پێش کەوتووە بەسەر شتەکەدا، بۆیە عەقڵی مرۆڤ وەك هەرشتێکی تر کە نعمەتێکی خوایە و بەخشیەیەتی بەمرۆڤ، بۆ ئەوەی بیر کردنەوەیەکی دروست بکات دەبێت هەماهەنگ بێت لەگەڵ ڕێنمایەکانی خودا، چونکە خوا پێشوەختە زانستی هەبووە بەسەر ئەوەدا کە مرۆڤ چی دەکات و چ شتێك دێنێتە ئاراوە، هەرشتێك مرۆڤ لەڕێگەی بیرکردنەوەوە دەیهێنێتە ئاراوە ئەگەر لە ژێر ڕۆشنایی ڕێنمایەکانی خواوە نەبێت شتێکی نادروست دەبێت، لێرەوەیە مرۆڤ چەند بڕوات و پێشکەوێت لە بەرهەم هێنانی زانست و تەکنەلۆژیای سەردەم و بەگەرخستنی هێزی بیری هیچ یەکێك لەمانە پێچەوانەنییە لەگەڵ ڕێنماییەکانی خوا واتە: ئەو زانستەی کە خوا هەیبووە بەوە کە مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاستە مادام لە سنووری دەرکی عەقڵدایە، بۆیە ئەمەش هەر هەمان شت دەگەێنیٚ ڕاستی و دروستی شتەکان لە دەرەنجامی ڕاستی و دروستی ڕێنمایەکانی خواوەیە، کەواتە: ڕێنمایەکانی خوا بۆ دروستی شتەکان پێوانەی سەرەکییە، ئەگەر گوترا پێوانەی ڕاستی و دروستی بیری مرۆڤ لە ڕێگەی گوتەکانەوەیە ئەوکات دەبێت بڵێین: پێوانەی

دروستی شتەکانیش دووشتە هەماهەنگی لەگەڵ بیرو ناخی و ئەو واقعەی کە تێدادە ژیت.

بۆیە ئەو بیرۆکەیە زۆر هەڵەیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت ڕاستی ودروستی (گوتەی خوا) یان ئایەتەکانی قورئان لەڕێگەی تیۆرییە زانستیەکانەوە بسەلمێنین، چونکە هەرگیز نابێت شتەکان ببنە پێوەر بۆ دروستی وتەی خوا، لێرەوەیە ڕێنماییەکانی خوا یاخود بڵێن عیلمی خوا بەشتەکان لە ڕێگەی قورئانەوە بە ئێمە گەیشتووە ئەگەر نا ئێمە چۆن دەزانین خوا پێشوەختە زانستی بە جزئیات و کلیاتی بوونەوەر هەبووە، بۆیە ناکرێت پێوەری ڕاستی عیلمی خوا لەسەر بنەمای بیری مرۆڤ بۆشتەکان بپێورێت، ئایەتەکانی قورئان هەمیشە هەڵگری بیری دروستو و تەوابوون، ئەو ڕاستیەش هەماهەنگ بووە بەوەی کە زانایان پێی گەیشتون، نەك ئەوەی کە زانایان لەڕێگەی کەشف و زانستەوە پێی بگەن و بگوترێ ئاها ئەیەتەکانی قورئان هەماهەنگە لەگەڵ بیردۆزی زاناکە، ئەوکاتە پێوەری ڕاستی ودروستی قورئان دەبێت بەوەی کە زانایەك لەبارەی شتێکی سروشتیەوە گوتویەتی، ئیتر ئەم جۆرە بیرکردنەوە بە خۆی بزانێت یان نەزانێت گوتە و کەشفی زاناکەی کردووە بە پێوەر بۆ ڕاستی و دروستی (گوتەی خوای) ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئانی کردووەتە گوتەیەکی مرۆیی، واتە: بۆ دروستی ئایەتێك لە قورئاندا سەنەدێکی ڕاستکردووەتەوە بەناوی سەنەدی زانستەوە، کە ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە بەرۆکی کۆمەڵێك بەناو ڕۆشنبیرانی گرتووە، ئەم جۆرە کەسانە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئان گوتەو کەلامی خوان، دێن بە بیر دۆزە و گوتەی زانایەك دەی پێون ئەگەر ئایەتەکە لەگەڵ بیری زانستی زاناکە یەکانگیربوو ئەوکاتە دەڵێت: بەمەش بۆمان سەلماکە ئەم ئایەتە کەلامی خوایە نەك وتەی مرۆڤ، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ئایەتەکە کە هەمان ئەو بیرە نەبوو کە

زاناكــه دەیڵێــت ئەوكاتــه گومــان لەســەر ڕاســتی و دروســتی ئایەتەكــه دروستدەكات و دەڵێت ئەمە گوتەی خوانییە وڕەدی دەكاتەوە زۆرجاریش دەیداته پاڵ پێغەمبەر(ﷺ) بۆیە دەمەوێت لێرەدا ئەوە بڵێم كە: گوتەیەكی زانستی یان بیردۆزێكی زانستی كاتێك دروست و تەواوە كە هەماهەنگ بێت لەگەڵ ماناو مەفهومی ئایەتێك لە ئایەتەكانی قورئان، كاتێك گوتەی زاناكە دروست دەردەچێت هەماهەنگ بێت لەگەڵ مەفهومی ئایەتەكە، نەك بە پێچەوانەوە بڵێن كاتێك ئایەتەكە دروستە كە هەماهەنگ بێت لەگەڵ بنەما زانستیەكە یان گوتەی زاناكە. بۆیە مامۆستا ناسری سوبحانی باش پەی بەم مەسەلەیە بردووە لە یەكێك لە نەوارەكانیدا لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە دەڵێت:" ئەگەر ئێمە ڕاستی ودروستی ئایەتێكی قورئانمان بەتیۆرییەكی زانستی سەلماند، ئەگەر تیۆرەكە هەڵە دەرچووچی بكەین؟" خۆ ئەوكاتە مادام ڕاستی ئایەتەكە بەتیۆرەكە سەلما تیۆرەكەش هەڵەدەرچوو ئیتر ئایەتەكەش هەڵە دەردەچێت، چونكە لەسەر شتێكی ناڕەوا و هەڵە بوونیاد نراوە، دەی هەرشتێكیش لەسەر هەڵە بوونیاد بنرێت هەر هەڵەیە.

**كاكڵە و پوختەی بنەماكە:**

(وقد يتناولُ كلٌّ من النَّظَرِ الشرعيِّ والنَّظَرِ العقليِّ ما لا يَدخلُ في دائرةِ الآخرِ ولكنَّهما لنْ يختلفا في القطعيِّ)

بۆ ئەوەی بەباشی بنەماكە شیبكەینەوە دەبێت لەسەر خودی وشەكانی بوەستین لە وانەش وشەی(النظر) ئەم وشەیە وەك لە زمانی عەرەبیدا بەكاردەبرێت و دەگوترێت (نظر نظراً في الأمر)واته: لە خودی كارێك ڕاماوم و بیرم لێكردەوە بۆیە كردمە هۆكاری پێوانە، دەگوترێت (النظرية)

کۆکەشـی (نظریـات)، ئەمــەش مەســەلەیەکە و پێویســتی بــە بەڵگەهەیــە بــۆ چەسپاندی ڕاستی و دروستی (نظریة) کە.

نظـر: بـەم واتایـە یـانی تێڕوانینـی شـەرعی یـاخود تێڕوانینـی عـەقلی، تێڕوانینـی شـەرعی: زەمینەکـەی لێکۆلینەوەیـە لـە بەڵگـە شـەرعییەکان بـۆ هەڵێنجاندنی یاساو ڕێساکان یاخود قیاس کردنەسەریان بۆ ئەوەی بگەینە حوکمێك ئایا ئەوکارە حەرامە یان حەڵاڵە یان....

## دیارە حوکمی شەریعیش یان قەتعیە یان زەنییە

**حوکمی قەتعی** پیشت ئەستورە بە ڕشتیەکی(سەندێك)ی تـەواتر کـە لـە تـەواوی جیلەکانـدا هێنـدە خـەڵکی ئـەو گوتـەیان بـەیان کـرد بێـت ئـیتر ژێـری نەتوانیٚ بیسـەلمێنیٚ ئەمە درۆیـە، ئـەو بڕگـەیە کـە لـەناو تێکسـتەکەدا هـاتووە یـەك ئحتمـالی هـەبێت جا قورئـان بێـت یـان فـەرموودەی موتـەواتر، وەك خـوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ قُلْ هُو اللَّهُ أَحَدٌ ﴾[٣٥٨] ئەمە حوکمێکە لەم بڕگەدا، چونکە قورئانە قورئانیش موتەواترە و بەو ڕێگەیەش بە ئێمە گەیشتووە، ماناکەشی تەنا یەك شت وەردەگرێت کە ئەویش تاك وتەنهای خوا دەسەلمێنی (وحدانیە الله تعالی) لەفەرموودەشدا چەند فەرموودەیەکمان هەن کە موتەواتری لەفزین و چـەند فەرموودەیەکیشـمان هـەن کـە موتـەواتری مەعنـەوین وەك دەسـت بەرزکردنەوە لەکاتی پاڕانەوەدا" رَفْعِ الْيَدَيْنِ فِي الدُّعَاءِ ".

**حوکمی زەنیش** ئەویە کە خاسیەتێك لە خاسیەتەکانی موتەواتر لە دەست بدات، بۆ نموونـە دەکرێت نەسەکە موتەواتر بێت بەڵام مادام چەند مانایەك وەردەگرێـت لـە قەتعیـەوە دەگۆڕێـت بـۆ حـوکمی زەننیـی وەك خـوای گـەورە

[٣٥٨]- سورة الإخلاص: ١.

دەفەرمووێت:﴿وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ﴾ [٣٥٩] ئەمە یەکێکە لەو ئایەتنەی کە دلالەتی زەنی هەیە هەرچەند (قطعي الثبوت)، چونکە ئەم ئایەتە هەڵدەگرێت هەمووی سەر مەسح بکەیت بەهەمان شێوەش لێی دەخوێنرێتەوە هەندێکی سەر مەسح بکەیت یان چەند تاڵە مویەکی سەرت، مادام ئەمانە هەموو هەڵدەگرێت حوکمەکەی حوکمێکی زەنییە، فەرموودەی ئاحادیش هەمووی لەم بابەتەن چونکە فەرموودەی ئاحاد بە کۆیدەنکی زانایان حوکمەکەی زەنی دەگەێنێت.

**نەزەریەی عەقڵی**: مەیدانی تێڕامانی عەقڵ بوونەوەرە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی استقرا و پشکنین بە ڕێگەی تەجروبە و بینینەوە، ئەوەی کەدێتەدەست وەستاوە لەسەر ئەوەی کە لە تێڕامان و سەرنجدان و بیرکردنەوەوە پێی گەیشتووە، حوکمی لەسەر دەدات جابە ئەرێنی بێت یان نەرێنی، بۆیە حوکمی قەتعی بە ئەرێنی و ئیجابی دەبێت و حوکمی زەنیش نەرێنی و سەلبی دەبێت.

- **حوکمی قەتعی عەقڵی لەسەر دووخاڵ وەستاوە.**

یەکەم: لەسەر بەڵگەی دروست بۆ چەسپاندنی ئەوەی کە دیڵێت.
دووەم: هێنانی بەڵگە بۆ نەفی ئەوەی کە دەیەوێت نەفی بکات واتە: ئەگەر لە ڕێگەی عەقڵەوە شتێکمان بەیانکرد ئەرێنی بێت یان نەرێنی دەبێت بە بەڵگەوە بێت، بەڵگەکانیش لەسەر (استقراء و تجربة و استنباط و تحليل)وەستابن.

**حوکمی زەنی عەقڵی**: لەسەر تەرجیح دان لەنێوان دوومەسەلەدا وەستاوە، کاتێك کەسێك دیاردەیەکی بوونەوەر یان مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی شیتەڵ دەکات و شتێکی بۆ دەردەکەوێت، ئەم تێگەیشتنەی خۆی

---

[٣٥٩]- سورة االمائدة: ٦.

**بەیاندەکات بەشێوەیەکی تەرجیح نەك بەیەقینی، چونکە لەهەمان زەمینەدا قسەو بۆچوونی ترهەن لە ئارادا.**

**لەم ڕونکردنەوەدا بۆمان دەرکەوت کە مەیدانی نەزەری و تێڕمانی شەرعی ئایەت و فەرموودەیە و مەیدانی نەزەری و تێڕامانی عەقڵی بوونەوەرە، بۆیە هەر دووکیان پەیوەندییان بەیەکەوە دەمێنت بە جۆرێ هەمیشە شەرع دەبێت پێش نەزەری عەقڵی بکەوێت، چونکە عەقڵ خزمەت کاری دەقە شەرعیەکانە، لێرەوەیە هەرگیز نابێت وابڕوانیینە تێڕوانیینە عەقڵیەکان کە تەواوی بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ فەراهەم بکات، چونکە عەقڵ ڕێنیشاندەر نییە بۆ هەموشتێك کە بەرژەوندی مرۆڤی پێوەبەند بێت لەدونیاو دواڕۆژدا، مەگەر کاتێك ئەمەی تیدا بەدی بکرێت کە لە ڕۆشنایی وەحی خواییەوە هەنگاوی هەڵگرتبێت، ئەگەر زانایەك لێکۆڵینەوەیەك بکات لەسەر دیاردەیەکی کەونی کاتێك دروست دەردەچێت کە موافقی ئەوە بێت کە قورئان یان فەرموودە ئاماژەی پێکردووە، چونکە هەرکاتێك لەم ڕێگەیەوە شتێك نەسەلما بێت هەر خودی مێژوو و شارستانیەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە عەقڵی مرۆڤ لەزۆر شت بێ توانایە، بەتایبەت لە دەرك کردن بە نهێنیەکانی بوونەوەر و ژیان و هەتا لە خودی خۆی و ناسینی تەواوی خالقی خۆی، ئەمەش ئەوەنا گەێنی کە عەقڵ فەرامۆش بکرێت و ڕۆڵی بۆ نەهێڵرێتەوە، ڕۆڵ و پێگەو توانایی هەیە بەلاّم سنووردارە وەك تەواوی هەستەکانی تری مرۆڤ، لێرەوەیە ئیمامی غەزالی دەڵێت:" عەقڵ وەك چاوی بیناوایە و وەحی خوایش وەك ڕوناکی وایە، چاوی بیناش هەرگیز ناتوانێت شتەکان ببینێت مەگەر تیشکی ڕوناکی بەربکەوێت، عەقڵیش هەرگیز**

ناتوانێت حەقیقەتی شتەکان دەرك بکات تا ئەوکاتەی کە روناکی وەحی بکەوێتە سەریان، سەید قوتب دەڵێت: مرۆڤ بەو هەموونهێنی و شتە پەنهانانەی کە لەناخیدا حەشاردراون بوونەتەمای جوانی مرۆڤ ، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی تواناکانی مرۆڤ شتی گشتی نیین و ڕەهانیین، چونکە هەموو هێزەکانی مرۆڤ سنووردارن بە سنوورداری کات و شوێنەکان، بەڵام لەنێون ئەم هەموشتانە شتانێکی زۆر حەقیقەت لە خۆدەگرن لە هەمووکاتدا وەك حەقیقەتی تەنهایی خوا و پەیوست بوونی ویستی خوا بەشتە پەیدابووەکان، عەقڵ لەم جۆرە مەسەلانەدا تەنها تەسلیم بوونی بۆ هەیە، چونکە ئەمانە لەسنووری پەی پێبردنی عەقڵی مرۆڤ نین، لێرەوەیە وەحی خوایی فراوانتر و گشتگیر تر و ئەسڵ و بنەمایە بۆ زانینی شتەکان و عەقڵی مرۆڤ دەبێت هەمیشە بگەڕێتەوە بۆ وەحی خوایی تاشتەکان وەك خۆیان دەرك بکات، ئەمە ئەوەیە بۆ پێوانەی ڕاستەقینەی شتەکان وەحی خوایی پێوەری عەقڵە و عەقڵ دەبێت شوێن کەوتەی وەحی بێت.

لێرەوە بۆمان دەرکەوت کە هەریەکە لە تێڕوانینی شەرعی و تێڕوانینی عەقڵیی مەیدانەکانیان جیاوازە، هەرچەندە جیاوازی مەیدان و کاریان هەیە زۆرجار لە دەرك کردنی حوکمی قەتعی جیاوازییان نییە، چونکە دەرك کردنی حەقیقەتی شتەکان لەلایەن عەقڵەوە، سەرچاوەکەی هەر لەوەحی خواییەوە بووە، ئەمە ئەسڵە بۆ تێڕوانینی عەقڵ. بەڵی مەیدانەکانیان جیاوازە، بۆیە پێشەوا بەننا دەڵێت:(ولكنَّهما لنْ يختلفا في القطعيِّ) بۆ نموونە قورئان ئەوەی سەلماندوە کە مرۆڤ لە قوڕ دروستکراوە، زانستیش پەی بەم مەسەلەیە بردوە و توانیویەتی کەشفی ئەو ڕاستیەبکات، بەڵام ناکرێت بۆ سەلماندنی ئایەتەکە

بەڵگە زانستیەکە بێنینەوە، ئەگەر لەو مەیدانەدا بڵێین زانست گەیشتووەتە ئەوئاستەی کە کەشفی ئەو ڕاستیە بکات دەڵێین: ئەمە تەفسیری زانستی ئایەتەکەیە نەك سەلمێنەری ڕاستی ئایەتەکە، چونکە ئەگەر مرۆڤ لەڕووی زانستییەوە نەگەیشتایەتە ئەو ئاستە هەر دەبوا ئیمانمان بەوە هەبوایە کە قورئان فەموویەتی﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ سُلَالَةٍ مِنْ طِينٍ * ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَكِينٍ * ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنْشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ﴾[٣٦٠] هەر لەبەر ئەمەشە پێشەوا بەننا لە بنەماکەدا دەڵێت:" فلن تصطدم حقيقةٌ علميةٌ صحيحةٌ بقاعدةٍ شرعيةٍ ثابتةٍ" بۆیە حەقیقەتێکی زانستی لەگەڵ یاسایەکی چەسپاوی شەرعیدا دژ و بەرنگاری یەك نابن، بیرمان نەچێت ئەمە باس لە مەسەلەیەکی زانستی دروست دەکات کە بە هیچ جۆرێ پێچەوانە و دژی یاسایەکی چەسپاو بە بەڵگەیەکی موتەواتر قورئان یان فەرموودە ناوەستێتەوە، چونکە لە بنەرەتدا عەقڵ لە ڕووناکی وەحیەوە ڕۆشنایی وەرگرتوە بۆیە ئەوەی عەقڵ دەیڵێت بە جۆرێ لە جۆرەکان تەفسیرێکی زانستی بنەما شەرعییەکەیە. بەڵام ئەگەر هاتوو تێڕوانینی زەنیی لەهەر دووجۆرەکە واتە: شەرعی یان عەقڵی لەم کاتەدا تئویل دەکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ تێڕوانینێکی قەتعیدا بگونجێت، بەڵام ئەگەر هەر دوو تێڕوانینەکە زەننیی بووئەوە تێڕوانینە شەرعییە زەنییەکە پێش تێڕوانینە عەقڵیەکە دەکەوێت تا ئەوکاتە یان بە شێوەیەکی زانستی دروست دەچەسپێت یان بەیەکجاری لەناو دەچێت و پوچەڵ دەبێتەوە،(ويُؤولُ الظّنِّيُّ منهما ليتفقَ مع القطعيِّ، فإن كانا ظنّيينِ فلنَّظرُ

---

٣٦٠- سورة المؤمنون: ١٢-١٤.

الشرعيُّ أولى بالإتباعِ حتى يَثبُتَ العقليُّ أو ينهار) بۆ نموونە قورئان ئامارژەی بەوەکردووە کە زەوی خرە وەك دەفەرموویت:﴿ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ﴾[361] ئیمامی بەیزاوی لە ڕاڤەی (یکور)دا دەڵێت: "یلفه علیه لف اللباس باللابس"[362] پێچدانی جلوبەرگ بەیەکترەوە بە پێچینەوە.وە ئیمامی نەسفی دەڵێت" کار العمامة علی رأسه کورها" پێچانەوەی مێزەر بەسەردا، ئەمە ئامارژەیەکی ڕاست و دروستە لەسەر خریەتی زەوی، وەك لە شوێنێکی تردا مانای (التکویر)ی بە (دحا) وەك دەفەرموویت﴿وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَلِكَ دَحَاهَا﴾[363] مانای (الدحو) لە زمانی عەرەبیدا بەمانای (التکویر) دێت واتە: خری وەك لە پێشەوە ئامارژەمان پێکرد، بۆیە عەرەب بە هێلکەی نەعامە لەناو خۆڵ و لمدا دەڵێن" الأدحیة والأحوة). بۆیە کاتێك کە زانایان باس لە خریەتی زەوی دەکەن بە خۆیان بزانن یان نەزانن تەفسیر ئەم ئایەتانەیان کردووە.

---

٣٦١- سورة الزمر: ٥.

٣٦٢- بڕوانە: أنوار التنزيل وأسرار التأويل، للامام ناصرالدين عبدالله عمر البيضاوي.ص٨٨٤، الطبعة الأولى، دار المعريفة(١٤٣٤هـ٢٠١٣م-.ومدارك النزيل وحقائق التأويل، للأمام عبدالله بن أحمد النسفي:ج٤/٧٧، تحقيق الشيخ مروان محمد الشقار، الطبعة الثانية، دار النفائس(١٤٣٠هـ٢٠٠٩م-.

٣٦٣- سورة النازعات: ٣٠.

**جیاوازی حەقیقەتی زانستی و تیۆری زانستی**

ئەم جیاوازییە دەمانگەیێنێتە ئاستی دڵنیابوون، چونکە حەقیقەتی زانستی شتێکە و تیۆری زانستی شتێکی ترە.

**حەقیقەتی زانستی**: ئەوەیە کە شیاوە بۆ تەجروبە و جێگیرە لە هەمووکاتێکدا گۆڕانی بەسەردانایەت، چونکە بەدوو ڕێگە سابت بووە، یەکەم: بۆ سابت بوونی بەڵگەیەکی ڕاست و دروستمان لە بەردەستە.

دووەم: پشت ئەستوری ڕاستی بەڵگەکە وادەکات کە مەحاڵ بێت ئەو ڕاستیە کە سەلماوە بگۆڕێت.

**تیۆری زانستی**: ئەم مەسەلەیە لەسەر لێکدانەوە ڕاڤەکردنی دیاردەیەکی سروشتی یان کۆمەڵایەتی وەساوە، کە بەردەوام زەمینەیەکی گونجاوە بۆ گۆڕین و ئالوگۆڕبوونی تیۆریەکە، بۆیە هەرگیز نابێت ئەم مەسەلەیە لە بەرامبەر نەسێکی قورئانی ڕاگرین، یان بمانەوێ تەفسیری ئایەتێك بەمەسەلەیەکی لەم جۆرە بکەین کە ئەمە گەورەترین هەڵە دەردەچێت، چونکە ئەو تیۆرییە زانستییەی ئەمڕۆ هەیە دەکرێت سبەینێ یەکێکی تر هەبێت ئەوەی یەکەم هەڵبوەشێنێتەوە. هەر ئەمەشە جیاوازی نێوان حەقیقەتی زانستی و تیۆری زانستی.

## چی فێردەبین لەم بنەمایە؟:

١- تێڕامـان و بیرکردنـەوە لـەم بوونـەوەرە خـوی لەخویـدا جۆرێکـە لـە پەرستش و نیشاندانی گوێڕایەڵی خوای گەورە و لە زەمینـەی بەندایەتیـدا بە پلەیەکی مەزن هەژمار دەکرێت لە ئیسلامدا، بۆیـە موسوڵمانان نابێت کەمتەر خەمی لەم بوارەدا بنوێنن.

٢- دەبێـت ئـەوە بـزانین عـەقڵ لـە جیهـانی دیـار و عالـەمی شـەهادەدا کاردەکات و ناتوانێت پەل بهاوێت بۆ عالمی غەیب و پەنهان مەگەر تەنها لە ڕێگەی وەحییەوە پەی بەو جیهانە بەرێت.

٣- گەڕانەوە بۆ تەفسیری قورئان و فەرموودە باشترە لەوەی دەست بگرین بە قسەیەك یان بۆ چونێکەوە کە زانستیی نەبێت.

٤- پێوانـەی دروسـت بـۆ سـەلماندنی دروسـتی و نادروسـتی شـتەکان شەرعە، ئەوگوتەیەش کاتێك دروستە کە هاوتەریب بێت لەگەڵ واقعی بیری مرۆڤەکەدا.

٥- گەیشـتن بـە حەقیقـەتی تـەواو تـەنها لـە ڕێگـەی وەحییەوەیـە لەومەسەلانەی کە عەقڵ ناتوانێ کاریان تیدا بکات.

# بنەمای بیستەم

## چەمکی تەکفیر و پێوەرەکانی لە ڕوانگەی فیکری ئیسلامییەوە

و لا نكفر مسلماً أقر بالشهادتين وعمل بمقتضاهما وأدى الفرائض - برأي أو بمعصية - إلا إن أقر بكلمة الكفر، أو أنكر معلوما من الدين بالضرورة، أو كذب صريح القرآن، أو فسره على وجه لا تحتمله أساليب اللغة العربية بحال، أو عمل عملا لا يحتمل تأويلا غير الكفر.

....................................

**پوختەی بنەماکە**

هیچ موسوڵمانێك کافرناکەین کە شایەتومانی هێنابێت و کار بە داخوازیەکانی کردبێت و ئەرکەکانی فەرزەکانی سەرشانی بەجێگەیاندبێت، بەهۆی دەربڕینی بۆچوونێك یان ئەنجامدانی تاوانێك، مەگەر خۆی بێ بڕوای خۆی ئاشکرا کردبێت، یاخود نەکۆڵی لە زانراوێکی ڕۆشن لە ئاین کردبێت، یاخود مانایەکی ڕوونی قورئانی بە درۆخستبێتەوە، یان بە جۆرێك ڕاڤەی بکات یەکانگیرنەبێت لەگەڵ یاساکانی زمانی عەرەبیدا، یاخود کارێك بکات کە هیچ تەئویل وەرنەگەرێت تەنها کوفرنە بێت.

**دەروازەی چوونە ناو بابەتەکەوە**

دیاردەی تەکفیر و بڕیاردانی پێشوەختە بەسەر کەسی بەرامبەردا یەکێکە لەو دیاردە ترسناکانەی کەلەم دەمەدا بەرۆکی موسوڵمانانی گرتووە، بۆیە لە ئەمڕۆدا زانایان و بانگخوازان و ڕۆشنبیران دەبێت لە هەمووکات زیاتر داکۆکی لەسەر یەکریزی لە بیروبڕواو پەرستش و مامەڵەی ڕۆژانە بکەنەوە، بۆ ئیستقراری و ئاسایشی کۆمەڵگە دەبێت سێ کوچکەی بیروبڕوا و پەرستش و مامەڵەی ڕۆژانە لە زانایان وبانگخوازان و رۆشنبیران غایب نەبێت، هەر کەمتەرخەمییەك لەم مەیدانەدا دەچێتە خانەی پێ ئاگایی لە ڕۆحی شەریعەت و ناواخنی مەقسەد و فەلسەفەی ئاینداری لە ئیسلامدا، هەر ئەمەشە وادەکات کە مەسەلەی ئیمان و کوفر دەبێت هەریەکەمان لە لای خۆیەوە بیگێڕێتەوە بۆلای خوا، چونکە هەر ئەو ئاگادارە بەسەر دڵ و دەرونی بەندەکانی و تەواوی نهێنیەکانی بوونەوردا ﴿ قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ ﴾ [٣٦٤] ئێمە وەك موسوڵمان لەم مەیدانەدا تەنها ئەوەمان لەسەرە پەیوەندیەکی جوانی ئینسانی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەدا بکەین لە ژیانی ڕۆژانەماندا، چونکە ئێمە دەبێت بەگوفتار و کردارەوە بانگخوازبین بۆ لای ئەو ئاینە بەرزەی کە ئاسودەیی و بەختەوەری دونیا و دواڕۆژی پێوەبەندە، بڕیاردانی کوفر بۆ کەسێك ئەوە وەساوە لەسەر کەسی دادوەر و حاکمی ڕۆژگار تا بتوانێ بەزاهیری بڕیار بدات و ئەو حوکمەی

---

٣٦٤- سورة البقرة: ٣٣.

بەسەردا بدات کە لە کۆمەڵگەیەکی موسوڵماندا بۆ کەسی غەیرە موسوڵمان هەیە، بەو ڕۆحەوە مامەڵەی لەگەڵ بکات کە کەسەکە خۆی قەبوڵیەتی، بۆ نموونە کەسی بێ باوەر لە کۆمەڵگەی موسوڵماناندا بەرامبەر بە تەکلیفە شەرعیەکان، ئەوهیچی لەسەر نییە و هیچ حوکمێکی تەکلیفی یان (وضع)ی ئەو ناگرێتەوە، واتە:واجبی تاکی موسوڵمان لەگۆمەڵگەدا بەرامبەر کەسی بێ باوەڕ تەنها دەعوەتکردنیەتی بانگکردنیەتی بۆ ئاینی ئیسلام، ئەمە وانە پەروەردەیەکەیە کەلەم بنەمایەدا پێیدەگەین و وەری دەگرین، مامەڵەمان لە گۆمەڵگەدا مامەڵەیەکی زاهیریە و نهێنیەکەی کاری ئێمە نییە و خوا بەسەر نهێنیەکاندا ئاگادارە، کە دەڵێین: مامەڵەیەکی زاهیری واتە: خوێندنەوەی ئێمە بۆ بەرامبەر بەگوێرەی ئەو کردەوانەیە کە ئەنجامیان دەدات، خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وهُمْ لَا يُفْتَنُونَ (٢)ولَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا ولَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ ﴾[٣٦٥] هەموو ئەوشتانەی کە دێتە ڕێی مرۆڤەکان لە ژیانیاندا هەموو بۆ تاقیکردنەوەیە و دەرەنجام دەرکەوتنی باش و خراپ لە قیامەتدایە، بۆیە ئایەتەکان بەڕوونی ئەوە دەردەخەن، ئایا خەڵکی وا گومان دەبەن تەنها لەسەر ئەوەی گوتویانە ئیمانمان هێناوە وازیان لێ دەهێنرێت و تاقیکردنەوە بەرۆکیان ناگرێت، لەکاتێکدا گەلانی پێش ئەمانیش هەر بەو ڕێگەیەدا براون و تاقیکراونەتەوە، تا دەرکەوێت کامیان لەگەڵ ئیمانەکەیان ڕاستیان کردووە و بە کردار دەریان خستووە ئارامگرن لەسەر تاڵیەکانی ژیان، لەهەمان کاتیشدا سوپاس گوزارن لەسەر نعمەتەکانی خوا، یاخود تەنها لە خۆشیدا ئیماندارن و لە ڕۆژانی تەنگەچەڵمیدا وازلە دینداری و پەرستەشەکانیان دێن و دەردەکەوێت کە درۆیان کردووە لەوەی بە ئاشکرا نیشانیانداوە کە باوەڕدارن، ئەمەش تەنها

٣٦٥- سورة العنكبوت: ٢-٣.

بۆئەوەیـە کـە نهێنیەکـەیان ئاشـکرابێت و پـەردە لەسـەر درۆکانیـان لابـدرێ و بەیەکجاریی لەسەر ئەوهەڵس و کەوتە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

ئەسـڵ ئەوەیـە کـە بەرامبـەر لەسـەر ئیمـان و بـاوەڕ مابێتـەوە بەتـەواوی ئـەرکان و فەرعەکانییـەوە، بـەزمان ئیقـرار بکـات بـە گـوتنی شـایەتومان، بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی سەرشانی و دوورەپـەرێز بێت لـە حـەرام و قەدەغـە کراوەکـان و هەسـت و شـعوری خۆپـارێزی لەدڵـدا بێـت و بـە موسـوڵمان هـەژماربکرێت و نەکرێتـە دەرەوەی بازنـەی ئیمانـەوە، بۆیـە ڕەوانیـە بـۆ هـیچ کـەس موسـوڵمانێك بخاتـە دەرەوەی بازنـەی ئیسـلامەوە، مەگـەر خـۆی کارێـك بکات یان نیشانەیەك دەرخات کە سەر بکێشێت بۆ کوفرو بێ باوەڕی، هەر ئەمەشـە وامـان لێ دەکـات کـە ئـەم بابەتانـەی خـوارەوە لـە ڕوانگـەی بنەماکـەوە ڕوون بکەینـەوە، چـەمکی کـوفر و جۆرەکـانی، حـوکمی بـەکافر کردنـی ئـەهلی قیبلە، جیاوازی نێـوان گونـاه و کافریـەتی، ئەمانـە و چـەند بـاس و خواسـێکی تر کە بنەماکە وەری دەگرێت.

## کاکڵە و پوختەی بنەماکە

(لا نکفر): هیچ کەس کافرناکەین.

**پێناسـەی کـوفر لـە زمانـەوانی وزاراوەدا:** پێکهاتـەی وشـەکە(ك،ف،ر) چاوگەکەی (كُفْرْ)لـەزمانی عەرەبیـدا بـەمانای داپۆشـین، شـاردنەوە دێـت، بـە جوتیـار دەگوترێـت (کـافر) چـونکە تـۆ و دانەوێڵـە دادەپۆشـێت و دەیکاتـە ژێـر خاکـەوە، بۆیـە دەبێـت شـتێك هـەبێت بشـارێتەوە ئـەنجا بەشـارەرەوەکە بگوترێت (کافر).

**کوفر وەك زاراوە:** سیفەتێکە دەرێتـە پـاڵ کەسـێك کـە داپۆشـێنەری حـەق و ڕاستییە و بەکەسەکەش دەگوترێت (کافر).

**کوفر لە ڕووی شەرعەوە وەك تەواوی زانایان لەسەری کۆکن:** بریتییە لە پێچەوانە و دژبوون لەگەڵ ئیمان و باوەڕ.

لەنێوان پێناسە زمانەوانیەکەو پێناسە زاراویەکەدا پەیوەندیەکی تۆکمەو بەهێزهەیە بە جۆرێك هەر دووماناکە لەیەکەوە تەواو نزیکن کە (کفر) سیفەتی کەسێکە کە خەریکە حەق و ڕاستییەك دادەشارێت و دەری ناخات، بۆیە لە قورئاندا (کافر) کەسێکە کە حەقیقەتەکەی بۆ ڕۆشن بوەتەوە و بەتەواوی پەیامی خوای پێگەیووە و تێگەیشتوە لە ناواخنی پەیامەکە کە بەجوانی دەرکی ڕاستیەکانی کردووە ئەنجا پشتی تیَ دەکات و ئینکاری ئەو ڕاستییەدەکات ئەوکاتە ئیتر پێی دەگوترێت (کافر)، نەك هەر ئاوا بەکەسێك بگوترێت (کافر) کە بەکرچوکاڵ یان تێکەڵ و پێکەڵ دەعوەتی خوای پێگەیشتبێت و نەزانیَ حەقیقەتی ئەم پەیامە چییە و چۆنە و پشتی لیَ هەڵکردبێت، ئەگەر وابوو ئەوکەسە پیَ ناگوترێت (کافر) چونکە کافر کەسێکە کە بەتەواوی حەق و ڕاستی بۆ ڕۆشن ببێتەوە و دواتر ئینکاری بکات و بڵێت قەبووڵی ناکەم ئەنجا ئەوە کافرە، ئەمەش چوار جۆرە.

١- کوفری (ئینکاری) نکوڵی کردن: ئەوەیە کە بەتەواوی بوونی خوا کە(واجب الوجود)ە ڕەدبکاتە و بەهیچ جۆرێك نەی پەرستێت، وەك کوفری بت پەرستەکان، یاخود ئەوانەی کەدەڵێن خوای بوون بریتیی یە لە خودی سروشت، وەك ئیمامی غەزالی ڕاستەوخۆ بەکافریان هەژماردەکات، لەسەروی ئەمەشەوە بەدڵ و بەزمان کوفر بکات و دان نەنێت بە هەر مەسەلەیەکەدا کە لەبارەی یەکتایی و خواوە بۆی باس دەکرێت.

٢- کوفری (جحود) دان پێدانەنان: ئەمەش بریتییە لەو جۆرەی کە بەدڵ دەزانیَ خوا هەیە و خالقە و ژێینەرە و ئامر و ناهییە، چاك دەزانێت خوا تەواوی کارو باری بوونەوەری لەدەستە، بەلاَم بەزمان دانی پێدا نەنێت و

دەری نەبڕێت، وەك كوفری شەیتان و خۆبەگەورە زانان و هاوەڵ بڕیاردەران، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وجَحَدُوا بِهَا واسْتَيْقَنَتْهَا أَنْفُسُهُمْ ظُلْمًا وعُلُوًّا فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ﴾ [٣٦٦] دیارە كە كوفری ئەم دەستەیە فرعەون و دەستەو تاقمەكەی و ئەوانەی كە هاووێنەی ئەمانن چاك دەزانن كە موسی پێغەمبەری خوایە، یاخود تەواوی پێغەمبەران لەلایەن خواوە هاتوون، بەڵام ئەمان لەبەر لوت بەرزی خۆیان و خۆ بەگەورە زانینیان داننانێن بەو ڕاستیەدا و ئینكاری دەكەن، دەی مادام وایە سەرنجبدە كەسەرنجامی ستەمكاران چۆنە و خوای گەورە چۆن لەناوی بردن؟.

٣- كوفری (عیناد) سەركەشی: بەدڵ ئیمانی بە خوا هەیە و بەزمان دانی پێدادەنێت كە خوا هەیە و دین ڕاستە وجوانە و هەمووی پاكییەو باشە بەڵام لەبەر حەسەد و حەقدەوە ملكەچی فەرمانەكانی شەرع نابێت لە ژیانیدا ڕێنماییەكانی دینی خوا پشتگوێ دەخات و پێی ڕازی نییە، تەنها چاوی لە بەرژەوەندی خۆیەتی وەك ئەبو جەهل و ئەمسالی ئەو لە هەموو سەردەم و كاتێكدا.

٤- كوفری (نیفاق) دووڕوویی: بەزمان هیچی نەهێشتوەتەوە و دان دەنێت بە هەموو ئەو شتانەی كە ئیسلام داوای دەكات و هەتا هەندێ لە شیعارە زاهیریەكانیش بەرجەستە دەكات بەڵام بەدڵ بڕوای بەو شتانە نییە.

هەریەك لەم چوار جۆرەی كوفر لای خوا چونیەكە و لە دواڕۆژدا لێخۆشبوونی خوایی نایانگرێتەوە، ئەمە بۆچوونی تەواوی زانایانە، ئەو جۆرەی كە زانایان ڕاجیاییان هەیە لەسەی لە بەشی فەرعی دینن، كە خاوەنەكەی لە بازنەی ئیسلام ناكاتە دەرەوە، بەڵام هەندێ لە زانایان و ئەهلی عیلم بە كوفری عەمەلی وەسفداری دەكەن و هەندێكیش بە كوفری مەجازی

---

٣٦٦- سورة النمل: ١٤.

ناوی دەبەن، ئەمەش هەندێ بەڵگەی نەقڵی هەن لەم بارەوە کە بەزاهیر ئەوە دەگەیەنن کە کوفر نسبەت درابێت بۆ لای مرۆڤەکەن.

– خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ إِنَّا أَنْزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى ونـور يَحْكُـمُ بِهَـا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُوا لِلَّذِينَ هَادُوا والرَّبَّانِيُّونَ والْأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُوا مِنْ كِتَـابِ اللَّـهِ وكَانُوا عَلَيْهِ شُهَدَاءَ فَلَا تَخْشَوُا النَّاسَ واخْشَوْنِ ولَا تَشْتَرُوا بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلًا ومَـنْ لَـمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾[٣٦٧] یان لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (ﷺ) کە ئیبن مەسعود دەیگێڕێتەوە هاتوە کە دەفەرمووێت: «سِبَابُ الْمُسْـلِمِ فُسُوقٌ وقِتَالُهُ كُفْرٌ»[٣٦٨] یا خود لە فەرموودەیەکدا کە ئەبو هورەیرە دەیگێڕێتەوە دەفەرمووێت: "إذا قالَ الرَّجُلُ لأَخِيهِ: يا كافِرُ، فَقَدْ بَـاءَ بِـهِ أَحَـدُهُمَا".یاخود لە فەرموودەیەکی تردا ئاماژە بەوەدەکات کە نێوان کەسی بێ باوەڕ و موسوڵمان نوێژە وەك دەفەرمووێت: " بَيْنَ الْعَبْدِ وبَيْنَ الْكُفْرِ – أَو الشِّرْكِ – تَرْكُ الصَّلَاةِ"[٣٦٩] لە ڕیواتێکی تردا " بَيْنَ الْرجل وبَـيْنَ الْكُفْـرِ "[٣٧٠] یاخود لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێت کە باس لە چوون بۆلای کاهن و ساحر دەکات:( مَنْ أَتَـى كَاهِنًـا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَـرَ بِمَـا أُنْـزِلَ عَلَـى مُحَمَّـدٍ ﷺ)[٣٧١].ئەمانە و چەندان فەرموودەیی تر کە ئاماژەیان تیایە بۆ کافربوون زانایان ڕاو بۆچوونیان جیایە لەسەر ئەوەی ئایا بەئەنجامدانی ئەو کارانەی وەك ( حوکم نەکردن بە دینی خوا و کوشتن و نەکردنی نوێژ و چون بۆ لای ساحر...) ئەمانە مرۆڤی پێ کافر دەبێت یان نا؟ گومان لەوەدانییە کە زانایانی ئەهلی کەلام هەموویان

---

٣٦٧– سورة المائدة: ٤٤.

٣٦٨– رواه البخاري ومسلم.

٣٦٩– رواه مسلم.

٣٧٠– رواه أحمد في مسنده، حديث صحيح.

٣٧١– رواه اب و داود في مسنده.

لەسـەر ئـەوە یـەك دەنگـن كـە ئـەم جـۆرە كارانـە و هاووێنـەكانیان گونـاهی گـەورەن، گونـاهی گـەورەش دوو بەشـە بەشـێكی حـەق و مـافی خوایـە وچارەسـەرەكەی تـەنها تەوبەیـە و دوركەتنـەوە لـەو كـارە و بەشـەكەی تریشـی پەیوەسـتە بـەمافی مرۆڤـەوە چارەسـەری ئەمـەش دوای تەوبـە، داوای گـەردن ئازادیـە لەبەرامبـەر یـاخود گێڕانـەوەی مـافی بەرامبـەرە، پێویسـتە لێـرەدا ئاماژەیەك بەوە بدەم كە لـەم دەقانـەدا كێشـە هەیـە، چونكە باسـی ئـەوەكراوە لەم دەقەنەدا موسوڵمان دراوەنەتە پاڵ كوفر، وەڵامـی ئـەم كێشـەیە دراوەتـەوە بەوەی كە ئەهلی سوننە هەموویان یەك دەنگن لەسەر ئەم خاڵانە.

١- ئەوكەسەی گوناهی گەورە دەكات نابێت تەكفیر بكرێت.

٢- ئـەوەی گونـاهی گـەورە دەكـات لـەنێوان دوومەنزلـە كـەدا نییـە وەك موعەتەزیلـەكان باوەریـان وایـە كەسـێ گونـاهی گـەورەبكات لـەنێوان دوومەنزلەكەدایە.

٣- ئـەوەی گونـاهی گـەورە دەكـات نـا چـێتە دەرەوەی بازنـەی ئیسـلام و ناشچێتە بازنەی كوفرەوە و شایەنی مانەوەی هەتا هەتایش نییە لە دۆزەخدا، بەم بەڵگانە:

- خـوای گـەورە سـەبارەت بـەوەی كـە گونـاهی گـەورە دەكـات لـە بازنـەی باوەڕداران نەیكردووەتە دەرەوە، وەك دەفەرموویت:﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالْأُنْثَى بِالْأُنْثَى فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ذَلِكَ تَخْفِيفٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ فَمَنِ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾[٣٧٢] ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە و ئیمـاندارن، لەسەرتان پێویست كراوە تۆڵە سەندنەوە بۆ كوژراوەكانتـان، ئەگـەر تەماشـای

٣٧٢- سورة البقرة: ١٧٨.

ئایەتەکە بکەین بکوژی جیانەکردووەتەوە لە ئیمانداران، نەی فەرمووئەگەر بیٚ باوەڕێك ئیمانداریٚکی کوشت ئیٚوەی باوەردار تۆلە سەندنەوەتان بۆ هەیە.

- هەروەها خوای گەورە دەفەرموویٚت:﴿وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (٩) إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾[٣٧٣] ئەگەر دووگروپ لە موسوڵمانان بووبەشەریان- ئەم بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هیچ مانعێك نییە لەوەی دووگروپ یان زیاتر لە موسوڵمانان لە یەك کاتدا هەبن- ئەوکاتە دەست بەجیٚ هەولٚ بدەن ڕێکیان بخەن و ئاشتیان بکەنەوە، خۆ ئەگەر گروپێکیان هەر ملەجیرەیان کردوودەست درێژییان کردە سەر گروپەکەی تر، ئەوە ئێوە بەگژ ئەو گروپەدا بچن کە ستەم و دەستدرێژی دەکات، هەتا دەگەڕێتەو سەر فەرمانی خوا، جا ئەگەر گروپە ستەمکارەکە هەر سەرکەشی کرد و بۆ فەرمانی خوا ملکەچ نەبوو، ئەوا بە دادگەرانە لەنێوانیاندا ناوبژیوانی بکەن، دادپەروەری ئەنجام بدەن، چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەویٚت کە دادپەروەری ئەنجام دەدەن، لەڕاستیدا هەر ئیمانداران برای یەکن، کەواتە هەرکاتێك لەنێوان دووبرادا ناکۆکی پەیدابوو نێوانیان چاك بکەن وئاشتیان بکەنەوە، لێرەوە دەردەکەویٚت ئەوانەی کە لەنێوان یەکتردا دەجەنگن لە بازنەی ئیماندا دەرنەکراون هەر چەندە کوشتن و هۆکارەکەشی گوناهی گەورەیە.

٤- ئەوەی گوناهی گەورە دەکات تەنها شیاوی ئەو هەڕەشەیەیە کە بەهۆی گوناهەکەوە دێتە ئاراوە، هەر وەك لە دەقەکاندا هاتووە، نەك ئەوەی کە

---

٣٧٣- سورة الحجرات: ٩-١٠.

مورجیئـەکان دەڵـێن: هـیچ گوناهێـك لەگـەڵ ئیمانـدا زیـانی نییـە و هـیچ چاکەیەکیش لەگەڵ کوفردا سودی نییە.

گرنگە لێردا بەکورتی بۆچوونی دیاری مەزهەبە ئیسلامیەکان بخەمەڕ و لەسەر کەسێك کە گوناهی گەورەی ئەنجام دابێت ئایا کافرە یان کافر نابێت، دەچێتە بەهەشت یان دۆزەخ ؟

**یەکەم: خەوارجەکان:** بە تەواوی بەشەکانیانەوە کەسێ کە توشی گوناهی گەورە بوبێت یاخود گوناهی بچوك مادام تەوبەنەکات کافرە و خوێنی حەڵاڵـە و ماڵی گیرا و غەنیمەتە و دەچێتە جەهەنەم و بە هەمیشەی دەمێنێتەوە، هەر ئەمانە ئیمامی عثمان و ئیمامی علی یان بە کافر هەژمارکردووە.

**دووەم: موعتەزیلـەکان:** دەڵـێن هـەر کەسـێك گونـاهی گـەورەی کـردو و تەوبـەی نـەکرد ناچـێتە بەهەشـتەوە، چـونکە گونـاه کـردن مـانعی چـوونە بەهەشتە، چونکە عەدالەتی خوایی لەوەدایە لە گوناه خۆش نەبێت مادام ئەم کەسە تەوبەی نەکردووە.

**سـێیەم: ئـەهلی سـوننە بـە هـەر سـێ بەشـەکەیەوە(ئەهلی حـەدیس و ئەشعریەکان و ماتریدیەکان) کە ئەم سێ مەدرەسەیە ئەهلی سوننەت پێك دێنن:** هەموو زانایانی ئەهلی سوننە لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە دەڵێن: هیچ کەسێکی ئەهلی قیبلە تەکفیر ناکەین، حوکمی بێ باوەری بەسەردا نادەین مادام گوناهەکە بە حەڵاڵ نەزانێت، لەم بارەوە هەندێ بۆ چوونی زانایان دەخەمەروو:

- ئیمامی ئەبو حەنیفە لە کتێبی (الفقە الاکبر) دا دەڵێت:( هیچ موسوڵمانێك تـەکفیر ناکـەین بـەهۆی هـەر گوناهێکـەوە مـادام بـە حـەڵاڵی نـەزانێت، نـاوی بـاوەڕداری لەسـەر لانابـەین، بـەڵکو بـە بـاوەڕداری ڕاسـتەقینەی نـاو دەبـەیین، دەشکرێت بڕواداریکی لاسار و گوناهبار بێت نەوەك کافر.

- ئـەبو حەسـەنی ئەشـعەری لـە (الأبانـة)دا دەڵێـت:( بڕیارمانـداوە و ئیقرارمان کردووە کە هیچ کەسێکی ئەهلی قیبلە تەکفیر نەکین و نایشیکەین بەهۆی ئەوەی گوناهێکی کردووە مەگەر بە حەڵاڵی دابنێت، نموونەی ئەو گوناهانە: زینا، دزی، مەیی خواردنەوە، هەر وەك خەوارجەکان لەم مەسەلەیەدا بەهەڵەدا چوون گومانیان وا بووکە گوناهکار کافرە، ئێمەش لەو بارەوە دەڵێین: هەر کەسێك گوناهێکی گەورەی لەو جۆرانەی کرد وەك، زینا، دزی و هاووێنەکانی و بە حەڵاڵیشی دانا و بە حەرامی نەزانی ئەوا ئەو کەسە بێ باوەر و کافرە.

- ئیبن حەزمی زاهیری(ت٤٥٦هـ) لە کتێبە بەناو بانگەکەیدا(الفصل في الملل والأهواء والنحل) دەڵێت:" ڕاستی ئەوەیە، کە هەر کەسێك هاتە ناو بازنەی ئیسلامەوە و موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند، کەس بۆیی نییە موسوڵمانییەتی لێ بستێنێتەوە، تا ئەو کاتەی خۆی نکوڵی لە موسوڵمان بوونی خۆی بکات یان ڕەفتارێك نیشان بدات کە غەیری کوفر هیچی تر هەڵنەگرێت، ئەوکاتە بەیەکدەنگی زانایان بڕیاری کافربوونی بۆدەرێت، چونکە هەرگیز نابێت بە پروپاگەندە و قسە بۆ هەڵبەستن لە موسوڵمانێتی بخرێت، بۆیە پێویستە هیچ کەسێك تەکفیر نەکرێت، بە هۆی گوفتارێکەوە یان کردارێکەوە مەگەر کەسەکە خۆی بزانێت کردارەکەی یان گوفتارەکەی پێچەوانەی فەرمایشتی خوا و پێغەمبەرە (ﷺ) جا ئەوکەسەی بەدروستی زانی قسەکەی یان کردارەکەی پێچەوانەی فەرمانی خوا و پێغەمبەر بێت، ئیتر ئەوکاتە ئەو کەسە تەکفیر دەکرێت".

- ئیمامی نەوەوی لە (شەرحی صەحیحی مسلم)دا گوتویەتی:" چاك بزانە مەزهەبی ئەهلی حەق، واتە: ئەهلی سوننەت، ئەوەیە: کە هیچ کەسێك لە ئەهلی قیبلە تەکفیر ناکرێت بەهۆی ئەنجامدانی گوناهێکەوە، هەروەها خەڵکی

بیدعەچیش تەكفیر ناكرێت، جا هەر كەسێك نكۆڵی كرد لە شتێك كە لە ئیسلامدا بە پێویست زانراوە، ئەوا حوكمی هەڵگەڕانەوە و كافری بۆ دەدرێت، مەگەر كەسەكە تازە موسوڵمان بووبێت، یان لە شوێنێكی دورەدەستیدا پێی گەیشتبێت، هاوێنەی ئەمجۆرە كەسانە كەسێك زانیاری تەواوی پێ نەگەیشتبێت، پێویستە سەرەتا فێر بكرێت، ئەگەر دوای ئەوەی پێی گوترا و فێری ئەوەكرا كەناكرێت نكۆڵی لەوشتانە بكات، كەچی هەر بەردەوام بوو لەسەر نكۆڵی كردنی خۆی، ئەوا ئەو كاتە حوكمی هەڵگەڕاوە و كافری بەسەردا دەدرێت، بەهەمان شێوەش حوكمی ئەوكەسەش وایە كە قەدەغەكراوەكان بە حەڵاڵ بزانێت، وەك مەی خواردنەوە، دزی كردن، زیناكردن، لەكاتێكدا بەحەرام زانینی ئەوشتانە پێویستە و زانراوێكی ڕۆشنی دینن(معلوم من الدین بالضرورة).

- هەروەها لە عەقیدەی تەحاویدا هاتوەكە دەڵێت:" هیچ یەكێك لە ئەهلی قیبلە تەكفیر ناكەین، بە هۆی گوناهێكی گەورەوە مادام بەحەڵاڵی نەزانێت".

لەم ڕوون كردنەوەدا بۆمان دەردەكەوێت كە ئەهلی سوننە هیچ كەس با گلابێت بە گوناهی گەورەشەوە تەكفیری ناكەن، مەگەر ئەوكاتە كەسەكە خۆی نكۆڵی لەموسوڵمان بوونی خۆی بكات یان كارەكە بە حەڵاڵ بزانێت، ئەم ڕێبازە ڕێبازێكی مامناوەندە لەنێوان ڕێبازی خەوارجەكان، كەبەلای ئەوانەوە كەسێك گلابێت بە گوناهەوە جا گوناهەكە گەورەبێت یان بچوك مادام تەوبەی نەكردبێت كافرە و بەهەمیشەی لەدۆزەخدا دەمێنێتەوە، موعتەزیلەكانیش دەڵێن: ئەوەی گوناهی گەورە بكات لەنێوان دوومەنزڵەكەدایە نەدەچێتە بەهەشت و نەدەچێتە دۆزەخ، بەڵكو لەوناوەندەدا شوێنێكی ترهەیە بۆ ئەوان.

لەم بارەشەوە پێشەوا حەسەن بەننا لە بنەماکەدا ئەوەی گوتووە کە کەس تەکفیر ناکەین لە بەر بۆچوونێکی یاخود لەبەر گوناهێك کەکردبێتی مادام ئەوکەسە شایەیتومانی هێناوە و بەگوێرە و داخوازی شایەتومانەکەی کاردەکات(أقر بالشهادتين وعمل بمقتضاهما وأدى الفرائض ـ برأي أو بمعصية) گرنگیەکە لێرەدایە مادام ئەرکەکانی بەندایەتی خۆی بەرامبەر بەخوا بەپایان دەگەێنێ و بەگوێرەی شایەتومانەکەی کاردەکات واتە: ئەوەی کە مانا و مەفهومی ئیمان بەخوا و بەڕاست دانانی پێغەمبەر دەیگەێنی ئەو وا کاردەکات، ئیتر هەرگیز نابێت لە بەر ئەوەی بۆچوونی لە ئێمە جابوو یاخود گوناهێکی گەورەی ئەنجامدا ئیتر بڕیاری تەکفیری بۆدەرکەین و لەبازنەی ئیسلام بیکەینە دەرەوە، ئەم جۆرە ڕەفتارانە زۆر لە سوننەتی پێغەمبەرەوە(ﷺ) دورە، لەفەرموودەیەکدا پێغەمبەری خوا ئاماژە بەوەدەکات کە هەر کەس شایەتومانی هێنا ئیتر ماڵ و گیانی پارێزاوە مەگەر بە حەقی تۆڵەسەندنەوە نە بێت، وەك دەفەرموویت:( عن ابن عمر أن رسولَ الله – (ﷺ) قال:" أُمرتُ أن أقاتلَ الناسَ حتى يشهَدوا أنْ لا إلـه إلا الله، وأنَّ محمداً رسولُ لله، ويقيموا الصَّلاةَ، ويُؤتوا الزَّكاةَ، فإذا فعلوا ذلك عصَموا منِّي دماءَهم وأموالَهم؛ إلا بحقِّ الإسلامِ، وحسابُهم على الله"[٣٧٤] کاتێك کە شایەتومانی هێنا ئەرکەکانی بەندایەتی وەك نوێژ و ڕۆژوی بەپایان گەیاند و ئەوەی کە لەماڵی حەقی زەکاتی هەیە دەریکرد ئتر ماڵ و گیانی پارێزراوە، مەگەر کاتێك مافی کەسێکی تر پێشێل بکات ئەوکاتە دادگا بڕیاری تۆڵە سەندنەوەی لەسەر دەدات، زانایان هەموویان لەسەر ئەوە یەك دەنگن ئەوەی بە هۆی شایەتومانەوە ماڵ وگیانی پارێزراوە موسوڵمانە، ئەهلی زیمە ماڵ و گیانیان

٣٧٤- أخرجه البخاري:١/٧٠-٧١، و مسلم، ولم يذكر(الابحق الإسلام-: ١،٥١، ٣٢.

لەسایەیی ئیسلامەوە پارێزراوە لەبەر ئەو عەهد و پەیمانەی کە تۆماریان کردووە لەگەڵ موسوڵمانانـدا.

دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت کەسێك کە خۆی دانبنێت بە کافری خۆیدا یان نکولی بکات لە شتێك کەزانینی لە ئیسلامدا زەرورو پێویستە (معلوم من الدين بالضرورة) یاخود ڕاستەوخۆ فەرمانێکی قورئان بەدرۆ بزانێت، یان دەقێکی قورئان بە ئارەزو خواستوویستی خۆی تەفسیربکات کە پێچەوانەی بنەماکانی زمانی عەرەبی بێت یان کارێك بکات کە غەیری کافربوونی هیچی تروەر نەگرێت، ئەگەر کەسێك یەکێك لەمانەی لێ دەرکەوت ئەوکاتە بەکافر هەژماردەکرێت، بۆیە پێشەوا بەننا بەڕاشکاوی ئاماژەی بەم مەسەلانە داوە و دەڵێت:( إلا إن أقر بكلمة الكفر، أو أنكر معلوما من الدين بالضرورة، أو كذب صريح القرآن، أو فسره على وجه لا تحتمله أساليب اللغة العربية بحال، أو عمل عملا لا يحتمل تأويلا غير الكفر) ئەوشتانەی کە دەبنە هۆ تەکفیر کردنی ئەوکەسەی کە شایەتومانی هێناوە.

١- لەڕووی بیروبڕواوە: لەیەکێك لەو سێ ڕووانەی کە بیروبڕوای مرۆڤی موسوڵمانی لەسەر وەستاوە وەك زانایانی کەلام ناویان ناون (ئیلاهیات و نبوات و سەمعیات) هەر کەسێك نکولی لە سیفەتێك لە سیفەتەکانی خوادا بکات وەك ئەوەی بڵێت خوا توانا و زانستی نییە یان بڵێت چەند خوایەك هەن بۆ بەرێوە بردنی بوونەوەر، یان سەرچاوەی ژیان و مردن رزق و ڕۆزی، ببەستێتەوە بە غەیری خواوە، بڵێت ئەمانە کاری خوانیین، وەك تەواوی ئەو ڕێچکانەی کە نکۆڵی کارەکانی خوادەکەن، یاخود نکۆڵی هاتن و زەروریەتی پێغەمبەران بۆبەشەریەت دەکات و گوتی بڕوام وانییە کە کەسێك بەنوێنەری خواوە هاتبێت بۆ بەشەریەت و فەرمانەکانی خوا بە مرۆڤایەتی بگەێنێ، بەتایبەتر نکولی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (محمدی کوڕی عبد الله)(ﷺ) بکات،

یـان نکـۆڵی گشـتگیری پەیامەکـەی بکـات، ئەمانـەش وەك بەراهمیـەکان و جولەکـە و نەسـرانیەکان و تـەواوی کەسـانی بـیٚ بـاوەڕو مولحـدەکان، یـان بەدرۆزانینی ژیانی دواڕۆ، گوتی ژیان هـەر ئەمەیە مرۆڤدێتە بوون و دەمرێت و ئیتر ڕۆژێکی تر یان ژیانێکی تر نییە بۆ لیٚ پرسینەوە وحسابات، گومان لەوەدانییە ئینکاری کردنی یەکێك لەم سیٚ پایە سەرەکییە کەسەکەی پیٚ کافر دەبێت.

٢- لـەڕوی گوفتـارەوە: هەمووئەوگوفتارانـە دەگرێتـەوە کە کەسـەکە دان بە کـوفردا بنێـت و یـان بـە گوفتـار ئینکـاری شـتانێك بکـات کـە لـە ئیسـلامدا چەسپاون، وەك دەربڕینی وشەی کوفر، یان گاڵتـەکردن بە فـەرمانی خـوا و تانـەدان لـە پێغەمبـەران و قورئـان و سـوکایەتی کـردن بـە شـیعارەکانی ئاینی ئیسلام.

٣- لەڕووی کردارەوە: تـەواوی ئـەو کردارانـەی کـە ئاماژە بـە دەرچـوون لـە فەرمانی ئاینی ئیسلام دەکەن، وەك کڕنوش بـردن بۆ بت و کەسانی تـر چگە لەخوای گەورە، یان دڕاندنی قورئان و فڕێدانی بۆ شوێنی پیس بە مەبەستی سـوکایەتی کـردن پێـی، هـەر کاتێـك موسـوڵمانێك ئـەم کارانـەی کـرد و هـیچ پاساوێکی نەبێت بۆ کردنیان، وەك ئەوەی زۆری لـیٚ کرابێت و زۆر کەرەکـەش توانـای بەجێگەیانـدنی هەڕەشـەکانی هـەبێت و هـیچ مـانعێکیش نـەبێت لـە ئەنجامـدانی هەڕەشـەکانی و مەبەستیشـی کوشـتنی کەسـەکە بێـت، یـان لەدەستدانی ژیری و عەقڵ یان منداڵ بێت و نەزانیٚ یاخود خـەواڵ و بەچاوی خەوەوە ئەمانەبکات، ئەمانەی کەباسکران پاساون ئەگـەر ئـەم پاسـاوانە نـەبوو کارەکانیشی کرد بەیەك دەنگی زانایان خاوەنەکەی کافر دەبێت.

**نکۆڵی کردنی (معلوم من الدين بالضرورة) چییه؟**

نکۆڵی کردنی ئەوشتانەی کە لەدیندا زانینیان پێویستە وەك نوێژ و ڕۆژو حەج و زەکات و دادپەروەری، یان حەرامی ڕیبا و زینا و خواردنەوەی مەیی و ئازاردانی دایك و باوك و دزی...هەرکەس نکولی و بەرپەرجی ئەمانەی هەموودایەوە یان هەریەکەیانی ئینکاری کردوو بە سنوور شکاندنی نەزانی و ئیمانی پێیان نەبوو خاوەنی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بێ باوەڕ دەبێت.

یاخود ڕاڤەکردنی قورئان بە پێچەوانی بنەماکانی زمانی عەرەبی بە جۆرێ دژبێت لەگەڵ مانا زمانەوانی و زاراوەییەکەیدا واتە: ئەو مانایە بەهیچ جۆرێ لە زمانی عەرەبیدا بەکار نەبرێت بۆ ئەومانایە، لە نموونەی ئەم جۆرە تەفسیرانە

- ئەوئایەتەی کە فەرمان دەکات بە بەنی ئیسرائیل کە مانگایەك سەربڕن وەك دەفەرمووێت:( إنَّ اللّهَ يأمركم أنْ تذبَحُوا بقرة) هەندێ وا ڕاڤەیان کردووە کە بەمەست بە وشەی(بقره) حەزرەتی عائیشەیە، خوا دژمنانی عائیشە سوك و ڕسوا بکات لە دونیاو دواڕۆژدا.
- یاخود یایەتی (مرج البحرين)وامانایان کردووە کە علي وفاطمة بن.
- یان ئایەتی(اللؤلؤ والمرجان) مەبەستی حەسەن وحوسەین نە، زۆریکی تر لەم جۆرە مانا بێتامانەی کە شوێن کەوتوانی هەواو ئارەز و هەلپەرستەکان دەیکەن بۆ قورئانی پیرۆز.

## چی فێردەبین لەم بنەمایەدا؟

١- ڕەوانییە بۆ هیچ موسوڵمانێك موسوڵمانێكی تر تەكفیر بكات لە بەر جیاوازی بۆچوون یان گوناهی گەورە.

٢- پیشت كردنە یاساو دەستوری خوا لە كۆمەڵگەدا وواز هێنان لە قورئان و فەرمووده و دورخستنەوەیان لە دەستوری وڵاتدا، دەبێتە هۆكاری سەرهەڵدانی دیاردەی تەكفیر وەك لەواقعدا دەیبینین، دەبێت زۆر لەم بارەوە هوشیاربین.

٣- ئێمە ئەوەندەمان لەسەره بەزاهیری مامەڵە بكەین لەگەڵ دەوروبەرماندا، ئەوەی پەیوەستە بەدڵەوە وازی لێ بێنین بۆ خوا، چونكە ئێمە وەك موسوڵمان بەرپرسیارنین بەوەی كە خەڵكی لەدڵیاندا حەشاریانداوە.

٤- تەكفیر كردنی كەسی بەرامبەر كاری كەسانی پسپۆره لەو بواره نەك كاری هەمووتاكێك لە كۆمەڵگە.

٥- دەبێت و ریابین بزانین چی دەبێتە هۆكاری زیادبوونی ئیمان دەستی پێوەبگرین و چیش دەبێتە هۆكاری لاوازی ئیمان لێی دووركەوینەوە.

# سەرچاوەکان:

- قورئانی پیرۆز

١- السيرة النبوية لابن هشام عبد الملك بن هشام بن أيوب الحميري المعافري، أبو محمد، جمال الدين(ت ٢١٣هـ) تحقيق: مصطفى السقا وإبراهيم الأبياري وعبد الحفيظ الشلبي، شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي وأولاده بمصر، الطبعة: الثانية،( ١٣٧٥هـ - ١٩٥٥ م)

٢- لسان العرب، لإبن منظور: ٤٤٦٩/٦.

٣- مسند الإمام الشافعي، الشافعي أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي(ت ٢٠٤هـ) رتبه على الأبواب الفقهية: محمد عابد السندي، المطبعة: دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان(١٣٧٠ هـ ١٩٥١م).

٤- الموطأ الإمام مالك بن أنس أبو عبدالله الأصبحي، تحقيق : محمد فؤاد عبد الباقي: دار إحياء التراث العربي – مصر

٥- مسند أبي داود الطيالسي، سليمان بن داود بن الجارود أبو داود الطيالسي(٢٠٤هـ) المحقق: محمد بن عبد المحسن التركي، بالتعاون مع مركز البحوث بدار هجر، دار هجر للطباعة والنشر – القاهرة، الطبعة: الأولى، (١٤١٩ هـ - ١٩٩٩م).

٦- سنن الترمذي: لأبي عيسى محمد بن عيسى الترمذي (ت ٢٧٩ هـ)المحقق: بشار عواد معروف: دار الغرب الإسلامي – بيروت (١٩٩٨م).

٧- جامع الأصول في أحاديث الرسول، مجد الدين أبو السعادات المبارك بن محمد بن محمد بن محمد ابن عبد الكريم الشيباني الجزري ابن الأثير (ت٦٠٦هـ) تحقيق : عبد القادر الأرنؤوط - التتمة تحقيق بشير عيون،٢٦٩/٦، الناشر : مكتبة الحلواني - مطبعة الملاح - مكتبة دار البيان، الطبعة، الأولى.( ١٣٩١ هـ ، ١٩٧١ م).

٨- الإسلام والدستور: توفيق بن عبد العزيز السديري، المطبعة، وكالة المطبوعات والبحث العلمي وزارة الشئون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد، الطبعة: الأولى، (١٤٢٥هـ).

٩- الأم: للإمام الشافعي أبي عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (ت ٢٠٤هـ)بكه. دار المعرفة - بيروت، الطبعة: بدون طبعة (١٤١٠هـ١٩٩٠م).

١٠- مُخْتَصَر صَحِيحُ الإِمَامِ البُخَارِي، للأبي عبد الرحمن محمد ناصر الدين، بن الحاج نوح بن نجاتي بن آدم، الأشقودري الألباني (ت ١٤٢٠هـ) الناشر: مكتَبة المَعارف للنَّشْر والتوزيع، الرياض، الطبعة: الأولى،( ١٤٢٢ هـ - ٢٠٠٢ م).

١١- سنن البيهقي الكبرى: أحمد بن الحسين بن علي بن موسى أبو بكر البيهقي (ت٤٥٨) تحقيق: محمد عبد القادر عطا، مكتبة دار الباز:(١٤١٤ - ١٩٩٤).

١٢- گەنجینەی شادومانی ڕاڤە و لێکدانەوە تێکستی ڕەحبییە، کەمال ئەمین گوڵپی،(٢٠١٦م).

١٣- روضة الطالبين وعمدة المفتين، أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (ت ٦٧٦هـ) تحقيق: زهير الشاويش، ٣١٥/١٠. الناشر: المكتب الإسلامي، بيروت- دمشق- عمان- الطبعة الثالثة،( ١٤١٢هـ ١٩٩١م).

١٤- علم المقاصد الشرعية، نور الدين بن مختار الخادمي،٢١/١. الناشر: مكتبة العبيكان، الطبعة الأولى( ١٤٢١هـ ٢٠٠١م).
١٥- مختصر صَحِيحُ الإِمَامِ البُخَارِي، أبو عبد الرحمن محمد ناصر الدين، بن الحاج نوح بن نجاتي بن آدم، الأشقودري الألباني (ت ١٤٢٠هـ) ١/ ٤٠.الناشر: مكتَبة المَعارف للنَّشْروالتوزيع، الرياض، الطبعة الأولى،( ١٤٢٢ هـ ٢٠٠٢ م).
١٦- مسند الإمام أحمد بن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني (ت ٢٤١هـ)تحقيق: شعيب الأرنؤوط - عادل مرشد، وآخرون، الناشر: مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى،( ١٤٢١ هـ ٢٠٠١ م).
١٧- سنن ابن ماجه، أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني (ت ٢٧٣هـ)تحقيق: شعيب الأرنؤوط،١٥١/١. الناشر: دار الرسالة العالمية، الطبعة الأولى، (١٤٣٠ هـ ٢٠٠٩ م).
١٨- الدرر المنتثرة في الأحاديث المشتهرة،عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (ت ٩١١هـ) تحقيق: الدكتور محمد بن لطفي الصباغ،١٤١/١،الناشر: عمادة شؤون المكتبات - جامعة الملك سعود، الرياض.
١٩- النظام القضائي في الفقه الإسلامي، محمد رأفت عثمان، ١١/١، الناشر: دار البيان، الطبعة الثانية( ١٤١٥هـ ١٩٩٤م) وشرح المبين في أصول العشرين، لدكتور عبد الله قاسم الوشلي، ٦١، الطبعة الثانية(١٤٢٦هـ ٢٠٠٥م).
٢٠- الفصول في الأصول، لأحمد بن علي أبو بكر الرازي الجصاص الحنفي (ت٣٧٠هـ) ٥٩/٥.الناشر: وزارة الأوقاف الكويتية، الطبعة الثانية، (١٤١٤هـ ١٩٩٤م).
٢١- مباحث في علوم القرآن، مناع بن خليل القطان (ت ١٤٢٠هـ):١٥، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الطبعة الثالثة (١٤٢١هـ ٢٠٠٠م).

٢٢- مناهل العرفان في علوم القرآن، محمد عبد العظيم الزرقاني،١/١٥. دار الفكر (١٤١٦هـ- ١٩٩٦م).
٢٣- الوجيز في أصول الفقه، للدكتور عبد الكريم، ١٦٠، نشر دار إحسان، الطبعة الخامسة،(١٤٢٠هـ ٢٠٠م).
٢٤- علم أصول الفقه، عبد الوهاب الخلاف، خرج آياته وأحادثه، محمد بشير حلاوي، ٢٥، دالر الكتب العلمية، الطبعة الرابعة.
٢٥- الفقه على المذاهب الأربعة، عبد الرحمن بن محمد عوض الجزيري (ت ١٣٦٠هـ)، ١/٦٠، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، الطبعة الثانية،(١٤٢٤ هـ ٢٠٠٣ م).
٢٦- تيسر مصطلح الحديث، للدكتور محمود طحان، مكتبة الهداية.
٢٧- في رحاب الأصول العشرين، محمد سعيد مرسي،٥٥، مؤسسة اقرأ، الطبعة الأولى (١٤٢٨هـ٢٠٠٧م).
٢٨- إرشاد الساري لشرح صحيح البخاري، لأحمد بن محمد بن أبى بكر بن عبد الملك القسطلاني القتيبي المصري، أبو العباس، شهاب الدين (ت ٩٢٣هـ)،٨/٤١٣. المطبعة الكبرى الأميرية، مصر، الطبعة السابعة،( ١٣٢٣هـ).
٢٩- سيستمى سياسى ئيسلامى، مامؤستا ناصرى صبحانى، دەزگای بەرهەم.
٣٠- ديوانى مەحوى، قەصيدەى بەحرى نوور.
٣١- عقيدەى مرضية، سيد عبد الرحيمي مەولەوى، شەرح ولێكدانەوەى مەلا عبد الكريم مدرس: ١١٩.(١٤٠٧هـ ١٩٨٨م).
٣٢ – القواعد الفقهية وتطبيقاتها في المذاهب الأربعة، د. محمد مصطفى الزحيلي. دار الفكر – دمشق، ط١،( ١٤٢٧ هـ ٢٠٠٦ م).

٣٣- السياسة الشرعية في ضوء نصوص الشرعية ومقاصدها، الدكتور يوسف القرضاوي،٧٢-٧٣، ط١، مكتبة هبة، (١٤١٩هـ ١٩٩٨م).
٣٤- معارج القدس في مدارج معرفة النفس، أبو حامد محمد بن محمد الغزالي الطوسي (ت ٥٠٥هـ)٣٩/١. دار الآفاق الجديدة – بيروت( ١٩٧٥).
٣٥- المجموع شرح المهذب، لأبي زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (ت ٦٧٦هـ) ٦٣/١. دار الفكر.
٣٦- الجامع لأحكام الفرآن، لأبي عبد الله محمد بن أحمد القرطبي: علق عليه، الدكتور، محمد إبراهيم الحفنا ويومحمود حامد عثمان، ٦٠٨/٢، الطبعة الأولى، دار الحديث-القاهرة،(١٤٢٣هـ ٢٠٠٢م).
٣٧- أثر مذهب الأشاعر الكلامي في تفسير القرآن الكريم، كمال أمين فتاح كولبى، رسالة مقدمة إلى مجلس كلية العلوم الإسلامية في جامعة صلاح الدين-أربيل –وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستر،١٥. (١٤٣٦هـ ٢٠١٥م).
٣٨- الوسيلة شرح الفضيلة في علم أصول الدين: للعلامة السيد عبد الرحيم الكردي الملقب بالمولوي، للشيخ عبد الكريم محمد المدرس: ١٥/١، الطبعة الأولى، مطبعة الإرشاد-بغداد،(١٣٩٢هـ ١٩٧٢).
٣٩- إلجام العوام عن علم الكلام، للإمام أبي حامد محمد بن محمد الغزالي: ٧، طبعة جديد، مكتبة الحقيقة(١٤٢٦هـ٢٠٠٥م).
٤٠- صراع مع الملاحدة حتى العظم، عبد الرحمن حسن حبنّكة الميداني، ٢٨٨/١. دار القلم ـ دمشق.
٤١- توراة اليهود: للإمام ابن حزم الأندلسي، رتبهوعلق عليه: عبد الوهاب عبد السلام الطويلة:٣٦-٣٧. الطبعة الأولى: دار القلم(١٤٢٥هـ٢٠٠٤م).

٤٢- المستصفى: لأبي حامد محمد بن محمد الغزالي الطوسي (ت ٥٠٥هـ)، تحقيق: محمد عبد السلام عبد الشافي: ٢١٧. الطبعة: الأولى، دار الكتب العلمية، (١٤١٣هـ - ١٩٩٣م).
٤٣- العقيدة الإسلاميةومذاهبها: ٤٣٨.
٤٤- المعين في تفسير الكلام الأصولين: الدكتور عبد الله ربيع عبد الله محمد ، چاپخانه دار السلام.(١٤٢٨هـ ٢٠٠٧م).
٤٥- العقل بين الفرق الإسلامية قديماً وحديثاً، أحمد محمود محمد عابد، چاپى يەكەم، چابخانه دار الكتب العلمية(١٤٣٣هـ ٢٠١٢م).
٤٦ -أنوار التنزيل وأسرار التأويل، للامام ناصرالدين عبدالله عمر البيضاوي.ص٨٨٤، الطبعة الأولى، دار المعريفة(١٤٣٤هـ٢٠١٣م).
٤٧- مدارك النزيل وحقائق التأويل، للأمام عبدالله بن أحمد النسفي:ج٤/٧٧، تحقيق الشيخ مروان محمد الشقار، الطبعة الثانية، دار النفائس(١٤٣٠هـ٢٠٠٩م).

# سوپاس و پێزانین

بە گرنگی دەزانم لەناخی دڵمەوە سوپاس و پێزانینی خۆم لێرەوە ئاراستەی هەریەکە لەم بەڕێز وخۆشەویستانەی خوارەوە بکەم، چونکە هەریەکەیان بە جۆرێ لە جۆرەکان هاوکارم بوون لە بەپایان گەیاندنی ئەم شاکارە زانستی و پەروەردەی و فیکری و فیقهییە.

١- بەڕێز و خۆشەویست جەنابی مامۆستا (صلاح الدین محمد بهاء الدین)وێڕای سەرقاڵی و کەم کاتییەکەی و سەرقاڵ بوون بە خەمەکانی گەل و نیشتمانەوە، هەمیشە پەڕۆشی پەروەردە و پڕۆژەی پەروەردەیی وفکرییە، بەڵام لوتفی کرد و پێداچوونەوەی بۆ ئەم شاکارەکرد بە تێبینی و سەرنجەکانی چەند قات کارەکەمی دەوڵەمەند کرد و بەهایەکی زانستی زیاتری پێبەخشی.

٢- بەرێز مامۆستا (شریف عبدالعزیز) کە پێکەوە گەنگەشەیەکی زانستیمان بۆ هەندی بابەتی گرنگ و زانستی ناو بنەماکان کرد.

١- خوشکی بەڕێزم. مامۆستا( بشرا ئەمین) بەڕاستکردنەوەی هەندێ هەڵەی زمانەوانی و ڕەنوسی گرتە ئەستۆ.

٢- زۆر بەرێز مافناس (جلال محمد) دەکەم کە لوتفی نواند بۆ ئامادەکردن و ڕێکخستنەوەی کتێبەکە کرد بۆ چاپی دووەمی.

٥- هاوسەری بەرێز وقەدرگرانم: (عفیفە خان) کە بەپشوویەکی درێژ لەگەڵمدابوو تا ئەم شاکارە بەپایان بگات.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشكەشە بە | ٣ |
| هەڵسەنگاندن و نرخاندن | ٥ |
| پێشەكی | ٧ |
| كورتەیەك لە ژیاننامەی پێشەوا حەسەن بەننا | ١١ |
| بنەمای یەكەم: ئیسلام پرۆگرامی ژیانە | ١٥ |
| بنەمای دووەم: قورئان و سوننەت دووسەرچاوە زولاڵەكەی تەشریعی ئیسلامی | ٦٣ |
| بنەمای سێیەم: سكونەتی ئیمان و جولەو نووری عیبادەت. | ٨٥ |
| بنەمای چوارەم: پێوەری شەرعی و داخوازییەكانی دەروون. | ١٠٣ |
| بنەمای پێنجەم: دەقی فرە ڕەهەند و ڕای پێشەوا و جێگرەكەی و جیاوازی زانایان لەم بارەوە | ١١٥ |
| بنەمای شەشەم: تەنها پێغەمبەران بێ هەڵەو كەموكوڕین | ١٣٣ |
| بنەمای حەوتەم: پێوەری ئیجتهاد و تەقلید و پابەند بوون بە مەزهەبەوە | ١٤٥ |
| بنەمای هەشتەم: پێوەری ئیجتهاد و تەقلید و پابەند بوون بە مەزهەبەوە | ١٦١ |
| بنەمای نۆیەم زۆرلە خۆكردن لە دیندا پەسەند نییە | ١٧٧ |
| بنەمای دەیەم: زانستی كەلام و ناووسیفەتەكانی خوای گەورە | ٢٠١ |
| بنەمای یانزەهەم: چییەتی بیدعە و چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەی | ٢٤٣ |
| بنەمای دوانزەهەم : جۆرەكانی بیدعەوجیاوازی زانایان | ٢٥٩ |
| بنەمای سێزدەهەم : خۆشەویستانی خوا و پاراستنی شكۆ و قەدردانیان | ٢٦٩ |
| بنەمای چواردەهەم: سەردانیكردنی گۆرستان لەنێوان دروستیونادروستیدا | ٢٨٥ |
| بنەمای پانزەهەم: دوعا هێزی دڵ و گیانە | ٣٠١ |
| بنەمای شانزەهەم: گرنگی و پێگەی عورف لە زەمینەی ئیجتهاددا | ٣١٥ |
| بنەمای حەڤدەهەم: حەقیقەتی كردەوەی دڵ و ئەندامەكان لە ژینگەی بووندا | ٣٢٧ |

| | |
|---|---|
| بنەمای هەژدەهەم: پێگە و ئازادی عەقڵ لە ئیسلامدا | ٣٤١ |
| بنەمای نۆزدەهەم :حەقیقەتی زانستی لەنێوان دەقە شەرعیەکان و خەیاڵاتی مرۆڤدا | ٣٥٥ |
| بنەمای بیستەم: چەمکی تەکفیرو پێوەرەکانی لە ڕوانگەی فیکری ئیسلامییەوە | ٣٦٧ |
| سەرچا وەکان | ٣٨٢ |